# گۆگۆڵ

## دامەزرێنەری ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا

پێشەکی و ئامادەکردن و وەرگێڕانی

حەمەکەریم عارف

پێڕست


* -پێشەکی : حەمەکەریم عارف

*- چەردەیەک لەمەڕ ئەدەبیاتی ڕووسی

*- گۆگۆڵ.......

* - گەورە نووسەران

* -گۆگۆڵ، دامەزرێنەری ڕیالیزمی ڕەخنەیی:

(١): گۆگۆڵ وسەردەمەکەی

(٢): گۆگۆڵ وچیرۆک

(٣): گۆگۆڵ و ڕۆمان

(٤):گۆگۆڵ و شانۆ

(٥):گۆگۆڵ وئەدەبی ڕووسی

(٦):گۆگۆڵ وئەدەبی جیهانی

* - وتەیەک دەربارەی تاراس بۆڵبا

* - دەقی ڕۆمانی تاراس بۆڵبا

* - دەقی چیرۆکی پاڵتۆ

* - دەقی چیرۆکی کەپوو

* - دەقی چیرۆکی گالیسکە

پێشەکی: حەمە کەریم عارف

"١"

گۆگۆڵ هەر لە منداڵییەوە حەزیدەکرد ببێت بە شتێکی گەورەو دەورێکی گرینگ لە ژیاندا ببینێ وناوێکی پڕخزمەت ونەمربێت. هێشتا قوتابی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی بووە،کاغەزێکی بۆ خزمێکی نووسیوە تیایدا دەڵێت:*"کە جارجار بیر لەوە دەکەمەوە بمرم وفریا نەکەوم کارێکی گەورەی ئەوتۆ ئەنجام بدەم کە ناوم بخاتە سەرزاران، ئارەقەیەکی سارد دەنیشێتە سەر ڕووم. بەراستی زۆر ئەستەمە مرۆڤ لەم دنیایەدا بژی،بێئەوەی کارێکی وەها ئەنجام بدات ماقوولییەت بە بوونی ببەخشێت. بیرم لە هەموو کاروفرمانێک کردەوە،لێبرام ببم بە ئەوقات وئەوقاتی بکەم.* چونکە پێموایە ئەم مەیدانە لە هەر *مەیدانێکی دی هەراوترە بۆ کارکردن. تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانم خزمەتی تیرەی بەشەر بکەم"* هەڵبەتە ئەم ئاواتەی گۆگۆڵ نەهاتە دی. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا وازی لە زانستگە هێنا. رووی کردە سانپترۆسبۆرگی پایتەخت، ویستی وەزیفەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە، لێ بێهودە..ویستی وەکو ئەکتەر لە بواری نواندندا کاربکات، لەمەشیانا سەرنەکەوت،چونکە دەنگی نزم ولەش ولاری وردیلەو کەم نموود بوو.

لە هەرەتی نائومێدیدا بیری کەوتەوە کە کۆمەڵە شیعرێکی هەیەو لە رۆژانی قوتابییەتیدا نووسیونی،لەگەڵ خۆیدا بردی وبەسەر وەشانخانەکانیا گێڕا بە ئومێدی چاپ وبڵاوکردنەوەیان، کەس نەچووە ژێرباری ئەو کارە. ناچار لەسەر ئەرکی خۆی بڵاوی کردەوە،رەخنەگران و ئەهلی ئەدەبیات زۆر بەتوندی هێرشیان کردە سەری، وناچاربوو لە بازارو کتێبخانەکاندا کۆی بکاتەوەو بیسوتێنێت..ویستی سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات، سواری کەشتی بوو کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوات. لێ بەرلەوەی کەشتییەکە لە روسیا دەربچێت ژێوان بووەوەو دابەزی. بریاری دا کۆڵنەدات ولە ڕای ئاوات وئامانجەکانیدا بخەبتێ. ئیدی کارێکی ئاسایی قەڵەمی وەدەستهێناو لەو کارەوە هەوێن وماکی شانۆنامەی"جەنابی موفەتیش"ی هەڵێنجا.

گۆگۆل، بە ئەدەبی تەنزو سەتیر بە نێوبانگ بوو. لە پشت پەردەی تەوس وتوانج وگاڵتەجارییەوە رەخنەی توندی دەگرت. لەمبارەیەوە دەڵێت: *"بابەتی تەوس وشۆخی لە هەموو شوێنێکدا هەیە،بەڵام ئێمە هەستی پێناکەین چونکە لە ناوجەرگەیدا دەژین، تیایدا نقووم بووین،بەڵام گاڤێ هونەرمەندێک بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵەی لە تەکدا دەکات و مالیجەی دەکات ولە سەر شانۆ دەیبینین،لە پێکەنیندا خۆمان پێناگیرێت،سەرمان لە خۆ سورڕدەمێنێت کە چۆن پێشتر هەستمان پێنەکردووە."*

گۆگۆل، پاش کۆمەڵە شیعرە ناکامەکەی،لە ساڵی ١٨٣٢دا کتێبی دووەمی لەژێر سەرناڤی"شەوانێک لە گێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا"دا بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە سەرکەوتنێکی چاکی وەدەستهێناو گۆگۆل چەشە

بوو ودرێژەی بە کاری نووسین دا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٥دا کتێبی سێیەمی،کە کۆمەڵە چیرۆکێکە بە نێوی"میرگۆرۆد"چاپ وبڵاوکردەوە.. پاشان لێبڕا کتێبێک دەربارەی مێژووی ئۆکرانیای زێدو زاگەی خۆی بنووسێت وکتێبێکی دیکەی هەشت نۆ بەرگی لەسەر مێژووی سەدەکانی ناڤین بنووسێت. لێ کەس ئەو بەرهەمانەی بە چاونەبینی، ولەو بارەیەوە تەنیا چیرۆکە بە نێوبانگەکەی"تاراس بۆڵبا"ی چاپ و بڵاوکرایەوە، کە چیرۆکی ستایشی قارەمانیەتی وسوارچاکی وقوربانی وفیداکارییە. ئەم چیرۆکە مێژووییە بریتییە لە وەسفی رووداوە مێژووییەکانی بزاڤ وتەڤگەری رزگاریخوازی گەلی ئۆکرانیا بەسەرکردایەتی سەرکردەی نەبەز(تاراس بۆلبا)،دژی داگیرکەرانی زۆردار.

هەرچەندە گۆگۆل هەوڵیداوەو زۆرجار رۆمانتیزم وریالیزمی ئاوێتەکردووە، بەڵام هەمیشە لایەنی ریالیستی بەسەر بەرهەمەکانیدا زاڵبووە، بە تایبەتی لە هەردوو شاکاری:"گیانە مردووەکان، وجەنابی موفەتیش"دا. هەرچەندە هەندێک لە رەخنەگران پێیان وایە"پوشکین،لیرمانتۆف،وگۆگۆل"سێکوچکەی قوتابخانەی ناتورالیستی رووسی پێکدێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە واقیعیان وەکو خۆی،وەکو چۆن هەیە کۆپی کردووەتەوە.

گۆگۆل،لەلایەن پوشکینەوە زۆر پشتیوانی کراوە. هەروەها کەڵە ئەدیبی رووسیا"دۆستۆیفسکی"دانی بە پێگەو پایەی رابەرایەتی گۆگۆل،لە مەیدانی چیرۆکی ریالیستیدا ناوەو زۆرجار ئەم گوتەیەی دووبارە کردووەتەوەو گوتویەتی:*"هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ."* دیارە مەبەستی لە چیرۆکی پاڵتۆیە کە چیرۆکێکی ریالیستی مرۆڤانییە، ئەم چیرۆکە بۆ زۆربەی زمانانی دنیا پاچڤەکراوەو تەنانەت بۆ زمانی کوردیش وەرگێڕدراوە.*(رێزدار جەمال نەبەز لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئەم چیرۆکەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی. ح.ع)*

بابەتی ئەم ئەم چیرۆکە بریتییە لە ژیانی خوردە فەرمانبەرێکی گومناو،چەوساوە بە نێوی (ئاکاکی ئاکاکیفیچ) کە هەموو ئاواتێکی ئەوە بووە پاڵتۆیەکی باش بکڕێت. ئاواتەکەی دێتە دی وپاڵتۆ دەکڕێت. بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو هەر زوو پاڵتۆی گۆرین دەدزرێ. ئاکاکی شکات دەباتە لای دایەرە پەیوەندارەکان وتکا دەکات چارێکی بۆ بکەن وپاڵتۆکەی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام لە تەوس وتوانج وگاڵتە پێکردن بەولاوە هیچ نادروێتەوە. لەداخ وحەژمەتاندا نەخۆش دەکەوێت. ئیدی لەو نەخۆشییە راست نابێتەوەو دەمرێت. ئیدی رۆح وتارمایی ئەم فەرمانبەرە مردووە،دەکەوێتە ناوشارو چەوسێنەران راودەنێت، گوایە ئەمە تۆڵەی ئەو زوڵم وغەدرو ناهەقییەیە کە لێیان کردوە.

ئەم چیرۆکە نێوەرۆک مرۆڤانییە،بناغەو هێمی قوتابخانەی ریالیزمی لەلای نەسلێک لە نووسەرانی ریالیستی روس جێگیرکرد. هەڵبەتە ئەم چیرۆکە هاندەرێکی هونەری بوو بۆ شۆرشگێڕاندنی خەڵکی ، بۆهاوسۆزیکردن دەگەڵ چەوساوەو کلۆڵاندا. بۆیە یرمیلۆفی رەخنەگری سۆڤیەتی نەهەقی نییە کە لە

کتێبی (بلیمەتی گۆگۆل)دا بڵێت:" *تورەییەکی ژانامێز لە بنەڕەتی چیرۆکەکەدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەم پاڵتۆیە،ئەم پاڵتۆ سادە یەخەفەرووە هەرزان بەهایە دەشێت ببێت بە مەسەلەی ژیان یان مردنی مرۆڤێک،وچارەنووسی دیاری بکات..*"

هەندێک لە رەخنەگران پێیان وایە هەندێک لە بەرهەمەکانی گۆگۆل، لەوانە : (کەپوو ، یاداشتنامەی شێتێک، گالیسکە، وێنە) پردی پەرینەوەن بۆ قوتابخانەی شیتەڵکاری دەروونی وڕێبازی سورریالی لە ئەدەب وهونەردا.

گەلێک لە رەخنەگران و توێژەران وشارەزایانی بەرهەمی گۆگۆل هەندێک لەم چیرۆکانە بە جۆرە نوکتەیەکی تەوسامێز دەزانن و بە مەبەستی تەڵفیزی بە کۆمەڵگەی تزاری وسرووتە کۆنەپەرستییەکانی سیستەمی تزاری بەکارهاتووە.

ئاشکرایە کە جێدەستی گۆگۆل زۆر بە زەقی بە ئەدەبی ریالیستی رووسی و جیهانییەوە دیارە.. هەروەها گۆگۆل یەکێکە لەو نووسەرە پڕ بەرهەمانەی کە سەرنجی دنیای بۆ کەلەپوری فۆلکلۆرو میللی راکێشاوە..و ئەفسانەو نەقڵ وحیکایەتی خستووەتە خزمەتی کەشفکردنی هونەریانەی لایەنە فەرامۆشکراوەکانی ژیانەوە. مرۆڤدۆستی گۆگۆل کە لە بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە کارێکی وایکردووە، وێڕای ئەوەی پیاوێکی تا سەرمۆخ روسییە، هەموو مرۆڤایەتی وبەرەی پێشکەوتووخوازی بەشەرییەت لە هەر شوێنێکی دنیادا ، شانازی پێوەبکەن وبە موڵکی خۆیانی بزانن..

"٢"

گۆگۆل مرۆڤێکی سەیروغەریب بوو،لێ بلیمەتی هەمیشە هەر غەریب وعەجیب ونائاساییە.. دیارە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گەورەش، کە ئافەریدەی دەستی بلیمەتانی نائاساییە، بە سنوور وئاقارێن نا مەعقوولدا تێدەپەڕێ. پاڵتۆکەی گۆگۆل یەکێکە لەوشاکارە هەرە زندووانەی کە خوێنەری ئاسایی بەو ئاسانییە پەی بە رازونهێنییەکانی نابات ، هێماوئاماژەو دەلالەتەکانی پێ هەڵنایەت. لێ خوێنەری جددی گومانی لەوەدا نییە کە مەبەستی سەرەکی گۆگۆل ئەوە بووە کە پەردە لە سەر بارودۆخی بیرۆکراتیەتی رووسیا لابدات و لەبەر بارەگای هونەردا بە رووت وقووتی رایبگرێت ونیشانی خەڵکی بدات. بەڵام نە ئەوانەی عەودالّی پێکەنینێکی پڕ بەدڵن ونە ئەوانەی عەودالّی فیکرن، سەر لەوە دەرناکەن کە پاڵتۆ بەراستی چی دەڵێ. ئەم چیرۆکە تەنیا خوێنەری زیرەک و بەزەوق و سەلیقەو خوڵقێنەری دەوێ وبەس. گۆگۆل،لە پاڵتۆدا دەسبەرداری هەموو شتێک بووەو جڵەوی بۆ نەشونماو گەشەکردنی رەگەزەکانی چیرۆکەکەشی شلکردووەو چیرۆکێکی زندووو لە دایک بووەو گەورەترین هونەرمەند لە باوەشی رووسیادا پەروەردە بووە.

قارەمانی سەرەکی چیرۆکی پاڵتۆ،خوردە فەرمانبەرێکی گومناوی شەرمنۆک وبێڕووەو لە میانەی شێوازی گۆگۆلەوە، لێرەو لەوێ بەدیار دەکەوێ. رەخنەگرانی رووسی ئەم چیرۆکەیان بە نارەزایی نامەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە. لێ چیرۆکەکە لەم قسانە گەورەترە.

حیکایەتی چیرۆکی پاڵتۆ زۆر سادەیە. فەرمانبەرێکی بچووکی داماو بڕیارێکی گەورە دەدات وپاڵتۆیەکی تازە بە دروون دەدات. کە پاڵتۆکە دێتە سەر ئەوەی تەوابێت، ئیدی دەبێ بە خەون وخولیاو ئاواتی ژیانی. کەچی لە یەکەم شەوی لەبەرکردنیدا،لە شەقامێکی تاریکدا پاڵتۆکەی لێدەدزن، لە خەفەتا نەخۆش دەکەوێت ودەمرێت، ئیدی رۆحی سەرگەردانی بەناو شار دەکەوێ ودەسورێتەوە. ئەمە حیکایەتی چیرۆکەکەیە. لێ حیکایەت وڕووداوی واقیعی، لە شێواز، لە بونیادی ناوەوەی ئەم چیرۆکە بەرزەدا خۆی حەشارداوە. هەموو بەرهەمەکانی گۆگۆل هەر وان. جا بۆ تێگەیشتن و دەرککردنی بایەخی راستەقینەی ئەم چیرۆکە مرۆڤ دەبێت یەک تەقڵەی زهنی بدات تا هەموو رێسا باوەکانی ئەدەب لە خۆی دوور بخاتەوەو لە جیهانی خەون و خەیاڵی میتامرۆڤانی نووسەردا، بۆ نووسەر بگەرێ وتاقیبی بکات و پەیجۆری بکات. بەپێی ئەو هونەرەی کە گۆگۆل لە پاڵتۆدا نواندویەتی وبەکاری هێناوە، هێڵە هاوتەرییەکان نەک هەر لەگینە بە یەک بگەن ،بگرە دەتوانن تێک بئاڵێن و بەسەیرترین شێوە تێک برژێن و ئاوێتەی یەکدی ببن. بلیمەتی گۆگۆل لەمەدایە. هەڵبەتە تایبەتمەندی ئەم چیرۆکە پتر لە زمانە روسییەکەیدایە و هەر کەسێک روسییەکی زۆر چاک نەزانێت ناتوانێت لە وردەکاری وهونەرکاری ئەم چیرۆکە لەزەت ببینێت ورۆحی خۆی پێ پاراوبکات. چونکە کارەکەی گۆگۆل وەکو هەموو دەسکەوتە گەورە ئەدەبییەکان، دیاردەیەکە لەناو بازنەی زماندا نەک لە ناو بازنەی فیکردا..

"٣"

گۆگۆل یەکەم کەسە کە نۆڤیلێت و کورتە چیرۆکی دەرباری عەوامی خەڵک و رەش ورووتی کۆمەڵ نووسیوە. بەر لە گۆگۆل هیچ نۆڤلێتێکی میناکی پاڵتۆ کە دەربارەی خوردە فەرمانبەرێکە نەبووە. هەڵبەتە ئەم نۆڤلێتە دەورێکی یەجگار باڵای بینیوە لە پەیدابوون و سەرهەڵدانی نۆڤلێت و چیرۆکی کورتی واقیعی ئەمڕۆماندا. واتە دنیای چیرۆکی ئەمڕۆ تا رادەیەکی زۆر قەرزارباری نۆڤلێتی پاڵتۆی گۆگۆڵە. دۆستۆیفسکی دەڵێت :*"ئێمە هەموومان لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ."* دیارە دۆستویفسکی لە خۆڕا ئەم قسەیەی نەکردووە. وەکو نووسەرێکی راستگۆ پەی بەوە بردووە کە بەر لە پاڵتۆ چیرۆکێکی واقیعی بەو شێوەو ناوەرۆکە نەنووسراوە. لەمبارەیەوە دەشێت بڵێین چیرۆکی پاڵتۆ یەکەم سەرامەدی نۆڤیلێتی واقعییە لە جیهانی چیرۆکدا. یەکەمجاریشە نووسەر هاتووەو قارەمانی چیرۆکەکەی لە نێو چینە چەوساوەو نەدارەکەوە هەڵبژاردووە. پاش گۆگۆل، ئیدی ناوەرۆک وشێوەی ئەم چیرۆکە لە دەیان چیرۆکی بە نێوبانگی رووسیدا رەنگی داوەتەوەو بووەتە هەوێنی پێشخستنی

قوتابخانەی واقیعی. بۆ نموونە هەر دۆستویفسکی بە خۆی لە رۆمانی (هەژاران)دا سوودی زۆری لە ناوەرۆک و زمانی ئەم نۆڤیلێتە وەرگرتووە.

زمان لە نۆڤیلێتی پاڵتۆدا یەکجار رەوان، بێگرێ وبەرزە، هەر ئەمەش پوختەییەکی تایبەتی پێ بەخشیوە. گۆگۆل لە چیرۆکی (یاداشتنامەی شێتێکدا) کە ئەمیش چیرۆکێکی واقیعیە،کەڵکی لە هەمان زمانی پاڵتۆ وەرگرتووە. هەڵبەتە سادەیی ورەوانیی زمان لە چیرۆکی (یاداشتنامەی شێتێکدا)ئاشکراترو لەبەرچاوترە. چونکە نووسەر کارێکی وایکردووە کە قارەمانی چیرۆکەکە بە خۆی دەدوێ وخوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت. بەگوتەیەکی دی چونکە چیرۆکی (یاداشتنامەی شێتێک)بە راناوی یەکەم کەسی قسەکەر دەست پێدەکات، بۆیە زمانی دیالۆگی چیرۆکەکە سووکترو ئاسانتر ئەرکی خۆی دەبینێت و پەلی خوێنەر دەگرێت و وردە وردەو بە پێی گەشەکردنی دەروونی وحاڵەتی شا قارەمانی چیرۆکەکە بەرەو دنیای ناوەوەی قارەمانەکەی دەبات.

شاقارەمانی چیرۆکی پاڵتۆ فەرمانبەرێکی بچووکی وەزارەتخانەیەکە. ژیانی فەرمانبەرەکەو گێڕانەوەی هەندێ وردە رووداوی دیکە کە بۆ تێگەییشتنی هەلومەرج و پێداویستییەکانی چیرۆک پێویستە، بە روونی خراوەتە روو. جا بۆ ئەوەی خوێنەر بە جوانی چیرۆکەکەی بیربکەوێتەوە بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی هێڵە گشتییەکانی بخەمە روو: *"ئاکاکی ئاکاکیفیچ کاتبی وەزارەتخانەیەکە، دەکەوێتە خولیای ئەوەی پاڵتۆیەک بکرێت. چونکە پاڵتۆکەی خۆی زۆر کۆن بووە، رەنگەکەی چووەتەوەو تاڵکێش و ریشاڵ ریشاڵ بووەو سەرما گل ناداتەوە. ئاکاکی بە هەزار ناری عەلی و رەزیلی پارەی پاڵتۆیەک پێکەوە دەنێت ودەچێتە لای بەرگدروو، وپاڵتۆی تازە لەبەردەکات. یاریدەدەری دایەرەکەیان میوانداریییەک ساز دەدا، ئاکاکیش بەشداری دەکات، بەڵام وەختێ کە دەگەڕێتەوە،لە رێگادا تووشی دزێک دەبێ و پاڵتۆکەی لێدەفڕێنێ. ئاکاکی هەراسان دەبێت. دەکەوێتە سۆراخی پاڵتۆکەی وکون نامێنێ سەری پێدا نەکات، بەڵام پاڵتۆکەی نادۆزێتەوە. روو دەکاتە هەرکوێییەک وەدەری دەنەن وتێروپڕ گاڵتەی پێدەکەن. ئاقیبەت نەخۆش دەکەوێ وبەسوێی پاڵتۆکەیەوە دەمرێت. ئەوجا رۆحی لە شێوەی تاپۆیەکی تۆڵە ئەستێندا دەکەوێتە نێو شارو هەر پاڵتۆ لەبەرێک دەبینێ پاڵتۆکەی لێدەدزێ و بەو جۆرە ترس دەکەوێتە نێو شار."*

پاڵتۆ،جگە لەوەی بە جوانی وێنەی مرۆڤێکی دەسکورت ورەنجبێوەر دەگرێ، گەلێک وێنەی تانەو توانج ئامێزی مرۆڤدۆستانەشی گرتووەتە خۆ. ئەم نۆڤلێتە ئەمرۆ بووە بە بەشێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی دنیا. گەلێک رەخنەگر دەربارەیان نووسیوە. لە زۆربەی کتێبی قوتابخانەکاندا ناوی براوە،بووە بە هەوێنی زۆر شانۆگەری و چەندین جار بۆ فیلم ئامادەکراوە. بەکورتی زۆربەی ئەو کتێبانەی دەربارەی چیرۆکی واقیعی نووسراون بە شێوەی راستەوخۆ وناراستەوخۆ باسیان کردووەو بەسەرەتای چیرۆکی

ریالیستی له قه‌ڵه‌م دراوه. ئاکاکی مرۆڤێکی سته‌مدیده‌و ره‌نجبێوه‌ره. ئه‌م ته‌رزه ناوه‌رۆکه‌،واته باسکردنی مرۆڤێکی ره‌نجاوی چه‌وساوه‌ی ره‌تێنراو به‌ر له گۆگۆل له ئه‌ده‌بیاتی چیرۆکی جیهاندا نموونه‌ی نه‌بووه. پاشان نووسه‌رانی دی هاتوونه‌و لاساییان کردووه‌ته‌وه‌و سوودی زۆریان لێوه‌رگرتووه.

فرانک ئۆکنه‌ری نووسه‌ری ئیرلاندی پێی وایه که ئه‌گه‌ر چیرۆکی پاڵتۆ نه‌با، له‌وه‌بوو گه‌له‌ک له‌و چیرۆکه سه‌رکه‌وتووانه‌ی له‌لایه‌ن نووسه‌رانی وه‌ک:تۆرگینیف، موباسان، چیخۆف، شروودئه‌ندرسن وجیمس جۆیسه‌وه نووسران هه‌ر له بنه‌ره‌ته‌وه له دایک نه‌بان. هه‌ڵبه‌ته ئه‌م چیرۆکه زۆری له‌سه‌ر گوتراوه‌و نووسراوه. بۆ نموونه له کتێبی "ده‌نگی ته‌نیا"دا نووسراوه: گۆگۆل له چیرۆکی پاڵتۆدا هه‌ر هه‌مان قاره‌مانی کۆمیدی به‌کارهێناوه، واتا قاره‌مانی چیرۆکه‌که‌ی به‌رواڵه‌ت قاره‌مانێکی کۆمیدییه. به‌ڵام نووسه‌ر هێنده وه‌ستایانه مامه‌ڵه‌ی له‌ته‌ک قاره‌مانه‌که‌ی کردووه، هێنده جوانی قۆزتووه‌ته‌وه که چیرۆکه‌که نه به‌ته‌واوه‌تی چیرۆکی قاره‌مانیه‌تییه و نه چیرۆکی کۆمیدی، به‌ڵکو هه‌ردوو لایه‌نه‌که‌ی ئاوێته‌کردووه‌و شتێکی تازه‌ی لێ خوڵقاندووه‌و گه‌لێک له نموونه ئاساییه‌کانی قاره‌مانیه‌تی-کۆمیدی باڵاتره.

هه‌ڵبه‌ته ئاشکرایه که سیرڤانتیس له رۆمانی دۆنکیشۆتدا نموونه‌ی قاره‌مانی- کۆمیدی به‌کارهێناوه‌و له‌م رووه‌وه رچه‌شکێن و رابه‌ره. پاشان له لایه‌ن زۆر چیرۆکنووسه‌وه لاسایی کراوه‌ته‌وه. جا گه‌وره‌یی گۆگۆل له‌وه‌دایه که ره‌نگ وسیمایه‌کی نوێ وجوانی کردووه به‌به‌ر ئه‌م نموونه‌یه‌دا که به‌ر له‌و وێنه‌ی نه‌بووه. تایبه‌تمه‌ندییه‌کی دیکه‌ی ئه‌م چیرۆکه له‌وه‌دایه که هه‌موو ئه‌و مه‌رجانه‌ی گرووه‌ته خۆ که نۆڤلێت له رۆمان جیا ده‌کاته‌وه. فرانک ئۆکنه‌ر له‌مباره‌یه‌وه ده‌ڵێت: "ئه‌رکی رۆمان ئه‌وه‌یه جۆره هه‌ستێکی ئاوێته بوون له نێوان خوێنه‌ر و به‌لای که‌مه‌وه یه‌کێک له قاره‌مانه‌کانی رۆمانه‌که به‌دی بێنێ. چ که‌سێک ناتوانێ فه‌رمانبه‌رێکی بچووکی میناکی ئاکاکی که هه‌موو گرفتێکی پاڵتۆیه‌کی تازه‌یه،بکات به رۆمان. یا چ که‌سێک ناتوانێت که‌ڵکه‌ڵه‌و باری ده‌روونی مندالێکی وه‌کو (تومی تامکینز) که پارچه دراوێکی لێکه‌وتووه‌ته ئاوه‌وه بکات به رۆمان. له هه‌ر رۆمانێکدا ده‌بێت به‌لای که‌مه‌وه خوێنه‌ر که‌م وزۆر خۆ له یه‌کێک له قاره‌مانه‌کانی رۆمانه‌که‌دا بدینێته‌وه‌و ببێت به هاوهه‌ستی. له رۆماندا ته‌نیا یه‌ک قاره‌مان نییه، به‌ڵکو زۆر نیمچه قاره‌مان وله نیمچه قاره‌مانیش بچووکتر هه‌یه. رۆمان زاده‌ی کۆمه‌ڵی ئاساییه وته‌نیا له کۆمه‌ڵی ئاساییدا سه‌رهه‌ڵده‌داو گه‌شه ده‌کات، واته رۆمان له کۆمه‌ڵی نموونه‌ییدا جێی نابێته‌وه. من ئاگام له‌و رۆمانانه هه‌یه که ئه‌م بۆچوونه ره‌تده‌که‌نه‌وه. به‌ڵام وێرای ئه‌وه‌ش له دروستی وکارامه‌یی بۆچوونه‌که‌ی خۆم دڵنیام.

به‌ڵام ده‌رباره‌ی نۆڤلێتی پاڵتۆو زۆربه‌ی ئه‌و نۆڤلانه‌ی سه‌رنجیان راکێشاوم ئه‌م خاڵ وبۆچوونه دروست نییه، واته جیابوونه‌وی نۆڤلێت ورۆمان لێره‌وه ده‌ست پێده‌کات. له چیرۆکی پاڵتۆدا خوێنه‌ر نابێت به

هاوهەستی هیچ قارەمانێک جگە لەو قارەمانە گومناوە هەراسانەی کە نووسەر وێنەی گرتووەو نیشانی دەدات. لەم چیرۆکەدا قارەمان تەنیا باڵەو هیچ کۆمەڵێک نییە پەنای بەرێتێ وخۆی پێوە ببەستێت.

لە نۆڤلێتدا قارەمانی نموونەیی نییە، لە نۆڤلێتدا باسی خەڵکانی خێر لەخۆ نەدیو وچەوساوە دەکرێت. دیارە ئەم خەڵکە خێر لەخۆ نەدیوو چەوساوەیەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێک ولە قۆناغێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێن و تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن. لەم بابەتە خەڵکانە : فەرمانبەران لە بەرهەمی گۆگۆلدا، کۆیلەی زەوی لە بەرهەمی تورگینیف دا،سۆزانی لە بەرهەمی مۆپاساندا، پزیشک وفێرکار لە بەرهەمی چیخۆف دا، دێهاتی لە چیرۆکی ئەندرسن دا هەن،بەڵام ئەوانیش هەمیشە هەر لە خەیاڵی هەڵاتندان."

سەردەمی ژیان وچالاکی ئەدەبی گۆگۆل کەوتووەتە سەردەمی زەبروزەنگی نیکولای یەکەمەوە کە زۆر بە توندی بەگژ هەموو راپەرینێکی ئازادیخوازانەدا دەچووەوەو سەرکوتی دەکرد. لەم سەردەمەدا هەژاری و بەدرەوشتی وبەدرەفتاری سەرانسەری رووسیای گرتبووەوەو دکتاتۆریەت و جیاوازی چینایەتی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. سانسۆر وەکو سێبەر بە شوێن بەرهەمی هونەرمەندانەوە بوو. چیرۆکی پاڵتۆ وێنەیەکی بچووکی ئەم کۆمەڵگایەیە.

بیلینسکی،رەخنەگری گەورەی رووسی، چیرۆکی پاڵتۆ بە دوانامەی دژ بە کۆمەڵگەی نایەکسان وناپەسەندی رووسیا دەزانێت وپێی وایە پاڵتۆ خۆی لە خۆیدا ئیعترازنامەیەکی گەشە دەربارەی هەلومەرجی پڕ جەخارو رەنج و بێدەسەڵاتی ژیانی فەرمانبەران وخوردە فەرمانبەرانی دەوڵەت.

گۆگۆل بەرلەوەی پاڵتۆ بڵاوبکاتەوە،کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەی بە نێوی(شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا) بڵاوکردەوە. هەڵبەتە ئەم کۆچیرۆکە بە ئاشکرا بۆنی ئۆکرانیای زێدی گۆگۆلی لێدێت. گۆگۆل زۆربەی ئەم چیرۆکانەی لە بابی و لە خزمەکانییەوە بیستبوو. هەر ئەم چیرۆکانەش کردبوویانە کارێک کە گۆگۆل خۆشی بە ژیانی دێهاتیان وجووتیاراندا بچێت. ناوەرۆکی ئەم چیرۆکانە پێوەندیان بە خەڵکی ئۆکرانیاوە هەبووە. پەیوەندیان بەو تێکۆشان وجەنگانەوە هەبوو کە خەڵکی ئۆکرانیا دژی عوسمانییان وتاتارەکانی نیمچە دورگەی قرم دەیانکرد. بەراستی ئەم چیرۆکانە بە شێوەیەکی ریالستی داستانامێزی ئەوتۆ دارێژراون مایەی شانازی ئۆکرانییەکانە. رۆمانسییەتی گۆگۆل لەوەدا نییە کە بەناخی شتە جوانەکاندا رۆچووبێت، بەڵکو لەوەدایە شتە دزێو وناشیرین وکرێتەکانی هێندەی دی خەستکردووەتەوەو بەراشکاوی خستونیەتی روو. واتا گۆگۆل لە هەمان کاتدا کە جڵەوی بۆ خەیاڵ شلکردووە، بە ئاشکراش پەردەی لە رووی خراپی وشتە ناپەسندەکانی کۆمەڵ هەڵداوەتەوەو بە راشکاوی توورەیی ونارەزایی خۆی لە کاربەدەستان وفەرمانڕەوایان خستووەتە روو. چیرۆکەکانی ئاوێتەیەک بوون لە واقیعییەت وخەیاڵ و وێنەی شاعیرانەی خەڵکی دڵپاک ودێهاتیانی دوورە دەستی

رووسیا. هەڵبەتە ئەم بابەتە چیرۆکە تا سەردەمی گۆگۆل لە ئەدەبیاتی دنیادا یا هەر نەبوون یان هێندە کەم بوون کە نەبن بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی.

میرسکی دەڵێت:" *زۆربەی قارەمانانی چیرۆکی گۆگۆل زادەی خەیاڵی خۆین،بەڵام بە حوکمی ئەوەی زۆر وەستایانە هەندێ توخم و رەگەزی لە واقیعەوە بۆ ناو چیرۆکەکانی راگواستووە،بە وێنەی ناسک وبە شێوازی سفت وجوان بەکاری هێناوە و لەم رووەوە سەرامەد بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین نووسەرێکی تەواو ریالیست بووە."*

گۆگۆل،هەستی بەوە کردووە کە زمان لە ئەدەبیاتدا چەند گرینگە. بۆیە زیرەکانەو لێهاتووانە هاتووە زمانی باوی سەر زاری خەڵکی ئۆکرانیای ئاوێتەی زمانی ئەدەبیاتی رووسی کردووەو لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندی شاعیرانەو داهێنەرانەی خۆی پاراستووەو دەستبەرداری رتوشکردنی هونەریی نەبووە. هەر ئەم وریاییەش بوو کە لە ئاکامدا بووە مایەی دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبیاتی رووسی. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە نووسەرانی پاش خۆی لە رۆمانسی و رەمزییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ریالیست وناتورالیستەکان هەر یەکەیان بە جۆرێ سوودیان لە زمانی چیرۆکەکانی گۆگۆل وەرگرتووە.(نووسەرانی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا) کە سەرچاوەی سەقامگیربوونی زمانی ئەدەبیات بوون، شتاقیان نەیتوانی لە بازنەی بەرهەمەکانی پوشکین دەربچێت. چونکە پوشکین بەرەنجامی کۆششێک بوو کە لە سەدەی هەژدەوە سەری هەڵداو بەردەوام بوو تابناغەی زمانی ئەدەبیات دابمەزرێ. جا گۆگۆل وەکو داهێنەرێک هات زمانێکی سادەو رەوانی بەکارهێنا و رێگای بۆ هەموو نووسەرەکانی پاش خۆی خۆشکردو نووسەرانی سەر بە قوتابخانە ئەدەبییەکانیش وەک: ناتورالیست، ریالیست، رۆمانتیک وسەمبولیست، کەم وزۆر کەوتنە ژێر کاریگەری زمانی گۆگۆلەوە."

دیارە زۆر کەس پەی بە زمانی تایبەتی گۆگۆل بردووەو قسەیان لێکردووە،بۆ نموونە میرسکی لەمبارەیەوە دەڵێت:

*" رەوانی و پاراوی زمان، خەسڵەتی زاڵی بەرهەمەکانی گۆگۆلە. لە نووسینەکانیدا هەوڵی داوە قورسایی ئەرکی کارتێکردن بە دەنگی وێژەر بسپێرێ نەک بە بیستنی گوێگر. ئەمەش پێزێکی تایبەتی بە زمانەکەی بەخشیوە. نووسینی گۆگۆل دوو رەگەزی سەرەکی گرتووەتە خۆی، ئەم دوو رەگەزەی بە شێوەیەکی رۆمانسیانە بەرانبەر بە یەکدی راگرتووەو هەر رەگەزەشیان بۆ خۆی و بە تەنیا گەییوەتە لوتکەی رۆمانسییەت، لەلایەکەوە تەواو بەرزو شاعیرانەیە، لەلایەکی دییەوە تەواو کۆمیدیانەیە. هەرچەندە باسی رەوانی وسادەیی زمانی گۆگۆل دەکەین،بەڵام ئەمە نەیکردووەتە کارێک کە زمان لای وی ببێت بە زمانی بازاڕ، نەخێر..نووسینی ئەو هیچ کاتێک بۆش وبەتاڵ و بێتام نەبووە،راچەنین وخوریەی گفتوگۆی راستەقینە هەمیشە زیندوویەتی وگیانی راچەنیوی بە پەخشانەکانی بەخشیوە."*

بەگشتی گۆگۆل لە مەیدانی چیرۆکنووسیندا داهێنەرو رابەرە. بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە. بۆ نموونە نۆڤلێتی (مێشک) زۆر جیاوازە لە پاڵتۆ یان لە (یاداشتنامەی شێتێک). ئەمانەش جیاوازن لە کۆمەڵە چیرۆکی (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا). نۆڤلێتەکانی جیاوازن لە رۆمانی (تاراس بۆڵبا) و (گیانە مردووەکان).

گۆگۆل ، لە مەیدانی رۆمانتیکدا رووی کردە ناوەرۆک وچیرۆکی وەکو (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا)وداستانی وەک (تارس بۆڵبا)ی داهێناوە، کە تا ئیستاش بە وێنەیەکی گەشی ژیانی واقیعی دەژمێررێت و سەرەتای ئەدەبی ریالیستین. واتە سەربهوردو بەسەرهاتە ناوچەیی و خۆماڵییەکان دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو بەپیت بۆ هەر نووسەرێک کە بتوانێت بیقۆزێتەوەو ئەدەبی زیندووی لەسەر رۆبنێت.

بەکورتی گۆگۆل رابەری هەموو ئەو نووسەرە واقیعیانەیە کە ژیانی خەڵکە عەوامەکەیان بە هەموو لایەنێکی ئەرێنی ونەرێنیەوە کردووە بە هەوێنی کارە ئەدەبییەکانیان.

"٤"

نیکولای فاسیلیڤیچ گۆگۆل،پاش ئەوەی وەکو ئەکتەرو شاعیر هیچی بە هیچ نەکرد رووی کردە دنیای چیرۆکنووسین و یەکەم کۆچیرۆکی کتێبێک بوو بە نێوی (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا - ١٨٣١). لەم بەرهەمەدا بە شێوەیەکی هونەریانە رەوش و رەوشت ودابونەریتی میللی باوی ئۆکرانیای زێدو زاگەی خۆی نیشانداوە. ئەم بەرهەمە پێشوازییەکی زۆر گەرم وگوڕی لێکراو ناوی گۆگۆلی وەکو چیرۆکنووسێکی گەورە خستە سەر زاران. لە ساڵی ١٨٣٤دا پاش ئەوەی نەیتوانی وەکو مامۆستایەکی مێژوو لە زانکۆی پتروسبۆرگدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لە مێژوونووسی نائومێد بوو،ئیدی بە یەکجارەکی رووی کردە دنیای ئەدەب وخۆی بۆ نووسینی کارێن ئەدەبی تەرخان کرد..لە ساڵی ١٨٣٦دا شانۆنامەی (جەنابی موفەتیش)ی بڵاوکردەوە کە شانۆنامەیەکی ساتیریی کۆمیدییە،ئەم کارە لەلایەن رۆشنبیرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو لە سەرانسەری ئەنجوومەنە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکاندا دەنگی دایەوە. تەنانەت نیکۆلای یەکەمی تزاری ئەو رژگارەی رووسیاش لێی رازی بوو وپێی خۆش بوو. ئیدی لەوە بە دواوە سەفەری ئەوروپای رۆژاوای کرد و نزیکەی دە ساڵێک لە ئەوروپادا مایەوە. لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا جارجار سەرێکی رووسیای دەدایەوە. لەو ماوەیەدا کاری لە (گیانە مردووەکان-١٨٤٢)دا کرد کە بە شاکاری گۆگۆل دەژمێردرێ. ئەم رۆمانە نەمرە زۆر بە گەرمی لە لایەن جەماوەری خوێنەران و رۆشنبیرانەوە پێشوازی کرا،چونکە خەڵکی وایان دەخوێندەوە کە هێرشە بۆ سەر سیستەمی کۆیلایەتی

وکۆلەداری. هەرچەندە لە بەرگی دووەمی رۆمانی ناڤبریدا هەولێکی زۆری دا وێنەیەکی هونەری هەموو رووسیا نیشان بدات وبانگەواز بۆ بوژانەوەو ژیانەوەی رۆحی لە گوندیدا بکات، بەڵام لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا دووچاری نەخۆشی دەروونی وپەشێوی فیکری بوو، هەموو دەستنووسەکانی بەرگی دووەمی سووتاندو تەنیا هەندێ بەشی کەم و پچڕپچڕی ماوەتەوە.

توانای راستەقینەی گۆگۆل لە رەخنە ساتیرییەکانیدا بوو، دەیویست لەو رێگەیەوە خەڵکی رووس لە گەندەڵی و وێرانی دامودەزگا حکومەتییەکانی وەخت ئاگادار بکاتەوە. وەختێ گۆگۆل دەستی دایە نووسین، بزووتنەوەی رۆمانسییەت لە رەواج و برەودا بوو، پوشکین ولیرمانتۆف بە چاولێکەری لۆرد بایرون، چالاکی ئەدەبی خۆیان لە رووسیادا پێشکەش دەکرد. گۆگۆل بزوتنەوەیەکی ئەدەبی واقیعی دامەزراند کە راستەوخۆ بووە مایەی زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی شاکارەکانی تورگنێف وتۆلستۆی ودۆستویفسکی.

نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ گۆگۆل لە ١٨٠٩/٣/٢٠لە شاری سوروچنسی،ویلایەتی پۆڵتاڤا،لە بنەماڵەیەکی خوردە موڵکداری ئۆکرانی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ژیانی منداڵی لە کێڵگەو مەزراکەی خۆیان لە باوەشی دەشتە پان و بەرینەکانی ئۆکرانیادا بەسەر برد. هەر لە منداڵییەوە جۆرە بەهرەو توانایەکی تایبەتی پێوە دیار بوو. بابی پیاوێکی هونەردۆست بووە. زۆری حەز لە شانۆو کاری شانۆیی کردووەو بە زمانی ئۆکرانی شانۆنامەی کۆمیدی دەنووسی و لەلایەن ئەکتەرانی میللییەوە نمایش دەکرا.. تەنانەت یەکێک لە باپیرەکانی بە نێوی ڤاسیلی تانسکی لە نێو هاوشارییەکانیدا بە (مۆلیری ئۆکراین) بە نێوبانگ بوو.. یانی گۆگۆل لە ژینگەو ماڵباتێکی هونەردۆستدا لە دایک وگەورە بووە کە بێگومان ئەمە دەوری لە گەشەکردنی بەهرەو سەلیقەی هونەری ئەودا هەبووە. کەلەپووری فۆلکلۆری ئۆکرانی وداب ونەریت و رسوماتی گەلانی ئۆکرانی بە یەکەمین سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمە چیرۆکڤانییەکانی گۆگۆل دەژمیردرێت و بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی ولاوی گۆگۆل، لە چەندین بەرهەمیدا، بە زەقی رەنگی داوەتەوە. گۆگۆل شانزە ساڵان بوو کە بابی مرد،و کەوتە ژێرباڵی دایکێکی هەرە دڵسۆزو وەفادارەوە کە کاریگەریی ئاینی و ئەخلاقی ئەو دایکە هەرگیز لە ژیانی کوڕەکەی نەسڕدرایەوەو هەتا سەر هەر مایەوە. گۆگۆل ، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی وئامادەییدا، قوتابییەکی مامناوەندی بوو. بەڵام تواناو بەهرەی لە بوارێن شانۆ وکاری شانۆیی و ئەکتەریدا زۆر زوو دەرکەوت وسەرنجی هاودەورەکانی ڕاکێشا. بە کورتی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی مەیدانێکی بەرینتری بۆ دەرکەوتن وگەشەکردنی بەهرەو تواناکانی فەراهەم کرد، لەو قۆناغەدا بوو کە بۆ یەکەمجار دەستی دایە نووسین و لە چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەدا زۆرجار دەوری گرینگی دەبینی. هەڵبەتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شانۆنامەو چیرۆکانەی کە لە قۆناغی ئامادەییدا نووسیبوونی فەوتان ومەگەر بەدەگمەن تاک و تەرایەکی مابێتەوە. بەهەرحاڵ گۆگۆل لەم

قۆناغەدا هێشتا بە تەواوەتی خۆی نەدۆزیبووەوەو نووسینی نەکردبوو بە پیشەی سەرەکی خۆی. وەکو منداڵە مەکتەبلییەک ئارەزووی ئەوەبوو لە ڕێگەی کارو وەزیفەیەکی دەوڵەتییەوە، بە تایبەتی کاری ئەوقاتی و مافەوانی، خزمەت بە گەل ونیشتمان بکات. بەڵام وردە وردە زەوق و ئارەزووی بەلای کاری ئەدەبیدا دەڕۆییشت ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٢٨دا چوو بۆ سانپترسبۆرگ و بە ناوی خوازراوی (و.ا) یەکەمین چیرۆکی شیعریی لە ژێر سەرناڤی (هاتنس کوچل گارتن)دا لەسەر کیسەی خۆی بڵاوکردەوە. بەڵام نەک هەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا،بەڵکو بوو بە مایەی گاڵتەو قەشمەری رەخنەگرانیش، بۆیە شاعیری لاوی بەرزەفڕ، کە متمانەو باوەڕێکی بتەوی بە ئایندەی گرینگی خۆی هەبوو، هەستا لە رقی رەخنەگرەکان هەموو نوسخەکانی لە بازار کرینەوەو سووتاندنی وسەری خۆی هەڵگرت وبۆ هەندەران رۆیی. بەڵام دەسکورتی و بێ پارەیی تەنگی پێهەڵچنی و بە ناچاری بۆ وڵات گەرایەوە. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٠دا توانی لە دایەرەیەکی فەرمیدا وەزیفەیەکی بچووک پەیدا بکات و ببێ بە فەرمانبەرو خزمەتگوزاری دەوڵەتی، بەڵام چونکە ئەو کارە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی دا نەدەگونجا،زۆر زوو وازی لێهێنا. بەڵام لەم ماوە کورتەی فەرمانبەریدا ئەزموونێکی باشی پەیدا کرد کە بوو بە ماک وهەوێنی شاکارە ئەدەبییەکانی. لە ساڵی ١٨٣١دا وتنەوەی وانەی مێژووی لە قوتابخانەیەکی کچاندا گرتە ئەستۆ، وساڵێکیش لە زانستگەی سانپترسبۆرگدا خەریکی وتنەوەی وانەی مێژووی سەدەکانی ناڤین بوو، بەتەمابوو مێژووی ئۆکراین بنووسێتەوە،بەڵام ئەمەشی بە ڕێگەو کاری خۆی نەزانی وسەیری کرد تەنیا دنیای ئەدەب و ئەدەبیات دەگەڵ تەبیعەت و تواناو بەهرەی ئەودا تێکدەکاتەوەو دەسازێ و پەی بەوە برد کە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆی بکات. گۆگۆل لەم سەروبەندەدا ئاشنایەتی دەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی ئەدەبی بەنێوبانگی میناکی (ڤاسیلی ژۆکۆفسکی، پیوترپلتینۆف، وئانتوان دلویک)دا پەیداکرد. ئەمانە هەموویان لە دۆستانی نزیکی پوشکین بوون وئەنجوومەنێکی ئەدەبیان هەبوو بە نێوی (گرووپی پوشکین). ئیدی لێرەوە دەرفەتی بۆ رەخسا خەون و ئارەزووە دێرینەکەی، کە بریتی بوو لە ناسینی پوشکین بێتە دی. ئەوەبوو ئەم خەونە لە ١٨٣١/٥/٢٠دا هاتە دی وگۆگۆلی تەمەن بیست ودوو ساڵە بە پوشکین ناسێنرا. هاوینی هەمان ساڵ پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان گۆگۆل و (گرووپی پوشکین)دا چێبوو. گۆگۆل کە لە پاڤلۆفسکی نزیکی پتروسبۆرگدا دەژیا،بە بەردەوامی دەچووە دیدەنی پوشکین و ژۆکۆفسکی لە تزاریسکۆی سلۆ.و دوا بەرهەمی ئەوانی دەخوێندەوەو لە مەسەلەی کاری چاپ وبڵاوکردنەوەی (حیکایەتەکانی بلکین)دا زۆری یارمەتی پوشکین دا. هەڵبەتە ئەمە بۆ گۆگۆلی گەنج یەجگار خۆش بوو، ولە ناخی خۆیدا بەوەوە دەفشی کە دۆست و ئاشنای ئەو کەڵە شاعیرانەیە. ئەوەتا لە نامەیەکی ئەو زەمانەدا بۆ دۆستێکی خۆی بە نێوی دانیلفسکی، دەڵێت:" *زۆربەی هاوینەکەم لە پاڤلۆڤسک وتزاریسکۆی سلۆ بەسەربرد..هەموو شەوێ لە دەوری یەک خڕ دەبووینەوە:پوشکین، ژۆکوفسکی و من.. ئاە ئەگەر دەزانی چ موجیزاتێک لە قەڵەمی*

*وان دەچۆرێ!* "هەڵبەتە خویایە کە گۆگۆل ویستویەتی خۆی بەوانەوە، وەکو نوێنەری بێ چەندوچوونی ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیان، هەڵواسێت. جا ئەگەر ئەم قسەیەی گۆگۆل بۆ هاوینی ساڵی ١٨٣١ تەنیا لاف وگەزافێکی گەنجانە بووبێ، ئەوا بۆ چەند مانگێک لەوە دواتر، کە کۆچیرۆکی (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا:١٨٣١-١٨٣٢)ی لە دوو بەرگدا بڵاوبووەوە. ئیدی ئەو قسەیە لەوە دەرچوو تەنیا لاف و گەزافی گەنجانە بێ، چونکە گۆگۆل دوای بڵاوبوونەوەی کۆچیرۆکی ناڤبری شۆرەت و نێوبانگی ئەدەبی باشی پەیداکرد و پوشکین یەکەم کەس بوو کە پەی بە خەسڵەتی شاعیرانەو رۆمانسیانەی ئەم چیرۆکانە برد. ئەم دوو بەرگە چەندین چیرۆکی تەنزامێزی لە خۆگرتووە کە هەریەکەیان تابلۆیەکی رەنگینی ئۆکرانیا دەخاتە بەرچاو. نووسەر لە هەندێ لەم چیرۆکانەدا ئەفسانەێن ناوچەیی و بیروباوەرێن خورافی وژیانی گوندیانی ژێر کاریگەریی جادووگەران وجنۆکەگیران، هونەرمەندانە وەسف دەکات. بیرەوەری سەردەمی مندالی، دیمەنێن لیرکی ورۆمانسیانەی دوور لە کۆلەداری و هەژاری وبێنەوایی، بەشێویەکی هێندە تەروتازەو پاراو خراوەتە روو کە لە هیچ بەرهەمێکی دواتری دا دووبارە نابێتەوەو بەرچاو ناکەوێ. سەرباری ئەو وێنە تەنزئامێزانەی کە بە زمانێکی دڵگیرو روون ورەوان هاتوونەتە نیشاندان، وەسفێکی یەجگار جوان، رۆمانتیکی وخەیاڵاوی وخەیاڵئەنگێزی سروشت ودەشت ودەری وڵاتی کردووە. لە رێگەی ئەم کۆچیرۆکەوە بوو، کە رەمەکی مەردم، رەش ورووت وجەماوەری خەڵک هاتە ناو ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی روسییەوەو بایەخی پێدرا. وئەم چیرۆکانە سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێنا و لەلایەن عەوامی خەڵکییەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو شۆرەت ونێوبانگێکی چیرۆکڤانی یەجگار گەورەی بە گۆگۆلی تەمەن بیست وسێ ساڵەبەخشی. بەڵام وێرای سەرکەوتنی کۆچیرۆکی (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا)گۆگۆل هێشتا هەر نیگەران و راڕابوو، عەودالی کاری تازەترو گەورەتر بوو. عەودالی ئاسمانێک بوو کە ئۆقرەو سوکنایی بە گیانی بەرزە فری بدات.. هێشتا بە تەواوەتی خۆی ساغ نەکردبووەوە کە رێگای نووسەرایەتی بگرێ یان مێژوونووسی. بۆیە هەر لەو سەروبەندەدا نەخشەیەکی هەبوو کە (مێژوو وجوگرافیای جیهانی) لە ژێر سەرناڤی زەوی وخەڵکی سەرزەوی بنووسێت. هەروەها بە نیاز بوو کە مێژووی ئۆکرانیاش بنووسێت.. دیارە ئەم دوودڵی و ڕاڕایی و نیگەرانییەی گۆگۆل، زادەو بەرەنجامی ئەوەبوو کە لە هیچ بوارێکدا بە کاری ئاسایی قاییل نەبوو، وپێی وابوو ئەوەی بەرز بفرێت دەبێ لە دوندولوتکاندا بنیشێتەوە.. سەرباری هەموو ئەو نەخشەو پلانانەش، بەهرەو سەلیقەی ئەدەبی و کۆمیکی، گۆگۆلیان بە ئاقارێکی دیدا دەبرد و بەرەو جیهانی چیرۆک وچیرۆکنووسییان رادەکێشا. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٢دا چوو بۆ ئۆکرانیا و ماوەیەک لەوێندەر مایەوەو بە بوخچەیەکی پڕ لە چیرۆکەوە بۆ سانپترۆسبۆرگ گەڕایەوەو لە ساڵی ١٨٣٥دا لە دوو کۆچیرۆکدا بە ناونیشانێن:"میرگۆرۆد و ئارابسک"چاپ وبڵاوی کردنەوە. ناونیشانی دووەمی کۆچیرۆکی میرگۆرۆد:"درێژەی چیرۆکەکانی شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا"یە. میرگۆرۆد

باژێرۆکێکە لە ئۆکرانیا. ئەم کۆچیرۆکە (میرگۆرۆد)چوار چیرۆکی لە خۆ گرتووەو لە زۆر رووەوە دەشوبهێنە سەر چیرۆکەکانی پێشووی، تەنیا لەمەدا نەبێت کە لە چیرۆکە تازەکاندا،رەگەزی تەنزو تەس وسەتیر،خەم وتووڕەیی بەسەر رەگەزێن خەیاڵ و رۆمانتیکییەتدا زاڵە وگۆگۆل لەم کۆچیرۆکەدا گەراوەتەوە بۆ نەقڵ وحەکایەتێن فۆلکلۆری زێد وزاگەی خۆی و کردوونی بە ماک وهەوێنی چیرۆکەکانی و هونەراندوونی. یەکێک لەو چیرۆکانە (تاراس بۆڵبا)یە کە چیرۆکێکی زۆر بە ناوبانگە..لەبەر گرینگی خۆی چەندین جار بە تەنیا وبە سەربەخۆیی بڵاوکراوەتەوە. ئەم چیرۆکە مێژووییە،باسی قارەمانیەتی میللەتی قوزاق و تەبیعەت وسروشتی خۆراگرانەی ئەو میللەتەیە، ئەسڵی ئەم چیرۆکە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەیەم و سەروبەندی شەڕی قوزاقانی ئۆکرانی دەگەڵ خەڵکی پۆلەندەدا. تاراس بۆڵبا شاقارەمانی چیرۆکەکەیە، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە. هەمیشە حازرو ئامادەیە خوێنی خۆی لە پێناوی بیروباوەڕی خۆیدا برێژێت. بۆیە لە رای خەبات دژ بە ستەمکارانی پۆلەندی،شەو ورۆژ بە دەشت و بانە بەرینەکانی رووسیادا دەسورێتەوەو بەگژ پۆلەندیاندا دەچێتەوەو شەڕیان دەکات و لە ماوەی شەڕو شۆڕدا کوڕە بچووکەکەی خۆی کە حەز لە کیژە پۆلەندییەک دەکات وخیانەت لە بابی خۆی دەکات ودەچێتە ریزی سوپاییانی دژمنەوە، دەکوژێت و دەچێتە تاقیب وسۆراخی کوڕە گەورەکەی کە بە یەخسیری کەوتبووە دەستی دژمن. بەڵام شکست دێنێت و لە داخا دەگاتە هەر شوێنێک وێرانی دەکات، تا لە ئەنجامدا یەخسیر دەکرێت و دەکوژرێ. لەم بەرهەمە داستانی وحەماسییەدا گیانی قارەمانیەتی میللەتی رووس زۆر بە وردی وەسفکراوەو گۆگۆل ئەوپەڕی هونەری لە وەسفی جەژن و ئاهەنگێن میللی قوزاقان، دەعوەت وزیافەت و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیان، خوادن وخواردنەوەیاندا بەکارهێناوەو هەروەها تەبیعەتی کێویانەو سەرەتایی قوزاقانی، کە بابەتی سەرەکی ئەم داستانەن، فەرامۆش نەکردووەو بە شێوەیەکی زۆر هەستبزوێن نیشانی داوە. (تاراس بۆڵبا) هێشتا یەکێکە لە چیرۆکە روسییە هەرە دڵگیرو پەسندەکان، وگەلێک لە رەخنەگران و شارەزایان و ئەهلی ئەدەب، بە هاوتای نووسینەکانی (والتر سکات)یان داناوە.

کتێبی (ئارابسک) بریتییە لە کۆمەڵێک وتاری جۆراوجۆر دەربارەی هونەر، مێژوو، جوگرافیا، وئەدەبیات لەگەڵ سێ چیرۆکی جوانی خەیاڵئەنگێزدا کە دیارترینیان، (یاداشتنامەی شێتێک)ـە.

بەهەرحاڵ بڵاوبوونەوەو پێشوازی گەرم وگۆڕی خوێنەران و رەخنەگران لەم چیرۆکانە متمانەیەکی پتری بە گۆگۆل بەخشی و پایەو پێگەی چیرۆکڤانی ئەوی بە تەواوەتی چەسپاند. لەوە بەدواوە ئیدی خەیاڵی کارو پۆستی دەوڵەتی و هەموو خەیاڵێکی دیکەی لە مێشکی خۆی دەرکرد و خۆی وەقفی کاری ئەدەبی کرد وگەییە ئەو قەناعەتەی تەنیاو تەنیا لە رێگەی نووسین و کاری ئەدەبییەوە دکارێت خزمەتی تیرەی بەشەر بکات وکاری گەورە ئەنجام بدات. بەهەرحاڵ لە چیرۆکەکانی (ئارابسک)دا خەیاڵپەروەری

شاعیرانەو جوانی ئاسایی و سروشتی دەڤەری ئۆکرانیا، کەم دەبنەوەو مەیدان بۆ لایەنی شیکرنەوەی دەروونی وپەیوەندی نێوان هونەرو واقیع چۆڵ دەکەن.(یاداشتنامەی شێتێک)بریتییە لە وەسف و باسێکی بەرجەستەو جوانی فەرمانبەرێکی بچووک کە حەز لە کیژی سەرۆکی دایەرەکەی خۆی دەکات ولەلایەن ئەوەوە رەفز دەکرێت، ئیدی بەو خەیاڵ و وەهمە دڵخۆشی خۆی دەداتەوە کە گوایە کیژێ بەراستی خۆشی دەوێ و بەرەبەرە پتر دەستەمۆی خەیاڵات دەبێت و وا گومان دەکات کە بووە بە پاشای ئەسپانیا و تەخت و تاجی ئەوێندەری وەرگرتووەو لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژی، ئەم نەفەسە پاشان لە هەموو بەرهەمەکانی گۆگۆلدا،کەم وزۆر رەنگدەداتەوە.

لە ساڵی ١٨٣٦دا چیرۆکی(کەپوو)ی بڵاوکردەوە، ئەم چیرۆکە رێگەیەکی تازەی لەبەردەم رۆمانی رووسیدا کردەوە. رۆژێ فەرمانبەرێک کە لە خەو ڕادەبێت، دەبینێت کەپووی نییە وئەوەی کە زۆر سەیرە دوای تۆزێک دەبینێت کەپووی لە نێو گالسکەیەکدا دانیشتوەو بە جل وبەرگی فەرامانبەرانی پایەبەرزەوە بە شانوشکۆیەکی زۆرەوە بەشاردا تێدەپەرێت. ئیدی هەوڵێکی زۆر دەدات کە کەپووی قاییل بکات و بۆ شوێنەکەی خۆی بگەرێتەوە، جا بۆ ئەو مەبەستە ئاگاداریەک دەداتە رۆژنامە، بەڵام لەلایەن ئۆفیسی رۆژنامەکەوە رەتدەکرێتەوە. بەڵام دوای چەند رۆژێک، کە ئیدی تەواو ئومێدبڕبووە، لە پڕ دەبینێت کە لووتی گەراوەتەوە شوێنی هەمیشەیی خۆی. ئەم چیرۆکە تەوسامێزە،رەخنەیەکی توندە لە ژیانی فەرمانبەرانی بچووک وکەسایەتییە پایەبەرزەکانی دەوڵەت و،گۆگۆل لەبەر ناواقیعیەتی چیرۆکەکە بەم رستەیە پۆزش بۆ خوێنەران دێنێتەوە:*"لە کۆمەڵگەی پترسبۆرگدا زۆرجار شتی لەمەش سەیرتر روو دەدەن."*

هەڵبەتە کاریگەری ئەم چیرۆکە زۆر زەق و دیارە بەسەر مەسخەکەی کافکاوە. لە ساڵی ١٨٤٢دا چیرۆکی پاڵتۆی بڵاوکردەوە کە بریتییە لە بەسەرهاتی خەمناکی فەرمانبەرێکی چکۆلە،کە دوای چەندین ساڵ، لە رەزیلی وپاشەکەوت دەتوانێت پارەی پاڵتۆیەک پێکەوە بنێت وپاڵتۆیەک بداتە دروون و خۆی لە سەرما بپارێزێت. بەڵام،هەر لە یەکەم رۆژا کە پاڵتۆکەی لەبەر دەکات، لێی دەدزن ولە داخی ئەمە نەخۆش دەکەوێت. وەسفی داماوی وبێچارەیی کابرای فەرمانبەرو، چۆن لە هەموو شتێکدا رەزیلی دەکات ودەست دەگرێتەوە، شەوان بە تاریکی دادەنیشێت و چرا پێناکات، خواردن کەم دەخوات وتەنانەت شتی پێویستیش ناکرێت، هەر بۆ ئەوەی پاشەکەوتێک بکات وببێ بە خاوەنی پاڵتۆیەک، بە تەواوەتی خوێنەر خەمبارو نارەحەت دەکات. گۆگۆل بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی پاڵتۆ گەییە لوتکەی دەسەڵات و ناوبانگی ئەدەبی خۆی. هەربۆیەش تورگینیف لەمبارەیەوە دەڵێت:*"هەموومان لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ."* ودۆستۆیفسکی-ش پاشان هەمان بۆچوونی ئەوی لەمەڕ گۆگۆل لە زۆر شوێندا دووبارە کردوەتەوە. فرانک ئۆکنر بە باوکی چیرۆکی کورتی ناودەبات، بیلینسکی بە باوکی پەخشانی

رووسی دادەنێت ومیرسکی، لە رووی داهێنانەوە بە هاوتای شەکسپیرو بگرە گەورەتری دەزانێت...بەڵام گەورەترین رووداوی ژیانی گۆگۆل شانۆنامەی کۆمیدی (جەنابی موفەتیش-١٨٣٦)بوو، کە بەم بەرهەمە لە بواری شانۆنامە وکۆمیدیادا هونەرمەندی ودەسەڵاتداری خۆی سەلماند. بابەتی ئەم شانۆنامەیە، رووداوێکی راستەقینەیەو پوشکین بۆ گۆگۆلی گێراوەتەوەو ئەمیش لە قاڵبێکی هونەری زۆر بەرزو باڵادا لە پێنج پەردەدا دایرشتوەتەوەو یەکەمجار لە سانپترسبۆرگدا نمایش کراوە. جەنابی موفەتیش زۆر بە راشکاوی وراستەوخۆ رەخنە لە سیستەمی فەرمانرەوایی وکارگێڕی سەردەمی خۆی دەگرێت، وخۆ ئەگەر خودی نیکۆلای یەکەم، خۆی لێ بە خاوەن نەکردبایە، زۆر زەحمەت بوو، لە مقەستی سانسۆر دەرباز بێت و بە سەلامەتی دەربچێت. دەڵێن گوایە خودی ئیمپراتۆر لە شەوی یەکەمی نمایشکردنی جەنابی موفەتیشدا ئامادە بووەو کە تەواو بووە بە زەردەخەنەوە گوتوویەتی:" *هیچ فەرمانبەرێکی دەوڵەت لە رەخنە نەخەڵەسیوە، تەنانەت منیش!بگرە بەشی من لە هەمووان زیاترە*"

هەرچەندە بڵاوبوونەوەو نمایشی جەنابی موفەتیش،وەرچەرخان وسەرکەوتنێکی گەورەی ئەدەبی بوو، بەڵام وەکو پێویست گۆگۆلی دڵخۆش نەکرد، هەر بۆیەش لە هەمان ساڵدا (١٨٣٦)ودوای یەک دوو مانگ لە نمایشی شانۆنامەی ناڤبری، بێئەوەی خواحافیزی لە دۆستانی وەکو ژۆکۆفسکی وپوشکین بکات، سەفەری ئەڵمانیای کرد، و لە ئەڵمانیاوە چوو بۆ ئیتاڵیاو ماوەی دوو ساڵێکی بە ئاوارەیی وسەرگەردانی لە سەرانسەری ئەوروپادا بەسەربرد. تا لە ساڵی ١٨٣٨دا بۆ مۆسکۆ گەرایەوەو چەند فەسلێکی بەشی یەکەمی "گیانە مردووەکان" یان "بەسەرهاتەکانی چیچیکۆف"ی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە کە بە شاکاری گۆگۆل دەژمێردرێ و نەمری پێبەخشی. گۆگۆل چەند بە شێکی رۆمانی ناڤبری بۆ دۆستەکانی خوێندەوە کە زۆریان بە دڵ بوو، بەڵام ئەمە هیچ ئاسودەییەکی رۆحی وئارامییەکی دەروونی پێنەبەخشی و جارێکی دی رووی کردەوە ئەوروپا. لە ڤینا نەخۆش کەوت، دیسان بۆ رۆما گەرایەوەو لەوێ هەر خەریکی پێداچوونەوەو پاکنووسکردنەوەی رۆمانەکە بوو تا لە ساڵی ١٨٤١دا بەشی یەکەمی بۆ چاپ ئامادە بوو، گۆگۆل لەگەڵ خۆیدا بۆ مۆسکۆی هێنایەوە تا بە خۆی سەرپەرشتی کاری چاپ و بڵاوبوونەوەی بکات. بەڵام لە سەرەتادا، دامودەزگای سانسۆر مۆڵەتی چاپکردنی رۆمانەکەیان نەداو گۆگۆل سەر لە نوێ گیرۆدەی نیگەرانی ونارەحەتی دەروونی بووەوەو پاشان هەندێ لە دۆستانی فریای کەوتن وسووکە دەسکارییەکی ئەو شوێنانەیان کرد کە بە دڵی سانسۆر نەبوو، ورۆمانەکە لە ساڵی ١٨٤٢دا چاپ وبڵاو بووەوەو پێشوازییەکی گەرمی لێکراو دەنگێکی فرەی دایەوە. بوو بە یەکێک لە بەرهەمە هەرە بە ناوبانگەکانی گۆگۆل. نووسەر لەم رۆمانەدا بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەفتارێن باوی شارو هەرێمەکانی رووسیا وسیستەمی سیاسی و کارگێڕی ئەو وڵاتە بە زەبری تەنزێکی تایبەتی شەن وکەو دەکات و شیدەکاتەوەو لە بێژنگی رەخنەی دەدات. گۆگۆل نزیکەی پانزە ساڵ کاری لە سەر ئەم رۆمانە کردبوو، قەراربوو لە دوو بەرگدا بڵاوببێتەوە. سەبارەت بە بەرگی دووەم ،نووسەر بە خۆی

که گیرۆدەی نەخۆشی خەمۆکی بوو، بە چەند رۆژێک بەر لە مردنی، دەستنووسەکەی سووتاند. بابەت وناوەرۆکی ئەم رۆمانە رووداوێکی راستەقینەیە کە پوشکین بۆ گۆگۆلی گێڕابووەوە. لە رژێمی پێشووی رووسیادا، مسکێن ورەعیەتانی نیمچە کۆیلە، بە گوێرەی کۆمەڵێک قەراران کە لە سەردەمی تزاری داگیرکەر بۆریس گۆدۆنۆفدا دانرابوون، وبەو مەبەستە دانرابوون کە رێگە لە کۆچی دێهاتیان بۆ شارەکان بگرن،بە زەوی وملّکی موڵکدارەکانەوە بەسترانەوەو بە پێی قانوون بە موڵکی زەویدارو موڵکدارەکان دەژمێردران. بۆیە موڵکدارەکان دەیانتوانی چ بە جیا و چ لەگەڵ موڵک و زەویەکانیاندا مامەڵەی کڕین وفرۆشتنیان پێوە بکەن. دەتوانرا ئەم مسکێنانە وەکو هەر کاڵایەکی بایەخدار لە بانقەکاندا بە رەهن دابنرێ وقەرزو سلفەیان پێ وەربگیرێت. دیارە هەر دەساڵ جارێک سەرژمێری گشتی لە وڵاتا دەکراو ئەو مسکێنە نیمچە کۆیلانەی کە لەو ماوەیەدا دەمردن بە فەرمی بە زندوو حسێب دەکران و دەبوایە خاوەنەکانیان باجی سەرانەیان بدەن، جا چیچیکۆفی شاقارەمانی ئەم رۆمانە کە فەرمانبەرێکی بچووکی دەوڵەتیە، دەسبەرداری فەرمانبەری دەبێت وبە تەماحی سوود وەرگرتن لەو قرێرو یاساو رێسا باوانە، لێدەبڕێ ئەم کۆیلانە یان مسکێنە مردووانە کە لە رەسمیاتدا بە زندوو حەساون، بە نرخێکی زۆر هەرزان لە ئاغاکانیان بکرێت وقەباڵەیان لەگەڵدا مۆربکات و بیانخاتە سەر ناوی خۆی وپاشان بەو قەباڵەو سەنەدانە لە بانقەکاندا بیانخاتە رەهنەوەو قەرز وسلفەیەکی زۆریان پێوەربگرێت. دیارە ئاغاکانیانیش بۆ ئەوەی سەرانەی ئەو مسکێنە مردووانەیان لە کۆڵ ببێتەوەو نەیدەن، بەو مامەڵەیە قاییل دەبن، ئیدی چیچیکۆف دەکەوێتە سەفەرو هاتوچۆ وسەواو مامەڵە. جا گۆگۆڵ هاتووە هەر هەموو ئەم واریقات و رووداوانەی وەکو رەنگدانەوەی قۆناغێکی هەرە هەستیاری رووسیای سەدەی نۆزدەیەم بە شارو گوندەوە،بە ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری و کارگێرییەوە بەوپەری وەستایی و هونەرمەندی وێنە گرتووەو میناکی تابلۆیەکی رەنگین وزیندوو، پێشکەش بە گەلەری ئەدەبیاتی رووسی وجیهانی کردووە. قارەمانانی جۆراوجۆری رۆمانەکەی بە جۆرێ بەرجەستە کردووە کە بە ئاسانی لە بیر ناچنەوەو خوێنەر واهەستدەکات لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا ئەو کاراکتەرانەی دیتووەو دەیانناسێت. دیارە گۆگۆل لە سەرانسەری ئەم رۆمانەدا لایەنی شاعیرانە و رۆمانتیکیانەی فەرامۆش نەکردووەو بەمەش شەقڵ ومۆرکێکی شیعری بە بەرهەمەکەی بەخشیوەو گەلێک لە رستەو دەستەواژەو دەربڕینەکانی ئەم رۆمانە کەوتوونەتە سەرزاری خەڵکی و میناکی پەندو قسەی نەستەق دەوترێنەوەو ناوی گەلێک لە کاراکتەرەکانی لە شێوەی تەنزو کینایەدا بە باڵای ئەو کەسە راستەقینانەدا دەبڕدرێن کە هەمان خو و خدەو ئەتوارو رەفتاری ئەوانیان هەیە.

بڵاوبوونەوەی (گیانە مردووەکان) لەسەردەم وکاتی خۆیدا ئاشوب وهەرایەکی زۆری نایەوە،چینی موڵکداران وفیودالانی هاڕوژاند، چونکە خۆیان تیا دەبینییەوەو گۆگۆل بە شێوەیەکی ئەفسوناوی وبە گوێزانی تەنزو تەوس وتوانج سەری تاشی بوون وئاوێنەی دابووە دەستیان. هەموو وەڵامێکی گۆگۆلیش

ئەوەبوو کە پەلە نەکەن و چاوەروانی کۆتایی چیرۆکەکە بکەن کە لە بەرگی دووەمدا بڵاو دەبێتەوە،کە بەرگی دووەم لە بارودۆخێکی قەیراناوی دەروونیدا لە لایەن خودی نووسەرەوەو بە چەند رۆژێک پێش مردنی، سووتێنراو روناکی چاپ و بڵاوبوونەوەی نەبینی.

بەهەرحاڵ گۆگۆل لە ئاخروئۆخری تەمەنیا، دووچاری نەخۆشی دەروونی بوو وکاری هونەری تەرک کردو کەوتە نووسینەوەی بیروباوەڕی ئەو قۆناغەی تەمەنی خۆی لە شێوەی وەعزو ئامۆژگاریدا وپاشان لە ساڵی ١٨٤٧دا لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (چەند نامەیەکی هەڵبژاردە بۆ دۆستەکانم)چاپ وبڵاوی کردنەوە، ئەم نامەو نووسینانە نیمچە واقیعی و نیمچە خەیاڵی بوون، جا ئەم کتێبە بە پێچەوانەی چاوەروانی و پێشبینی گۆگۆلەوە هیچ پێشوازییەکی لێنەکرا. چونکە پشتیوانی لە دەسەڵات وحکومەتی کۆنەپەرستی وەخت کردبوو، وبە شێوازێکی پێغەمبەرانە خەڵکی بۆ ریفۆرمی ئەخلاقی و مەزەبی وپاککردنەوەی دڵ و دەروون هاندا بوو، ئیدی دابرانێکی گەورە کەوتە نێوان نووسەرو نەک هەر خوێنەرانی ئاساییەوە، بەڵکو نزیکترین دۆستانیشی لێی کەوتنە تەقە وگلەیی. یەکێک لەوانە بیلینسکی رەخنەگری بە نێوبانگ بوو کە نامەیەکی زۆر توندی بۆ گۆگۆل نووسی وگلەیی وگازەندەی ئازادیخوازانی پێڕاگەیاند. جا نەگلەیی دۆستان و نە نامەکەی بیلینسکی، هیچیان گۆگۆلیان لەم رێبازە ژێوان نەکردەوە، بەڵکو زیاتر تووڕە بوو، ورێگەی ئۆرشەلیمی بە نیازی حەج وپاکبوونەوەی دەروون و رەواندنەوەی نیگەرانی دەروونی و نارەحەتی رۆحی گرتەبەر. هەڵبەتە زیارەتی ئۆرشەلیمش هیچ دادێکی نەداو بۆ رووسیا گەرایەوەو چووە لای کەشیشێکی توندرەو وئیعترافی بە نائومێدی مەزەبی خۆی کردو خۆی خستە ژێر رکێف وکۆنترۆڵی رۆحی ئەوەوەو لەسەر پێشنیازی ئەو و بۆ سەلامەتی خۆی دەستی لە کاری هونەری کێشایەوەو لە ١٨٥٢/٢/١٢دا دەستنووسی (گیانە مردووەکان)ی کە پێنج ساڵی رەبەقی بە نووسین وپاکنووسکردنەوەو چاککردنەوەو دەسکاریکردنیەوە بەسەر بردبوو، سووتاند وچەند رۆژێک دوای ئەوە بە هۆی نەخۆشی قورسی دەروونی ونان نە خواردنەوە، لە ١٨٥٢/٢/٢١دا کۆچی دوایی کردو بەمەش خەسارەتێکی گەورە لە جیهانی ئەدەبیاتی رووسیاو دنیا کەوت.

"٥"

گۆگۆل، لە کەڵە نووسەرانی رووسیایە، چ لە باری بەرزە خەیاڵی، وچ لە رووی شێوەی گوزارشت ودارشتن ودەربرینەوە هیچ نووسەرێکی دیکەی رووسی نەیتوانیوە وەکو ئەو، وبەم رادەیە دەوڵەمەندی زمانی روسی کەشف بکات. گۆگۆل مجێزو تەبیعەتێکی ناسازگارو حەساسیەتێکی نەخۆشانەو رۆح وگیانێکی گۆشەگیرانەی هەبوو، بەڵام ئەم نەخۆشییە دەروونی و رۆحیە، توانایەکی ئەفراندنەوانی وبەسیرەتێکی دەوڵەمەندو تیژبینییەکی گەورەو رۆحێکی رەخنەوانی سەیری لەگەڵدا بوو.

گۆگۆل بە یەکێک لە کەسایەتی وسیما ئەدەبییە هەرە گەورەکانی ئەورووپای نێوان هەردوو قۆناغی رۆمانتیزم و ریالیزم دەژمێردرێت و کاریگەریی ئەو بەسەر ئەدەبیاتی رووسیەوە هێندە گەورە بوو کە تا ئەمرۆش شوێنەواری هەر ماوە.گۆگۆل، ئەدیبێکی مرۆڤدۆست بوو، باوەری بە ئازادی تیرەی بەشەر هەبوو، هەر بۆیە بە بوێری وئازایەتی هەر ئەدیبێکی رەسەن و پەیامدارەوە کەموکورییەکانی کۆمەڵگەی لە قاو داوەو دژی هەر چەوسانەوەیەکی مرۆڤ دەوەستایەوە. گۆگۆل توانی لە رێگەی بەرهەمە ئەدەبیەکانییەوە سنورو کەوشەنی زەمەن ونەتەوە ببەزێنێت، بۆیە بەرهەمی ئەو، بەتەنیا موڵکی رووسیا وخەڵکی رووسیا نییە، بەڵکو کەلەپورو بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتیە بە هەموو تیرەو تایفە جیاوازەکانییەوە.

گۆگۆل،لە ریزی پێشەوەی ئەو ئەدیبە رووسانە بوو کە خەڵکی رەش و رووت وچەوساوەو بێنەوای کرد بە ماک و هەوێنی کارە ئەدەبییەکانی وکارە ئەدەبییەکانی بردە ناو جەماوەری رەش و رووتی خەڵکەوە، رەش ورووت ورەمەکی مەردم خۆیان و ژیانی خۆیان لە ئاوێنەی بەرهەمەکانی ئەودا دەبینی وبە زمانی هونەر پێی گوتن کە کێن، لە چیان کەمە، دەبێ خەبات لە رای چیدا بکەن، چۆن بژین، چیان خۆش بوێ، وخزمەت وخێری ولآت لە چیدایە. قارەمانان وکاراکتەرانی بەرهەمەکانی گۆگۆل لە ئاسمانێ را نەهاتوونەتە خوارێ، نە شەیتانن ونە فریشتەن. بەشەرن و پێویستیان بەوەیە بەشەرانە بژین، لە کۆمەڵگەیەکی شەریفدا بژین، و لە ناوجەرگەی ژیاندا بژین، نەک لە بندێری چیرۆک وکتێباندا حەپسیان بکەی، یان لە چوارچێوەیان بگریت و هەلێانواسیت.. ئەمانە هێمن وهێدی، بێ سەرو سەدا لە لاپەرەی کتێبانەوە بۆ ناو ژیانی خوێنەر دەخزێن، بە کورتییەکەی زندوون،و زنەگی دەکەن ودەژین.. خوێنەر زۆر زوو بە قارەمان و کاراکتەرەکانی ئاشنا دەبێت، هۆگریان دەبێت، وا هەستدەکات لە مێژە دەیانناسێت. تەنانەت کاراکتەرە لاوەکییەکانیشی، هەرچەندە کە زۆر جار لە چوارچێوەی چەند وشەو رستەیەکی زۆر کورت وکەمدا دەناسێنرێن ، بە ئاسانی لەبیر ناچنەوەو بە زندوویەتی لە بیری خوێنەر دەمێننەوە. بۆ نموونە چ خوێنەرێک هەیە کە ئاکاکی نەناسێ؟ یان پترۆفیچی پاڵتۆدروو نەناسێت؟ تەنانەت شت و شوێنەکانیش لە چیرۆکەکانی گۆگۆلدا زیندوون.

گۆگۆل،لە راستیدا رۆحێکی سادەو دلۆڤانە، بە کوچەو کۆلآن وبازێرۆک و شارو گوندانددا دەگەرێ، سەر بە ماڵاندا دەکێشێت و بە ئەشق ومەحەبەتێکی ئاوێتە بە هاوخەمی و هاودەردیەوە، هەرچییەک دەبێنێ، بە گوێرەی خوێندنەوەی هونەری خۆی، بە گوێرەی دیدوبۆچوونی هونەری خۆی تۆماری دەکات و پیشانی دەدات. بەڵام بایەخی گۆگۆل لە مێژووی ئەدەبیاتدا سنووری چیرۆکەکانی بەزاندووەو زۆر هێوەتر دەروات. ئەگەر سووکە سەرنجێکی خێرای بەرهەمێن نووسەرانی دوای ئەو بدەی، چ لە رووسیا و چ لە ئەورووپا و تەنانەت ئەمریکاش بە ئاسانی کاریگەریی هونەری ئەو کەڵە ئەدیبە بەسەر

بەرهەمەکانیانەوە دەبینرێت. زۆر زەحمەتە لە نێو بەرهەمی کەڵە نووسەران و تەنانەت نووسەرانی نمرە دووی رووسیادا، بەرهەمێک ببینی کە کەم دابێژێک کاریگەری و سێبەری گۆگۆلی بەسەرەوە نەبێت، ئەوەدۆستۆیفسکی، تۆرگینیف، ئەدی ئابلومۆف بۆ ناڵێی؟چەند قارەمانی لە (گیانە مردووەکانی) گۆگۆلەوە وەرگرتووە؟ ئەدی شانۆنامە تاکپەردەییەکانی چیخۆف بۆ ناڵێی؟..کارەکانی گۆگۆل بوون بە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی بەشێکی زۆریان. تەنانەت لە ئەدەبیاتی تازەی سۆڤیەتیشدا زۆر نووسەر لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی گۆگۆلدا بوون، لەوانە: بۆلگاکۆف، گرین، گلادکۆف،و ئۆرنبۆرگ.

بە کورتی و کرمانجی گۆگۆل خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکێکی تازە بوو لە ئەدەبیاتدا. خوێنەر کە هەر چیرۆکێکی گۆگۆل دەخوێنێتەوەو لێ دەبێتەوە، یەکسەر هەست بەوە دەکات کە ئەو چیرۆکە چەند سادە، ئاسایی، سروشتی وحەقیقییە، ئەوەندەش تەرو تازەیە، و لە لاسایی کردنەوە نایەت، کە ئەمە یەکەمین نیشانەی هونەریەتی هەر کارو بەرهەمێکی رەسەن و سەرکەوتووە. یان کە بەدەم خوێندنەوەوە مامەڵە لەتەک کاراکتەرەکانیدا دەکات، وا هەست دەکات کە لە مێژە دەیانناسێت و خەڵکی یەک شوێن ودەڤەرن. بەکورتی وکوردی سیفەتی زاڵی چیرۆکەکانی نووسەر ئەوەیە کە ژیانیان لێهەڵدەقوڵێت، ژیانێکی سادەو ئاسایی، بە هەردوو دیوی جوان و ناشیرینییەوە. کە دێتە سەرباسی رووە جوانەکانی ژیان بەوبێ هەرچی جوانی و ئینسانییەتێکی تێدایە ئەوەندە هونەرمەندانە نیشانی بدات کە مرۆڤ بە هیچ نرخێک دەسبەرداری نەبێت و بگاتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ شتێک لە دەرێی ژیاندا نییە ولە سەرێتی مرۆڤانە بژی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا،زەرەیەک لە ناشیرینییەکانی ژیانیش ناشارێتەوەو وای دەهونەرێنێ کە مرۆڤ هەموو توانایەکی خۆی بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو ناشیرینیانە بخاتە گەڕ. دیارە گۆگۆل دەرهەق بە ژیان راستگۆبووە، نەهاتووە ژیانمان بۆ بگێرێتەوە، بەڵکو ژیانی وەکو چۆن هەیە هونەراندووە ، هەرگیز پەنای وەبەر وتن،واتا وەعزخوانی وئاموچیاری و ئەنجامگیری ئەخلاقی نەبردووە، چونکە زانیویەتی ئەرکی هونەر نیشاندانە نەک وتن. بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی گۆگۆل پەلکە رەنگینەیەکی ڕەخشانە بە ئاسمانی ئەدەبیاتی رووسییەوەو ژیانی سەدەی نۆزدەی رووسیا دەنوێنێ.. بەڵێ گۆگۆل خاڵی وەرچەرخان ودەستپێکێکی تازە بوو لە ئەدەبیاتدا..

پەراوێز:

* (گیانە مردووەکان):دەڵێن کە پوشکین یەکەم دەستنووسی ئەو رۆمانەی خوێندووەتەوە زۆر خەمبار بووە، پاش تۆزێک رامان هاواری کردووە:"تەحا کە وڵاتێکی غەمناکە...تەحا لەم رووسیایە!" ئەوجا لەسەری رۆییوە:"گۆگۆل چ شتێکی لە خۆیەوە دانەناوە،بەڵکو حەقیقەتە ساکارەکەی گێڕاوەتەوە.. حەقیقەتە ترسناکەکە". گۆگۆل لەم رۆمانەدا وێنەی ژینگەی فیودالی کشتوکاڵی، گەندەڵی وداروخانی

دامودەزگا حکومەتییەکانی گرتووە، توانایەکی گەورەو وردی لە کاراکتەرسازی و دیمەن و تابلۆ کۆمەڵایەتییەکاندا نواندووە.

* جەنابی موفەتیش: ئەمە لە کارە هەرە بە نێوبانگەکانی گۆگۆڵە، بە تەواوەتی جێپێی گۆگۆلی وەکو هونەرمەندێکی ریالیستی لە بواری شانۆدا کردەوە. ئەم شانۆنامەیە رەخنەیەکی زۆر توند بوو لەو گەندەڵییەی لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا بڵاوبوو. تەنانەت نمایشکردنی شانۆییان قەدەغە کرد.. لە ئەنجامدا تزار "نیکۆلای یەکەم"پاش ئەوەی جۆکۆفسکی رووی لێنا رێگەی نمایشکردنی دا. هەندێک دەڵێن کە تزار بۆ خۆی ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی بوو لە ١٨٢٦/٣/١٩دا کە بینی گوتی:"هەرچی فەرمانبەری دەوڵەت هەیە،رەخنەی لێگیراوەو کەم وزۆر پریشکی بەرکەوتووە،تەنانەت منیش کە بەشی من لە هەمووان زیاترە!".

*تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکرنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:*

* یاداشت های یک دیوانه وهفت قصه دیگر/نیکلای گوگول/ترجمه:خشایار دیهیمی/تهران،نشر نی،١٣٨١

* مردگان زرخرید (رعایای مرده)/نیکولای گوگول/ترجمه:فریدون مجلسی/چاپ دوم:١٣٨٧/انتشارات نیلوفر

* فرهنگ ادبیات جهان/تالیف:زهرای خانلری/چاپ اول:١٣٧٥/شرکت سهامی انتشارات خوارزمی

* رۆمانی هەژاران/ دۆستۆیفسکی/ پێشەکی و وەرگێرانی حەمەکەریم عارف/چ٢٠١٠/١

* قصص گوگول، تعریب الدکتور جلیل کمال الدین،١٩٨٤،بغداد

*ولادیمیر ناباکوف / درسهائی درباره ادبیات روس / ١٣٧١، ترجمه فرزانه طاهری

*ادبیات داستانی، جمال میر صادقی، چاپ سوم ١٣٧٦

* مێژووی ئەدەبیاتی روسی/ سعید نفیسی/ و:حەمەکەریم عارف/ چ٢٠١٠/١

## چەردەیەک لەمەڕ ئەدەبیاتی ڕووسی

"١"

ئەدەبیاتی ڕووسی،یەکێکە لە ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان و زۆر شاکاری پوختەو شایستەو نەمری لەخۆ گرتووە. ئەدیبانی ڕووس،خۆیان لە بوارو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتدا تاقیکردووەتەوەو قەڵەمڕانیان کردووە.بە تایبەتی لە مەیدانی ڕۆماندا گەییونەتە پایەیەکی بەرز.کەڵە نووسەرانی ڕووس خۆیان لە بابەتە مرۆڤانیە هەستیارو زیندووەکان داوە،وەکو:مانای حەقیقەت،ئامانجی ژیانی مرۆڤانی،چارەنووسی تیرەی بەشەر،کەرامەتی تاک و..بەجیهانبینییەکی رەخنەگرانەی پۆزەتیفەوەو بە نەفەسێکی هونەری و هونەرمەندانەوە مامەڵەیان دەگەڵ مرۆڤ وئازادی مرۆڤ وژینگەی مرۆڤانی کردووە.لایەنە نێگەتیف وهەڵەو خەتا بەشەرییەکانیان نە پەردەپۆش کردووەو نە لە قەوارەی خۆیشی گەورەتریان نیشانداوە. ئەم چەشنە مامەڵە هونەرییە، کە دەچێتە خانەی ریالیزمی رەخنەگرانەوە، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی ڕووسییەو لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی جیهان و لاسایی کراوەتەوە.ئەگەر سەرنجێکی خێرای سەرەتاکانی ئەدەبیاتی ڕووسیا بدەین، بە ئاشکرا کاریگەری و سێبەری ئەدەبیاتی ئەورووپایی و غەیرە ئەورووپایی پێوە دیارە.بەڵام کە تاتارەکان لە سەدەی سیانزەیەمدا پەلاماری رووسیایان داو بۆ ماوەی نزیکەی دووسەدەو نیو خستیانە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئیدی وڵاتی ڕووسیا لە کاریگەریی هزرو بیرو رۆشنبیریی دوا قۆناغەکانی سەدەکانی ناڤین و سەرەتاکانی سەردەمی رێنیسانسی ئەورووپا مەحروم بوو. بەڵام کە تاتارەکان لە سەدەی پازدەیەمدا شکستیان هێنا، ڕووسیا جارێکی دی پەیوەندی دەگەڵ ئەورووپادا پەیدا کردەوەو هزروبیرێن فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ژانرێن تازەی ئەدەبی ئەورووپایی هاتنە ناو رووسیاوەو تەماسی ئەبستمۆلۆجی لە نێوانیاندا چێبوو. ئیدی لێرەوە جۆرە ناکۆکی و هەڤدژییەک لە نێوان هزرێن تازەو کۆندا پەیدا بوو. ئەم هەڤدژی و ناکۆکییە تا سەدەیەک لە ئەدەبیات و هزری ڕووسیدا بەردەوام بوو،وتا شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ بەرپابوو و، قۆناغێکی تازە دەستی پێکرد وئەدەبیاتی ڕووسیای سۆڤیەتی سەری هەڵدا.

"٢"

دوای ئەوەی لە سەدەی دەیەمی زاینیدا، مەسیحییەت لە رێگەی بیزانسەوە(بیزەنتیە) لە نێو سلاڤەکاندا بڵاوبووەوە،ئەدەبیاتی نووسراوی ڕووسی دەستی پێکرد. بەکارهێنانی زمانی سلاڤی کڵێسایی وەکو زمانی ئاینی و ئەدەبی،زادەی کاریگەریی و دەسەڵاتی شارستانیەتی بیزانسە،بەسەر شارستانیەت و کەلتوری ڕووسی دەڤەرو قەڵەمڕەوی کییفەوە. واتە شارستانیەت و کەلتوری ڕووسی دەڤەرو قەڵەمڕەوی کییف لە ژێر کاریگەری شارستانیەت و کەلتوری بیزانسدا بووە. ئەو بەرهەمە سەرەتاییانەی کە بە

زمانی سلاڤی کلێسایی نووسراون زیاتر مۆرکی ئاینییان بەسەردا زاڵە و لە ڕووی بابەتەوە پتر لایەنی فێرکارییان هەبووە.

یەکەمین شاکاری نووسراوی ئەدەبیاتی ڕووسی سروودی سوپارئیگۆرە (دەوروبەری ساڵی ١١٨٧). ئەم بەرهەمە،لەچاو واقیعی داروخاوی کەلتووری،سەردەمی داگیرکاری تاتاردا زۆر جیاوازە. لە سەرەتاکانی سەدەی پانزەیەمدا، کەشیشێکی خەڵکی ڕیازان،بە نێوی سوفونیا بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕووسەکان (ساڵی ١٣٨٥)بەسەر تاتارەکاندا لە کولیکوڤادا، بەیتێکی داستانئامێزی (ئەودیوی روباری دۆن) هۆنیوەتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا نووسەرێکی دیکە بە نێوی ئافاناسی نیکیتین، کتێبێکی بە ناونیشانی (سەفەرێک بۆ ئەو دیوی سێ دەریا) نووسی.

پاش سەرهەڵدانی حکومەتی دۆکنشینی مۆسکۆو شکست و لە نێوچوونی تاتاران،چالاکی ئەدەبی تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند، بەڵام هێستا مەیل و ئارەزووی مەزەبی تارادەیەکی زۆر هەر جێگیرو زاڵ بوو. هەرچەندە دەسەلاتی خودموختاری تزارەکان و ئاژاوەی سیاسی و مەزەبی خۆی لە خۆیدا کۆسپ و تەگەرە بوون لە بەردەم گەشەکردنی ئەدەبیاتی ڕووسیدا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بەرهەمی ریزپەڕ ئاوارتە لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەدا پەیدابوون کە یەکێک لەو بەرهەمانە نووسین و نامەکاری نێوان تزار ئیڤانی سامناک و شازادە ئاندرێ میخایلۆڤیچ کوربسکی بوو (١٥٢٨-١٥٨٣)کە سەردەمانێک دۆستی تزار بوو و، پاشان پەیوەندی بە پۆلەندییەکانەوە کردبوو.ئەم نامانە بریتین لە گلەیی و تۆمەتبارکردن و پاکانەو بەرپەرچدانەوە،نیشانەی زاڵی هەردوکیانە بەسەر زماندا. هەروەها ئەو دووبەرەکییە گەورەیەی کە لە نیوەی سەدەی هەڤدەدا کەوتە کلێسای ڕووسیاوە، کردیە کارێک کە یەکەمین بەرهەم بە زمانی ڕووسی میللی ڕۆژانە بێتە نووسین کە بریتی بوو لە ژیننامەی کەشیشێک بە نێوی ئاڤاکۆم (لە ساڵی ١٦٨٢دا کوژراوە).ئەم بەرهەمە دەنگێکی زۆری دایەوەو کەشیشی نێوبراو بە خۆی نووسی بووی.

لە سەدەی هەڤدەدا کاریگەریی ڕۆژاوا بەسەر ڕووسیاوە، تەواو خویاو ئاشکراو دیار بوو. زۆر بەرهەمی بیانی پاچڤە کران بۆ زمانی ڕووسی و لە ساڵی ١٦٦٢دا یەکەمین شانۆی ڕووسی هاتە دامەزراندن.

"٣"

سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی ڕووسی لەسەردەمی سەڵتەنەت وپاشایەتی پوتروسی گەورەدا دەستی پێکرد،کە لە سەردەمی ئەودا بیری غەربسازی ڕووسیا زۆر بە خێرایی تەشەنەی دەکرد ودەچووە پێشێ. لە سەردەمی ئەودا دەسکاری ئەلفبای ڕووسی کرا،بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ڕووسی بە زمانی زکماک دەستی پێکرد، پەیوەندی و تەماسی نزیک دەگەڵ ئەورووپادا بووە مایەی ئەوەی تەکنیک و شێوەێن ڕۆژاوایی لە ئەدەبی ڕووسیدا بەکاربهێنرێ. شازادە ئا. د. کانتمیر هەوڵیدا لە ڕێگەی پاچڤەی بەرهەمێن

بیانی و نموونەی ئەدەبیاتی ڕۆژاواییەوە،ڕووسیاو ڕووسیان بە هزروبیری ڕۆژاواییان ئاشنابکات و بیانگەیەنێتە ئاستی ئەوان. لامانۆسۆف،شیعری ڕووسی گەیاندە ئاست و پایەیەکی بەرز. سۆمارۆکۆوف،لە فابیل و شانۆنامەکانی خۆیدا نێوەرۆک و بابەتی ڕووسی لە قاڵب و فۆرم و شێوازی ئەوروپاییدا بەرجەستە دەکردو ئەمە بوو بە بناخەو سەرەتای درامای ڕووسی. یکاترینای دووەم کە لە (١٧٦٢-١٧٩٦)دا فەرمانرەوای ڕووسیا بوو،هاندەری شانۆنامەو شانۆ بوو. لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئەوا،نیشاندانی بابەت و نێوەرۆکی کلاسیک لە قاڵبی تەنزو هەجوودا سەری هەڵدا،ئەم میتۆدو ڕەوشە لە شانۆنامەکانی خودی یکاترینا و،لە گۆڤارە کۆمیکییەکەی نۆڤیکۆف و تەنانەت لە چامە درێژەکانی درژاڤین-شدا دەبینرێت.شجریاتۆف (١٧٣٣-١٧٩٥) بۆ یەکەمجار ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کتێبێک بە ناونیشانی (دەربارەی داروخانی ئەخلاق)دەست پێکرد. گۆڤارە کۆمیکییەکەی نۆڤیکۆف و کتێبی (سەفەرێک لە سانپترسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ-١٧٩٥)کە لە نووسینی رادیشچفە (١٧٤٩-١٨٥٢) درێژەی هەمان ڕەوتی ڕەخنەیین..

ڕووسیا،لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا تووشی کۆمەڵە شەرێک بوو،بە تایبەتی جەنگی ناپلیون و سووتانی مۆسکۆ و پاشان شکستی ناپلیون. ئەمە کردیە کارێک کە گۆڕان لە بیرو هزرینی ڕووسەکاندا دروست ببێت وداوای ریفۆرم بکەن و عەوداڵی ناسنامەی نەتەوەیی خۆ ببن. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بزاڤی ڕۆمانتیزم وسۆزپەروەری لە رێگەی بریتانیاو ئەڵمانیاوە هاتە ناو ئەدەبیاتی ڕووسییەوەو جێگەی بە دەسەڵات و کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسی لێژکرد. یەکێک لە پێشەنگانی ئەم گۆرانکارییە کارامزینە، کە هونەری کورتە چیرۆکی هێنایە ناو ئەدەبیاتی ڕووسییەوە. یەکێکی دی لەو پێشەنگانە ژۆکۆفسکی بوو کە هەناسەی رۆمانتیزمی بە بەرشیعرو ئەدەبیاتی ڕووسیدا کرد.

کونستانتین باتیوشکۆف (١٧٨٧-١٨٥٥)یەکێک بوو لە شاعیرە داهێنەرەکانی ئەم قۆناغە،هەروەها فابیلەکانی کریلۆف-ش کە لە واری دەوڵەمەندکردنی زمانی ڕووسیدا کاریگەر بوون. بەوجۆرە زمانی ڕووسی بەرەبەرە برەوی سەندو گەشەی کردو بوو بە زمانی دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبی و هونەری.

گەورەترین شاعیری ڕۆمانتیکی ڕووسیا پوشکینە کە بە شۆڕەسواری مەیدانی شیعری ڕووسیا دەژمێردرێت، ئەگەرچی هەندێ کەس لیرمانتۆفیان پێ لەو گەورەترە.

لە زەمانی پوترووسی گەورەوە،دووبەرەکی و هەڤدژییەکی هزری لە نێو ڕووسەکاندا هەبوو،جماعەتێک لایەنگری ڕۆژاواو غەربسازی بوون و جماعەتێکی دی لایەنگری رۆشنبیری وکەلتوی خۆماڵی و نەتەوەیی بوون. ئەم ناکۆکی و هەڤدژییە لە دەیەی چوارەمی سەدەی نۆزدەوە پتر قووڵ بووەوەو لە نێو جماعەتی هەواداری کەلتوری خۆماڵیدا بزوتنەوەیەک دروست بوو بە نێوی بزاڤی (سلاڤدۆستان). هەرچەندە لە نێو پەیرەوکارانی ئەم بزاڤەدا ئەدیبانی گەورە نەبوون، بەڵام بزاڤی ناڤبری لە رێگەی بەرهەمێن کەسانی

میناکی کاتکۆفەوە کارێکی گەورەی کردە سەر ڕەوش و ڕەوتی هزرو هزرینی گشتی ئەو قۆناغ و ڕۆژە. لەم لاشەوە بیلینسکی، رەخنەگری بە نێوبانگ، گەورەترین پەیڤداری غەربیسازەکان بوو.لەگەڵ دەرکەوتنی گۆگۆل دا،وبە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی پاڵتۆ(١٨٤٢) ئیدی ئەدەبیاتی ڕووسی چووە قۆناغێکی تازەوەو بەرەبەرە رێگە بۆ سەرهەڵدانی ریالیزم خۆشبوو، کە دروشمەکەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و بابەتەکەی جەماوەری خەڵک بوو، بەتایبەتی دێهاتیان و چینی مامناوەندی کۆمەڵگە. نیکراسۆف ئەم ڕەوش و ڕێبازەی لە شیعردا بەکارهێنا و ئەوسا گانچارۆف و سالتیکۆف هەمان رێچکەی ئەویان گرتەبەر،و سەرەنجام سێ کەڵە ڕۆماننووس پەیدا بوون کە بریتی بوون لە:تورگینیف، دۆستۆیفسکی و تۆلستۆی، کە بوون بە رێبوارانی هەمان رێگا. چیخۆف رێبازی ریالیزمی لە کورتە چیرۆکەکانی خۆیدا گەیاندە لوتکە. باشترین شانۆنامەی ریالیستی ئەم قۆناغە لە لایەن چیخۆف و ئا. ئاسترۆفسکییەوە نووسران.. بەوجۆرە سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی ڕووسی گەییە لوتکە وئەدەبی رووسی بەگەڵ کاروانی ئەدەبیاتی جیهانی کەوت و جیهانییەتی پەیداکرد.

لە هەنبەر بزوتنەوەی ریالیزمدا،کاردانەوەیەکی ئەدەبی بە ناوی رەمزیەت و سەمبولیزمەوە سەری هەڵدا کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەداو لە سەرەتای سەدەی بیسەمدا رەونەقێکی باشی پەیداکرد و نموونەی سەمبولیزم لە بەرهەمەکانی: ئا. بلی،وئا.ئا.بلوکدا دەبینرێت.ئەم کاردانەوەیە لە بەرهەمە مەزەبی و فەلسەفیەکانی سۆلۆفیۆڤ وڕۆمانە مێژووییەکانی مرژکۆفسکی دا خویاو دیارە.

یەکێک لە سەرئامەدانی مەیدانی چیرۆک، مەکسیم گۆرکی بوو،کە تۆوی شۆرشێکی لە زەمینەی ریالیزمی ڕووسیدا داچاند. زۆر نووسەری دیکە بە چاولێکەری گۆرکی هەمان رێچکەو رێبازی ئەویان گرتەبەر لەوانە:ل.ئاندریف،ئە.ئا.بونین کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت و تاسەر لە سەر هەمان رێبازی ریالیزمی کۆن و محافەزەکارانەی ڕووسی مایەوە..

*بۆ زانیاری زیاتر بروانە کتێبی: مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی / سەعیدی نەفیسی/ و: حەمەکەریم عارف / بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/ چاپی یەکەم /٢٠١٠*

## *نیکۆلای ڤاسیلیوڤیچ گوگول (١٨٠٩- ١٨٥٢):*

گوگول له سوروچینتسی له بنەماڵەیەکی وردە موڵکدارانی ئوکراینی له دایک بووه. قۆناغی سەرەتایی، بە گوێرەی باوی ئەو زەمانە لە ماڵەوە خوێندوویەو فێر بووە و، قۆناغی ناوەندی (١٨٢١-١٨٢٨) لە شاری نژین تەواو کرد. ئەوسا بە دنیایەک حەزو ئارەزووەوە بۆ سان پترسبۆرگ چوو. لەم شارەدا بەیتێکی چیرۆکڤانی درێژی، کە لەگەڵ خۆیدا بردبووی، بڵاوکردەوە کە ڕوو بە ڕووی شکستی تەواو بووەوە. بە پێچەوانەی حەزی باتینی خۆی، بۆ ماوەیەک بوو بە فەرمانبەری دەوڵەت، پاشان لە قوتابخانەیەکی تایبەتی ئەرستۆکراتان کەوتە دەرسگوتنەوە. کۆمەڵە کورتە چیرۆکە دوو بەرگییەکەی (١٨٣١- ١٨٣٢) کە باسی ژیانی خەڵکی ئۆکراینی دەکرد، بە جۆش‌و خرۆشەوە پێشوازی لێکرا، پاش یەک ساڵ لە دەرسگوتنەوە وەکو مامۆستای مێژوو، کە نا سەرکەوتوو بوو، لێبڕا ئەدەبیات بکات بە پیشە. لە ساڵی ١٨٣٥دا چەند چیرۆک و گوتارێکی بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر شانۆنامەی جەنابی موفەتیشی بڵاوبووەوە کە بووە مایەی ستایشی خەڵکی، ئەو خەڵکانەی کە ئامانجی ئەم کۆمیدیایەیان بە هێرش بۆ سەر ڕژێمی حکومەتی خودموختاری بێ کەفائەت دەزانی- ئەو ئامانجەی کە گوگول بیری لێنەکردبووەوە. هەمان ئامانج و هەروەها مەحکومکردنی کۆیلەداری، لە بەرگی یەکەمی ڕوحە مردووەکاندا، کە لە ساڵی ١٨٤٢دا، بڵاوبووەوە، ئاشکرایە گوگول لە ساڵی ١٨٣٦ بە دواوە زۆربەی کاتی خۆی لە ڕۆم بردە سەر. لە ساڵی ١٨٤٧دا هەڵبژاردەیەکی لە نامەکاری لەگەڵ دۆستاندا بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە کۆمەڵێک نامەی خەیاڵی ڕووتی لە خۆ گرتبوو (کە ڕق‌و نەفرەتی ڕۆشنبیرانی هەستاند، چونکە گوگول لەو نامانەدا کەوتبووە داکۆکی کردن لە کۆنەپەرستیی‌و سیاسەتی نیکۆلای یەکەم). گوگول، لەوپەڕی نا ئومێدیدا بایدایەوە سەر ئاین و، لە حاڵەتێکی شێتایەتیدا هەموو نووسخە دەستنووسەکانی گیانە مردووەکانی، جگە لە هەندێ بەشی دووەمین نووسینەوەی بەرگی دووەم، سوتاند. دووبارە و سەر لە نوێ نووسییەوە و جگە لە چەند بەشێکی دیسان سوتاندییەوە، بەرە بەرە نەخۆشییەکەی گرانتر بوو، و ئاقیبەت لە ئەنجامی ڕیازەتگەری (ریازەتکێشی)دا لە شوباتی ١٨٥٢دا مرد.

*شێوازو تەکنیک:*

باشترین بەرهەمێن گوگول ئاوێتەیەکی سەیرو عەنتیکەیە لە قوڵترین هەستێن هاوسۆزی، ریالیزمی زندوو، و گاڵتە بازییەکی شادی هێن، تەنزی وی تەقریبەن هەمیشە زهنییە، بە گوتەیەکی دیکە، هەدەفـو نیشانانی هێرشەکانی وی شتانێکە کە ئەو لە زەینی خۆیدا گەورەی کردوون، ڕەنگە ئەمە نیشانەی توانای نائاسایی ئەو بێ لەمەدا کە لە سەرێکەوە هاوسۆزی‌و هاوخەمی لەگەڵ قارەمانانی چیرۆکەکانیدا دەکات، و لە سەرێکی ترەوە پێیان پێدەکەنێ، (بلیمەتی ئەو لەواری بەرجەستەکردنی پەستی‌و پوچی ژیان، و مایەپوچی ئینسانی ئاساییدایە).

مکومترین خەسڵەتێن شێوازی گوگول بە بۆچوونی میرسکی، "شکۆو بتەوی، زمانپاراوی شاعیرانە، ... گاڵتەجاڕی غەریبو خەیاڵ ئەنگێز... روونی و توانای دەرک و بینینی نائاساییی ئەوە"، هەموو شتێک بە دیدی ڕۆمانتیک، هیولا ئاسا یا مەسخ بوو دەبینێ، قارەمانانی ڕۆمانەکانی، وێڕای واقیعی بوونیان، وەکو داهۆڵ و قەرەقۆزان وێنەگیراون.

گوگول بە یەکەمین ڕۆماننووسی ریالیستی لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا دەزانرێ، لەگەڵ ئەمەشدا، هەمیشە لە سنوورێن ریالیزم دەردەچێ. بە ڕواڵەت ڕووسیا وەکو چۆن هەیە وێنە دەگرێ، کەچی لەوێنەگرتنی ئەو شتەی کە عەجیب و غەریبە، یا ڕۆمانتیکە، یا ڕەمزیانەیە، ڕێگەی موبالەغەو زێدەڕۆیی دەگرێتە بەر.

خەیاڵی داهێنەرانەی گوگول پەڕجوو ئاسایە، "ئەگەر هێزی داهێنەرانەی پەتی مەحەکی نرخاندن بێ، گوگول گەورەترین نووسەری ڕووسیایە".

گوگول نووسەرێکی ڕێفۆرمخوازە، بەڵام شۆڕشگێڕ نییە. لە دووی هەڵگێڕانەوەو ژێرو ژوورکردنی ڕژێمی کۆن نەبوو، بەڵکو پێشنیازی مشتوماڵ کردنو پاککردنەوەی دەروونی فەردی دەکرد. بەرهەمەکانی (بەتایبەتی جەنابی موفەتیشو گیانە مردووەکان) هەم هاوعەسرانی ئەوو هەم وەچەکانی دوای ئەو وەکو سکاڵانامەیەک دژی ڕژێمی دیکتاتۆری و بیروکراتی پێشوازیان لێکردووە.

*بەرهەمەکانی:*

بەرهەمە سەرەکییەکانی گوگول بریتییە لە: "ئێوارانی، کەناری گوندی دیکانکا (دوو بەرگە، ١٨٣١-١٨٣٢)، بریتییە لە هەشت کورتە چیرۆک دەربارەی تەبیعەتو خەڵکی ئوکراین، میرگورود — ١٨٣٥ کۆمەڵەیەکی دیکەی چوار چیرۆکییە ( یەکێکیان چیرۆکی تاراس بولْبایە،کە باشترین بەرهەمی گوگوڵە)

*ئارابسک -١٨٣٥* کۆمەڵێک گوتاری جۆراوجۆرو چیرۆکە ( کە یاداشتەکانی شێتێک یەکێکیانە)، *موفەتیش ١٨٣٦*، شانۆنامەیەکی کومیدییە، ڕۆمانی تەواو نەکراوی گیانە مردووەکان- ١٨٤٢، کورتە *ڕۆمانی پاڵتۆ- ١٨٤٢*، و کۆمەڵە نامەیەک بە ناوی بژاردەیەکی نامەکاری لەگەڵ دۆستانا- ١٨٤٧).

*جەنابی موفەتیش:*

ئەم شانۆنامە کۆمیدییە بە گشتی بە گەورەترین بەرهەمی درامی لە زمانی ڕووسیدا دەزانن. ئەم شانۆنامەیە هێندە پێکەنیناوی و سەرگەرمکەرە کە هەوەڵجار گەییوەتە چاپخانە، پیتچنەکان لە دەمی پیتچنیدا لەبەر پێکەنین نەیان پەرژاوەتە سەر کارەکە،( قارەمانانی شانۆنامەکە دەربڕی گیانی زمانلوسی و ریابازی و ساختەچیاتی سەردەمی خۆو نموونەو نوێنەری تەواوەتی فەرمانبەرانی بەرتیل خۆری دەوڵەتیی ئەو ڕۆژگارەن)، شارەوانی گەندەڵو سەرانی ئیدارەکانی شارەوانی خەبەریان زانیوە کە

موفەتیشێک لە سان پترسبۆرگەوە بۆ سەردانی چاوەنوار نەکراو و کوتو پڕی دایەرەکان کەوتووتە ڕێ!و چاوەڕوانن هەر ساتێ بگاتەجێ. موفەتیشی نە ناسراو دەگاتە شار! سەرانی دایەرەکان کە شپرزە بوون، لاوێکی قوماربازی دەستکورت بە موفەتیش دەزانن. ئەمانە بۆ خێر هێنانی وی هێندەی بەرتیلو دیاری دەدەنێ کە پشتی لە ژێر باریا دەچەمێ، و تەنانەت شارەوان ئامادە دەبێ کیژەکەی خۆی بداتێ. ئەمانە رێک لەو دەمەدا کە هاتنی موفەتیشی راستەقینە ڕادەگەیەنرێ، پەی بە هەڵەکەی خۆیان دەبەن.

*گیانە مردووەکان:*

ئەم ڕۆمانە بە شاکاری ئەدەبی گوگول دەژمێردرێ. وا دیارە نووسەر بە تەمابووە ڕۆمانەکەی خۆی وەکو هاوتای کۆمیدیای خوایی دانتی لە سێ بەشدا بنووسێت. بەشی یەکەم رەنگدانەوەی نەحلەت، بەشی دووەم پاک بوونەوە، و بەشی سێیەم رزگاری. بەڵام تەنیا بەشی یەکەمو هەندێ بەشی لەبەشی دووەم بڵاوبووەوە، قارەمانی چیرۆکەکە، چیچیکوف، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو خەڵکە دەغەڵبازو لە خۆرازیانەیە کە رێگەی کورتی دەوڵەمەند بوون دەدۆزنەوە. ئەو (چیچیکوف) "گیانی مردووەکان" (یانی ئەو زێڕخرێیانەی (ئەقنان) کە لە دواین سەر ژمێری بە دواوە مردوون، بەڵام هێشتا ناویان لە تۆمارە ڕەسمیو دەوڵەتیەکاندا هەیەو خاوەنەکانیان ناچار دەبن سەرانەی هەر یەکێکیان بدەن) دەکڕێت، و ئەمانە لە بانقێکدا دەخاتە ڕەهنەوە (بارمتەوە)، پاشان بەو پارەیەی کە لەم رێگەیەوە بە دەستی دێنێ، کۆیلانی زیندوو و موڵکێک پێکەوە دەنێ. چیچیکوف سەرکەوتووانە نەخشەکەی دەباتە پێشێ، تا هەندێ لە فرۆشیارەکان (فرۆشیارانی گیانە مردووەکان) ڕیسەکەی لێدەکەنەوە بە خوری. (دەسگیر دەکرێ و دەکەوێتە زندانەوە، بەڵام هەڵدێو سەر لە نوێ دەست بە ژیان دەکاتەوە، گوگول لەم ڕۆمانەدا خەندەدارترین و تەنزئامێزترین وێنان لەمەڕ ژیانی ڕووسیای سەردەمی تزارەکان دەگرێت). ناسکیو جوانی ئەم ڕۆمانە لە وێنەگرتنی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی وڵاتو هەروەها لە کاراکتەرسازی نموونەو سنفە ڕووسییەکاندایە: دەسەڵاتداران، کاسبکاران، بێوەژنان، زۆرداران، رژدو پیسکەکان... هتد.

*پاڵتۆ:*

قارەمانی ئەم کورتە ڕۆمانە، ئاکاکی ئاکاکیوڤیچ، فەرمانبەرێکی کەم ڕووی بە قەناعەتی دەوڵەتە ،کە هەموو ژیانی لە نووسینەوەی وشە بە وشەی نووسراوانی دەستنووسیدا دەگوزەرێ، ولە بەرانبەردا ساڵانە دوو سەد دۆلار دەرامەتی هەیە.

ئاكاكی بە پێویستی دەزانێ کە پاڵتۆیەکی نوێ بکرێ، کە لە مێژە پاشەکەوتی بۆ کردووە. گاڤێ دزان ڕێی پێدەگرن و پاڵتۆ نازدارەکەی دەدزن، ئاکاکیوڤیچ داوای کۆمەک لە پۆلیس دەکات، بەڵام بەرپرسانی لووتبەرز دەستی پێوە دەنەن.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بۆ ماڵ، بە هۆی سەرمای توندەوە نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ. ڕۆحی لە شوێنێکی شاردا دەوەستێ تا سەرەنجام یەخەی بەرپرسانی لووتبەرز بگرێ و پاڵتۆکەی وەربگرێتەوە، (لەم شانۆنامەیەدا واقیع و خەیاڵ، کۆمیدیاو تراجیدیا، و پێکەنین و گریان وەستایانە ئاوێتەی یەکدی بوونە).

*سەرچاوە*

*:مێژووی ئەدەبیاتی جیهان/ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین/ بەرگی دووەم/ بۆکنەر ب. تراویک/ و: حەمەکەریم عارف/ چاپی یەکەم/٢٠٠٨/ دەزگای تۆژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی/ هەولێر*

# گەورە نووسەران

**سعید نفیسی**

زمانێک کە نووسەرانی میناکی گۆگۆل ودۆستۆفسکی و تورگنیف و تەنانەت گونجاروف و ئوستروفسکی پێکەوە لەیەک قۆناغ و سەردەمدا پەروەردە بکات و رۆژگارێک کە ئەم ئەستێرە گەش و پرشنگدارانە لە باوەشی خۆی بگرێ، جێی خۆیەتی بەسەر هەر زمان و هەر رۆژگارو زەمانێکدا بنازێ، وئەم خەسڵەتە گرینگە لە پشکێکی سەدەی نۆزدەیەمی ئەدەبیاتی رووسیادا بەرجەستەو دیارە.

## گۆگۆل (١٨٠٩-١٨٥٢)

نیکولای ڤاسیلیوڤیچ گۆگۆل- Gogol رێک دە ساڵ پاش پوشکین، لە هەیڤی مارسی ١٨٠٩دا لە ساروچینتس لە وڵاتی ئوکراین هاتە دنیاوە، لە تۆ وایە جیهان ویستوویەتی ئەو درێژە بە کاری پوشکین بدات، ئەو گوندەی کە گۆگۆلی تیا هاتە دنیاوە سەر بە دەڤەری میرگورودی ناوچەی پالتاڤا بوو کە گەلەک رووداوی گرینگی بەخۆوە دیتبوو، ڤاسیلی بابی گۆگۆل پیاوێکی بە زەوق بوو، نەقڵ وحیکایەتێن فۆلکلۆری وڵاتی خۆی بە باشی دەزانیو تا تەمەنی گۆگۆل گەییە پانزە ساڵان و ئەو لە دنیادا بوو، بە هیچ جۆرێ درێغی لە پەروەردەکردنی ئەم کوڕەو پەروەردەکردنی بەهرەی هونەری، بە تایبەتی لە واری نیگارکێشی و ئەدەبیات و مۆسیقاو تەنانەت شانۆنامەشدا، نەکردووە. تەنانەت بە زمانی ئۆکرانی چەند کۆمیدیایەکی نووسی بوو کە پاشان کوڕەکەی سوودی لێیان بینی. ئەم منداڵە، سەردەمی منداڵیەتی بە خۆشی لەسەر زەمینی پاراوو سەوزەزار و خوڕەمی خۆیدا رابوارد. لە قوتابخانەیەکی دواناوەندی شاری نیژین دا خوێندوویەتی.

دایکی ژنێکی سادەو دیندار بوو، و چونکە کوڕەکەی فرە خۆشدەویست لە هیچ شتێکدا درێغی لێنەکردووە. هەڵبەتە دەبووایە بیروباوەڕی ئەو لە زەینی کوڕەکەیدا بنج دابکوتێ، هەر بۆیە لە کۆتایی تەمەنیا کە دووچاری پەشێوی هزری بوو، پەناگەو سوکنایی خۆی تەنیا لە ئایندا بینییەوە.

گۆگۆل لە منداڵی خۆیدا لەشکرکێشی ناپلیۆنی یەکەمیشی بینی و چەند ساڵێک دوای ئەوە زۆرو ستەمکاری نیکولای یەکەم گەیی بووە لوتکە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٣١دا کە ئەم نووسەرە گەورەیە تازە بەرەو شۆرەت و نێوبانگ هەنگاوی دەنا. ژیانی ئەدەبی رووسیا گیرۆدەی زنجیرە سەختگیرییەکی تایبەتی بوو بوو. (ئۆڤاروف)ی وەزیری مەعاریف لە دەرباری نیکولا، هەمان توندوتیژی و ستەمکاری ئاسنینی بەسەر زانست و رۆشنبیریدا سەپاند بوو وهەمان ئەو زەبرو زەنگ و سەختگیری و گوشارانەی

که (مەتەرنیخ)ی سەرەک وەزیرانی ناوداری نەمسا، ئەم جۆرە پیاوانەی پێ گۆش کردبوو، سەپاند بوو. سەیر ئەوە بوو کە ئەم سەختگیرییە گیان پرۆکێنانەیان بە بەڵگەی سەقامگیری و ئارامی نەتەوەیی و بە یەکێک لە نیشانەکانی سەربەخۆیی وڵاتیان دەزانی و ناویان نابوو "ناسیونالیزمی فەرمی".

تەنانەت هەندێ لە نووسەران دەستیان دەگەڵ ئەمندا تێکەڵ کردبوو وچەند نووسەرێکی میناکی "گریچ – Grietch)و بولگارین و سنکوفسکی – Senkovski لەم ماستاوچیەتی و ریاکاری و خۆشخزمەتیانەدا هەڤرکی یەکتریان دەکردو لە هەموویان بێ ئابڕوتر "کوکولنیک- Koukolnik) ناوێک بوو کە لە وەڵامی یەکێکدا کە ئیعترازی لێ گرتبوو بۆچی بە ئەمرو فەرمان شت دەنووسێت، گوتبووی: *"ئەگەر سبەینێ فەرمانم پێ بدەن کاری دایەنی و مامانیش دەکەم"*.

گوگۆل، دەبووایە لە ژینگەیەکی واهیدا پێ بنێتە ناو ژیانی ئەدەبییەوە، بەگوێرەی دابی باوی ئەو زەمانە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەماڵەوە خوێندبوو. بەڵام ئەو خەڵکە عەوام و جووتکارانەی کە دەی بینین، سەرباری ئەو حیکایەت و نەقڵانەی بابی بۆی دەگێڕایەوە، حیکایەتی شەڕو سەربورو گیانبازی خەڵکی ئوکراینیان لە بەردەمیا دەگێڕایەوەو ئەم نەقڵ و حیکایەتانە کاریگەرییەکی جاویدانیان کردووەتە سەر شاکارەکانی ئەو، جا چ چیرۆکەکانی و چ رۆمانە بەناوبانگەکەی (تاراس بۆڵبا). لە ئامادەیی نیژیندا بەهرەکانی گۆگۆل یەک یەک دەردەکەوتن. رەسمی باشی دەکرد، کورتە چیرۆکی باشی دەنووسی، سەبارەت بە کۆمیدیا زۆری حەز لێدەکردو شیعریشی دەگوت.

هیچ بەرهەمێکی ئەم قۆناغەی ژیانی گۆگۆل لە دەستدا نییە، و گۆگۆل بە خۆی سوتاندوونی. لە کۆتایی قۆناغی ئامادەییدا لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بوو بە زووترین کات خۆی بگەیەنێتە شاری پوترسبۆرگ و لە پایتەختدا شتێک بە شتێک بکات، لە ئامادەیی نیژیندا بە چاولێکەریی ئامادەیی بە نێوبانگی تسارسکویە سلو، کە نەجیمزادەکانی پایتەخت لەوێدا دەیانخوێند، رۆژنامەیەکیان دروستکرد بوو و بەرهەمی قوتابیەکانیان تیا بڵاودەکردەوە. گۆگۆل لەم رۆژنامەیەدا یەکەم رۆمانی بە ناونیشانی (برایانی تڤیردیسلاڤیچی) بڵاوکردەوە کە لاسایی ساڵنامەکانی ئەڵمانی کردبووەوە کە لەو سەردەمەدا باوبوو. دوای ئەوە درامایەکی بە ناونیشانی (رێگران) بڵاوکردەوە کە دیارە لاسایی شیلەری کردووەتەوە. هەروەها هەندێ شیعری شۆخی و پێکەنینۆکی بڵاوکردەوە کە شتێکی تازەیان تیا نەبوو. بۆیە بە هێڤی بوو کە لە پایتەختدا زیاتر پێش بکەوێ. لە کتێبێکدا کە بە ناونیشانی (ئیعترافەکانی نووسەرایەتی) نووسیویەتی، بەم جۆرە وەسفی ئارەزوو وکەڵکەڵەکانی ئەو زەمانە دەکات: *"لەو ساڵانەدا کە بیرم لە ئایندەی خۆم دەکردەوە، هەمیشە وام تەسەور دەکرد دەبمە پیاوێکی ناودار، مەیدانێکی کراوەم لە بەردەما دەبێ و کاری گەورە بە قازانجی خەڵکی دەکەم و وام خەیاڵ دەکرد کە بە تایبەتی کارێن*

*دیوانی (کارگێڕی) بۆ پێشڤەچوونی خەیاڵەکانی من وبۆ وەدیهاتنی خولیاو ئارەزووەکانی من زەمینەیەکی یەکجار لە بارو شایستە دەبێت".*

گۆگۆل بەم خەیاڵانەوە لە ساڵی ١٨٢٨دا کە نۆزدە ساڵان بوو ڕێگەی پایتەختی گرتە بەرو بە هەزاران خولیاو ئارەزووی ئەدەبی و سیاسییەوە خۆی بە پوتروسبۆرگدا کرد. وەکو گەلێک لە خەڵکی ئۆکراین هەم حەنەکچی و هەم خەیاڵاوی، هەم خەیاڵڕێس و هەم حەقیقەت بین، هەم وردبین و هەم چاولێکەر بوو، بەڵام هەندێ سۆخەتێن دیکەی هەبوون کە لە خەڵکی ئۆکرایندا نەبوون، ئەوەیش ئەمە بوو کە مرۆڤێکی مەندو مەنگ و توندە تەبیعەت و تووڕە بوو، بەڵام دڵناسک نەبوو.

لە گیرودارو ململانێی پایتەختی تزاراندا گۆگۆل هیچ دۆست و ئاشنایەکی نەبوو، هەموو ئەو دژواری و ناڕەحەتیانەی لە ژیانی شارێن مەزندا دێنە پێشێ، لەو روویدا. زۆری حەز لێبوو، لە کاری دەوڵەتیدا دابمەزرێ و، هەوڵی فرەی دەدا کە لە شانۆدا بەشداری بکات ، بەڵام سەر نەدەکەوت و کاریگەریی ئەم هەوڵە بێهودانە لە بەرهەمەکانیا خویایە. لەم سەردەمەدا لێبڕا بچێتە ناو ژیانی ئەدەبییەوەو یەکەم شتێک کە بڵاوی کردەوە چامەیەک بوو لە ژێر سەرناڤی "گانتس کوخلگارتن" کە بە هەمان ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەردەمی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی نووسی بووی و لە راستیدا وەسفی ناکامی خۆی بوو لە ڤیانو ئاشقێنیدا. ئەم قەسیدەیەی بە ناوی خوازراوی (ڤ. ئالوف – V. Alov) بڵاوکردەوە، بەڵام تاقە کاریگەریی ئەم بەرهەمە ئەوە بوو کە (ن. پالوڤی– N. Palevoi)ی رەخنەگری ئەو زەمانە گوتارێکی توندی تەوسامێزی لە رۆژنامەی (تەلەگرافی مۆسکۆ)دا لەسەر نووسی و کەس قەسیدەی ناڤبری نەکڕی. گۆگۆل هەموو ئەو نوسخانەی کە لای کتێبفرۆشییەکانی دانا بوون وەرگرتەوەو بەو پارەیەی کە لە دوای چاپکردنی قەسیدەی ناڤبری بۆی مابووەوە ژوورێکی بە کرێ گرت و هەموو نوسخە نەفرۆشراوەکانی لەو ژوورەدا سووتاند. لەم قۆناغەدا ئارەزووی سەردانی زاگەی خۆی دەکرد، سەردانێکی شاری "لوبک"ی لە ئاڵماندا کردو لەوێندەرەوە بەرەو مەفتەنی باب و باپیرانی خۆی رۆیی و لەو ماوەیەدا کە لە شاری نیژین مایەوە ڕێبازی نووسین و نووسەرایەتی خۆی گۆڕی و لێبڕا ئەو نەقڵ و حیکایەتانەی کە لە منداڵی را لە مەفتەنی خۆی بیستووی و ئەو سەربورو بەسەرهاتانەی کە لەمەڕ خەڵکی ئۆکراین لە بیری ماون بنووسێتەوە، ئەوەبوو یەکەمین کۆچیرۆکی لە ساڵی ١٨٣١دا لە ژێر سەرناڤی (شەوانێک لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا)دا بڵاوکردەوەو ئاقیبەت ئەو شۆرەتەی لە ئەدەبیاتدا ئارەزووی دەکرد هاتە دی. ئەم چیرۆکانە هەوەڵجار لە گۆڤاری (یاداشتەکانی نیشتمان)دا بڵاو بوونەوە، چونکە بە تەواوەتی بوونە مایەی سەرنج و بایەخی خەڵکی ئیدی گۆگۆل لەوە بە دواوە چەند چیرۆکێکی دیکەی بەناونیشانی "هەفتە بازاڕی ساروچینتسی" (ناوی گوندەکی نزیکی زاگەی خۆیەتی) و "شەوی جەژنی سەن جان" و "شەوی مانگی مایس"ی بە هەمان شێواز بڵاوکردەوە.

گۆگۆل ئەم چیرۆكانەی بە شێوازێک نووسی كە بەر لەو پوشكین دەست پێشكەری تێدا كردبوو، بەڵام چونكە شەقڵ و مۆركێكی ناوچەییان هەبوو وجوانیە مادی و مەعنەوییەكانی ئۆكراینی بە باشترین شێوە دەردەبڕی، لە چیرۆكەكانی پۆشكین جیاوازتر و پەسندتر بوون و بە شێوەیەكی نا راستەوخۆ رێگەی ئەدەبیان بە گۆگۆل نیشان دا. لەم سەردەمەدا گۆگۆل ئاقیبەت توانی بووی لە كاری دەوڵەتی دابمەزرێ و لەوە بەدواوە بە خەیاڵی ئاسوودە درێژەی بە كارە ئەدەبیەكانی خۆی دا.

گۆگۆل كۆ چیرۆكی "شەڤەریانێ لە كێڵگەیەكی نزیكی دیكانكا"ی بە نێوی خۆیەوە بڵاو نەكردبووە، بەڵكو بە ناوی خوازراوی "پانكوكندو دارسرخ" بڵاوی كردبووە. سەرباری ئەو زەوق و سەلیقە تایبەتیەی كە لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆكانەدا بەكاری هێنا بوو، وەسفێكی دڵگیری سروشتیانیش تێدا بوو. خەسڵەتێكی سەرەكیانش هەبوو، ئەویش ئەوە بوو كە گۆگۆل یەكەم كەس بوو كە وێنەیەكی شاعیرانە و زندووی خەڵكی سادەو گوندییانی دوورە دەستی رووسیای هێنابووە ناو ئەدەبیات و هەر ئەمەش بووە هۆی رەونەق و رەواجی ئەم چیرۆكانە. ئەم چیرۆكانە بە ئەندازەیەک دەنگیان دایەوەو پەسند كران كە پۆشكینشیان، كە لەو سەردەمەدا لە هەرەتی شۆرەتی خۆیدا بوو، راكێشاوە. پوشكین دەربارەیان دەنووسێت و دەڵێت: *"ئێستا لە خوێندنەوەی كتێبی (شەڤەریانێ لە كێڵگەیەكی نزیكی دیكانكا) بوومەوە. جوانی ئەم كتێبە سەرسامی كردووم. ئەو شیرین زمانی و حەقیقەت بێژی و ناسكیو راستگۆیی و دڵسۆزییەی كە بێ هیچ غەل و غەشێک و بێ هیچ زێدەرۆیی و رواڵەتبازی و هەندێجار لەگەڵ هەستی زۆر شاعیرانەدا بەرجەستەیان كردووە، هەر هەمووی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێمەدا بێ پێشینەیەو ئاسایی نین، هێندەیان كار تێكردوم كە هێشتا وەئاگا نەهاتوومەتەوە، پانكوكندو دارسرخ، دەتوانێت بە جۆرێ خەڵكی بێنێتە پێكەنین كە هیچ كەسێكی خەڵكی پایتەخت بە تۆزی پێیدا نەگات. بیستوومە كاتێ كە وەشانكاری كتێبەكە چووبوو بۆ ئەو چاپخانەیەی كە ئەم كتێبەیان لێی چاپ دەكرد، سەیری كردبوو پیت چنەكان دەستیان بە ورگیانەوە گرتووەو پێدەكەنن. سەركاری چاپخانەكە پێی گوتبوو هۆی پێكەنین و خۆشحاڵی كرێكارەكان ئەو كتێبەیە كە خەریكی پیت چنینەكەین.*

*هەڵبەتە ئەگەر (مولیرو فیلدینگ)ش بیانتوانیبا چاپكەرێن بەرهەكانیان بەو جۆرە بێننە پێكەنین خۆشحاڵ دەبوون. من پیرۆزبایی لە خەڵكی دەكەم كە كتێبێكی ئەوەندە دڵگیریان بە دەست كەوتووەو لە ناخی دڵەوە ئومێدەوارم كە نووسەری كتێبەكە سەركەوتنی دیكەش بە دەست بێنێ"* ئەم نووسینەی پوشكین باشترین دەربڕی بیروبۆچوونی خەڵكی ئەو سەردەمەیە سەبارەت بەم چیرۆكانەی گۆگۆل.

گۆگۆل، لە ساڵی دواتردا بەشی دووەمی كتێبی "شەڤەریانێ لە كێڵگەیەكی نزیكی دیكانكا"ی بڵاوكردەوە كە چیرۆكی "ئیڤان فیودوروفیچ و پوری" بە جوانترین چیرۆكی ئەم بەشەو بە شاكاری ئەو دێتە ژماردن. گۆگۆل لەم بەشی دووەمدا زیاتر بە ناو وردەكارییان كەوتووەو بە زمانێكی روونترو وردتر

وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی ژێر دەست و، دەستکورتی و ناڕەحەتی و بەدبەختییەکانیانی راڤەو شرۆڤە کردووەو بەمجۆرە گۆگۆل رۆژ بە رۆژ پتر لە رای گەشەپێدانی شێوازی خۆیدا کە شێوازێکی تازە بووە لە ئەدەبیاتی روسیدا، تێکۆشاوەو لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم رێبازە تایبەتیەی خۆی و مرۆڤدۆستی و سادەیی‌و روونی و رەوانی تایبەتی نووسینی خۆی زیاترو زیاتر پەرەداوە.

گۆگۆل، لە ساڵانی ١٨٣٣و ١٨٣٤دا هەندێ چیرۆکی دی نووسی و لەو بەینەدا دەستی دایە دانانی کتێبێک لە ژێر سەرناڤی "مێژووی قۆزاقانی مالاروسیا"و لە زنجیرە وتارێکدا رای خۆی دەربارەی دانانی ئەم کتێبە رونکردووەتەوەو گوتویەتی مەبەستی ئەمەیە کە داب و نەریت و ئاکار و رۆحیاتی خەڵکی ئۆکراین لەم رێگەیەوە نیشان بدات.

لە ساڵی ١٨٣٥دا کتێبکی دیکەی بەناونیشانی "میرگۆرۆد- Mirdgorod" بڵاوکردەوە. میرگۆرۆد ناوی ناوچەیەکە کە گۆگۆل لەوێندەر هاتووەتە دنیا، ولە ژێر ئەو ناونیشانەدا نووسی بووی: *"ئەم چیرۆکانە بە درێژەی شەڤهەریانی کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا دەژمێردرێن"*. وناوی خوازراوی (پانکوکندو داروسرخ)ی لابرد بوو و بۆ یەکەمجار کتێبەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆیەوە بڵاوکردبووەوە. ئەگەرچی گۆگۆل ئەم کتێبەی بە درێژەو تەواوکەری کارەکانی پێشووی خۆی دەزانی. بەڵام لە راستیدا حەقیقەتجۆیی ئەوی بە شێوەیەکی تر دەنواندو نیشان دەدا، دیمەنێن تاریک وترسناکی ژیانی خەڵکی رۆژگار و گەندەڵی و تەماعکاری و نەفس نزمی گەورە موڵکدارانی بە وردی و لە روانگەیەکی دروست و بە دڵسۆزییەکی تایبەتییەوە نیشان دەدا. یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکە، چیرۆکێکە بە ناونیشانی: "چۆن ئیڤان ئیڤانۆڤیچ و ئیڤان نیکولایوڤیچ لێکدی تۆران" کە بە یەکێک لە شاکارەکانی گۆگۆل دەژمێردرێ.

هەمان ئەو ناسکی و شۆخیبازیانەی کە گۆگۆل لە چیرۆکەکانی دیکەی خۆیدا بە کاری بردووە تێهەڵکێشی ئەم کۆچیرۆکەشی کردووە، بەڵام لە ژێر ئەم دڵگیری و ناسکی و جوانی دەربڕینەدا هەندێ ژارخەن هەیە کە نیشانەی ئەوپەڕی رەنجبێوەری و مەینەتی و کلۆڵی خەڵکی ئەو رۆژگارەیە، وهەر بۆیەش رەخنەگری ناودار بیلینسکی دەیگوت: *"خەندەکانی گۆگۆل ئاوێتەی تاڵین"*.

وێرای هەموو ئەمانەش گۆگۆل هێشتا بە تەواوەتی لە کاری خۆی رازی نەبوو، پێی وابوو هێشتا نەیتوانیوە بە دڵی خۆی مەزناهی و قارەمانیەتی خەڵکی مەفتەنی خۆی بەرجەستە بکات، لەبەر ئەمە دەستی دایە نووسینی کتێبێک کە زوو بە زوو بە نێوی (تاراس بولبا)ەوە لە ساڵی ١٨٣٥دا بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە لە راستیدا داستانی نەتەوەیی قوزاقانی ئۆکرانیە و هەرکە بڵاوبووەوە رەونەق و رەواجی تەواوی پەیدا کردو لەو زەمانەوە تا نهو یەکێکە لە جوملەی شاکارە ئەدەبیەکانی جیهان. گۆگۆل بەر لەوە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە بودەڵەیی و نەفس نزمی و تەماعکاری و چاوبرسیەتی موڵکدارانی

مەفتەنی خۆی راڤەو شرۆڤە بکات. لەم چیرۆکەدا بە پێچەوانەوە سیفەتێن مەردانە و جوامێری و قارەمانێتی دلاوەرانی مەفتەنی باب و باپیرانی خۆی نیشان داوەو نواندووە.

لە هەمان ساڵی ١٨٣٥دا پوشکین گۆڤاری (سەردەم)ی لە مۆسکۆ دەرکردو گۆگۆلیش لە جوملەی ئەو نووسەرانە بوو کە هاوکاری دەگەڵ گۆڤاری ناڤبریدا دەکرد. تێکەڵ بوون دەگەڵ گەورە نووسەران و شاعیرانی پایتەخت وچوونە کۆڕو ئەنجوومەنە ئەدەبیەکان رۆژ بە رۆژ هونەری سروشتی و خۆڕسکی گۆگۆلی زیاتر گەشاندەوەو توانای نووسەریی زیادکرد. لەم قۆناغەدا گۆگۆل چەندین چیرۆکی بەنێوبانگی بڵاوکردەوە کە زۆربەیان بە شاکار حەساو کراون میناکی (وێنە، شەقامی کەناری ندڤا، یاداشتنامەی شێتێک، کەپوو، گالیسکە و پاڵتۆ) کە تۆزێ درەنگتر بڵاوی کردووەتەوە.

لە هەموو ئەم چیرۆکانەدا حەقیقەتجۆیی و واقیعبینی گۆگۆل بە باشترین شێوە دیارەو بەوپەڕی وەستاییەوە پەردە لە رووی گەندەڵییەکانی کۆمەڵگەی ئەو رۆژگارە هەڵدەماڵێ و لە هەموو شوێنێکدا بێزاری و نەفرەتی ئاشکرای خۆی لە جڵەودارانی گەندەڵ و ستەمکارانی ئەو زەمانەو بەفیڕۆدانی پارەوپول، بە وشە دەسپێرێ و هەر ئەم گیانی رەخنەگری و ئازادیخوازیەی کە لەم بەرهەمانەی گۆگۆلدا هەن، کردویانن بە شاکارێن ئەدەبی جیهانی.

گۆگۆل، لە ساڵی ١٨٣٦دا شانۆنامە بەناوبانگەکەی (موفەتیشی) بڵاوکردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمیدیا بە نێوبانگە بە ئەندازەیەک لە ئەدەبیاتی رووسیدا گرینگە کە دەشێت بگوترێ گۆگۆل بەو کارەی ئەم ژانرە ئەدەبیەی لە زمانی رووسیادا ئەفراندووە. پۆشکین کە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکانی راپەڕینی پوگاچوف بۆ شاری ئورنبۆرگ چوو بوو، لەوێ بە هەڵە بەو موفەتیشەیان زانی بوو کە چاوەڕوانی هاتنی بوون لە پایتەختەوە، ئیدی لە گەڕانەوەدا ئەم چیرۆکەی بۆ گۆگۆل گێڕابووەوەو گۆگۆلیش دوای ماوەیەک ئەم کۆمیدیایەی لەو چیرۆک و سەربورە واقیعیەوە هەڵێنجا بوو: خیلستاکوف ناوێکی گەنجی سەرگەردان و بێ هونەر و بادەنۆش لە سان پوتروسبۆرگەوە لە پشووی هاوینەدا، بە مەبەستی دیدەنی ماڵباتی خۆی بۆ شارستان دەڕوات و لە رێگەدا لە شارۆچکەیەکی بچووکدا پارەی لێدەبڕێ و چیوای نامێنێ بۆ زندان بڕوات، لە ئەنجامدا خەبەر دەزانێ کە سەرانی دایەرەکانی شار چاوەڕوانی هاتنی موفەتیشێکن کە لە پایتەختەوە بۆیان دانراوە، ئیدی خۆی لە جێی ئەو موفەتیشە دادەنێ و بەمجۆرە یەک بە یەکی کار بەدەست و مامۆرانی دەوڵەت لەو شارە بچووکەدا ڕیاو ساختەچیاتی و نا دروستی و بەرتیل خۆری و دزی خۆیانی بۆ دەنوێنن. لەم بەینەدا حوکمڕانی شار تەنانەت بۆ رەزامەندی ئەو ئامادەیە ژن و کیژەکەی خۆیشی عەرز بکات.

گۆگۆل لەم شاکارە زندووەی خۆیدا ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکان وەسف کردووەو هەرچەندە هەندێکیان لێکدی دەچن و هەمان گیانی ساختەچیەتی و پانکردنەوەو ریابێژی لە هەموویاندا یەکسانە،

ئەوجاش بە باشترین نموونەی سەردەمی خۆیان و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەو ڕۆژگارە دێنە ژماردن و بۆیە زۆربەی کاراکتەرانی ئەم کۆمیدیایە لە رووسیادا بوون بە داستانی سەرزاری هەموو خەڵکی. گۆگۆل لەم کۆمیدیایەدا گەورەترین خەوش و کێماسی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارەی، کە بریتییە لە بەرتیلخۆری و غەرەزداری هەموو کاربەدەستان و تەنانەت دادوەر و قازیانی دەوڵەتی، بە باشترین و جوانترین شێوە نیشانداوەو لە هەموو ئەو نووسەرانەی تری وەک کانتمیرو فن ڤیزین و کریلوف و گریبایدوف کە لەم بوارەدا کاریان کردووە بە دەسەلاتتر خۆی نواندووە.. ئەوەی سەیرە دەوڵەتی ئەو ڕۆژگارە زۆر بە خوێنساردی پێشوازیان لەم کۆمیدیا جوانە کرد و ئیمپراتۆر نیکۆلا بە خۆی مۆڵەتی نمایشکردنی داوەو لە شەوی یەکەمی نمایشەکەدا ئامادە بووەو تەنانەت بە خۆی لە پێش خەڵکانی تردا لە چەپڵەی داوەو بووە بە سەرمەشقی خەڵکەکە. ئەم کۆمیدیایە (جەنابی موفەتیش) هێشتاش کە نمایش دەکرێت، سەرنجی خەڵکی رووسیا ڕادەکێشێت و بە باشترین شێوە ژیانی کارگێڕی بەر لە سەد ساڵ وەبیر دێنێتەوە.

گۆگۆل لەم بەرهەمانەدا وا دەنوێنێ تا ئەندازەیەک باوەڕی وابووە خەڵکی بەدروستی پەیان بە مەبەستی ئەو نەدەبرد و خویایە زیاتر بۆ دڵی خۆی شتی نووسیوە تا بۆ ڕەزامەندی خەڵکی، بۆیە جارجارێک جیلوەیەکی تایبەتی لە بەرهەمەکانیا هەیە کە پێویستە بەیەکێک لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕۆماننووسانی رووسیای ئەو ڕۆژگارە بزانرێ و ئەویش ئەوەیە کە نووسەر لە پاڵ ئەوەدا کە هەوڵیداوە بودەڵەیی و زەبوونی و بێ کەڵکی ئەو کەسانەی کە وەسفی کردوون بەرجەستە بکات، بێ ئینسافیشی دەرهەق نەکردوون. هەرچەندە لە زۆربەی بەرهەمێن خۆدا ئەم جۆرە کەسایەتییانە وەکو ئەهریمەنانی ڕاستەقینە نیشان دەدا و هیچ ناشیرینی و بەدکارییەکیان ناشارێتەوەو هەندێجار پێی موبالەغە و زێدەڕۆیی زۆر بەرز دەکاتەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش لە تۆ وایە خۆشی دەوێن و نەک هەر نەفرەت و بێزاری خۆی دەشارێتەوە بەڵکو دڵیشی پێیان دەسووتێ و لەوەیە لە دڵی خۆدا عوزریشیان بۆ بێنێتەوە، ڕەنگە ئەگەر پسپۆڕانی کۆمەڵناسیش بیانویستایە لەم بوارەدا قسان بکەن هەمان تۆنیان هەڵبژاردیە.

لە باری تەکنیکی شانۆییەوە هەندێ ئێراد و عەیبیان لەم کۆمیدیایەی گۆگۆل گرتووەو گومان لەوەدا نییە کە دوا پەردەی کۆمیدیای ناڤبری لاسایی کردنەوەوەیەکی کۆمیدیا بەناوبانگەکەی (بێزار لە خەڵکی) مولێری فەرەنسییە.

شۆرەتی لە ڕادە بە دەرو نا ئاسایی کۆمیدیای موفەتیش، کەڵکەڵەو خولیایەکی سەیری لای گۆگۆل چێکرد کە سەرانسەری ژیانی ئایندەی تا دەمی مەرگ ژەهراوی کردو ئەم نووسەرە هەرە مەزنەی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لەسەر لاڕێ مکوڕتر دەکرد.

له راستیدا ئەو هەستە پەنهان و گیانە عیرفانی و سۆفیاتیەی کە لەودا هەبوو لەم سەروبەندەدا هاتە کۆڵ و جۆش و گۆگۆل وایزانی دەبێ پایەی واعیزو تەنانەت پێغەمبەر بۆ خۆی وەدەست بێنێ و ئیدی لەو رۆژەوە تا دوا رۆژی ژیانی بە دووی ئەو پایەیەدا دەگەڕا کە بەرزترین ئەرکی رێنوێنی و پەیامی ئاسمانی خۆی ئەنجام بدات و گرینگترین بەرهەم کە ئەم خولیایەی بێنێتە دی، بەرهەم بێنێ. هەر بەم خەیاڵە سەفەرێکی بۆ دەرەوەی رووسیا کردو ماوەیەک لە ئەسپانیاو مودەتێک لە رۆما مایەوەو ئەنجام لە ساڵی ١٨٤٢دا بەشی یەکەمی "گیانە مردووەکان"ی بڵاوکردەوە.

گۆگۆل ئەم کتێبەی خۆی بە (بەیتێک) زانیوەو ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە لەو قۆناغەدا چۆن لە نهێنی کاری خۆی بێ خەبەر بووە، چونکە لە راستیدا لایەنی لاوانەوە پتر لەم کتێبەدا زاڵە. قارەمانی ئەم چیرۆکە کە چیچیکۆفی ناوە، پیاوێکی سەیرە، کە کار بەدەستی گومرک بووەو چونکە بە تاوانی قاچاخ دەریان کردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانە دەستی داوەتە ساختەچێتیەکی فرە. لەو رۆژو زەمانەدا ژمارەی زەڕخرِێی هەر موڵکدارێک لە کاتێکی دیاریکراودا سەرژمێری دەکران و تا سەر ژمێرییەکی تازە ئەم ژمارەیە نەدەگۆڕا، ژمارەی ئەو کۆیلەو زەڕخرِیانەی کە لەسەرژمێری یەکەمدا قەید کرابوون هەموو جۆرە سەودایەکی مینا کڕین و فرۆشتن و گۆڕینەوەو رەهن و بارمتەیان پێ دەکراو هەر یەکێک لەو زەڕخرِێیانە بە زاراوەی ئەو زەمانە "یەک گیان"یان پێدەگوت.

چیچیکۆف مرخی لەوە خۆش کردبوو "گیانە مردووەکان" واتە ئەو کۆیلەو زەڕخرِێیانەی کە مردبوون و هێشتا ناویان لە تۆماری حکومەتیدا رەش نەکرابووەوە بە نرخێکی هەرزان بکڕێت و لە بانقێکدا بە بارمتەیان دابنێ و پارەیەکی مۆڵ بە دەست بێنێ. ئەم چیرۆکە باس و شرۆڤەی ئەو سەفەرو سەودایانەیە کە کڕیاری "گیانە مردووەکان" واتە چیچیکۆف لەگەڵ عەرەبانچیەکەی خۆیدا کە سلیفانی ناوە لێرەو لەوێی دەکات و لەگەڵ کاربەدەستانی ئەم مەیدانەی دەوڵەتدا سەروکارو کەین و بەینی هەیە. گۆگۆل ئەم بابەت و نێوەڕۆکەی بە جۆرێ فراوان کردووەتەوە کە هەموو چینی دەسەڵاتداری ئەو رۆژەی هێناوەتە ناوناوان. ئەو نموونە بەرجەستانەی کە گۆگۆل وەسفی کردوون بەم شێوەیەیە: مانیلۆڤ موڵکدارە، خاوەنی چەند کۆیلە و زەڕخرِێیەکە، کەسێکە کە سەر بە هیچ چین و توێژێک نەبووە، هیچ بیروباوەڕێکی روون و هیچ ئاین و داب و نەریتێکی نەبووە. نۆزدریوف پیاوێکی ئەهلی رابواردن و خۆشگوزەرانیە کە هەموو کەسێک بە "تۆ" بانگ دەکات و لە قوماردا شەق دەوەشێنێ و میوانەکانی خۆی دارکاری دەکات. سوباکیوڤیچ کە پیاوێکی دلاوەرەو لە هیچ کارێک کە سوودێکی بۆ ئەو هەبێ ناپرینگێتەوە، کوروبوچکا، ژنێکی پیری تەماعکارە کە هیچ خەون و خەیاڵێکی نیە جگە لە زیادکردنی ژمارەی کۆیلەکانی و پاشەکەوتکردنی پارەکانی خۆی. کاربەدەستان و مامورانی دیکەی دەوڵەت و تەنانەت خەڵکی شاریش، کە سەروکاریان دەگەڵ ئەواندا هەیە لە گۆشەنیگای گۆگۆلەوە شایستەی رێزو

حورمەتێکی زیاتر نەبوونە و وێڕای ئەوەی کە دادسێنی شار پیاوێکی نەفس نزم و خوێڕی و بەدکردەوە بووە سوباکیوڤیچ دەربارەی ئەو گوتوویەتی تاقە پیاوی تەواو ساغە کە لەم شارەدا هەیە.

ئەم کتێبەی گۆگۆل وێنەیەکی دروستی بارودۆخی ئەو زەمانەی رووسیایە، پوشکین کە خوێندوویەتیەوە گوتوویەتی: *"خودایا ئەم رووسیایەی ئێمە چەند خەمناکە!"* گۆگۆل زەبەر دەستی و بەرزە خەیاڵی خۆی لە بەرجەستەکردنی ئەو وەزع و حاڵەدا نیشانداوەو تەنانەت بچووکترین و نزمترین کەس و کارکتەرانی پێناسە کردووە. زمان و داڕشتنی گۆگۆل لەم کتێبەدا هەندێجار رەمەکی و هەندێ جار ئەدەبی و هەمووجار لەو پەڕی روونی و رەوانیدایە، گۆگۆل بە خۆی گوتوویەتی کە بابەتی ئەم کتێبەشی لە پۆشکین وەرگرتووە کە ئامۆژگاری کردووە کە سیرڤانتسی نووسەری زۆر بە ناوبانگی ئەسپانیایی بکات بە سەر مەشقی خۆی، و لە ساڵی ١٨٤٠دا کە لە شاری رۆما بووە یەکێک لە رۆمانەکانی دیکینزی نووسەری ئینگلیزی دەخوێنێتەوەو لەمەوە دیارە کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا چاوی لە هەردوو گەورە نووسەری ناڤبری کردووە. هەڵبەتە دەبێ ئاگامان لەوە بێ دیکنز هەرگیز ئەو بەزەیی و سۆزەی نەبووە کە گۆگۆل دەرهەق بە خەڵکی رەش و رووت هەی بووە. ئەم هەستی بەزەییە سەبارەت بە خەڵکی بێنەواو چەوساوە کە لە خەسڵەتێن نەتەوەیی نەژادی سلاڤییەکانە، لە بەرهەمێن گەلەک لە نووسەرانی گەورەی رووسیادا دەبینرێ و ئەو نەفرەت و بێزارییەی کە لە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەدا دەربارەی ئەم جۆرە خەڵکانە هەیە لە ئەدەبیاتی رووسیدا کەمترەو لە گۆگۆل بترازێ، دۆستۆفسکی و لیڤ تولستۆی و ماکسیم گۆرگیش، بە نەفرەتەوە ئەم جۆرە خەڵکەیان باس نەکردووەو لە بەرجەستەکردنیاندا ئەوەندە دەستیان دانەگرتووە. هۆی ئەمەش ئەمەیە کە لە رووسیای تزاریدا زوڵم و زۆرداری و زێدەگاڤی دەربار و دەرباریان و کاربەدەستانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی رەش و رووت بە رادەیەک بووە کە هەرگیز خەڵکی نەیان توانیوە ئەوە ساغ بکەنەوە کە ئەم کەسەی سەرکوێرو سەرشۆڕ کراوە، بە خۆی ئەم تەنەزولە سایکۆلۆژییەی فەراهەم کردووەو بە خۆی سەبەبکاری زەبوونی خۆیەتی یان دەزگای دەوڵەت بە زەبری زوڵم و زۆرداری، رۆژی بەم رۆژە گەیاندووە، باشترین پێناسەی ئەم وەزع و حاڵە ئەم دەربڕینەیە کە گۆگۆل لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی خۆی نووسیویەتی: *"تۆرینی خەماوی و رەفتاری میللەتی ئێمە کاتێ کە کۆمەکی دوورخراوان بۆ سیبریا دەکەن، وەیاد بێنەوە. هەرکەسە و هەرچییەکی هەبێ دەیهێنێ، یەکێک خواردن، یەکێک پارەو پول، یەکێک..."* مێژوو زۆر جاران گەواهی داوە کە لە نێو ئەم دوورخراوانەدا پیاوانی زۆر شەریف و ئابڕومەند و زۆر هونەرمەندو تەنانەت بلیمەتانی نمرە یەکی وڵات هەبوونە کە دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەت بە نزمترین و قێزەوەرترین خەڵکی زەمانەیان داناون، بۆیە جەماوەری خەڵک لە کۆنەوە کردبوویان بە عادەت کە دڵیان بە خەڵکانی لێقەوماو و بێ دەرتان بسووتێ و گەورە نووسەرانیش لە جیهانی سۆزو بەزەیی خۆیاندا جێیان بکەنەوە.

سەفەری ئەورووپای ڕۆژاوای، کە تزار نیکۆلای خەرجیەکەی دابوو، کارێکی یەکجار شوومی کردە سەر دەروونی گۆگۆل، ئەو نووسەرەی کە دەیتوانی بە زەبری هونەر شاکارانی دیکە بە جیهان ببەخشێت بەرە بەرە خۆی لێگۆڕاو وای خەیاڵ کرد کە پێویستە دەستبەرداری ناسکە هونەرەکەی خۆی ببێ و مەقام و پایەی پێشەوای ئاینی هەڵبژێرێت و بکەوێتە وەعزدان و ئامۆژگاری خەڵک. زۆر لە گەورە نووسەران ئەم هەڵەیەیان کردووە: شۆرەتیان لە بواری نووسەرییدا غرووڕێکی لاچێکردوون و قەناعەتیان لا دروست بووە کە پایەی ڕێنوێنی و وەعزبێژی لە پایە و مەقامی هونەر باڵاترە، لەوە بێ ئاگا بوون کە مورشید و ڕێنوێن گیانی خۆی لە قەبێڵی وەعزو ڕێنوێنییەکانی خۆی دەکات و چونکە هەمیشەش بە دڵی مورید و پەیڕەوەکانی نابێ، ئەنجامی کارەکەی مایەی گومانە. بەڵام هونەرمەند هەرچەندە زادەی دڵی خۆی دەبەخشێت، بەڵام دڵی خەڵکی خۆش دەکات و دڵیان بە دەست دێنێ و بە جۆرێ لە دڵیاندا ڕێی خۆی دەکاتەوە کە ئەنجامی پەیڤەکانی لە هیچ وەعزو ئیرشادێک کەمتر نیە، زۆر جاران رووی داوە کە بەرهەمێکی ئەدەبی کاری بەرهەمێکی ئاینی کردووە یان کاری بەرهەمێکی شەرعی ئاسانتر کردووە.

لە کاتێکا بیلینسکی وگرتسن لە هەموو کەسێک پتر ستایشی بەرهەمە ئەدەبیەکانی گۆگۆلیان کردبوو، پێشبینی دابەزین وداڕوخانی قەریحەو بەهرەو زەوقی ئەویان دەکرد. ئەوەی کە زیاتر کاری کردە سەر تەنەزول و دابەزینی گۆگۆل ئەمە بوو کە لەو زەمانەدا هەستی ناسیونالیستی لە رووسیادا رەونەقێکی زۆری پەیدا کردبوو و ئەو رەشبینییە زۆرەی ئەو لەمەڕ وەزع و حاڵی وڵاتەکەی خۆیدا دەری بڕی بوو، خوێنەرەکانیشی لێ بێزارو تەوەللا کرد.

گاڤێ کە بەشی یەکەمی "گیانە مردووەکان"ی بڵاوبووەوە گۆگۆل بە خۆیشی هەستی کرد کە ئەم کتێبە پەسند ناکرێت، بۆیە عەهدی کرد کە لە بەشەکانی دواتردا بۆچوون و تۆڕینی خۆی رونتر بکاتەوەو جوانیەکانی مەزر و بوومی رووسیاش نیشان بدات. پێش ئەوەی ئەم کارە بکات وای بە باش زانی کە دڵی خوێنەرەکانی بە دەست بێنێتەوەو بۆ ئەم کارەش لێبڕا بەشێک لە نامەو وتار و نووسینەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

لە ساڵی ١٨٤٦دا بۆ یەکێک لە دۆستەکانی خۆی بە نێوی پلتینڤ – Pletneiv)ی نووسیوە: *"هەموو کارێک وەلاوە بنێ و دەست بەم کتێبە بکە. هەمووان پێویستیان پێیەتی"*. ئەو کتێبەی کە گۆگۆل بەو هەموو گەشبینییەوە باسی دەکرد و ئومێدەوار بوو کە ئینجیلێکی دیکە بێ، ساڵی دواتر بڵاوبووەوە، بەڵام بووە مایەی حەیرمان و نا ئومێدی و پەستی هەمووان، چونکە لەم کتێبەدا ستایشێکی لە رادە بە دەری وەزع و حاڵی ئەو رۆژگارەی دەکردو بۆ نموونە لە بەشێکی ئەو کتێبەدا بە ناونیشانی "نامە بۆ دۆستانم" باسێکی (تزاری خۆشەویستی) هاتبوو کە توانای رەهای هەبوو وسەختگیرییە

یاساییەکانی ئاسان دەکردو دەردە کوشندەکانی میللەتی دەرمان دەکردو لەلاوە باسی (کڵێسای میللی) کردبوو کە دەتوانرا بە تاقە سەرچاوەی ئیلهامی خواناسی و پارێزکارییان بژمێردرێ.

بەشێکی ئەم کتێبە بریتی بوو لە وەسێتنامەی ئەدەبی و گۆگۆل دەیگوت پێوەیە ئیتر هیچ نەنووسێت چونکە لە ئایندەدا تەنیا خەریکی جسوجۆی حەقیقەت دەبێت تا رۆحی ئەو و عەوامی خەڵکەکە لێی بەرخورداربن. وێڕای ئەمەش خەڵکی هاندەدا سوود لە نووسینەکانی پێشتری وەربگرن و ژێراو ژێر ئەم خاڵەی دووپات دەکردەوە کە بێدەنگبوونی نووسەری کتێبی "گیانە مردووەکان" خەسارەتێکی گەورە دەبێ بۆ رووسیا.

هەرچەندە گۆگۆل بەو ئاشکراییە ماڵاوایی لە مەیدان و شانۆی ئەدەبیات کردبوو، ئەوجاش هەر دەینووسی، کە بەشی دووەمی "گیانە مردووەکان"ی نووسی بوو، بە هەندێ لە دۆستەکانی خۆی نیشان دابوو، وئەمەشیان بووە مایەی حەیرمانی خوێنەرەکانی کە چۆن بەهرەو قەریحەی داویەتێ کزی، لەم بەرگی دووەمدا گۆگۆل دیسان چیچیکۆفی قارەمانی بەرگی یەکەمی هێناوەتەوە ناو ناوان، بەڵام لەم بەرگەدا ئەو وەسفەی رووسیای کردووە کە هەموو بە ئاواتیان خواستووە، تەنانەت ئیدیعای ئەوەی کردووە کە شازادەی حوکمڕانی شار کە دژمنی ساختەکاری و نا دروستییە وکاربەدەستانی نا دروستی دەوڵەتی لە نێو بردووەو راستی و دروستکاری لە شاردا خستووەتەوە رەواج و بە دەستی موراسۆف ناوێک کە پیاوێکی دەوڵەمەندو دیندارەو کارخانەیەکی هەیە، و لە راستیدا دەوڵەمەندێکە کە گۆگۆل شەقڵێکی پیرۆزی داوەتێ، وەعز دادەدات و چاو لە هەڵەو خەتای خەڵکی دەپۆشێت و رووسیایەک هاتووەتە ئاراوە کە مایەی سەرسامی هەمووانە. خویایە کە ئەم موراسوفە لاسایی کردنەوەیەکی (مادلین) ی قارەمانی رۆمانە بەناوبانگەکەی (بێ نەوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆیە.

گۆگۆل بە خۆی دەستنووسی ئەم بەرگەی سووتاندو دووبارە نووسییەوەو جارەکی دیش سووتاندییەوەو تەنیا چەند بەرپەڕێکی پەراگەندەی ئەم بەشە ماوەتەوە کە پاش مەرگی گۆگۆل بڵاویان کردووەتەوە. کاتێکیش کە هەموو بەیازو کتێبەکانی خۆی سووتاندو تەنانەت ئەو موچەیەی کە دەوڵەت دەیدایە، بە هەژارانی بەخشی و بە خۆی گیرۆدەی دەستکورتی بوو، لە ١٨٤٨دا بە مەبەستی زیارەت چوو بۆ ئۆرشەلیم، بەڵام لە جاران پەشێو و پەرێشانتر گەڕایەوە. ئەم پەرێشانیانەی رۆژ بە رۆژ لە زیادی دابوون، بۆ نموونە لە شوێنێکدا ئۆقرەی نەدەگرت، لەم خانووەوە دەچووە ئەو خانووە، کە دەچووە هەر خانوویەکی تازە، هەموو دارایی و موڵک وماڵەکەی جانتایەکی چکۆلە بوو کە پڕ بوو لە نامەو گوتارێن رۆژنامان و ئەو رەخنە و ئیرادانەی کە دەربارەی ئەو نووسرابوون.

یەکێک لە هاوعەسرانی، سیمای ئەوی بەمجۆرە وەسفکردووە: *"پیاوێکی کوڵەباڵای یەجگار لاواز بوو، کە خواروخێچ رێی دەکرد و بێ سەرو بەروجل و بەرگ شپرێو بوو، ئەو فتیلە قژانەی کەوتبوونە سەر هەنیەی و کەپووە درشت و زەلامەکەی مایەی پێکەنین بوو"*.

تورگنیف دەڵێت: *"سیمای رێوی هەبوو، سەراپای شێوەو رواڵەتی ئاموچیاری شارێکی چکۆڵەی دەنواند"* لەم قۆناغەدا ئیدی لە نووسین کەوتبوو وهیچی نەدەنووسی و بەزەحمەت قسەی دەکرد. هەندێ جار تای لێدەهات و دەکەوتە ورێنە. سەرەنجام لەساڵی ١٨٥٢دا کۆچی دوایی کرد. زۆر کەس گوتبوویان کە عیبادەت و پارێزکاری کوشتبووی و هەندێکی دی گوتویانە لە بەرانبەر ئەو پەیکەرو وێنە مەزەبیانەی کە شەوبێداری بە دیارەوە دەکردن، گیانی سپاردووەو لەو دەمەدا تەمەنی چل و سێ ساڵ بووە.

ئەم رووداوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە لە مێژبوو کاریگەرییەکی بەسەر عەوامی خەڵکییەوە نەبوو، ئەویش بوو بوو بە قوربانی هەمان چارەنووسی شووم، کە زۆربەی نووسەرانی هاونەسلی خۆی دووچاری بوو بوون، چونکە زۆربەی ئەم نووسەرانە هەرکە روو بە رووی هزرێن تازە دەبوونەوە، میناکی کەسێک کە لە سەر هەڵدێرێک وەستابێ تووشی سەرەگێژکە دەبوون و دەمردن.

کتێبی "نامەێن دۆستانە"ی گۆگۆل، سەر وەختێک دەنگدانەوەیەکی چاوەنۆڕ نەکراوی هەبووە. لیڤ تۆلستۆی ستایشی ئەم کتێبەی کرد و خەڵکانێکی دیکەش چاویان لەو کردو لە ساڵانی ١٨٩٣ و ١٨٩٤دا دەیانگوت کە گۆگۆل لەم کتێبەدا پێشبینی زەمانانی دوای خۆی کردووەو تەنانەت لە یەکێک لە چاپەکاندا ئەم کتێبەیان بەناونیشانی "گۆگۆل وەکو پەروەردەکاری ژیان" بڵاو کردبووەوە. بەڵام ئەم گومان و سەهووە دەوامی نەکردو سەرەنجام خویابوو کە گۆگۆل دەستێکی ئەوتۆی لە فەلسەفەدا نەبووە.

لە راستیدا نرخ و بایەخی راستەقینەی بەرهەمێن گۆگۆل لەوەدایە کە هەست و بیروباوەڕی ئەو کەسانەی بەرجەستە کردووە کە وەسفی کردوون، وشەقڵی هزرڤانییان پێوە دیار نیە. کە سەفەری رومای کرد و ماوەیەک لەوێندەر مایەوە زۆر دڵبەندی ئەو رواڵەتکارییە دەرباریيەی پاپایان و تەشریفاتکاری بەرنامەداری ئەوان و گروپە مەزەبییەکان بوو کە لە کۆڵانەکاندا دەیانگێڕاو دڵبەندی کۆڵانە تەنگ و پیسەکان بوو، کەیفی بە خەڵکە نیمچە هوڤیەکانیان دەهات و ئیدی رموودەی ئەشرافانی ئەو شارەو کەیف وسەفاو رابواردن و هەراو هەنگامەی وان بوو بوو. ئەو موبالەغەو زێدەڕۆییە مەزەبیەی کە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا هەموو حەواسی ئەوی داگیرکرد بوو، وەکو لە نووسراوو نامەکانیا دیارە پێشینەی کۆنی هەبووەو لە منداڵیەوە لەگەڵیدا بووە. هەمیشە لەمگێزو تەبیعەتی ئەودا ململانێیەک لە نێوان ئیلهاماتی شاعیرانە و مەیل و ئارەزووانی زاهیدانەدا هەبووە کە تا رادەیەک بۆ ماوەیی بووە.

پاشان کەڵکەڵەیەکی لا پەیدا بووە کە لە کۆمەڵگەدا پایەیەک بە دەست بێنێ، چونکە وێنایەکی بەتاڵی دەربارەی کۆمەڵگەی زەمانی خۆی کردووەو داب و نەریتی خانەوادەیی ئەم هەڵەیەی لەودا چەسپاند بوو، سەرەنجام خزینی ئەو لە کۆتایی ژیانیدا رۆژ بە رۆژ ترسناکتر دەبوو. لە زەمانی ئەودا هزری زاناو فەیلەسوفانی ئاڵەمان لەو ژینگەیەدا کە ئەو تیایدا دەژیا برەوی زۆری هەبوو، وئەو هەرگیز سەری لەم بیروباوەڕانە دەرنەکردو ئەویان بەرەو رێگەیەک برد کە بەخۆیشی نەیدەزانی دەگاتە کوێ. جا چونکە پیاوێک بوو بە تەبیعەت حەزی بە دەمڕاستی و کوێخایی و ئارامی بوو، خۆ بەخۆ بە رێگەی شۆڕشدا دەڕۆیی.

بەمجۆرە ماوەیەکی زۆر تەنانەت لە ئەنگێزە و سۆنگەی ئەسڵی و بنەڕەتی و واقیعی ئەو گەندەڵیانەی کە لە بەرهەکانی خۆیدا وەسفی دەکردن بێ ئاگا بوو،و گاڤێ کە ویستی چاو بکاتەوەو بیر لە هۆو ئەنگێزان بکاتەوە، بوو بەپاشکۆی هزرو بیری کەسانی دیکە. سەرەنجام بیرۆکەیەکی لاپەیدا بوو کە بەقازانجی دەوڵەت دەرسی ئەخلاق و رەوشت بەخەڵکی دابدات، و باوەڕی وابوو کە ئەگەر حوکمڕانانی ویلایەتەکانی رووسیا بێنێتە سەر بونیادە ئەخلاقیەکانی خۆی ئەمە بۆ ئەنجامدانی ئەم پەیامە بەسە.

بەمجۆرە گۆگۆل یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی کە رۆژێک بەر لەوەی مەرگ لە نێوی بەرێ بەدەستی خۆی و بەخوایشتی خۆی دەستبەرداری ئەرکە گرینگەکەی خۆی بووەو تەرکی کردووەو نەیتوانیوە تا دوا رۆژی ژیان هونەرەکەی خۆی و دەستڕەنگینی خۆی بپارێزێ. چ گومانێک لەوەدانیە کە گۆگۆل مامۆستای رۆمان و دامەزرێنەری ئەم رێبازو رێچکەیە بووە لە زمانی رووسیدا، لە رۆماندا گونجاروف و گریگوریوڤیچ و لە شانۆنامەدا ئەسترۆفسکی چاویان لەو کردووە. ئەگەر لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا ئەم بارە ناهەموارە سایکۆلۆژیەی بەسەردا نەهاتبا، بێگومان زۆر شاکاری دیکەی دەخستە سەر ئەو شاکارە نەمرانەی کە لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون.

سەرچاوە:


* - تاریخ ادبیات روسی (تا پایان دوره پیش از انقلاب)

* - تالیف شادروان سعید نفیسی

* - چاپ: چاپخانه خواجه

* - نوبت چاپ: چاپ دوم (چاپ اول توس)۱۳٦۷

## (١): گۆگۆڵ و سەردەمەکەی

"هەمووما‌ن لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتووینەتە دەرەوە."

دۆستۆفسکی

((١))

گۆگۆڵ ، لە ناوجەرگەی مێرگوزارە سەوزەکانی ئۆکرانیادا، لەڕۆژی ١٨٠٩/٤/١دا لە گوندی یانوفشینا کە زۆر لە شاری میرگورودەوە دوور نیە، لەدایک بووە،کە پاشان بەناوی خاوەنەکەیەوە(ڤاسلی ئافانا سیسیڤیچ گۆگۆڵی بابی نیکۆلای گۆگۆڵ ناونرا ڤاسیلیڤکا. بابی گۆگۆڵ،ئەدیبێکی تەنزنووس و بەتەوس و توانج بوو. سرووشتی جوان،ئارامی گشتگیر و نەفسیەتی خێرخوازانەی جووتیاری،ئەو ژینگەیە بوو کە گۆگۆڵ مندالّی خۆی تیا بەسەر برد کە ئەمە زۆر بە جوانی لەو چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامانەدا ڕەنگیان داوەتەوە کەپاشان نووسەر ئەفراندوونی. خوونەرمی، هەست ناسکی و، ڕوح سووکی، لەوخەسڵەتانەن کە لەبابی گۆگۆڵەوە بۆئەم ماونەتەوە،بابی گۆگۆڵ هەردەنگەدەنگ و هەراو هەنگامەیەکی لە ئەندامانی خێزانەکەی قەدەغە دەکرد،تا تەیر و توو و بولبولانی سەر دارو درەختی باخەکەیان نەترسن، بابی زۆری حەز لە ئەدەب دەکرد و توانایەکی ئەدەبی باشی هەبوو،بە هەردوو زوبانی رووسی وئۆکرانی شیعرو شانۆنامەی دەنووسی وحەزی لە نواندن دەکرد، هەندێجار لە سەر شانۆ تایبەتیەکەی خۆی خزمێکی خۆی بەنێوی((تروشینسکی)) ڕۆڵی شانۆیی دەبینی، ئەم تروشینسکییە، کۆنە وەزیرێکی خانەنشین بوو، سەرپەرشتی و چاودێری موڵک و مەزراکانی خۆی بە بابی گۆگۆڵ سپاردبوو . ئا بەمجۆرە ئەشقی ئەدەب و شانۆ لە لای گۆگۆڵی مندالّ درووست بوو.

بەڵام(ماریا ئیڤانوفنا)ی دایکی گۆگۆڵ، سپیکەلەیەکی سیما ناسکی چاوڕەش بوو، کە ئەمە جۆرەهەیبەت و سامێکی دڵنەوازی بەکەسایەتی ئەو بەخشی بوو. ئەم ژنە لە مندالّیەوە، تاڕادەی توندڕەی پاپەندی ئۆڵ وئاین بوو. کەئەمە بە ئاشکرا لە سایکۆلۆجیەتی کوڕەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

نیکۆلای گۆگۆڵ، مندالّێکی لەش بەبار و مردەلۆخە بوو، بۆیە خێزانەکەیان، بەتایبەتی دایکی زۆر بەخەمیەوە بوو. ئەم کوڕە زۆر کەم تێکەڵی مندالّانی هاوتەمەنی خۆی دەبوو، بەسەعاتان، لە سووچی ژوورێکی مالّەوە دەمایەوە، بێ ئەوەی ئەڵهای گەمە و چوونە دەرەوە بکات. ئیدی ئەم گۆشەگیریە،سووکە خەمینییەکی لە دڵ و دەروونی ئەم ئەدیبەدا دروست کرد، کە بە زەقی لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەدەبی فۆلکلۆری، دەورێکی گەورەی لەگەشەکردن و دەوڵەمەند کردنی بەهرەی هونەری گۆگۆڵدا گێڕاوە، (تاتیانا سیمیونوفنا)ی داپیرەی زۆر حیکایەتی فۆلکلۆری بۆ دەگێڕایەوە و ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانەی کە لەو سەردەمانەدا لە نێو جووتیاراندا باوبوون بۆ دەچڕی، گۆگۆڵ بەبەردەوامی دەچوو بۆ ماڵی داپیرەی و حایرو سەرسام بەسەعاتان لەبەر دەمیا دادەنیشت. پاشان کاریگەری و باندۆری ئەم حاڵەتە لەبەرهەمەکانیا، بەتایبەتی لە کۆچیرۆکی ( ئێوارانی نزیکی گوندی دێکانکا)دا تەواو ڕەنگی داوەتەوە.

کاری سەرپەرشتی موڵک و مەزارەکانی وەزیرەکەی خزمیان زۆر جار وای دەخواست کە بابی نیکۆلای گۆگۆڵ،بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هەندێ کارو باران، هاتوچۆی کۆشکەکەی وەزیری ناوبراو بکات. زۆرجاریش کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. نیکۆلای گۆگۆڵ، ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو. ئەم خزمەیان لە ماڵەکەی خۆیدا شانۆیەکی تایبەتی هەبوو، زۆر جار بابی گۆگۆڵ لە نواندنی هەندێ شانۆنامانداا بەشداری دەکرد. ئیتر لیرەوە خۆشەویستی شانۆی لا دروست بوو. هەروەها ئەم خزمەیان کتێبخانەیەکی ئاواو و ئاوەدانیشی هەبوو کە گۆگۆڵ لە سەرەتاوە زۆر پێی سەرسام بوو، پاشان لە سەردانەکانی دواتریدا، بۆی بوو بەسەرچاوە. هەرچەنە خێزانەکەیان کیشەی دەست کورتیان هەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش،مامۆستای تایبەتیان بۆ نیکۆلای گۆگۆڵ و براکەی گرت کە بڕێک زانیاری سەرەتایی وپێویستی فێر دەکردن، تائامادەبن بۆئەوەی بچنە قوتابخانە. ئەنجام کاتی ئەوە هات  گۆگۆڵ و براکەی لە ژینگەی منداڵیان دوور بکەونەوەو لە دایک و بابە میهرەبانەکەیان دابڕێن، ئەم دوورکەوتنەوەو دابڕانە کاریگەری خۆی لەسەر دڵ و دەروونی ئەم دوو منداڵە بەتایبەتی گۆگۆڵ هەبوو. جووتە منداڵ لە ١٨١٨/٨/١ دا چوون بۆشاری بولتافا و چوونە قوتانخانەیەکی ئەوێندەر، گۆگۆڵ لەوێ کۆششێکی باشی دەکرد و ئەم قۆناغەی بە سەرکەوتووی بڕی. ئەمە ڕێگەی بۆ خۆشکرد، کە لەپایزی ساڵی ١٨٢١دا بەهۆی خزمە وەزیرەکەیانەوە بچێتە قوتابخانەی زانستە باڵاکان.   پرۆگرامی قوتانخانەی ناوبراو زۆر قورس بوو، لاهوت و یاساکانی، زمان و دەستووری زمانانی ڕووسی، لاتینی، گریکی، ئەڵمانی، فەڕەنسی ، هەر وەها جوگرافیا، مێژوو، فیزیا و بیرکاری و زانستی سیاسەت، هەروەها مەشق و فێربوونی سەماو وێنە وخەت و مەشقی سوپایی، تیا دەخوێنرا.

جا ئەم قوتانخانەیە سیستەمێکی زۆر توندی هەبوو،سزای توندی قوتابیانی سەرپێچی کارو لاساری دەدا. قوتابیان دەبوایە سەعات پێنج و نیوی بەیانی لەخەو ڕابن ، تا لە سەعات شەش و نیوی تەواودا نوێژبکەن وپاشان تێشت و نانی بەیانی بخۆن. دەرس و خوێندن سەعات نۆ دەستی پێدەکرد و تا سەعات دوازدە بەردەوام دەبوو وئەوسا فراڤین دەخوراو ئیسراحەت و پشوو دەستی پێدەکرد. ئەوجا قوتابیەکان لە سەعات پێنجدا بۆ هۆڵەکانی خوێندن دەگەڕانەوەو تاسەعات هەشت بەردەوام دەبوو و

پاشان شێویان دەخوارد.لە سەعات نۆدا، قوتابیان دوای ئەوەی نویژی شێوانیان دەکرد،دەبوایە بەتۆبزی بچنە ناو جێگاوە.

هەڵبەتە بۆ نۆلاوێکی وەکو گۆگۆڵ، کە لەماڵی خۆیاندا لە سەر ژیانی ئازادی و سادە ڕاهاتبوو، زەحمەت بوو تەحەمولی ئەم هەموو کۆت وبەندو شێوازە وشکەی ژیان بکا. ئەمەی زۆر لا گران بوو، بۆیە لە قوتابخانەدا دوور لە هاوڕێ قووتابیەکانی دەژیا. زۆر جار تەنیایی هەڵ دەبژارد. بەڵام زۆر جاریش کە بەهرەی ڕەسم کردنی هەبوو، تەنیایی خۆی بەنیگارکێشی دەڕەواندەوە.

خوێندن لەم قوتابخانەیەدا، لە سەرەتاوە بۆ گۆگۆڵ زۆر قورس بوو، نمرەکانی لە نێوان مامناوەندی و خراپدا بوون. بەتاییەتی کە هەر مامۆستایەک خەمی دەرسەکەی خۆی بوو، دەیویست قوتابی، هەموو وەختی خۆی بۆ دەرسەکەی ئەو تەرخان بکات، ئیدی بەلایەوە گرنگ نەبوو کە قوتابی فریای دەرسی مامۆستاکانی دی دەکەوێت یان نا، ئەمە گۆگۆڵی نەک هەر نیگەران دەکرد ،بەڵکو زۆر جار بێتاقەت و بێزاریشی دەکرد. لە کاتێکا حەزی دەکرد سەرکەوتوبێ و لەڕیزی پێشەوە بێ، خۆی لە ڕیزی قوتابیە تەمەڵ و پاشکەوتووەکاندا بینیەوە. هەر زوو هەستی کرد دەبێ ،فریای خۆی بکەوێ و ئەم کۆسپە ببڕێت، بۆیە زوو بە زوو بە زەبری زیرەکی و توانای خۆی، توانی نەک هەر بەهاوڕێ قوتابییەکانی بگاتەوە، بەڵکو لە هەموو دەرسەکاندا،پیشی زۆربەیان بداتەوە، تەنیا یەک دەرس نەبێت، ئەویش زمانی لاتینی بوو، هۆیەکەشی قورسی بابەتەکە نەبوو، بەڵکو ئەو ڕقەبوو کە کەوتبووە نێوان گۆگۆڵ و مامۆستای بابەتەکەوە. گۆگۆڵ نەیدەتوانی گوێ لەو مامۆستایە بگریت، دوور دەکەوتەوە و دەچوو لەوسەری پۆلەکەدا دادەنیشت، مامۆستاکەش چاوی بەو قوتابیە مردەلۆخە کەپوو درێژە هەڵنەدەهات کە خۆی بەکتێبێکەوە مژوول دەکرد، یان زۆر جار خۆی بە رەسم کردنی کاریکاتێرێکەوە دەخافڵان و، هەمان مامۆستای دەکرد بە بابەت و کەرەستەی کاریکاتێرەکە.

ئەوەی کە گۆگۆڵ لە ماوەی خوێندنیدا،لە قوتابخانەی باڵا، لە هەمووشی زیاتر لەڕووی دەروونیەوە پێوەی دەتلایەوە، جیاوازی چینایەتی قوتابییەکان بوو، زۆربەی قوتابیەکان کوڕە دەرەبەگ و فیوداڵی زۆر دەوڵەمەند بوون ، هی واهیش هەبوو کە خێزانەکانیان هێندە نەدار بوون، نەیان دەتوانی پێداویستی منداڵەکانیان دابین بکەن. نیکۆلای گۆگۆڵ لە دەستەی دووەمەوە نزیکتر بوو تا لە دەستەی یەکەم، ئەمە وای لێکرد ،لە هەندێ دەرسدا سەرکەوتووبێت و چ بەقەڵەم و چ بە زمان، بەتەوس و توانجەوە بەر پەرچی ئەو کوڕە دەرەبەگ و دەوڵەمەندانە بداتەوە کە گاڵتەیان بەم و بەخەڵکانی وەکو ئەم دەکرد ، بۆیە بۆ ئەوەی لە تیغی زمان و تەشەری قەڵەمی ئەو دووربن ڕێزیان دەگرت و گێچەڵیان پێنەدەکرد.

گۆگۆڵ لە ڕێگای دەرسی هەندێک لە مامۆستاکانی ئەو سەردەمەیەوە ئاشنایەتی دەگەڵ هزری پێشکەوتووخوازانەی ئەو سەردەمەدا پەیدا کرد ، بۆ نمونە ئاشنایەتی دەگەڵ دید و تۆڕینی ڕۆسۆ (١) و مۆنتیسکیو (٢) وهزرڤانانی دیکەی پێشکەوتنخوازدا پەیدا کرد ،بەرهەمین پوشکین (٣) وشیلەر (٤) و گۆتیە (٥) و ئەدیبانی دیکەی بەنامێی ئەو سەردەمەی خوێندەوە.

گۆگۆڵ زۆر بەگەرمی و جۆش و خرۆشەوە خووی دایە ئەدەب و لەو بوارەدا پێشی هاوڕێ قوتابیەکانی خۆی دایەوە، بۆیە ڕوویان لێنا کە سەر پەرشتی ئەو کتێبخانەیەیان بۆبکات، کە بە پیتاک و پارەی خۆیان دروستیان کردبوو. ئەمە دەرفەتیکی باشی بۆ ڕەخساند کە بەرهەمی زۆربەی ئەدیبانی ڕووس و بیانی بخوێنیتەوە. گۆگۆڵ بەوپەڕی ناسکی و میهرەوە مامەڵەی دەگەڵ کتێبدا دەکرد، بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پارێزگاری لە کتێب دەکرد. گۆگۆڵ لەو پیاوانەبوو ئامادەبوو هەرکەسێک هەڵەیەکی بەرامبەر کردبا، بیبورێ، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی لەکەسێک ببورێ کە پەڕەی کتێبێکی بدڕیایە، گۆگۆڵ بایەخی زۆری بەکتێبان، بەتایبەتی کتێبی چکۆلە دەدا، وەکو منداڵێکی ساوای بەر مەمکە مامەڵەی لە تەکدا دەکرد و بەسۆز و میهرەبانیەوە نەوازشی دەکرد.

لەو سەرو بەندەدا ، بایەخێکی فرە بە ئەدەب دەدرا، قوتابیان، موناقەشەی ئەو کتێبە ئەدەبیانەیان دەکرد کە دەردەچوون، ئەوشیعرو پەخشانانەیان دەخوێندەوە کە لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەبوونەوە، گۆگۆڵ لەم بوارەدا لە ریزی پێشەوەبوو ، لەبەر ئەوەی شارەزایی و ئاگادارییەکی فراوانی لەمەڕ بەرهەمە هزری و ئەدەبیەکاندا هەبوو، لەو کۆڕی موناقەشانەدا،لەوانی دی دیارترو سەرکەوتوتر بوو.

((٢))

ساڵانی بیستەکان (مەبەست سەدەی نۆزدەیە) بۆنی سیاسەتی لێدەهات، هەوری سیاسەت بەری ئاسمانی گرتبوو، دەرەبەگە منەوەر و خوێنەوارەکان، هەستیان بەقورسی حوکمڕانی پاشایەتی بەسەر شانی میللەتی ڕووسەوە دەکرد، حەزیان دەکرد هەندێ گۆڕانکاری لە بوونیادی ئەم حوکمڕانیەدا بکرێت، بەتایبەتی کە جەنگی دژمنکارانەی ساڵی ١٨١٢ی ناپلیون دژی ڕووسیا، زەرورەتی جێبەجێکردنی ئەم گۆرانکاریانەی بۆ سەلماندن و شنەبای هزرو بیرێن ئازادیخوازانەیان بەسەردا هات. ئەوەبوو لە ١٤/ک١/١٨٢٥دا شۆڕشی دێسەمبەرییەکان بەرپا بوو، بەڵام چونکە لە جەماوەری خەڵکەوە دوور بوو، شکستی هێناو دەسەڵاتی نزاری کۆمەڵێکی لێ ئیعدام کردن وئەوانی دیکەی شار بەدەرکردن. ئیدی دەنگوباسی ئەم شۆڕشە لە سەرانسەری وڵاتی ڕووسیادا و لەوانە لە شاری بولتافادا، کە گۆگۆڵ لەوێندەر دەیخوێند،بڵاو بووەوە.

ئیدی قوتابیان بەچپە و لە پەناوە دەنگوباسی شۆڕشگێڕانی بەشداری شۆڕشی دێسەمبەرییەکانیان دەگێڕایەوە، ئیدی هەواڵی دوورخستنەوەو ئیعدام، کەش و هەوایەکی پڕترسی ئەو تۆیان هێنایە ئاراوە، کە بووە مایەی ئەوەی گەنگەشەو، گفتوگۆ ئەدەبیەکانی ناو قوتانخانەکە بداتە پاش و تۆقاندن و ستەمکاری کارگێڕی زاڵبێت.بەڵام کەهاماج و کەش و هەوای سیاسی گشتی لە وڵاتدا کەمێک هێور بوەوە، هەنگێ گەنگەشە ئەدەبیەکان لە نێو قوتابیاندا گەڕانەوە دۆخی جاران، بەڵام بە پارێزێکی زۆر و دوور لە چاوی جاسوس و سیخورانی دەسەڵات کە بریتی بوون کارمەندەکانی قوتانخانەکە، ئیدی قوتابیەکان کەوتنە دەربڕینی هەستی خۆیان لەو گۆڤارە دەستنووسانەی کە بەبێ ئاگاداری ئیدارەی قوتانخانەکە بڵاو دەکرانەوەو بەبێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بەسەر وتارو نوسینەکانەوە هەبێت و قوتابیەکان لە نێو خۆیاندا دەستاو دەستیان پێ دەکرد،وەکو ((ستێر)) و (( ئەلەندی باکوور)) و.....هیتد. گۆگۆڵ، چەندین شەوی یەک لە دووی یەک شەونخونی دەکرد تا گۆڤاری ((نەیزەکی ئەدەبی)) بەچل و دوو لاپەرە، بە دەست خەتە جوانەکەی خۆی ئامادە دەکرد .

ئیدی لە ماوەی ئەو خوێندنەیدا، تواناو بەهرەی هونەری گۆگۆڵ کەوتە شکۆفەو کرانەوە،ئەوە بوو"برایانی تەفیرد – یەسلاف" و "گەوجان یاسایان نییە" ی نووسی، کە لەنێو پاشماوەکانیدا نەدۆزراونەتەوە. بەڵام هاوڕێیانی قوتابخانەی، دووپاتی دەکەنەوە کە گۆگۆڵ هەوڵی داوە بیرێن قووڵ لە چوارچێوەی ساتیرانی توندو تەوس ئامێزدا دربڕێت. گۆگۆڵ سەرباری ئەوەی لە غوربەتێکی ڕوحیدا دەژیا، کەسی شک نەدەبرد هاو سۆزی و هاوفکری لەگەڵدا بکات، قەدەریش بۆی لە بۆسە دا بوو، تا جەزرەبەیەکی بەسۆی لێبدات، ئەوەبوو بابی لە ئازاری ساڵی ١٨٢٥ دا کۆچی دوای کرد.

گۆگۆڵ لەو سەروبەندەدا، لە بیرو بۆچوونێن پێشکەوتنخوازانەوە دوور نەبوو، بگرە مامۆستا پێشکەوتنخوازەکانی خۆی،بەو نموونەیە دەزانین کەچاویان لێبکات و پشتیوانی لێدەکردن. ئەوەبوو لە مایسی ساڵی ١٨٢٧دا بەهۆی ڕاپۆرت و ئیخباری جاسووسانەوە، یەکێک لەمامۆستاکانی بەنێوی ((بیلائوسف))ەوە،لە سەر ئەوەی گوایە لەپۆلدا بیر و باوەڕی ئازادیخوازی ، دژی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی لە ناو قوتابیەکاندا بڵاو دەکردەوە درا بە دادگا. کاتێ کە گۆگۆڵ بانگ کرا، تا شایەتی دروستی ئەو تۆمەتە بدات کە ئاڕاستەی بیلائوسف کرابوو، زۆر مەردانە لایەنی مامۆستاکەی گرت و ئەمە بووە مایەی توورە بوونی ئیدارەی قوتابخانەکەو مامۆستا کۆنە پەرستەکان و ئیدی کارمەندانی دەزگای پۆلیس لێی چوون بەقیندا.

دوا ساڵی گۆگۆڵ لە قوتابخانەی زانستە باڵاکاندا زۆر زەحمەت و دژوار بوو، کەش و هەوای قوتابخانەکە زۆر ناخۆش بوو، نمونەیەک بوو لە هاماج و کەش و هەوای سیاسی سەرانسەری وڵات، بیری

دیموکراتیانەی ئازادی خوازی کەوتە نەدیوی، گەر کەسێک دژایەتی سیستەمی کۆیلایەتی بکردایە لە سووچی ڕەشچاڵان توند دەکرا، گۆگۆڵ، بەقازانجی ( (بیلائوسف))ی غەزەب لێگرتە شایەدی دابوو، ملی بۆ هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئیدارەی قوتابخانە نەدا وچونکە یەکێک بوو لە داشدارانی ئەوکەسانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتیان دەکرد، ئیدارەی قوتابخانەکە وای پەسەند کرد کە هەموو هەڵس وکەوت و جم و جۆڵێکی بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. ئیدی گۆگۆڵ ئەم دژایەتیە بێدەنگەی زۆر لەبەر گران دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر گۆشەگیر دەبێت. تاقە شتێک کە دڵ خۆشی خۆی پێدەدایەوە ئەوە بوو بڕوات بۆ پترسبۆرک و لەوێ کار بکات، کە فیسوتسکی هاوڕێی لە پێش ئەودا چوو بوو بۆ ئەوێندەر و لەنامە زۆرەکانی نیوانیاندا، بەردەوام هانی دەدا، کە ئەویش بۆ ئەوێندەر بڕوات.

گۆگۆڵ، بەتەواوەتی ڕووی کردە ئەدەب، بەتاسەو ئەشقێکی گەورەوە پوشکینی دەخوێندەوە. چەند چامەیەکی شیعری نوسی، کە لەلایەن هاوڕێ قوتابیەکانیەوە، بەگەرمی پێشوازی کران، لەوانە : "گواستنەوە بۆ ماڵەگەورەکە" کە گۆگۆڵ لەوێدا گوزارشت لەو گیانی ڕەشبینییە دەکات کە بەسەریا زاڵ بوو، "هانس خلیگارتن" کە لێرەدا هەست و نەست و، باری سەرنجەکانی خۆی دەربارەی دونیای دەوروبەری ئەوسای خۆی، وێنە گرتووە.

گۆگۆڵ ، لە هاوینی ساڵی ١٨٢٨ دا خوێندنی تەواو کرد و بۆ گوندە خۆشەویستەکەی خۆی گەڕایەوە و ماوەیەکی کورت بەلای دایکیەوە مایەوە و ئەوسا کەوتە خۆکۆکردنەوە، تا سەفەری مەڵبەندی خەونەکانی ، واتە پترسبۆرگ بکات. دیارە مەسەلەی ئەم سەفەرە بۆ خۆی و بۆ خانەوادەکەی زۆر قورس و بەسوێ بوو، جارێ پارەیەکی زۆری دەویست کە بە دایکی گۆگۆڵ، لەو کاتی دەستکورتییەدا هەڵنەدەسوڕا، بۆیە ناچار قەرزی کرد تا دەستێک جلی تازەو باشی بۆ بە دروون بدات، ئەوەندەی پارە بداتێ کە بەشی خەرجی چەند ڕۆژێکی ئەوێی ، واتە پایتەختی بکات.

((٣) )

گۆگۆڵ لە گەڵ سەرەتای ساڵی ١٨٢٩دا لەگەڵ دانیلیفسکی هاوڕێیدا بەرەو پترسبۆرگ کەوتەڕێ . کە یەکەمجار خۆی بەم شارە گەورەیەدا کرد، لە هەوەڵەوە تووشی سەرسامیەکی ئاوێتە بە حەپەسان و لە هەمان کاتدا شادمانی بوو، نیوەی بەدەنی لەو عەرەبانەیەوە کە سواری بوو بوو، دەرهێنابوو، چاوی بەتەلار و کۆشکە جوانەکان و جادەو شەقامە بەرین و قەرەباڵغ و جەنجاڵەکانی زاخاو دەدا، بێ ئەوەی خۆی لە سەرما بەترەفەکەی بپارێزێت، لەوەوە تووشی با پەڕێک بوو کە تا کۆتایی تەمەن لە کۆڵی نەبۆوە. گۆگۆڵ بەچەند ڕۆژێ دوای ئەوەی کە گەییە پترسبۆرگ، هەستی کرد ژیانی ئەوێ لە چاو ژیانی سادەی کۆمەڵگەی جووتیاریدا، یەجگار دژوار و قورسە ، لەوێ پارە دەوری سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا

دەگێڕێت،هیچ حسابێک بۆ بەهاو هەستە مرۆڤانیەکان ناکرێت ،ئەوە بوو گۆگۆڵ لە نیوەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢٩دا ،نامەیەکی بۆ دایکی نارد ،کە دەڵێت :

*"ئەم پترسبۆرگە، ئەو پترسبۆرگە نیە کە جاران وێنام دەکرد. ئەوەی من وێنام دەکرد زۆر جوانتر و لە بەر دڵان تر بوو. ئەوەی خەڵکی دەربارەی ئەم شارە دەیانگووت هەمووی درۆی رووتە."* ئیدی باسی گرانی خواردن و کرێی ژووره بچوکەکەی بۆ دایکی دەگێڕێتەوە. ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە کە ناچێتە تەماشای شانۆ ، چونکە چوونە شانۆ لە توانای ناچیزی گیرفانی ئەودا نییە.

ئیتر گۆگۆڵ لە سوچێکی شاری پترسبۆرگدا، ژوورێکی هەرزان بایی بەکرێ دەگرێت و لەوێندەر دەگیرسێتەوە ،گەرەکێک بوو پڕ لە خەڵکانی عەوام ،پڕ لە دوکانی پیشەوەران. پڕ لەهەراو زەنای فرۆشیاران و ژاوەژاو . بۆیە گەلێک لەو نموونانەی کە لەو ماوەیەدا دیتبوونی و لە ناویانا ژیابوو، بەزەقی لەبەرهەمە ئەدەبیەکانیدا ،واتە لە چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەکانیدا ، بەرجەستەبوون و وێنە گیراون . نەک، هەر کەسەکان، بەڵکو شوێنەکانیش بە دەقی خۆیانەوە لە یادگەیدا مابوونەوە، لە کارە ئەدەبیەکانیدا، بەتایبەتی لە چیرۆکەکانیدا بەوردی وێنە گیراونەتەوە.  ژیان لە شارێکی گەورەی وەک پترسبورگ بەهەموو تەنتەنەو سەنسەیەکەوە: دوکان و جامخانەی رووناک و ڕەخشانی و قاوەخانەی جوانی، شانۆی ڕەسەنی ..هەر هەموو ئەمانە لە سەرووی توانای گەنجێکەوە بوون، کە خووی بەژیانی سادەی جوتیارییەوە گرتبوو، ژیانێک کە پارە تیا هەموو شتێک نەبوو. بۆیە گۆگۆڵ کاتێ کە پارەی پێ نەما، ناچار بوو بەبرسێتی و نەداری و کولە مەرگی بژی، دایکە پیرەکەشی لەوە نەدارتر بوو کە ژیانی بۆ دابین بکات، تەنیا ئەوەندەی لە دەست دەهات ناو بە ناو پارەیەکی کەمی بۆ بنیرێت.

گۆگۆڵ پەیتا پەیتا ڕوو بە ڕووی ناکامی دەبۆوە، جاران خەونی بەوەوە دەبینی کە پێگەیەکی گەورە لە نێو کۆمەڵگەدا بەدەست بێنێ، بەڵام ئەو ئاواتەی وردە  وردە  بەرەو ئاوابوون دەچوو. بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش ئومێد بڕ نەبوو، ئیدی دەرفەتی ئەدەبی لەبەر دەمدا مابوو، تا بەختی خۆی لەو وارەدا تاقی بکاتەوە .

گۆگۆڵ بڕێک پارەی لە دانیلیفسکی هاوڕێی قەرز کرد و دوا پولی گیرفانی خۆشی خستە سەرو، لە هاوینی ساڵی ١٨٢٩دا ئەو چامەیەی لە شێوەی کتێبێکی وێنەدارا پێ چاپ کرد کە لەسەر دەمی قوتابیەتیدا بە ناونیشانی"هانز کیو خلیگارتن" نووسی بووی. گۆگۆڵ، لە ترسی ئەوەی نەبا فەشەل بێنێ ، ناوی ئاشکرای خۆی لەسەر دانەنا ، نەگبەتی بەرۆکی بەر نەدەدا ، بۆیە بەناوی خوازراوی: ف. ئالوف چاپ و بڵاوی کردەوە. پێشبینیەکەی لە جێی خۆیدا بوو، دوای یەک مانگ لە نیگەرانی و چاوەڕوانی، گۆگۆڵ هیچ چارێکی نەما تەنیا ئەوە نەبێ هەموو نوسخەکان کۆبکاتەوەو بیان سوتێنێ. ئەمە یەکەمین

جار بوو کە یەکەم  بەرهەمی خۆی بسوتێنێ. ئەم ناکامیە زامێکی وای خستە دڵیەوە کە لە ساڕێژ بوونەوە نەدەهات، گیرفانی بەجۆرێ بەتاڵ کردەوە کە لە قەرەبوو کردنەوە نە دەهات، ئیدی ئیحتیاج بە چایەک بوو، ئەگەر حەزی بە چایەک بوایە دەبوو قەرزی بۆ بکات. ناچار لە کارێک دەگەڕا،تا لە برسا نەمرێ. بۆچی لە مەیدانی شانۆدا، کە لە منداڵیەوە حەزی لێدەکرد خۆی تاقی نەکاتەوە؟ گۆگۆڵ بیری کەوتەوە کاتێ کەلەسەر شانۆی قوتابخانەی زانستە باڵاکاندا، دەوری گرنگی دەبینی، چۆن پێشوازی و ئافەرین دەکرا. لە یەکەم هەوڵدا، زۆر خراپ لە لایەن بەڕێوەبەری شانۆ تزاریەکانەوە ،دەرکرا. ئیدی هیچ چارێکی نەما، تەنیا ئەوە نەبێ کە پەنا وەبەر خزمە دەوڵەمەندەکەی، واتە تروشینسکی ببات، کە حەزی دەکرد خۆی لە داواکاری ئەم کورە ناکامە ڕزگار بکات، ئیدی کارێکی قەڵەمی کەم دەرامەتی ئەوتۆی بۆ پەیدا کرد، کە بەشی دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی نەدەکرد.   تاڵاوی ناکامی ئەدەبی دەمی بەر نەدەدا، بەڵام شتێک لە ناخی ناخیەوە ، بۆکاری ئەدەبی هانی دەدا، فەسڵێک لە ڕۆمانێک بەناونیشانی "بەرازیکی کێوی ترسناک" لە" ڕۆژنامەی ئەدەبی"دا بە ئیمزاو ناوی (ب. گلیتشیک) بڵاوبووەوە کە ئەمە ناوی گۆگۆڵ بوو وبە هیچ کەسێک و تەنانەت بەنزیکترین هاوڕێی خۆشیی نەگوتبوو.

گۆگۆڵ، کە ئەو بەرهەمانەی دەخوێندەوە کە لەلایەن هەندێ ئەدیبی بەنامێی ئەو سەرو بەندەوە بڵاو دەکرانەوەو بەئاستەم سروەی ژیانیان تیا نەبوو، قێزی دەبووەوە. باشە بۆچی نەیەت هەندێ بابەتی چیرۆکڤانی لەو حیکایەتە فۆلکلۆریانەوە کە عەوامی خەڵک دەیانگێڕایەوە هەڵێنجێت و نەفەسێکی زیندوویان پێ ببەخشێت و شەقڵێکی تەنز ئامێز و خەیاڵ ئەنگێزیان لێ بار بکات وخۆی لە کتێبێن وشک و مردو دوور بگرێت.

گۆگۆڵ بەو جۆرە و بەو نەفەسەوە دەستی بەهەوڵی نووسینی "ئێوارانی نزیک گوندی دیکانکا" کرد. گۆگۆڵ، زۆر دڵبەند و شیفتەی پوشکین بوو، زۆری حەز دەکرد ناسیاوی لەگەڵ ئەم شاعیرە مەزنەدا پەیدا بکات. ئەو ئاواتەی هاتە دی و وای لێهات هەندێجار دەیبینی و هەندێجاریش پیاسەی دەگەڵدا دەکرد. گۆگۆڵ، وێڕای ئەوەی زۆر دڵبەندی پۆشکین بوو، شەرمیشی لێدەکرد. ئیدی لەم دیدارانەدا پۆشکین هەم ڕێنوێنی و ئامۆژگاری گۆگۆڵی دەکرد و هەم هانی دەدا. ئیدی گۆگۆڵ بەرەبەرە زاتی ئەوەی پەیدا کرد کە" ئێوارانی نزیکی گوندی دیکانکا" بدات بە پوشکین، تا بیخوێنێتەوەو ڕای خۆی لەبارەیەوە بڵێت، کە زۆری بەدڵ بوو. ئەوە بوو لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣١دا بەشی یەکەمی ئەم بەرهەمە چاپ و بڵاوبۆوە و لە ناوەندە ئەدەبیەکاندا دەنگی دایەوە و بووە مایەی ستایش و ڕەزامەندی ڕەخنەگران و ئەدیبان، لە سەرووی هەموویانەوە جۆکۆفسکی (٦).

گۆگۆڵ لەوە دەرچوو کە فەرمانبەرێکی چەوساوە بێ و بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی کۆمەکی دایکی بکات. یان منەتی خزمە دەوڵەمەندەکەی هەڵبگرێت ، بەڵکو بوو بە کەسایەتییەکی ئەدەبی ناسراو.

گۆگۆڵ لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣٤دا ، بەوەزیفەی یاریدەدەری پرۆفیسۆر، لە زانستگەی پترسبوگ دەست بەکار بوو وکەوتە وتنەوەی دەرسی بابەتی" مێژووی سەدەکانی ناڤین " زۆربەی خوێندکارەکان، دەرس و وانەکانی گۆگۆڵیان پێخۆش بوو، چونکە بەشێوازێکی شاعیرانە بابەتەکەی دەوتەوە و زۆر بەجدی و جۆش و خرۆشەوە بابەتەکەی ئامادە دەکرد و پەیگیری دەکرد. بەڵام ئەم جدیەت و گەرم و گوڕیە زۆری نەخایاند، زوو لە کارەکەی بێزار بوو، سارد بۆوەو وەکو پێویست پەیگیری بابەتەکەی نەدەکرد، ئیدی دەرسەکانی بوون بە بابەتی ڕابواردنی خوێندکارەکان و مایەی بێزاریان. هەمدیس خولیای داهێنانی ئەدەبی کەوتەوە سەر، لە کۆتایی ساڵی ١٨٣٥دا وازی لە دەرس وتنەوە هێنا. ئیدی گۆگۆڵ لەو سەروبەندەدا، کۆمەڵێک کاری ئەدەبی نووسی کە دیارترینیان چیرۆکی "تاراس بولبا"بوو، کە داستانێکی نەمرە دەربارەی قارەمانییەتی گەلی قەفقازی سادەو ساکار، کە لەپێناوی ئازادی و خاکی خۆدا دژی داگیرکەرانی پۆڵاندی دەخەبتن. گۆگۆڵ، قارەمانیەتی ئەم گەلە، لەشەخسی ڕابەری ڕاپەڕینەکە،"تاراس بوڵبا"دا بەرجەستە دەکات، کە پیاوێکە دڵسۆز و لە خۆبردوو، لەپێناوی گەلەکەی خۆیدا، کۆ لە هیچ قوربانیەک ناکاتەوە، تەنانەت سڵ لە کوشتنی کوڕەکەی خۆیشی ناکاتەوە کە بەهۆی خۆشەویستی کیژێکی دژمنی داگیرکەرەوە،خیانەت لە دۆزە پیرۆزەکەی خۆی دەکات.

گۆگۆڵ، جگە لە "تاراس بوڵبا" دوو چیرۆکی دیکەشی لە ژێر سەرناڤێن " دەرەبەگانی ڕەسەن" و "چۆن ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دەگەڵ ئیڤان نیکیفورفیچ دا بەشەڕ هات " نووسی و هەردووکیانی لە یەک کۆچیرۆک دا بە ناوینشانی "میرگورود " لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٥دا چاپ و بڵاو کردەوە. کۆ چیرۆکی "میرگورود" لە لایەن ناوەندە ئەدەبییەکانەوە، بەگەرمی و ستایشەوە پێشوازی کرا، بەتایبەتی لەلایەن گەورە ڕەخنەگری پێشکەوتنخواز بیلینسکییەوە (٧) ،کە زۆری بە چیرۆکی "تاراس بۆڵبا" دا هەڵداو دەگەڵ ئیلیادەی هومیروس (٨) دا بەراوردی کردووە؛ چونکە چیرۆکێکە بە وردی و دروستی وێنەی ژیانی گەلی قوقازی گرتووە ، بەشێواز و ستایلێکی شاعیرانە هاتووەتە نووسین و پڕە لە دیمەن و تابلۆێن ئەدەبی جوان و ، هونەریانە بە قوڵایی گیانی قوقازیەتدا ڕۆچووە.

ئەو برسێتی و نەدارییەی کە گۆگۆڵ لە ماوەی مانەوەیدا لە پتر سبۆرگ،چەشتی، بوو بە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی چیرۆکی "شەقامی نیفسکی" کە وێنەی ژیانی هونەرمەندێکی ڕەسەن دەگرێت، کە چۆن جیاوازی چینایەتی باوی ئەم شارە گەورەیە پایە ماڵی دەکات. بەڵام فەرمانبەرێکی خۆپەرستی خوێڕی، دەرگای پێشکەوتن و دەوڵەمەندی بۆ دەخرێتە سەر گازی پشت. ئیدی یارۆی هونەرمەند، قارەمانی

چیرۆکەکە، پاش ئەوەی بە تەواوەتی لە کۆنە پەرستیەتی دابە کۆمەلآیەتیەکان و دژواری و ستەمکاری هەل ومەرجە ئابووریەکان، وەڕەز و بێزار دەبێت، خۆی دەکوژێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. گۆگۆڵ، هونەرمەندانە، تابلۆیەکی پڕ لە ڕاستگۆیی سەبارەت بەناشتنی ئەم مرۆڤە هەژارو بێنەواو نەبووە دەکێشێت، کە چۆن هیچ کەسێک گوێ بەمردنەکەی نادات. چیرۆکی "شەقامی نیفسکی " هەڤدژی و ناکۆکیەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی ڕووسیای تزاری، لەو سەر و بەندەدا بەرجەسستە دەکات، کە کۆنەپەرستیەتی سەردەمی نیکۆلا، لە حاڵی گەشەو نەشە و هەڵکشاندا بوو، وخێر و چاکە لە پاشەکشەدا بوو وڕۆژ ڕۆژی گەوجیەتی و چاو چنۆکی و خۆپەرستی بوو.

هەڵبەتە سانسۆر لە گۆگۆڵ چوون بەقینا ،چونکە ئەو فەرمانبەرە تزارییەی بەو شێوە نەنگین و سووکە وێنە گرتبوو، بۆیە بڵاو کردنەوەی چیرۆکەکەیان قەدەغە کرد، بۆیە گۆگۆڵ، ناچار بوو، بڕێک دەستکاری شەخسیەتی فەرمانبەرەکە بکات. بیلینسکی زۆری بەشان و باڵی توانای هونەری دەگمەنی گۆگۆڵ دا هەڵدا، کەسایەتی فەرمانبەرەکەی بەوێنەیەکی هونەری نایاب دەزانی و بەو کالآیەی دەشوبهاند،کە لەقەد بالآی هەزاران فەرمانبەری کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی تزاری بوو.

گۆگۆڵ ،هێندەی دی ڕقی لە دەسەلآت داران و دەسڕۆیانی کۆمەڵگەی تزاری هەستا، بۆیە هات چیرۆکی "لووت"ی نووسی تا هەرچی تەوس و توانجی کوشندە هەیە، بەسەر ئەو هەلپەرست و بەرژەوەند خوازانەدا بڕێژێت کە لە سەردەمی حوکمڕانی کۆنە پەرستانەی نیکۆلادا، کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. گۆگۆڵ، لەم چیرۆکەیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پایەو ڕواڵەت، دوو کۆڵەکەی سەرەکی  دام و دەزگای حوکمڕانی تزارییەو، جەوهەرو کرۆکی ئینسان هیچ نرخ و بایەخێکی نیە.

هیچ کەسێک زاتی نەکرد ئەم چیرۆکە بڵاوبکاتەوەو بیگەیەنێتە دەستی خوێنەران، تەنیا پوشکین نەبێ کە دوای کێشماکێش و ململانێیەکی دوور و درێژ لەگەڵ سانسۆر و هەندێ سووکە دەستکاری لە چیرۆکەکەدا، لە گۆڤارەکەی خۆیدا "سەردەم" بڵاوی کردەوە.

گۆگۆڵ، کە چووە پترسبۆرگ. لە هەوەڵەوە خووی دایە  ڕەسم و نیگارکێشی، تێکەڵ بە نیگارکێشان بوو، بۆیە دەبینین لە چیرۆکی "وێنە" دا وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ژیانی وێنەکێشێک دەگرێ. کە دەستەبەرداری پرەنسیپە هونەریەکانی خۆی دەبێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە هەڵپەی قازانج و شۆرەت. بەلآم لە کۆتاییدا دوای ئەوەی هەڵپەی پارەو دارایی بوو بە پرەنسیپ و ئامانجی ژیانی ،هەم بەهرە هونەرییەکەی و هەم ژیانی خۆیشی لە دەست دەدات.  گۆگۆڵ، باوەڕی تەوای بەوە هەبوو کە هونەر هێزێکی ئەفسوناوی ئەوتۆی تیایە کە دەتوانێت خەڵکی پەروەردە بکات و بەرەو جوانی و مرۆڤ دۆستی و هەق پەروەریان ئاڕاستە بکات. گۆگۆڵ، لەو چیرۆکانەیدا کە باسی ژیانی هەژاران و چەوساوان دەکات،

زۆر بەقوولّی، ڕەخنە لە کۆمەڵگەی تزاری و ناکۆکیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێت، باشترین نمونەش چیرۆکی "پاڵتۆ" و "یادەوەریەکانی شێتێک"ە. گۆگۆڵ، چیرۆکی "وێنە" و "یادەوەریەکانی شێتێک " و "شەقامی نیفسکی" لە کۆ چێرۆکێکدا، بەناونیشانی "ئارابیسک" دا چاپ و بڵاوکردەوە.

((٥))

وەشانکارەکان، لە چەوساندنەوەی نووسەرەکان نە دەپرنیگانەوە. لە بری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیاندا. پارەیەکی زۆر کەمیان دەدانێ. ئەم ڕەفتارە، بەڕاستی دەگەڵ گۆگۆڵدا کرا، کە بە تەمابوو لە بری چاپی هەردوو کۆ چیرۆکی: "مێرگورود" و "ئارابیسک" پارەیەکی باشی بدەنێ، کەچی بەپێچەوانەوە دەرچوو، برە پارەیەکی زۆر کەمیان دایە و کار گەییە ئەوەی کە لە ئاتاجی و نەبوونیدا، شان بداتە بەر کارکردن تا بژێوی خۆی دابین بکات. جارێک باسی دەست کورتی و نەبوونی خۆی بۆ پۆشکین دەکات و داوای لێدەکات کە ڕووداوێکی دەگمەن یان حیکایەتێکی کۆمیدی یا هەر نوکتەیەکی بۆبگێرێتەوە ،تا بیکا بە چیرۆک و پاداشتێکی پێ وەر بگرێت. ئەوە بوو ڕوداوێکی ڕاستەقینەی بۆ گێرایەوە کە پاشان گۆگۆڵ، کردی بە هەوێن و ئامیانی شانۆنامە بە ناو بانگەکەی " جەنابی موفەتیش "

گۆگۆڵ، زۆر بەجدی و شێلگیرانە کەوتە نووسینی ئەم شانۆنامەیە، هەرچی کاری دیکەی هەبوو،هەمووی دواخست. ئەنجام ئەوەبوو ،شانۆنامەکە ئەوەندە جوان و سەرکەوتوانە هاتە دەستەوە، کە گۆگۆڵ، بەخۆیشی وێنای نەدەکرد و لەو بارەیەوە دەڵێت : "بڕیارم دا هەرچییەک دەربارەی تێکڕای خراپی و گەندەڵیە باوەکانی ئەوسای ڕووسیا دەزانم، هەموو ئەو زوڵم و زۆرانەی لە سەرانسەری وڵات دا دەکران، یان ئەو حاڵەتانەی بەر لە هەموو شتێک پێویستیان بە عەدالەت هەبوو هەر هەمووی لە قاو بدەم و جارێک و لە یەک شوێندا هەڵبرێژم و هەموو شتێک بێ هیچ جیاوازییەک بخەمە بەر تەوس و تەشەران ".(٩)

هەڵبەتە زەحمەت بوو سانسۆر، ڕێگەی بڵاو بوونەوەو پیشاندانی ئەم شانۆنامەیە بدات، بۆیە گۆگۆڵ، هەموو هێزو توانایەکی خۆی خستە گەر بۆ ئەوەی شانۆنامەی ناڤبری، بڵاوبێتەوە. ئەوەبوو جۆکۆفسکی بە هانایەوە هات و لەلای خودی تزار نیکۆلای یەکەم باسی ناوەڕۆکی شانۆنامەکەی کردو تێی گەیاند کە کۆمیدیایەکی ئاسایی و دوور لە هەر غەرەزێکە. ئەوە بوو بە ڕەزامەندی خودی تزار، سانسۆر مۆڵەتی داو لە ١٨٣٦/٣/١٢ دا بڵاو بوەوە و پاشان لە ١٨٣٦/٤/٣٠ دا لە سەر شانۆی ئەلسکاندرینسکی لە پترسبۆرگ ، پێشکەش و نمایش کرا.

تزار و دەست و پێوەندەکەی، لە وەزیران و فەرمانبەران و سوپاییان، لەیەکەم نمایشی شانۆنامەکەدا ئامادە بوون، هەروەها دیارترین ئەدیبانی ئەو ڕۆژە، لە یەکەمین نمایشی شانۆنامەکەدا ئامادەبوون، لەوانە کریلوف (١٠) ،جوکوفسکی، فیازمسکی(١١)، پوشکین و جەماوەرێکی تەماشاڤانی هێندە زۆر ئامادە بوو بوون ، کە لە دالان و ڕاڕەوەکانی ئەو شانۆ گەورەیەدا جێگەیان نەدەبۆوە. بەرەبەرە بەدەم نمایشی شانۆنامەکەوە، گەورە فەرمانبەران و دەم سپی و خودان میدال و نیشانان، سات بە سات پتر ڕقیان لە شانۆنامەکەو نووسەرەکەی هەڵدەستا ، بەڵام زاتیان نەدەکرد لە حزووری خاوەن شکۆ تزاردا، کە هەوڵی دەدا خەمسارد و بێ موبالات خۆی بنوێنێ، هیچ کاردانەوەیەک دەرببڕن، گۆگۆڵ، بەڕادەیەک پەردەی لە ڕووی گەندەڵی و گەوجێتی و ساختەکاریەکانی دام و دەزگای ئیداری تزاری هەڵماڵی، کە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا تزار بەدەم هەستان و ڕۆیشتنەوە گوتی : " تەحا لەم شانۆ نامەیە کەسی نەبواردووە، بە هەمووانی کردووە ، من لە هەمووان زیاتر." برێک لەو دەرەبەگە ناودارانەی ڕووسیا کە شانۆنامەکەیان دیتبوو، پێیان وابوو کە دەبێ گۆگۆڵ، کۆت و زنجیر بکرێت و ڕەهەنەی سیبریا بکرێت.

ئەم شانۆنامەیە، چینی فەرمانڕەوا و دەست و پێوەندەکانی تووڕە کرد، گۆگۆڵ، وێڕای پیرۆزبایی و دەست خۆشی پوشکین و فیازمسکی و گەورە ئەدیبانی دیکە، لە دڵەوە ئەمەی پێناخۆش بوو. ناوەندە ئەدەبییە کۆنەپەرستەکان زۆر بەتوندی هێرشیان کردە سەر ئەم شانۆنامەیە،بۆیە گۆگۆڵ، هەرچەندە لەلایەن ڕەوتی ڕەخنەی پێشکەوتنخوازەوە ،لە سەرووی هەموویانەوە بیلنسکی، پێشوازی گەرم لەم شانۆنامەیە کراو، دەست خۆشی لە نووسەرەکەی کرا، بڕیاری دا لە پترسبۆرگ دوور بکەوێتەوە. گۆگۆڵ ، دوای ئەم شەپۆلە ڕەخنەیە، پوشکینی بینی و گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوەو گوتی : " ماندووم، لە ڕووی بەدەنی و دەروونیەوە ماندووم، باوەڕ ناکەم کەس ئەم ئازارەی منی چەشتبێ. شانۆنامەکەم زۆری بێزار کردووم. دەمەوێ سەری خۆ هەڵگرم، بۆ شوێنێ هەڵێم، هەر خوا خۆی بیزانێ، سەفەری ئەم جارەم-کەشتی و دەریاو ئەو شتانە دەبێت — هەر ئەوە دەتوانێت ڕوحم ببوژێنێتەوە" (١٢).

گۆگۆڵ لە نیوەی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٦ دا سەفەرێکی دوور و درێژی بۆ هەندەران کرد، لە هامبۆرگەوە بۆ فرانکفۆرت بۆ بادن بادن و لەوێوە بۆ جنێف و پاشان بۆ پاریس ڕۆیی. گۆگۆڵ ، لە وێ هەواڵی کوژرانی پۆشکینی بیست، ئەم هەواڵە کارێکی وای تێکرد کە نەخۆش کەوت ونزیکەی هەفتەیەک لە جێگادا کەوت. دوای ئەوە گۆگۆڵ،لە پاریس دا هەڵی نەکرد وبلەز بەرەو ڕۆما ڕۆیی. گۆگۆڵ ژیانی سیاسی ڕۆمای بەدڵ نەبوو، هەرچەندە چوونی بۆ ڕۆما،ڕێکەوتی ئەو سەرو بەندەی کرد،کە بزافی نیشتیمانپەروەری ئیتاڵیا دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا،لە گەشەو نەشە و هەڵکشاندابوو، بەڵام کلێسای کاتولیک باڵی ڕەشی بەسەر وڵاتدا کێشا بوو،پاپا گریگۆری شازدەیەم پشتیوانی لەو زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیە دەکرد کە هێزە داگیرکەرەکانی نەمسا لە گەلی ئیتاڵیایان دەکرد .

کەش و هەوای ڕۆما لە رووی تەندروستیەوە بۆ گۆگۆڵی لەش بەبار زۆر لە بار بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش نەیدەتوانی ئیش لە سەر ئەو کارە ئەدەبیە بکات کە بەڵێنی بە پۆشکین دابوو کاری لەسەر بکات. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە دوای کوژرانی پۆشکین تووشی ڕەشبینی و نائومێدیەکی ترسناک بوو بوو. ئیدی گۆگۆڵ، زۆری بیر لە چارەنووسی خۆی و ئەوە دەکردەوە کە ئایندە چی بۆ حەشار داوە.

هەرچەندە لە ڕۆمادا تا ڕادەیەک هەرزانی بوو و لە ڕووی مەسرەفەوە زۆر لە پاریس باشتر بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش پارەیەکی زۆری دەویست، گۆگۆڵ، دوای ئەوەی گیرفانی دایە کزی، بەو ئاوایە بیری دەکردەوە. گۆگۆڵ، لە ڕووسیادا، نەبوونی و برسێتی جەڕپاند بوو، بەڵام لێرە لە ئیتاڵیا، ژیان بەبێ پارە نەدەگوزەرا، بەتایبەتی بۆ ئەو کە نەخۆش بوو وپێویستی بە مالیحە و دەرمانی بەردەوام بوو. ئەمە ناچاری کرد کە نامە بۆ جوکوفسکی هاوڕێی خۆی و هاوڕێی پوشکین بنوسێت و باسی نەداریی خۆی بۆ بکات ،"جوکوفسکی" ش ئەو پەڕی هەوڵی خۆی لەلای تزار خستە گەڕو بەخششێکی دارایی بۆ وەرگرت کە گۆگۆڵ زۆری پێویست بوو.

گۆگۆڵ، هەستی دەکرد،ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی خراپتر دەبێت، بۆیە لە سەر ڕاسپاردەی دکتۆران چوو بۆ شاری بادن بادن، کە گەڕاو و سەرچاوەی ئاوی مەعدەنی  لێ بوو و بۆ چاری نەخۆشیەکەی ئەو پێویست بوو. بەڵام لەوێ نەحەوایەوە و هەرکە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٨٣٨ دەرکەوت بلەز بۆ ڕۆما گەڕایەوە، ماوەیەک لەوێندەر مایەوە و بێهودە هەوڵیدەدا ئیش لە ڕۆمانە تازەکەی بکات، بەڵام پێدەچوو، شتێک لە ناخەوە هانی بدات کە بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە.

گۆگۆڵ، لە پایزی ساڵی ١٨٣٩دا بۆ ڕووسیا گەڕایەوە، هەرکە گەیشتەوە مۆسکۆ،نووسی: "سەیرە! خودایە ڕووسیا بەبێ پۆشکین ،چەندە غەریبە!"

گۆگۆڵ ، بیلنسکی ڕەخنەگری دیموکراتی ، تەنیا لەسەر لاپەڕەی گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بینی بوو، کە زۆر دڵبەندی وتارەکانی بوو، دوای ئەوەی لە سەفەرەکەی گەڕایەوە لەو ماوەیەدا کە لە پترسبۆرگ دەبێ ، گۆگۆڵ جارێک دەعوەتی ئەدویفسکی(١٣) شاعیر دەبێت، لەوێ بیلنسکی لە نزیکەوە دەبینێ و زۆر دڵبەندی ئەقڵیەت و لۆژیکی ئەو پیاوە دەبێ. بەڵام بیلنسکی ڕاو بۆچونی خۆی دەربارەی گۆگۆڵ، لە نامەیەکدا بۆ ئەکساکۆفی(١٤) هاوڕێی هاوبەشی هەردووکیان دەردەبرێت و دەڵێت :" *سڵاوم بە گۆگۆڵ بگەیەنە، پیی بڵێ کە من وەکو ئەدیب و وەکو مرۆڤ خۆشم دەوێ، ئەو چەند دەقیقەیەی کە لە پترسبووگ دا لە گەڵیم بەسەر برد ،خۆش بوو."*

گۆگۆڵ ،زۆر نیگەرانی ڕەوشی دارایی خۆی بوو، لەو ماوەیەدا زۆری پێویست بە پارە بوو، بەتایبەتی کە دەبوایە بۆ ئیتاڵیا بگەڕێتەوە. گۆگۆڵ، هەوڵیدا مافی چاپ کردنی بەرهەمەکانی بە وەشانخانەکانی پترسبۆرگ و مۆسکۆ بفرۆشێت. بەڵام ئەوانە چونکە هەستیان دەکرد، زۆری پێویست بە پارەیە دەیانویست ئەم هەلە بقۆزنەوەو کەمترین پارەیان پێشنیار کرد، بۆیە ناچار بوو لە گەڵیاندا ڕێک نەکەوێت. گۆگۆڵ، وەکو هەموجارێک کە دەکەوتە تەنگانەی داراییەوە، نامەیەکی بۆ جوکوفسکی دۆستی ناردو باسی ڕەوشی خراپی دارایی خۆی بۆ کردو داوای لێکرد بڕی چوار هەزار ڕۆبڵی بە قەرز بداتێ و بەڵێنی دایە کە لە زەرفی یەک دانە ساڵدا ، قەرزەکەی بداتەوە،" ئەگەر نەخۆشی مەودای بدات و مەرگ بەرۆکی نەگریت " ئەوا لەماوەی ئەو ساڵەدا ڕۆمانە تازەکەی تەواو دەکات.

دوای ماوەیەکی کەم گۆگۆڵ ، وەڵامی دڵخۆشکەری وەرگرتەوە،جوکوفسکی ئەو بڕە پارەیەی بۆ پەیدا کرد کە داوای کردبوو . ئیدی هەموو شتێک بەدڵی گۆگۆڵ بوو! بڕیاری دا ئاهەنگی لە دایک بوونی خۆی بگێڕێت، کە وا ڕاهاتبوو دۆستانێکی زۆر لەو بۆنەیەدا دەعوەت بکات، دوای ئەوە سەفەری ڕۆما بکات.

ژمارەیەکی زۆر لە گەورە هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی ئەو سەرو بەندە، کە یەکێک لەوانە شاعیری گەورە لیرمانتوفی (١٥)-خەلیفەی پوشکین-بوو، ئامادەی ئاهەنگی نێوبراو بوون . لیرمانتوف، لەوێدا بەیتە شعریە جوانەکەی خۆی "متسیری" خوێندەوە و بووە مایەی دڵبەندی و ستایشی گۆگۆل، کاتێ لیرمانتوف لێی پرسی : "بیستوومە دیسان بەتەمای سەفەری" گۆگۆڵ بە کەسەرەوە بەر سڤی دایەوە : *" بەڵێ پێویستیم بە گۆشەگیری و ئارامیە. بە ڕاستی لە ڕووسیادا غەریبم !من حاڵی حازر لە جەرگەی ڕووسیادا دەژیم، بەڵام تەقریبەن نایبینم، هەر هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەیانبینم ، باسی ئەورووپا و ڕوداوەکانی ئەورووپا دەکەن، کەس باسی ڕووسیا و ڕوداوەکانی ڕووسیا ناکات ."*

بەیانی ١٨٤٠/٥/٢٩ گۆگۆڵ سواری گالیسکەیەک بوو لە مۆسکۆوە بەڕێکەوت و هەندەران خۆت بگرە وا هاتم، کۆمەڵێکی زۆر بە گەڵی کەوتن تا بەڕێی بکەن. لە دەرێی مۆسکۆ، لە سەرگردێک کە دەیڕوانیە مۆسکۆ، تەوقەی دەگەڵ ئەو دۆستانەیدا کرد کە هاتبوونە ، بەڕێکردنی ، پاشان دانەویەوەو بە چاوانی فرمێسک بارەوە خاکی نیشتیمانەکەی ماچ کرد.

گۆگۆڵ دوای سەفەرێکی دوورو درێژ گەییە شاری ڤێنا. لەوێ هەستی کرد کە تین و تاوی گەنجێتی بۆ جەستەی دەگەڕێتەوە ئارەزووی کارکردنی لە لا گەشایەوە. نزیکەی یەک مانگی لەم شارەجوانەدا بەسەر برد ، بەڵام لە ناکاوا ئازارێکی توند دایە سنگی، ئەمە کردیە کارێک بەناچاری و لە رووی نا ئومێدیەوە وەسێت بنوسێت ،بەڵام خۆی و بەختی لەوکاتەدا پوتکین(١٦) گەییە ئەم شارەو هەرکە بیستی گۆگۆڵ نەخۆشە، گوێزایەوە بۆ هەمان ئەو ئوتێلەی کە ئەوی لێ دەژیا ، تا یارمەتی بدات و سەرپەرشتی

دەرمان و چارەسەری بکات. گۆگۆڵ، کەمیک باش بوو و ،بۆ رۆما رۆیی ،چونکە کەش و هەوای ئەوێی پێدەکەوت و، لەوێ چاک بووەوە و بوژایەوەو کەوتەوە چالاکی.

((٦) )

گۆگۆڵ ،بەجدی و بەردەوامی کەوتە نووسینی رۆمانە تازەکەی "گیانە مردووەکان" لەم رۆمانەدا سەرانسەری رووسیای خستە سەر مێزی توێکاری. گەییە قوڵترین قولآیی نهێنگە دەروونیە دەرەبەگایەتی و فیۆدالییەکانی و پەردەی لە سەر هەموو هەڤدژی وناکۆکیە ناوخۆیەکانی هەڵدایەوە. گۆگۆڵ، لەم رۆمانەدا نەک هەر واقعی دەرەبەگایەتی رووسیای وێنە گرتبوو ، بەڵکو ژێراو ژێر پێشبینی ئایندەشی کردبوو.

گۆگۆڵ، هەرکە لە نووسینی رۆمانەکەی بووەوە،بلەز بەرەو رووسیا گەرایەوە و لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤١دا گەییەوە وڵات. گۆگۆڵ، وەک هەمەموو بەرهەمەکانی پێشووی ، لەم بەرهەمەشدا روو بە رووی سانسۆر بووەوە سانسۆری مۆسکۆ رێگەو مۆڵەتی چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆمانی "گیانە مرددووەکان"ی نەدا. ئەمە نارەزاییەکی توندی لە ناوەندە ئەدەبیەکاندا نایەوەو بیلنسکی ناچار کرد ،کە دەستنووسی رۆمانەکە لەگەڵ خۆیدا بۆ پترسبۆرگ ببات و هەوڵی ئەوە بدات بەرێوەبەری دەزگای سانسۆر، کە ناسیاوی بوو، قایل بکات تا رێگای چاپ کردنی رۆمانی ناوبراو بدات. گۆگۆڵ، بەدەم چاوەروانی وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاو کردنەوەی رۆمانەکەیەوە،ئازاری زۆر چەشت، بۆیە نەخۆشیەکەی لێ تازەبووەوە: ئەنجام سانسۆر رێگەی بڵاوبوونەوەیان پێدا. گۆگۆڵ، زۆر بەم رۆمانەوە ماندوو بوو، هەرچەندە سانسۆر، هەندێک وردە دەستکاری تیا کردبوو و چەند پەرەگرافێکی لێ لابردبوو، بەڵام مۆڵەت دانی چاپ و بڵاو کردنەوەکەی ، بۆخۆی سەرکەوتنێکی گەورەبوو......

گۆگۆڵ، لەم رۆمانەیدا،بێباکانە ، لە دەرەبەگی داوە،حەقیقەت و جەوهەری دزێوی ئەم چینەی لە قاو داوەو ریسوای کردووە، گیرتسن(١٧) لەبارەیەوە دەڵێت : " ئەنجام ، لە سایەی هونەری گۆگۆڵەوە، ئەوانەمان بینی کە بەبێ دەمامک و بێ رتوش لە کۆشکەکانیانەوە دێنە دەرێ، هەمیشە مەست و بەردەوام چاو چنۆک، کۆیلە و ملکەچی دەسەڵات ، دوور لە هەموو کەرامەتێک ....ئەوانەی کە خوێنی گەل دەمژن ." (١٨)

گۆگۆڵ، قەرزێکی زۆری لە سەر بوو، خودان قەرزیش بەرۆکیان بەرنەدەدا، بۆیە تووشی قەیران و تەنگژەیەکی دەروونی ئەوتۆ بوو، کە هەرچی زووترە رۆمانەکەی چاپ و بڵاو کاتەوە و بیر لەوە بکاتەوە کە دووبارە رووسیا بەجێ بێڵێ و سەفەری هەندەران بکاتەوە. ئەو قەناعەتەی لا دروست بوو بوو مەگەر

له ڕووسیا دوور بێ، دەنا ناتوانێ له ناوەوەی ڕووسیادا، هیچ دەربارەی ڕووسیا بنووسێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستی بەئاسوودەیی و دووره پەرێزی و ئارامی هەبوو.

ئەو کێشماکێش و ململانێیانەی له نێوان هزرڤانانی پێشکەوتوخواز و هەڤڕکە کۆنەپەرستەکانیان، لەکۆمەڵگەو ناوەندە ئەدەبییەکان و له سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەرو بەندەدا هەبوو، گۆگۆڵیان، زۆر نیگەران و ماندوو کردبوو، گەیاندبوویانە ئەو قەناعەتەی کە هەموویان هەڵەن. زۆر جار ئەو بیرۆکە ئاینی یەی بەخەیاڵدا دەهات کە دەڵێت خۆشگوزەرانی دنیایی، تاقە چارەسەرە کە ئارامی و ئاسودەیی بۆ خەڵکی دابین دەکات.

ئەم گۆڕانە فکرییە کوت و پڕ و سەیرەی گۆگۆڵ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر له لای دەچەسپی، بووە مایەی حیرەت و سەرسامی دۆستەکانی.

له ١٨٤٢/٦/١دا ، ڕۆمانی " گیانە مردووەکان" چاپ بوو و گۆگۆڵ، هەوەڵین نوسخەکانی وەرگرتەوە. له گەڵ دەرچوونی ڕۆمانەکە دا، شەپۆلێکی توندی ڕەخنەش بەرپا بوو، ڕاو بۆچونی هەڤدژی دەربارە بڵاوکرایەوە. بەڵام تای تەرازووی ڕەخنەو بۆچوونەکان، بەلای ڕەوتی ڕەخنەی پێشکەوتنخوازدا قورس بوو، کە ڕۆمانەکەی بەو ئیلیادەیە دەشوبهاند کە واقعی ڕووسیای بە تەواوەتی وینە گرتووە، ڕەخنەگرە دیموکراتەکان، گرنگی ڕۆمانەکەیان لەوەدا دەبینی کە پەردەی له ڕووی حقیقەتی کۆیلایەتی له رووسیای تزاریدا هەڵماڵیوە.

گۆگۆڵ، دوای دەرچوونی ڕۆمانەکەی، زۆر له ڕووسیا نەمایەوە. له نیوەی حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٢دا سەفەرێکی دوور و درێژی کرد و لەو سەفەرەدا سەری فرانکفۆرت، هامبۆرگ، پاریس، فلۆرەنسا و ڕۆماو ......هتد کرد. ئەم سەفەرە درێژترین سەفەری گۆگۆڵ بوو ، نزیکەی شەش دانە ساڵی پڕ ئازار و سۆی، له ڕووی دەروونی و بەدەنیەوە ،له دووری ڕووسیا بەسەر برد.

گۆگۆڵ، ئەو کاتانەی کە له ڕۆما بوو، زۆر بەخێرایی بەرەو کتێب و سەرچاوەێن ئاینی دایدەکێشا، بەرەبەرە گیانی ڕەشبینی ئاینی بەسەرا زاڵ دەبوو، لەو نامانەدا کە بۆ دۆستەکانی دەناردن، ئامۆژگاریانی ئاینی زۆر دووبارە دەکردەوە. دووری گۆگۆڵ، له نیشتمان و نەبوونی دۆستانی گیانی بەگیانی کە دەستی بگرن و لەو حاڵەتە دەروونیە خراپە دەربازی بکەن، کردیە کارێک، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بەم سەمتەدا بڕوات.

گۆگۆڵ، نەیدەتوانی خۆی لەم کاریگەریە ڕوحییە دوور بگرێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵێک دۆستی کۆنەپەرست دەوریان دابوو. چادایف (١٩) بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەڵێت : " مەگەر هەر خوا بزانێ، ئەو دۆستانەی بەرەو کوێی دەبەن."

(( ٧ ))

گۆگۆڵ، دەستی بەنووسینی بەرگی دووەمی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" کرد، دەیویست هەر بیرێک لە ڕوحیا گینگڵی دەدا، لەم ڕۆمانەیدا هەڵڕێژێت، بەڵام لەکار کردنا جدی نەبوو، ئەو بارە دەروونیە شێواوەی تیایدا دەژیا، تەرکیزی بیرکردنەوەی لە لا نەهێشتبوو و لەو شتە دڵنیا نەبوو کە دەینووسی.

گۆگۆڵ، لەشاری هامبۆرگدا، دەگەڵ خانەوادەیەکدا،دادەنیشت. لە ڕۆژێکی تەموزی سڵی ١٨٤٥دا، دوای ئەوەی خودانێ ماڵەکە دەگەڵ کیژەکەیدا لە ماڵ دەرچوو تا بچن لە کڵێسا نوێژ بکەن، گۆگۆڵ، بە پارێزەوە چوو بۆ متبەقەکە، ئاگرێکی بچووکی کردەوە ، بەدەستی لەرزۆکەوە، پەڕە پەڕەی دەنووسی یەکەمی، بەرگی دووەمی، ڕۆمانی " گیانە مردووەکانی" دەخستە ئاگرەکەوە.

گۆگۆڵ ، ئیدی وای بیر دەکردەوە کە لەسەرێتی ڕێگەی بوژانەوە و ژیانەوەی ڕوحی بە خەڵکی نیشان بدات و یارمەتیان بدات کە ڕێبازی مەسیح بگرن، خەڵکی پێویستیان بەبەیتی شیعری یان پەخشانە چیرۆک نیە، بەڵکو زۆر پێویستیان بە فەلسەفە و حیکمەتی مەسیحیەتە، کە لە خەم و پەژارەیان ڕزگار بکات. ئەوەبوو گۆگۆڵ، لەم پێودانگەوە لە سەرەتاکانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٤٧دا کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە نامەی دۆستان"ی بڵاو کردەوە. هەڵبەتە هیچ کەسێک تەسەوری ئەوەی نەدەکرد ، کە کتێبێکی لەو بابەتە لەلایەن کەسێکی وەکو گۆگۆڵەوە بڵاوبکرێتەوەو داوای ئەوە لە خەڵکی بکات، پاپەندی ڕێنماییە ئاینیە وشکەکان ببن. گۆگۆڵ، لەو کتێبەیدا بانگەواز بۆ ئەو بیر و بۆچوونە ساکار و کۆنەپەرستانەیە دەکات کە پێی وایە دروستکاری تاک، دروستکاری کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە ، بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هەل ومەرجی ئابووری باو بکات — یان ئەو هەل ومەرجانە چین کە چینێکیان زاڵ کردووە، کە بەوپەڕی دڕندەیی خوێنی جوتیاران دەمژن، دەسەڵاتێکی ئۆتۆکراتی هێناوەتە ئاراوە کە ڕێگای کۆیلاندن و زندانی کردنی گەلەوە ، لە ڕێگای ڕێشاژۆکردنی نەخوێندەواری و نەزانییەوە، وڵات بەڕێوە دەبەن. ئەمە جگە لەوەی کە ناکۆکیەکی فکری زۆرو شپرزەیی و پەشێوەیەکی فرە، باڵی بەسەر لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا کێشابوو.

ناوەندە ئەدەبیە پێشکەوتنخواز و لیبراڵەکان، باوەڕیان بەو گۆڕانە فکرییەی گۆگۆڵ نەدەکرد کە بەو خەستیە لە کتێبی ناڤبریدا ڕەنگی دابۆوە. ئەکساکوف لە نامەیەکدا، باشترین وەسفی ئەو کتێبەی

کردووه و دەڵێت : " *مخابن! ئەم کتێبە زۆر لەوەی تێ پەڕاند کە دژمنان ئاواتیان پێ دەخواست ، یانی خۆزیای دژمنانی بە زیادەوە هێنایە دی ، هەروەها چاوی ڕەشی دۆستانی کاڵ کردەوە. باشترین شتێک کە بشێت دەربارەی بگوترێ ،ئەوەیە کە بڵێین گۆگۆڵ،کەسێکی شێتە* " (٢٠) ئەو سەر و بەندەی کە کتێبەکەی گۆگۆڵی" هەڵبژاردەیەک لە نامەی دۆستان"ی تیا دەرچوو، قۆناغی ژانێک بوو کە هەموو ئەوروپای بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ی فەرەنسای،گرتبوو، بەڵام ڕووسیا لە قۆناخی خۆ ئامادەکردنا بوو بۆ دژایەتی سیستەمی کۆیلایەتی باوی ئەو سەردەمە. بۆیە دەرچوونی ئەم کتێبە، تووڕەییەکی زۆری لە ناوەندە هزری و ئەدەبیەکەی ڕووسیادا لێکەوتەوە. و گۆگۆڵ کە بەتەمای ئارامی و ئاسودەیی بوو، نەک ئارامی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکو زوو بە زوو، لەهەموو لایەکەوە نامەی ناڕەزایی و ڕەخنە ئامێزی بەسەردا داباری، ئەمە نیگەرانی و ناڕەحەتییەکی زۆری لە لادروست کرد. توند ترین ڕەخنەیەک کە دەروونی شپرزەو پەرێشانی گۆگۆڵی ئازار دا، ئەو نامەیەی بیلنسکی بوو کە لە گۆڤاری سەردەم بڵاوی کردبووەوە.

بیلنسکی ، گۆگۆڵی زۆر خۆش دەویست، نزیکەی بیست وتاری دەربارەی بەرهەمەکانی گۆگۆڵ نووسی. لە یەکێک لە نامەکانیا بۆ گۆگۆڵ، دەڵێت: " *تۆ ئێستا تاقە سوارەی لە ناوماندا . خۆشەویستیم بۆ ئەدەب بەندە بە چارەنووسی تۆوە. ئەگەر تۆ بمریت، ئەوا دەبێ ماڵئاوایی لە ئێستا و ئایندەی ئەدەب لە وڵاتەکەمدا بکەم.*" *بەڵام* ئەم خۆشەویستیە گەورەیە، ڕێگەی ئەوەی لە بیلنسکی نەگرت کە هەڵوێستی جدی خۆی لەو نامە بەناوبانگەدا دەرببڕێت و هەڵوێستە دروستەکانی پێشوی گۆگۆڵ،وەبیر گۆگۆڵ بێنێتەوەو داوای لێبکات حاشا لە کتێبی " هەڵبژاردەیەک لە نامەی دۆستان." بکات چونکە شایستەی ناو و ناوبانگی ئەو نیەو داوای لێدەکات بگەڕێتەوە سەر هەمان ڕێچکەو ڕێبازی " جەنابی موفەتیش" و "گیانە مردووەکان."

دیارە مەزەندەکەی بیلینسکی سەبارەت بە کارەساتی گۆگۆڵ دروست دەرچوو کە گوتی: " کاتێک کە مرۆڤ بەتەواوەتی ملکەچی درۆ دەبێت ، ئیدی عەقل و بلیمەتی لێی دەتۆرێن." بیلینسکی لە نامەیەکدا، تاکید لە ناکامی ئەو دەورە دەکات کە گۆگۆڵ گرتیە ئەستۆ، هۆی ڕاستەوخۆی ئەم ناکامیەش لەوەدا دەبینێ کە ماوەیەکی زۆر لە ڕووسیا دوور بوو و، لەماوەی ئەم دووریەدا بەوە ڕاهات کە لە دوورەوە تەماشای بکات، ئەمەش کردیە کارێک کە نۆڕین و تەماشا کردنەکەی ، دوور بێ لە واقعی ڕاستەقینەوە. هەروەها بیلنسکی تاکید لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ڕووسیا ڕزگاری خۆی لە سۆڤیگەری وخەڵوەت نشینی وخودا پەرستیدا نابینێ، بەڵکو لە بڵاو بونەوەی شارستانیەت و زانست و پرەنسیپە مرۆڤانیەکاندا دەیبینی. ڕووسیا" پێویستی بەوەعز نیە" (وەعزی زۆری بە گوێدا دراوە.!) پێویستی بە نوێژ نیە (نوێژی چاک ئەزبەرە)، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە گەل هۆشیار بکرێتەوەو

هەست بە بەها مرۆڤانیەکانی خۆی بکات، ئەو بەهایانەی لە قوڕ وەردراون و پێشێل کراون، پێویستی بەو ماف و یاسایانە نیە کە لە ڕێنماییەکانی کڵێساوە هەڵێنجراون، بەڵکو پێویستی بەو یاساو ڕێسا و مافانە هەیە کە لە عەدالەت و هزری ئازادەوە هەڵێنجراون و گەڵاڵە کراون." (٢١).

بیلنسکی لە نامە بە ناوبانگەکەیدا، گلەیی ئەوە لە گۆگۆڵ دەکات کە داکۆکی لە قامچی و ستەمکاری دەکات. بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەمە ئامانجی گۆگۆڵ بوو؟ گۆگۆڵ نکۆڵی لەوە دەکات و بەدڵێکی شکاوەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەموو مەبەست و ئامانجێکی ئەوە بووە کە ڕێگەی ئاشتی و ئاسوودەیی بخاتە بەردەم خەڵکی. گۆگۆڵ لە عەزاب و نیگەرانیەکی دەروونیدا دەژیا، دەیویست جۆرە ئارامی وئاسودەییەک بە دەرونی پڕ عەزابی ببەخشێت، بۆیە ڕووی کردە خوێندنەوەی سەرچاوەێن ئاینی و ژیاننامەی قەشە و خواناسان. بەڵام ئەمە هیچ ئاسودەییەکی بە دڵەی نیگەران و دەروونی پڕ عەزابی نەبەخشی .. کەواتە با بڕوات بۆ قودس و لە وێندەر، ڕاستەوخۆ لە پای مەزاری چاکان بپاڕێتەوە .

ئەوە بوو لە ١٨٤٨/٢/١دا سواری کەشتی بوو، لە ناپۆلییەوە بەرەو ماڵتا،بەدەریای سپی ناڤیندا کەوتە ڕێ، پاشان بە کەنارەکانی سوریادا ڕۆیی تا گەییە بەیروت . گۆگۆڵ چەند ڕۆژێک لە بەیروت مایەوە ، میوانی دۆست و هاوڕێی سەردەمی خوێندنی، بازیلی بوو، بازیلی کونسوڵی گشتی ڕووسیا بوو لە سوریا. پاشان بە ڕێگای زەمینیدا، دەگەڵ بازیلی دۆستیدا چوو بۆ قودس. ئەنجام ئەو خەونەی گۆگۆڵ لە ماوەی قەیرانە ڕوحی و هزریەکەیدا، بەردەوام بەرۆکی دەگرت هاتە دی.

گۆگۆڵ، لەوێ، لە قودس، ئەو ئارامیە دەروونیەی بەدەست نەهێنا کە خەونی پێوە دەدی، بۆیە دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک لەوێندەر مایەوە، ئەوێشی بەجێهێشت. لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٨٤٨دا گەییە ئۆدێسا.

ئەنجام، ئەم ڕێبوارە شەکەتە گەییەوە زاگەی خۆی و دایکی و خوشکەکانی بەدەم فرمێسکی شادییەوە پێشوازییان کرد. گۆگۆڵ هەستی دەکرد، پێویستی بەوەیە سەر لە نوێ ڕووسیا بناسێتەوە. واتە پێویستی بەوەبوو خەڵکی بناسێتەوە و تەماسیان لەگەڵدا پەیدا بکات وتێکەڵیان ببێتەوە. زۆر شت لەبیر چووبوون و زۆر شت گۆڕابوون. گۆگۆڵ، سەر لەنوێ دەستی بە نووسینی بەرگی دووەمی ڕومانی " گیانە مردووەکان" کردەو، بەڵام هەلومەرجی دەوروبەری لەبار نەبوو، کارەکەی زۆر خاو دەڕۆیی، زۆری پێ نەچوو،بارگەی تێک ناو بەرەو مۆسکۆ کەوتەڕێ تا لەوێ لەسەر کارە ئەدەبیەکەی بەردەوام بێ .

دوای ماوەیەک خوشکی یازیکوفی(٢٢) شاعیر مرد، گۆگۆڵ، ڕێز و خۆشەویستی تایبەتی بۆ ئەم ژنە هەبوو،مردنی ئەو کردیە کارێک زۆر لە مردن بترسێت. ئەم ژنە چالاک و چەلەنگ و زیتەڵە بەو کوت و پڕییە بمرێت، وای بەحاڵی ئەوی نەخۆش و ڕەشبین ؟ گۆگۆڵ شێلگێرانە بیری لەوە دەکردەوە. ئەوەی زیاتر بیرۆکەی مەرگی لەلا قووڵ کردەوەو ورەی گۆگۆڵی بەجارێ ڕووخاند، ئەو خەڵکە کۆنە پەرستە سۆفیانە بوون کە لە دەوری خڕ ببونەوە.

لە شەوی ١٨٥٢/٢/٢٣دا دوای  نوێژ و نزایەکی دوورو درێژ گۆگۆڵ، کوورەی هەڵایساند و بەو پەڕی هێوری دەستنوسی بەرگی دووەمی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان"ی خستە ئاگرەکەوە، کەس ئاگای لێ نەبوو،تەنیا کوڕێژگە خەفەرەکە نەبێ کە لەو کاتەدا لە وێندەر بوو، کەوتە سەر چۆکان و بەدەم گریانەوە لە گۆگۆڵ دەپاڕایەوە کە ئەو کاغەزانە نەسوتێنێ . بەڵام گۆگۆڵ لێی تووڕە دەبێت و دەری دەکات. گۆگۆڵ دوای ئەوەی هەموو شتێکی سووتاند، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی لە فکران ڕاچوو و پاشان لە هۆڕژنی گریانی دا.

ئیدی گۆگۆڵ نەخۆش کەوت، ئەو دکتۆرە زۆرانەی کە هاتنە معایەنەی هیچیان پێنەکرا. ئەوەبوو لە ١٨٥٢/٤/٤دا کۆچی دوایی کرد. ئیدی جەماوەێکی زۆر لە عاشقانی ئەدەب ودڵبەندانی گۆگۆڵ، هاتنە دیار جەنازەکەی تا دوا تەماشای بکەن و ماڵئاوایی لەو ئەدیبە مەزنە بکەن و، چەپکەگوڵێکی فرەیان خستە سەر جەنازەکەی. سەدان کەس لە ماتەمباران دەگەڵ جەنازەکەیدا چوون بۆ دێری دانیلوف کە لە وێندەر بە خاک سپێردرا . ئیدی بەوجۆرە جوانترین و پرشنگدارترین و ئاڵۆزترین بەرپەرێن ئەدەبی ڕووسی، کە باشترین وێنەی خاکی ڕووسیای گرتبوو،داخرا. بۆیە ئۆرگینیف(٢٣) هەقی بوو کە بڵێت : " گۆگۆڵ مرد! چ ڕووسێک هەیە ئەو دوو وشەیە نەی هەژێنێ ؟...بەڵێ، ئەو مرۆڤە مرد، هەقی خۆمانە، ئەو هەقە پڕ ژانەی کە مەرگ پێی بەخشیوین، بە مەزن ناوی بەرین، ئەو مرۆڤەی کە ناوی ئەو گوزارشت لە قۆناغ و سەردەمێکی تەواوی مێژووی ئەدەبەکەمان دەکات، ئەو مرۆڤەی کە وەکو یەکێک لە سەرفرازیەکانمان شانازی پێوە دەکەین ." (٢٤)

*ژێرەر و پەراوێزەکان:*

١ - جان جاک ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨) هزرڤان و فەیلەسوفێکی فەرەنسی بەنێو بانگە، یەکێک لە ناودارترین بەرهەمەکانی "پەیمانی کۆمەڵایەتیە"

٢- شارل لویس مۆنتیسکۆ(١٦٨٩-١٧٥٥) هزرڤانێکی فەرەنسی بە نامێیە،یەکێک لە بەرهەمە بەرزەکانی "گیانی یاسایە ".

٣ -ئەلیسکاندەر سیرگیڤیچ پۆشکین (١٧٩٩-١٨٣٧) شاعیرێکی بە نامێی ڕووسە کە بناغەی ڕیالزمی لە ئەدەبی ڕووسیدا داڕشت. "یەڤگینی ئۆنیگین" و "کیژی کاپیتان" لە بەرهەمە دیارەکانی ئەم شاعیرەن.

٤ - یۆهان فریدریک شیللەر (١٧٥٩-١٨٠٥) لە گەورە شاعیرانی ئەڵمانە، "خواوەندی گریک" و "ویلهام تل" لە بەرهەمە ناوازەکانین.

٥ - یۆهان فولگان گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢) ئەدیبێکی بەناف و دەنگی ئەڵمانیە، "فاوست" لە بەرهەمە بە ناوبانگەکانیەتی.

٦- ڤاسلی ئاندریڤیچ جۆکۆفسکی (١٧٨٣ -١٨٥٢) شاعیرێکی بەناوبانگی ڕووسە، یەکێکە لە دیارترین دامەزرێنەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی ڕووسیدا.

٧ - ڤیساریون گریگورییڤیچ بیلنسکی (١٨١١ -١٨٤٨) ڕەخنەگرێکی دیموکراتی ڕووسی بە نێوبانگە. دەورێکی گەورەی بینی لەوەی کە ئەدەبی ڕووسی بەرەو ڕیالیزمی ئاڕاستە کرد.

٨ -هۆمیرۆس ( سەدەی حەوتەمی پ.ز ) شاعیرێکی گەورەی گریکییەو خاوەنی داستانی ئیلیادە و ئۆدیسایە ، ( کە یەکەمجار لەلایەن حەمە کەریم عارفەوە کراوە بە کوردی)

٩ -ان. ف. گۆگۆڵ-کۆی بەرهەمەکانی - بەرگی شەشەم، مۆسکۆ ١٩٥٩، ل٢٢٧.

١٠- ئیڤان ئاندرییڤچ کریلۆف (١٧٦٩ - ١٨٤٤) یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی ڕووس، نووسەری کۆمەڵێک فابیلە کە لە سەر شێوەی "کلیلە و دمنە " داڕشتوون.

١١ - بیوتر ئاندریڤیچ فیازمسکی (١٧٩٢ -١٨٧٨) شاعیرێکی گەورەی ڕووسە، زۆر شیعری ئازادیخوازانەی هەیە.

١٢- ان. ستیبانوف ( (گۆگۆڵ)) زنجیرەی ژیانی مەزنان، موسکۆ١٩٦١، ل١٩٤ .

١٣-ئەلیسکاندەر ئیڤانۆڤیچ ئەدویفسکی (١٨٠٢-١٨٣٩) شاعیرێکی ڕووسی شۆڕشگێڕ بوو، یەکێک بوو لە بەشدارانی بزووتنەوەی دیسامبەرییەکانی ساڵی ١٨٢٥.

١٤ — سیرگی تیموڤیڤیچ ئەکساکۆف ( ١٨١٧-١٨٦٠) نووسەرێکی ڕووسی بوو، دیارترین بەرهەمی "مناڵیەتی نەوەی باگروفە".

١٥- مخائيل يوزيڤج ليرمانتوف (١٨١٤-١٨٤١) شاعيرێكی گەورەی ڕووسە، دیارترین بەرهەمی بریتین لە بەیتی "ئەهریمەن" و "ڕۆمانی قارەمانێكی ئەم سەردەمە". لەڕیزی پێشەوەی ئەو كەسانەیە كە ڕێبازی سایكۆلۆژی هێنایە ناو ڕۆمانی ڕووسیەوە.

١٦-نیكۆلای پتروفیچ پوتكین-یەكێكە لە دەوڵەمەندە بەناوبانگەكانی ڕووسیای تزاری، لە هەوادارانی ئەدەبی گۆگۆڵ بوو. ئەم پیاوە پوتكینی هزرڤانی ناوداری ڕووسی نیە.

١٧- ئەلیسكاندەر ئیڤانۆڤیج گیرتسن(١٨١٢-١٨٧٠)نووسەر وفەیلەسووف و ڕۆژنامەوان و شۆڕشگێڕێكی بەنێوبانگی ڕووسیە، دیارترین بەرهەمی لە مەیدانی ئەدەبدا هەردوو ڕۆمانی "كێ تاوانبارە؟" و "دكتۆر كروبوف".

١٨-بڕوانە "گۆگۆڵ لە ڕەخنەی ڕووسی "دا، مۆسكۆ ١٩٥٣،ل٣٢٧.

١٩ - پیوتر باكۆفلیچ چادایف(١٧٩٤-١٨٥٦) فەیلەسوفێكی ئایدیالی ڕووسیە، بەشداری شەڕی نیشتیمانی كردووە لە دژی ناپلێون، لەساڵی ١٨١٢دا، لە دۆستە نزیكەكانی پۆشكین بوو.

٢٠- ان-ستیابانوف ((گۆگۆڵ)) زنجیرەی ژیانی مەزنان،مۆسكۆ ١٩٦١،ل ٣٦٠-٣٦١.

٢١- ف.گ.بیلینسكی- كۆبەرهەمەكانی بە سێ بەرگ-بەرگی سێیەم، مۆسكۆ ١٩٤٨،ل٨٠٧.

٢٢- نیكۆلای میخائیلۆفیچ یازیكۆف (١٨٠٣-١٨٤٦) شاعیرێكی ڕووسیە شەقڵی ئازادیخوازی و ڕەشبینی بە شعرەكانیەوە دیارە.

٢٣- ئیفان سیرگییڤیچ تۆرگینیف (١٨١٨-١٨٨٣) نووسەرێكی گەورەی ڕووسە،یەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكیەكانی ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەمدا. بەرهەمی زۆرە لەوانە ڕۆمانی" رودین"،"هێلانەی دەرەبەگایەتی" و "باوكان و كوڕان" ئەمە جگە لە ژمارەیەك چیرۆك و شیعر و شانۆنامان.

٢٤-د.محەمەد یونس " تۆرگینیفی هونەرمەند-مرۆڤ" دەزگای لێكۆڵینەوە و پەخشی عەرەبی،بەیروت ١٩٧٥،ل١٩.

## (٢): گۆگۆڵ و چیرۆک

"شەوانی نزیک گوندی دێکانکا" (ساڵی ١٨٣١) ئەو چرا سەوزە بوو کە ڕێگای ئەدەبی لە بەردەم گۆگۆڵدا کردەوە، کە پاشان گەییە لوتکەی ئەو ئەدەبە. گۆگۆڵ ،لەم کۆ حیکایەتەدا ،بە ناخی میللەتدا ڕۆچووە،بە پشتیوانی ئەدەبی فۆلکلۆری، وردو درشتی ناخی کەسایەتی میللی وێنە گرتووەو لە ئەنجامدا وێنەیەکی جوانی پڕ مانای بە دەستەوە داوە، کە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی گونجاو وهاوئاهەنگ، واقع وخەیاڵی بە جۆرێ ئاوێتە کردووە، کە هەموو ڕەنگە ڕۆمانتیکیەکان دەگەڵ فلْچەی واقعی هونەرمەندا تێکدەکەنەوەو یەک دەگرنەوە. واتە گۆگۆڵ، بەزەبری بەهرە هونەریە دەگمەنەکەی خۆی توانیویەتی، هەردوو لایەنی ڕۆمانتیکی (کۆن) و ڕیالیزمی (نوێ) تێکەڵ بکات و بابەتێکی واقعی ڕوون و ڕەوان و پڕ گەشبینی ئەوتۆی لێ بخولْقێنێ کە سەرنجی ڕەخنەگران ڕابکێشێت." شەوانی نزیکی گوندی دێکانکا" کۆمەڵێک حیکایەتە ژیان وبۆچوون و خەون و خولیاکانی گەلی ئۆکرانی لە خۆ گرتووە. گۆگۆڵ، لەم کۆ حیکایەتەدا، بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە وێنەی ژیانی گەلی ئۆکرانی گرتووە، کەسایەتی سادەو ساکاری جووتیاری ئۆکرانی بە خوێنەر دەناسێنێ و، لە سەر لاپەڕەکانی ئەم حیکایەتانەدا ،تووشی پیرەژن و پیرەمێردان دەبین کە حیکایەتە جوان و خۆشەکانی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە. گوێمان بە قاقای پێکەنینی شادی و گەشبینانەی گەنجان دەزرینگێتەوە، ڕوو بە ڕووی زۆر ئەفسانەو حیکایەتان دەربارەی شەیتان و دۆزەخ و دێو و درنجان دەبینەوە .

نهێنی شکۆی ئەم کارە ئەدەبیەی گۆگۆڵ، لەوەدایە، هەرچەندە مۆرکی ئۆکرانی بەسەردا زاڵە، بەڵام داخراو نین و لە چوار چێوەیەکی نەتەوەیی سنورداردا قەتیس نەماوە. کاتێ ئەم حیکایەتانە دەخوێنینەوە، لەوەیە هەر خوێنەرێک وا هەست بکات ئەم جوتیارەی گۆگۆڵ، کۆپیەکی موو بە مووی جوتیاری وڵاتەکەی خۆیەتی. چەندیش لە نیشتمانەکەی گۆگۆڵەوە دوور بێ.

جوتیار لە" شەوانی نزیکی گوندی دیکانکا "دا لە ڕووی سادەیی و دڵاوایی و لەو ڕووەوە کە باوەڕی بە جادوو و هێزێن غەیبانی هەیە، تەواو لە جووتیاری عەرەب دەچێت.

کۆ چیرۆکی "شەوانی نزیکی گوندی دیکانکا " بە قۆناغێکی سەربەخۆ ، لە قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەدەبی گۆگۆڵ دێتە ژماردن، کە توانی لەو ڕێگایەوە بگاتە قۆناغی ڕیالزمی ڕەخنەیی، کە ئەو لە ئەدەبی ڕووسیدا بناغەکەی داڕشت.

گۆگۆڵ لە ساڵی ١٨٣٥دا دووەمین کۆچیرۆکی بەناونیشانی "مێرگورود" بڵاو کردەوە کە ئەم چیرۆکانەی لە خۆ گرتووە : "دەرەبەگانی ڕەسەن"،"فای" ،"دژمنایەتی ئیڤان ئیڤانوفیچ لەگەڵ ئیڤان

نیکیفوروفیچ" و "تاراس بوڵبا" ئەم دوو چیرۆکەی دواییان بە حوکمی ناوەڕۆکە فکرییە گرنگەکەیان ،پێگەیەکی گرنگیان لە ئەدەبی گۆگۆڵدا گرتووە.

گۆگۆڵ لە چیرۆکی "دژمنایەتی ئیڤان ئیڤانوفیچ لەگەڵ ئیڤان نیکیفوروفیچ"دا ڕادەی گەوجیەتی و بوغز و کینەو بێ ئاستی چینی فیودال و دەرەبەگمان بۆ کەشف دەکات کە چۆن لەو سەردەمەدا، بەخورتی خۆیان بەسەر گەلی رووسیدا سەپاند بوو و یاریان بە چارەنووسیان دەکرد ، گەندەڵی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دام و دەزگا ئیداری و دادڤانیەکانی، ڕژێمی تزار لە قاو دەدات.

لەم چیرۆکەدا کەسایەتی دوو دەرەبەگمان نیشان دەدات، کە دۆستایەتییەکی گەرم وگوڕیان لە نێواندایە، هاتووچۆی یەکدی دەکەن، نامە بۆ یەکدی دەنێرن ،کە دەگەنە یەک دەستومشتاخ دەکەن، لە تۆ وایە ئامادەن هەر قوربانیەک لە پێناو یەکدیدا بدەن.

لە ناکاوا، لە سەر شتێکی هیچ ئەم دوو دۆستە دەبن بە دوو دژمنی سەر سەخت، ئیدی لێکدی دەکەونە تەقە، هەوڵ دەدەن بەهەموو ڕێگایەک، تەنانەت بەڕێگەی نەشیاویش یەکدی ئەزیەت بدەن و یەکدی بشکێنن. گۆگۆڵ لێرەدا دەیەوێ ژیانی پڕ لە ڕیاو درۆی دەرەبەگان لە قاو بدات. لێرەدا، لەم چیرۆکەدا، لە چاو چیرۆکی " شەوانی نزیکی گوندی دیکانکا "دا ، گەشەو نەشوونمایەکی فکری دیار لە لای گۆگۆڵ بەدی دەکەین، دەبینین لێرەدا زۆر بەتوندی گاڵتە بەچینی دەرەبەگ دەکات، لە ڕێگای وێنە گرتنی ژیانی شاری میرگورودەوە،کە کێشەو دژمنایەتیەکەی هەردوو ئیڤان ئیڤانوفیچ و ئیڤان نیکیفوروفیچ دەگاتە دایرەکانی پۆلیسی ئەو شارەو دادگاکانی شار و، لەوێ بۆ ساڵانێکی زۆر دەخەوێت، تەوس و توانج لە بیرۆکراتیەتی دام و دەزگاو سیستەمی تزاری دەدات. گۆگۆڵ ، بەم دەستەواژەیە کۆتایی بە چیرۆکی ناڤبری دێنێ : "بەڕێزینە ئەم دنیایە ناخۆشە !" کە ویستویەتی ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئەم وێنەیە،هەمان وێنەی واقعی باوی ئەو سەردەمەیە.

تانەو تەشەری گۆگۆڵ لە چینی دەرەبەگ و نوێنەرانی دەسەڵاتی تزاری، شەقڵێکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت، خوێنەر هەست دەکات کە گۆگۆڵ، ڕقی لە دەرەبەگەو هاوسۆزی دەگەڵ ئەو مرۆڤە سادەو ڕەشو ڕووتانە دا دەکات کە سەرچاوە و ماکی خێر و چاکەو گەشبینین. بەڵام چیرۆکی "تاراس بۆلبا" بابەتێکی مێژوویی لە خۆ گرتووە، کە بریتییە لە ڕاپەڕینی قوقازیان دژی داگیرکەرانی پۆڵاندی ، کە دەیان چەوساندنەوە و خێر و بێری وڵاتەکەیان بە تاڵان دەبردن.

گۆگۆڵ، لەم چیرۆکەدا ئەوە نیشاندەدات کە قوقازیان چەند پابەندی خاکی وڵاتی خۆن و چۆن قارەمانانە بەرگری لێدەکەن . هەروەها ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەرەبەگان ، ئەرکی پیرۆزی

خۆیان بەرامبەر نیشتمانەکەیان پشت گوێ دەخەن و هەمیشە خەریکی دژایەتی یەکترن . جا لە ناو جەرگەی ئەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەوە، لە نێو گەلی سادەی قوقازەوە، کەسایەتی و ڕابەرێک بە نێوی "تاراس بۆڵبا" هەڵدەکەوێت ، تا بەوپەڕی بوێری و ئازایەتییەوە ، ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی گەلی خۆی دژی داگیرکەری بێگانەبکات.

گۆگۆڵ، لە میانەی ئەم چیرۆکەوە، بەشێوەیەکی سادە کێشماکێش و ململانێی نێوان دوو جۆرە چەمکی جیاواز یان با بڵێین دوو شارستانیەتی جیاواز نیشان دەدات . شارستانیەتی سادە و ساکاری گەلی قوقازی کە لە سەر بنەمایەکی نەتەوەیی دیموکراتی ڕۆنراوەو داکۆکی لە هەق و ئازادی دەکات ، لەگەڵ شارستانیەتی فیوداڵی ئەرستۆکراتی کە لە سەر بناغەی تاڵان و بڕۆ و چەوساندنەوە و داگیرکاری ڕونراوە. بۆیە دەبینین "تاراس بۆڵبا" ی نوێنەری گەلی قەفقاز و ڕابەری ڕاپەڕینەکەیان، بە سەر هەموو سۆزێکدا زاڵ دەبێت و ئاندرێی کوڕی خۆی لەسەر ئەوە دەکوژێت کە حەز لە کیژە دەرەبەگێکی پۆڵاندی دەکات وخەیانەت لە دۆزی گەلەکەی خۆی دەکات. بۆچوونەکانی "تاراس بۆڵبا" بۆچوونی ڕووت نین، وێڕای هەموو سادەییەکیان ،لە قوڵایی ویژدانیەوە هەڵقوڵیون : " هیچ پەیوەندیەک لە پەیوەندی دۆستایەتی پیرۆزتر نییە! باب منداڵەکانی خۆش دەون، داک منداڵەکانی خۆش دەون، منداڵ داک و بابیان خۆش دەوێن . بەڵام براینۆ ئەمە گرینگ نیە ،ئەمە مەبەست نییە:حەیوانیش بێچوەکانی خۆش دەوێ. پەیوەندی ، پەیوەندی ڕوحە، پەیوەندی خوێن نیە، کە تەنیا ئینسان دەتوانی تێی بگات."

مەزناتی و مرۆڤانیەتی "تاراس بۆڵبا" لە دوا ساتەکانی ژیانیدا دەردەکەوێت . دوای ئەوەی لە لایەن پۆڵاندیەکانەوە دەستگیر و دیل دەکرێت و بڕیار دەدەن بە زندوویەتی بیسوتێنن، دەبینین هیچ خەمی ئەو ئاگرەی نیە کە تیایدا دەسوتێ و دەبێ بە خۆڵەکەوە، بەڵکو خەمی ئەوەیەتی کە هاوڕێکانی ، ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەکەونە ژێر زوڵم و زۆری داگیرکەری بێگانەوە.

گۆگۆڵ، پاشان لە ڕووی ژیان و بەرهەمی ئەدەبییەوە دەچێتە قۆناغێکی تازەوە ، سەرو کار دەگەڵ ژیانی شاری پترسبۆرگ بە هەموو گەورەیی و ناکۆکی و هەڤدژییەکانیەوە پەیدا دەکات . هەر ئەمەش وایکرد کە بازنەی بیرکردنەوەو هزری گۆگۆڵ ، فراوانتر بێت و زیاتر و قووڵتر پەیکیری نەرێنییەکانی کۆمەڵگە بکات و بە ئاوایەکی واقعیانەی ساتیرئامێز وێنەیان بگرێت. هەر لە ساڵی ١٨٣٥دا، دووەمین کۆچیرۆکی گۆگۆڵ، بە ناونیشانی "ئەرابیسک" بڵاوبووەوە کە ئەم چیرۆکانەی لەخۆ گرتبوو: "شەقامی نیڤا"،"وێنە"،"بیرەوەرییەکانی شێتێک."

گۆگۆڵ ، لە چیرۆکی "شەقامی نیڤا"دا دوو نموونەی هەڤدژ، بە دوو نەفسیەتی جیاواز و دوو ئەقڵیەت و هزرینی ناکۆکەوە ، دەخاتە بەر دەم خوێنەر : بسکاریوف- هونەرمەندێکە بەهرەمەند ، شانازی بە هونەرەکەیەوە دەکات و هەوڵدەدا هەموو داهێنانە هونەرییەکەی پێشکەش بە خەڵکی بکات. بەڵام بەهۆی بیر و بۆچوونی مرۆڤ دۆستانەی ئەم هونەرمەندەوەو چونکە سەر بە خێڵ و ناوەندە دەوڵەمەندەکان نەبوو، دەبینین کۆمەڵگەی بترسبورگ، نەک هەر لە بیرو بۆچوون و هەستەکانی بسکاریوف، حاڵی نابێ ، بەڵکو دژایەتیشی دەکات. ئیدی ئەم هونەرمەندە تووشی نەداری و برسێتی دەبێت و ئەنجام هەموو خەون و خەیاڵ و ئاواتەکانی بە فیرۆ دەچن، بە تەواوەتی ئومید بڕ دەبێت و پەنا وەبەر خۆکوژی دەبات. ئیدی هونەرمەندی بەهرەمەند ،بسکاریوف ،دەبیت بە قوربانی ناکۆکی و نایەکسانیە ئابووریەکانی کۆمەڵگەی فیودالی. بیراگوف-فەرمانبەرێکە هیچ و پووچ،لەم دنیایادا هیچ خەمێکی نیە تەنها ئەمە نەبێت، کە بە پەیژەی پلەو پایەی وەزیفیدا سەربکەوێ و بەهەر ڕێگایەک بێ، تەنانەت ، بەڕێگای ناڕەواو نەشیاویش بێ بگاتە ئاواتەکانی خۆی . بیراگوف، هیچ پرەنسیپ و بیرو باوەڕێکی لە مێشکا نیە. چەکی کاراو کاریگەری دەستی ڕیاو خاپاندن و ڕواڵەتبازی درۆزنانەیە. گۆگۆڵ، ویستویەتی لەم چیرۆکەدا ئەوە نیشان بدات کە لە کۆمەڵگەی تزاریدا هەمیشە مرۆڤی بودەڵەو ڕیاباز و ڕووبین لە پێشەوەیەو هونەرمەندی ڕەسەن لە دواوەیە و نەدارو دەستکورت لە ژیاندا جێگەی نابێتەوە. بۆیە دەبینین گۆگۆڵ، بەشێوەیەکی تراژیدیانە وێنەی بسکاریوف دەگرێت و بە ئاوایەکی کۆمیدیانە وێنەی بیراگوف دەگرێت بێ ئەوەی هیچ سنورێک لە نێوان ئەم دوو وێنە جیاوازە دابنێت.

گۆگۆڵ، لە چیرۆکی "وێنە"دا جارێکی دی دێتەوە سەر بابەتی هونەرمەند، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لە نموونەکەی پێشوو، لەم چیرۆکەدا، وێنەی هونەرمەندێکی خاکیمان بەنێوی چارتیکوف، نیشان دەدات کە قەبووڵ ناکات بە پارە وێنەی شەخسی بکێشێت، چونکە ئەمە بە تەوهین و سووکایەتی بۆخودی خۆی و هونەرەکەی دەزانێ، ئەو هونەرەی کە زۆری شانازی پێوە دەکات وهەموو هزر وبیرو توانایەکی خۆی بۆ تەرخان کردووە. چارتیکوف، پاش نەبوونی و حورمانێکی زۆر ، دەستبەرداری پرەنسیپ و هەڵوێستەکانی خۆی دەبێت و بەو پەڕی چاو چنۆکیەوە دەکەوێتە هونەر فرۆشی و هەموو هۆش و گۆشی دێتە سەر پارە پەیدا کردن. هەر بەوەوە ناوەستێت و هەر هەموو ئەو تابلۆ هونەرییە ڕەسەنانەی کە پێشتر دای هێنابوون، کۆدەکاتەوەو دەیان شکێنێ. گۆگۆڵ، لێرەدا تاکید لەوە دەکاتەوە کە هونەرمەندی ڕەسەن و ڕاستەقینە، دەتوانێ خۆی لە کۆتی پارە ڕزگار بکات. بەڵام هونەرمەندی ناڕەسەن و ساختە ، هونەرەکەی لە قەبەڵی پارەو قازانج دەکات و دەیخاتە خزمەتی فیودالەوە.

چیرۆکی "یادەوەرییەکانی شێتێک" ژیانی فەرمانبەرێکی چەوساوە،بەرجەستە دەکات. پوپریشین مرۆڤێکی سادە و پاکە. وێڕای ئەوەی حەزدەکات ، بگاتە ئەو پایە کۆمەڵایەتییەی کە شایستەیەتی، چونکە -خۆی گوتەنی- لە چینی جوتیاران نییە و خەڵکی دیکەش لەو باشتر نین و هەموو مەرجێکی تێدایە، بەڵام ناتوانێ ئەو خەونەی بێنێتە دی . چونکە پارەی پێویستی نیە، چونکە نازانێ هەمان ئەو چەکە بەکاربێنێ کە دژی ئەو بەکار دێت، سەیر دەکەین نەترە بەردەدات و کلۆڵ و داماو ئەقڵی تێک دەچێت ، هەست دەکات خەریکە لەم کۆمەڵگە تووشەدا ،کە هیچ مرۆڤانیەک لە پەیوەندیە جڤاکییەکانیدا نیە، بخنکێ، بۆیە دەبینین هاوار دەکات : "دایەگیان فریای کوڕە داماوەکەت بکەوە! لەم دونیایەدا هیچ شوێنێکی نیە! ڕاوە دووی دەنەن" کەسێتی پوبریشین هەمان ئەو خەسڵەتە درامیەی هەیە کە هاوسۆزی دەگەڵ بکەین و بەهاواریەوە بچین ،بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ سیمای کۆمیدیشی هەیە، ئەوەی لەم کاراکتەرەدا مایەی پێکەنینە،ئەو کەڵکەڵەو خولیا ئەرستۆکراتیەیە کە دەیەوێ بگاتە ئاستی چینی باڵاو پێشکەوتوو، وخۆی گەورەو گرنگ بنوێنێ.

گۆگۆڵ، لە چیرۆکەکانیا بەردەوام دەبێت لە سەر توێکاری ژیانی شاری پترسبۆرگ هەر لەو پێوەنگەوە ،لە ساڵی ١٨٣٦دا چیرۆکی "لووت" دەنووسێت و لەوێدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی تزاری تەنیا بایەخ بە ڕواڵەت دەدات وهیچ بایەخێک بە جەوهەری مرۆڤ نادات.

قارەمانی ئەم چیرۆکە —کوفالیوف مرۆڤێکە هەموو زیکر و فیکر و ژیانی خۆی بۆ یەک ئامانج تەرخان کردووە،کە بریتیە لە بەرزبوونەوەی پلەو پایەی وەزیفی، حەزی لە ڕواڵەتبازیە ، خۆی زۆر بەگەورە دەزانێ، بەڵام ئەمە زەمینەی بەرزبوونەوەی بۆ خۆش دەکات- لاری لەوە نیە پۆستی یاریدەدەری پارێزگا، یان سەرۆکی دایرەیەکی گەورە وەربگرێت، لاری لەوە نیە هەرژنێک بخوازێت مادامێکی دوو سەد هەزار ڕۆبڵی لەو مامەڵەیەدا دەست بکەوێ. لەناکاوا، بەدبەختی بەرۆکی کوفالیوف دەگرێت و یەکێک لەمەرجە سەرەکیە پێویستەکانی سەرکەوتن لە دەست دەدات، لووتی لە دەست دەدات، ئیدی ئەم مرۆڤە دەگۆڕێ، دەبێ بە خەڵقەندەیەکی لاواز و داماو کە هیچ متمانەیەکی بە خۆی نامێنێ. وەکو چۆن لە ناکاوا لووتی لەدەست دا، بەو ئاوایە لە ناکاوا لووتی دەگەڕێتەوە، ئیدی کابرا دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتەکەی جارانی، ناوی زل و ناوەڕۆکی بەتاڵ، دەگەڕێتەوە سەر مەسڵەحەتچیاتیەکەی جارانی. بەڵام چیرۆکی "پاڵتۆ" (١٨٤٢) پێگەیەکی تایبەتی لە ئەدەبی چیرۆکڤانی گۆگۆڵدا دەگرێت. قارەمانی چیرۆکی" پاڵتۆ "بشماچکین، مرۆڤێکی ئاساییە، بەڵام هەژارە بۆیە هاورێکانی گاڵتەی پێدەکەن. ئیدی هەموو خەون و خولیایەکی بشماچکین دێتە سەر ئەوەی پاڵتۆیەکی تازە بکڕێت. دوای هەوڵ و ڕەزیلی و پاشەکەوتێکی فرە، بشماچکین، دەبێت بەخاوەنی پاڵتۆ تازە دڵخوازەکەی خۆی، بەڵام زۆری پێناچێ پاڵتۆی گۆڕینی لێدەدزرێ و هەموو ئاواتەکەی هەرەس دێنێ . کەواتە شادی بۆ مرۆڤی

چەوساوە، بە ئاسانی مەیسەر نابێت، تەنانەت ئەگەر بتوانێ بەدەستیشی بێنێ، خەڵکانی زۆردار لێی بە تالاّن دەبەن.

رەخنەگری گەورەی سۆڤیەتی ئێم. ب. خرابچنیکو،دەربارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت : "نەگبەتی و کارەساتی  بشماچکین لەوەدایە کە مافی ژیانی مرۆڤانی لە دەست داوەو کۆمەڵگە خودی مرۆڤانی ئەو تێک دەشتێنێ، بۆیە دەبینین زۆر دڵی بە وەزیفەکەی خۆشە. گۆگۆڵ، ناچارمان دەکات لە قوڵایی ناخمانەوە ئەگەر باسی پەیوەندی بشماچکین بەهەل ومەرجە  کۆمەڵایەتیەکەی دەورو بەریشەوە لە ئارادا نەبێ ، هەست بە چەوساوەیی و زەلیلی و زەبوونی قارەمانەکە بکەین." (٢)

گۆگۆڵ، بە یەکەمین کەس دادەنرێ کە پەردەی لە سەر دووفاقیەتی دەروونی بەشەر لە ئەدەبی رووسیدا لاداوە کە پاشان بە شێوەیەکی زۆر قووڵتر لە لای دوستویفسکی گەشەو نەشەی کردووە.(٣) رەخنەگری بەنێوبانگی سۆڤیەتی بوریس بورسوف ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە و دەڵێت : "گۆگۆڵ وێڕای ئەوەی زۆر وەفاداری بەها باڵاکان بووە ، بەر لە هەر شتێک وێنەی هەڵوەشانەوەی کەسایەتی ئینسانی دەگرێت. هەروەها بابەتی دووفاقی، بەشێوەیەکی واقعیانە،یەکەمجار لەلای گۆگۆڵ دەرکەووتووە. " (٤)

ئەو چیرۆکانەی کە گۆگۆڵ، ژیانی کۆمەڵگەی پترسبۆرگی تیا کردوون بە تیمەو بابەت ، دەوری گرنگیان لە پەرەسەندنی ئەدەبی ڕووسیدا دیتووە. گۆگۆڵ لە ڕێگای ئەو چیرۆکانەوە هەر هەموو لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵگەی پترسبۆرگی لە قاو داو هەموو ئەو پەردانەی دڕی کە ئەو کۆمەڵگەیە خۆی لە پشتەوە شاردبووەوە، بەمەش قەوارەی ئاسایی زوڵمی کۆمەڵایەتی سیستەمی فیوداڵی بۆ خەڵکی ئاشکراکرد . هەروەها ئەو کارەکتەرە لاواز و چەوساوە و کەسانەی کە گۆگۆڵ وێنەی گرتبوون، ڕۆڵێکی کارییان لە پەرەسەندنی ئەدەبی ڕووسیدا بینی، هەموو توانای خستبووە کار بۆ وینە گرتنی چارەنووسی ئەم مرۆڤە لاواز و چەوساوەیە، هەڵبەتە لەبەر ڕۆشنایی و بە گوێرەی ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیەی کە بوونی پڕ کلۆڵی ئەو دیاری دەکات.

ئەو ناکۆکیە زەقەی نێوان بەها مرۆڤانیەکان و واقعی کۆیلایەتی فیوداڵیەت بوو، کە ڕەوت و سروشتی چیرۆکەکانی گۆگۆڵ، بوونیادی هونەرییان، کێشماکێش و ململانێکانی ناویانی دیاری کرد — هاتووە سیمای ساختە ونامرۆڤانی، کۆمەڵگەی چینایەتی، کە لەسەر بنەمای چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ڕۆنراوە، وێنە گرتووە.  گۆگۆڵ، بۆ ڕیسوا کردن و لە قاودانی ڕیاو ڕووبینی و ئەنانیەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە باوەکانی ئەو سەردەمانەی کۆمەڵگەی فیوداڵی تزاری، پەنای وەبەر تەوس و توانجی ئاشکرا بردووە .

## *پەراوێزو ژێدەران:*

١ — ان. ف. گۆگۆڵ–کۆبەرهەم– بەرگی دووەم، موسکۆ، ١٩٥٩،ل ١١٧.

٢– ئێم.ب.خرابچنیکو"ئەدەبی گۆگۆڵ" چاپی سێیەم، موسکۆ، ل٢٤٠.

٣– فیودور میخائیلۆفیچ دوستویفسکی (١٨٢١–١٨٨١) نووسەری بەنێوبانگی ڕووسی ، کە بەرهەمێکی فرەی چیرۆک و ڕۆمانی واقعی لەپاش بەجێماوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش مایەی گەنگەشەن لە نێوان قوتابخانە فکریە ئەدەبیەکانداو ، لە ڕووی دەروون شیکاریەوە لایەنی پێشکەوتوخوازانەیان لە خۆ گرتووە .

٤– بوریس بورسوف "ڕیالزم،ئەمڕۆ و هەمیشە " بەغداد ١٩٧٤،ل٦٤.

## *(٣) : گۆگۆڵ و ڕۆمان*

گۆگۆڵ لە سالآنی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ، چووە دنیای ئەدەبی ڕووسیەوە ، هەنگێ لە ئەدەبی ڕووسیدا پەخشان لە دوای شیعر بە پلەی دووەم دەهات، بەڵام گۆگۆڵ، لەم بوارەدا،پێشبینی ئایندەیەکی پرشنگداری بۆ ڕووسیای ئەدەبی کردبوو و پێی وابوو شتێکی " تازەی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە،کە ئەوروپا نەی بیستووە –لێشاوێک ، کە پێگەی ڕووسیا لە جیهانی ئەدەبدا دەچەسپێنێ ."(١) گۆگۆڵ، یەکەم کەس بوو کە لە ڕێگای ڕۆمانە دەگمەنەکەی "گیانە مردووەکان "ەوە ئەو پێشبینییەی هێنایە دی ." مارسیل ئەهرار " تاکید لەسەر پێگەو پایەی گۆگۆڵ، لە مەیدانی ڕۆمانی ڕووسیدا دەکات و دەڵێت :" پوشکین و لێرمانتوف ، دوو ڕۆماننووسی درەخشان بوون، بەڵام دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ڕۆمانی ڕووسی ،گۆگۆڵە." (٢)

گۆگۆڵ، قەناعەتی وایە ئەدەبی ڕاستەقینە کە گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی جەماوەر دەکات، لە سەرێتی ڕێگای ڕاست بە کۆمەڵگە نیشان بدات، خەڵکی بە پرەنسیپێن مرۆڤانی و نیشتمانپەروەری پەروەردە بکات، نابێ سڵ لە ئاشکرا کردنی حەقیقەت بۆ کۆمەڵگە بکات، با ئەو حەقیقەتە زۆر تاڵ و خەمناکیش بێت.

هەرچەندە گۆگۆڵ، تەنیا یەک هەنگاوی بە ڕێگای ڕۆماندا ناوە، بەڵام هەنگاو بوو ئەمما هەنگاو ! بگرە قەڵەمباز بوو، بە ڕۆمانە جوانەکەی "گیانە مردووەکان "وباقی بەرهەمە ئەدەبییەکانی– ڕێبازی ریالزمی ڕەخنەیی چەسپاند و هەمان مۆرکی بە بەرهەمێن دیارترین ئەدیبانی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەم بەخشی.

گۆگۆڵ، لە ڕۆمانی "گیانە مردووەکان " دا خۆی لە گرنگترین ناکۆکیەکانی سەردەمی خۆی داوە،کە بریتیە لە خەبات دژی کۆیلایەتی بە هەموو جۆرەکانیەوە و هەر لەو پێودانگەشەوە هەڵوێستی هێزە پێشکەوتوخوازو کۆنەپەرستەکان دیاری کراوە. دژایەتی سیستەمی کۆیلایەتی دەیکرد، داکۆکی و بەرگری لە بەرژەوەندی بەرینترین جەماوەری خەڵک، لە سەرووی هەموویانەوە چینی جوتیارانی کۆیلە ، ئەوە خەسڵەتی دیموکراتیانەی ڕۆشنبیرانی ڕووسیای ئەو سەردەمە بوو، کە چاوچنۆکی و تەماعکاری بۆرژوایان پێ سەیر و نامۆ بوو . گۆگۆڵ، هاتووە،چاوچنۆکی و تەماعکاری بورژوازی ،لە چیچیکوفی قارەمانی ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە کردووە ،چونکە گۆگۆڵ، پێشبینی ئەوەی دەکرد لە گەڵ دەستپێکی گۆڕانی پەیوەندییە ئابووریەکان لە بونیادی کۆمەڵگەدا، ئەو تەماعکاری و چاوچنۆکیە لە کۆمەڵگەی ڕووسیدا سەر هەڵبدات. واتە گۆگۆڵ،بەم ڕۆمانە ئاماژەی بۆ سەرەتا وسەرهەڵدانی سەرمایە داری لە ڕووسیادا کردووە.

له هەموو کەس ئاشکرایە کە سەرمایەداری، لە چاوسیستەمی فیوداڵیەوە ، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە ، بەڵام لە هەمان کاتدا میکرۆبی مەرگی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە بریتیە لە چەوسانەوەیەکی دڕندانەی چینە زەحمەتکێشەکان ، هەڵبەتە گۆگۆڵ ، ئەم حەقیقەتەی بەم پوختەییەی کە ئێمە لە ئێستادا تێی دەگەین،دەرک نەکردبوو ، چونکە هەلومەرجە مێژوویی و ئابوریەکانی ئەوسا، جیاواز بوون لە ئێستا ، بەڵام یەک شتی لەلا عەیان بوو، ئەویش چاوچنۆکی و تەماعکاری و نامرۆڤانیەتی سیستەمی سەرمایەداری بوو، کە هەرگیز تەحەمولی نەدەکرد. گۆگۆڵ ، لە ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" دا وێنەی بودەڵەیی و زۆرداری و چاوچنۆکی چینی دەرەبەگ دەگرێت کە چۆن گەمە بە چارەنووسی گەلی ڕووس دەکات، حەقیقەتی ئەو چینە دەردەخات کە چۆن بە درێوترین شێوەی چەوسانەوە لە مێژووی تازەدا، جووتیاری ڕووسی دەچەوسێنێتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، وێنەی نوێنەری چینی سەرمایەداری تازە دەگرێت کە چۆن ئامادەیە لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندیدا ،پەنا وەبەر درێوترین شێواز بەرێت. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا مایەی سەرنجە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی گۆگۆڵە لە وێنە گرتنی تەبیعەت و باری دەروونی کارەکتەرەکانیا : لە لایەکەوە دڕندەیی و گەوجێتی دەرەبەگان مەحکوم دەکات و لەلایەکی دیکەوە پرەنسیپە قێزەونەکەی سەرمایەداری — لەڕای مەبەست گشت ناڕەوایەک ڕەوایە، لە قاو دەدات ، ئەم پرەنسیپەی کە چیچیکوفی قارەمانی ڕۆمانەکە بە کردار و بە گوفتار پەیڕەوی دەکات .

چیچیکوفی شا قارەمانی ڕۆمانەکە وەکو گۆگۆڵ، وێنەی کێشاوە لە چینی فیوداڵانە . کە منداڵیەتی چیچیکوفمان بۆ دەردەکەوێ دەبینین، خۆشگوزەران نەبووە. لە منداڵیەتیدا هیچ هاوڕێیەکی نەبووە . کاتێ بابی پارەیەکی کەمی داوەتێ کە لە قوتابخانەدا خەرجی بکات ، گوێمان لێیە بەردەوام لێی دووپات دەکاتەوە :" گوێ بگرە بافلیوشا ! بخوێنە لاساری مەکە......... هەوڵبدە مامۆستاکان و بەرپرسەکان ڕازی بکە .. ئەگەر بتوانی ڕەزامەندی بەرپرس بەدەست بێنی ، ئەگەر لە دەرسەکانیشدا باش نەبیت، یان خوا هیچ بەهرەیەکی زیرەکی پێ نە بەخشی بی، پێشی ئەوانی دی دەدەیتەوە. تێکەڵی هاوڕێکانت مەبە، هیچ قازانجێکت پێ ناگەیەنن.. خۆ ئەگەر هەر ناچار بووی تێکەڵیان بیت ، ئەوا دەوڵەمەنترینیان هەڵبژێرە، تا لە تەنگانەدا فریات بکەوێت، هەقی خواردن و خواردنەوەکەی کەسیان مەدە، هەڵسوکەوتی باش بکە ، تا ئەوان پارەی تۆ بدەن . پێش هەموو شتێک ئاگات لە پارە کۆکردنەوە بێت : پارە هەموو شتێکە لەم دونیایەدا ." (٣)

واتە لە منداڵییەوە،خۆپەرستی و ڕەزیلی و ڕژدی لە ناخی چیچیکوفدا، ڕیشاژۆ دەبێت و ئیدی دەبێ بە پسپۆڕێ کۆکردنەوەی پارە و مەرایی کردنی ئەو خەڵکانەی کە بەرژەوەندیە ناڕەواکانی بۆ دێننە دی .

دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکات لە وەزیفە دادەمەزرێ و چونکە دەستێکی باڵای لە ڕوپامایی ومەرایی بەرپرسان و خاپاندنی هاوڕێکانیدا دەبێت زوو بە زوو لە وەزیفەدا بەرزدەبێتەوە. کرا بە ئەندامی لیژنەی

بیناسازی حکومەتی، ئەم دەرفەتەی بە باشی قۆزتەوە ، سەروەت و سامانێکی زۆری بە دەست هێنا. بەڵام زۆری پێنەچوو کە سەرۆکێکی تازە بۆ لیژنەی ناو براو هاتە دامەزراندن و داوای قەواڵە وسەنەد و بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی لە ئەندامانی لیژنەکە کرد. حوکم لە چیچیکوف دەکرێت کە هەموو ئەو پارانە بگێڕێتەوە کە دزی بوونی و لە وەزیفە دەردەکرێت . چیچیکۆف، کەسێکی سەر سەخت و کۆڵنەدەر بوو ، سەر لەنوێ دەست بە ژیانی کردەکی خۆی دەکاتەوە ، لە دایەرەی گومرگ دادەمەزرێ . لەوێ پەیوەندی توندو تۆڵ دەگەڵ قاچاخچیاندا دەگرێت و لەو ڕێگایەوە، قازانج و سەروەت و سامانێکی زۆر بەدەست دێنێت ، بەڵام بەینی دەگەڵ فەرمانبەرێکی شەریکە بەرتیلی خۆیدا تێکدەچێت و ئەنجام چیچیکۆف بۆ جاری دووەم نابووت دەبێت .

بەڵام چیچیکۆف، لەو کەسانەبوو کە بە ئاسانی کۆڵی نەدەدا و دەستبەرداری زوو دەوڵەمەندبوون نەدەبوو، تەنانەت دوای ئەو دوو جەزرەبەیەش هەر کۆڵ نادات، بۆیە دەبینین لە دەرگایەکی تازە دەدات. چاک دەزانێ کە لە نێوان ئەم سەرژمێری گشتی بۆ ئەو سەر ژمێری، ناوی ئەو جوتیارە کۆیلانەی کە لەو بەینەدا دەمرن، لە تۆماران ڕەش ناکرێتەوە و دەبێ دەرەبەگەکان، تا ئاماری تازە ، باجی ئەو مردووانەش بە دەوڵەت بدەن. چیچیکۆف، لە دڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە چۆنە هەزار کەس لەو جووتیارە مردووانە بکڕێت و بەڵگەو سەنەدان پێشکەش بە ئەنجوومەنی سەرپەرشتیاری بکات گوایە بابایەکی دەرەبەگەو ئەو هەموو جوتیارەی هەیە، هەنگێ ئەنجومەنی ناوبراو، لە بری هەر جووتیارێک ، بری بیست ڕۆبڵ سلفەی دەدایە ، ئیدی چیچیکۆف بە ڕێگەیەکی زۆر ئاسان و بێ هیچ ماندوو بوونێک، دەبێت بە خاوەنی سەرمایەیەکی بیست هەزار ڕۆبڵی ؟

ئیدی چیچیکۆف دەکەوێتە گەڕان بە سەر دەرەبەگەکاندا، لە کێڵگەو مەزارەکانیاندا سەردانیان دەکات، بە زیرەکی و سەبر و حەوسەڵە دەگاتە ئامانجەکەی خۆی ، لە مامەڵەدا نەرم و لە سەودادا، زیرەک و فێڵباز. زۆر چاک دەزانێ چۆن سەری قسان دابمەزرێنێ و چۆن ئەو دەرەبەگە جۆراو جۆرانە بێنێتە ڕەداو بگات بە مەرامی خۆی . بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، پلانەکەی ئاشکرا دەبێت ، دەستەکەی دەکەوێتە ڕوو و، دەخرێتە زیندانەوەو چاوی ڕەشی کاڵ دەبێتەوە و خەونەکانی پوچەڵ دەبنەوە.

گۆگۆڵ، هونەرمەندانە،وێنەی کەسایەتی ئەو بازرگانە سەرمایەدارەی گرتووە کە ڕابەری کۆمەڵگەی قۆناغی دواتری مێژووی ڕووسیای تزاری دەکات، وەکو کەسێکی زیرەک،چالاک ،پشوو دێژ و جدی وێنەی گرتووە کە زۆر جیاوازە لەو دەرەبەگە گەوج و گەمژەو دڕو ملهوڕانەی مامەڵەیان لە تەکدا دەکات. گۆگۆڵ لە پاڵ چیچیکۆف دا ،چەندین کارەکتەری فیوداڵیش وێنە دەکێشێت ، کە ئەستێرەی چیچیکۆف وەکو نوێنەری، ڕووسیای سەرمایەداری ، لە هەموویان زیاتر دەکەوێتە بەرزی.

که چیچیکۆف دەگاتە شاری ((ن)) و بەمەبەستی کڕینی گیانە مردووەکان، پەیوەندی دەگەڵ دەرەبەگەکاندا دەگرێت ، هەوەڵین دیداری دەگەڵ مانیلۆفی دەرەبەگدا دەبێت. ئەمە نموونەیەکە لەو دەرەبەگانەی کە گوێ بەکار و باری کێڵگەو مەزارەکەی و تەنانەت کاروباری دارایی خۆیشی نادات . کابرایەکە خەمساردو گەمژەو هەست مردوو ،خەون دەبینێ، بەڵام نازانێ خەون بە چییەوە دەبینێ ، ئاواتی هەیە بەڵام نازانێ چ ئاواتێک، ئەوانەی دەوروبەریشی هەمان نەخۆشی خەمساردی و ، بێ موبالاتی ئەویان هەیە : ژنەکەی، منداڵەکانی ،تەنانەت جووتیار و مسکێنەکانیشی کە زۆربەی کات نووستوون. مانیلوف،پیاوێکی باشە، تەبیعەت نەرمە،بەڵام ئەمە دیمەنێکی کۆمیدی درێویان پێبەخشیوە، لە ژیانیا کەمترین خزمەتی هیچ مرۆڤێکی نەکردووە ، ژیانی بووە بە زنجیرەیەک تووڕەهاتی بۆش و بەتاڵ، گۆگۆڵ،نمونەیەکی دیکەی دەرەبەگمان پیشان دەدات کە تەواو پێچەوانەی مانیلۆفە ، ئەویش کارابوچکای دەرەبەگە. کارابوچکا بایەخێکی فرە بە مەزراکەی دەدات، ڕژدو چروکە دەزانێت چۆن پارە کۆدەکاتەوەو تاقەتی دەکات. جۆرەها کیسەی تەژی پارەی وردە و درشتی هەیە. سەوداو مامەڵەی هەنگوین و ئارد و پیوی بەراز و پەڕی باڵندە و... دەکات، ئەمە جگە لە سەرپەرشتی مەزرا ڕێک و پێکەکەی، هەموو کاتی خۆی بۆ ڕایی کردنی کاروبارە زۆرەکانی تەرخان کردووە. کارابوچکا، لە ژیاندا جگە لە پارە کۆکردنەوە هیچی دیکە نازانی. نموونەیەکی دەرەبەگی هۆڤی و بیر تەسکە. وەکو هەموو دەرەبەگێک، جوتیارانی کۆیلە بە کاڵایەکی ڕووت دەزانێ. تا حەزکەی دڵ ڕەق ، قسە ڕەق ،جگە لە بەغیلی و حەسوودی، باوەڕی بە هیچی دی نیە، هەرشتێکی هەیە، هەمووی کۆنی کۆنە — ماڵەکەی ، ئاوێنەکانی، سەعاتە چاڵمە دیوارییەکەی ،........هتد.

چیچیکۆف ، بەدەم تاقیب کردنی گیانی مردووانەوە،تووشی سابوکیفیچی دەرەبەگ دەبێت . ئەم نموونەیە،کەسێکی دڕ، زبر، زۆردار ، چەوسێنەر، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کارەکانی پەکیان دەکەوت، ئامادەبوو جوتیارەکانی خۆی پارچە پارچە بکات. هەموو شتێکی ئەم کابرایە ناشرین و قێزەون بوو، تەنانەت ڕێو ڕۆشتنەکەشی کە گۆگۆڵ بە ڕێوڕۆیشتنی ورچی دەچووێنێ. هەرچەندە سابوکیفیچ، بایەخی بە مەزراو موڵک و ماڵەکەی دەدا، بەڵام دژمنی سەرسەختی خوێندن و پەرەسەندن بوو. حەزناکات هیچ گۆڕانێک بەسەر ڕێرەوی ژیاندا بێت. سابوکیفیچ نموونەیەکی زندووی ئەو دەرەبەگانەیە،کە پشتیوانی بێ چەندو چوونی دەسەڵاتی تزارن. سابوکیفیچ کەسێکی لێزان و زیرەک بوو، کاتێ کە چیچیکوف سەودای جوتیارە مردووەکانی لەگەڵدا دەکات ، سابوکیفیچ داوای نرخێکی زۆر دەکات و بەڕاستیش نرخێکی زیاتر لە دەرەبەگەکانی دیکەی، لێ وەردەگرێ، چونکە سابوکیفیچ سوور دەزانێ کە سەواو مامەڵە بە ڕوحەوە لە باری یاساییەوە قەدەغەیە، بۆیە ئەم ماستەی چیچیکوف موویەکی تێدایە! جابا فرسەت لەم مشتەریە چەورە بێنێ و دەستی خۆی بوەشێنێ و پارەیەکی بەشی لێوەرگرێت.

نموونەیەکی دیکەی ئەم دەرەبەگانە — نوزدریفە : کابرایەکی چەنەبازی درۆزنە ، حەزی لە هەراو ئاژاوەیە ، گوێ بە مەزرا و جووتیارەکانی نادات، هیوایەتی بەخێوکردنی ئەسپ و ڕاگرتنی تاژیە،بۆیە دیارترین شتی ماڵەکەی بریتیە لە تفەنگ و شمشێر . نوزدریف، ئەهلی خواردنەوەو مەستی و قومارە، داینشتن نیە تیایدا حازر بێ و بەشەڕ و ئاژاوە و ڕیسوایی کۆتایی نەیەت. نوزدریفش وەکو مانیلوف نموونەیەکی درێو وپیسی ئەو پەیوەندیانەیە کە پەیوەندیانی کۆیلایەتی لە ڕووسیای تزاریدا سەپاندوویەتی .

یەکێک لە دەرەبەگەکانی دی بیلوشکێنە، گۆگۆڵ ئەم نموونەیەی لە هەنبەر چیچیکوف دا قوت کردووەتەوە،تا دەرەبەگایەتی و ئەو هەل ومەرجە ڕیسواو مەحکوم بکات کە ئەم سیستەمە ئابوریە خوڵقاندوویەتی . بلیوشکێف،هیچ سیفەتێکی مرۆڤانی تیا نییە، کابرایەکی بەغیلی پیسکەی هۆڤیە، هەر بەناو ئینسانە . گۆگۆڵ، کە وێنەی ئەم دەرەبەگە دەگرێت ، دەیەوێ ئەو هەلومەرجە حەیاتیە ڕوون بکاتەوە،کە ئەم نموونە کارەساتبارەی بەرهەم هێناوە و ژیانی "بلیوشکین"مان بۆ دەگێڕێتەوە. ژیان لە کێڵگەو مەزراکەی دا، یەکپارچە جم جۆڵ و چالاکی بوو،مەزراکە مەزرایەکی باشە ، ئاشەکەی شەو ورۆژ کار دەکات. ژنەکەی ئافرەتێکی ڕووخۆش و منداڵەکانی ڕوح سووک و بزێو بوون . دەرەبەگەکانی دەرو دراوسێی زوو زوو دەچوونە میوانی و سەردانیان دەکرد . لە ناکاوا ژنەکەی دەمرێت ، کیژەکەی ڕەدووی دڵدارە سووپاییەکەی دەکەوێت، بلیوشکین، حاشای لێدەکات . حاشا لەو کوڕەشی دەکات کە بەبێ ڕەزامەندی بابی ژن دێنێ ، پارەیەکی زۆر لە سەر مێزی قومار دەدۆڕێنێ. کچە چکۆلەکەی بلیوشکین دەمرێت . بەوجۆرە بلیوشکین سووک و ڕسوا، دوای ئەوەی هەموو خانەوادەکەی لە دەست دەدات و سەروەت و سامانەکەی دەدۆڕێنێ وکارو باری مەزراکەی دەداتە کەندێ، دەبێت بە مرۆڤێکی نیمچە شێت، پارەکانی تاقەت دەکات، ڕەزیلی لە خۆیشی دەکات. هەر بەوەندەوە ناوەستێ ، بەڵکو هەر شڕوشیتاڵ و پەڕۆ و پاڵ و بزمار و پارچە دار و شتێکی بێتە ڕێ هەڵیدەگرێت و کۆی دەکاتەوە. بلیوشکین، ڕێک لە پیرەژنێک دەچێت کە دەرۆزە بکات . بلیوشکین، دەبێتە باعیسی ئەوەی جوتیارەکانی لە برسا بمرن، چونکە دڵی نایەت خواردنیان بداتێ .

گۆگۆڵ، ویستویەتی لە ڕێگای ئەم دەرەبەگەوە ، تاوانی دەرەبەگان دەرهەق بە جووتیاران بخاتە ڕوو و لەو بارەیەوە دەڵێت : لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی دواییدا، هەشت کەس لە جووتیارەکانی بلیوشکین لە برسا مردن .

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گۆگۆڵ لەبەر چی چیچیکۆفی قارەمانی ڕۆمانەکەی لە کارەکتەرە دەرەبەگەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە ، باڵاتر نیشان داوە، شێوازی مامەڵەکردنی دەگەڵ ئەو نموونە جیاوازانەدا ،جیاوازە، هەرچەندە کەم و زۆر تیشکی خستۆتە سەر داڕوخان و هەرەسی بەها

مرۆڤانیەکانی چیچیکۆفیش. گۆگۆڵ، ویستویەتی هەموو سیفەتێکی خۆپەرستانەی بازرگانێکی سەرمایەداری لە چیچیکۆف دا بەرجەستە بکات . پیاوێکە هیچ ڕووداوێکی نیشتمانی نای هەژێنێ ، جگە لە قازانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هیچ دۆزێکی دیکەی بەلاوە گرنگ نییە . خۆشی و شادی چیچیکۆف بەندە بە ناخۆشی و کارەساتی خەڵکییەوە ، لە خودای گەرەکە نەخۆشی و پەتا و قات و قڕی لە نێو خەڵکیدا بڵاو بێتەوەو ژمارەی مردوان زۆر بێ تا قازانج و بەرژەوەندی ئەو زۆر بێت. گۆگۆڵ : لە ڕۆمانی "گیانە مردووەکان"دا هەر بە وێنە گرتن و نیشاندانی چینی دەرەبەگ و فیوداڵەوە ناوەستێ ،بەڵکو وێنەی توێژێکی بەرینی فەرمانبەرانی ڕووسیای تزاریش دەگرێت، کە گەورە فەرمانبەران پتر لە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە دەرەبەگانەوە هەیە.

گۆگۆڵ، لەم ڕۆمانەیدا،پەردە لەسەر بودەڵەیی و هیچ و پوچی و زۆرداری دەسەڵات هەڵدەماڵێت و،ئەوە نیشان دەدات کە بەرتیل و بەرتیل خۆری سەراپای سیستەمی وەزیفی تزاری لە لوتکەوە تاپاین تەنیوە — گەورە فەرمانبەران بریتین لە کۆمەڵێک دزو جەردە.

گۆگۆڵ، ویستویەتی لە میانەی گەڕانی چیچیکۆفەوە بەسەر مەزراو کێڵگەی جۆراو جۆری دەرەبەگەکاندا،وێنەی جەماوەری بەرینی جوتیاران وێنە بگرێت، هاتووە وێنەی هێزی گەورەی جووتیارانی، بەهەموو سادەیی و ئازایەتی و کارایی و چالاکیەکیانەوە گرتووە، بەڵام ئەم هێزانە لە ژێر گوشار و کۆت و بەندی بارو دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی باوی ڕووسیا دا بوون.

کاتێ گۆگۆڵ، وێنەی دنیای دەرەبەگان و فەرمانبەرانی تزاری دەگرێت، خوێنەر واهەست دەکات کە لە پشت ئەم دنیاوە، دنیایەکی دیکە هەیە، ئەویش دنیای جووتیارانە کە گۆگۆڵ بەو پەڕی ورە بەرزی باسیان دەکات و زۆر دڵبەندی ئەوەیانە کە بە پەرۆشەوە چاویان لەوەیە لە کۆتی کۆیلایەتی و بەندایەتی ڕزگار ببن. لە وشەکانی گۆگۆڵ دا هەست بەوە دەکرێت کە باوەڕی پتەوی بە ئایندەی پرشنگداری جووتیاران هەبووە، بە تایبەتی لەو شوێنەدا کە وێنەی گالیسکەکەی گرتووە کە بەوپەڕی گوڕ و تینەوە بۆ پێشەوە تەکان دەدات، دیارە ئەم وێنە هونەرییە،بۆ خۆی ڕەمزە بۆ هێزی مەزنی گەلی ڕووسیا.

گۆگۆڵ، لەم ڕۆمانەدا تەنها پەردە لە سەر پرۆسەی هەرەس و داڕوخانی دەسەڵاتی کۆیلایەتی — فیوداڵی و ئەو تاریکستانە ڕوحیەی کە بە شەران لە سایەیدا دەژین هەڵنامالێ ، بەڵکو هاتووە بە شێوەیەکی هونەریانەی دەگمەن وبلیمەتانە، ئەو مەترسیانەشی بەرجەستە کردووە کە خەڵکانی وەکو چیچیکۆف، لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا بەسەر گەلیدا دێنن، ئەو سیستەمەی کە خەڵکی هەژار لە سایەیدا، لە لایەن کۆمەڵێکی کەمی سەرمایەدارەوە وەکو کاڵا مامەڵەیان پێوە دەکرێت و دێنە کڕین و فرۆشتن.

*پەراوێزو ژێدەران:*

١ –"مێژووی ڕۆمانی ڕووسی بە دوو بەرگ" ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت ،بەرگی یەکەم ،مۆسکۆ ١٩٦٢ ،ل٣٢٤.

٢–مارسێل ئەهرار "مێژووی ئەدەبی ڕووسی " بەیروت ١٩٥٧،ل٥٩

٣–ان. ف .گۆگۆڵ–کۆبەرهەم– بەرگی پێنجەم ، مۆسکۆ ١٩٥٩،ل٢٣٦.

## ٤-گۆگۆڵ و شانۆ

" ئەدەبی شانۆییمان هێشتا هەژارە یان لە سەرەتادایە. ئەمە حەقیقەتە، بەڵام لە گۆگۆڵەوە ئیدی لە سەر زەمینەیەکی پتەودا وەستا و بەڕاستە ڕێگادا دەڕوات ." (١) — ئەمە قسەی نووسەری شانۆیی گەورەی ڕووس ئەلسکاندەر ئوستروفسکییە (٢) کە لەساڵی ١٨٥٩دا لەیەکێک لە وتارەکانیدا دەربارەی شانۆی ئەوسەردەمەی ڕووسی نووسیوە.

((١) )

گۆگۆڵ وەکو چۆن دەورێکی بەرزی لە پەرەسەندنی چیرۆک و ڕۆمانی ڕووسیدا دیتوە، بەو ئاوایە دەوری لە پەرەسەندنی شانۆی ڕووسیشدا زۆر مەزن بووە. هەرچەندە چەند شانۆنامەیەکی نووسیوە، بەڵام هەردوو شانۆنامەی "زەماوەند" و "جەنابی موفەتیش" دوو ئەستێرەن نەک هەر لە ئەدەبی ڕووسیدا، بەڵکو لە ئەدەبی جیهانیشدا، بەتایبەتی "جەنابی موفەتیش" دیار و پرشنگدارن.

گۆگۆڵ شانۆ بە قوتابخانەیەکی کارای پەروەردەی جەماوەر دەزانێت. ئەدەبی شانۆیی هەر ئەوە نییە کاتێک کە تەمەشاڤان کارێکی شانۆیی تراژیدی دەبینێ ، فرمێسک بڕێژێ و بگری، یا گاڤێ کارێکی شانۆیی کۆمیدی دەبینێ لە قاقای پێکەنین بدات. بەڵکو نووسەری شانۆیی لەسەرێتی دەوری مامۆستای بەرینترین جەماوەر لە قوتابخانەی جەماوەردا — هۆڵی شانۆ، ببینێت . پێی وایە نووسەری شانۆیی ساتیر، چەندیش بەرهەمەکەی کۆمیکی بێت، تامی تاڵی بە تەماشاڤان دەچێژێ . کێ توانیویەتی وەکو گۆگۆڵ، لە میانەی پێکەنینەوە ، فرمێسک هەڵقوڵێنێ ؟ لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی نۆزدەدا ، شەپۆلە شانۆییەکی بیانی کە هیچ ناوەرۆکێکی مرۆڤانیان تێدا نەبوو، بەڵکو زیاتر حەقیقەتە حەیاتیەکانیان بە ڕادەیەک دەشێواند کە لەوە دەردەچوون بە ئەدەبی ڕاستەقینە بێنە ژماردن، بە سەر شانۆی ڕووسیدا زاڵ بوون . ئەمە وای لە گۆگۆڵ کرد . دژی ئەم ڕێبازە بوەستێ و داوای ئەدەبێکی شانۆیی جدی بە گوێرەی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای بتەو بکات : حەقیقەتی ژیان بخاتە ڕوو، بیرۆکەی باشی تیابێ ، ڕواڵەتە واقعیەکان لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپە دیموکراتیە پێشکەوتنخوازەکان وێنە بگرێت . گۆگۆڵ هەمیشە تاکیدی لە سەر ئەو ڕۆڵە هزرییە دەکردەوە کە بەرهەمەکانی شکسپیر ، مولیر (٣)، گۆتە، شیللەر، بومارشیە (٤) و ....هتد لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەردا دیتویانە. یەکێک لە بۆچوونە هەرە دیارەکانی گۆگۆڵ، دەربارەی نووسینی شانۆنامە ئەوە بوو کە نابێ واقع بە شێوەیەکی فۆتۆگرافیانە بێتە وێنە گرتن ، یان ڕووداو بەشێوەیەکی ساکارانە بێتە کۆپی کردن . بەڵکو خوازیاری ئەوە بوو واقع لە چوارچێوەیەکی فکریدا بێتە وێنەگرتن . گۆگۆڵ بەم شێوازە توانی بەرهەمێکی کۆمیدی ڕیالستی ڕەسەن پێشکەش بکات. گۆگۆڵ، خوازیاری ئەو کۆمیدیا کۆمەڵایەتیە بوو ،کە ڕاستگۆیانەو بە

شێوازێکی هونەری باش ،واقع نیشان بدات، لەو بارەیەوە دەڵێت : " ئەگەر قەرار بێ کۆمیدیا ببێت بە وێنەو ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان ، ئەوا پێویستە ئەم ژیانە بە هەموو ڕاستییەکی خۆیەوە بنوێنێ." (٥)

گۆگۆڵ بە هەموو توانایەکی خۆیەوە لە پێناوی" شانۆی حەقیقەتی ژیان " و لە ڕای کۆمیدیای کۆمەڵایەتیدا کاری کردووە. ئەمەی بە ئەرکی خۆی لە پێناوی دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی ڕووسیدا، دەزانی ، چونکە دژی ئەو کۆمیدیا بیانیانە بوو کە بیرۆکەی ئەرێنی خێرخوازیان تیا نەبوو. ئەو پرەنسیپانەی کە گۆگۆڵ لە بواری هونەری شانۆییدا دیاری کردبوو، خۆی لە خۆیداداشداری بوو لە شانۆی واقعی، چونکە گۆگۆڵ بە خۆی یەکێک بوو لە پێشەنگانی شانۆی "حەقیقەتی زیندوو".

پەیوەندی گۆگۆڵ بە شانۆوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی منالێیەتی ، کە بابی زۆرجار نمایشنامەی بە هەردوو زمانی ئۆکرانی و ڕووسی دەنووسین و لە سەر شانۆ تایبەتیەکەی ماڵی خزمە وەزیرە خانەنشینەکەیان، تروشینسکی پێشکەش دەکران و بەخۆیشی بەشداری لە نواندندا دەکرد. گۆگۆڵ لە منداڵی را ئەو نمایشنامانەی دەبینی و هەندێجار بەشداری تێدا دەکردن . پاشان پەیوەندی گۆگۆڵ بە شانۆوە زیادی کرد ، بە تایبەتی کە لە قوتابخانەدا تەوەرەی تیپی شانۆی قوتابخانەکەیان بوو و ڕۆڵی گرنگی لە سەر تەختەی شانۆی قوتابخانەکەدا دەبینی و هەمووان ستایش و ئافەرینیان دەکرد.

پەی بە گرنگی شانۆ وەکو هونەرێکی جەماوەری کاراو وەکو قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی هاوڵاتیان برد بوو و بەو ئاوێنەیەی دەزانی کە دەتوانرێت لە ڕێگایەوە هەموو نەرێنیەکانی کۆمەڵگەی تزاری نیشان بدرێ .

گۆگۆڵ لەم دید و ڕوانگەیەوە کەوتە بیری ئەوەی لە دەرگای شانۆ بدات ، بەتایبەتی کە شانۆی ڕووسی تاکو سییەکانی سەدەی نۆزدەش ، شانۆنامەی فکری ڕەسەنی نەبوو ، و لەو سەرو بەندەدا کاری شانۆیی کاڵ و کرچ و تورەهات و دوور لە خواستی مرۆڤی ڕووسی، پێشکەش دەکران. بەڵام کارە شانۆییەکانی، نووسەرانی کلاسیکی ڕووسی وەکو فانفیزن (٦) وکریلوف و گریبویدیف (٧) ، لەلایەن دەسەڵات و کاربەدەستانی بزوتنەوەی ئەو ڕۆژگارەوە دژایەتی دەکرا و کۆسپ و تەگەرە دەخرایە بەردەم پێشکەشکردنیان. بۆیە گۆگۆڵ بەدەنگی بەرز داوای دەکرد کە شانۆی ڕووسی لە دەسەڵاتی شانۆی بیانی ڕزگار بکرێت ودەرفەت بە شانۆی خۆماڵی بدرێت کە ژیانی ڕاستەقینەو زیندووی ڕووسی وێنە بگرێت و بنوێنێ .

گۆگۆڵ، زیاتر بایەخی بە شانۆی کۆمیدی دەدا ،چونکە شانۆی ڕووسی لەو سەرو بەندەدا کەوتبوە ژێر کاریگەری هەندێ نوکتەی تورەهات وبازاڕییەوە وجەماوەری سادە و ساکاری بە ئاڕاستەیەکی نەرێنی بێ

سوودا دەجولاند، لە کاتێکدا جەماوەر زۆر پێویستی بە کۆمیدیایەک بوو کە هەستی ئازادیخوازی و حورمەتخوازی لەلا بجولێنێ و پەردە لە رووی هەر کارێکی نامرۆڤانی هەڵماڵێت و ڕسوای بکات .

گۆگۆڵ، لە سەرەتای ئەزموونی نووسینی شانۆییدا چەند کارێکی شانۆیی نووسی، هەرچەندە هیچیان بڵاونەبوونەوە، بەڵام سەرەتاو دەستپێک بوو بۆ کارێکی شانۆیی گەورە ، ئەوە بوو شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش"بوو سەرتۆپی ئەو هەوڵە شانۆییانەو ،یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣٦دا لە سەر شانۆی ئەلکساندەریفسکی، لە پترسبۆرگ پێشکەش کرا. ڕێک ئەو کارەبوو کە گۆگۆڵ دەیویست – بەجارێ هەرچی گەندەڵی و پۆخڵەوات و نەرێنی کۆمەڵگەی رووسی هەبوو خستنیە ڕوو و بەوپەڕی ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی پێشکەشی کردن. کۆمەڵێک نموونەی زیندووی دام و دەزگا کارگێڕیەکانی سیستەمی تزاری ، لەوانەی کە تا بینەقاقایان لە دزینی سەروەت و سامانی دەوڵەت و بەرتیل خۆریدا غەرق بوو بوو، پێشکەشمان کرد.

((٢) )

یەکێک لە هەوڵە هەوەڵینەکانی گۆگۆڵ لە مەیدانی نووسینی شانۆنامەدا ، شانۆنامەیەکی تەواو نەکراو بوو بە ناونیشانی "میداڵی نمرە سێی فلادیمیر" بیرۆکەی نووسینی ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٨٣٣دا کەوتبووە سەر . گۆگۆڵ لەم شانۆنامە کۆمیدیەدا هەوڵی ئەوەی داوە کە پەردە لە رووی ناوەندە بیرۆکراتیە هەلپەرست و خاپینۆک و بەرتیل خۆرەکەی کاربەدەستانی ڕژێمی تزاری هەڵماڵێت .

قارەمانی ئەم شانۆ نامەیە فەرمانبەرێکە بە نێوی بارسوکوف، تاقە ئاواتی هەموو ژیانی ئەوەیە کە میداڵی نمرە سێی فلادیمیر وەربگرێت. گۆگۆڵ لە میانەی هەوڵ و تەقەلای ئەم قارەمانەوە بۆ ئەوەی بگات بە ئاواتەکەی ،ژیانی واقعی و دەروونی قارەمانەکە، ئەو ناوەندەی کە ئەم قارەمانەی تێادا دەژی، بەشێوەیەکی روون و ڕەوانی تەنزامێز وێنە دەگرێت. بارسوکوف بۆ هاتنە دی ئەم خەونەی پشتی بەهاوڕێیەکی خۆی قایمە بە نێوی ئەلیکسکاندەر ئیڤانۆڤیچ، کە لەهەمان کاتدا دۆستی وەزیریشە ، بەڵام ئەم دۆستەی نەک هیچ هەوڵێک لە لای وەزیر بۆ بارسوکوفی دۆستی نادات، بگرە درۆ و بوختانیشی بەدەمەوە دەکات، چونکە بەغیلی بە وەزیفەکەی ئەو دەبات.

بارسوکوف ، لە کۆتایی شانۆنامەکەدا شێت دەبێت و لە بەردەم ئاوێنەدا دادەنیشێت و وا وێنا دەکات ئەو میداڵەی بە ئاواتیەوە بوو، بە بەرۆکیەوەیە .

بیرۆکەی ئەم شانۆنامەیە، پەیوەندیەکی زۆر نزیکی بە هەمان بیرۆکەی، ئەو چیرۆکانەوە هەیە کە گۆگۆڵ دەربارەی ژیان و واقعی شاری پترسبۆرگی نووسیون و هەمان بابەتی لێرەشدا تاوتوێ کردووە. گۆگۆڵ

له ترسی ئەوەی سانسۆر ڕێگەی  پێشکەش کردنی ئەم شانۆنامەیەی نەدا ، تەوای ناکات و بە نیوەچڵی وازی لێدێنێ .

گۆگۆڵ لە ساڵی ١٨٣٣دا، دەستی بە نووسینی شانۆنامەی "زەماوەند" کرد، کە پێی وابوو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وەکو شانۆنامەی یەکەم، دەزگای سانسۆڕ و سانسوڕچیانی لێناوروژێنێ. شانۆنامەی" زەماوەند " بریتییە لە کێشما کێشی نێوان ژمارەیەک لە خوازگاران لە سەر خواستنی کیژێکی دەوڵەمەند. گۆگۆڵ بەڕاستی لە وێنە گرتنی ژیان و سایکۆلۆژیای فەرمانبەران و ئەفسەران و بازرگاناندا گۆی هونەری بردۆتەوە . ئەم شانۆنامەیە ،ڕەخنەیەکی جڤاکی قووڵی لە خۆگرتووە ، پەردەی لە ڕووی هەرەس و داڕووخانی بەها مرۆڤانیەکانی کۆمەڵگەیەک هەڵماڵیوە، کە پەیوەندی بۆرژوازیەت خەریکە باڵی بەسەردا بکێشێت. زەماوەند لەم کۆمەڵگەیەدا،وەکو هەر کاڵایەک ملکەچی یاسای بازاڕە- و گۆگۆڵ لێرەدا پەردە لە ڕووی ڕیاو ڕووبینی و دژواری و زەبری پەیوەندییە خانەوادەییەکان ،لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی فیوداڵیدا ، هەڵدەماڵێت .

ئەم شانۆ نامەیە دوو کاراکتەری تیایە کە بریتین لە : بودکالیوسین- مرۆڤێکی لاوازی بێ شەخسیەتە ،هیچ کارێک ناکات ، لە هەر جمووجۆڵێک دەترسێت. کەچی بە هەموو بودەڵەیی و ترسنۆکیەکی خۆیەوە ، دەیەوێ خۆی لە پشت پەردەی ڕواڵەتی پرشنگدارەوە خۆی وەشێرێ و خەڵکی هەژار دەبوغزێنێ ، کابرایەکە لە خۆپەرستیدا لینگەی نییە ،کەس تەحەمولی ناکات.

کاچکاریوف- فریبۆک، قسە ڕەق ، هیچ و پووچ، بۆیە هەموو خەونەکانی دێنێتە دی و بە ئامانجەکانی دەگات. هەڵبەتە ئەم شانۆنامەیە چەند کاراکتەرێکی دیکەشی تێدایە کە گۆگۆڵ لە ڕێگای ئەوانەوە هەموو نەرێنی و گەندەڵیەکانی کۆمەڵگە لە قاو دەدات، گۆگۆڵ دەرەبەگان و بازرگانانی پێ قووت ناچن، چونکە هەردووکیان لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە لە سەر حیسابی خەڵکی ڕەش و ڕووت دەژین.

ئاگاڤیای بووک هیچ هەستێکی ویژدانی تیانیە، بەشێکە لە کۆمەڵی بازرگانان، بۆیە دەبینین دەیەوێ بە تیرو پشک یەکێک لە خوازگارەکانی هەڵبژێرێت. ئەم ئافرەتە کەسێکی چاوچنۆکی تەماعکارە، تەنیا بیر لە تەماع و پارە دەکاتەوە. لە کۆتایی شانۆنامەکەدا ،"بودکالیوسین"ی خوازگار هەڵدێت  و ئەو سەوداو مامەڵەیەی کە ئاگافیا و داک و بابە پڕاگماتیکەکەی نەخشەیان بۆ دەکێشا ، هەڵوەشایەوە.

هەندێ لە ڕەخنەگرە کۆنەپەرستەکان، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە بایەخ و گرنگی ئەم شانۆنامەیە کەم بکەنەوە، چونکە بەتوندی و بەڕاشکاوی لە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵگەی فیوداڵی - بۆرژوازی دەداو ڕیسوای دەکرد .

گۆگۆڵ له ساڵی ١٨٣٥دا له نووسینی شانۆنامەی "زەماوەند"ی دا ، بەڵام نەیدا به هیچ تیپێکی شانۆیی تا پێشکەشی بکات، له هەمان ساڵدا دەستی به نووسینی شانۆنامەی "جەنابی مووفەتیش" کرد. شانۆنامەی "زەماوەند" دوای ئەوەی گۆگۆڵ هەندێک سووکە دەسکاری کرد، بۆ یەکەمجار له ساڵی ١٨٤١دا پێشکەش و نمایش کرا.

یەکێک لەو کاره شانۆییانەی که گۆگۆڵ له سەرەتای ساڵانی سییەکاندا نووسیویەتی و له کۆ بەرهەمەکانیدا له ژێر سەر ناڤی ((مقاطع درامیه ولوحات تمثیلیه مستقله)) دا تۆمار کراون، شانۆنامەی —"قومارچیان"ە. گۆگۆڵ لەم شانۆنامەیەدا ، دنیای قومارچیانی دڵڕەق له قاو دەدات، ئەو قومارچیانەی که له سەر مێزی قومار له هاوڕێکانی خۆشیان دەخۆن و تەنیا پاره حوکمڕانی ڕەهایە. قارەمانی شانۆنامەکه — ئیخاریوف دەیەوێ له ڕێگای خاپاندنی خەڵکیەوه و بێ ئەوەی هیچ ڕەنجێک بدات ، بەئاسانی سەروەت و سامانێکی زۆر به دەست بێنێ. ئەم ئیخاریوفه کابرایەکی دەرەبەگە، زەوی و زارێکی زۆری هەیه ، سەدان مسکێن و جوتیاری کۆیلەی هەیە، بەڵام بودەڵەیی و نەفس نزمی وای لێدەکات پەنا وەبەر دەغەڵبازی وخاپاندن بەرێت ، گۆگۆڵ لەم شانۆنامه کۆمیدیەدا ،ویستویەتی پەرده له ڕووی ئیخاریوف و هەموو ئیخاریوف ئاساکان هەڵماڵێت ، ئەو ڕواڵەتبازانەی به دەمی و قسەی زل هیچ نایەڵنەوه و له هەموو کەس نیشتمانپەروەرترن ، بەڵام له ڕاستیدا و له ناوەڕۆکدا کۆمەڵێک دزی هیچ و پووچن.

((٣))

گۆگۆڵ له ساڵی ١٨٣٥دا دەستی به نووسینی شانۆنامه جوانەکەی "جەنابی مووفەتیش" کرد. وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ، گۆگۆڵ بیرۆکه و ئیلهامی ئەم شانۆنامەیەی له پوشکینەوه وەرگرتووه . بەڵام گۆگۆڵ ، وەکو هونەرمەندێکی مەزن، تەنیا بیرۆکەکەی ئەوی دانەڕشتووەتەوه بەڵکو هاتووه، هونەرمەندانه تێکەڵ به ژیان و ژینگەو ئەو واقعه ژیوارییەی کردووه که لەو سەردەمه هەستیارەی مێژووی ڕووسیای تزاری دا به خۆی تیا ژیاوه و شانۆنامەیەکی جوانی لێ خوڵقاندووه، که پەردەی له ڕووی هەموو پۆخڵەواتەکانی ئەو ڕژێمه سەر کۆتکاره هەڵماڵیوه و بەزمانێکی هێنده تۆسن و تەوسن دایڕشتووه که خودی تزاری قەڵس کردووه.

شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش" به هۆی قووڵی نێوەرۆکه هزریەکەی و پوختەیی لایەنه هونەری و ئەدەبیەکەیەوه .به گەوهەری یەکدانەی کاره شانۆییەکانی گۆگۆڵ، دێته ژماردن . گۆگۆڵ لەم شانۆنامەیەدا ، زۆر بەتوندی خەسڵەته بنەرەتیەکانی هەرەمی وەزیفی له ڕووسیای تزاری له قاو دەدات که چۆن بێ ئینسافی و درۆ و دەلەسه و، ڕیا و ڕووبینی و، بەرتیل و بەرتیل خۆری و پەیوەندی ناڕەوا

له نێوان ئەو کاربەدەستانەدا ، کە سیستەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی پشتی پێ بەستوون، لە باو و برەودابووە .

جم و جۆڵ و ڕەفتاری کۆمیدیانەی قارەمانی شانۆنامەکە – خلیستاکوف ، پەردە لە ڕووی هەموو دیاردەکانی گەندەڵی و تێکڕای تەبیعەتی سیستەمی دژە میللەت هەڵدەماڵێت ، ڕازی شانۆنامەکە لە کێشماکێش و ململانێی کارەکتەرەکاندا نییە، بەڵکو لە حەقیقەتی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەدایە، کە شانۆنامەکە، ناکۆکیە سەرەکیەکانی دەگەڵ واقعدا کەشف دەکات ، لە کێشەو ناکۆکی هێزە فیودالی و بیرۆکراتیە زاڵەکان، لەگەڵ خەڵکی سادەو عەوامدایە. ئەمەش ئەو فاکتەرەیە کە پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامە کۆمیدییە دەجولێنێ و دیاری دەکا. خەڵکی ئەو شارە چکۆلەیە، بەر لەوەی خلیستاکوف بگاتە ئەوێندەر، هەموو چاوەڕوانی هاتنی جەنابی موفەتیش بوون، بۆیە کاتێ قارەمانی شانۆنامەکە دەگاتە جێ و هەواڵەکە بە هەڵە بڵاو دەبێتەوە کە گوایە خلیستاکوف، جەنابی موفەتیشە ،جم وجۆڵ لە سەر تەختەی شانۆکە پەیدا دەبێت و ئیدی دیمەنەکانی ژیانی شار بەبەرچاوی تەماشاڤاندا تێدەپەڕن — فەرمانبەران، بازرگانان، بورژوایان، لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئاساییەکانی خۆیاندا، کە لە ژیانی زۆربەی شارەکانی ئەو سەرو بەندەی ڕووسیا، دەچێت، دەردەکەون .

ڕەنگە هەندێ کەس قەناعەتیان وابێ کە ئەم شانۆنامەیە چەند گرتەیەکی کۆمیکی، هەڵەیەکی ئاسایی بێ سەبارەت بە دیاریکردنی کەسایەتی موفەتیشەکە ، بەڵام لە ڕاستیدا ،ئەو هەڵەیە ڕەمزە بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە داڕوخاو پڕ خاپاندنەی کە لە سەر بناغەی ڕواڵەت وپێگە ڕۆنراوە نەک لە سەر بناغەی مەرجە مرۆڤانیە ڕاستەقینەکان. شانۆنامەکەش لە جەوهەر و کرۆکدا ،کۆمیدی نیە بەڵکو تراجیدیە ، بریتیە لە ڕەخنەیەکی توند و تیژ لە ڕژێمی باوی ئەو سەردەمە .

لە فەسڵی یەکەمی شانۆنامەکەدا ، تەماشاڤان بە ئاشکرا ئەو فریو و بەرتیل و دزی و ڕیا و ڕووبینییەی بۆ دەردەکەوێت کە حەقیقەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە داڕوخاوەکان دەردەخات . تەمەشاڤان و بینەر لە فەسڵی دووەمدا حەقیقەتی خلیستاکوفی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام فەرمانداری شار لە ترسی ئەوەی پۆخڵەوات و زێدەگاڤی و پێشێلکاریەکانی خۆی دەرنەکەوێت ، لە بەردەم خلیستاکوف دا دەشڵەژێ و دەپەشۆکێ .فەسڵی سێیەم تەرخانە بۆ کەشفکردنی درۆکەی خلیستاکوف . بەڵام ڕووداوەکانی فەسڵی چوارەم لە ماڵی فەرمانداری شاردا ڕوو دەدات، کە خلیستاکوف ، لەوێ بەرتیل لە فەرمانبەرانی پێشێلکار و ئەوانەی چاویان لە پلەو پایەیە یان دەیانەوێ بەرزبکرێنەوە وەردەگرێت ، بەرتیل لەو بازرگانانە وەردەگرێت کە هاتوون سکاڵا لە فەرمانبەری شار بکەن، هەروەها لە سەر شانۆکەدا بێوەژنی کابرایەکی سوپایی دەردەکەوێ ، ئەمانە تێکڕا، دەکەنە مشتێک لە خەرواری ئەو کۆمەڵگەیە. فەسڵی پێنجەم ، سەرکەوتنی فەرمانداری شار وکەشف بوون و ڕیسوابوونی خلیستاکوف دەنوێنێ . بەڵام

سەرکەوتنی فەرمانداری شار، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، کە دەزانێ موفەتیشە ڕاستەقینەکە گەییوەتە شار — لەم ساتەدا شانۆکە دەگەڕێتەوە سەر دۆخی هەوەڵجاری و هەمان دیمەنی فەرمانبەران و بازرگانانی ئەو شارە نیشان دەداتەوە.

هونەرمەندی ناوداری سۆڤیەتی نامیروفیچ — دانچینکو(٨) لە وتەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە گۆگۆڵ بە چ توانایەکی بەرزی سادە نووسی و وشە بژێری و سفت داڕشتنەوە کاری لەو شانۆنامەیەیدا کردووە. هونەرمەندی ناڤبری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوەی لە تێوری شانۆدا باوە، ئەمەیە فەسڵی یەکەم بۆ ناساندنی شانۆنامەکەو قارەمانەکانی تەرخان دەکرێت ، فەسڵی دووەم بۆ پەرەسەندنی گێڕانەوەکەی ، فەسڵی سێیەم، تەماشاڤان دەگەیەنێتە لوتکەی شانۆنامەکە ، فەسڵی چوارەم، زەمینە سازییە بۆ کۆتایی و فەسڵی پێنجەم — کۆتاییە . دیارترین نووسەرێن شانۆنامان نەیان توانیوە لەم تێوریە لابدەن. بەڵام لە "جەنابی موفەتیش " داکاتێ تەماشاڤان گوێی لە یەکەمین دەستەواژەی شانۆنامەکە دەبێت ، یەکسەر ئەو شوێنەی لەبەرچاو بەرجەستە دەبێت کە شانۆنامەکەی لێوە دەجوڵێ : "بەڕێزینە بۆیەم بانگ کردوون تا خەبەرێکی زۆر ناخۆشتان بدەمێ : جەنابی موفەتیش بۆلای ئێمە بەڕێوەیە ."(٩)

دیمەنە دڵداریەکەی ناو شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش" ناکاتە بەشێک لە کرۆکی ئەم شانۆنامەیە ،بەڵکو فاکتەری یاریدەدەرە بۆ کرانەوەی پلۆت و گرێ سەرەکیەکەی شانۆنامەکە. کە خلیستاکوف چاوبازی دەگەڵ "ئانائەندریڤنا"ی ژنی فەرمانداری شار ، و لەهەمان کاتدا چاوباشقاڵی دەگەڵ " ماریا ئانتونوفنا" ی کچیا دەکات و دایک و کچ هەڤڕکێ لەسەر ئەو دەکەن ، ئەمە دیمەنێکە کە گۆگۆڵ ویستوویەتی لە ڕێگایەوە ،پوچەڵی و گەندەڵی ئەم کۆمەڵگەیە بەزەقی نیشانبدات. درۆ، سیفەتی تێکڕای کارەکتەرەکانی شانۆنامەی "جەنابی موفەتیشە"، ئەمانە هەر هەنگاوێک دەدەن خۆیان، خۆیان لە قاو دەدەن. بەڵام هەرهەموویان جگە لە درۆزنیەکەیان ، خەڵکانێکی دڵڕەق و بێ ویژدان و ڕیاکارن ، لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا ، لە هیچ کارێک ناپرنگێنەوە .

گۆگۆڵ لە ڕێگای ئەم کاراکتەرانەوە وێنەی واقعی کۆمەڵگەی تزاری بە هەموو هەڤدژی و ناکۆکیەکانیەوە گرتووە. ئەو هەڤدژیانەی ، کە کەم و زۆر تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش، لە زۆربەی کۆمەڵگە چینایەتیەکاندا بەدی دەکرێن- ئەمە ڕازی گەورەیی شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش " و گۆگۆڵی نووسەریەتی.

گۆگۆڵ، باندۆرو کاریگەرییەکی گەورەی بە سەر شانۆی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەبووە، لە ئەلیکساندەر ئەسترۆفسکی یەوە بیگرە تا دەگاتە تۆڵستۆی(١٠) و چیخۆف (١١)، چونکە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە چەسپاندنی بنەماکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەب و شانۆی ڕووسیدا گێڕاوە.

*ژێرەرو پەراوێزە:*

١ — ا.ن. ئەسترۆفسکی"دەربارەی شانۆ" لینینگراد ١٩٤١، ل ٢٦

٢- ئەلیسکاندەر نیکۆلایوفیچ ئەسترۆفسکی (١٨٢٣-١٨٨٦) نووسەرێکی شانۆی ڕووسیە،کە بەتەوس و توانجەوە چاوچنۆکی و تەماعکاری بازرگانانی خستوەتە ڕوو ،زۆر شانۆنامەی بەناوبانگی هەن لەوانە "گەرداو" و "فەقیری عەیب نیە" و "شوێنی پڕ قازانج" و ....هتد.

٣ - جان باتیست مولییر (١٦٢٢-١٦٧٣) یەکێکە لە شانۆنامە نووسە بە ناوبانگەکانی فەڕەنسا ،"پیسکە" یەکێکە لە شانۆنامە کۆمیدیە بە ناو بانگەکانی.

٤ - بیرئۆگوستین بومارشیە (١٧٣٢ -١٧٩٩) ئەدیبێکی فەڕەنسیە،"بەربەرەکەی ئەشبیلیە" و" زەماوەندی فیگارو" لە شانۆنامە کۆمیدیە دیارەکانی ئەون.

٥- ان.ف.گۆگۆڵ،کۆبەرهەمەکانی ، بەرگی چوارەم، موسکۆ ١٩٥٩،ل٢٥٩.

٦ - دینیس ئیڤانۆڤیچ فانفیزن(١٧٤٥-١٧٩٢) یەکێکە لە ئەدیبە زۆر دیارەکانی سەدەی هەژدەیەمی ڕووس، یەکەم شانۆنامەی ڕووسی بە ناوی "سەرشێت" لەلایەن ئەوەوە نووسراوە ، بۆیە بەباوکی شانۆی ڕووسی دادەنرێ .

٧ - ئەلیسکاندەر سیرگیڤیچ گریبویدیف(١٧٩٥-١٨٢٩) ئەدیب ودیپلۆماتیکی ڕووسیە. لە داشداران و هەوادارانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٢٥ی دیسامبەریەکانە . بۆیە ڕژێمی تزاری و کۆنەپەرستیەتی ڕووسی ،لێی کەوتنە پیلان و لە تاران کوژرا. یەکێک لە شانۆنامە کۆمیدیە هەرە دیارەکانی شانۆنامەی "خەڵکی ئاقڵ لە عەزابدایە."

٨ - فلادیمیر ئیڤانوڤیچ نامیروفیچ - دانچینکۆ(١٨٥٨-١٩٣٤) دەرهێنەرێکی سوڤیاتی بوو، بە هونەرمەندی گەل ناسرابوو ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شانۆی (مخاث) لە مۆسکۆ.

٩- ان.ف.گۆگۆڵ — کۆبەرهەمەکانی، بەرگی چوارەم ،مۆسکۆ ١٩٥٩،ل٩.

١٠ - لیڤ نیکۆلایوفیچ تولستۆی(١٨٢٨-١٩١٠) ئەدیبی خاکی ڕووسیا و نووسەرە مەزنەکەیەتی . خاوەنی زۆر چیرۆک و شانۆنامەو ڕۆمانە لەوانە: " ئاناکارنینا، شەڕو ئاشتی ، ژیانەوە "،ئەمە جگە لە وتارە فەلسەفی و پەروەردەییەکانی.

١١- ئەنتون باڤلوفیچ چیخۆف(١٨٦٠ – ١٩٠٤) یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی ڕووسیا، نزیکەی چوارسەد چیرۆکی کورت و ژمارەیەک شانۆنامەی لە پاش بەجێماوە ، لەوانە : " نەورەس، لالۆڤانیا، باخی گێلاس، سێ خوشک."

## ٥-گۆگۆڵ و ئەدەبی ڕووسی

ئەدەبی گۆگۆڵ بە یەکێک لە قۆناغە گرینگەکانی کاروانی پەرەسەندنی ئەدەبی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەم دێتە ژماردن . گۆگۆڵ بە زەبری بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆی پایەو کۆڵەکەی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەیی چەسپاند . بۆیە دەبینین کاریگەری و باندۆری ئەدەبی گۆگۆڵ، بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ بەسەر بەرهەمی دیارترین نووسەرانی ڕیالستی ڕووسەوە دیارە .

گۆگۆڵ لە کاتێکا دەستی بە نووسین کرد کە پوشکین لەسەر عەرشی ئەدەبی ڕووسی دانیشتبوو . بۆیە بە قووڵی کەوتە خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئەدەبی پوشکین ، بەتایبەتی کە ئەدەبی پوشکینی بە نموونەی ئەدەبی ناسیونالی و نیشتمانی دەزانی.

گۆگۆڵ لە پۆشکینەوە ، فێری ئەوە بوو بە قووڵی لە ژیان تێبگات و لە ڕێگای کارەکتەرانی کاری ئەدەبیەوە دیاردەکانی ژیان، بنوێنێ و نیشانبدات . بەرهەمەکانی پوشکین کە بە شێوەیەکی واقعیانە ، هەڤدری و ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەیان وێنە گرتبوو ، کاریگەریان بە سەر پەرەسەندنی ئەدەبی گۆگۆڵەوە بە ئاشکرا دیارە.

زۆر لایەنی لێکچوون لە نێوان هەندێک لەو کارەکتەرانەدا هەن کە ئەم دوو نووسەرە گەورەیە لە بەرهەمەکانیاندا وێنەیان کێشاون ، بەڵام ئەمە گرینگ نیە ، چونکە ئەمە زیاتر زادەی هاونۆڕین و بۆچوونی ئەوانە دەربارەی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و بونیادی دەسەڵاتی دارایی بۆرژوازیەت . سەرباری جیاوازی شێواز و فۆرم لە نک ئەم جووتە نووسەرە ، هەردووکیان لەو ماکی شەڕەیان داوە کە کۆمەڵگەی بۆرژوازی لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووە ، بەتایبەتی دەسەڵاتە داراییەکەی ، ئیدی هەردووکیان ،هەر کەسەو بە شێوازی تایبەتی خۆی ، نامرۆڤانیەتی ئەم دەسەڵاتەیان — دەسەڵاتی دارایی — لەقاو داوە . ئەم جووتە ئەدیبە ، لە مەسەلەی بەرگری و داکۆکی لە مرۆڤی چەوساوە ، زۆر لە یەکەوە نزیک بوون . پوشکین و گۆگۆڵ،لە چارەسەرێک دەگەڕان بۆ ئەو ئاریشەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە میللەت تیایدا دەژیا .

جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێک لە پوشکین و گۆگۆڵ سەبارەت بە نۆڕینیان بۆ مەسەلەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە بخەینە ڕوو. لە کاتێکا پوشکین کە دێتە سەر وێنەکێشانی پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ، زیاتر لە دیدێکی فەلسەفی — کۆمەڵایەتی بەرزەوە بەرخوردی دەگەڵدا دەکات، کەچی گۆگۆڵ، هەموو توانای خۆی بۆ وێنەگرتن و نیشاندانی ئەو کۆسپ و تەگەرەو فاکتەرانە دەخاتە کار ، کە دێنە ڕێگای ئەم پەرەسەندنە ، پەردە لە ڕووی ئەم کۆت و بەندانە هەڵدەماڵێت ،کە هێزی گەل کۆت وزنجیردەکەن. لەکاتێکا پوشکین پەیوەندییە جڤاکیەکانی لە میانەی

پەرەسەندنە مێژووییەکانەوە وێنە دەکێشیت ،دەبینین گۆگۆڵ ،پەردە لە رووی مشەخۆری کۆمەڵایەتی ئەو چینە دەسەڵاتدار و دەسترۆیانە هەڵدەماڵێت کە دژی هەر گۆڕانێکی بونیادی کۆمەڵگە دەوەستن.

لە بەرهەمەکانی پوشکین دا ،دنیای دەروون و ناخی مرۆڤ پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە ڕووداوەکانەوە هەیە، بەڵام لە بەرهەمەکانی گۆگۆڵدا ،جۆرە دابڕان و بۆشاییەک لە نێوان جم وجۆڵ و ڕەفتاری قارەمانەکەو خەم و خولیا دەروونیەکانی ئەو قارەمانەدا هەیە . ئیدی بەوجۆرە دەبینین پوشکین لە ڕۆمانە شعرییەکەی "یەڤکینی ئونیگین" دا ئەوپەڕی بایەخی بە پەروەردەی ئۆنگین و تایتانالارنیا و گەشەو نەشەی کەسایەتی جیاوازی هەردووکیان داوە . بەڵام گۆگۆڵ ،لە ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" دا بایەخی سەرەکی بە ژیانی ڕۆژانەو هەمیشەیی دەدات کە بە بەشێک لە کەسایەتی چیچیکۆف دادەنرێت .

بەرهەمەکانی لێرمانتوف، چ بەرهەمە شیعریەکانی و چ بەرهەمە پەخشانەکانی بەوە بە ناوبانگن کە دژی ئەو هەرەس و داڕوخانە کۆمەڵایەتیانەن کە داویەتە ئازای کۆمەڵگەی بۆرژوازی . ئەم حاڵەتی ناڕەزاییە لە بەرهەمەکانی گۆگۆڵیشدا بەزەقی دیارە. هەروەها لیرمانتوف و گۆگۆڵ لەو خاڵەشدا یەک دەگرنەوە کە هەردوکیان لە خەمی دۆزینەوەی چارەسەرێکدا ن بۆ ئەو تەنگەژە کوشندەیەی کە کۆمەڵگە تیایدا دەژی. زۆرجار دەبینین، تامەزرۆیی کاری کۆمەڵایەتی لەلای قارەمانەکانی لیرمانتوف، مۆرکێکی نائومێدی و ڕەشبینی لەخۆ دەگرێت، کە دەتوانین ئەم دیاردەیە ، بۆ ڕیشازۆبوونی کۆنە پەرستیەتی ئەو سەردەمە بگێڕینەوە. ئەم شەقڵە بە بەرهەمەکانی گۆگۆڵیشەوە دیارە کە تاکید لەوە دەکاتەوە کە ئەرکی بەرزی مرۆڤ، بریتیە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

ئەگەر بەرهەمەکانی لیرمانتۆف، هەمیشە بە شان باڵی ئازادیدا هەڵبلێن و قارەمانەکانی زۆر هەستیار و پڕجۆش و خرۆش بن، ئەوا بەرهەمەکانی گۆگۆڵ، تەرخانن بۆ گاڵتە کردن بە هێزێن تاریکی و پشتیوانی و بەرجەستەکردنی خەڵکی چەوساوەو زوڵم لێکراو. لیرمانتوف لە ڕێگای ململانێ دەروونیەکانەوە تەبیعەتی کارەکتەرو قارەمانەکانی بەرجەستە دەکرد ، بیجورینی قارەمانی ڕۆمانی"قارەمانێکی ئەم سەردەمە" نموونەیەکی زیندووی ئەو حاڵەتەیە . بەڵام تەبیعەتی قارەمانەکانی گۆگۆڵ، لە میانەی پەیوەندیانەوە بە دنیای دەورو بەرەوە بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێ.

بیلینسکی، تاکید لەوە دەکاتەوە کە وێڕای ئەو سانسۆرە توندەی دەسەڵاتی تزاری خستویەتی سەر هەر جۆرە ئازادیەک ، وێڕای نەبوونی دیموکراتیەت، ئەدەب هەر تاقە مینبەرە کە بشێت لە ڕێگایەوە گوزارشت لە ژان و ئاواتەکانی جەماوەری خەڵک بکرێت، لەبەر ئەمەیە کە پایەو پێگەی ئەدیب لە کۆمەڵگەی ڕووسیدا، زۆر بەرز و گرینگە . بیلنسکی ئاماژە بۆ گرینگی و بایەخی ڕۆڵی گۆگۆڵ، لە پەرەسەندنی ئەدەبی ڕووسیدا دەکات و دەڵێت ،کوێرانی زکماک یان ئەوانەی خۆ دەخەنە حاڵی کوێری

زۆر باشترن لەوانەی کە ناتوانن ئیعتراف بەدەوری گۆگۆڵ بکەن و کاریگەری ئەو بەسەر ئەدیبە گەنجەکانەوە بدینن . ئەوەی گۆگۆڵ لە واری پەخشاندا ،پێشکەش بە ئەدەبی ڕووسی کردووە، لەو گۆڕانە ڕیشەییە دەچێت کە پوشکین لە واری شیعردا کردی.

بەڵام چیرنیشفسکی(١) دووپاتی دەکاتەوە کە گۆگۆڵ لە دنیای ئەدەبی ڕووسیدا ڕێبازێکی تازەی داهێناوە کە -ڕیالیزمی ڕەخنەییە، هەروەها "دوبرالیوف"(٢)ش ئاماژە بۆکاریگەری ئەرێنی و پۆزەتیفی ساتیرەکانی گۆگۆڵ لە سەر پەرەسەندنی شێوازەکانی ئەدەبی پێشکەوتوخوازی ڕووسی دەکات. بۆیە بیلینسکی و قوتابیەکانی، واتە ڕەخنەگرە دیموکرات - شۆڕشگێڕەکانی وەک(چیرنیشفسکی و دوبرالیوبوف) دەورێکی زۆر گەورەیان لە بەرپەرچدانەوەو پوچەڵکردنەوەی ڕاو بۆچوونانی ئەو گروپە کۆنەپەرستانەدا بینێ ، کە بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان دەدا بەرهەمەکانی گۆگۆڵ لە نیوەرۆکە فکرییەکانی بەتاڵ بکەنەوەو بە قازانجی ئامانجە چینایەتیەکانی خۆیان شرۆڤە و ڕاڤەی بکەن .

شێواز و ستایلی گۆگۆڵ لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی گیرتسن دا ڕەنگ دەداتەوەو گیرتسن لە ڕۆمانی "کێ تاوانبارە؟"دا بە هەمان شێوەی تەنز ئامێز ئەو، وێنەی ژیانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و پەیوەندیە ساختەو ئەنانیەکانی دەکێشێت . دیمەنی پێشوازی ناوەندە دەرەبەگیەکە لە بیلیتوف، بە هەمان شێوەی پێشوازی ئەو ناوەندە لە چیچیکۆفی قارەمانی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" ی گۆگۆڵ ، وێنە دەکێشێت .

هەروەها گیرتسن لە ڕۆمانی "دکتۆر کروبوف"شدا بە شێوازێکی نزیک لە شێوازی گۆگۆڵ بە ئاوایەکی تەنز ئامێز وێنەی واقعی جڤاکی گرتووە.

ئەدەبی گۆگۆڵ کاریگەری ڕاستەوخۆی بە سەر بەرهەمە شانۆییەکانی ئەلیسکاندەر ئەسترۆفسکییەوە هەبووە بە تایبەتی لە ڕووی پەیوەندی پتەویەوە بە واقعی دەوروبەری خۆیەوە. ئەسترۆفسکی زۆر دڵبەندی کۆمیدیای کۆمەڵایەتی لەلای گۆگۆڵ بووە ، بۆیە دەبینین هەمیشە پاپەندی وێنەکێشانی بابەتی حەیاتی بووەو بایەخی بە دیاردەو ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی خۆی داوە.

ئەسترۆفسکی وێنەی تەبیعەت و سایکۆلۆژیای قارەمانە جیاوازەکانی کێشاوە ،بەڵام هەرگیز ڕووی نەکردووەتە وێنەکێشانی دەروونی ڕووت و ئەبستراکت. واتە بە هەمان شێوەی گۆگۆڵ کە بابەتی هەمیشەیی ئەدەبەکەی خەڵکی و هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی بووە بە هەموو ناکۆکیەکانیەوە .

گۆگۆڵ لە شانۆنامەی "زەماوەند"دا وێنەی چینەکانی کۆمەڵگەی گرتووە : بازرگانان و فەرمانبەران و دنیای تەماع و چاوچنۆکی و زاڵی بەرژەوەند پەرستی و خۆپەرستی . هەمان شت لە شانۆنامەکانی "ئەسترۆفسکی "شدا دەبینین، وەکو"جەماعەتی خۆمان- بایەخیان پێ دەدەین " و"فەقیری عەیب نیە"، "زەماوەندی خانەوادەی بلزامینۆف". ئەسترۆفسکی هەر لە سەرەتای چالاکی ئەدەبی خۆیەوە لە ژێر

کاریگەری و باندۆرِی شێوازی ئەدەبی گۆگۆڵ دا ، پاپەندی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەیی بووە. زۆر بە ئاسانی لە لای "نکراسوف"ش(٣) هەندێ بیرو بۆچوون و کارەکتەران هەن کە نموونەو هاوشێوەیان لە بەرهەمەکانی گۆگۆڵ دا بەدی دەکرێن . نکراسوف گەلێک لە بیرۆکەکانی ناو "گیانە مردووەکان" و "جەنابی موفەتیش" ی کە ڕەخنە لە سیستەمی تزاری، لە گۆگۆڵەوە وەرگرتووە، دەستکاری کردوون و لە کارە شیعریەکانی خۆیدا بەکاری بردوون "نکراسوف "ش بە هەمان تەنزی تاڵەوە وێنەی سیمای ژیانی ڕۆژانەی دەسەلاتداران و فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمەی گرتووە ." نکراسوف " ش لە قەسیدە شیعریەکانی "نیشتمان" و "ڕاوە ورچان" و.....هتد، پەردە لە ڕووی ڕیاو بێ ئینسافی چینی فەرمانڕەوا هەڵدەماڵێت.

گۆگۆڵ، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر تێکڕای ڕێڕەوی پەرەسەندنی ئەدەبی دیموکراتی — شۆڕشگێڕی ڕووسیاوە هەبووە ، بە تایبەتی ئەم کاریگەرییە بەسەر ئەدەبی سالتیکوف شیدرینەوە زۆر دیارە . شیدرین ،لایەنە زندووەکانی ئەدەبی ساتیری گۆگۆڵی وەرگرتووەو بە شێوەیەکی تازە پەرەی پێداوە .

سالتیکوف- شیدرین، بە خۆی دەڵێت کە کەرەستەو بابەتی سەرەکی چالاکییە ئەدەبییەکانی بریتیە لە ناڕەزایی و دژایەتی کردنی پێشێلکاری و ڕیاو خیانەت و بیرێن تورەهات و بیرۆکراتیەت . ڕۆمانی "بەرێزان گالوفیوف" ی سالتیکوف- شیدرین،باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەیە ، قارەمانی ئەم ڕۆمانە – ئەیودوشکاگالوفیوف، لە ڕووی چاوچنۆکی و تەماعکاری و نامەردی و نا مرۆڤانیەوە ،زۆر لە "بلیوشکین"ی کارەکتەری "گیانە مردووەکان"ی گۆگۆڵ دەچێت. گۆگۆڵ، باسی هەرەس و داڕوخانی بەهاو پەیوەندیە خانەوادەییەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی کردووە و لە ڕێگای کارەکتەرانی وەکو مانیلوف و نوزدریفەوە بەرجەستەی کردووە،" سالتیکوف — شیدرین"ش بەهەمان نەفەس و لە بەرگێکی تازەدا ،ئەوەی لە ڕۆمانی " بەرێزان گالوفیوف))دا دووبارە کردووەتەوە .

سالتیکوف- شیدرین، بە گەورەیی باسی ڕۆڵی گۆگۆڵ لە ئەدەبی ڕووسیدا دەکات و دەڵێت : "پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە گۆگۆڵ، دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە ڕیالستیە نوێیەیە لە ئەدەبی ڕووسیدا . نووسەرانی نوێ، بیانەوێ و نەیانەوێ سەر بە ڕێبازەکەی ئەوان، ئیدی سێبەری بەرهەمەکانیان تا کوێ بڕ دەکات با بیکات." (٥) گانچیروف(٦) لە نوسینێکدا دەڵێت : " گومان لە واقعیەتی گۆگۆڵ دا نیە ، ئەو حەقیقەتەی لە کارەکتەرەکانی ئەودا هەیە ،لای کێی دیکە هەیە ؟ بەڵام کاتێ کە تەوس دەکات و پێدەکەنێ، ژێراو ژێر دەگری، بۆیە ساتیر و تەوسی ئەو سەرانسەری ڕووسیای پان و بەرینی بە هەموو لایەنە نەرێنییەکانیەوە ،بە پێست و گۆشتیەوە گرتووەتەوە." (٧)

وێڕای جیاوازی شێواز و ستایلی گانچیروف، لە شێوازی گۆگۆڵ بەڵام هەمان تەوس و توانجی تاڵ سەبارەت بە وێنە گرتنی ژیانی ئاغای دەرەبەگ ئەلیسکاندەر ئودویفی قارەمانی ڕۆمانی "چیرۆکێکی

ئاسایی"دا دەبینین. هەروەها هەمان وێنەکاری گۆگۆڵ، سەبارەت بە تووڕەهاتی و خەمینی ژیانی پیاوماقوڵانی کۆمەڵگەی دەرەبەگی ،لە ڕۆمانی" ئەبلوموف)" شدا بەدی دەکرێت.

پەیوەندی هونەری نێوان تۆرگینیف و گۆگۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئاخر و ئۆخری ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم. کە تۆرگینیف قوتابی بیلینسکی و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "سەردەم" بوو و زۆر بە توندی بەرگری لە ئەدەبی گۆگۆڵ دەکرد و دژی ئەو ڕەخنە کۆنەپەرستانە دەوەستایەوە کە لەو سەروبەندەدا دژی گۆگۆڵ بڵاو دەکرانەوە.

تۆرگینیف لە نوسینێکدا، باسی ئەو دەورە گەورەیە دەکات کە گۆگۆڵ لە پەرەسەندنی ئەدەبی ڕووسیدا هەی بووە و دەڵێت : " ئەو تۆوەی گۆگۆڵ دایچاندووە بە قەناعەتی ئێمە، خەریکە لە زۆر ئەقڵانداو بە بێ دەنگی چەکەرە دەکات و ڕۆژێک دێت دەبێ بە دارستانێکی کۆرپە بە دەوری ئەو ساق و قەدە تاقانەو بتەوەوە." (٨)

کاریگەری گۆگۆڵ بەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی تۆرگینیفەوە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەوە بە ئاشکرا دیارە ، بە تایبەتی لە چیرۆکی " یادەوەرییەکانی ڕاوچیەک"دا کە لەوێدا بایەخێکی زۆر بە خودی مرۆڤ و لایەنە دەروونیەکانی دراوە . لە چیرۆکی ((تاتیانا بوریسوفنا و برازاکەی " دا تۆرگینیف، گاڵتە بەو زەبوونییە ڕوحی و گەوجاتیە هزریە دەکات کە باڵیان بە سەر ژیانی دەرەبەگانەوە کێشاوە.

هەروەها گۆگۆڵ خۆشەویسترین ناوی ئەدەبیە لە دڵی دۆستوفسکی داو خوێنەری پەیگیر هەست بەوە دەکات کە لەساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەوە ، سێبەری گۆگۆڵ بە سەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی دۆستویفسکییەوە دیارە. کەسایەتی ئینسانی چەوساوە ، لەلای ئەم جووتە ئەدیبە گەورەیە زۆر لێکدی دەچن ، بۆ نموونە کەسایەتی "ماکار دیفوشکین" ی ڕۆمانی "هەژاران"ی دۆستویفسکی تا ڕادەیەکی زۆر لە کەسایەتی "بشماچکین"ی قارەمانی چیرۆکی "پاڵتۆ" ی گۆگۆڵ دەچێت ." هەردووکیان بێکەسن و کەس نیە داکۆکیان لێبکات" بەڵگەشمان بۆدروستی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ڤاریا دوبروسیلوڤا (ژنە)ی قارەمانی"هەژاران" ئامۆژگاری ماکار دیفوشکین دەکات کە چیرۆکی "پاڵتۆ" بخوێنێتەوە.

هەروەها دەبینین چیرۆکی "دووفاقی" دۆستویفسکی زۆر دەشوبهێتە سەر چیرۆکی "یادەوەرییەکانی شێتێک"ی گۆگۆڵ، "گولیادکین" لە لای دوستویفسکی هەموو هۆش و گۆش و خەم و خولیا و هەستێکی بۆ ئەوە تەرخان دەکات کە لە کۆمەڵگەدا سەنگێکی هەبێت. ئەمە لە "بوبریشن"ی گۆگۆڵ دەچێت کە خەون بەوەوە دەبینێ بچێتە ڕیزی دەوڵەمەندان و بۆرژوایانەوە و بە یەکێک لەوان بژمێردرێت، بەڵام هەردوکیان ناکام دەبن و ئاواتەکانیان نایاتە دی. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەک بۆ ئەو تێبینییەی دوبرالیوبوف بکەین کە دەڵێت: " سیفەتێکی هاوبەش لە تێکڕای بەرهەمەکانی دوستویفسکی دا بەدی

دەکرێت ، ئەویش هاودەردیە لە گەڵ ئەو مرۆڤەدا کە دان بە لاوازی خۆیدا دەنێت، یا ئەو کەسەی کە لە کۆتاییدا ، دان بەوەدا دەنێت کە مافی ئەوەی نییە ببێت بە مرۆڤێکی ڕاستەقینە. " (٩) هەڵبەتە هەمان سیفەت لە زۆر قارەمانی گۆگۆڵدا هەیە .

وەکو دیتمان چ تۆرگینیف و چ دوستۆیفسکی، لە سەرەتای قۆناغی ئەدەبیانەوە کاریگەری گۆگۆڵیان بە سەرەوە هەبووە ، بەڵام تولستۆی بە پێچەوانەی ئەوانەوە ، لە هەوڵی ژیانی ئەدەبی خۆیەوە ، چاوی لە گۆگۆڵ نەکردووە و کاریگەری ئەوی بەسەرەوە نەبووە ، کەچی لە قۆناغێکی دواتردا ، لە "حیکایەتەکانی سڤاستوبول"دا جۆرە کاریگەری و لێکچوونێک دەردەکەوێت . تولستوی لەم حیکایەتانەدا ، پەردە لە ڕووی نیشتمان پەروەری ساختەی ئەرستۆکراتان و گوێنەدانی دەوڵەمەندان بە چارەنووسی خەڵکی ڕەش و ڕووت- گەل، هەڵدەماڵێت.

نکراسوف، تاکید لە سەر پەیوەندی ئەدەبی لە نێوان گۆگۆڵ و تۆلستۆی دا دەکات و سەبارەت بە "حیکایەتەکانی سڤاستوبول" دەڵێت : "ئەمە دەقاو دەق ئەو شتەیە کە کۆمەڵگەی ڕووسی لە ئێستادا پێویستیەتی : حەقیقەت، ئەو حەقیقەتەی کە لەوەتای گۆگۆڵ مردووە ، لە ئەدەبی ڕووسیدا داویەتیە کزی و کەم بووەتەوە." (١٠)

تولستوی، لە ڕۆمانی" ژیانەوە"دا ،ڕەخنە لە تێکڕای ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە دەگرێت کە دژی بەرژەوەندی گەلن . کە تولستوی ئەو حەقیقەتە تاڵە دەربارەی چینی فەرمانڕەوایان دەخاتە ڕوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەمان ڕێبازی ڕیالستی گۆگۆڵە کە لە "جەنابی موفەتیش" و "گیانە مردووەکان" دا بەکاری بردووە ، بەڵام تۆلستۆی پەرەی پێداوەو شەقڵێکی تازەی پێبەخشیوە. هەرچەندە شێوازی تولستوی و گۆگۆڵ لێکدی دوورن ، بەڵام ئەو کۆلکە هاوبەشەی کە کۆیان دەکاتەوە ،ئەوەیە کە هەردووکیان پەردەیان لە ڕووی چینی فیودالّی فەرمانڕەوا هەڵماڵیوە ، ساختەچیاتی دەسەڵات ودرۆزنی ئەرستۆکراتیەتیان لە قاو داوە و ، تاکیدیان لە چاکی و مەردایەتی و ئازایەتی جووتیاری ساکاری ڕووسی کردووە.

هەروەها جۆرە گونجاندن وهاوبۆچوونێکی فەلسەفی لە نێوان گۆگۆل و تولستوی دا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان باوەڕیان بەو فەلسەفەیەیە کە دەڵێت کە تاک خودی خۆی چاک کرد ، لە ئەنجامدا چاکبوونی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە .. جا سەیر ئەوەیە هەردوو ئەدیبی ناڤبری لە قۆناغێکی درەنگی ژیانیاندا باوەڕیان بەم فەلسەفەیە هێناوە.

ئەوەی کە پەرەی ڕاستەقینەی بە ڕێبازە ئەدەبییەکەی گۆگۆڵ داوە ،چیخۆفە . چیخۆف ،بە ڕێزێکی زۆرەوە

دەڕوانێتە بلیمەتی گۆگۆڵ، لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت : " گۆگۆڵ چەند متمانە بە خۆیە، چەند خۆیەتی، چەند بەهێزە ، چ هونەرمەندێکە... زۆر دڵبەند و شفتەی ئەوم .. نووسەرە هەرە گەورەکەی رووسە ." (١١)

چیخۆف بایەخێکی هەمیشەیی بە دیاردە و رووداوە رۆژانەکانی ژیان و دەورو بەری خۆی دەدا — ئەمە لە هەموو شتێک پتر لە گۆگۆڵی نزیک دەکردەوە . ئەو جەنگەی کە گۆگۆڵ دژی بودەڵەیی و کینەکێشی بەرپای کردبوو ،لای چیخۆف بە شێوەیەکی تازەتر بەردەوام دەبێت.

چیخۆف لە چیرۆکێن "قەڵە و ولاواز" و "مەرگی فەرمانبەرێک" دا گاڵتە بەوانە دەکات کە کڕنووش بۆ گەورە فەرمانبەران دەبەن و لێیان دەترسن ، هەروەها لە چیرۆکی "مارمیلۆک"دا زۆربە توندی دژی ڕیا و ڕووبینی دەوەستێ. ئەم تەوس و توانجەی چیخۆف ، لە زۆر ڕووەوە دەچێتەوە سەر تەنز و تەوسەکانی گۆگۆڵ ، نزیکترین بەرهەمی چیخۆف لە گۆگۆڵەوە، بەتایبەتی لە ڕووی ناوەڕۆک و بیرۆکە وقارەمانانەوە ،چیرۆکی " پیاوێک لە کارتۆن"دایە کە مامۆستا بیلیکۆف، لەم چیرۆکەدا نموونەی کۆنە پەرستیەتە و دژی هەر شتێکی زیندوو و تازەیە لە ژیاندا ، کە زۆر نزیکە لە قارەمانەکانی ڕۆمانی " گیانە مردووەکان" ی گۆگۆڵەوە .

ڕێبازی گۆگۆڵ لە ئەدەبی ڕووسیدا، ڕێبازی نیشتمان پەروەری و خزمەتی گەل ونیشتمانە ، ڕێبازی خەباتە دژی هێزێن تاریکی و دیاردە نەرێنییەکانی ناو ژیان . بۆیە دەبینین هەموو ئەدیبە پیشکەوتنخوازەکانی رووس ،ڕاستە وخۆ یان نا ڕاستەوخۆ هەمان ڕێڕەوی هونەری ئەویان گرتووە، بۆیە هیچ سەیر نیە کە دۆستویفسکی دووپاتی دەکاتەوەو دەڵێت : ئێمە هەموو لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتووینەتە دەرێ.

*ژێرەر و پەراوێزان:*

١ - نیکۆلای گافریلوفیچ چیرنیشفسکی (١٨٢٨ -١٨٨٩) ڕەخنە گرێکی دیموکرات — شۆڕشگێڕی ڕووسیە، کۆمەڵێک بەرهەمی ڕەخنەیی و فەلسەفی و ئەدەبی لە پاش بەجێماوە ، لەوانە تێزە بە نێوبانگەکەی "پەیوەندی ئیستاتیکی هونەر بە سروشتەوە" و ڕۆمانی "چ بکرێ؟" .

٢ - نیکۆلای ئەلیکساندروفیچ دوبرالیوبوف (١٨٣٦ -١٨٦١) ڕەخنەگرێکی دیموکرات - شۆڕشگێڕی ڕووسیە،وێڕای تەمەن کورتی ،کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی گرنگی لە پاش بە جێماوە.

٣ - نیکۆلای ئەلکسییفیچ نکراسوف (١٨٢١ -١٨٧٨) ڕۆژنامە نووسێکی پێشکەوتنخواز و شاعیرێکی گەورەی دیموکڕات- شۆڕشگێڕی ڕووسیە . وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە شیعری نیشتمانی،داستان و بەیتی " لە ڕووسیادا ژیانی ئارام بۆ کێیە؟ "شی نووسیوە.

٤ - میخائیل یفوگرافوفیچ سالتیکۆف - شیدرین (١٨٢٦ -١٨٨٩) نووسەرێکی ڕووسی دیموکرات - شۆڕشگێڕە،بە بەرهەمێن تەنز ئامێزو ساتیری بە ناوبانگە ، دیارترین ڕۆمانی بریتیە لە "چیرۆکی شارێک" و "بەرێزان گالوفیوف".

٥ -ئیم.ئەی. سالتیکوف — شیدرین — کۆبەرهەمەکانی- بەرگی پێنجەم، موسکۆ ١٩٣٧،ل١٧٣.

٦ - ئیڤان ئەلیکساندروفیج گانچیروف (١٨١٢ -١٨٩١)نووسەرێکی بەناوبانگی رووسە،دیارترین بەرهەمی بریتین لە ڕۆمانی " چیرۆکێکی ئاسایی " و "ئەبلوموف"

٧ -ئەی،ئای. گانچیروف "وتارێن ئەدەبی ڕەخنەیی" لینینگراد ١٩٣٨، ل١٨٩.

٨- ئەی.ئیس. تۆرگینیف —کۆبەرهەمەکانی- بەرگی یازدەیەم. موسکو ١٩٥٦،ل٥٦.

٩ — دوبرالیوبوف-کۆبەرهەمەکانی — بەرگی دووەم، مۆسکۆ١٩٣٥ ،ل٣٨

١٠- نکراسوف — کۆبەرهەمەکانی — بەرگی پێنجەم، مۆسکۆ ١٩٣٠،ل٢٢٠.

١١ —چیخۆف- کۆنامەکانی — بەرگی دووەم ، مۆسکۆ ١٩١٢،ل٣٧٠.

## ٦- گۆگۆڵ و ئەدەبی جیهانی

ئەو پێگە و پایە بەرزەی کە بەرهەمێن گۆگۆڵ لە ئەدەبیاتی جیهانیدا پەیدای کردووە ،دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئەو بیرە مرۆڤانیانەی کە لە چوارچێوەی شێوازێکی ساتیریستی جواندا هونەراندویەتی و تێکەڵەیەکی هونەری هزری جوانی لێ پێکهێناوە. گۆگۆڵ ، لە بەرهەمەکانیدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی ستەم و چەوسانەوە دەگرێت ، بانگەواز بۆ هزرێنی مرۆڤدۆستی و نەتەوە پەروەری و چاکە دەکات، بە جوانی و پاکیزەیی ڕوحی بەشەردا هەڵدەڵێت — بەمەش ئەدیبانی پێشکەوتنخوازی لە هەر چوار نکالی دنیاوە،بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە .

ساڵی ١٨٤٥ دەکاتە سەرەتای ئاشنابوونی خوێنەرێن فەڕەنسی بە تایبەتی خوێنەرێن ئەوروپی بە گشتی ، بەرهەمێن ئەدەیبی مەزنی ڕووس ، نیکۆلای گۆگۆڵ کە لەو ساڵەدا "لویس فیاردو" بە کۆمەکی تورگینیف، کۆمەڵێک چیرۆکی گۆگۆڵی بۆ زمانی فەڕەنسی پاچڤەکرد.

ئەدیبانی فەڕەنسی وەکو بروسبیر میریمیە (١)، ئەلفونس دودیە (٢) و سنت بیف (٣) و زۆری دی ، بەگەرمی پێشوازیان لە ئەدەبی گۆگۆڵ کردووەو زۆریان ستایشی توانا هونەرییە دەگمەنەکەی کردووە.

سنت بیفی ڕەخنەگر. تاکید لە سەر ئەوە دەکات کە گۆگۆڵ بە قووڵی و ڕاستگۆییەوە و لە قاڵبێکی داستانی جواندا وێنەی ژیانی گرتووە بەتایبەتی لە چیرۆکی "تاراس بۆلبا"دا کە دەگەڵ تراجیدیاکانی شەکسپیردا (٤) بەراوردی دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت : " گۆگۆڵ، بەر لە هەرشتێک،هەوڵی ئەوە دەدات کە بەشێوەیەکی دروست ئەخلاق دیاری بکات و حەقیقەت و واقع لە ئێستاو لە ڕابردووی مێژوویی دا کەشف بکات ،بە قوولایی ڕوحی میللەتدا ڕۆبچێت ، ڕووبکاتە هەرشوێنێک بە ئەشقەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکات و کەشفی دەکات." (٥)

بروسبیر میریمە، لەساڵی ١٨٥١دا وتارێکی لە ژێر سەرناڤی "نیکۆلای گۆگۆڵ"دا نووسیوە کە لەوێدا جەخت لە سەر بایەخی ئەدەبی بەرهەمەکانی گۆگۆڵ دەکات. هەر بروسبیر میریمە خۆی شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش" ی بۆ فەڕەنسی پاچڤە کردووە.

بەڵام لە ئەڵمانیادا ،" ا.فیدیریت" لە ساڵی ١٨٤٥دا شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش "ی کردووە بە ئەڵمانی . هەروەها "ئار. لیبیریت" لە ساڵی ١٨٤٦دا ، کۆمەڵێک چیرۆکی گۆگۆڵی پاچڤە کردووە. هەروەها "ئێف لیبینشتین" لە ساڵی ١٨٤٦دا ڕۆمانی "گیانە مردووەکان"ی کردووە بە ئەڵمانی. دیارە ئەم پاچڤانە دەورێکی زۆریان هەبوو لە ناساندنی ئەدەبی گۆگۆڵ، بە ناوەندە ئەدەبیەکان و جەماوەری خوێنەرانی ئەڵمانی،کە مایەی پەسەندو ڕێزی ئەڵمانیانی ئەوسا بوون.

ئەدیبانی ئینگلیز لە وتارێکدا بە بۆنەی سەدەمینساڵیادی لە دایک بوونی گۆگۆڵدا، بەمجۆرە ئەدەبی گۆگۆڵ هەڵدەسەنگێنن:" ئەوەی کە لە ئەدەبی ڕووسیدا مایەی سەرەنجە ، ئەو هاوسۆزی و پشتیوانیە گەورەیەیە لەگەڵ خەڵکی چەوساوە ، غەدرلێکراو، بێ پشت و پەنا و کەساسانی هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکرێت" (٦)

ئەدەبی جیهانی بەبەردەوامی ناوی گۆگۆڵ وەکو نووسەرێکی مەزن دەبات، بەرهەمەکانی بە زۆربەی زمانانی جیهانی بڵاودەکرێنەوە ، بەڵام ململانێی کەمپی پێشکەوتنخواز کە بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی مرۆڤدۆستی گۆگۆڵ دیاری دەکات، لەگەڵ کەمپی کۆنە پەرستیدا،کە هەوڵ دەدات ئەدەبی گۆگۆڵ لە نێوەرۆکە مرۆڤانیەکەی بەتاڵ بکاتەوە و بیخاتە خزمەتی مەرامە چینایەتیە تەسکەکانی خۆیەوە،هەر بەردەوامە.

یەکێک لەو دەنگە ناسازانەی لەم سەدەی بیستەمەدا لە کەناڵە چاپەمەنییە ئەمریکاییەکانەوە بەرز بووەوەو هەوڵی شێواندنی ناوی گۆگۆڵ و دوورخستنەوەی خوێنەرانی لە بەرهەمە مرۆڤانیەکانی ئەو داوە —"فلادیمیرنابوکوف" (٧) "یانکولاڤرین" (٨) وهەندێکی دیکەن. فلادیمیرنابوکوف ،بە هەموو توانایەکی خۆیەوە ،لە کتێبی "نیکۆلای گۆگۆڵ" کە لە ساڵی ١٩٤٤دا لە نورفولک بە ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە،دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە گۆگۆڵ، واقعی ڕووسی بە باشی نە ناسیوە. ئەو بۆچوونەش کە گوایە گۆگۆڵ نووسەرێکی ڕیالستیە ،هەڵەیەکە خوێنەرانی ڕووس بە هەڵە دەیڵێن و دەیڵێنەوە . فلادیمیرنابوکوف سەبارەت بە قارەمانی "گیانە مردووەکان" کە نموونەیەکە پەیوەندی بە واقعی ڕووسیای ئەو سەردەمەوە هەیە، ڕەئی وایە کە بریتیە لە "سەگێکی چکۆلە خەیاڵدانی گۆگۆڵ خەڵقاندوویەتی" نابوکوف پێی وایە کارەکتەرەکانی گۆگۆڵ، بلقی سابوونن و تەوس و توانجەکانی هیچ واقیعیەتێکیان تێدانییە . ناواقیعەتی نابوکوف ،ئەو کاتە دەردەکەوێ کە دێتە سەر لێکدانەوەی کۆتایی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" کە گۆگۆڵ هەموو متمانەی خۆی بە میللەتی ڕووس و گەشبینی خۆی بە ئایندەی ئەم میللەتە لەوێدا بەرجەستە کردووە و هونەرمەندانە وێنەی گالیسکەیەکی کێشاوە کە بەگوڕ بەرەوپێش تەکان دەدات و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک پەکی ناخات . کەچی نابوکوف لە پێگە هزریە کۆنە پەرستانەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم تابلۆ و دیمەنە هونەریەو بێئەوەی بە قووڵی گەنگەشەی بکات دەڵێت : "دەنگدانەوەی ئەم کۆتاییە چەندیش لە ڕووی شێوازەوە جوان بێت ، لەچەنەبازی لیبۆکێک هێوەتر ناڕوات کە دەیەوێ لە ڕێگایەوە شتێک لە چاوی تەماشاڤانان وەشێرێت." (٩)

نابوکوف ئامۆژگاری خوێنەری ئەمریکایی دەکات کە لە خوێندنەوەی گۆگۆڵ دووربکەونەوە،چونکە هیچ شتێکی گرینگ یا لەزەتبەخش لە نووسینەکانیدا نییە.

بەلام یانکولاڤرین، هەوڵدەدا ، ڕاوبۆچوونە هەڵەکانی خۆی بە جۆرە بابەتگەراییەک پەردەپۆش بکات و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو کۆمێنت و وێنەو ئەنجامگیریانەی لە زمانی گوتیاری چیرۆکەکەوە دێنەگێڕانەوە و دەگوترێنەوە هەر هەمووی زیادە و هیچ زەرورەتێکی هونەریان نییە، ئەو خۆی لە گێلی دەدات و ئەوە بیری خۆی دەباتەوە کە گوتیارەکە خودی گۆگۆڵەو لە میانی ئەم کۆمێنت و ئەنجامگیریانەوە تیری بە ئازاری ڕەخنە ، ئاڕاستەی دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی ئەو سەردەمە دەکات.

لە لایەکی دیکەوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی ئەدەبی گۆگۆڵ لەلای جۆرج لۆکاش (١٠) دەبینین کە دەڵێت : "پێویست بەوە ناکات بڵێین ڕیالیزمی گۆگۆڵ، بریتی نیە لە وێنە گرتنێکی فۆتۆگرافی ئاسایی، هەموو وردوو درشتێکی ژیانی ڕۆژانە ، بەڵکو ڕانانێکی هونەری چڕی دیاردەو سیما زەقەکانی ناو واقعی کۆمەلایەتییە . ئەگەر ئەو وێنەو دیمەنە واقعیانە کە گۆگۆڵ وێنەی گرتوون و بەرجەستەی کردوون ، ترس بخەنە دڵی خوێنەر یا تەمەشاڤانەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەشف بوونی حەقیقەتە شاراوەکانی خودی ژیان، بۆ کەشف بوونی مانا شاراوەکان، یان بێ ماناییە پەنهانەکانی، ئەوە نووسەر نییە کە بە فرو فێڵان پەردە لە ڕووی ئەو شتانە هەڵماڵێت، بەڵکو ئەوە خودی حەقیقەتە ترسناکەکەیە کە لە ڕێگای ئەوزارە هونەرییەکەی ڕیالستێکی مەزنەوە پەردە لە ڕووی خۆی لادەدات ." (١١)

جێی خۆیەتی لێرەدا سووکە هەڵوەستەیەک لە سەر وتارێکی ڕەخنەگری بەنێوبانگی میسری مامۆستا مەحمود ئەمین ئەلعالم بەناونیشانی "نهێنی سێ زەبەلاحەکە " بکەین کە لەوێدا باسی ڕۆمانی "گیانە مردووەکان" دەکات و دەڵێت : " ئەم ڕۆمانە لە ڕاستیدا گوزارشتێکی ئەرێنی لە واقعی کۆمەڵگەی ڕووسی، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەی ناوبراو دەکات .گۆگۆڵ ،سەرگەردانی وگەندەڵی لە کۆمەڵگەی خۆیدا ، وەکو قەدەر و چارەنووسێکی بێ چەندو چوون نیشان نەداوە ، بەڵکۆ بەشێوەیەکی تەوسئامێزی ئەوتۆ نیشانی داون، کە خودی تزار بەدەنگ بانگەوازەکەیەوە هاتووە." (١٢)

لەگەڵ ڕێزی زۆرماندا بۆ مامۆستا ئەلعالم ، ئێمە هەرگیز دەگەڵ دوا دەستەواژەی وتەکەی ئەودانین. خۆ ئەگەر برادەری ڕەخنەگر مەبەستی ئەو یاسایەی ساڵی ١٨٦١ بێ کە تایبەت بوو بە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی ،ئەوا ئەمە فێڵێکی سیاسی بوو، دەسەلات بۆیە پەنای بردە بەر تا ڕێگە لە ئەگەری بەرپابوونی شۆڕشێکی جەماوەری دژی ڕژێمی تزاری بگرێت، بەتایبەتی کە ئەو بزوتنەوە فکری — سیاسیەی، دیموکرات — شۆڕشگێڕەکان ڕێبەریان دەکرد لەو سەرو بەندەدا لە هەڕەتی چالاکی خۆدابوو . کەواتە تزار بەدەم بانگەوازەکەی گۆگۆڵەوە نەچوو ،بەڵکو بە پێچەوانەوە ، ڕژێمی تزاری لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دژایەتیەکی زۆری گۆگۆڵی ،لە سەر بیرو بۆچوونەکۆمەلایەتیە پێشکەوتنخوازەکانی کردو کۆسپی دنیای خستە بەردەمی. مامۆستا ئەلعالم ،لە هەمان وتاردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە

"گۆگۆڵ جیهانبینییەکی شۆڕشگێڕانەی ڕوونی نەبووە. هەر بۆیەش ڕەشبینییەکی زۆر بە چیرۆکەکانیەوە دیارەو خەمینییەکی قووڵ باڵی بەسەر هەموو نووسینەکانیدا کێشاوەو گۆگۆڵ ڕێگای دروستی بۆ ڕزگاری لەم گەندەڵیانە نەدۆزیوەتەوە،و ئەدیبێکی شۆڕشگێڕ نەبووە، بەڵکو ریفۆرمخوازێک بووە لە چوارچێوەیەکی زۆر تەنگدا ، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە باوەڕێکی زۆری بە سیستەمی تزاری هەبووە، باوەڕی تەواوی بە شەخسی نیکۆلای یەکەمی تزاری رووسیا هەبووە. " (١٣)

جا لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە باوەڕی گۆگۆڵ بە ڕژێمی تزاری و بە شەخسی نیکۆلای یەکەمی تزاری ڕووسیا لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیاو لەو کاتەدا سەری هەڵدا کە تووشی قەیرانی دەروونی بوو و هەر لە سۆنگەی ئەو قەیرانە دەروونییەوە هەرەسی هێناو مرد. پەیوەندی گۆگۆڵ بە ئەدیبان و ڕەخنەگرانی شۆڕشگێڕی وەکو پوشکین و بیلنسکی و خەڵکانی دیکەوە ، کردییە کارێک کە بەرهەمی وەکو "جەنابی موفەتیش" و "گیانە مردووەکان" و ... هتد بنووسێت، کە لێوان لێون لە تەوس و توانج و گاڵتەکردن بە دەسەڵات و چینی فەرمانڕەوا .

مامۆستای ڕەخنەگر "جورج سالم " ش لە باسێکدا بە ناونیشانی "دەربارەی چیرۆکی پاڵتۆکەی گۆگۆڵ" بە خۆشەویستیەکی ئاشکراوە گەنگەشەی چیرۆکی "پاڵتۆ" دەکات. مامۆستا جۆرج ، باسەکەی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەڵێت :" گۆگۆڵ لە ماوەی تەمەنی کورتیدا ، ژمارەیەک چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامەی نووسیوە . بەڵام چیرۆکی "پاڵتۆ" وێڕای بچووکی وئاسانی، سەرتۆپی بەرهەمەکانیەتی و دیارترین بەرهەمی هونەری نەمرە لە نێو بەرهەمەکانیا، چیرۆکێکە تا حەزبکەی ڕیالستی ، وردو قووڵ ،گیانی تەنز ئامێزی گۆگۆڵی لە خۆ گرتووە، هەمان ئەو بەرزە خەیاڵی و سووکە ئازارو نائومێدی و خەم و خولیایانەی تیایە کە لە شاکارە مرۆڤانیەکاندا هەیە." (١٤) مامۆستا جۆرج جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە گۆگۆڵ لە چیرۆکی "پاڵتۆ"دا بیری برایەتی نێوان تیرەی بەشەر بەرجەستە دەکات " ئەدەب تەنها بەم نەفەس و گرایشە دەتوانێ هونەریەتێکی ئەتۆ پەیدا بکات کە سنووری ناوچەیی و وردە ئاریشان ببەزێنێ و بە زمانی هونەر هەموو ویژدانێکی مرۆڤانی دنیا بدوێنێ و مرۆڤ بگەیەنێتە ئاسۆیەکی مرۆڤانی بەرینی وەها کە مرۆڤ برا و پشت و پەنای مرۆڤ بێ نەک مرۆڤ دژمنی مرۆڤ و سەرچاوەی ئازاری بێت." (١٥)

دکتۆر حەیات شەرارەش لە باسێکیدا لە ژێر سەرناڤی " لە گەڵ گۆگۆڵ دا ، لە گیانە مردووەکان"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە " ناونیشانی ڕۆمانەکە، لە ڕاستیدا مەبەستی ئەو کۆیلە مردووانە نیە،کە چیچیکۆف بەسەر موڵکدار و دەرەبەگەکاندا دەگەڕێت تا بیان کرێت و بەناوی خۆیەوە ناونووسیان بکات ،بەڵکو زیاتر مەبەستی ئەو فیوداڵ و موڵکدارە نەزان و بێ ئەقڵ و کورت بین و هیچ

و پوچانەیە کە نووسەر لە میانەی ئەوانەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەڵوەشانەوەو هەرەس و داڕوخانی کۆمەڵایەتی و جڤاکی ڕژێمی ڕووسی ڕیسواو موحکوم دەکات." (١٦)

دکتۆر حەیات شەرارە ،ئاماژە بۆ ئەو شێواز و ستایلە تەوسئامێز و چەمکە سیاسی و ،بیرۆکە مرۆڤانیە دەکات کە لە ڕۆمانەکەی گۆگۆڵ دا هەیەو دەڵێت: " لە شێواز و ستایلی گۆگۆڵ دا شەقڵی لیرێکی،تێکەڵ بە مۆرکی کۆمیکی ساتیری دەبێت، کاتێ باسی ئاغا و خاوەنی کۆیلەکان وفەرمانبەرانی بیرۆکرات دەکات تەوس و توانج و تانەو تەشەر و تەنز بەسەر قسەکانیا زاڵ دەبێت و بە زمانێکی ڕەخنەیی کۆمیکی وەسفی جۆری ژیان و خولیا و کەڵکەڵە و ئاوات و هەست و سۆزەکانیان دەکات . بەڵام کاتێ کە باسی میللەتی ڕووس و نیشتمان دەکات تۆن و نەوایەکی لیرێکی پڕ میهر و سۆز بە سەر شێوازەکەیدا زاڵ دەبێت ،میللەت لەلای گۆگۆڵ خوڵقێنەر و داهێنەر و تێکۆشەر و ئیشکەر و بە سەبر حەوسەڵە و تەحەمولی هەر زوڵم و بەڵایەک دەکات ...." (١٧)

ئەدەبی گۆگۆڵ تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەمان تین و تاو وزیندوویەتی و کاریگەری هونەری ماوە کە پتر لە سەدەیەک لەمە پێش هەی بووە. تێکڕای بەشەری خۆشدەویست ،ڕقی لەو کۆت و بەندانە بوو کە ڕێگای ئازادی مرۆڤیان دەگرت، بوێرانە پەردەی لە ڕووی هەموو نەرێنییەکانی کۆمەڵگەی چەوساندنەوە، هەڵدەماڵی ، هەر هەموو ئەمانە کردویانەتە کارێک کە لە دڵی هەموو کەسێکی باشی ئەم دنیایەدا خۆشەویست بێت.

گۆگۆڵ لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا ، تێکڕای دەمامکەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دڕیوەو ، پەردەی لە ڕووی هەموو تەماعکاری و چەوساندنەوەکاریەکانی هەڵماڵیوە و سنوورە زەمەنی و نەتەوەییەکانی بەزاندووە ، بۆیە خۆشەویستی تێکڕای پێشکەوتنخوازەکانی جیهانە بەدەر لە ڕەگەز و نەژادیان. ئەوەتا شاعیری گەورەی تورک نازم حیکمەت لە بارەی گۆگۆڵەوە دەڵێت(١٨) : "خۆشەویستی گۆگۆڵ بۆ ڕوناکی ، بۆ ژیان، بۆ مرۆڤ، ڕق و تووڕەیی لە هەر کۆسپ و تەگەرەیەک کە ڕێگەی لە خەڵکی دەبەستەوە کە بە ئازادی و بە شادی بژین ،وای لێکرد لە مرۆڤی فەڕەنسی ،قولەڕەش و نەرویجی و لە هەموو گەلانی دونیاوە نزیک بێت . هەرچەندە ڕووسیەکی بێ غەل و غەش بوو . بەڵام موڵکی هەموو پێشکەوتنخوازانی دنیاش بوو ." (١٩)

دکتۆر شوکری محەمەد عیاد،لە باسێکیدا بە ناونیشانی "ڕۆمانی میسری لە نیو سەدەدا " تاکید لە کۆنی و ڕەسەنایەتی هونەری چیرۆک لە لای عەرەب و کاریگەری ئەم هونەرە ،بەسەر ئەدەبی جیهانیەوە دەکات .دکتۆر عیاد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەقاماتەکانی * هەمەدانی و حەریری " نمونەیەکی مرۆڤانی نەمریان لە ئەدەبی جیهانیدا خوڵقاندووە ، کە بریتیە لە نموونەی جەربەزەی زیرەک ،ئاسۆ بەرین ،حازر وەڵام ، دەماوەری بەرزە خەیاڵ ،کەلە کۆمەڵگەی گەندەڵی بەها شەپرێودا جێگای

نەبۆتەوە و ناچار بووە بەهەر فەندو فێڵێک بووە ،نان و بژێوی خۆی پەیدا بکات . هەڵبەتە دەرفەتی بێ ئاگایی و غافڵی عەوامی خەڵک و گەندەڵی فەرمانڕەوایانی بۆ ئەم کارە قۆستۆتەوە. جا ئەم نموونە مرۆڤانیە لە دوای ئەدەبی عەرەبی ئێمەوە لە ئەدەبی ئەسپانیدا سەری هەڵداوەو باوی پەیدا کردووە،کە پێدەچێت ئەدەبیاتی ئەسپان،لە نموونە و ژانرە عەرەبیەکانەوە فێری بووبن ،ئیدی لە ئەدەبی ئەسپانیەوە چووەتە ناو هەموو ئەدەبیاتە ئەوروپاییەکانەوە و لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا بەناوی "چیرۆکی سالوکان" ناسراوە . جا بە مەزەندەی من شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش "ی نووسەری بەنێوبانگی ڕووسی، گۆگۆڵ، نموونەیەکی نوێی ئەم ژانرە ئەدەبەیە ." (٢٠)

دکتۆر عیاد تاکید لەوە دەکاتەوە کە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان خلیستاکوفی - قارەمانی جەنابی موفەتیشی گۆگۆڵ - و ئەدەبی زەیدی سروحی قارەمانی مەقاماتەکەی حەریریدا هەیە وڕەخنەکانی گۆگۆڵ لە کۆمەڵگەی خۆی ،ڕەخنەکانی حەریریمان بیر دەخاتەوە .

هەروەها مامۆستا فواد دەوارە ، یەک فەسڵی تایبەتی لە کتێبەکەی خۆی"ئاوایان نووسیوە" بە ناونیشانی" گۆگۆل ....سەرەتای ئەدەبی مەزنی ڕووسی" بۆ گۆگۆڵ تەرخان کردووە کە لە وێدا بە خێرایی ژیانی گۆگۆڵ دەگێڕێتەوە . مامۆستا دەوارە تاکید لەوە دەکاتەوە کە ئەدەبی ڕووسی پێگەیەکی تایبەتی لە دڵی خوێنەری عەرەبدا هەیەو خوێنەرانی عەرەب بایەخێکی زۆری دەدەنێ، ئەدەبی ڕووسی دەگەڵ زەوقی جەماوەری ئیمەدا تێک دەکاتەوە ،چونکە ئەو وێنەو نموونانەی ئەم ئەدەبە دەربارەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی پاشکەوتووی تاک حوکمڕانی ستەمکار نیشانی دەدات ،ڕێک لەو ژیانە دەچێت کە میللەتی عەرەب ساڵانێکی دوور و درێژ تیایدا ژیاون و هەندێک لە وڵاتە عەرەبیەکان تائێستاش لەو حاڵەتەدا دەژین.

لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆ مامۆستا فواد دەوارە ئێمە لەگەڵ ئەوخاڵەی وتاری ناڤبری مامۆستادا نین ،کە ئاماژە بۆ ئەمادەبوونی تزار لە ئاهەنگی کردنەوەی شانۆنامەی "جەنابی موفەتیش " دەکات و دەڵێت : "تزار بەڕادەیەک شیفتەی شانۆنامەکە دەبێت کە فەرمان دەدات پاداشتێکی دارایی بۆ نووسەرەکەی سەرف بکرێت، بەڵام نەیەڵن بە سەرچاوەی ئەم پاداشتە بزانێت تا دەست سووک نەکات و زیاتر ڕەخنە لە ئیدارەی حکومەت بگرێت..." (٢١) بەڵام بە پێچەوانەوە ،گۆگۆڵ لە سەر نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیە ، لەلایەن دەسەڵات و چینی فیوداڵەوە بەربەرەکانیەکی زۆر کراو بە ئاشکرا دەبوغزێنرا ، وەختایەک دەشێت باوەڕ بەو قسانەی مامۆستای بەرێز بێنین، گەر باوەرمان وابێ تزار و ڕژێمە ئوتۆکراتیەکەی ، دیموکراتی بوون- کە ئەمەش لە ڕاستیەوە دوورە .

*پەراوێز وژێدەران :*

١ - بروسبير میریمیە (١٨٠٣-١٨٧٠) نووسەرێکی ناوداری فەڕەنسیە ، یەکێک لە کارە ئەدەبیە دیارەکانی چیرۆکی "کارمن"ە

٢ -ئەلفونس دودیە (١٨٤٠-١٨٩٧) نووسەرێکی گەورەی فەڕەنسیە .جگە لە ڕۆمانی "مندالْ" ژمارەیەک چیرۆکیشی هەیە کە لە ڕێگایانەوە گاڵتە بەکەسایەتی وردە بۆرژواز دەکات ،لەوانە: "ڕیسکەکانی تارتارن".

٣ -چارل ئوگوستین سانت -بیف (١٨٠٤-١٨٦٩)ڕەخنەگرێکی ناوداری فەڕەنسیە . زۆر کاری ڕەخنەیی لە بوارێن شیعر و شانۆدا نووسیوە.

٤- ولیام شەکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)شاعیر و شانۆنامەنووسێکی مەزنی ئینگلیزە ،"هاملێت " و "ئەتیلۆ" و....

لەبەرهەمە نەمرەکانی ئەم نووسەرەن

٥- ف.ای.کولیشۆف "پەیوەندی ئەدەبی لە نێوان ڕووسیاو ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە سەدەی نۆزدەدا"، موسکۆ ١٩٦٥،ل٣٢٤.

٦-ان.ئال ستیبانوف " ان.ف.گۆگۆڵ" موسکۆ ١٩٥٩، ل٥٩٦.

٧-فلادیمیر نابوکوف ، نووسەرێکی ئەمریکی ڕووسی نەژادە بە بیر و بۆچوونە کۆنەپەرستی و ڕۆمانە سێکسیەکانی بە ناوبانگە ، لەوانە ڕۆمانی" لولیتا".

٨ — یانکولاڤرین -یەکێکە لەوانەی کە لە ئەمریکادا کاری لە سەر مێژووی ئەدەبی ڕووسی کردووە ،بەڕاوبۆچوونێن محافەزەکارانە لەم بوارەدا ناسراوە .

٩-ا.ئا. بلیسترانوفا"گۆگۆڵ و کێشەی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی " مۆسکۆ ١٩٧٢،ل٥.

١٠ -جورج لوکاش —ڕەخنەگرێکی ئەدەبی هەنگاریە،بەکارە هزری -ئەدەبیە ڕەسەن و بابەتیەکانی ناسراوە.

١١ -جورج لوکاش " لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕیالزمی ئەوروپایی" پاچڤەی ئەمیر ئەسکەندەر ،قاهیرە ١٩٧٢،ل١٣٣.

١٢-مەحمود ئەمین ئەلعالم "کەلتوور و شۆڕش" بەیروت ١٩٧٠،ل١٤٤-١٤٥.

١٣-هەمان سەرچاوە ،ل١٤٥.

١٤-جۆرج سالم "چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی" حەڵەب ١٩٧٠،ل١٢٩.

١٥- هەمان سەرچاوە ،ل١٤١.

١٦-گۆڤاری کۆلێژی ئاداب — زانکۆی بەغداد ، ژمارە هەژدە ساڵی ١٩٧٤،ل١٣٢.

١٧- هەمان سەرچاوە ،ل١٣٩.

١٨-نازم حیکمەت (١٩٠٢-١٩٦٣) شاعیرێکی پێشکەوتنخوازی تورکە، زۆر چامەی شیعری و شانۆنامە و قەسیدەی نیشتمانی ، ئازادیخوازانەی نووسیوە . یەکێک لە شانۆنامەکانی "ئەفسانەی خۆشەویستی"یە.

١٩ — ب. ئیم.خرابچینکۆ "ئەدەبی گۆگۆڵ" چاپی سێیەم،مۆسکۆ ١٩٥٩، ل ٦١٨.

٢٠ — د. شوکری عیاد "ئەدەب لە دنیایەکی پڕ گۆڕاندا" قاهیرە، ١٩٧١،ل٤١.

٢١ — فواد دەوارە "ئاوایان نووسیوە" قاهیرە، ١٩٦٥، ل١٢.

*. مەقامە، مەقامات: چیرۆکێکی سەرواداری کورتە کە پەندێک یا حیکمەتێک یا نوکتەیەک لە خۆبگرێت. (وەرگێڕ).

*سەرچاوە:*


سلسلة اعلام العالمي/ كوكول (مؤسس الواقعية الانتقادية في الادب) تاليف: الدكتور محمد يونس/المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ الطبعة الأولى نيسان (ابريل) ١٩٧٦

## وتەیەک دەربارەی تاراس بۆڵبا

"١"

گۆگۆڵ بۆ گەلی ڕووسی وەکو سیرفانتس و بالزاکە بۆ گەلانی ئەسپانیو فەرەنسی. دیارە گەلێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئەدەبیات پێیان وایە ڕەگی چیرۆکی ڕووسی لە نیکۆلای گۆگۆڵ دایە...و گۆگۆڵ دامەزرێنەری چیرۆکی ڕووسیە.

سێبەرو کاریگەری و باندۆری ئەدەبیاتی ئەوروپا، بە زەقی بەسەر شێوازی نۆبەرە ئەدەبیەکانی گۆگۆڵەوە دیارە. بەڵام ئەم ڕۆمانەی (تاراس بۆڵبا) کە لە ساڵی ١٨٤٨دا بڵاوبووەتەوە، کارێکی ناوازەو دەگمەنە، هیچ لاسایی کردنەوەو کاریگەرییەکی بیانی پێوە دیار نییە.

گۆگۆڵ، ئەم بەرهەمەی، کە شەقڵێکی داستانی لە خۆگرتووە، لە ماوەی پچڕ پچڕو جیاجیادا، کە پتر لە نۆ ساڵی خایاندووە، لە نێوان ساڵانی ١٨٣٣- ١٨٤٢دا نووسیوە. دیارە خەبات و تێکۆشانی خۆیبوونخوازی گەلی ئۆکرانیای سەدەی شازدەو هەڤدە، کە چەندین ساڵی خایاندووە ئیلهامبەخشی گۆگۆڵ بووەو، بووە بە هەوێن و ئامیانی ئەم ڕۆمانە...

گۆگۆڵ، زۆری حەز لە گۆرانیو سەربهووردو حیکایەتی میللیو فولکلۆری بووەو بە ئاوێنەی ڕابردووی میللەتی زانیوە، بۆیە سوودێکی زۆری لە سەرچاوەی مێژوویيو ئەفسانانو داستانو بەیتی فولکلۆری وەرگرتووەو لە چوارچێوەی ئەم ڕۆمانەدا، تابلۆیەکی ڕەنگینی ژیانی گەلی ئۆکرانیاو خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلەی، کە بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٥٦٩وە پەرەی سەندووە، وێنەگرتووە. لەو سەردەمانەدا ئۆکرانیا، بە هۆی خیانەتەوە، کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی پۆلۆنیاو بووە بە بەشێک لە پۆڵۆنیا. ئیدی ئەرستۆکراتانی پۆلۆنی دەسەڵاتیان بەسەر هەموو خاکی بەرینی ئۆکرانیادا گرتووەو جووتیارانی ئەوێندەریان چەوساندووەتەوەو کردویانن بە مسکێن و کۆیلەی خۆیان، بە تۆبزی شێوازی ژیانی پۆڵۆنیان بەسەردا سەپاندوون، بە یاسای تایبەتی و ناڕەوا زمانی ئۆکرانیان لێ قەدەغە کردوون و بە هەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە لە رووی فیکرییەوە بیان چەوسێننەوەو لە گەلی ڕووسی برایان دایان ببڕن.

هەڵبەتە ئۆکرانیەکان، سەرباری چەوسانەوەی ئابووری و سیاسی و نیشتمانی، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٥٦٩وە لە ڕووی ئاینیشەوە، بە ناوی مەزەبی کاتولیکیو پاپەویتەوە، دەچەوسانەوەو پۆڵۆنیەکان گاڵتەیان بە ئاین و مەزەبی وان، کە ئەرتەدۆکسی بوو، دەکرد.

بەڵام ئەم هەموو زوڵم و زۆرەی پۆڵۆنیەکان، نەک هەر مسکێنو کۆیلە ئۆکرانیەکانی رامو دەستەمۆ نەکرد، بەڵکو ئاگری خەباتێکی نیشتمانی نەتەوەیی، زۆر توندو خوێناوی لەلا هەڵگیرساندن، دیارە مێژووی ئەم خەبات و شۆڕشە زۆر قەرزارباری قۆزاقانی ئۆردوگای زاپاروژییە، ئەم ئۆردوگایە بریتی بوو لە خڕ بوونەوەیەکی برایانەی نیمچە سوپایی، لەو مسکێن و رەعیەت و کۆیلانە پێک هاتبوو کە لە دەستی ئاغاکانیان هەڵاتبوون و لە زەوی و زارە بە پیت و بەرەکەتەکانی باشووردا، کە موڵکی دەوڵەتی رووسیا بوو، گیرسابوونەوە. هەروەها گەلێک لەو خەڵکە ئازادانەش پەیوەندیان پێوە کردبوون کە بە ئومێدی ئەوە بوون لە جووت چەوسانەوەی نیشتمانی و ئابووری رزگار ببن. زۆرجار قۆزاقانی زاپاروژی، بەشداری بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانیان کردووەو شەڕی تورک و تاتارو پۆڵۆنیان کردووە.

تاراس بۆڵبا، کە یەکێک بوو لە قۆزاقانی ئۆردوگای زاپاروژی، نموونەیەکی زندووی گەلی ئۆکرانی ئاشقە ئازادیە. ئەم کاراکتەرە، ئاوێنەی هیواو ئاواتەکانی گەلی ئۆکرانیە کە خەوی بەوەوە دەبینی دەگەڵ گەلی رووسیای براو هاوخوێنی خۆیدا یەک بگرێت.

جا بایەخی مێژوویی دیارو بەرچاوی ئەم چیرۆکەی گۆگۆڵ، لەو یەکێتیە قۆزاقیەدایە کە تاراس بۆڵبا بە خەمیەوە بووەو ماناو چەمکی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەو خاکی گەیاندووە...

((٢))

نیکۆلای گۆگۆڵ، نووسەری ناوداری ڕووسی لە ساڵی ١٨٠٩ لە دایک بووەو لە ساڵی ١٨٥٢دا لە تەمەنی چلو سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. هەرچەندە تەمەنی زۆر کورت بوو، بەڵام هەموو ئەو تەمەنەی بۆ کاری ئەدەبی تەرخان کردو گەنجینەیەکی ئەدەبی گەورەی لە پاش خۆی بە جێهێشت و بەمەش خزمەتێکی شایستەو بێ وێنەی میللەتی خۆی کرد.

گۆگۆڵ وێڕای ئەوەی نووسەرێکی گەورەو بە توانایە، هاوشان دەگەڵ پوشکینی شاعیری مەزنی ڕووسیدا بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ریالیزمی ئەدەبی سەدەی نۆزدە دەژمێردرێت و بە بەرهەم و شێوازی نووسینی خۆی گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا هێناوەتە ئاراوە.

زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە رەنگدانەوەی سەردەمی کۆیلایەتی و بێدادی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەن. گۆگۆڵ لە تاراس بۆڵبادا، بە قەڵەمێکی بە بڕشت خەباتی قۆزاقانی دژی ئەشراف و نەجیمزادانی پۆڵۆنی، کە بە درێژایی چەندین سەدە، خاکی ئۆکرانیایان داگیرو تاڵان کردووە، بەرجەستە کردووە. بۆیە ئەم کتێبە لە رووی شێوازەوە زیاتر شەقڵ و مۆرکی داستانی بەسەردا زاڵەو، ئەم حاڵەتە لە تاراس بۆڵباو ئۆستاپی کوڕی و هەموو قارەمانە قۆزاقە بەرجەستەکانی تردا، بە زەقی دیارە.

ئەو تابلۆ جیاوازانەی کە گۆگۆڵ لەم ڕۆمانەدا نەخشاندوونی هەر یەکێکیان دیمەن و جیلوەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو داب و نەریت و تایبەتمەندی قۆزاقان، بنەمای دۆستایەتی و برایەتی و یەکێتی و تەبایی و نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و پابەندی مەزبی ئەوان بەشێوەکی زندوو بەرجەستە دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆمانی ناڤبری (تاراس بۆڵبا) بایەخێکی مێژوویی زۆر گەورەی هەیە.

گۆگۆڵ، هەوڵیداوە بەشێک لە مێژووی قۆناغێک کە هێشتا رووسیا بە مانای واقیعی بوونی نەبووە، بۆ خوێنەران لە رێگای چیرۆکی هونەرییەوە بگێڕێتەوەو هەر بەو مەبەستەش مێژووی سەردەمی منداڵیەتی ڕووس و خەباتی ڕووسی لە پێناوی سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتێکی بە هێزو دەوڵەتێکی گەورەدا لەم ڕۆمانەدا (تاراس بۆڵبا) بەرجەستە کردووە. ئەم رۆمانە لە نووسینەکانی دیکەی گۆگۆڵ جیاوازە، یەکەم: رەگەزی تەنزی یەجگار کەمە و دووەم: رۆمانێکی مێژووییە. تاراس بۆڵبا توانای نووسەرایەتی گۆگۆڵ لە بوارە جیاوازەکاندا زۆر بە باشی ئاشکرا دەکات و هەندێ کەس ئەم ڕۆمانەیان بە هاوتای نووسینەکانی واڵتەرسکۆت داناوە. رەنگە ئەمە یەکەم ڕۆمانی مێژوویی ڕووسی بێت کە شان لە شانی باشترین رۆمانێن مێژوویی دنیا دەدات...

بیلیسنکی، گۆگۆڵ بە باوکی پەخشانی ڕووسی ناو دەبات، تورگنیف دەڵێت: "هەموومان لە ژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە دەرچووین" فرانک ئۆکانر بە باوکی کورتە چیرۆکی ناو دەبات و میرسکی لە رووی داهینانەوە، بە هاوتای شەکسپیرو بگرە بەرزتریشی دەزانێت. هەڵبەتە ژمارەی ئەم جۆرە نازناوو ستایشانە لە ڕادەبەدەرن، بەڵام نهێنی ئەم هەموو ستایشە لە چ دایە؟ نهێنییەکە لەوەدایە کە گۆگۆڵ بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و مەفهووم ژیان بەبەر چیرۆکەکانیا دەکات، ساتە زندووەکانی ژیان دەهونەرێنێ، ژیان میکاج ناکات و ناشیرین و قێزەونیشی ناکات، حەزدەکات هەرچی جوانی و مرۆڤانیەک لە ژیاندا هەیە هونەریانە نیشانی بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا، درێویەکانی ژیانیش ناشارێتەوە، لە هەردوو ڕووەکەوە، بەرانبەر بە ژیان زۆر ڕاستگۆیە.. ئیدی بەرهەمەکانی کە (تاراس بوڵبا) یەکێکیانە، پەلکە زێرینەیەکەو، هەموو ڕەنگەکانی ژیانی میللەتی خۆی دەنوێنێ.

*تاراس بۆڵبا*

## فەسڵی یەکەم

((١))

– ئادەی کوڕم بۆم وەرچەرخێ، ئادەی بابتبینم! کە تەیرێکی سەیری، ئەم جلانە چیە لە بەرتا، دەڵێی قەشەیت؟ چما لەوێندەر، لە ئەکادیمیا هەمووان ئەم جلانە لەبەر دەکەن؟

تاراس بۆڵبای پیر، بەو قسانە پێشوازی لە جووتە جگەرگۆشەکەی خۆی کرد. هەردوو کوڕەکەی لە ئەکادیمیای ڕۆحانی شاری کییفدا دەیانخوێندو ئێستا پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان بۆ ماڵ گەڕابوونەوە.

جووتە کوڕەکەی تازە لە ئەسپەکانیان دابەزی بوون. دوو گەنجی تۆکمەی بەداروبار بوون، وەکو دوو دەرچووی زانستگە هێشتا، بە جۆرە شەرمێکەوەو ژێراو ژێر سەیری یەکدییان دەکرد. گەشیو سەلامەتی لە سیمایان هەڵدەقولا. تەنکە ڕیشێک دەموچاوی داپۆشی بوون کە هێشتا گوێزانی بەر نەکەوتبوو.

سەریان لەم پێشوازییو پەزیراییەی بابیان سووڕما بوو، بەبێ جوڵە لە جێی خۆیان ڕەق ڕاوەستا بوون و چاویان بڕی بووە ئەرزەکە.

بەڵام تاراس بۆڵبا، لە کاتێکا کە شانی کوڕەکانی خۆی گرتبوو و بە دەوری خۆیاندا دەیسوڕاندنەوەو تەمەشای دەکردن، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی:

– سەبرکەن! بوەستن! پەلە مەکەن، ڕاوەستن با باش تەمەشاتان بکەم! ئەم باڵاپۆشانە چیە لە بەرتانا! بەڕاستی باڵاپۆشی سەیرن! ئەم جۆرە باڵاپۆشە لە هیچ شوێنێکی دنیا نیە! دەیسا با یەکێکتان کەمێک ڕابکات! با بزانم داوێنە درێژەکەی لەلاقی گیر نابێت و شڵپەی لێ هەڵناسێت و ناکەوێتە سەر ئەرزەکە!

کوڕە گەورەکەی لەوەی پتر بە خۆی نەوەستاو گوتی:

– باوکە، پێمان ڕامەبوێرەو گاڵتەمان پێ مەکە!

– دەتەمەشا! بڕوانە چەند بە خۆی دەفشێ! باشە بۆچی پێنەکەنم!؟

– گوتم پێمان پێ مەکەنە! ڕاستە تۆ باوکی منی، بەڵام لەوەی زیاتر پێبکەنی، بەزاتی خوا، لێت دەدەم، جا کەیفی خۆتە!

تاراس بۆڵبا، چەند هەنگاوێک کشایەوەو بەسەرسامی هاواری کرد:

- هەی کوڕی سەگ! ئاخر چۆن، دەتەوێ لە باوکت بدەی...؟

- با باوکیشم بی... من سووکایەتی لە هیچ کەسێک قەبووڵ ناکەم.

- دەتەوێ بەچی لێم بدەی؟ بە بۆکس؟

- بەهەر چیەک ڕێ بکەوێ.

تاراس بۆڵبا، قۆڵەکانی هەڵماڵیو گوتی:

- دەی باشە! وەرە شەڕەمستان بکەین! ئێستا پێتی نیشاندەدەم چ مست وەشینێکی!

بەمجۆرە بابو کوڕ، دوای دابڕانێکی دوورو درێژ، لە جیاتی ئەحواڵپرسی و دەسومۆچ، بەمست و بۆکس کەوتنە وێزەی یەکتری، هەرچی قەبرغەو سک و سینگی یەک هەیە بە مست کوتایانەوە، بە دەم شەڕە مستەوە جارجار دەکشانەوەو لە سەراپای یەکیان دەڕوانی و دووبارە پەلاماری یەکیان دەدایەوە، بگرە کوێت دێشێت.

دایکە لەڕو لاوازو ڕەنگزەردو میهرەبانەکەشیان کە هاتبووە بەر دەرگاو هێشتا فریا نەکەوتبوو کە منداڵەکانی لە هەمێز بگرێت و تێر ماچیان بکات، هاواری کرد:

- خەڵکینە، ئێوە تەمەشا! تەمەشا! ئەم پیرەمێردە شێت بووە، ئەقڵی لە دەست داوە! کوڕەکان تازە هاتوونەتەوە... یەک ساڵە نەمان دیتوون، کەچی دەگەڵیان کەوتووەتە شەڕە مستان!

تاراس بۆڵبا، هەڵوەستەیەکی کرد، جلەکانی ڕێک خستەوەو گوتی:

- ئەلهەقی شەڕێکی باش دەکات! بەزاتی خوا شەڕ دەزانێ! شەڕێکی باشیش. بە جۆرێ شەڕ دەکات کە پێویستی بە تاقیکردنەوە نییە. قۆزاقیەکی باش دەردەچێت! دەیسا زۆر باشە کوڕەکەم بەخێر بێیتەوە، ئێستا وەرە دەسومۆچ بکەین!

تاراس بۆڵباو کوڕەکەی کەوتنە دەسوموچ و گوتی:

- بەخێر بێیتەوە کوڕی خۆم! ئا ئاوها کوڕم، وەکو چۆن لە من هاتیتە دەست بەو ئاوایە دەست لە هیچ کەسێک مەپارێزە، وردو خاشی بکەو مل بۆ کەس مەدە! بەڵام جلەکانت زۆر سەیرن، بەڕاستی ئەم جلانە مایەی پێکەنینە. ئەم پەتە چیە بە جلەکانتا هاتووەتە خوارێ.

تاراس بۆڵبا، ئەوجا سەرنجی کوڕە چکۆلەکەی داو گوتی:

- ئەدی تۆ بۆچی ڕەق ڕاوەستاوی و دەستەکانت شۆڕ کردوونەتەوە؟ وەرە پێشێ کوڕی سەگ، وەرە پێشێ سەگباب! ناتەوێ بەر مستانم بدەی؟

بەڵام دایکەکەیان، لەم کاتەدا کوڕە چکۆلەکەی لە هەمێز گرت و گوتی:

- تۆ بزانە چی لە کەللەی داوە! ئاخر کێ بیستوویەتی ڕۆژێ لە ڕۆژن، کوڕی حەڵاڵزادە دەگەڵ بابی خۆی بەشەڕ بێ، لە بابی خۆی بدات! ئاخر ئێستا وەختی ئەم کارانەیە! ئاخر ئەم بستە منداڵە لە ڕێیەکی دوورەوە هاتووەو شەکەتە، نابێ ئیسراحەتێک بکات، شتێک بخوات! کەچی ئەم پیرەمێردە داوای شەڕە مستی لێدەکات!

تاراس بۆڵبا ڕووی کردە کوڕە چکۆلەکەی و ژنەکەی و گوتی:

- ئاندرێ، هەرگیز بە قسەی دایکت مەکە، گوێت لە قسەی ئەو نەبێ! ئەو ژنەو هیچ نازانێت. نازو نازداری دادی ئێوە نادات؟ جێگەی ئێوە مەیدان و ئەسپە. ئەم شمشێرە دەبینن؟ ئەمە دایکی ئێوەیە ! ئەوەی خراوەتە مێشکتانەوە هەر هەمووی پەشمە. ئەکادیمیاو هەموو کتێب و فەلسەفەیەکتان! هەر هەمووی پولێکی قەڵب نایەنێ، بۆ ئەوە باشن تفیان بکەیە سەر...! باشترین شت ئەوەیە کە لە هەفتەی داهاتووەوە هەردووکتان بۆ " ئۆردوگای زاپۆرۆژیا" بنێرم. لەوێ فێری زانستێن ڕاستەقینە دەبن، لەوێ فێری هەموو شتێک دەبن، قوتابخانەی ڕاستەقینەی ئێوە ئەوێندەرە، لەوێ فام دەکەنەوەو هۆش و گۆش پەیدا دەکەن!

دایکە پیرە لاوازەکەیان، لە کاتێکا ڕوندک لە چاوانیدا قەتیس مابوون، بە دەنگێکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

- منداڵەکانم تەنیا یەک هەفتە لە ماڵ بمێننەوە؟ ئەم داماوانە نایانپەرژێ، تۆزێ بگەڕێن و لەزەت لە گەڕانەوەکەشیان بدینن! دەرفەتی ئەوەیان نابێ بە باشی ماڵەکەی خۆشیان بدینن و، یانی من، ئەوەم پێ نابڕێت تێر تەمەشای بەژن و باڵایان بکەم و چاوم بە هاتنەوەیان ڕوون ببێتەوە...

- بەسە، بیبڕەوە، پیرێژن! قۆزاقی بۆ ئەوە دروست نەبووە کە بە دیار ژنەوە دانیشێت. ئەگەر بە دەست تۆ بایە، حەزتدەکرد هەردووکیان بخەیتە ژێر کراسەکەتەوەو وەکو چۆن مریشک لەسەر هێلکە هەڵدەنیشێت، بەو ئاوایە لەسەریان کڕبکەویت! دەی خێرا برۆ، هەرچی خواردنێکت لە ماڵا هەیە، لەسەر خوانەکە ریزی بکە. نەچی خواردن و خواردنەوەیەکی هاکەزاییمان بۆ دابنەی، بزانە مەڕێکی تەواو یان بزنێک دەگەڵ شەرابی چل ساڵەدا بێنە! عارەق، تا زیاتر بێنی باشترە! عارەقی تێکەڵ نەیەنی، بەڵکو گارلکای* سادەو کەفدار بێنە، کە لە پێکی دەکەی کەف دەکات و هەڵدەچێت.

تاراس بۆڵبا، کوڕەکانی بۆ ژووری میوان برد، دوو کارەکەری جوان کە بە ملوانکەی زێڕەوە خەریک بوون ژوورەکەیان ڕێک دەخست، بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوتن. دیار بوو یا لە هاتنەوەی کوڕە گەنجەکان، کە ملیان بۆ هیچ شتێک نەدەدا، ترسا بوون و سڵیان کردبووە یا دەیانویست وەکو عادەتی ژنانەی خۆیان، کاتێ کە پیاوێک دەبینن، قریشکەیەک بکەن و بەلەز خۆ بگەیەننە سووچێک و لە شەرما سەروچاوی خۆیان لە ژێر قۆڵی کراسەکانیاندا بشارنەوە.

ژووری میوان بە گوێرەی زەوق و سەلیقەی ئەو رۆژگارە رازابووەوە، ئەو رۆژگارەی کە تەنیا لە گۆرانیو ئەفسانانی میللیدا مابووەوەو لە ئۆکرانیادا تەنیا لەلایەن شایەرانی پیرو نابیناو ریشدارەوە بە دەم لێدانی ناسازی ئامێری باندوراوە* دەگوتران. باسمان لە رۆژگارو دەورانێکی جەنگاوەری یەجگار سەخت و دژوارە کە لە ئۆکرانیادا تازە خەبات و شۆڕش و کاری چەکداری لە پێناوی یەکێتی و یەکخستنی وڵاتا دەستی پێکرد بوو. ژوورەکە، ژوورێکی یەجگار پاک و خاوێن بوو، میچو دیوارەکانیان بە قوڕی ڕەنگاو ڕەنگ سواغ دابوو. جۆرەها شمشێر، قامچی، تۆڕی راوە تەیرو توو وماسی، جۆرەها تفەنگ، شاخی بە نەخش و نیگار بۆ هەڵگرتنی باروت، هەوسارێن زێڕین، ڕەشمەو لغاوی بە نەخش و نیگاری زیوینیان بە دیوارەکانا هەڵواسی بوو. پەنجەرەکانی ژوورەکە زۆر بچووک بوون، بازنەیی بوون، زیاتر دەلاقە بوون تا پەنجەرە، جامی پەنجەرەکانیش بازنەیی و لێڵ بوون، لە ئێستادا مەگەر تەنیا لە کڵێسا کۆنەکاندا ئەو جۆرە دەلاقەو جامانە مابن، لە دیوی ناوەوە مەگەر پەنجەرەکان بکەنەوە، دەنا هیچ شتێکی دەرەوە نابینرێ. ئەو کۆمەدیانەی لە سووچ و گۆشەکانی ژوورەکە دانرا بوون، گۆزەکان، بوتڵو تونگەی سەوزو شین، جۆرەها جامی زیوین، دەفرێن زێڕینی بیزانتی، تورکی و چەرکەسی کە بە گوێرەی رێو رەسمی ئەو رۆژگارە لە رێگای جیاوازو لە دەستی سێو چوارەوە رێیان کەوتبووە ژوورەکەی تاراس بۆڵبا، ئەو تەختو کەرەویتانەی کە لە چوار دەوری ژوورەکە ریز کرابوون، ئەو مێزە گەورەیەی کە لە بەشی سەرووی ژوورەکەداو لە ژێر وێنەو ئیکۆنانی وەلیان و پیاو چاکاندا دانرا بوو، ئەو سۆپا گەورەو پانەی کە لە سووچێکی ژوورەکە دابوو — هەر هەموو ئەمانە بۆ جووتە کوڕە گەنجەکە ئاشنا بوون. چونکە هەمووساڵێک کە لە پشووی هاویندا دەهاتنەوە، لەم ژینگەیەدا دەژیان. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ساڵانی پێشوو بە سواری ئەسپ بۆ ماڵ نەدەهاتنەوە، چونکە بە گوێرەی دابو نەریتان خوێنکارانی ئەکادیمیای رۆحانی ئەسپ سوارییان لێ قەدەغە بوو و، تەنیا ئەمجارە نەبێ کە قۆناغی خوێندنی خۆیان تەواو کردبوو، باوکیان لە نێو ڕەوە ئەسپەکەیدا، جووتێ ئەسپی خورتی بۆ ناردبوون.

تاراس بۆڵبا، بە بۆنەی هاتنەوەی کوڕەکانی، تێکڕای سەرانی یەکە سەد نەفەریەکان و هەموو ئەو دەرەجەدارانەی کە لە خزمەتا بوون و نەچووبوونە مادونی، دەعوەت کرد، کاتێ کە دوو دەرەجەدارو

سەروان= "نەقیب" (دیمیتری توکاچ)ی دۆستی کۆنی هاتنەماڵەکەی، یەکسەر کوڕەکانی خۆی پێیان ناساندو گوتی:

- تەمەشاکەن، تەمەشای ئەم خۆرتانە بکەن! بەم زووانە دەیان نێرم بۆ سچ = (ئۆردوگای زابۆرۆژیا).

میوانەکان، پیرۆزباییان لە تاراس بۆڵباو لە کوڕەکانی کردو گوتیان بڕیارەکەی تاراس بۆڵبا کارێکی زۆر ئاقڵانەیە، چونکە سچ باشترین قوتابخانەیە بۆ خەڵکی گەنج و باشترین زانست و زانیاری لەوێندەر بەدەست دێنن.

ئەوسا تاراس بۆڵبا گوتی:

- زۆر چاکە، دەی برایانی ئەفسەر، با هەر کەسە لە شوێنی دڵخوازی خۆیدا دانیشیت. دەی کوڕەکانم، با جارێ بەر لە هەر شتێ، دەمێ تەڕ بکەین و کەمێک گارلکا بخۆینەوە! خوا پشتیوانتان بێ! کوڕەکانم، ئوستاپ، ئاندرێ، بە سەلامەتی ئێوە. خوا لە جەنگا ڕاوەستاوتان بکات، هەر پیرۆزو سەرکەوتووتان بکات. دەست مەپارێزن، تورکان، تەتاران داپاچن، ئەگەر پولونیەکانیش دژایەتیان کردین لێیان بدەن، دەستیان لێ مەپارێزن. دەی باشە، جامەکانتان بەرز بکەنەوە. ها چۆنە، گارلکایەکی باشە؟ بە لاتینی چی پێدەڵێن؟ ئیدی ئاوایە کوڕی خۆم، لاتینییەکان گێلن، تەنانەت نەیاندەزانی کە لەم دنیایەدا گارلکا هەر هەیە... ئەرێ ئەو کەسەی کە شیعری لاتینی دەنووسی ناوی چی بوو؟ چونکە من خوێنەوارییەکی ئەوتۆم نییە، زۆر دڵنیا نیم. بەڵام ناوی هوراسیو نەبوو؟

ئۆستاپ لە دڵی خۆیدا گوتی:

- تۆ تەمەشای بابم! ئەم گۆڵەپیرە هەموو شتێک دەزانێت، لێ خۆی لە گێلی دەدات.

تاراس بۆڵبا، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی:

- من دەزانم سەرۆکی ڕۆحانی ئەکادیمیا نەیهێشتووە بە ئاسانی بۆنی گارلکاش بکەن. کوڕەکانم ئیعتراف بکەن، زۆریان بە تەرکەو شولکان بە شانو پشتا کێشاون؟ تەسەوردەکەم چەند ئاقڵترو بەفامتر دەبوون، لە جیاتی تەرکە، بە شەلاق لێیان دەدان، ها؟ نەک هەر لە ڕۆژانی شەممەدا ئەمەیان دەگەڵ دەکردن ، بەڵکو لە ڕۆژانی چوارشەممەشدا دووبارەیان دەکردەوە، وا نییە؟

ئوستاپ بە خوێنساردی وەڵامی دایەوە:

- باوکە پێویست ناکا هەنووکە کای کۆن بە با بکەینەوەو ڕابردوو وەبیر بێنینەوە، ئەوەی چوو، چوو.

ئاندرێ لەو بەرەو هەڵیدایە:

- با ئێستا کەسێک کاری وا بکات، با ئێستا کەسێک گەڕمان پێبکات، با تاتارییەک ئەگەر ئازایە خراپ سەیرم بکات، هەنگێ پێی نیشان دەدەم کە شمشێری قۆزاقی چیەو دەکاتە چی؟

- بژی کوڕی خۆم! ئافەرین بۆ خۆتو قسەت! بەڕاستی ئافەرین! خۆ کار بگاتە ئەوە منیش دەگەڵتاندا دێم — بە زاتی خودا دێم، ئا، دێم و ئەولاتریش. هێز نیە من لێرە ڕابگرێت، چ هێزێک لێرەم ڕادەگرێت؟ لێرە بمێنمەوە گەنم داچێنم؟ یان ماڵداری بکەم، ئاگاداری پەزان بکەم، بەرازان بە خێو بکەم، یان خەریکی ژنەکەم بم ؟ با بڕوا. من کابرایەکی قۆزاقمو ژیانی وام ناوێ! ئیدی ڕۆژگارە ڕۆژگار! چبکەین کە حاڵی حازر هیچ شەڕێک لە ئاردا نییە؟ بۆیە منیش هەروا بۆ گەڕان و پیاسە دەگەڵتان دێم بۆ ئۆردوگای ژاپارۆژی ، بەزاتی خوا دێم، منیش دێم.

تاراس بۆڵبا، بە دەم کاریگەری ئەو قسانەی خۆیەوە، بەرەبەرە گەرم بوو، ئەوسا جۆشی سەندو ئەنجام توڕەیی بە سەریا زاڵ بوو، لە سەر مێزەکە هەستا، لە جێی خۆی وەستا. لە کاتێکا پێی بە عاردیدا دەدا، گوتی:

- لە سبەینێ زووتر نییە، دەڕۆین، بۆ دوای بخەین؟ لێرە چ بکەین، چاوەڕوانی چ دژمنێک بکەین لێرە؟ ئەم ماڵە چ دادێکی ئێمە دەدا؟ ئاخر ئەم هەموو شتە چ فایدەیەکی هەیە؟ ئەم کاسەو گۆزانە بۆچی باشە؟

کابرای جەنگاوەر کە تەواو هاتبووە جۆش، چەند کاسەو تونگەیەکی هەڵگرت و کوتانی بە عاردیداو وردو خاشی کردن، پیرەژنەی داماویش کە بەم جۆرە رەفتارانەی مێردەکەی ڕاهاتبوو، لە سەر تەختێک دانیشتبوو و بە سیمای خەمینەوە تەمەشای ئەو دیمەنەی دەکرد، زاتی نەدەکرد فزە بکات، لێ کە گوێی لەو قەرارە بوو کە ئەو زۆری لێدەترسا، بە خۆی نەوەستاو جلەوی روندکانی لە دەست بەربوو. بە جۆرێ تەمەشای کوڕەکانی دەکرد هیچکەس ناتوانێت ئەو خەمە کپ و مات و بێدەنگەی وی، کە لە تۆ وایە لە چاوانیاو بەسەر لێوە پێکڤە چەسپاوو لەرزۆکەکانیەوە، باڵە فرەی دەکردو خۆی دەنواند، وەسف بکات.

بۆڵبا، کەسێکی یەجگار سەر سەختو کەڵەوەکێش بوو. یەکێک بوو لەو جۆرە کەسانەی کە مەگەر تەنیا لە سەدەی بێ سەروبەرو پڕ ئاژاوەو پاشاگەردانی و تاریک و نوتەکی پازدەیەمدا لە بەشە هەرە پاشکەوتووەکەی ئەوروپادا نموونەیان هەبوو. یانی لەو دەورو زەمانەدا کە میرەکان، میرانی ناوچەیی، تەواوی رووسیای باشووریان چۆڵ کردبوو و، تێکڕای ئەو وڵاتە بە هۆی هێرشو پەلاماری سەر سەختانەی مەغۆلانی دڕندەوە، لە خەڵکی چۆڵو تا بن و بێخ بوو بوو بە خۆراکی ئاگر. لە سەردەم و ڕۆژگارێکا کە مرۆڤی مەحرووم لە ماڵ و حاڵی خۆی، مەحرووم لە بوونی خۆی، لە دارو نەداری، فێری

ئازایەتی و دلاوەری بوو و لە هەنبەر دراوسێ ترسناکەکانی خۆو مەترسی هەمیشەیی و روو لە زیادی، لەو شوێنانەدا کە بوو بوون بە خۆراکی ئاگر ئاکنجی بوونو فێری ئەوە بوون رووبە ڕوو، چاو لە چاو بڕواننە دژمن و مەترسییان و ئەوە لە مێشک و خەیاڵی خۆ وەدەربنەن کە لە دنیادا شتێک هەیە بە ناوی ترس. لە دەوران و رۆژگارێکا کە گیانی سلاڤی کۆن، ئاوێتەی مەشخەلێن جەنگاوەری بوو — خێڵی قۆزاق هاتە مەیدان و تێکڕای رێگاو رێبازو هەورازو نشێوانی کەنار و ڕەخی ڕوباران و هەموو ناوچەو دەڤەرە هەموارەکانی ئەو مەرزو بۆیە بوو بە مەڵبەندو نشینگەی قۆزاقان و ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو کە لە ژمارە نەدەهاتن و کەس نەیدەزانی ژمارەیان چەندە و کاتێ کە سوڵتانی عوسمانی لە ژمارەی قۆزاقانی پرسی بوو، نوێنەرانی عەگیدو ڕەشیدی قۆزاقان وەڵامیان دابووەوە کە:

- کێ دەزانێ؟ دەشت و دەر، پڕن لە قۆزاق، لە هەر شوێنێ گردولکەیەکت بینی، قۆزاقێکی لە سەرە.

لە جێی دەڤەرو شارۆچکانی کۆن و لە شوێنی شارانی خوردە میران کە خەریکی بازرگانی و دژایەتی و شەڕی یەکدی بوون، دێهات و سەربازگەو گوندێن ترسناک هاتە ئاراوە کە لە ڕووی مەترسی هاوبەشو گشتیەوەو لە رووی نەفرەتو رق لە دڕندانی غەیرە عیساییەوە، هەر هەموویان یەک و یەکگرتوو بوون. ئەوانەی کە ئاگاداری مێژوون، زۆرچاک دەزانن کە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام و ژیانی ناڕەحەت و پڕ گێچەڵو کێشەی خێڵی قۆزاقان، چەندین جار ئەوروپایان لە خەتەرو مەترسی داڕوخان و هەرەسهێنان رزگارکردووە. پاشایانی پۆڵۆنیایی کە خۆیان، لە شوێنی میرانی رووسی، وەکو خاوەنی راستەقینەی ئەم خاکە پان و بەرینە بینییەوە، پەیان بە گرینگیو گیانی جەنگاوەری و ماڵ بە کۆڵی قۆزاقەکان برد بۆ پاراستنی ئەم خاک و وڵاتە پانو بەرینە. بۆیە کەوتنە لاوانەوەو هاندانی قۆزاقەکان و رێگایان دەدان کە بە خۆیان و لە ناو خۆیاندا، فەرماندەو بەرپرس هەڵبژێرن بە مەرجێ سەر بە پۆڵۆنیا بن، ئیدی هەرکەسەو لە ناوچەی خۆی، لە گوندو هەوارگە کاتییەکانی قۆزاقاندا، یەکەی سەربازی و سوپایی بۆ خۆی دروست دەکرد. هەڵبەتە ئەم یەکانە، شەقڵی رێک و پێکی سوپاییان نەبوو. زیاتر میلیشایی بوون، بەڵام لە کاتی بەرپابوونی شەڕێکدا یان لە کاتی راپەڕینێکی گشتیدا، هەر قۆزاقیەک لە زەرفی هەشت دانە رۆژدا،بە سواری ئەسپەوە تەیارو سەراپا نقوومی چەک لە جێی کۆبوونەوەی لەشکریان ئامادە دەبوو، لە جیاتی خزمەتی سەربازی هەر نەفەرەو سکەیەکی زێری لە پاشا وەردەگرت. لە زەرفی دوو هەفتەدا لەشکرو قۆشەنێکی ئەوتۆ کۆدەبووەوە کە هیچ کارگێرییەکی فەرمی سەربازگیری نەیدەتوانی لەو ماوەیەدا سوپایەکی ئەوەندە گەورە بۆ جەنگ کۆبکاتەوە. کە شەڕ کۆتایی دەهات، ئیدی قۆزاقەکان دەگەڕانەوە بۆ کەناری ڕوباری "دەنیپەر"و دەچوونەوە سەر کێڵگەو مەزراکانیان و ئیدی دەکەوتنە کشتوکاڵ و کاسبی و ڕاوەماسیو عارەق و شەراب دروستکردن و... ئیدی درێژەیان بە ژیانی ئازادو ئاسایی قۆزاقانەی خۆ دەدا.

خەڵکی بێگانە، سەریان لە تواناو بەهرەی دەگمەنو نائاسایی قۆزاقان سوڕما بوو، لەو زەمانو ڕۆژگارەدا هیچ پیشەیەک نەبوو کە قۆزاقان نەیزانن و سەری لێدەرنەکەن. شەرابسازی، گالیسکەسازی، باروت دروستکردن، ئاسنگەری و تۆڕنەچیاتی بەڵەدو شارەزا بوون، کە تۆرەش دەهاتە سەر خۆشگوزەرانیو مەی خۆری و بەزمگێڕان و دەعوەت و دەعوەتکاری، وەکو هەر ڕووسییەک ئەم کارەیان دەکرد. جگە لەو قۆزاقانەی کە بە فەرمی لە یەکە لەشکرییەکاندا ناونووس کرابوون و ناچار بوون لە کاتی بەرپابوونی هەر شەڕێکدا لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبن، خۆ ئەگەر پێشهاتێکی نا ئاسایی بهاتبا پێشەوەو پێویست بە لەشکرو جەنگاوەری زیاتر بوایە، ئەوا خەڵکانێکی داوخوازی (خۆبەخش) زۆریش بە خوایشتی خۆیان خڕەبوونەوە کە لە شەڕدا بەشداری بکەن. هەر ئەوەندە بەرپرس و فەرماندەکان بە گالیسکە بە ناو بازاڕو مەیدان و ناوچەو دەڤەرە قۆزاق نشینەکان بکەوتبان و جاڕیان بدایە:

- هۆ خەڵکینە، ئەی شەرابسازان، ئەی ئاسنگەران، هۆ جووتیاران، هۆ وەرزێران و گەنم و جۆچێنان، هۆ ژنبازان بەسە، واز لە عارەقسازی بێنن، بەسە، چیتر کاتی خۆتان لە کەنار سۆپاو کوانگان بە فێرۆ مەدەن، دەست لە جووتکردن هەڵگرن، بەس جزمەو جلە زەردەکانتان لە گەردو تۆزا بلەوتێنن، یان خەریکی ژنان بن، بەس توانای جەنگاوەری خۆتان بە هەدەر بدەن! ڕابن، لە پێناوی وەدەستهێنانی شەرەف و شانازی جەنگاوەری و پێشمەرگایەتیدا، فیداکاری بکەن! ئەمڕۆ ڕۆژی نواندن و نیشاندانی شانازی قۆزاقاتیە!

ئەم قسانە وەکو ئاورینگ و پریشکە ئاگر بوون، کە بەر بدرێنە پوشوو داری وشکەوە بوو. جووتیار، هەوجاڕی خۆی دەشکاند، عارەقساز، کوپەڵەو خەمرەو بۆشەکەکانی خۆی وەلادەنا، کاسب، پیشەو کاری خۆی حەواڵەی شەیتان دەکردو هەر هەموو سواری ئەسپ دەبوون. ئا لەم جۆرە بوارو هەڵوێستانەدا بوو کە تەبیعەتی ڕووسی بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە، بە هەموو بەربڵاویەکی خۆیەوە دەردەکەوت. تاراس بۆڵبا یەکێک بوو لە ڕۆڵە ڕەسەنو کۆنەکانی ئەم دام و دەزگا کۆمەڵایەتیە. بە گیانێکی پێشمەرگانەو جەنگاوەرانەی سەرکێش و بێ ئۆقرەی ئەوتۆوە لە دایک بووە، لە تۆ وایە هەر بۆ شەڕو ڕۆژێن تەنگانە خولقاوەو، پیاوێک بوو بە سەر ڕاستی و ڕاستگۆیی و زبری ناسرا بوو. لەو سەروبەندەدا، دابو نەریتی پۆلۆنیایی خەریک بوو بەسەر ئەشرافانی ڕووسیدا زاڵ دەبوو.

گەلێک لە ئەشرافانی ڕووسی، بە چاولێکەری دابو نەریتی پۆڵۆنی، خوویان دایە ژیانی پڕ لە ڕابواردنو خۆشی، ڕاگرتنی نۆکەرانو ڕاووشکارو بازو بەرپاکردنی زیافەت و دەعوەت و دەعوەتکاری گەورەو گران.

تاراس بۆڵبا، ئەم کارانەی لە گیان خۆش نەبوو، دەگەڵ زەوق و سەلیقەی ئەودا تێکی نەدەکردەوە. تاراس، ڕمووەدەی ژیانی سادەو ساکاری قۆزاقی بوو، دژی ئەو ئاشناو دۆستانەی خۆی دەوەستا کە

بەلای داب و نەریتی پۆلۆنیدا دایان دەکێشا، خۆی لێیان دووردەگرتو بە خوبزەو خولامی (پانەکانی*) پۆلۆنیای ناو دەبردن. بە دڵ و بە گیان، بەوپەڕی لێبڕاوییەوە خۆی بە پشتیوانو پارێزەری شەرعیو یاسایی باوەڕو ئاینی ئەرتەدۆکسی دەزانیو خۆبەخۆو، بە خۆسەری خۆی بەو دێهاتانەدا دەکرد کە لە دەست زوڵمی خاوەن موڵکان و باج و خەراج بەگلەیی بوون و دادو بێدادییان بوو و لە ڕێگای قۆزاقەکانی خۆیەوە، دادی دەپرسین و لە سەری دەکردنەوەو فریایان دەکەوت. تاراس بۆڵبا، سێ حاڵەتی دانابوو کە دەبوایە لەو سێ حاڵەتەدا، هەر چۆنێ بووە، پەنا بۆ شمشێر ببرێت، یەکەم: ئەگەر باجگرانی پۆلۆنی، ڕێزی سەران و ردێن سپیانی قۆزاقیانیان نەگرتباو لە حوزوری ئەواندا بەکڵاوەوە بوەستابان. دووەم: ئەگەر گاڵتە بە بنەماکانی مەزەب و ئۆلی ئەرتەدۆکسی بکەن یان تەشەر لە داب و نەریت و خوو خدەی پێشینان و باب و باپیرانی قۆزاقیان بدەن. سێیەم: ئەگەر تورکێکی دژمن بدینێ، کە دژایەتیکردنیان لە ڕوانگەی مەسیحیەتەوە، شانازیە.

تاراس بۆڵبا، لە ئێستاوە مزگێنی بە خۆی دەدا کە بەو زووانە دەگەڵ هەردوو جگەرگۆشەکەیدا. دەچێت بۆ ئۆردوگای زاپارۆژیە و لەوێ دەڵێت:

- ئەهای، تەمەشاکەن، بزانن چ جووتە کوڕێکم بۆ هێناون!

بۆڵبا، هەمیشە لە بیری ئەمەدا بوو کە چۆن کوڕەکانی بە دۆست و ئاشناکانی خۆی، کە هەر هەموویان قاڵبوو و خاراوی شەڕێن بێ شومار بوون، دەناسێنێ. چۆن یەکەمین سەرکەوتنی وانی لە هونەری شەڕو هەروەها لە مەینۆشی و ڕابوردنا کە ئەوەشی بە یەکێک لە سیفەتە سەرەکییەکانی سوارچاکی دەزانی، وەکو شریت دێنایە بەرچاوی خۆی. بۆڵبا، لە هەوەڵەوە بە تەمابوو کە هەر کوڕەکانی بۆ ئۆردوگای ژاپارۆژیە بنێرێت، بەڵام کە گەنجاتی و بەژن و باڵای پیاوانە و جوانی لەش ولاری ئەوانی بینی، گیانی پێشمەرگایەتی و جەنگاوەری لە دڵ و دەروونیا بڵێسەی کردو لێبڕا، کە سبەینێ بە خۆیشی دەگەڵیاندا بڕوات — هەرچەندە پێویستی بەم کارە نەدەکرد، بەڵام خواستی سەرکێشی واداری ئەم سەفەرەی کرد.

تاراس بۆڵبا،دەستووری پێویستی ئەم سەفەرەی دەرکرد. بە خۆی ئەسپی بۆ کوڕەکانی هەڵبژارد، سەری تەویلەو عەمارەکانی دا، ئەو کەسانەی دەست نیشان کردن کە دەبوا دەگەڵیان بن.

هەروەها، رووی لە سەروان (نەقیب) توکاچ نا، کەلایەنی فەرمی مەسەلەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئیعازێکی بنجبڕی دایە کە هەرکاتێ داوای کرد بە پەلەو بێ دوا کەوتن، بە فەوجەکەیەوە خۆی بگەیەنێتە ئۆردوگای ژاپاروژیە. تاراس بۆڵبا، هەرچەند هێشتا هەر خەیاڵ بوو، بەڵام هیچی لە بیر نەدەکرد. تەنانەت کۆمەڵێک دەستوورو فرمانیشی دەربارەی ئاودانی ئەسپەکان و دەربارەی ئەمەی کە

گەنمی قەڵەو و تازەیان بدەنێ، دەکرد، ئەوسا شەکەت و ماندوو بۆ ماڵ هاتەوەو رووی کردە کوڕەکانی و گوتی:

- دەی کوڕینە، ئێستا با بخەوین و سبەی ئەوەی ویستی خوای لەسەر بێ دەیکەین. پیرەژن خەمی تەختە خەوی ئێمەت نەبێ، پێویستیمان بە تەختەخەو نیە. لە دەرەوە، لە حەوشە دەنووین.

هێشتا هەوەڵی شەو بوو، بەڵام تاراس بۆڵبا هەمیشە زوو دەخەوت: لە سەر قالیچەیەک ڕاکشاو کەوڵە مەڕێکی بەسەر خۆیدا دا، چونکە هەوای شەو کەمێک ساردبوو و هەرکاتێ لە ماڵەوە بوایە حەزی دەکرد جێگاکەی گەرم بێ. پیرەمێرد، هەر زوو خەوی پێیاکەوت و پرخەپرخی بەرز بووەوە، هەموو ئەوانی تریش دوا بە دوای ئەو خەویان لێکەوت و پرخ و هۆڕ لە سەرانسەری ماڵەکەدا بەرز بووەوە. پاسەوانی ماڵەکە کە بە بۆنەی هاتنەوەی کوڕەکانی تاراس بۆڵبا، لەوانی دی زیاتری خورادبووەوە، لە پێش هەموویانەوە خەوی لێکەوت.

تەنیا دایکە بەلەنگاز و بەستەزمانەکە خەوی لێنەکەوتبوو. بە ئەسپایی خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە کوڕەکانی لێ خەوتبوون و بە شانەیەک کەوتە شانە کردنی قژە پڕو تێک رژاوەکانیان و بارانی فرمێسکی بەسەریاندا داباراندو بەدەم فرمێسکانەوە سەراپای کوڕەکانی دابووە بەر نیگا. نیگای یەکپارچە هەست و سۆز بوو، لە تۆ وایە ڕوح و گیان و هەموو هەستەکان و خودی خۆیشی تێکڕا، بوون بەو نیگایە،و هەرچی دەکرد و دەکۆشا لە نیگاکردنی کوڕەکانی تێر نەدەبوو. پیرەژن بیری لە ڕۆژانی ڕابردوو دەکردەوە، بە شیری مەمکەکانی ئەم دوو گەنجەی بەخێو کردبوو، بە ناز گەورەی کردبوون، ئێستاش تەقدیر وابوو کە بتوانێ تەنیا بۆ چەند ساتێک بیاندینێ. فرمێسک بە لۆچ و چرچی دەموچاویا، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان جوان بوو، داچۆڕا. بەدەم ناڵەیەکەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئاخ، کوڕەکانم، ڕۆڵە ئازیزەکانم! ئاخۆ چ ڕۆژو رۆژگارێکتان دەبێت؟ ئاخۆ چ چارەنووسێک چاوەڕوانتانە؟

ئەلهەقی پیرەژن، گوناح بوو. تەنیا بۆ ساتێک لەزەتی ئەشق و ڤیانی چەشتبوو و، ئەو ساتەش لە گەرمەو هەڕەتی هەرزەکاریدا، لە هەوەڵین قۆناغی ئاگری لاویدا بوو. پاشان دڵدارە سەر سەخت و زبرەکەی لەبەر خاتری شمشێرەکەی، لەبەر خاتری دۆستەکانی و لەبەر خاتری مەینۆشی و کەیفی خۆی، فەرامۆشی کرد. ساڵی تەنیا سێ چوار ڕۆژێک مێردەکەی دەبینی و پاشان بێئەوەی هیچ سۆراخێکی بزانێ، بۆ ماوەی چەند ساڵێک دیار نەدەماو ئەمیش بە تاقی تەنیا ڕۆژگاری دەقەتاند. خۆ کە بۆ ماڵیش دەهاتەوە چ ژیانێکیان هەبوو؟ هەر بە تانەو تەشەرو سووکایەتی پێکردنەوە نەدەوەستا، بەڵکو دارکاریشی دەکرد، خۆ ئەگەر جار جارێک سووکە نەوازشێکی کردبا، لە ڕووی بە زەییەوە، ئەمەی

دەگەڵ دەکرد. پیرەژن لە نێو ئەو جەنگاوەرە بێ ژن و ماڵ و منداڵانەدا، کە ژیانی ئۆردوگاو جەنگاوەری، بە هەموو خۆشی و بێ موبالاتیەکی خۆیەوە، باڵی ترسناکی خۆی بەسەر هەموو شتێکیاندا کێشابوو، زۆر غەریب و نامۆ دەهاتە بەرچاو. گەنجێتی، بێ هیچ لە زەتێک، وەک بڵێی بەرێکەوت بە بەردەمیا گوزەری کردبوو، گۆنا ناسک و جوانەکانی، مەمکە قیت و بەلەکانی، بێئەوەی نەوازشی بە جۆشی ئەشق بە خۆوە بدینن، چرمسی بوون و چرچ و لۆچی ناگەهانی، تێی دابوون. هەموو ئەشقێکی ئەو، هەموو هەستێکی ئەو، گشت شتێکی ناسک و جوان کە لەگینە لەسە زەوی هەبن، لە دڵ و دەروونی ئەودا گۆڕا بوون بە یەک هەست، ئەویش هەستی دایکایەتی بوو. ئەم بەستەزمانە، وەکو نەورەسی دەشتە بێ پایانەکانی ڕووسیا، هەمیشەی خوا بە چاوانی فرمێسکاوییەوە بە دەوری کوڕەکانیا دەسوڕایەوە. بەڵام ئێستا کوڕەکانی، کوڕە ئازیزەکانیان لێ دادەبڕی کە دوور نەبوو جارێکی دی هەرگیز نەیان بینێتەوە، دوور نەبوو لە یەکەم شەڕیاندا، لەشکری تەتار، بە شمشێر سەریان بپەڕێنن و ئەم هەر نەزانێ جەنازەی کوڕەکانی لە کوێ بەبێ خاوەن دەبن بە خۆراکی قەل و داڵان، ئەو جەنازانەی کە ئەم ئامادەیە هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی تۆزقاڵێک گۆشتی وان، لە رای دلۆپێک خوێنی وان فیدا بکات. بە چاوانی خەواڵووەوە ڕوانیە کوڕەکانی و لە دڵی خۆیدا وای خەیاڵ دەکرد، لە گینە تاراس بۆڵبا، کە بەیانی لە خەو ڕابوو، یەک دوو ڕۆژی دی سەفەرەکەیان دوا بخات، لەوەیە لەبەر ئەوەی زۆری خواردبووەوە، ئەم بڕیارە کوت و پڕو لەزەی دابێ!...

مانگ زۆر بەرز بوو، تەواوی حەوشەکە لە تریفەی مانگدا نقووم بوو بوو، دایکی بەستەزمان و بەلەنگاز هێشتا هەر بە دیار کوڕەکانیەوە دانیشتبوو و چاوی لێ نەدەگواستنەوەو ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە خەو بوو. ئەسپەکان هەستیان بە نزیکبوونەوەی سپێدە کرد، لە لەوەڕ وەستان و لەسەر گیایەکە پاڵ کەوتن. پیرە دایکیش تا سپێدە لە جێی خۆی نەجوڵا، نەک هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد، بەڵکو لە ناخی خۆیدا خوا خوای بوو کە هەر شەو بێ و شەو نەبڕێتەوە. لە قوڵایی دەشتەکەوە دەنگی جوانوویەک هاتە گوێ، چەند هێڵێکی ئامال سوور بە بەرۆکی ئاسمانەوە، دەرکەوتن. تاراس بۆڵبا، لە ناکاو بێدار بووەوەو لە جێی خۆی ڕاپەڕی. هەر هەموو ئەو دەستوورو بڕیارانەی بیر مابوو کە شەوێ دابوونی... هاواری کرد:

- دەی کوڕینە ڕابن! خەو بەسە، زۆر خەوتن! زووکەن ئەسپەکان ئاو بدەن! ئەرێ ئەو پیرەژنە کوا؟ (تاراس بۆڵبا، هەمیشە بە پیرێژن ناوی ژنەکەی دەبرد ).

- خێراکە پیرێژن تەکانێ بدەخۆ، شتێکمان بۆ بێنە با بیخۆین، چونکە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە.

پیرێژنی داماو، ئەو چاوە رەشەشی کاڵ بووەوەو مات و خەمین، خۆی بکێش کردو چووە ژوورەوە. لە کاتێکا کە ئەو بە چاوانی تەژی روندکەوە خەریک بوو تێشت و قاوەڵتی ئامادە دەکرد، مێردەکەی بەدەم دەستوورو فرمانانەوە خۆی بە عەمارەکەدا کردو باشترین جلو بەرگی بۆ کورەکانی هەڵبژارد. ئۆستاپ و ئەندرێ بە جلە تازەکانیانەوە، بە تەواوەتی گۆڕا بوون. چەکمەی سورباوی چەرمیان لە پێ کردبوو، شەرواڵی دەڵبی چیندارو جلکی قۆزاقی ماهووتی ئاگر ڕەنگیان لەبەر کرد بووو، سەروپشتێنی پڕ نەخشونیگاریان لە پشت بوو. سەرو دەمانچەی تورکی بە بەر پشتێنەکانیانەوە بوو، شمشێرە درێژەکانیان بە گوێرەی حەرەکەت و جوڵەی لاقیان لە جوڵەدا بوون. روخساریان کە هێشتا تەواو تاوەگاز نەبوو بوو، لەم جل و بەرگەدا، سپیترو جوانتر دەهاتنە بەرچاو، سمێڵە رەشەکانیان، سپیەتیو سەلامەتی و تۆغیانی لاوی ئەوانی، لە جاران بەرجستەتر دەکرد. کڵاوە قووچەکانیان کە لە پێستی ڕەش دروستکرا بوون و سەرو پارچەی زەردی زێڕینیان لە بەشی سەرەوەی درو بوو، یەجگار جوانو دڵگیر دەهاتنە بەرچاو.

پیرەداکی بەستەزمان کە کورەکانی خۆی بەو هەموو جوانیەوە دەبینی، نەیتوانی تاقە وشەیەک بڵێ و ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما.

تاراس بۆڵبا، ئەنجام هاواری کرد:

– دەی کوڕینە، ئێستا هەموو شتێک ئامادەیە! با بە خۆرایی خۆمان مەحتەل نەکەین! ئێستا پێویستە بە گوێرەی رێورەسمی مەسیحیەت، هەموومان، بەر لەوەی بەرێ بکەوین، تۆزێک دانیشین*.

هەموویان دانیشتن، تەنانەت ئەو قۆزاقانەش کە وەکو رێزو حورمەت بۆ تاراس بۆڵبا، لەبەر دەرگاکان بە ریز وەستا بوون، بۆ ساتێک دانیشتن. دوای تۆزێک بۆڵبا گوتی:

– دەی ئافرەت، دوعای خێر بۆ کوڕەکانت بکە! داوا لە خوا بکە کە باشاریان بدات و ئازایانەو دلاوەرانە بجەنگن، پیاوانە داکۆکی و بەرگری لە ئابڕووی جەنگاوەری و سوارچاکی خۆیان بکەن، هەمیشە پشتیوانی ئاینی مەسیح بن، ئەگەر وا نەبن، خوا فەوت و فەنایان بکات، باشترە لە دنیایا نەمێنن، کوڕینە، بچنە لای دایکتان، دوعای دایک گیرایە، چ لەسەر زەوی و چ لە دەریا فریاڕەس و رزگارکەری بەشەرە.

پیرە دایک، وەکو هەموو دایکانی میرەبان و دلۆڤان، کوڕەکانی لە هەمێز گرتن، وێنەیەکی چکۆلەی عیسای لە ملی هەر یەکێکیان کرد، لە کاتێکا گریان لە ئەوکی گیرا بوو، بە دەم نیمچە گریانەوە گوتی:

- حەزرەتی مریەم دەست بە باڵتانەوە بگرێت! کوڕە شیرینەکانم، دایکی خۆتان لە بیر مەکەن... بەلای کەمەوە جار جارێ هەواڵێکم بۆ بنێرن...

پیرەژن، نەیتوانی لەوەی زیاتر هیچ بڵێ.

تاراس بۆڵبا گوتی:

- دەی کوڕینە، با بڕۆین.

ئەسپەکان، حازرو ئامادە، بەزین و تەدارەکەوە لەبەر دەرگای حەوشە وەستا بوون. تاراس بۆڵبا، بە گوڕمێک خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی، ئەسپەکەی ناوی شەیتان بوو، کە هەستی بە قورسی سوارکەی سەر پشتی کرد، راجفڕی و کێویانە تەکانێکی بۆ پاشەوە دا، بۆڵبا، کەسێکی زۆر قەڵەو و زەلام بوو. کە پیرەداک بینی کوڕەکانیشی سواری ئەسپەکانی خۆ بوون، بەلەز بەرەو لای کوڕە چکۆلەکەی کە ناسکی و مەحەبەتێکی زیاتری بە روخسارەوە دیار بوو، چوو، توند لغاوی ئەسپەکەی گرت، خۆی بە زینی ئەسپەکەوە چەسپاندو لە کاتێکا نا ئومێدی باڵی بەسەر هەموو ڕوخساریا کێشا بوو، توند لغاوی ئەسپەکەی گرتبوو و بەری نەدەدا، دوو قۆزاقی کەتەو زەلام، بەوپەڕی ئارامی گرتیان و بردیانە ژوورەوە. بەڵام هەرکە سوارەکان وەڕێکەوتن، پیرێژن، بە هەمان چالاکی و گورج و گۆڵی بزنە کێوییەکەوە، کە هیچ کەسێک چاوەڕوانی شتی وای لێنەدەکرد، دەرپەڕی و بە غار دوایان کەوت، خۆی گەیاندێ و بە هێزو توانایەکی باوەڕ نەکردەنیەوە یەکێک لە ئەسپەکانی ڕاگرت، ئەوسا بە سۆزو گودازێکی شتێتانەوە باسکی لە ملی یەکێک لە کوڕەکانی وەرینا، بەڵام دیسان بردیانەوە ژوورێ.

جووتە قۆزاقی گەنج، بەسەرو دڵی گیراوەوە، لە کاتێکا بە زەحمەت و لە شەرم و لە ترسی بابیان جڵەوی گریانی خۆیان گرتبوو، درێژەیان بە ڕێگەی خۆ دا. تاراس بۆڵباش تا ڕادەیەک پەست و خەمین دیار بوو، لێ هەوڵی دەدا باری دەروونی خۆی ئاشکرا نەکات.

ڕۆژ، ڕۆژێکی ساردو خەمناک بوو. تەنانەت بریسکە بریسکی گیای دەشتە بێ پایانەکەش خەمناک بوو، تەیرو تو، بە ئاوازی جۆراو جۆر هەراو هەنگامەیەکیان نابووەوە کە ئەوسەری دیار نەبۆو — لە تۆ وایە کێشەو ئاژاوەیەکیان کەوتبووە نێوانەوە. جووتە برا لە کاتێکا ئەسپەکانیان بەرەو پێشی داژوا، ئاورێکی پاشەوەیان دایەوە. ماڵەکەیان دیار نەبوو، تەنیا دوو لوولەی دووکەڵکێشی سوپاکانیان نەبێ، لەگەڵ ترۆپکی ئەو درەختانەدا کە بە منداڵی وەکو سمۆران پێیاندا هەڵدەزنان. مەزراو کێڵگە پان و بەرینەکەی خۆیان دیار بوو، ئەو مەرزایەی کە مێژووی ژیانی رابردوویانی وەبیر دێنانەوە، ئەو رۆژانەی بیر دێنانەوە کە لە نێو سەوزە گیای غەرقی ئاونگاندا، خۆیان غل دەکردەوە یان ڕۆژانی دواتری وەبیر دێنانەوە کە هەریەکەیان چاوەڕوانی کیژە قۆزاقیەکی چاوو برۆ ڕەشی دەکرد، کە بە نێو سەوزەزارەکەدا،

به ترس و دڵەڕاوکێوە. بە هەشتاو، بە پێی خۆی بەرەو ئەمان دەهات... هەنووکە، تەنیا سەری ئەو عامودەی سەر بیرە ئاوەکە دیار بوو، کە تایەیەکی عارەبانەی بەسەرەوە کرا بوو و بە تاقی تەنیا لە نێوان ئەرزو ئاسماندا هەڵواسرابوو. دوای تۆزێک دەشتەپان و بەرینەکەی پشتیان وەکو کێوێک هەموو شتێکی لە چاو شاردەوە.

دەیسا بە دوعا ڕۆژانی منداڵی، بە دوعا گەمەو یاری، خوا حافیز لە هەموو شتێک، لە هەموو کەسێک... بە دوعا!.

*پەراوێز:*

*٭ گارلکا: ناوی عارەقێکی تایبەتییە کە قۆزاقەکان بە خۆیان دروستیان دەکرد.*

*٭ باندورا: جۆرە سازێکی ئۆکرانییە.*

*٭ زاپاروژیە: ناوچەیەک بووە کە ئۆردوگاو مەڵبەندی فەرماندەیی قۆزاقەکان بووە.*

*٭ پان: وشەیەکە مانای خان، میرو گەورە دەگەیەنێ.*

*٭ تۆزێک دانیشتن: لە نێو ڕووسەکاندا باوە کە خودی موسافیرو هەموو خەڵکی ماڵەکە بەر لە سەفەرەکە بۆ چەند ساتێک دادەنیشن و پاشان یارۆی موسافیر بە ڕێدەکەوێ.*

*٭ دەنیپەر: ڕووبارێکە لە ڕووسیا، گرنگترین ڕووباری ئەوروپایە. درێژییەکەی ٢٢٦٥ کیلۆ مەترە، دەڕژێتە دەریای ڕەشەوە.*

## فەسڵی دووەم

((٢ ))

هەر سێ سوارەکە، بەبێ دەنگی ڕێیان دەکرد. تاراس بۆڵبای پیر بیری لە ڕابردوو دەکردەوە. گەنجیو ساڵانی تیژ تێپەڕی تەمەن — یانی ئەو شتانەی کە هەر قۆزاقیەک بیری دەکەوێتەوە، گریانی بۆی دێ، چونکە قۆزاقی حەزدەکات هەموو تەمەنی بە گەنجێتی و لە گەنجێتیدا بگوزەرێ – وەکو شریت بە بەرچاوی پیرەمێردەوە تێدەپەڕین. بیری لەوە دەکردەوە کە لەوێ، لە زاپاروژیە، کێ لە دۆست و هاوڕێ کۆنەکانی خۆی دەبێنێ.

لە دڵی خۆیدا حیسابی دەکردن کە چەندیان مردوون و چەندیان ماون... فرمێسک زاییە چاوانی، بە خەمبارییەوە سەرە بۆزەکەی دانەواند.

کوڕەکانی، بیریان لە شتی دی دەکردەوە. بەڵام پێویستە کەمێک زیاتریان لە بارەوە بڵێین. لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا بۆ ئەکادیمیای شاری کییف نێردران، چونکە ناودارانی بەڕێزی ئەو زەمانو ڕۆژگارە باوەڕیان وابوو کە پێویستە منداڵەکانیان بخوێنن و خوێنەواربن، هەرچەندە وا باو بوو کە پاشان ئەوەی خوێندوویانە هەر هەمووی لە بیربکەن. جا لە سەرەتاوە وەکو هەموو ئەو منداڵانەی کە تازە دەچوونە ئەکادیمیا، کێوی بوون . لە ئازادیدا پەروەردە بوو بوون، بەڵام بەرە بەرە سیقاڵ بوونەوەو هەندێ خاڵی هاوبەش لە تەبیعەتیاندا پەیدا بوو و، وەکو هەموو خوێنکارەکانی تریان لێهات.

ئۆستاپ، کوڕە گەورەی تاراس بۆڵبا، ساڵی یەکەمی خوێندنەکەی بە هەڵاتن لە ئەکادیمیا دەست پێکرد. یانی ساڵی یەکەم هەڵات، گەڕاندیانەوە، زۆریان لێدا، کتێبەکانیان خستەوە بەردەستی. چوار دانە جار کتێبی ئەلفباکەی نایە ژێر گڵەوە، چوار جاران زۆر بە توندی سزایان داو، کتێبی تازەیان دایە. خۆ ئەگەر تاراس بۆڵبا هەڕەشەی جدی لێنەکردبا کە ئەگەر ئاقڵ نەبێ هەموو دەرسەکانی ئەکادیمی بە جوانی ڕەوان نەکات، ئەوا دەیخاتە دێرێکەوە کە تا بیست دانە ساڵ وەکو قوتابی لەوێ دەیهێڵێتەوە، بێگومان بۆ جاری پێنجەمیش کتێبی ئەلفباکەی سەرنگوم دەکرد. ئەوە بوو سوێندی لێی خوارد کە ئەگەر هەموو دەرسەکانی ئەکادیمیا ڕەوان نەکات، نایەڵێ هەرگیز چاوی بە ئۆردوگای زاپارۆژیە بکەوێ، بۆیە هیچ چارێکی نەما ئەوە نەبێ کە مل بۆ ئەو واقیعە بدات. سەیر ئەمەیە کە ئەم هەڕەشانە هەمان تاراس بۆڵبا کردبوونی، کە وەکو دیتمان دوای تەواو بوونی کوڕەکانی لە خوێندن، چەند لە عەلەیی زانست و زانیاری و خوێندن و خوێنەواری دەدواو ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکرد کە چیتر خۆیان بەو بابەتە بێ کەڵکانەوە خەریک نەکەن و کاریان بەم شتە توڕەهاتانەوە نەبێت! ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە

ئۆستاپ، زۆر بە جدی خووی دایە دەرس و دەورو بە جۆرێ دەرسە تاقەتبەرەکانی رەوان و ئەزبەر دەکرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوو بە یەکێک لە خوێنکارە هەرە باشەکانی ئەکادیمیا.

خوێندنی ئەو سەردەمە، لە ژیانی ئاسایی و واقیعی خەڵکی زۆر دوورو جیاواز بوو، یانی خوێنکار لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەدا هیچ سوودێکی لێنەدەبینی.

ئەو بابەتە وشکانەی کە لە ئەکادیمیا دەخوێنران و بەدەرس دەگوترانەوە، وەکو زمان و ڕێزمانو ڕەوانبێژی و لوژیک و... هتد بە هیچ جۆرێ دەگەڵ هەلومەرج و پێداویستیەکانی ئەو زەمانەدا تێکیان نەدەکردەوە. هەڵبەتە لە ژیانی پراکتیکیشدا کەس سوودی لێنەدەبینین و خوێنکاران لە هیچ بوارێکی ژیاندا نەیان دەتوانی سوود لەو زانیاریانە وەربگرن کە لە ئەکادیمیا فێری بوو بوون. خۆ مامۆستاکان و زاناترین خەڵکی ئەو زەمانە لە ڕاستیدا لە هەموو کەس خراپتر بوون، چونکە زانیاریەکانیان زۆر لە ژیانی ئاسایی و ئەزموونێن واقیعی ژیانەوە دوور بوو. ئەمە جگە لەوەی کە سیستەمی شەوانە ڕۆژی ئەکادیمیاو کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و خۆرتێن بە هێزو ساغ و سەلامەت لە یەک شوێندا هەلومەرجێکی وای ڕەخساند بوو کە خوێندکارەکان، لە جیاتی چالاکی زانستی خوو بدەنە شتی ترو ڕوو بکەنە چالاکی دیکە. بۆ نموونە بەد ڕەفتاری و سزای برسیکردنی بە کۆمەڵ یان سەر کوتکردنی ئەو پێداویستییە جۆراو جۆرانەی کە لای بابایەکی گەنجی خورت و بەهێز سەری هەڵدەدا، هەمان ئەو هەست و ئارەزووانەی لای خوێنکار دروست دەکرد کە هەق وا بوو لە ژینگەی زاپاروژیەدا بێتە ئاراوە نەک لە ئەکادیمیا. خوێنکارانی برسی ئەکادیمیا لە شەقامەکانی شاری کییفدا دەسووڕانەوەو هەڵبەتە ئەمە بۆ خەڵکی شار دیاردەیەکی مەترسی ئامێز بوو، خەڵکی شار کە ئەو خوێندکارانەیان لە شەقامەکاندا دەبینی، ناچار دەبوون ئاگایان لە خۆ بێت. ئەو ژنانەی کە لە بازاڕو شەقامەکانا کاسبیان دەکرد، شتیان دەفرۆشت، هەرکە چاویان بە خوێندکارێک دەکەوت، وەکو تەوارێک کە بەرگری لە بێچوەکانی خۆی بکات بەو ئاوایە دەست و بازویان دەخستە سەر شیرینی، نان و یان ناوکە کولەکەنیانو فرۆشەنیەکانی خۆیان دادەپۆشی. تەنانەت خودی چاودێرەکەش، کە ئەرکی ئەوە بوو لە دەرێی ئەکادیمیا، چاودێری رەفتاری هاوپۆلەکانی خۆی بکات، بەخۆی لەم دیوو لەو دیوی شەرواڵە دەڵبەکەیەوە کۆمەڵێک گیرفانی ترسناک و گەورەی ئەوتۆی هەبوو کە زۆر بە ئاسانی هەموو کەلوپەلی سەر پێشخوان و دەکەی یەکێک لەو ژنە کاسبانەی بازاڕی دەگرت. شەوانە ڕۆژی ئەکادیمیای ڕۆحانی جیهانێکی یەجگار تایبەتی و جیاواز بوو، ئەشراف و پیاوماقولانی پۆلۆنیو رووسی شار، ڕوویان نەدەدایە خوێنکارانی شەوانە ڕۆژی. تەنانەت خودی فەرمانداری شار کە (ئادام کیسیل)ی ناو بوو، هەرچەندە ئەکادیمیاکە لە سایەی خۆیدا بوو، ڕێگەی نەدەدا کە خوێندکارەکان هاتوچۆی ئەنجوومەنە کۆمەڵایەتیەکانی ناو شار بکەن و دەستووری دەدا کە دەرهەق بە خوێندکارەکان ئەوپەڕی توندی و

سەختگیری بەکار ببرێت. هەڵبەتە ئەم تاکیدکردنە لەسەر سەختگیری زیاد بوو، چونکە نە سەرۆکی ئاکادیمیاو نە مامۆستاکان بە هیچ جۆرێ سڵیان لە شەلاقکاری خوێندکارەکان نەدەکردەوەو هەر لە سەر داوای ئەو، مامۆستاکان هەندێجار بە جۆرێ چاودێرەکانیان بەر شەلاقان دەدا کە ئەو داماوانە تا چەندین هەفتە لەوە دواش هەر سمت و کەفەڵیان هەڵدەکڕان! دیارە ئەم لێدان و کوتەککاریە بەلای زۆربەی خوێندکارەکانەوە هیچ نەبوو، وەکو گەمە وا بوو، رێک وەکو ئەوە بوو کە ڤۆدکایەکی باش و بە قوەت بە قاپێ بیبەرەوە بخۆیتەوە! هەندێکی تریان بە جۆرێ لەم سزاو شەلاقکاریە بەردەوامانە بێتاقەت بوون کە ئەگەر رێگا بەڵەد بوان و بیانزانیبا لە نیوەی رێگا نایەنە گرتن، ڕێک بۆ ئۆردوگای زاپاروژیە هەڵدەهاتن.

ئۆستاپ، هەرچەندە لە هەردوو بابەتی لۆژیک و لاهوتدا سەعی باشی دەکردو خۆی ماندوو دەکرد، بەڵام هەرگیز لە شولک و تەرکەو شەلاقان نەدەخەلەسی. هەڵبەتە ئەم سزایانە نەک هەر ڕامیان نەدەکرد، بەڵکو هێندەی دی سەر سەخت و سەرکێش و دڵڕەقیان دەکرد کە ئەمە ڕێک ئەو خەسڵەتانە بوو کە قۆزاقیانی لە خەڵکانی دی جیادەکردەوە.

ئۆستاپ، لە نێو هاوپۆلەکانی خۆیدا بە باشترین هاوڕێ ناسرا بوو. بە دەگمەن لە کارێن درێوی وەکو تالانکردنی باخ و بێستانی خەڵکی دا، بەشداری دەکردو ڕۆڵی ڕابەریی دەستۆ دەگرت. بەڵام کاتێ کە خوێندکاران دەستیان دەکرد بە فەرتەنە نانەوەو هەراو هەنگامەو شەڕو شۆڕ، لە پێش هەموو کەسێکەوە لەم کارانەدا بەشداری دەکردو هەرگیز ناوی هاوڕێکانی نەدەدا، نە شول و نە شەلاخ نەیانتوانی ئەو کارەی پێ بکەن. جگە لە شەڕو پێکادان و فەرتەنەو مەینۆشی مەگەر بە دەگمەن دەنا بیری لە شتی دی نەدەکردەوە، تەماحی لە هیچی ترا نەبوو و، هیچ شتێک لە خشتەی نەدەبرد. دەگەڵ هاوڕێ هاوتەمەن و هاوهێزەکانی خۆیدا زۆر سەر ڕاستو ساغ بوو، کوڕێکی میهربان بوو، بەڵام میهرەبانییەکی تایبەتی، کە مەگەر تەنیا لە کەشێکی وەکو ئەوداو لە هەلومەرجێکی وەکو ئەو سەروبەندەدا، ئەو جۆرە میهرەبانیە هەبێت. ئۆستاپ، لە هەنبەر فرمێسکی دایکە بێچارەو بەلەنگازەکەیدا، لە ناخەوە هەژا بوو و بەزەیی جۆڵا بوو، ئەمە تاقە شتێک بوو لەم کاتەدا خەمباری کرد بوو و ناچاری کردبوو، بە دەم بیرکردنەوەوە سەری دابنەوینێ.

ئەندرێی برا بچووکی، لە ڕووی هەستو نەست و هۆش و گۆشەوە تا رادەیەک لەو زندووترو زیتەڵ تر بوو. لە مەسەلەی دەرس و دەورو فێربوونیشدا مەیلو ئارەزوویەکی زیاترو جدیتری هەبوو، بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە خوویەکی زبرو توندیان هەبوو، لەواری فێر بوون و خوێندندا مەجبور نەبوو گوشاری زۆر لە خۆی بکات. ئەو لە براکەی بە مشورتر و کارزان تر بوو. زۆرجار رێدەکەوت کە ئەو رابەرایەتی کارێن زۆر ترسناکی دەستۆ دەگرتو بە زیرەکیو هۆشنی خۆی، لە سزاو قەساسان

دەپەڕییەوە. کەچی ئۆستاپی برای لەم جۆرە هەڵوێستانەدا، بەوپەڕی بێ منەتی، باڵاپۆشەکەی دادەکەندو درێژاو درێژ ڕادەکشا تا شەلاقکاری بکەن و سزای خۆی وەربگرێت و بە هیچ جۆرێ نە دەپاڕایەوەو نە داوای بوردنیشی دەکرد.

ئەندرێش، حەزی لە ریسک و سەرکێشی هەبوو، بەڵام بە هەمان نەفەسەوە حەزی لە شتی دیکەش هەبوو. کە تەمەنی لە هەژدەساڵی تێپەڕی ، ئاگری ئەشق و ئاشقێنی کەوتە دڵ و دەروون. زۆرجار ئافرەت دەبوو بە قارەمانی خەون و خەیاڵە ئاگرینەکانی. لە گەرمەی دەرس و گەنگەشەی فەلسەفیدا، بیری دەفڕی و ئافرەتێکی جوانی، ناسکۆڵەی چاو ڕەشی لە هەنبەر خۆیدا دەبینی. جووتێ مەمکی قوتی توندو ئارەزوو بزوێن، قۆڵ و باسکێکی نەرمو نۆڵی، سپیو سۆڵی، تا شان ڕووتی، دەهاتە بەرچاو. تەنانەت ئەو جلە بەدەن چەسپەش کە جەستەی توندو تۆڵی کیژێکی پاک و پاکیزەی لە هەمێز دەگرت و بەرجەستەی دەکرد، جۆش و خرۆشێکی لە وەسف نەهاتووی بە خەون خەیاڵەکانی ئەندرێ دەبەخشی.

هەڵبەتە ئەندرێ بە پارێزێکی زۆرەوە، ئەم تاسەو کەڵکەڵەو خەون و خولیا پڕ جۆشانەی ناخی دڵ و دەروونی خۆی لە هاوڕێکانی دەشاردەوە، چونکە لەو سەردەمو رۆژگارە، هەر قۆزاقیەک بەر لەوەی لە نەبەردو شەڕێکدا بەشداری بکات، بیری لە ئافرەت و ئاشقێنی بکردایەوە، بە شەرم و شورەییەکی گەورە حیساب دەکرا. ئەندرێ لە دوا ساڵی خوێندنی ئەکادیمیایدا بە دەگمەن سەرکردایەتی گروپێکی سەرکێشی دەکرد، زۆربەی کات بە تاقی تەنیا لە گەڕەکێکی چەپەکی دووری شاری کییفدا پیاسەی دەکرد، گەرەکێک کە باخی گێلاس و ئاڵوباڵو یەکپارچە خانووە نزمەکانی داپۆشی بوو. لەو گەڕەکەداو بە تاقی تەنیا پیاسەی دەکرد. جارجارێکیش سەرێکی گەڕەکی ئەشرافانی شاری کییفی دەدا. کە گەڕەکی مەڵباتە دەوڵەمەندە ئۆکرانی و پۆلونییەکان بوو، خانووبەرەی ئەم گەڕەکە، بە شێوازێکی جوانو ڕازاوە دروست کرابوون.

رۆژێک، لە کاتێکا کە نقومی خەیاڵاتی دوورو درێژی خۆی بوو، بێئەوەی ئاگای لە دەوروبەری خۆی بێ رێی دەکرد، تۆزێکی مابوو کە بکەوێتە ژێر گالیسکەی یەکێک لە ئەشرافانی پۆڵۆنیەوە، کابرای گالیسکەچی کە جووتێ سمێڵی ترسناکی پێوە بوو، قامچیەکی سرەواندێ و رێک بەر گازەرای پشتی کەوت. خوێنکاری لاو بە جۆرێ تورە بوو کە شێت ئاسا دوای پیرە گالیسکە کەوت، بە دەستە بە هێزەکانی توندی یەکێک لە پێچکەکانی دواوەی گالیسکەکەی گرت، گالیسکەکە بەو قورسیەی خۆیەوە، لە جوڵە کەوت. کابرای گالیسکەچی لە ترسی شەڕو فەرتەنە، شەلاخێکی بە پشتی ئەسپەکاندا کێشا، ئەسپەکان بە تاو بۆی دەرچوون. ئەندرێ هەرچەندە خۆشبەختانە فریاکەوتبوو زوو دەست لە پێچکەکە بەر بدات، بەڵام تەکانێکی داو بە دەم و رووا کەوتە ناو قوڕو چڵپاوی قەراخ جادەکە. لەم کاتەدا،

دەنگی پێکەنینێکی خۆشو ئاهەنگدار لە سەرێ ڕا بەرز بووەوە، ئەندرێ چاوانی هەڵبڕی و تەمەشای سەرێی کرد، لەبەر پەنجەرەی ماڵێکا روخساری کیژێکی بینی کە بە عەمراتی خۆی شتی وا ڕند وجوانی نەدیتبوو. کیژێکی چاو ڕەش، سپی وەکو بەفرێک کە ئاڵی بەرە بەیانی هەتاو نیشتبێتە سەری، کیژێ لە کانگای دڵیەوە پێدەکەنی، ئەم پێکەنینە هێندەی دی جوانی دەکرد، ڕەونەقی زیاتری بە جوانیەکەی دەبەخشی. ئاندرێ، زمانی بەسترا، لە جێی خۆیەوە هایم و حەیران دەیڕوانیە کیژێ، بە پەریشانی کەوتە پاک کردنەوەی قورو چڵپاوەکەی سەروچاوی، کەچی لە جیاتی پاکی بکاتەوە، زیاتر پیسی دەکرد! ئەم کیژە جوانە کێیە ؟ ئاندرێ، ویستی ئەو پرسیارە لە دەرگاوانی ماڵەکە بکات، کە جل و بەرگێکی فاخیری لە بەردا بوو، بەڵام یارۆی دەرگاوان کە چاوی بە سەروسیمای قوڕاوی ئاندرێ کەوت، بێ ئختیار کەوتە پێکەنین و وەڵامی نەدایەوە، سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە کیژی فەرمانداری "کوڤنۆ"*یە کە بە سەردان بۆ شاری کییف هاتووە.

ئاندرێ، بۆ سبەی شەو، بە هەمان، خۆسەری و سەرکێشی و بێ پەروایی خوێندکارانی ئەکادیمیایی کییفەوە، بە خشکەیی خۆی بە باخەکەی دەوری ئەو ماڵەدا کرد، بە درەختێکی چڕە لقو پۆپا، کە بەپاڵ دیواری ماڵەکەوە بوو، هەڵزناو خۆی گەیاندە سەربانی ماڵەکە، ئەوجا بە لوولەی دوکەڵکێشی سۆپاکەدا داگەڕاو خۆی لە ژووری نووستنی کیژە جوانەکەدا بینییەوە. کیژێ لەو دەمەدا لەبەر مۆمێکی داگیرساوا ڕۆنیشتبوو و گوارە گرانبەهاکانی لە گوێی دادەکەند. کە چاوی بە ئاندرێ کەوت بە ڕادەیەک ترسا کە زمانی لە گۆ کەوت و نەیتوانی فزە بکات، بەڵام کە زانی ئەمە کوڕە گەنجە قوڕاویەکەی دوێنێیەو بە تەواوەتی ناسییەوە، دیسان دەستی بە پێکەنین کرد. کە دیتی سەروسیمای ئاندرێ نەک هەر ترسناک نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە جوان و پیاوانەشە، ئیدی کیژەی پۆڵۆنی لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی و ماوەیەکی زۆر لەسەر حیسابی ئاندرێ شادمانی کرد. وەکو کیژە پۆلۆنیان، سەرەڕۆو سەرکێش دیار بوو، بەڵام چاوانی، چاوە جوان و ساف و گەش و دڵگیرەکانی، بە نیگای قووڵ و گەرم، ئەندرێیان ئەفسوون کردبوو. کوڕەی خوێندکار بەنج بوو بوو، لە جێی خۆی نەدەجولا — وەکو ئەوە بوو خرا بێتە کیسەیەکەوەو گوریس پێچ کرا بێت.

کیژەخان ، کیژی فەرماندار لێی نزیک بووەوەو تاجە پرشنگدارەکەی خۆی لەسەر ئەونا، گوارەکانی بە لێوی بێ جوڵەی ئەوەوە ئاوێزان کرد، سینە پۆشە ئاڵدۆزییەکەی (زێرکفت) خۆی، بە سینگ و بەرۆکی ئاندرێ دا کرد. ئەم کیژە جوانە، ئاندرێی دەڕازاندەوەو، وەکو هەر ئافرەتێکی سەرکێشی هەڵەو هەرزەو هەوەسبازی پۆڵۆنی، بەوپەڕی بێ موبالاتی منداڵانەوە، پێی ڕادەبوارد. بەمەش هێندەی دی ئەم خوێندکارە داماوو بەلەنگازەی شپرزەو پەریشان دەکرد. ئاندرێ کە بەو دەقەوە ڕەق ڕاوەستا بوو و جوڵەی نەدەکرد. چاوانی بڕی بووە دوڕ چاوە مەست و خومارەکانی ئەم کیژە جوانە، دیمەنێکی هێندە

سەیرو کۆمێدی هەبوو هەر مەپرسە. رێک لەم ساتەدا لە تەقەی دەرگا درا، کیژێ پەشۆکا، بە ترسێکی زۆرەوە ئاندرێی لە ژێر تەختە خەوەکەیدا شاردەوە. کە هەڵوێستەکەی بۆ ڕوون بووەوەو ترسی ڕەوییەوە، کارەکەرەکەی خۆی، کە یەخسیرێکی تاتاری بوو، گازکردو ئەمری پێکرد کە زۆر بە وریایی‌و پارێزەوە ئاندرێ بگەیەنێتە باخەکەو لە حەساری باخەکەوە بەڕێی بکات. بەڵام دەرکەوتنی لە حەساری باخەکە، بە هەمان ئاسانی و خۆشی هاتنە ژوورەوەکەی نەبوو، چونکە پاسەوانەکە خەبەری بووەوەو یەکسەر کێشای بەلاقیا، ئیدی خوڵام و نۆکەرانی ماڵەکەش وەئاگا هاتن، ئەم سەرو ئەوسەری حەسارەکەیان لێگرت، ئیدی بە کۆڵان و شەقامەکاندا دووی کەوتن، زۆریان لێدا، بە هەزار شەڕەشەق خۆی لە دەستیان دەرباز کردو هەڵهات.

ئیدی لە دوای ئەم ڕووداوەوە، ڕۆییشتن بە بەر ماڵی کیژە خاندا زۆر پڕ مەترسی بوو، چونکە ژمارەی خوڵام و پاسەوانەکانی فەرماندار یەجگار زۆر بوون. ئاندرێ جارێکی دی کچە خانی پۆڵۆنی لە کڵێسای کاتولیکەکاندا بینی. کچە کە هەستی پێکرد وەکو ئاشنایەکی قەدیمی، بزەیەکی ئەفسووناوی بە ڕوویا دا. ئاندرێ جارێکی دیکەش کچە خانی لە دوورەوە بینی. ئیدی دوای ئەوە فەرمانداری کۆفنۆ شاری کییفی بەجێهێشت و ڕۆیی.

ئاندرێ لە شوێن چاوانی ڕەش و ڕوخساری جوانی کیژە پۆڵۆنیەکە، سەروسیمای قەڵەو و بڵحی کەسێکی دیکەی لەبەر هەمان پەنجەرەدا بینی. بەو جۆرە ئاندرێ بەدەم رێکردنەوە، چاوانی بڕی بووە یاڵی ئەسپەکەی و یادو یادگاریانی ئەوان ڕۆژانەی وەرد دەدایەوەو لە بیری کیژە خانی پۆڵۆنیدا نقوم بوو بوو.

ئیدی دەشتی سەردەسێر دەمێک بوو سوارەکانی لە هەمێزی سەوزەڵان وخۆش و خوڕەمی خۆی گرتبوو، لەنێو چڕە گیای بەرزو بڵندا ون بوو بوون، کڵاوە قۆزاقیە ڕەشەکانیان بە ئاستەم دەبینرا و نەدەبینرا.

ئەنجام تاراس بۆڵبا، لە دنیای بیرو خەیاڵان هاتە دەرێ و گوتی:

– ئەهای های! کوڕینە چییە، بۆ وا چوونەتە ژێری و بێدەنگن؟ گرژو مۆن، مات و بێدەنگ لە تەرکەدنیایان دەچن! دەیسا بەسە! هەرچی بیروخەیاڵە بیدەن بە کۆڵی شەیتانا! دەی سەبیلەکانتان بگرن بە دەمەوەو با دووکەڵێک بکەین و بەدەم سەبیل کێشانەوە ئەسپەکانمان بەر مامێزان بدەین و بەجۆرێ بۆی دەربچین کە تەیریش بە بای قۆلانماندا نەگات.

قۆزاقەکان، بە ئاستەم خۆیان بەسەر ئەسپەکانەوە دانەواند، پیرە ئەسپیان تاوداو زوو بە زوو لە نێو گژوگیادا ون بوون. ئێستا کڵاوە رەشەکانیانیش نەدەبینرا. تەنیا بە گیایە پێشێل کراوەکەی دوایانەوە

دیاربوو کە وەکو بروسکە بۆی دەردەچوون.

مودەتێک بوو کە هەتاو لە قووڵایی ئاسمانی ساف و بێگەردەوە چاودێری دەکردن و دەشت و بانی سەردەسێری لە تیشکی گیانبەخش و گەرمی خۆیدا نقوم کردبوو. هەرچی خەم و پەژارەو خەیاڵاتی تاریک و خەمین هەبوو لە دڵ و دەروونیان باری کردو دڵیان وەکو مەلانی ئازادو بێ خەم و خەیاڵ، لە سینەیاندا کەوتنە فڕین. تا زیاتر لەو دەشتە سەردەسێرەدا پێشڕەویان دەکرد، جوانترو دڵگیرتر خۆی دەنواندو دەهاتە بەرچاو.

لەو زەمان و ڕۆژگارەدا، هەر هەموو ئەم سەر زەوەمینەی کە هەنوکە "رووسیای نوێ"ی پێ دەڵێن، تا ڕەخی دەریای رەش یەکپارچە سەوزەزارو بەیار بوو، هەرگیز هیچ گاسنێک شەپۆلی بێ پایانی دەوەنو بنچکە کێوی، ئەو سەر زەمینەی نەکێڵا بوو. تەنیا ئەسپ سواران، کە لە نێو چڕە دەوەن و بنچکەجاڕو سەوزەگیای بڕۆن و زەمەندا، وەکو ئەوەی بکەونە بێشەو جەنگەڵەوە، پەنهان دەبوون و، عەردی ئەو سەر زەمینەیان پایەماڵ دەکرد. لە سروشتدا هیچ دیمەنێک نەبوو لە دیمەنی ئەو دەشتە بێ پایانە جوانترو دڵگیرتر بێت، کە تەمەشات دەکرد ڕووبە ڕووی دەشتەکە لە ئۆقیانوسێکی کەسک و زێڕین دەچوو کە ملیۆنان گوڵ و گولیلک و گوڵوکی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەریەوەو بەدەم شەپۆڵدانەوە دەبریقایەوە.

کەو وکەوبارِ لە ژێر ساقەتەی ناسکی گیاکانەوە، ملیان درێژ دەکردو بۆ دانەوێڵەیەک دەگەڕان. سەرانسەری ئەو دەشتە بەرین و بێ پایانە سەر ڕێژ بوو لە دەنگ و ئاوازی جۆراو جۆری تەیروتو. بازو هەڵۆ، لە حەلحەلەی ئاسمانەوە باڵیان کردبووەوەو لەنگەریان گرتبوو و لەوێندەرەوە چاویان بڕی بووە، چڕە گیاکانی ژێریان. دەنگی قازە کێویان کە بە پۆل بەرەو ئاسۆ دەفڕین، لە ئاسمانەوە دەگەییە گوێ. جاری واهەبوو تەیرێک لە نێو گیاکانەوە بە فڕکانێک هەڵدەفڕی، بەرز دەبووەوە، بە ناو شەپۆلی شینباوی ئاسمان دەکەوت، بەرز تر دەبووە، دەگەییە حەلحەلەی ئاسمان و بە ئاستەم وەکو خاڵێکی چکۆلەی ڕەش دەهاتە بەرچاو، لێ کە چەرخەڵەیەکی بۆ دەکرد، لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشایەوە...

سوارەکان، بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک بە مەبەستی خواردنی نانی نیوەڕۆ لایان دا. ئەو دە نەفەرە قۆزاقەی کە دەگەڵیاندا بوون، لە ئەسپەکان دابەزین، قەڕابە گارلکایان لە زینی ئەسپەکان کردەوە، ئەو کودیلانەشیان داگرت کە لە جیاتی جامولکە بەکاریان دێنا. سوارەکان، هەروا بە سەر پێوە سەرو یەکدوو پاروو نانیان بە قاورمەو جزلیکی بەرازەوە خواردو سەرو جامێ گارلکایان هەڵدا بۆ ئەوەی ئاهێکیان تێبگەڕێ، چونکە تاراس بۆڵبا، ڕێگەی بەکەس نەدەدا، ئەوەندە بخواتەوە کە لە ڕێگادا مەست و سەرخۆش بێت.

دەگەڵ خۆرئاوادا، دیمەنی دەشتەکە بە تەواوەتی گۆڕا، سەرانسەری ئەو دەشتە ڕەنگاو ڕەنگە لە باوەشی دوا تیشکی خۆردا، ئاوێتەی یەکدی بوون و، بەرەبەرە رەنگێکی تاریکی گرتەخۆ. بە چاکی دیاربوو کە چۆن سێبەرێک باڵی بەسەردا دەکێشاو ڕەنگە سەوزەکەی تاریک تاریک دەکرد. ئەو هەڵم و تەمەی لە ئەرزەوە بەرز دەبووەوە بەرەبەرە چڕتر دەبوو، هەر گوڵێک، هەر گیایەک بۆنو بەرامەیەکی تایبەتی بە چوار دەوری خۆیدا پەخش دەکردەوەو سەرانسەری ئەو دەشتە بێ پایانە لە بۆن و بەرامەی خۆشدا نقوم دەبوو. هەر هەموو ئەو دەنگ و ئاوازانەی کە بە ڕۆژەوە دەبیستران، خامۆش بوون و دەنگی دیکە جێی گرتنەوە. ئێستا دەنگی کولۆ لە هەر دەنگێکی دی زاڵتر بوو. ناو بە ناو دەنگی قوویەک لە دەریاچەیەکی دوورە دەستەوە دەهات و کە لە هەوادا بڵاو دەبووەوە لە تۆ وایە لەرەی دەنگدانەوەی دەنگی زیوە.

رێبوارەکان، لە ناوەندی دەشتەکەدا، شوێنێکیان هەڵبژاردو لایان دا. ئەوسا ئاگرێکیان کردەوەو کتری و مەنجەڵیان نایە سەری. دوای شێو، ئەسپەکانیان بەرەڵلای نێو سەوزە گیا کرد، ئەوسا باڵا پۆشەکانیان دا بەخۆداو لێی خەوتن.

ئاسمان، دەتگوت بەبار ئەستێرانی پێوەرکراوە، ئەستێرەکان بەسەر سەریانەوە نزم دیار بوون، گوێچکان پڕ دەبوون لە دەنگی جۆرەها مێرووی ناو گژوگیای بژون و زەبەندی ئەو دەشتە بێ پایانە، جۆرەها دەنگ و ئاواز، لە باوەشی کش و ماتی ئەو شەوە ئارام و سافەدا، بە ڕوونی دەنگی دەدایەوەو ختووکەی گوێچکانی خەواڵویان دەدا. خۆ ئەگەر بە رێکەوت یەکێکیان بێدار بایەتەوەو هەستابا، دەی بینی سەرانسەری ئەو مەرزو بۆیە، ئەو دەشتە پان و بەرینە یەکپارچە گوڵە ئەستێرەیەو لە دوورو نزیکەوە دەبریسکێنەوە. لە دووری دوورەوە، بڵێسەی قامیش و زەلی وشکی گڕگرتوو، لە مێرگ و ڕەخی ڕوبارانەوە دەچوو بە ئاسماناو پانتاییەکی ئاسمانی رووناک دەکردەوە. ئەوجا شەقەی باڵی قازە کێویان، لە نۆرە فڕینی شەویاندا، بەرەو سەمتی باکوور، دەکەوتنە بەر رووناکی ئەو ئاگرە دوورانەو لە تۆ وایە چرای سوورن و بە ئاسمانی تاریکدا دەفڕن.

بەیانی سوارەکان، بێئەوەی ڕووبە ڕووی هیچ پێشهاتو کێشەو مەترسییەک ببن، درێژەیان بە سەفەری خۆدا. تاقە یەک گوند، یان شاروچکەیەک لەسەر رێگایان نەبوو. تا چاو هەتەر دەکات هەر دەشتە بێ پایان و ئازادو جوانەکە بوو. ناو بە ناو لە دووری دوورەوە درەختانی لێڕەواری کەناری روباری دەنیپەڕ دەبینران.

تاراس بۆڵبا، تەنیا تاقە جارێک، تارماییەکی چکۆلەی کە لە نێو چڕە گژوگیاکاندا، پەیتا پەیتا تاریکترو بچووکتر دەبووەوە، بە کوڕەکانی نیشان دا و گوتی:

– تەماشاکەن کوڕینە، هۆو تارماییە دەبینن، ئەوە تاتارییەکی ئەسپ سوارە! دەتانەوێ بیگرن؟ نا وازی لێبێنن، چونکە نایگەنێ، ئەسپەکەی لە شەیتانەکەی من خۆشبەزەترە!.

یارۆی تاتاری دەموچاو چکۆلەی سمێڵ زل، چاوەکانی چکۆلە کردنەوەو لە دوورەوە دزە نیگایەکی کرد، وەکو تاژی بۆنێکی هەواکەی کردو هەرکە بۆی دەرکەوت قۆزاقەکان سیازدە کەسن، وەکو بزنە کێوی بۆی دەرچوو و دیارنەما.

بەڵام بۆڵبا، هەر بۆ ڕێ گومکێ، بە خۆو سوارەکانەوە، ڕووی کردە روباری تاتارکۆ، کە روبارێکی چکۆلە بوو و دەڕژایە دەنیپەڕەوە. بە ئەسپەکانەوە بە ناو ڕوبارەکە کەوتن، بۆ ئەوەی جێ پێی ئەسپەکان دیار نەبێ و بۆ رێ گومکێ ماوەیەک بە ناو ڕوبارەکەدا ڕێیان کرد، ئەوسا لە ڕوبارەکە وەدەرکەوتن، گەڕانەوە سەر رێگاکەی خۆیان و درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا.

دوای سێ رۆژەڕێ لە جێی مەبەست نزیک بوونەوە. کە هەوا لەپڕ ساردی کرد، ئیدی سوارەکان هەستیان کرد لە ڕوباری دەنیپەڕ نزیک بوونەتەوە. ڕوبارەکە لە دوورەوە دەبریقایەوە. لە نەوارێکی تارێک دەچوو کە دەوری ئاسۆی ئەرزو ئاسمانی دابێ. دەنیپەڕ هەناسەی شەپۆلی ساردی خۆی بە دەوروبەردا پەخش دەکردو نزیک و نزیکتر دەبووەوە تا لە ئەنجامدا نیوەی ئەو سەر زەمینەی داپۆشی.

سوارەکان، گەیشتنە ڕەخی ڕوبارەکە، لە ئەسپەکانیان دابەزین، سواری کەشتیەکی چکۆلە بوون، دوای سێ سەعاتە ڕێ لە دوڕگەی خورتیستسا کە ئۆردوگای (سچ=زاپارۆژی) لەوێ بوو، دابەزین.

لە کەنار دوڕگەکەدا، ئاپۆڕایەکی زۆر، خڕ بوو بووەوەو دەگەڵ باربەرەکاندا خەریکی دەمبۆڵەو جنێوان بوون. سوارەکان تەنگ و پاڵوی زینی ئەسپەکانیان توند کردەوە. بۆڵبا، پشتێنەکەی توند کردەوە، بە کەشو فشەوە دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا، (ئۆستاپ و ئاندرێ)ش بە هەستێکی نیگەرانی ئامێزو خۆشیەکی گۆنگەوە لە سەراپای خۆیان روانی، ئەوجا هەموو پێکەوە سواری ئەسپەکانیان بوون، ڕوویان کردە ئاوەدانیەک کە هەر نیو فەرسەخێک لە ئۆردوگای (سچ)ـەوە دوور بوو.

کە خۆیان بە ئاوەدانیەکەدا کرد، تەقوهوڕی چەکوشی پەنجا ئاسنگەر کە لە بیست و پێنج کوورەی لە ئەرزا هەڵکەندراوەوە بەرز دەبووەوە، بە شەریان کەڕو کاس دەکرد، هەموو ئەو دۆکانانە وەکو کەپر بە پۆش و هەژگان سەریان گیرابوو. دەباخچی زەلام و کەتەو بەهێز، بەریز لە ژێر داڵانێکی سەر جادەکەدا دانیشتبوون و بە دەستە بە هێزەکانیان کەوڵی گایان خۆشە دەکرد. بازرگانان لە ژێر خێوەتەکانی خۆیاندا بە دیار قاسەو پۆڵاو بەرمیلی بچووکی پڕ لە باروتەوە دانیشتبوون.

کابرایەکی ئەرمەنی لە دەرێی دوکانەکەیا دەستەسرە نایاب و گرانبەهاکانی هەڵواسی بوو، کابرایەکی تاتاری گۆشتی بەرخی بە شیشەوە دەکردو دەیبرژاند. کابرایەکی جولەکە سەری بردبووە پێشێو گارلکای لە بەرمیلێک دەردێنا. بەڵام یەکەم قۆزاقی کە تووشی بوون، کابرایەکی خەڵکی زاپاروژیە بوو، لە ناوەندی رێگاکە، لەسەر گازەرای پشت، درێژاو درێژ ڕاکشا بوو، لە غورابی خەودا بوو، بەکەماڵی ئیسراحەت هەر چوار پەلی لێ بڵاوکردبووەوە، تاراس بۆڵبا، خۆی پێ زەوت نەکرا، بەوپەڕی دڵبەندی بەدیاریەوە وەستا، جڵەوی پیرە ئەسپی ڕاکێشاو هاواری کرد:

- تەحا... لەم دیمەنە جوانە! پەکوو لەو سەڵتەنەتە! چ دیمەنێکی جوانی هەیە؟

ئەلهەقی، دیمەنێکی نێرانە بوو. کابرای قۆزاقی لە ناوەڕاستی رێگاکە، درێژاودرێژ وەکو شێر ڕاکشا بوو، بەوپەڕی کبریاوە قژی بە پشتا پەخش بوو بوو و بە پانتایی جێ پێیەک عاردی داپۆشی بوو. شەرواڵە دەڵبەکەی کە لە پارچەیەکی قرمزی گرانبەها دروست کرا بوو، پەکپارچە قەتران بوو.

بۆڵبا، پاش ئەوەی لە ناخی دڵەوە دڵبەندی خۆی بە کابرای قۆزاقی دەربڕی، ملی رێگایەکی تەنگی گرتەبەر، ئەم بەرو ئەوبەری رێگاکە یەکپارچە پیشەوەرو کاسبکاری هەمەرەگەز بوو، هەموو خجڵی (مژولی) کارو کاسبی خۆ بوون، ئیدی ئەم ئاواییە بوو بوو بەو بازارەی کە پۆشاک و خۆراکی جەنگاوەرانی ئۆردوگاکەی دابین دەکرد، چونکە ئەوانەی کە لە ئۆردوگاکەدا بوون جگە لە جەنگ و شەڕو مەینۆشی و خۆشگوزەرانی هیچی دیکەیان نەدەزانی.

ئەنجام ئاوەدانیەکەیان بەجێهێشت، هەندی کەوێڵی ( کوختە) پەڕاگەندەی قۆزاقیان بەدی کرد، کە هەندێکیان بە دارو هەژگان سەریان گیرا بوو و هەندێکیان بە دەستووری تاتاری بەلباد سەریان گیرا بوو.

هەندێکیان لە خشت دروست کرا بوون. هیچیان حەوشەو حەساریان نەبوو، هیچ کەوێڵێک بەر هەیوان یان کەپری دارینی لە بەردەما نەبوو. پەرژینە نزمەکان بێ پاسەوان و ئێشکگر بوون. چەند قۆزاقیەکی دانیشتووی زاپاروژیە، چەند کەسێکی کەتەو زەلام، بە تەمەڵیو قلیان بەدەم، لە ناوەڕاستی رێگاکەدا بەپاڵکەوتنەوە، بە خەمساردی و بێ موبالاتیەوە، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆیان بجوڵێن، تەماشایان دەکردن. تاراس بۆڵبا کە دەگەڵ هەردوو کوڕەکەی بە پارێزەوە بە نێوانیاندا تێدەپەڕی گوتی:

- سڵاو لە (پانانی = میر،خان) زاپاروژیە.

زاپاروژیەکان، وەڵامیان دایەوە÷ سڵاو لە ئێوەش!

خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری ئۆردوگاکەدا، کە لە مەیدانێکی کراوەی بەرین دەچوو، بڵاو بوو بوونەوەو بە جلو بەرگی ڕەنگاو ڕەنگەوە دیمەنێکی جوانیان دروست کردبوو، دەموچاوی تاوە سووتیان ئەوەی دەنواند کە هەر هەموویان غاراوی شەڕو شۆڕی سەخت و خوێناوی بوون، هەموو جۆرە ناخۆشیو فەلاکەت و تەنگانەیەکیان جەڕباندووەو لێی دەرچوون. کەواتە ئەمە ئۆردوگاکەیە، ئۆردوگای (سچە)! ئێرە لانەی شێرە پیاوانە! لێرەوە ئازادی و گیانی قۆزاقایەتی باڵ بەسەر سەرانسەری ئۆکرایندا دەکێشێت.

سوارەکان گەیینە ناوەندی مەیدانێکی گەورە کە ئەنجوومەنی (ڕادا)، واتا ئەنجوومەنی گشتی قۆزاقان، لەوێدا کۆدەبوونەوە. کابرایەکی زاپاروژی، لەوێ، لەسەر بەرمیلێکی ژێروبان، بە سینەو بازوانی ڕووتەوە دانیشتبوو و خەریک بوو بە کاوەخۆ کراسەکەی دەدرووەوە. کەمێک لەولاترەوە دیسان جڵەوی ئەسپەکانیان ڕاکێشا، تووشی جۆقەیەکی موزیکایی بوون، گەنجێکی زاپاروژی لە ناوەندیاناو لە سووچێکی تەنگدا، هەردوو باسکی لێ بڵاوکردبووەوەو کڵاوەکەی نابوو بە تیلاکەی سەریەوە، بەدەم سەمایەکی بە جۆشەوە هاوار لەسەر هاواری دەکرد:

- سازڤانان، توندتر توندتر سازو بژەنن! تۆش فوما، دڵاوا بە دەگەڵ ئەو فەلانەدا، بۆ چۆرێ گارلکا زویریان مەکە.

فوما، کابرایەکی قۆزاقی چاو ڕەش بوو، هەر کەسێک داوای لێکردبا جامێ گارلکای دەدایە. چوار پیرەمێرد بە دەوری گەنجە زاپاروژیەکدا بەلەز دەرەقسین، جاری وابوو وەکو شەپۆل بەرز دەبوونەوەو چی وایان نەدەما بەسەر سەری سازڤانەکاندا بازبدەن، جاری واش هەبوو، بە چیچکانەوە، هێندە بە جۆش و خرۆش دەرەقسین و پاو پێڵاوی بەمامێزو ناڵچەیان بە جۆرێ بەو ئەرزە ڕەقەدا دەدا، گرمە گرمی سەعاتە ڕێیەک دەرۆیی.

ئەرزەکە دەنگەکەی دەبرد، بۆ دووری دەبرد، ریتم و ئاهەنگی سەماو هەڵپەرکێی (گۆباک و تریباک) کە بە زەبری پێڵاوی ناڵچەدار دروست دەبوو، لە هەوادا دەنگی دەدایەوە. پیاوێک هەبوو لە هەموو ئەوانی دی بە جۆشتر دەیقریواند و هەڵدەپەڕی و هەر ئەوە بوو بە نێویاندا هەڵنەدەپەڕی. قژەکەی بە دەم بایەکەوە سەمای دەکرد، سینگ و بەرۆکی گۆشتنی توندو تۆڵی، ڕووتی ڕووت بوو. چاکەتێکی زستانەی ئەستووری لەبەر بوو، ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو.

تاراس بۆڵبا، دوای کەمێک تەمەشا کردن هاواری کرد:

- چاکەتەکەت داکەنە، هەموو ئازات لە ئارەقەدا هەڵکشاوە!

کابرای زاپاروژی وەڵامی دایەوە: - ناتوانم.

- بۆچی؟

- لەگەڵیا ڕاهاتووم.

ئەلهەقی ئەو کوڕە گەنجە نە کڵاوی لەسەر بوو، نە دەسەسرێکی لە مل بوو، نە پشتێنێکی لە پشت بوو، هەر هەمووی فڕێ دابوو.

حەشاماتەکە سات بە سات زۆرتر دەبوو، خەڵکانێکی زۆر چوونە ڕیزی سەماو هەڵپەڕکێکەوە، کوڕ نەبوو بە دیتنی دیمەنی ئەم سەماو هەڵپەڕکێ پڕ جۆش و خرۆش و کێویانەیە کە پێیان دەگوت "سەمای قوزاقی" چونکە لە داهێنانی خودی قۆزاقیەکان بوو، نەیەتە جۆش.

تاراس بۆڵبا ئەنجام هاواری کرد: - خۆزی بەسەر ئەسپەوە نەدەبووم، دەنا منیش دەرەقسیم.

لەم بەینەدا چەند نەفەرێک لە قۆزاقیانی ناسراوو، پیری ئۆردوگای سچ، کە بە هۆی کارو کردەوەی قارەمانانەو پیاوانەی خۆیانەوە، مایەی ڕێزو حورمەتی هەموو دانیشتوانی ئۆردوگاکە بوون و پیاو شەرمی لە سەری سپیان دەکرد، پۆستی فەرماندەی قۆزاقەکانیان دەستۆ گرتبوو، لە نێو ئاپۆڕاکەوە پەیدا بوون. زۆری پێ نەچوو کە تاراس بۆڵبا خۆی لە نێو کۆمەڵێک ئاشناو برادەرو دۆستی کۆندا بینییەوە. ئۆستاپ و ئاندرێ، لە سوچێکەوە وەستا بوون و گوێیان لە گفتوگۆی نێوان ئەو پیرە پیاوانە دەگرت.

- ئۆو، "ئەمە تۆی پچریتا گیان!"، "ڕۆژباش کوزولوپ"، "تاراس خوا تۆی لە کوێوە بۆ ئێرە هێناوە؟"، "دولوتو گیان چۆنە ڕێت کەوتووەتە ئێرە"، "مەرحەبا گردیاک!"، "سڵاو گوستی!"، ریمین قەت وێنام نەدەکرد جارێکی دیکە لێرەیا بتبینمەوە".

تاراس بۆڵبا، یەکسەر کەوتە دەسوموچ دەگەڵ ئەو جوامێرو دلاوەرو قارەمانانەدا کە لە هەر چوار نکالی دەشت و دەرێن رووسیای ڕۆژهەڵاتەوە، لێرە، لە دەوری یەک خڕ بوو بوونەوە. ئەوجا کەوتە پرسیار کردن:

- ئەرێ کازیان چ دەکا، دەنگ و باسی؟ ئەدی پورودافکا کەوتە کێوە؟ ئەدی کولوپیور چ دەکات؟ ئەدی بیدسیشۆک؟

تاراس بۆڵبا، له وه‌ڵامی کۆنه دۆسته‌کانیه‌وه، ئه‌وه‌ی زانی که پەرودافکا له شاری تونوبان له سێداره دراوه، "کولوپیو، له نزیکی کیزیکرمن به زندوویه‌تی پێستیان گرووه، بیدسیشوک، سه‌ریان بڕیوه‌و، له خوێیان کردووه‌و له به‌رمیلێکی چکۆڵه‌یان ناوه‌و بۆ که‌سته‌نتینیه‌یان ناردووه...

تاراس بۆڵبای پیر، سه‌ری له‌به‌ر خۆی نا، له فکران ڕاچوو و، له بن لێوانه‌وه گوتی:

-حه‌یفێ، به‌ڕاستی قۆزاقی باش بوون!

*په‌راوێز:*

*❊- کوڤنو: ناوی شوێنه.*

*❊- گوباک و تریباک: ناوی دوو جۆره ره‌قس‌و هه‌ڵپه‌ڕکێی ئۆکراینییه.*

# فەسڵی سێیەم

((٣ ))

تاراس بۆڵباو کوڕەکانی نزیکەی هەفتەیەک بوو گەیی بوونە ئۆردوگای سچ. ئۆستاپ و ئاندرێ زۆر گوێیان لە مەشقو ڕاهێنانی سوپایی نەبوو. ئیدی ئۆردوگاکەش حەزی نەدەکرد، دانیشتوانی خۆی زیاد لە پێویست بە مەشق و ڕاهێنانەوە مژول و سەرقاڵ بکات و کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات: چونکە لاوانی ئۆردوگاکە لە مەیداناو لە جەرگەی شەڕدا — کە لەو دەورو زەمانەدا هەمیشە شەڕو شۆڕ هەبوو- قاڵ دەبوونەوەو ئەزموونیان بە دەست دێناو پەروەدە دەبوون. قۆزاقان، لە کاتی دەست بە تاڵی و نەبوونی شەڕدا، زۆریان حەز لە مەشق و ڕاهێنانی سوپایی وەکو زەبت وڕەبت و ئەو شتانە نەدەکرد. لێ جارجار خۆیان بە نیشان نانەوەو تیر هاوێژی و سەگڤانیەوە خەریک دەکرد، هەندێجاریش لەو دەشت و دەرە بێ پایانەدا خەریکی ئەسپ سواری و ڕاوو شکاری حەیوانە کێوییان دەبوون. ئیدی باقی وەختەکەیان بە مەینۆشی و خۆشگوزەرانی ڕادەبوارد. ئیدی ئۆردوگاکە ژینگەیەکی غەریب بوو، شانۆیەک بوو بە مەینۆشی و کەیف خۆشی و سەماو هەڵپەڕکێ دەستی پێدەکردو لەوە نەدەچوو کۆتایی هەبێت. هەڵبەتە هەندێ لەو خەڵکە خەریکی کارو پیشەی خۆیان بوون، هەندێکی دی دوکان و دوکانچەیان هەبوو و کارو کاسبیان دەکرد. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زاپارۆژیەکان، ئەوانەی لە ئۆردوگاکە بوون، تا پارەیان لە گیرفانا مابا، یان هێشتا دەستکەوت و تاڵانیەکانیان، لای خۆیان دەما و نەدەگەییە دەستی دوکاندارەکان و مەیخانەچیەکان لە بەیانیەوە تا ئێوارێ خەریکی رابواردن و کەیف و خۆشی و بادەنۆشی دەبوون. هەڵبەتە ئەم بادەنۆشیە گشتیە سرووت و سیحرو ئەفسوونی خۆی هەبوو، چونکە هەرگیز وەکو مەینۆشی ئەو گروپ و دەستانە نەبوو کە لە ڕووی خەمباریەوەو بۆ فەرامۆشی پەنایان وەبەر مەی و مەینۆشی دەبرد. بەڵکو زیاتر بۆ کەیف و خۆشی وڕابواردن بوو. هەر کەسێک کە پێی دەنایە ئۆردوگای سچەوە، ئیدی هەموو فیکر و زیکر و مەشغەڵەتێکی ڕابردووی فەرامۆش دەکرد. زوو بە زوو تێکەڵاوی خەڵکانێکی ئەهلی کەیف و رابواردن و عەربەدەکێشی وەکو خۆی، بێ ماڵ و منداڵ، بێکەس وکارو بێ هیچ شتێک، دەبوو. خەڵکانێک کە جگە لە ئاسمانی بەرین و کەیف و شادی خۆیانو ژینی ئازادی هیچی تریان نەدەناسی. ئیدی ئەمە سەرچاوەی هەوەڵ و ئاخیری ئەم خۆشی و شادیە کێویانەی ئەوان بوو.

قسەوباس و سەربهورد و چیرۆکی ئەو خەڵکانەی لەوێندەر، لە سچ (ئۆردوگای زاپاروژی)، لە دەوری یەکدی خڕ بووبوونەوەو لە تەمەڵیدا لە عاردی ڕاکشابوون، زۆرجار ئەوەندە خۆش و عەنتیکەو پێکەنیناوی بوون، کە ئینسان دەبوایە هەمان تەبیعەتی خەمساردی و بێ موبالاتی زاپاروژییانی هەبوایە، ئەوجا بتوانێ خۆی بگرێت و لە قاقای پێکەنین نەدات و وەکو ئەوان بە رادەیەک جدی و مرو مۆچ بێ

که تەنانەت سمێڵیشی نەبزوێ. که ئەم مرومۆچیو جدیەتو خوێنساردیه، له خەسڵەته دیارەکانی رووسیانی باشووریەو تا ئێستاش له هەموو هاورِەگەزەکانی تریان جیایان دەکاتەوە. راسته ژینگەی ئۆردوگای سچ، ژینگەیەکی مەستانەو پرِ شادی و کەیف و هەراو هەنگامە بوو، بەڵام وێرِای ئەوەش ئەم کەیف و شادییه، لەو کەیف و شادیانە نەبوو که کەسانێک له مەیخانەیەکدا، بە مەبەستی خۆ له بیر کردن، به شێوەیەکی قێزەون بەرپایان دەکرد. ئەم ژینگەیە، ژینگەی دۆستانە بوو، زیاتر له ژینگەی خوێندنگە و دۆستایەتی خوێندکاران دەچوو، بەڵام له جیاتی دانیشتن له پۆلی دەرس و گوێگرتن له قسەو ئامۆژگاری دەرسی قورس و ناخۆشی مامۆستایان، به کۆمەڵ، دەگەڵ پێنج هەزار سواردا، دەکەوتنە ئەسپ سواری و جریدبازی و هێرشو پەلامار. له جیاتی مەیدان و گۆرِەپانی تۆپێن و فوتبۆڵ، سنووری کەوشەنی بێ پاسەوانی دوورو درێژمان هەبوو که لەم لاوە سەرو کەللەی تاتاریان پەیدا دەبوو و لەو گۆشەوە سەرو کەللەی کابرایەکی تورکی مێزەر سەوز سەری قوت دەکردەوەو به رِقەوە تەمەشای دەکردن. ئەو جیاوازیەش هەبوو که گەنجانی خوێندکار، به زۆر، بەبێ خوایشتی خۆیان له خوێندنگاکاندا له دەوری یەکدا خرِ دەکرانەوە، بەڵام لێرەدا، هەر هەموو به خوایشتی خۆیان، به کەماڵی مەیلو ئارەزوو، داک و باب و کەسوکارو هەموو شتێکی تریان بەجێدەهێشت و پەیوەندیان به جەنگاوەرانی (سچ)ـەوە دەکرد. ئەو کەسانە لێره خرِ بووبوونەوە، که هەستیان به پەتی سێدارە کردبوو و لێرەدا له جیاتی ئەو جۆره مەرگە، مەرگی بێ خوێن رِشتن، ئاوێتەی ژیان دەبوون، ژیانی پرِ له کەیف و خۆشی، ژیان به هەموو چرِی و جەنجاڵیەکیەوە. ئەو کەسانە لێره بوون، که به تەبیعەتی شەریفانەی خۆ، نەیاندەتوانی تاقە پولێک، له گیرفانیاندا هەڵگرن و، له سایەی سەری سووتخۆرانی جولەکەوە، دەکرا بەرِکیان ژێرو ژوور بکەیت و ترسی ئەوەت نەبێ تاقە پولێکی لێ بکەوێتە خوارێ، یانی خاوەنی گیرفانی خۆیان نەبوون، هەموو ئەو خوێندکارانەی که تەحەمولی شولک و شەلاقی ئەکادیمیایان نەکرد بوو سەرە واوێک له قوتابخانەوە فێر نەبوو بوون، هەر هەموویان لێره، له ئۆردوگادا خرِ بووبوونەوە. بەڵام خوێندکاری واشیان تێدا بوو که هۆراس و شیشرۆنیان دەناسی و دەیانزانی کۆماری رِۆمای کۆن چی بووە. لێرەدا گەلێک لەو ئەفسەرانەش بەدی دەکران که پاشان له سوپای سەڵتەنەتو پاشایەتی رِووسیادا، ناوو ناوبانگیان پەیدا کرد، له ئۆردوگای سچ دا، ژمارەیەکی زۆر له پارتیزانانی پرِ ئەزموون هەبوو، که بەلایانەوە گرینگ نەبوو له کوێ بجەنگن. گرینگ ئەوە بوو شەرِێک له ئارادا بێ، چونکه پێیان وا بوو پیاوی مەردو رِەند، نابێ کاتی خۆی بەبێ شەرِو پێکادان به فیرِۆ بدات. خەڵکانێکیش لەم ئۆردوگایەدا هەبوون که تەنیا بۆ ئەوە هاتبوون تا پاشان لاف و گەزاف لێبدەن و بتوانن بڵێن که له ئۆردوگای نێو براو بوون و پارتیزان و جەنگاوەرانی کارامەو ئەزموونداربن. جا چ خەڵکانێک لەوێندەر نەبوون؟

ئەم کۆمارە عەجیب و غەریبە، زادەی زەرورەتی ئەو قۆناغ و سەردەمە بوو. ئاشقانی جەنگ، خوازیارانی جامی زێڕین، هەوادارانی پارچەو قوماشی زێڕبافی گرانبەها، دۆکات*و پارەو پول بوون، هەمیشە دەیانتوانی لە ئۆردوگای سچ دا بۆ خۆ کارێک بدۆزنەوە. تەنیا ئەهلی ئەشقو ئاشقێنیو مێبازی هیچ شتێکیان لێرەدا دەست نەدەکەوت. چونکە هیچ ئافرەتێک، زاتی نەدەکرد، نەک هەر لە ناو ئۆردوگاکەدا، بگرە لە دەوروبەری ئۆردوگاکەشدا دەربکەوێ و خۆی نیشان بدات.

ئەو کەسەی کە تازە پەیوەندی بە ئۆردوگای (سچ)ـەوە دەکرد، تەنیا خۆی بە فەرماندەو ئەتامانی* هەڵبژێردراوی ئۆردوگاکە دەناساندو ئەویش، بە گەرمی خێرهانینی دەکردو دەیپرسی:

- بە خێرهاتی هاوڕێی ئازیز! باوەڕت بە مەسیح هەیە؟

یارۆ وەڵامی دەدایەوە: - بەڵێ باوەڕم پێی هەیە!

- ئەدی باوەڕت بە سیانەی پیرۆز (خودا، عیسا، مریەم) هەیە؟

- ئەی مەعنای چی!

- باشە هاتوچۆی کڵێسا دەکەیت؟

- بەڵێ!

- ئادەی نیشانەیەکی خاچمان بۆ بکێشە.

یارۆی تازە هاتوو نیشانەی خاچی دەکێشاو، هەنگێ کوشیفوی ئەتامان* دەیگوت:

- باشە، بڕۆ بە دڵی خۆت، یەکێک لە سەربازگەکان هەڵبژێرە.

بەو جۆرە، ڕێو ڕەسمی تەعاروفەکە کۆتایی دەهات.

ڕاستە هەموو دانیشتوانی ئۆردوگاکە لە یەک کڵێسادا نوێژیان دەکردو ئامادەبوون دوا دڵۆپی خوێنی خۆیان لە پێناوی کڵێساکەیاندا بڕێژن، بەڵام زۆر پابەندی ڕۆژوو دروستکاری نەبوون و گوێیان لێی نەبوو. هەڵبەتە تەنیا جولەکەی تەماعکارو ئەرمەنیو تاتاران، کە زۆر پارە خۆشەویست بوون، زاتیان دەکرد لە ئاوەدانیەکانی دەوروبەری ئۆردوگاکەدا کارو کاسبی بکەن، چونکە زاپاروژیەکان، سەواو مامەڵەیان نەدەکرد، دەستیان بە گیرفانی خۆدا دەکردو چەندیان پارە بە دەستەوە هاتبا، هەموویان دەدا بە یارۆی کاسب و فرۆشیار. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو کاسبکارانە یەجگار بێ شانسو نەگبەت بوون. لەو خەڵکانە دەچوون و کە لە بناری چیای گڕکانی فیزوف نیشتەجێ دەبوون. چونکە

هەرکە لە دەڤەری زاپاروژیە پارە ڕوو لە کەمی‌و نەمان دەچوو، قۆزاقانی سەرکێش‌و بێباک دوکانچەکانیان دەشکاندو هەرچیان تیا بوایە تاڵانیان دەکرد.

ئۆردوگای سچ نزیکەی شەست سەربازخانە یان "بەشی" هەبوو، هەر یەکێک لەو سەربازخانانە لە کۆمارێکی سەربەخۆ دەچوو، ئەم سەربازخانانە لەلایەکی دیکەشەوە لەو قوتابخانە شەوانە ڕۆژیانە (بەشی ناوخۆیی) دەچوون کە هەموو پێداویستیەکانی قوتابیان لەلایەن خودی قوتابخانەکەوە دابین دەکرێن. لەم سەربازخانانەدا هیچ قۆزاقێک خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نەبوو. هەموو شتێک بە دەستی بەرپرسی (ئەتامان) سەربازخانەکە بوو، کە پێیان دەگوت (باب). پارە، پۆشاک، هەموو خواردنێک و تەنانەت سووتەمەنیش بە دەستی باب بوو. خۆ ئەگەر یەکێکیش پارەی هەبوایە، بە ئەمانەت لە دەف وی دادەنا.

زۆرجار، سەربازخانەکان لە نێوان خۆیاندا لێیان دەبوو بە شەڕ. لەم حاڵەنەدا دەم و دەست قەرقەشەو دەمبۆڵەکان دەبوون بەشەڕە مست. قۆزاقەکان لە سەربازخانەکانی خۆ دەهاتنە دەرێ، دەهاتنە مەیدانەکە، دەکەوتنە شەڕە مست و تا یەکێکیان سەردەکەوت ئەوجا وازیان دێنا. پاش ئەوە بە پەلە دەکەوتنە مەینۆشی.

ڕەوشی ئۆردوگای سچ کە ئەوەندە بەلای گەنجەکانەوە خۆش بوو، بەو جۆرە بوو کە باس کرا.

ئۆستاپ‌و ئاندرێ، بە هەموو سەرگەرمی‌و جۆش و خرۆشێکی گەنجیەوە، خۆیان بەم دەریای ئازادی و بێ موبالاتیەدا کرد، دەربەست هەموو ڕابردوویان، لە ماڵە باوانەوە بیگرە تا ئەکادیمیای شەوانە ڕۆژی کییف و گشت خەم و خولیایەکی تریان، فەرامۆش کردو خۆیان بەم ژیانە تازەیە سپارد. هەموو شتێکی ئیرەیان بە دڵ بوو، لە گیانیان خۆش بوو: ڕێوڕەسمی مەینۆشی و خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی ئۆردوگای سچ، یاساو داوەریەکانی، شێوازی سادەو ساکاری بەرێوەبردنی ئۆردوگاکە. تەنانەت هەندێجار ئەم یاساو رێسایانەشیان بۆ کۆمارێکی وا سەربەست و ئازاد، زۆر بە توند و سەخت دەزانی. ئەگەر قۆزاقیەک بە دزییەوە گیرابا، دزییەکەی چەندیش بچووک بایە، ئەمە بە شەرم و شورەییەکی گەورە بۆ هەموو خێڵی قۆزاقیان دەژمێردرا. ئیدی ئەم داماوە دەگیرا بە (داری شورەیی)یەوە دەیان بەستەوە، تێڵایەکیان لەلایەوە دادەنا، هەر کەسێک بەوێدا ڕەتبایە، دەبوایە تێڵایەکی پێدا بکێشێت، بەو جۆرە وازیان لێنەدەهێنا تا دەمرد.

هەر قۆزاقیەک، قەرز کوێر بوایە، قەرزی خۆی نەداباوە. بە زنجیر بە تۆپێکیانەوە دەبەست، تا هاورێیەکی قەرزەکەی بۆ نەدابایەوە، بەو دەقەوە دەهێڵرایەوە.

بەڵام کاریگەرترین سزاو قەساس بەلای ئاندرێوە، سزای پیاوکوژ بوو. بە بەرچاوی بکوژەکەوە، چاڵێکی قووڵیان هەڵدەکەند، ئەوجا بکوژەکەیان بە زندوویەتی لە چاڵەکەدا ڕادەکشاندو ئەوجا کوژراوەکەیان بە تابووتەکەیەوە لەسەر دادەناو هەردووکیان گڵەبان دەکردن! تا ماوەیەکی زۆر ئەم دیمەنە ترسناکە لەبەر چاوی ئاندرێ نەدەڕەوییەوە، دەتگوت بەردەوام یارۆی پیاوکوژی زندە بە چاڵ بەو تابووتە ترسناکەوە، لە بەردەمیا وەستاوە.

ئەم جووتە قۆزاقە، بە ماوەیەکی زۆر کەم چوونە دڵی قۆزاقەکانەوە. زۆرجار دەگەڵ هاوڕێیانی بەشەکەی خۆیاندا، یان دەگەڵ قۆزاقانی سەربازخانەو بەشەکانی دیدا، بە سواری ئەسپ، بۆ ڕاوی جۆرەها تەیرو تو و ئاسک و کارمامزان بە ناو ئەو دەشتە بێ پایانە دەکەوتن. یان دەچوون بۆ سەر دەریاچەو ڕوبارو کەناڵان، کە هەر یەکێکیان بە تیروپشک درابوو بە یەکێک لە سەربازخانەکان. لەوێ تۆڕیان هەڵدەدایە ئاوەکەوەو بەشی هەموو سەربازگەکەی خۆیان، ماسیان ڕاو دەکرد. هەرچەندە ئەم کارە، لەو هونەرانە نەبوو کە قۆزاقیەتی ئەوان بسەلمێنێ، بەڵام وێڕای ئەوەش لە نێو گەنجەکانی دیکەدا بە بوێری و بێ پەروایی و خۆش شانسی ناویان دەرکرد بوو. دوو کەسی بوێرو سەگڤان و ئەنگێوە بوون، فیشەکیان بە خەسار نەدەچوو، لەم ڕوباری دەنیپەڕدا بە پێچەوانەی شەپۆلانەوە مەلەیان دەکرد. ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێک بوو کە دەیکردە کارێک قۆزاقەکان، ئەم جووتە گەنجە تازە کارە، بەڕێزو حورمەتەوە لە ریزی خۆیاندا قەبووڵ بکەن.

بەڵام تاراس بۆڵبای پیر، کوڕەکانی خۆی بۆ کارو چالاکی گەورەترو شایستەتر ئامادە دەکرد. لەم ژیانە رۆتینی و تاقەتبەرە بێزار بوو، حەزی نەدەکرد کوڕەکانی بە ژیانی تەمەڵی و سەرگەرمی و مەینۆشی ڕابێن. خوازیاری کارو چالاکی جددی بوو. کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن ئۆردوگاکە بجوڵێنی و بەرەو کارێکی پڕ قارەمانیەتی و سوارچاکی و پاڵەوانیەتی ببات. دوای ماوەیەکی زۆر، ڕۆژێک چوو بۆ لای کۆشیڤۆی و ڕێک و ڕەوان گوتی:

– باشە کوشیفوی ئازیز، وەختی ئەوە نەهاتووە کە دانیشتوانی زاپاروژیە، بای باڵێکی خۆ بدەن و شەڕێک بکەن؟

فەرماندەی قۆزاقان (کوشیفوی)، سەبیلە چکۆلەکەی لە دەمی دەرێنا، تفێکی ڕۆکردە سەر ئەرزەکەی نزیکی خۆی و بەرسڤی دایەوە: – هیچ شوێنێ نیە بۆی بچین.

– شوێن نیە! دەتوانین پەلاماری تاتاران یا تورکان بدەین!

فەرماندە (کوشیفوی) بە خوێنساردی سەبیلەکەی لە زاری نایەوەو گوتی:

- ناتوانین، نە شەڕی تاتاران و نە شەڕی تورکان بکەین.

- بۆچی ناتوانین ؟

- چونکە، پەیمانمان بە سوڵتانی تورکان داوە، کە ئاشتی بپارێزین.

- بەڵام خۆ ئەوانە بوسوڵمانن، خواو کتێبی پیرۆز، ئەمرمان پێدەکەن کە شەڕی هەموو کافرێک بکەین.

- ئەو مافەمان نییە. ئەگەر بە ئاین و باوەڕی خۆیشمان سوێندەکەمان نەخوارد بوایە هەر نەیسە، لەوە بوو بتوانین شتێک بکەین. بەڵام ئێستا... نا، ناتوانین.

- بۆ ناتوانین؟ مەبەستت چیە کە دەڵێی ئەو مافەمان نییە؟ من دوو کوڕم هەن، هەردووکیان لە تافی لاویدان، شتاقیان تا ئێستا بەشداری هیچ شەڕێکیان نەکردووەو، تۆش دەڵێی ئەو مافەمان نییە. یانی مەبەستت ئەوەیە کە زاپاروژیان نابێ. بڕۆن بۆ شەڕ؟.

- بەڵێ، نابێ بڕۆن.

- ئاوها؟ کەواتە دەبێ هێزی قۆزاقیان بە خۆڕایی لە بەین بچێت. پیاو دەبێ بێئەوەی کارێکی پیاوانەی نە بۆ وڵات نە بۆ دنیای مەسیحیەت کردبێت، وەکو سەگ بتۆپێ. کەواتە بۆچی بژین؟ تۆ پیاوێکی فاماو فامیدەی، بە خۆڕایی بە فەرماندەی قۆزاقان هەڵنەبژێردراویت، پێم بڵێ ئێمە بۆچی دەژین؟

فەرماندە (کوشیفوی) وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدایەوە. قۆزاقیەکی کەللە ڕەقو سەرسەخت بوو، قسە هەر قسەی خۆی بوو. کەمێک بێدەنگ بوو و، ئەوسا گوتی:

- بە هەر حاڵ، نابێ شەڕ بەرپا بکرێت.

تاراس بۆڵبا دووبارە پرسی÷ یانی بەو حیسابە، نابێ شەڕ بەرپابکرێت، ها؟

- نەخێر.

- یانی لە خەیاڵی خۆمانی دەربکەین؟

- بەڵێ، بیر لە شتی وا مەکەنەوە!

ئەم گفتوگۆیە لێرەدا کۆتایی هات . لێ تاراس بۆڵبا، لە دڵی خۆیدا لێبڕا کە تۆڵە لە فەرماندەو گەورەی قۆزاقان بکاتەوە. لە دڵی خۆدا گوتی:

- ڕاوەستە بۆم شەیتان زادە! بزانە چ دارێکت بە روحا بدەم!

تاراس بۆڵبا، ئەم بابەتەی بۆ ژمارەیەک لە کۆنە دۆستەکانی خۆی گێڕایەوەو دوای ئەوەی هەموو پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو دەربڕی، هەستا دەعوەتێکی گەورەی مەینۆشی بۆ کردن . دوای ئەوەی تێرو پڕیان خواردەوە، تەواو مەست بوون، لە مەیدانەکەدا خڕبوونەوە، کە لەوێندەر تەپڵێکی تەنەکە بە ستونێکەوە هەڵواسرابوو، کە زۆرجار وەکو شەیپوری ئامادە باشی و بە مەبەستی گازکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی (ڕادا) بۆ کۆبوونەوە، لێدەدرا. جا قۆزاقەکان کە دارۆکەی لێدانی تەپڵەکەیان لەوێندەر نەبینی ( چونکە دەهۆڵ کوتەکە، هەمیشە دارۆکەکەی لای خۆی هەڵدەگرت). ئیدی هەر کەسەو پارچە دارێکی لەو ناوە دۆزییەوەو کەوتنە لێدانی تەپڵەکە. یەکەم کەس کە بە دەنگی تەپڵەکەوە بۆ مەیدانەکە هات، یارۆی تەپڵکوت بوو. کابرایەکی درێژ داهۆڵی یەکەڵە چاوی سیما خەواڵوو بوو. هاواری کرد:

- کێ پڕکێشی کردووەو تەپڵی لێداوە؟

سەرانی کەللە گەرمی قۆزاقەکان گوتیان:

- بێدەنگ بە، دەست بدە دارۆکەکەتو هەر کاتێ ئەمرت پێکرا، لە تەپڵ بدە!

کابرای تەپڵچی، کە لە فیکەی خۆی حاڵی بوو، یەکسەر دارۆکەکەی لە تورکەکەی دەرهێنا. تەقەی لە پیرە تەنەکە هەستان، خێزەرەی زاپوروژیان وەکو مێش هەنگ لە هەر چوار نکالی ئۆردوگاکەوە بەرەو مەیدانەکە هاتن و لەوێندەر کۆمەڵ بوون. دوای تەپڵی سێیەم، ئەنجام هەموو سەرانی قۆزاقەکان لە مەیدانەکە ئامادەبوون: کوشیفوی بە خۆی و دار عاساکەیەوە، کە نیشانەو ڕەمزی پۆست و پایەکەی بوو، دادوەرو قازی بە مۆری لەشکرەوە کە لە ملیا بوو. سکرتێر بە خۆی و جانتاکەیەوە، سەروان بە خۆیو دار دەستەکەیەوە، لەوێندەر ئامادە بوون.

فەرماندەو هەموو سەرانی دیکەی قۆزاقیان، کڵاوەکانیان لەسەر داگرت و، بە هەر چوار دەوری خۆیاندا، کە قۆزاقەکان بە غرووورەوە وەستا بوون و دەستیان لەسەر سینگیان تێک هاڵاند بوو، سەری ڕێزو نەوازشیان دادەنواند. پاشان کوشیفوی هاتە قسانو پرسی:

- ئەم کۆبوونەوەیە چیە؟ چیتان دەوێ بەرێزینە؟

بەڵام دەمرێژی سخێف و جنێوان و ناڕەزاییو هات و هاوار، بواری نەدا لەسەر قسەکانی بڕوات. هەموو بەیەک دەنگ هاواریان کرد:

- ئەو دارعاسایە دانێ! دانێ شەیتان زادە! یەکسەرو بێ چەندو چوون دانێ، لە ئێستا بەدواوە نامانەوێی!

هەندێ لە ئەندامانی هۆشیاری هەندێ لە سەربازگەکان ویستیان ناڕەزایی دەرببڕن، بەڵام ئەنجام قۆزاقانی مەست و هوشیار لێیان بوو بە شەڕو بە مستان کەوتنە وێزەی یەکدی و بوو بە هەراو هەنگامەو فەرتەنەیەک کلکی کەری تیا دەپچڕا.

فەرماندەی قۆزاقەکان (کوشیفوی)دەیویست قسان بکات. بەڵام چونکە دەیزانی لەم جۆرە هەڵوێستانەدا، قسەکردن فایدەی نیەو لەوەیە جەماوەرە وروژاوەکە تێی بەرببن و هەر بشی کوژن، سووک و باریک لە جێی خۆی دانەوییەوە، دار عاساکەی داناو خۆی بە نێو ئاپۆڕاکەدا کردو خۆی ون کرد. ئەوسا قازی و سکرتێرو سەروان، هەموو ئامادەگی خۆیان دەربڕی کە واز لە مۆرو جانتاو دار دەستەکە بێنن، گوتیان:

– بەڕێزینە، ئەمرتان بە چیە، ئێمەش ڕەمزو نیشانانی پۆستەکانی خۆمان دابنەین؟

ئاپۆڕاکە هاواریان کرد:

– نەخێر، ئێوە بمێنن، ئێمە تەنیا لابردنی فەرماندەمان (کوشیفوی) مەبەست بوو، چونکە ئەو ژنە، لە ژن کەمترە، ئێمە پێویستمان بە فەرماندەیەکی پیاوە پیاو.

سەرانی قۆزاق، پاشان ڕوویان کردە جەماوەری خەڵکەکەو گوتیان:

– دەی ئێستا دەتانەوێ کێ بە فەرماندە (کوشیفوی) هەڵبژێرن؟

ژمارەیەک هاواریان کرد: – کوکوبنکۆ، هەڵدەبژێرین!

ژمارەیەکی دی هاواریان کرد:

– کوکوبنکۆمان ناوێ! ئەو هێشتا بچووکە، بۆنی شیری خاوی لە دەم دێت.

هەندێکی دی هاواریان کرد:

– شیلۆ هەڵبژێرن، شیلۆ بۆ پۆستی (کۆشیفوی) هەڵبژێرن!

لێ، لە ناو خەڵکەکەوە، هاواری سخێف و جنێوان بەرز بووەوە:

– ئەی عەمری نەمێنێ، توخوا شیلوش بوو بە پیاو، دەبێ ئەمە چۆن قۆزاقیەک بێ کە خوێڕی خوێڕی وەکو تاتاران دزی بکات، سەگ و سەگبابە! واز لە خوێڕی و شەرابخۆری وابێنن، وێڵی کەن وێڵ!

– بوردوداتی، بوروداتی هەڵبژێرن !

- (بوروداتی) مان ناوێ! بیژی واو فەرماندەیی!

تاراس بۆڵبا، ژێراو ژێر، بە گوێی هەندێ لەوانەی دەوروبەری خۆیدا چپاند:

- ناوی گیردیاک بێنن!

ئاپۆڕاکە هاواریان کرد: - گیردیاک! گیردیاک! گیردیاکمان دەوێ

- بوروداتی! بوروداتی!

- گیردیاک! گیردیاک!

- شیلو!

- شیلو با بڕوات!

- گیردیاک!

هەموو پاڵێوراوەکان کە گوێیان لە ناوی خۆ بوو، بۆ ئەوەی گومانی ئەوەیان لێنەکرێت، کە خۆیان خەڵکەکە هاندەدەن کاندیدیان بکەن، لە نێو جەماوەرەکە وەدەرکەوتن. ئەوانەی کە لایەنگری هەڵبژاردنی گیردیاک بوون، ژمارەیان زۆرتربوو، پڕ بە دەم هاواریان دەکرد: - گیردیاک، گیردیاک!

ژمارەیەکی دیکەش لێکدا لێکدا هاواریان دەکرد: - بوروداتی! بوروداتی هەڵبژێرن!

هەردوولا، بەدەم هوراکێشانەوە دووبارە کەوتنە شەڕمستان و ئەنجام گیردیاک، سەرکەوت و هاتە هەڵبژاردن. جەماوەرەکە کەوتنە هاوار:

- بڕۆن، گیردیاک بدۆزنەوەو بۆ ئێرەی بێنن.

دە دوازدە قۆزاقی، کە هەندێکیان لەبەر مەستی بە ئاستەم خۆیان بە پێوە دەگرت و دەیانتوانی ڕێ بکەن، لە نێو ئاپۆڕاکەوە هاتنە دەرێ و چوون بەدوای گیردیاکدا. گیردیاک، هەرچەند قۆزاقێکی پیربوو، بەڵام پیاوێکی گوایە بەردەبار و بەئاوەز بوو. لە سەربازگەکەی خۆیدا دانیشتبوو و وایدەنواند کە گوایە ئاگای لە هیچ نییەو نازانێ چ باسە. رووی لە قۆزاقەکان کردو پرسی: - فەرموون، بەڕێزینە چیتان دەوێ؟

- خێراکە، ڕابە، وەرە، بە کوشیفوی قۆزاقان هەڵبژێردراوی!

گیردیاک بەرسڤی دانەوە:

– بەرێزینە، من داوای بوردن دەکەم، بۆ خاتری خوا بەزەییەکتان پێما بێتەوە، ئاخر کەستان نەدۆزییەوە من نەبێ! من کەی شایستەی ئەو شانازیەم. ئاخر من لە کوێ ڕایەی ئەوەم هەیە فەرماندەو کوشیفوی قۆزاقان بم؟ من ئەقڵ و کەماڵی ئەوەم نییە کە ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ! نەتان توانی لە نێو ئەم لەشکرە زۆرو زەبەندەیە کەسێکی لەمن شایستەترو باشتر بدۆزنەوە؟

قۆزاقەکان هاواریان کرد: – پێت دەڵێین، خێرا کە، ڕابە، بکەوە ڕێ!

دوو نەفەر لە قۆزاقەکان لە باڵی پیرەمێردەکە نەوین، بە تۆپزی و بە دەم سخێف و جنێوانەوە، بە پاڵو بە سووکە شاپان وەپێشیان دا، سەرەنجام بە ڕاکێش ڕاکێش و بە دەم خوتەو بۆڵەوە:

– بۆچی خۆت گران دەگریت، ئاخر هەی ناڕەسەن، توڵە باب، کە ئەم شەرەفەیان پێداوی، نازی چی دەکەی، وەری بگرەو بڕایەوە.

بەو جۆرە گەیاندیانە ناوەندی مەیدانەکەو ڕوو لە ئاپۆڕای خەڵکەکە هاواری کرد:

– دەی، قۆزاقیان، فەرموون، ئایا قاییلن ئەم قۆزاییە ببێ بە فەرماندەو کوشیفوی ئێوە؟

ئاپۆڕاکە بە یەک دەنگ هاواریان کرد، هاوارەکەیان لە سەرانسەری ئەو دەشت و دەرە بێ کۆتاییەدا، هەر دەڕۆیی و دەنگی دەدایەوە: – هەر هەمووومان قاییلین!

یەکێک لە سەرانی قۆزاقیەکان دارعاسای فەرماندەییەکەی هەڵگرت و پێشکەش بە فەرماندەو کوشیفوی تازە هەڵبژێردراوی کرد. گیردیاک، بە گوێرەی داب و نەریتی باو ڕەفزی کرد. یارۆی قۆزاق بۆ جاری دووەم دارعاساکەی پێشکەش کردەوە، گیردیاک ئەمجارەش وەری نەگرت. کە جاری سێیەم دارعاساکەیان پێشکەشی کرد، هەنگێ وەریگرت. ئاپۆڕای خەڵکەکە کەوتنە هوراکێشان، دەنگی فریادو هوراکێشان باڵی بەسەر دەشت و دەرەکەدا کێشا. گەورەترین چوار کەس، کە ڕدێن و قژیان سپی بوو بوو (هەڵبەتە لە ئۆردوگای سچ دا خەڵکانی زۆر پیر نەبوون، چونکە هیچ زاپاروژیەک نەبوو کە بە مردنی ئاسایی، بە مردنی خوایی بمرێت. بۆیە بەر لە پیر بوون دەمردن) لە نێو حەشاماتەکەوە هاتنە دەرێ و هەر یەکەیان مستێ خۆڵی، کە بارانی تازە کردبووی بە قوڕ، هەڵگرتو کردی بەسەر گیردیاکدا، قوڕەکە بەسەرو سمێڵ و گۆناکانیا هاتە خوارێ و دەموچاوی سواخ دا. بەڵام گیردیاک کە بەو دەقەوە لە جێی خۆی وەستا بوو، بە بۆنەی ئەو شەرەف و شانازییەوە کە بە نسیبی بوو بوو، پڕ بە دڵ سوپاسی قۆزاقیەکانی کرد.

بەو جۆرە ئەو هەڵبژاردنە جەنجاڵ و پڕ هەراو هەنگامەیە کۆتایی هات، بەڵام کەس بە ئەندازەی تاراس بۆڵبا بەم ئەنجامە شادو خۆشحاڵ نەبوو. تاراس بۆڵبا زۆری پێخۆش بوو، چونکە لە لایەکەوە

تۆڵەی خۆی لە فەرماندە کۆنەکە کردبووەوەو، لەلایەکی دیکەوە گیردیاکی کۆنە هاوڕێی بە کوشیفوی (فەرماندە) هەڵبژێردرا بوو. کە لە هەموو لەشکرکێشیە زەمینی و دەریاییەکاندا پێکەوە بوون و لە گشت دژواری و تەنگانەیەکی ژیانی سوپاییدا شەریک بوون.

دوای هەڵبژاردنی فەرماندەی گشتی (کوشیفوی)، ئیدی قوزاقەکان بڵاوەیان لێکرد تا بەم بۆنەیەوە بەزم بگێڕن و ئیدی ئاهەنگ و بەزمێکی مەینۆشیو عەربەدەکێشی ئەوتۆیان سازکرد کە ئۆستاپ و ئاندریێ بە عەمراتیان شتی وایان نەدیتبوو. قۆزاقان دەرگای مەیخانەکانیان کردەوە، هەرچی گارلکاو شەراب و بیرەیەکی تیابوو، هەر هەموویان دەرهێنا بەبێ ئەوەی تاقە پولێک بدەن. خاوەن مەیخانەکان مەمنوونی بەختی خۆ بوون کە بەسەلامەتی دەربازبوو بوون. هەموو شەوەکەیان بە هەراو هەنگامەو هوراکێشان و سروود و گۆرانی جەنگی بەسەر برد. مانگ تا درەنگانێ لە حەوێقی ئاسمانەوە، دەیڕوانیە ئەو گروپە سازڤانانەی کە بەدەم لێدانی باندورا*و دەف و بلالایکاوە* بە شەقامەکاندا دەسوڕانەوە. ئەنجام هەر هەموویان مەست بوون، لالا موویان دەکرد، بەملاو بەولادا دەکەوتن. لە شوێنێکدا کۆمەڵێک قۆزاقی لاڵ و پاڵ بەسەر یەکدا خەویان لێکەوت. قۆزاقیەکی دیکە، دوای هەوڵێکی زۆر کە شوێنێکی گونجاو بۆ خەوتن بدۆزێتەوە، لەسەر تەشتێک خەوی لێکەوت. لە جێیەکی دی، بە هێزترین و هوشیارترین قۆزاقی، بەدەم کۆمەڵێک قسەی هەلەقو مەلەقەوە، ئەنجام مەی لە چوارپەلی داو تەختی ئەرزەکە بوو و بەو جۆرە سەرانسەری ئۆردوگاکە، کروکپ چووە باوەشی خەوێکی قورسەوە.

*پەراوێز:*

** بالالایکا: ئامێرێکی سازڤانی رووسیی ژێداری وەکو بزقە.*

** باندورا: ئامێرێکی سازڤانی ئۆکراینیە.*

** گڕکانی فیزوف: دەکەوێتە کەنداوی ناپولییەوە، ١١٨٦ مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە. لە ساڵی هەفتاو نۆی پاش زاین تەقییەوەو هەردوو شاری (بۆمبیو هیرکولانو)ی وێران کرد.*

** کوشیفوی: فەرماندەی گشتی قۆزاقان.*

** ئەتامان: بەرپرس، فەرماندە، سەرگەورە.*

## فەسڵی چوارەم

((٤))

تاراس بۆڵبا، ڕۆژی دوایی، بە مەبەستی چۆنیەتی هاندانی زاپاروژیەکان، بۆ ئەوەی کارێک بکەن، دەگەڵ فەرماندەی گشتی تازەی قۆزاقەکاندا کەوتە شیرەت و ڕاویژان. گیردیاک، کوشیفوی تازە، قۆزاقیەکی زیرەک و لێهاتوو و فاما بوو، دەماری زاپاروژیەکانی دەناسی. هەوەڵجار بەمجۆرە هاتە قسان:

- ئێمە ناتوانین سوێندو پەیمانەکەمان بشکێنین، شتی وا نەبووەو نابێت!

هەڵوەستەیەکی کورتی بۆ کردو لەسەری ڕۆیی:

- بەڵام ڕێگەیەکی دی هەیە. ڕاستە نابێ پەیمانەکەمان بشکێنین، بەڵام خۆ دەشێت بیر لە شتێکی دی بکەینەوە... پێویستە خەڵکەکە کۆببنەوە، هەڵبەتە بەشێوەیەک نا کە وا تەسەور بکرێت بە فەرمانی من کۆبوونەتەوە، بەڵکو وا بنوێنن کە بە مەیل و خوایشتی خۆیان کۆبوونەتەوە. تۆ لە من چاکتر دەزانیت کە ئەم کارە چۆن دێتە ڕێکخستن. کە خەڵکەکە خڕ بوونەوە، هەنگێ من دەگەڵ سەرانی دیکەی قۆزاقدا، خۆ لەگێلی دەدەین، وەکو ئەوەی ئاگامان لە مەحموودی بێ زەواد نەبێ، بە هەشتاو دێین بۆ مەیدانەکە.

هێشتا سەعاتێک بەسەر ئەم ڕاوێژو تەگبیرەیاندا تێنەپەڕی بوو. کە دەنگی تەپڵەکانی مەیدان بەرز بووەوە. بلەز کۆمەڵێک قۆزاقی مەستی مەست لە مەیدانەکەدا خڕبوونەوە. مەیدانەکە یەکپارچە بوو بە کڵاوی قۆزاقی. لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە دەنگی خوتەو بۆڵە بەرز بووەوە:

- کێ؟ چیە؟ بۆ ئەم خەڵکەیان کۆ کردووەتەوە؟

بەڵام هیچ کەسێک وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەدایەوە، بە پێچەوانەوە، لێرەو لەوێ، لە گۆشەو کەنارانەوە دەنگی ناڕەزایی و بێزاری بەرز بووەوە:

- هێزو نێروی قۆزاقان بە فیڕۆ دەڕوات، هیچ شەڕو شۆڕێک لە ئارادا نیە.

- سەرانی قۆزاقفێری تەمەڵ، ی بوون، بەز چاوی گرتوون!

- هیچ دادپەروەرییەک لە دنیادا نیە، نەخێر نییە!

قۆزاقەکانی دی لە سەرەتاوە گوێیان گرت، پاشان ئەوانیش گوێ بە گوێی ئەوان کەوتنە گلەیی و گازاندە:

- ڕاستە، زۆریش دروستە، لە دنیادا هیچ هەق و عەدالەتێک نییە!

سەرانی قۆزاق، لە هەنبەر ئەم قسانەدا حەپەسا بوون. ئەنجام گیردیاک، کوشیفوی، هاتە پێشێو گوتی:

- زاپاروژیانی بەڕێزو حورمەت، ڕێگەم بدەن با قسەیەک بکەم.

- بیکە...

- بەڕێزینە، ئەوەی من گەرەکمە عەرزی جەنابی با سەعادەتی ئێوەی بکەم — هەرچەندە بە خۆتان لە من باشتری دەزانن- ئەمەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە زاپاروژیەکانمان، بەڕادەیەک کەوتوونەتە ژێر قەرزی مەیخانەچیە جولەکەکانەوەو هێندەیان قەرز لە هاوڕێ و هاوئاینەکانی خۆ کردووە، کە هیچ سەنگ و ئیحتوبارێکیان نەماوە، شەیتان بە شەیتانی خۆی ئامادەنیە تاقە پولێکیان بە قەرز بداتێ. هەروەها حەزدەکەم ئەوەشتان عەرزبکەم کە گەنجانێکی عەگیدی زۆرمان تیا هەن کە بە عەمراتیان شەڕیان بە چاوی خۆ نەدیتووەو کەمترین تەسەورو وێنایان لەمەڕ شەڕو جەنگ نیە، لە کاتێکا بە خۆتان لە من باشتر دەزانن کە گەنج بە بێ جەنگ هەڵناکەن، ناژین. جا گەنجێک کە لە ژیانیا قەت شەڕی گاورانی نەکردبێت، دەبێ چ زاپاروژیەک بێ ؟

تاراس بۆڵبا لە دڵی خۆیدا گوتی:- نا، نا گیردیاک، باش قسان دەکات.

- .. جا گەلۆ، وا وێنا نەکەن کە من بەم قسانە گەرەکمە ئاشتی و ئارامیەکە هەڵوەشێنمەوە، خوا نەکات! من هیچ مەبەستێکم نیە تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕاستیەکان بڵێم. لەلایەکی ترەوە، تەمەشای کڵێساکەمان بکەن — خوا پێم نەگرێ- بەڕاستی لە وەزعێکی زۆر خراپدایە. ئۆردوگاکە، هەر چۆنێ بێ، بە فەزڵی خواوەند بە پێوە ماوە، بەڵام کڵێساکە جگە لە دیمەنی دەرەوەی لە ناوەوەش کەمترین دەستی پێیا نەهێنراوە. خۆزیا کەسێک بیری لەمە دەکردەوەو بەلای کەمەوە خەمی چوارچێوەیەکی زیوی بۆ وێنەکەی حەزرەتی مریەم دەخوارد! دیارە ئەو پارەیەش کە هەندێ لە قۆزاقەکان وەسێت دەکەن وەقفی کڵێسا بکرێت، زۆر کەمەو بەشی هیچ ناکات. چونکە ئەوانە تا لە ژیانان، پارەکانیان زیاتر خەرجی خۆشگوزەرانی و بادەنۆشی دەکەن. هەڵبەتە من ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە کە شەڕ دەگەڵ بێگانانی کافردا ڕابگەیەنین، نەخێر، ئێمە بەڵێنمان بە سوڵتان داوەو سوورین لەسەر پەیمان و سوێندی خۆمان. ئەگەر پەشیمان ببینەوە گوناحێکی گەورە دەخەینە ئەستۆی خۆمان، نەخاسما کە ئێمە بە گوێرەی ئاین و باوەڕی خۆمان سوێندمان خواردووە.

تاراس بۆڵبا دووبارە لە فکران ڕاچوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- یانی چی؟ یارۆ ئەم قسە بێ سەروبەرانە چیە کە دەیکات؟

- ... بەڵێ، زاپاروژییانی گەورەو بەڕێز، وەکو دەبینن ئێمە ناتوانین دەست پێشکەری بکەین و شەڕ ڕابگەیەنین — مەرجی سوارچاکی و پیاوەتی ڕێگەمان نادات، بەڵام ئەگەر ڕای منتان دەوێ، ئەقڵە خەڵەفاوەکەی من دەڵێت کە تەنیا ڕێگەی گەنجەکانمان بدەین، بە بەلەمان، بە ناوی پیاسەوە تاقبێکی کە نارەکانی عەنەدۆڵ بکەن. ئێوە چ دەڵێن زاپاروژییانی گەورەو بەڕێز؟

حەشاماتەکە لە هەموو لایەکەوە، کەوتنە هوراکێشان:

- بۆ پێشەوە، پێشمان کەوە، هەموومان بەرەو شەڕ... ئێمە ئامادەین سەرمان لە پێناوی ئاین و باوەڕی خۆدا فیدا بکەین!

کوشیفوی (فەرماندەی گشتی) کە ئەم جۆش و خرۆشەی جەماوەری قۆزاقیانی بینی، ترسی لێنیشت، چونکە هەرگیز مایل نەبوو کە زاپاروژییان هەموو بە جارێ ڕابن و بچنە شەڕەوە، پێی وابوو هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ئاشتیەکە، بەم شێوەیە، دروست نیە.

- زاپاروژییانی بەڕێز، ڕێم دەدەن، قسەیەکی دیکەش بکەم.

زاپاروژییەکان هاواریان کرد: - بەسە! ئەوەی گوتت سەرو زیادە، هەرچیەک بڵێی لەوە باشتر نابێ!

- کەواتە من هیچ قسەیەکم نیە. من ملکەچ و گوێڕایەڵی خواستی ئێوەم. هەموو کەسێک دەزانێت و لە کتێبی پیرۆزیشدا هاتووە کە دەنگی گەل، دەنگی خوایە. هیچ ڕەئی و بڕیارێک، لە بڕیاری گەل باشتر نیە. بەڵام لێرەدا شتێک هەیە کە زاپاروژییانی بەڕێز ئێوە بە خۆتان لە من باشتری دەزانن، ئەویش ئەوەیە کە سوڵتانی عوسمانی، دەستەوئەژنۆ دانانیشیت و تەمەشای ئەم ڕیسک و سەرکێشییەی گەنجەکانی ئێمە بکات، بێگومان بیر لە تۆڵە دەکاتەوە. جا پێویستە ئێمەش تا ئەو کاتە دێتە پێشێ زیاتر خۆمان تەیارو ئامادە بکەین. هێزی خۆمان بە جۆرێ تازە بکەینەوە کە لە هیچکەسێک نەترسین. لەلایەکی دیکەوە ئەگەری ئەوەش هەیە، کە کاتێ ئێمە لێرە نابین، تاتارەکان لەشکرکێشیمان بکەنە سەر، چونکە ئەوانە، سەگانی تورک، کە بزانن خاوەن ماڵ، لە ماڵە زات ناکەن لە هیچ کونێکەوە سەردەربێنن و خۆیان نیشان بدەن. بەڵام هەرکە پشتت تێکردن، لە دواوە پەلامارت دەدەن، دەتگەزن، زۆر خراپیش دەتگەزن. جا ئێستا کە مەسەلەکە هاتووەتە سەر حەقیقەتبێژی، دەبێ دان بەوەدا بنەین کە بەلەممان کەمە، بەشی هەموومان گەردی باروتمان نییە. جا من بەش بە حاڵی خۆم ویست و ڕەئی ئێوەم بەلاوە گرینگە، من دەخزمەتودام، من ملکەچ و گوێڕایەڵی ویست و قسەو بڕیاری ئێوەم.

کوشیفوی، فرەزان، بێدەنگ بوو. ئاپۆڕاکە، بڕ بڕو دەستە دەستە کەوتنە گەنگەشەو تاوتوێکردنی مەسەلەکە. فەرماندەو سەرانی سەربازگەکان، لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوەو لە بەینی خۆیاندا کەوتنە

ڕاوێژو تەگبیر. خۆشبەختانە زۆربەیان هوشیار بوون، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان سەرخۆش بوون، بۆیە بڕیاریان دا بە ڕاوێژە ئەقڵانیەکەی گیردیاک بکەن.

یەکسەر، ژمارەیەک قۆزاق، بەرەو ڕەخی ئەوبەری ڕوباری دەنیپەڕ، نێردران. عەماری سوپایی قۆزاقەکان و هەندێ لەو چەک و ئەسڵەحانەی کە لە دژمنیان گرتبوو، لەوێندەر، لە ژێر قەمیشەڵانو زەلکاوی ڕەخی ڕوبارەکەدا شاردرا بوونەوە. ژمارەیەکیش بەلەز چوون بۆ لای بەلەمەکان، تا تاقیان بکەنەوەو بۆ هێرش و پەلامار ئامادەیان بکەن. کەناری ڕوبارەکە، لە چاو تروکانێکدا پڕبوو لە قۆزاقیان. دارتاشان بە خۆو تەشوێکانیانەوە ئامادەی کار بوون. زاپاروژییانی کەتەو چوار پەل قەوی و ئەستوور، ناو شان پان، دەموچاو تاوەسووت، گەنج و پیر، سمێڵ ڕەش و سمێڵ ماش و برنج، شەرواڵە دەڵبەکانیان هەڵکرد بوو و تا سەر ئەژنۆ لە ئاوا بوون و بە پەت و گوریسی زۆر قایم، بارو بەلەمەکانیان بۆ ناو ڕوبارەکە ڕادەکێشا.

کۆمەڵێکی دیکە، خەریکی گواستنەوەی داری وشک و تەختەو داری تازە بڕاو بوون. لێرە، بەلەمێکیان نۆژەن دەکردەوە، لەوێ بەلەمێکی تریان ژێروبان کرد بوو و کونەکانیان دەگرتو بە قیرِ سواخیان دەدان، لەولاترەوە، گورزە قامیشیان لەم لاو لەولای بەلەمان دەبەست، تا بە زەبری شەپۆلان نەسوێ و بە ئاسانی ژێر ئاو نەکەون. لە شوێنێکی دوورتر و هەر لە ڕەخی ڕوبارەکەدا، مەنجەڵی مسی گەورە نرابوونە سەر ئاگرو قیرِیان تیا دەتوێنرایەوە بۆ قیرِماڵی بەلەمەکان. پیرەمێرو پیاوە بە ئەزموونەکان، گەنجەکانیان فێری کاردەکرد. ئیدی دەنگی تەورو چەکوش و هەراو زەنای کارکردن لە هەموو لایەکەوە بەرزبووەوە. هەموو ڕەخی ڕوبارەکە، وەکو ئەوەی زندوو بووبێتەوە، جمو جۆڵی تێکەوتبوو.

لەم کەین و بەینەدا، بەلەمێکی گەورە لە کەنارەکە نزیک بووەوەو لەوێندەر لەنگەری گرت. ژمارەیەک لە سەرنشینانی بەلەمە گەورەکە، لە دوورەوەو پێش ئەوەی بگەنە کەنارەکە، هەموو دەستیان بۆ ئاپۆڕای سەر کەنارەکە تەکان دەدا. سەرنشینانی بەلەمە گەورەکە، هەر هەموو قۆزاقیانی جلو بەرگ شڕۆڵەو شەپرێو بوون. هەندێکیان تەنیا کراسێکیان لەبەردا بوو و سەرو سەبیلی کورتیان بەدەمەوە بوو. بەبێ بەرگی و ڕووت و ڕەجاڵییەکانیاندا وا دیاربوو کە یان لە گەرداوو بەڵایەک ڕزگار بوون، یان بە جۆرێ سەریان کردووەتە بادەنۆشی و خۆشگوزەرانی کە جل و بەرگەکەشیان لەسەری داناوە.

لە نێو ئەوانەوە، قۆزاقیەکی کورتە باڵای قەڵەو، ناوشان پان، تەمەن نزیکەی پەنجا ساڵ، هاتە پێشەوە، کە لەوانی دی توندتر دەستی تەکان دەداو پڕ بەزار هاواری دەکرد، هەندێ قسەی دەکرد کە لەبەر دەنگە دەنگ و هەراو زەنای ئەوانەی کەنارەکە، کەس لێی حاڵی نەدەبوو.

وەختێ کەشتیەکە گەییە کەنار، هەموو کرێکارەکان دەستیان لە کار هەڵگرت، بەدەقی خۆیانەوە، چەکوش و لۆسە بەدەست، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بزانن ئەمانە لە کوێوە هاتوون و دەنگ و باسیان چیەو چییان لێقەوماوە.

کوشیفوی قۆزاقەکان، لێی پرسین:- خێرە، چ شتێک ئێوەی گەیاندووەتە ئێرە؟

یارۆی قۆزاقی کورتە باڵای قەڵەو، لەسەر کەشتیەکەوە هاوای کرد:- بەڵای خوا.

- بەڵای چی؟

- زاپاروژییانی بەڕێز، رێم دەدەن قسە بکەم؟

- دەی قسە بکە!

- ئەگەر کۆبوونەوەیەکی (ڕادا) بکەن باشتر نیە؟

- قسە بکە، ئێمە هەموومان لێرەین.

- مەگەر ئێوە ئاگاتان لێ نییە، کە لە ئۆکراین، لە مەڵبەندی گتماندا چ باسە؟

یەکێک لە سەرانی، سەربازگەیەک گوتی:- باسی چی؟

- باسی چی؟ وادیارە تاتاران بە جۆرێ مژولیان کردوون کە ئاگاتان لە دنیا بڕاوە.

- دەی باشە بڵێ بزانین چی قەوماوە؟

- وەزع و حاڵێک لە ئۆکراین هاتووەتە پێشێ کە بە عەمراتی خۆمان شتی وامان نەدیتووە.

یەکێک لە نێو ئاپۆڕاکەوە، وا دیار بوو، تاقەتی چوو بوو هاواری کرد:

- دەی تولە باب بڵێ، بزانین چی لەوێندەر قەوماوە؟

- ڕۆژگارێک هاتووەتە پێشێ کە خاوەنی کڵێساکانی خۆشمان نین!

- چۆن خاوەنیان نین؟

- بە کرێ دراون بە جولەکەکان. ئەگەر کرێی پێشوەختە بە جولەکەکان نەدەن، نایەڵن هیچ ڕێو ڕەسم و سرووتێکی ئاینیشی تیا ئەنجام بدەن...

- ئەم فشەیە چیە! وادیارە وڕێنە دەکەی!

– ئەگەر یارۆی جولەکە، بە دەستە چەپەڵەکانی خۆی، نانی پیرۆزی جەژنی پاک مۆر نەکات، موبارەک نابێت.

– گەلۆ، براینە ئەم پیاوە درۆ دەکات! تاکو ئیستا کەس بیستوویەتی بابایەکی جولەکەی چەپەڵ، مۆر و نیشانەی خۆی بە نانی جەژنی پاکی پیرۆزەوە بنێ!

– ... دەیسا گوێ بگرن، هێشتا چیتان بیستووە!کەشیشانی کاتۆلیک بە گالیسکەی تاک ئەسپییەوە، بە ئارەزووی خۆیان، بە ناو ئۆکرایند تەراتێن دەکەن. هەڵبەتە کێشەکە لە گالیسەکاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە، لە جیاتی ئەسپ، مەسیحیانی ئەرتەدۆکس لە گالیسکەکانیان دەبەستن! جا گوێ بگرن، با بۆتانی باس بکەم. دەڵێن ژنە جولەکان، تەنورەکانیان لە قوماشی جبەی فەرمی قەشەکانی ئێمە دروست دەکەن. ئەمە ڕەوش و حاڵی ئۆکراینە و ئێوەش لێرە، لە زاپارۆژیە سەرتان کردووەتە بادەنۆشی و ڕابواردنی خۆتان و لە گوێی گادا نوستوون. وادیارە تاتارەکان بە جۆرێکیان بەچەترسێن کردوون، کە نە چاوتان دەبینێت و نە گوێتان دەژنەوێ و نازانن لە دنیادا چ دەگوزەرێ.

گیردیاک، کە تا ئەو کاتە، چاوانی بڕی بوونە ئەرزەکە، وەکو هەموو زاپاروژیەکان کە لە کاتی تەنگانەو لێقەوماندا، نەدەپەشۆکان و جڵەویان بۆ سۆز شل نەدەکردو تورەیی خۆیان دەخواردەوە، کەمێک چاوەکانی داخست، لە فکران ڕاچوو و پاشان گوتی:

– باشە، ئێستا کەمێک گوێ لە منیش بگرە. هەموو ئەمانەی گوتت بە جێی خۆی، ڕاستە. ئەدی ئێوە، خوێڕ خوێڕی چتان دەکرد؟ مەگەر شمشێرتان پێ نەبوو؟ چۆن ئەو هەموو بێ قانونیەتان قەبووڵ کرد؟ چۆن ئەو هەموو نا بە جێیەتان قەبووڵ کرد؟

– چۆن قەبووڵمان کرد! ئەگەر تۆ ڕوو بە ڕووی پەنجا هەزار پۆڵۆنی ببیتەوە — با بۆ خۆیشمان نەپارێینەوە – و لە ناوخۆی لەشکرەکەشتدا، خیانەێ هەبن و بچنە سەر ئاینی ئەوان، دەتوانی چ بکەی، ئەگەر تۆ بای دەتتوانی چی بکەیت؟

– ئەدی فەرماندەکەتان، سەروانەکانتان... لە کوێ بوون؟

– بەڵایەکی وایان بەسەر هاتووە، یاخوا بەسەر هیچکەسێک نەیەت، حاڵی کەس بە حاڵی وان نەبێت.

– چۆن؟

– فەرماندەکەمان، بە سوورەوەکراوی لە مەنجەڵێکی مس نراوەو لە وارشۆیە. سەرودەستی سەروانەکانیشمان ئێستا بە هەڕاجە بازاڕانی دنیادا دەگێڕدرێن و پیشانی جەماوەری خەڵکیان دەدەن. ئەمەش چارەنووسی فەرماندەو سەروانەکانمانە!

ئاپۆڕاکە هاڕوژا. بۆ ماوەیەک ئارامی و بێدەنگیەکی وەکو ئارامیو کپی بەر لە تۆفان، باڵی بەسەر سەرانسەری کەنارەکەدا کێشا، ئەوجا لە پڕ، وەکو بڵێی بەندی زمانیان کرایەوە، هەموو بە جارێ هاتنە قسان و غەڵبە غەڵب باڵی بەسەر سەرانسەری کەنارەکەدا کێشا!

– چۆن؟ یانی جولەکان کێڵسای مەسیحیان بەکرێ بگرن! کەشیشانی کاتۆلیک، مەسیحیانی ئەرتەدۆکس لە عەرەبانەکانیان ببەستن! ئەو جۆرە رەفتارە دەگەڵ فەرماندەو سەروانانی قۆزاقیدا بکرێت! نەخێر، نەخێر، نابێ شتی وا قەبووڵ بکرێت!

ئەم قسانە وەکو ئاگری نێو پوش بە سەرانسەری کەناری ڕوبارەکەدا بڵاودەبووەوە. زاپاروژیەکان، تەواو هاڕوژا بوون. بەڵام ئەم هاڕوژانە هەر هاشوهوش نەبوو. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە بەردەباری و سەنگینی و خوێنساردی ناسرا بوون و، هەموو ئەوانەی کە بە ئاسانی دەهری نەدەبوون و هەموو ئەوانەی کە دەیانتوانی ئاگری ناخیان بە کرِی و کپی تەحەمول بکەن، هەر هەموویان هاتنە جۆش و خرۆش. هاوار لە نێو حەشاماتەکەوە بەرز بووەوە:

– جولەکەکان لە سێدارە بدەن! بۆ هەفتا پشتیان تەمێیان بکەن کە نەخەڵەتابن لە جبەی کەشیشانی ئێمە تەنورە بۆ ژنەکانیان دروست بکەن! تەمێیان بکەن کە جارێکی دی زاتی ئەوە نەکەن نیشانانی خۆیان بە نانی پیرۆزی جەژنی پاکی ئێمەوە بنەن! دەبێ هەر هەموو ئەم بێ دینانە بخرێنە ڕوباری دەنیپەڕەوە!

ئەو قسانە وەکو بروسکە بە ناو تێکڕای حەشاماتەکەدا بڵاوبووەوە و خەڵکەکە بە مەبەستی قەتڵ و عامی جولەکەکان بەرەو دەوروبەری ئۆردوگای سچ هێرشیان برد.

ڕۆڵە بەلەنگاز و بێنەواکانی جولەکە، بە جارێ نەترەیان بەردا، چونکە لایان عەیان بوو ئەگەر لە نێو بۆشکە بەتاڵەکانی گارلکادا یان لە نێو سۆپادا، خۆ بشارنەوە یان خۆ لە ژێر کراسی ژنەکانیشیاندا بشارنەوە، قۆزاقەکان هەر دەیاندۆزنەوە و دەریان دێنن.

کابرایەکی درێژ داهۆڵی، باریک و بنێسی جولەکە، کە هەر لە دارتەل دەچوو، بەوپەڕی ترس و لەرزو شپرزەیی و پەشۆکاوی لە نێو ئاپۆڕای جولەکەکانەوە سەری دەرهێناو هاواری کرد:

- بەڕێزینە، بەڕێزینە! بە یارمەتیتان، تکایە ڕێم بدەن یەک قسە، تەنیا یەک قسەتان پێ بڵێم! هەواڵێکی زۆر گرینگمان پێیە، لەوە گرینگتر کە تەسەور بکرێت!

تاراس بۆڵبا کە هەمیشە حەزی دەکرد گوێ لە قسەی تاوانبار بگرێت ئەوسا داوەری بکات، گوتی:

- ڕێی بدەن با قسەکەی بکات.

کابرای جولەکە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هاتە قسان:

- بەڕێزینە! سەرانی جوامێری قۆزاقان، باوەڕبکەن دنیا خەڵکی باشی وەکو ئێوەی بەخۆوە نەدیتووە! بەزاتی خوا بەڕاستمە دنیا هەرگیز خەڵکانی وەکو ئێوە باش، میهرەبان، دلۆڤان، جوامێرو دلاوەرو دلێری بەخۆیەوە نەدیتووە. ئاخر چۆن دەکرێت ئێمە نیازمان بەرانبەر بە زاپاروژیان خراپ بێت! ئەوانەی کە لە ئۆکراینیدا ئیجارەداری دەکەن لە خێڵی ئێمە نین! بەزاتی خودا لە ئێمە نین، نەک هەر لە ئێمە نین بگرە جولەکەش نین! مەگەر شەیتان بزانێ کێن! ئەوانە تەنیا هی ئەوەن تفیان لە چارە بکرێ و فەرامۆشیان بکەی. لە هەموو ئەمانەی ئێرە بپرسن بزانن وایە یان نا! ئەرێ شلۆما، ئەشمۆل، وا نیە؟ ڕاست ناکەم؟ شلۆماو ئەشمۆل، کە ڕەنگیان وەکو گەچ سپی بوو، لە نێو ئاپۆڕاکەوە بەرسڤیان دایەوە:

- بەزاتی خوا خیلافی نیە، چۆنی دەڵێت وایە! ئێمە هەرگیز هاودەستی دژمنانی ئێوەمان نەکردووە.

یارۆی جولەکەی درێژ داهۆڵ، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- ئێمە تا ئێستا دۆستایەتی دژمنانی ئێوەمان نەکردووە. سەبارەت بە کاتۆلیکان، قەت حەزمان لە دۆستایەتی و ناسینیان نەبووە، لەگەڵ شەیتانا بە نەحلەت بن! ئێمە دەگەڵ زاپاروژییاندا وەکو براین....

لەم بەینەدا یەکێک لە نێو حەشاماتەکەوە هاواری کرد:

- چی؟ زاپاروژیەکان برای ئێوەن؟ دەتانەوێ زاپاروژیەکان ببنە براتان؟ شتی وا بە چاو نابینن، ئێوە جولەکەی نەفرەتین! کوڕینە، تێیان هەڵدەن بۆ دەنیپەڕ، پێویستە ئەم بێ دینانە،هەر هەموویان بخرێنە دەنیپەڕەوە!

ئەم قسانە، وەکو کۆدی فەرمانی هێرش بوو. هەر قۆزاق بوو لە پیلی جولەکە دەنەوی و توڕی دەدایە ڕوبارەکەوە. هەر هاوارو فریادی دڵتەزێن بوو کە لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوەو لەو دەڤەرەدا دەنگی دەدایەوە، کەچی زاپاروژییانی دڵڕەق، کە لاقی ئەوانیان دەبینی بەپاو پێڵاوو گۆرەوییەوە، لە ناو ئاوەکەداو بە دەم شەپۆلانەوە سەمای دەکرد بێ خەم و خەیاڵ لە کانگای دڵەوە، لە قاقای پێکەنینیان دەدا.

قۆزاقەکان، لە شاقەلی کەواکەی کابرای جولەکەی درێژ داهۆڵ، کە بەو قسانە بووە باعیسی سەری خۆی، نەوین و بەرەو ڕووبارەکە بکێشیان کرد، کابرا خۆی ڕاپسکاند، کەواکەی لەبەر داکەندرا، بە تۆی کراسێکی درێژی بێ قۆڵی، گوڵداری، تەنگەوە مایەوە، خۆی هاویشتە سەر لاقانی تاراس بۆڵباو بە دەنگێکی کزو خەمناک کەوتە پاڕانەوە.

- جەناب، قوربان، من برایەکەی تۆ، (داروش)ی ڕەحمەتیم دەناسی، نێوانمان خۆش بوو! داروش تاجی سەرو مایەی شانازی تێکرای جەنگاوەران بوو! کاتێ کە تورکەکان بەدیلی گرتیان، من هەشت سەد سکەی (بیزانسی)م دا کە ئازاد بکرێت!

تاراس بۆڵبا پرسی: - تۆ برایەکەی منت دەناسی!

- بە زاتی خوا دەمناسی! بەڕاستی پیاوێکی جوامێر بوو!

- باشە تۆ ناوت چیە؟

- یانکل.

تاراس بۆڵبا گوتی: - دەی باشە.

پاشان کەمێک دەبیرەوە چوو و ڕوو لە قۆزاقەکان گوتی:

- ئێوە هەر کاتێ بتانەوێ دەتوانن ئەم جولەکەیە بگرن و هەڵیواسن، ئەمجارە بە منی ببەخشن.

تاراس بۆڵبا دوای ئەو قسانە کابرای برد بۆ لای گالیسکەو پیاوەکانی خۆی و گوتی:

- دەی باشە، خێرا خۆت وەژێر یەکێک لەم گالیسکانەدا بکە، لەوێ راکشێ و جوڵە نەکەی، ئێوەش برادەران ئاگاتان لەم جولەکەیە بێت.

تاراس بۆڵبا، ئەو قسەیەی کردو پاشان بەرەو مەیدانی ئۆردوگای سچ ڕۆیی، کە ئاپۆڕاکە مودەتێک بوو هەموو لەوێندەر خڕ بوو بوونەوە. قۆزاقەکان بە پەلە بەلەمەکانیان چۆڵ کرد بوو و لە کەنارەکە دوور کەوتبوونەوە، چونکە مەسەلەی هێرشی دەریایی لە ئارادا نەمابوو، بەڵکو گۆڕا بۆ لەشکرکێشی زەمینی، قۆزاقەکان دەبوایە لە جیاتی بەلەم و کەشتی، ئەسپو گالیسکە ئامادە بکەن.

ئێستا، هەر هەمووان، چ پیرو چ لاو، خوازیاری ئەوە بوون کە لەم لەشکرکێشییەدا بەشداری بکەن. چ لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای سەرانی قۆزاقانەوە، چ لەلایەن سەربازگەکانەوە، چ لەلایەن فەرماندەی گشتی گیردیاکەوەو چ بە ناوی سەرانسەری ئۆردوی زاپاروژییەوە بڕیاردرا کە لەشکری قۆزاقان یەکسەری هێرش

بۆ سەر پۆڵۆنیا بەرنو تۆڵەی ئەو هەموو سووکایەتیەیان لێبکەنەوە کە سەبارەت بە خۆیانو مەزەبی ئەرتەدوکسی و کەرامەت و شانازی قۆزاقیان کردبوویان، هەروەها دەستور بە قۆزاقیان درا کە شاران تالآن بکەن، دێهات و باژێڕۆکان و خەلەو خەرمانیان بسووتێنن و ناو و ناوبانگی قۆزاقی لە سەرانسەری ئەو سەر زەمین و دەشتە بێ کۆتاییەدا بەرزبکەنەوە.

قۆزاقەکان، هەموو لەوێ، لە مەیدانی ئۆردوگای سچ دا خۆیان ئامادەو تەیار کرد، ئەسپابی شەڕیان بەست. فەرماندەی گشتی قۆزاقان، گیردیاک، کە دەتگوت بالآی بستێک بەرزتر بووە. ئیدی هەرگیز لەو فەرماندە محافەزەکارەی پێشوو نەدەچوو کە مەجبور بوو خواستە شێتانەکانی قۆزاقانی سەرکێش و سەرەڕۆ جێبەجێ بکات — نا بە هیچ جۆرێ لەو فەرماندەیەی پێشوو نەدەچوو. هەنوکە فەرمانڕەوایەکی بەدەسەڵات و فەرماندەیەکی دکتاتۆر بوو کە حوکم و فەرمانی دەبوایە بێ چەندو چوون جێبەجێ بکرێت. هەموو جەنگاوەرانی قۆزاق، بەریز وەستا بوون، لە ڕووی رێزو حورمەتەوە سەریان دانەواند بوو و زاتی ئەوەیان نەدەکرد کە چاو هەڵبڕن و لە کاتێکا گیردیاک قسەی بۆ دەکردن و فرمانی دەدا، تەمەشای بکەن.

گیردیاک، نەیکرد بوو بە هات و هاوار، بە کاوەخۆ قسانی دەکرد، دەماوەری نەدەکرد، وەکو فەرماندەیەکی پڕ ئەزموونی کارامە، کە زۆر جاران بە نەخشە دروست و وردەکانی خۆی، سەرکەوتنی بۆ خێڵی قۆزاقان مسۆگەر کردبێت، فەرمان و دەستوورەکانی، بە هێمنی پێ دەگوتن:

- گوێ بگرن، هەمووتان گوێ بگرن! گالیسکەکان توندو تۆڵ بکەنەوە، چەکەکانتان تاقی بکەنەوە. پۆشاکی زیاد دەگەڵ خۆدا مەبەن، یەکی یەک کراس و دوو شەڕواڵ بەسە. سەبارەت بە خۆراک، بڕێک سالامات*و هەندێ گەنمە شامی هاڕدراو دەگەڵ خۆدا بەرن. جگە لەوانە نابێ هیچی دی دەگەڵ خۆدا بەرن.

گالیسکەکان پڕ بکەن لە ئازووقەو هەر پێویستیەکی دی. هەر قۆزاقیەک دەبێ دوو ئەسپی پێ بێ. پێویستمان بە دوو سەد گاجووت هەیە، بۆ پەڕینەوە لە ڕوباران و قوپی و زەلکاوان. لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە نەزم و نیزامی لەشکرەکە بپارێزرێت. کەس شرەخۆری نەکات، چاوتان لە ژنان نەبێت، ئەگەر چەکتان، چەکی باش ها، دەسکەوت بیبەن، پارەو زیوو ئەو شتانە قەیدی نیە، چونکە هەم گرینگەو هەم هەڵگرتنی سووکە. جا با پێشەکی ئەوەشتان پێ بڵێم کە هەر کەسێک لە کاتی لەشکرکێشیدا بخواتەوەو بەد مەستی بکات، ئەگەر دلێرترین و عەگیدترین قۆزاقی ئەم لەشکرەش بێ، وەکو سەگ پەتی دەکەم و لە گالیسکەیەکی دەبەستم، و یەکسەر تیربارانی دەکەم، وەکو سەگ دەی توپێنم و بەبێ کفن و دەفن لەو گۆڕەی فڕێ دەدەم، با قەلو داڵ بیخۆن. چونکە هەر کەسێک لە کاتی لەشکرکێشیدا مەستیو بەدمەستی بکات، شایستەی کفن و دفنی مەسیحیانە نییە. ئێوەش گەنجانی

قۆزاقی، دەبێ لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی گەورەکانی خۆتان بن! ئەگەر لە کاتی شەڕدا، زامدار بوون، چ بە گوللەو چ بە شمشێر، زامەکە بەسەرتانەوە یان بە هەر شوێنێکی ترتانەوە بوو، زۆر بیری لێمەکەنەوە، باروتی فیشەکێک دەربێنن‌و بیکەنە جامێ عارەقەوەو تێکەڵی بکەن‌و بە یەک نەفەس هەڵیدەن، ئیدی عەلەمتان لێ نامێنێ. خۆ ئەگەر زامەکە زۆر گەورە نەبوو، تۆزێ گڵەسوور بکەنە دەستانەوەو بە تف بیگرنەوەو بینەنە سەر برینەکە، ئیدی زامەکە خۆ بە خۆ دەگیرسێتەوەو ساڕێژ دەبێتەوە. دەی ئێستا هەمووتان، بەبێ پەلە پەل، بچن بەلای کارەکانتانەوە.

بەو جۆرە گیردیاک وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکانی زاپاروژیە، کۆتایی بە قسەکانی هێناو ئیدی هەمووان لەو ساتەوە کەوتنە خۆ ئامادەکردن. ئیدی ئۆردوگای سچ هەر هەمووی وەهۆش هاتنەوە، تاقە قۆزاقێکی مەست لە سەرانسەری ئۆردوگاکەدا نەدەبینرا، لە تۆ وایە خواردنەوەو بادەنۆشی هەرگیزاو هەرگیز لە نێو قۆزاقیاندا باو نەبووە. هەندێ کەس تایەی گالیسکەکانیان چاک دەکرد، جماعەتێکی دی ئەکسلی گالیسکەکانیان دەگۆڕی، گروپێک، ئازووقەو چەک و تەقەمەنیان لە عەرەبانەکان بار دەکرد. هەندێکی دی ئەسپ و گاجووتانیان بەرەو ئۆردوگاکە داژۆت. دەنگی سمی ئەسپ و تەقوتۆقی تیرەندازی تاقیکردنەوەی تفەنگان، رینگ و هۆڕی شمشێرو ڕمبان، گابۆڕی گاجووتان، جم و جۆڵی گالیسکان، دەنگی گفتوگۆو فریادی قۆزاقان و جۆش و خرۆشی گالیسکەچیان، لە هەموو لایەکەوە بەرز بوو بووەوە.

زوو بە زوو کاروانی لەشکری قۆزاقیان بەو دەشتە پان و بەرینەدا ریزی بەست. لەشکر چ لەشکرێک، ئەوەندە زۆر بوو نەسەری دیار بوو نەبن. بەر لەوەی لەشکر بکەوێتە ڕێ، کەشیش لە کڵێسا دارینە چکۆلەکەی ئۆردوگای سچ دا، دوعای سەرکەوتنی قۆزاقانی خوێند، ئاوی پیرۆزی بە یەک بە یەکیاندا پڕژاند، قۆزاقەکان یەک بە یەک خاچەکەیان ماچ کرد. کاتێ کە لەشکرەکان کەتنە ڕێ و لە ئۆردوگای سچ وەدەرکەوتن، زاپاروژییەکان، هەموو ئاوڕی پاشەوەیان دایەوەو بە یەک دەنگ گوتیان:

– خوا حافیز دایکی میهرەبانمان! خوا لە هەر بەڵایەک بتپارێزێت!

تاراس بۆڵبا، کە بە سواری ئەسپەکەی بە نێو ئاوەدانی قەراخی ئۆردوگاکەدا ڕەت دەبوو، سەیری کرد، یانکل، جولەکە بێنەواکەی لەمەڕ خۆی، چاتۆڵێکی لە شێوەی دوکانچەیەکدا هەڵداوەو بەردە چەرخ و، سپانەو بارووت و، هەموو داو دەرمان و پێویستیەکی رێگای سوپاییان و تەنانەت نان و کولێرەش دەفرۆشێت.

تاراس بۆڵبا لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:– کە جولەکەیەکی چاو قایمە !

هەر بە سواری ئەسپەکەیەوە لێی نزیک بووەوەو گوتی:

- ئەرێ قەلپیاو، ئەوە تۆ چدەکەی لێرە؟ یانی دەتەوێ وەکو کۆترە کێوی ڕاوت بکەن؟

ئەنکل، بەدەم وەڵامدانەوەوە، هەندێ لێی نزیک بووەوە، بە هەردوو دەست کەوتە ئاماژان، وەکو ئەوەی بیەوێ، ڕازێک بدرکێنێ، گوتی:

- تکا دەکەم، قوربان، ئەم نهێنییە بە کەس مەڵێ، هەر بەینی خۆمان بێت، من گالیسکەیەکم هەیە، لە نێو گالیسکەی قۆزاقیەکاندایە، پڕە لە ئازووقەو هەر پێداویستیەکی دیکە کە قۆزاقەکان پێویستیان بێت. جا لە ڕێگادا هەر قۆزاقێک پێویستی بە هەر شتێک بێ بە هەرزانترین نرخ، کە هیچ جولەیەک تا ئێستا شتی وای نەکردبێت، پێی دەفرۆشم. بە زاتی خوا تەنیا ئەمەم مەبەستەو هیچی تر!

تاراس بۆڵبا، کە سەری لە زرینگی و هۆشیاری و تەبیعەتی کەسابەتدۆستی کابرای جولەکە سوڕما بوو، شانەکانی هەڵتەکاندو بە پەلە خۆی گەیاندە کاروانی لەشکرەکان.

*پەراوێز:*

** سالامات: ناوی جۆرە خواردنێکە.*

## فەسڵی پێنجەم

((٥ ))

زوو بە زوو باشووری ڕۆژاوای پۆڵۆنیا، لە ئاژاوەو ترسدا نقوم بوو. ئیدی لە هەموو شوێنێ باس هەر باسی ئەوە بوو کە: "زاپاروژییان، زاپاروژییان هاتوون!" هەر کەسێک بیتوانیبا هەڵێتو خۆی رزگار بکات، هەڵدەهات. ئیدی هەراو هەنگامەو ئاژاوەیەک بوو کەس بە کەس نەبوو، کەس لە خەمی قوللەو قەڵاتو ماڵ نە بوو، خەڵکی بە هەر پەناو کەپرو کەوێڵێک قاییل دەبوون. ترسی هێرش و پەلامارو تاڵان و برۆی زاپاروژییان بە جۆرێ بەسەر خەڵکیدا زاڵ بوو بوو، هەموو شپرزەو پەریشان بە ناچاری ماڵەکانی خۆیان بەجێدەهێشتو خۆیان دەشاردەوە. خەڵکی شپرزەو سەرگەردان تێک ڕژا بوون، هی وا هەبوو گاجووت و هەوجارەکەی بە ئەسپێک و تفەنگێک دەگۆڕییەوەو لەو ناوە دوور دەکەوتنەوە تا پەیوەندی بە یەکە سوپاییەکانەوە بکەن، هەندێکی دی پەزو ماڵاتەکەیان وەپێش دەداو هەر شتێک کە سووکەڵە بوایەو قابیلی بردن بوایە، دەگەڵ خۆدا دەیانبردو بەرەو شوێنێک هەڵدەهاتن. هەندێکی دیکە لەو هەڵاتوانەی کە چەکیان هەبوو، کاتێ کە بە جادەو ڕێوبانەکاندا تێدەپەڕینو تووشی زاپاروژیەکان دەبوون، دەستیان دەکردەوەو بەرەڤانیان دەکرد، بەڵام دوای پێکادانێکی کەمخایەن دەکوژران، زۆربەی ئەوانەش، پێشوەختە هەڵاتبوون. چونکە دەیانزانی ڕوو بە ڕووبوونەوەی خەڵکانێک کە لە شەڕو شۆڕو پێکادانی هەمیشەییدا خارابوون و لە هەموو شوێنێکدا بە ناوی لە شکری زاپاروژییانەوە ناسرا بوون، وێڕای هەموو بێ نەزم و نیزامیەکیان، لە کاتی شەڕدا دەبوون بە نێرویەکی ڕێک و پێکی جەنگی، کارێکی یەجگار دژوارو بێفایدەیە.

سوارانی قۆزاق، بێئەوەی گوشار لە ئەسپەکانیان بکەن یا ماندوویان بکەن، ڕێیان دەکرد. پیادەکان، چالاک و چەلەنگ، هوشیارو وریا لە دوای گالیسکەکانیانەوە ڕێیان دەکرد. تێکڕای لەشکرەکە، تەنیا بە شەوان پێشڕەوی دەکرد. بە ڕۆژەوە، لە شوێنانی چۆڵو دوور لە ئاوەدانی ئیسراحەتیان دەکرد. بەڵام هەمیشە پێشەنگ و قاسیدانیان لە پێشەوە دەنارد، تا شوێن و وەزع و حاڵی دژمن شناسایی بکەن، بۆیە زۆرجار ڕێدەکەوت کە قۆزاقەکان لە شوێنی واوە سەریان دەردێنا کە کەس تەسەوری نەدەکرد، جا لەم حاڵەتانەدا قڕیان دەخستە خەڵکی ئەو ناوچانەو لە ڕەگ و ریشەیان دەنیشتن. گوندو دێهاتەکانیان دەسووتاند. لەشکر چەندی لە ڕان و پەزو ئەسپان پێویستبا بە تاڵانیان دەبردو ئەویتریان هەر لەوێ سەر دەبڕین. جا ئەم کارەی قۆزاقەکان، زیاتر لە ئاهەنگ و کەڕەنەڤاڵێکی خوێناوی دەچوو تا لە هێرش و پەلاماری سوپایی بچێت. جا پیاو کە ئێستا دیمەنی ئەو ڕووداوە ترسناک و خوێناوی و دوور لە هەر بەزەییەکی مرۆڤانی ئەو سەردەمە نیمچە هۆڤیەی کە زاپاروژیەکان لەو ناوچانەدا بەرپایان کردووە، دێنێتە بەرچاوی خۆی مچوڕەکەی بەلەشا دێت. منداڵی ساوایان لە ژێر دەست و پێیاندا دەپلیشانەوە،

مەمکی ژنانیان دەبڕی، پیاوانیان دەستگیر دەکرد، پێستی پێیان تا ئەژنۆ دەگروو و، بەو حاڵەوە ئازادیان دەکردن. ئیدی وەکو ئەوە بوو قۆزاقان بەو جۆرە، قەرزی کۆنی خاوەن قەرزان بدەنەوە. کە پەلاماری هەر شوێنێکیان دەدا بەشی ئاشتیان تیا نەدەهێشتەوە.

بۆ نموونە یەکێک لە سەرانی دێرەکان کە بە نزیکبوونەوەی قۆزاقەکان دەزانێ، دوو کەس لە کەشیشانی دێرەکە بۆ نک وان دەنێرێ تا پێیان بڵێن کە هەڵوێست و ڕەفتاری وان پەسند نیە، چونکە قەراردادو پەیمانی ئاشتی لە نێوان زاپاروژییان و دەوڵەتی پۆڵۆنیدا هەیەو ئەم کارە نەک هەر پێشێلکاریە بەرانبەر بە پاشا، بەڵکو پایەماڵکردنی مافی خەڵکیشە.

کوشیفوی قۆزاقەکان، لە وەڵامی ئەو پەیامەدا دەڵێت:

- لە زمانی من و لە زمانی هەموو زاپاروژییەکانەوە بە سەرۆکی دێر بڵێن، هیچ خەمی نەبێ، ترسی هیچ شتێکی نەبێ، هێشتا هیچ شتێک ڕووی نەداوە، قۆزاقەکان، ئاگرێکیان کردووەتەوە، تا بە پەلە سەبیلەکانیان پێبکەن. یەکسەر ئاگر لە هەر چوارنکالی دێرە جوانەکەوە بەرزبووەوە، جووتە پەنجەرەکەی دێری تاین، لە نێو گڕو بڵێسەی ئاگرەکەوە وەکو جووتێ چاوی لێڵ و ترساو تەمەشای دەرێیان دەکرد. ئیدی کاروانی ئاواران، چ کەشیشان، چ جولەکان و چ ژنان، لە پڕ سەری کرایەوەو بە ئومێدی رزگار بوون، ڕوویان کردە ئەو شارو ئاوەدانیانەی کە سەربازگەو بەرخودانیان تێدا بوو، بەڵکو بیانگرنە خۆو بیان پارێزن.

حکومەتیش هەندێجار بە درەنگەوە، چەند مەفرەزەیەکی سەربازی بۆ کۆمەکیان دەنارد کە یان تووشی لەشکری زاپاروژیەکان نەدەبوون، یان لە یەکەم تەقەوە ورەیان بەردەداو بە سواری ئەسپە ڕەهوان و خۆشبەزەکانیان تێیان دەتەقاندو هەڵدەهاتن.

جاری واش هەبوو کە ژمارەیەک لە فەرمانده سوپاییەکانی پاشا، کە لە هەندێ شەڕی پێشترا هەندێ سەرکەوتنیان بە دەست هێنا بوو، لێدەبڕان کە هێزەکانی خۆیان یەکبخەن و ڕووبە ڕووی زاپاروژییەکان ببینەوە. لەم جۆرە هەڵوێستانەدا بوو کە قۆزاقە گەنجەکان، ئەوانەی کە چاویان لە تاڵان و بڕۆو شەڕو کوشتاری دژمنی لاوازو بێ توانا نەبوو، دەیانویست بچنە شەڕی تەن بە تەنی سوپاییەکی چاپک و چەلەنگ و لە خۆڕازی پۆڵۆنیەوەو خۆیان لەبەر چاوی قۆزاقیانی دنیادیدەی غاراوی شەڕو شۆڕان، بنوێنن و ڕەزامەندی وان بە دەست بێنن. ئەم قۆزاقە گەنجانە زۆر زوو فەندو فێڵانی شەڕ فێربوون، چەندین دەسکەوتی گەورەیان لە زینی ئەسپان و شمشێران و تفەنگێن عال و گرانبەها بەدەست هێنا، ئەم فەرخە تازە باڵگرتووانە لە ماوەی یەک مانگدا، تەواو گۆڕان، بوون بە پیاوی مەیدان. سیمایان کە

تا ئەو کاتە جۆرە نەرمی و ناسکییەکی مندالآنەی پێوە دیار بوو، لە پڕ گۆڕا، بوو بە سیمایەکی سەختو و بە سام و ترسناک.

تاراس بۆڵبا کە دەی بینی کوڕەکانی لە ڕیزی پێشەوەی باشترین و دلاوەرترین لاوانی لەشکری زاپاروژیانەوەن، زۆر شادو خۆشحاڵ بوو. کە تەمەشای ئۆستاپی دەکرد، وای هەست دەکرد، کە لە ڕۆژی لە دایک بوونیەوە لە نێوچەوانی نووسرا بوو کە بۆ جەنگ و جەنگاوەری و مەیدان و مەیدانداری خوڵقاوە. ئۆستاپ، لە هەر هەڵویستێکدا، بێئەوەی بپەشۆکێ، یان خۆی شپرزە بکات، بەوپەڕی ساردی و خوێنساردی، کە هەرگیز لە گەنجێکی بیست و دوو ساڵان نەدەوەشایەوە، دەیتوانی یەکسەر، هەموو لایەنێکی چاک و خراپی ئەو واقیع و ئاستەنگە تاوتوێ بکات کە دەهاتە ئاراوەو، بە جۆرێ مامەڵەی لە تەکدا بکات، کە لە ئەنجامدا بە قازانج و سەرکەوتنی خۆی بشکێتەوە.

ئیدی متمانەو ئەزمووونداری لە هەموو جم و جۆڵێکی ئەودا بەدی دەکرا. نیشانە و تایبەتمەندی فەرماندەیەکی ئایندە، بە سەرو سیماو رەفتاریەوە خۆ نوێنی دەکرد. لەش و لارێکی تۆکمەو بەهێزو جەنگاوەرانەی ئەوتۆی هەبوو لە تۆ وایە شێرە.

تاراس بۆڵبای پیر لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئەم ئۆستاپە، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێت بە فەرماندەیەکی زۆر باش. بەڵێ، خوا شایەدە دەبێ بە فەرماندەیەک ئەمما فەرماندە، فەرماندەیەک زۆر بالآتر لە بابی.

ئەفسوونی مۆزیقای گوللەو ئاهەنگی شمشێران ئاندرێشی گرتبوو. کە دەکەوتە شەڕەوە، ملی پێوە دەنا، هیچ حیسابێکی بۆ هێزی خۆی و دژمنەکەی نەدەکرد، کە دەکەوتە گەرمەی کێشماکێشی شەڕو پێکادانەوە، هەستی دەکرد جۆرە جەزمەیەکی هۆڤیانە دەیگرێت. هەستی دەکرد کە مێشکی گڕ دەگرێت، هەموو شتێک بە بەر چاویەوە وەکو بروسکە دێت و ئاوێتە دەبن، هەر سەری زەلامەو بەم لاو بەولادا دەپەڕێ، هەر ئەسپەو لێرەو لەوێ دەکەوێت و، ئەویش وەکو پیاوێک کە مەستی مەست بێت، بە نێو گیزەی گوللەو بریسک و هۆڕی شمشێرانەوە، بە چەپ و ڕاستا دەستی دەوەشاندو بێگوێدان بە ئاگر بارانی گوللە کە وەکو باران بەسەریا دادەباری، بێباک ملی دەناو پێشڕەوی دەکرد. هەر هەموو ئەم دیمەنانە بۆ ئاندرێ و لە نک وی، وەکو گەمەو زیافەتێکی بە شکۆ دەهاتنە بەرچاو.

تاراس بۆڵبا کە دەیبینی ئاندرێ بەو جۆش و خرۆشەوە، بەو سۆزو گودازەوە، بەجۆرێ مل بە شەڕەوە دەنێ و خۆی بە مەترسیانی ئەوتۆدا دەدا کە هیچ کەسێکی خوێنساردو ئەقڵمەند، ئەو زات و جورئەتەیان نەدەکردو پەڕجووی وای دەنواند کە جەنگاوەرانی کارامەو ئەزمووونداری سەرسام دەکرد — دەحەپەساو لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئاندرێش، شەڕڤانێکی چاکە. خوا ڕاوەستاوی بکات، هیچ دژمنێک دەرۆستی نایەت! هەڵبەتە لە ئاستی ئۆستاپدا نیە، لێ شەڕڤان و جەنگاوەرێکی چاکە!

لەشکری قۆزاقان، بڕیاری دا، یەکسەر بەرەو شاری (دۆبنۆ) هێرش بەرێت، چونکە وا باو بوو کە ئەم شارە پڕە لە گەنجینەو شتی بە نرخ و خەڵکەکەی زۆر دەوڵەمەندن. ئەم لەشکرکێشیە رۆژو تاقێکی خایاند، زاپاروژیان گەیشتنە بەردەم شار. دانیشتوانی شار بڕیاریان دا تا دوا هەناسە بەرگری و داکۆکی لەشار بکەن، لێبڕا بوون هەر هەموویان لە مەیدان و شەقامەکانی شارا، لەبەرماڵەکانی خۆیاندا بکوژرێن، بەڵام رێگا بە دژمن نەدەن، ماڵەکانیان داگیربکات. حەسارێکی گڵی بەرز بە چوار دەوری شارا ڕاکێشرا بوو. لە هەر شوێنێکا دیوارەکە نزم بوایە، بە بەرد هەڵیان دەچنی، یان ماڵێکی ئەو نزیکانەیان وەکو قوللەو بورج بە کار دەبرد، یان هەر هیچ چارێکیان نەبوایە، دار بەڕوویان دێنا، نوکەکەیان تیژ دەکردو وەکو چەپەرو پەرژین لەو شوێنەیان دادەچەقاند. سەربازخانەکەی شار زۆر بە هێز بوو، زۆر بە چاکی ئەرکی خۆی دەزانی. زاپاروژیەکان ویستیان بە حەسارو دیوارەکاندا سەربکەون، بەڵام ڕووبە ڕووی دەسرێژی توندی گوللە بوونەوە. دیاربوو کە دانیشتوانی شاریش، نەیان ویستبوو تەنیا دەوری تەمەشاڤان بدینن، بۆیە لە پشت حەسارو سەنگەرەکانەوە خۆیان لە بۆسە نابوو، بەڵام بە چاویانا دیار بوو کە داکۆکییەکی نا ئومێدانە دەکەن. هەڵبەتە ژنانیش لێبڕا بوون کە بەشداری شەڕیکەن و داکۆکی لە شارەکەیان بکەن، ئەوانیش هاتنە دەست، هەرچیەکیان، لە دارو بەردو بۆشکەو بەرمیل و مەنجەڵ و ئاوی گەرم و قیرِی تواوەو، کیسە چەوو لم، بە دەستەوە دەهات بەسەر زاپاروژیەکانیاندا هەڵدەڕشتو شپرزەیان دەکردن. زاپاروژیەکان حەزیان نەدەکرد بەگژ قەڵایەکی سەختا بچن، خۆ ناشکرێ هەر بەو دەقەوە دەوری شار بدەن. کوشیفوی زاپاروژییان، فەرمانی دا کە پاشەکشە بکەن و گوتی:

- گەلۆ گوێ مەدەنێ با پاشەکشە بکەین، بەڵام پیاو نەبم، لە تاتاریەکی بێ دین کەمتر بم، لە مەسیحیەت بێ بەری بم. ئەگەر بێڵم تاقە نەفەرێکی خەڵکی ئەم شارە بە سەلامەتی و بە زندوویەتی دەربچێت! لێگەڕێن با وەکو سەگ لە برسا بمرن!

لەشکری قۆزاقان پاشەکشەیان کرد، لە هەموو لایەکەوە دەوری شاریان گرت، قۆزاقەکان لەبەر بێکاری کەوتنە وێران کردن و سووتاندنی گوندو ئاوەدانی و خەلەو خەرمانان، ڕەوە ئەسپیان بەرەڵڵای ناو مەزراو تەبارە گەنمان دەکرد کە ئەو ساڵە هاتە ساڵ بوو ئەمما هاتە ساڵ، خەڵکی شار لە سەر حەساری شارەوە بەوپەڕی ترس و نیگەرانییەوە، تەماشایان دەکرد کە چۆن سەرچاوەی ژیانو گوزەرانیان پایەماڵ دەکرێ و لە نێو دەبرێت. زاپاروژیەکان، گالیسکەکانیان، بە دوو ریز، بە دەوران دەوری شارا، ریز کرد. بە خۆشیان وەکو چۆن لە ئۆردوگای سێچ دا باو بوو، بەسەر چەندین سەربازگەدا دابەش بوون، ئیدی لەو سەربازگانەدا یان سەبیلیان دەکێشا، یان ئەو چەکانەیان لە بەینی خۆدا

دەگۆڕییەوە کە تالآنیان کردبوو، یان بۆ خۆ خەریکی گەمەو یاری جۆراو جۆر دەبوون و بەکاوەخۆ، بە خوێنساردییەکی کوشندەوە، دەیان ڕوانییە شار. شەوان ئاگری چاودێرییان دەکردەوە. لە هەر سەربازگەیەک، ئاشپەز لە مەنجەڵی گەورەی مسدا خواردنی بۆ قۆزاقەکان لێدەنا. ئێشکچی و پاسەوانان، بەدیار ئاگرەکانەوە کە بە درێژایی شەو دەسووتان، ئێشکیان دەگرت.

بەڵام زاپاروژیەکان، هەر زوو لەبەر بێکاری تاقەتیان چوو. بۆیە بە دەستووری کوشیفوی ئەو مەشروبەی لە کاتی بێکاری و نەبوونی شەڕدا، هەندێجار بە ئەندامانی لەشکر دەدراو ڕێگەیان دەدرا بیخۆنەوە، کرا بە دوو بەرانبەر. بەڵام ئەم ژیانە بە دڵی گەنجانی قۆزاقی نەبوو، بە تایبەتی کوڕانی تاراس بۆڵبا. ئاندرێ بە عالەمی ئاشکرا بێزار بوو. بۆیە تاراس بۆڵبا لێبڕا ئامۆژگاری بکات و گوتی:

- هەی سەر شێت! مەگەر نەت بیستووە کە پێشینان گوتوویانە "ئەی قۆزاقی، ئەگەر سەبرت بێ، دەگەیە پۆستی فەرماندەیی." شەڕڤان و جەنگاوەری باش ئەوە نییە کە لە تووشترین شەڕا نەپەشۆکێ، بەڵکو جەنگاوەری باش ئەو کەسەیە کە لە بێکاریشا بێتاقەت نەبێ، سەبرو حەوسەڵەی هەبێت، تەحەمولی هەر پێشهاتێک بکات و ئەنجام بە مەبەست و مەرامی خۆی بگات.

بەڵام سەرباری ئەم ئامۆژگاریەش، زۆر زەحمەت بوو، تەبیعەتی پڕ جۆش و ئاگرینی بابایەکی گەنج دەگەڵ پیرەمێرێکی دنیا دیدەدا تێکبکاتەوە. هەر یەکەیان تەبیعەتێکی جیاواز لەویتری هەبوو: بە دوو چاوی جیاواز دەیانڕوانیە یەک شت.

لەم بەینەدا تیپەکەی تاراس بۆڵبا بە سەرکردایەتی توکاچ، هاوڕێ دەگەڵ دوو سەروان و کاتبەو ئەفسەرانی دیکەی تیپەکەدا خۆیان گەیاندە لەشکری قۆزاقان و بەمجۆرە ژمارەی لەشکری قۆزاقی، گەییە چوار هەزار شەڕڤانی دڕ، کە ژمارەیەکی زۆر شەڕڤانی خۆبەخشیان تیا بوو، ئەمانە کە بە شەڕەکەیان زانی بوو، خۆبەخش و بێئەوەی کەس ناچاریان بکات، بە خوایشت و ئارەزووی خۆیان بۆ شەڕەکە هاتبوون. دایکە پیرەکەی کوڕانی تاراس بۆڵبا، جگە لە دوعای خێری دایک، سەرو ئیکۆنەی دار سەرووی دێری میزیگورسکی کییفیشی بە دوو سەروانەکەدا بۆ کوڕەکانی نارد بوو. ئۆستاپ و ئاندرێ وێنەکانیان لە مل کردو دایکە پیرەکەیان وەبیر هێنایەوەو بۆ چەند ساتێک لە فکران ڕاچوون:

- ئاخۆ دوعای دایک چ ئاقیبەتێکی بۆ خواستبن؟ هیوای سەرکەوتن بەسەر دژمن و گەڕانەوە بۆ زاگەو زێدی باب و باپیران، بە دەسکەوتی زۆرو بەو سەرکەوتنە پڕ شانازیانەوە کە سازڤانان بە دەم ژەنینی باندوراوە، بە گۆرانی دەیڵێن و بۆ هەتا هەتایە دەبێ بە داستانی سەرزاران و لە بیر ناچنەوە؟ یان...

بەڵام ئایندە نادیارە، ڕێک وەکو ئەو تەم و مژە سخ و چڕە پایزییەیە کە لە زۆنک و زەلکاوو باتلاخانەوە هەڵدەستێ، وپیاو چەند هەوڵ دەدات ئەو دیوی تەم و مژەکەی لێدیار نابێت. تەیروتو بە

ناوی دەکەون، کوێرانە باڵ لێکدی دەدەن و وێڵ و سەرگەردان بەم لاو بەولادا دێن و دەچن. ئیدی یەکدی نابینن، نەباز کۆتر دەناسێتەوە و نە کۆتر، باز... دەبینێ. شتاقیان نازانن چەند لە ئەجەلی خۆ دوورن و چۆن لێی هەڵێن...

ئۆستاپ، ماوەیەکی زۆر بوو، کە بۆ بەسەر بردنی شەو، بۆ سەربازگەکەی خۆی ڕۆیی بووەوە. ئاندرێ بێئەوەی بزانێ بۆ، هەستی دەکرد دڵی تەنگە، هەرچەند بەتلێکی شەو ڕۆیی بوو، بەڵام پێی ڕێی دانە دەگرت بۆ سەربازگەکەی خۆی بگەڕێتەوەو خەویشی نەدەهات، بەڵام ڕەق ڕاوەستا بوو و تەمەشای دیمەنی سیحر ئامێزی شەوی دەکرد، کە لە بەردەمیا ڕاکشا بوو. ئاسمان وەک بە بار ئەستێرەی پێ وەرکرا بێ، چریسکە چریسک پرشنگی دەدا. گالیسکە، بە باری جۆرەها دەسکەوت و ئازووقەوە کە لە دژمنیان گرتبوو، بەشی هەرە زۆری ئەو دەشتەیان داگیرکردبوو. زاپاروژیەکان، هەموو لە دەوروبەرو ژێر گالیسکەکان، لەسەر سەوزەگیاکان ڕاکشا بوون و خەویان لێکەوتبوو. ئیدی سەریان نابووە سەر کیسەیەک یان کڵاوێک، هەر قۆزاقیەک شمشێرو سەبیلە دەسک کورتە مس کفتەکەی و قوتووی بەردە چەرخەکەی خۆی بەلاوە بوو.

گاجووتە قورسەکان لەسەر چوارپەل پاڵکەوتبوونو لە تاوێرە بەردی بۆری پەراگەندەی قەد پاڵی کێڵگەو مەزرایان دەچوون. دەنگی پرخ و هۆڕی جەنگاوەران لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوەو تێکەڵ بە حیلەی ئەسپانی لە پێوەند بێزاری نێو کێڵگەو مەزراکان دەبوو.

بڵێسەی سورباوی ئەم ئاگرانەی کە هێشتا نەکوژابوونەوە، سام و شکۆو لە هەمان کاتدا ترسێکی سەیری بە جوانی شەو دەبەخشی.

ئالێرەدا دێرێکی سووتاوی ڕەش هەڵگەڕاو، وەکو ڕەبەنێکی کارتوزی* گرژو مۆن، پەست و غەمگین لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا بوو، لەگەڵ هەر پرتەوێکی ڕوناکیدا، شکۆی تاریکی خۆی دەنواند، لەولاوە باخی دێرەکە گڕی گرت، لە نێو چەڕە دووکەڵی ئاگردا، کزەکزی دەختەکان دەگەییە گوێ. دەگەڵ بەرزبوونەوەی بڵێسەی ئاگردا، لە پڕ هێشوە قۆخی کێویلەی گەییوو وەکو فسفۆر دەبریسکانەوە، یان هەڵوژەی زەرد، لێرەو لەوێ وەکو زێڕی خاڵیسە دەدرەوشانەوە.

لە ناو جەرگەی ئەم دیمەنانەدا، هەندێجار تارمایی ڕەشی جولەکەیەکی کڵۆڵ یان رەبەنێکی هەڵواسراو بە دیواری بینایەکەوە، یان بە لقی دارێکەوە، دەبینرا، کە دەگەڵ بیناکەدا دەبوو بە خۆراکی ئاگر. تەیرو توی تەرەو ئاوارە کە بەسەر ئەو ئاگرانەدا دەفڕین، لە دوروەوە لە کۆمەڵە خاچێکی چکۆلە دەچوون کە بەسەر مەزرایەکی ئاگردا بفڕن.

دیار بوو، شاری گەمارۆ دراو، لە غوڕابی خەوا بوو، بورج و سەربان، دیوارو حەساری شار، بە کاوە خۆ لەبەر تیشکی دووره دەستی سوتمانی بێ سەروبندا، دەلەرزی.

ئاندرێ بە دەوری ڕیزی گالیسکەی قۆزاقەکاندا ڕەت بوو، ئاگری کێشکچیەکان لە ئان و ساتا بوو کە بکوژێتەوە، کێشکچیەکانیش کە تێرو پڕ گەنمە کوتراوو گالوشکیان* خوارد بوو، بە دیار ئاگرەکانەوە خەویان لێکەوتبوو.

ئاندرێ، سەری لەم خەمساردی و بێ موبالاتیە سوڕما، قەدەرێ دەبیرەوە چوو: "خۆشبەختانە، دژمنێکی بەهێزو دڕ لەم نزیکانە نیەو مەسەلەکە جێی مەترسی نیە!" ئەنجام چوو بۆ لای گالیسکەیەک، سەرکەوتە سەری، لەسەر پشت ڕاکشاو هەردوو دەستی نانە ژێر سەری. بەڵام هەرچی دەکرد خەوی لێنە دەکەوت و ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە چاوی بڕییە ئاسمان، هەوایەکی ساف و سازگارو خۆشی هەبوو، ئاندرێ ناو بە ناو خەو زۆری بۆ دێناو وەنەوزێکی دەداو بۆ ساتێک ئاسمان لە چاوی ون دەبوو و پاشان دووبارە پەیدا دەبووەوە. لەم بەینەدا وای وێناکرد کە سیمایەکی مرۆڤانی غەریبی هاتە بەرچاو، ئاندرێ لە کاتێکا ئەمەی بە زادەی خەواڵویی خۆی دەزانی و پێی وابوو دەم و دەست دەڕەوێتەوەو نامێنێ، زیاتر چاوانی کردنەوە، سەیری کرد بەڕاستی سیمایەکی لەڕو لاوازی ماندوو بە سەریا دانەویوەتەوەو چاوانی بڕیونەتە دوڕ چاوانی ئەم. قژێکی درێژو یەجگار ڕەش، پەریشان و تێکرژاو لە ژێر سەر پۆشە رەشەکەیەوە هاتبووە دەرەوە. پرشنگی سەیرو غەریبی نیگای و، ڕەنگی هەڵبزرکاوی دەموچاوی، کە لە دەموچاوی مردوان دەچوو، لەوە دەچوو کە تاپۆو تارمایی بێ. ئاندرێ بێ ئختیار دەستی بۆ تفەنگەکەی برد، بە نیمچە لەرزینێکەوە گوتی:

- تۆ کێی؟ ئەگەر روحێکی ناپاک و بەدنیازی، لاکەوە لەبەر چاوم. ئەگەر بەشەری ڕاستەقینەو زندوویت، ئێستا وەختی گاڵتەو سوعبەتان نیە، خێرا گوم بە لەبەر چاوم دەنا دەتکەم بە قوربانی گوللەیەک.

تاپۆکە، لە وەڵامی ئاندرێدا، قامکی بۆ زاری بردو بە نیگایا لەوە دەچوو لێی بپاڕێتەوەو تکای لێبکات کە بێدەنگ ببێت. ئاندرێ دەستی هێنایە خوارەوەو بە دیقەت کەوتە نۆڕینی تاپۆکە. بە قژی درێژو سینگ و بەرۆکی نیمچە ڕووتی تاپۆکەدا بۆی دەرکەوت کە ئافرەتە. بەڵام دیار بوو خەڵکی ئەو دەڤەرە نییە. دەموچاوی، ئەسمەرێکی لاواز بوو، ئێسقانی گۆنا پانەکانی، بەسەر گوپە بە قوڵاچووەکانیا یەجگار زەق دیاربوون. چاوە چکۆڵەکانی، بە شێوەیەکی کەوانەیی بۆ سەرەوە مایل بوون. ئاندرێ تا زیاتر لە سەرو سیمای ورد دەبووەوە، ئاشناتر دەهاتە بەرچاوی. ئاندرێ لە ئەنجامدا سەبری سواو کەوتە پرسیار:

- پێم بڵێ بزانم تۆ کێی؟ لەوە دەچێ بتناسم یان لە شوێنێکم دیتبیت؟

- دوو ساڵ لەمە پێش، لە کییف.

- دوو ساڵ لەمە پێش؟ لە کییف؟

ئاندرێ بەدەم دووبارە کردنەوەی ئەو قسەیەوە، هەوڵیدەدا هەموو بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێندکاری خۆی لە ئەکادیمیای کییف، وەبیر خۆی بێنێتەوە. جارێکی دی لەسەرو سیمای ژنەکەی نۆڕی و لە ناکاو بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- ئا، تۆ ژنە تاتاریەکە نیت! کارەکەری کیژەکەی یارۆی فەرماندار!

ژنەی تاتاری، بەدەم پاڕانەوەوە، بەچپەدوو گوتی: - وس!

هەنگێ دەستەکانی چەلیپا ئاسا لەسەر سینگی تێک هاڵاند، لە کاتێکا ئازای بەدەنی دەلەرزی، تەمەشایەکی دەوروبەری کرد تا بزانێ کە ئاخۆ کەس بە دەم هاوارە بەرزەکەی ئاندرێوە بێدار نەبووەتەوە.

ئاندرێ کە بە هۆی هەڵچوونی دەروونیەوە هەناسەی تەنگ بوو بوو، بەزمانی گیرو بە ئەسپایی گوتی:

- بڵێ! بزانم تۆ چیدەکەی لێرەو چی گەیاندیتیە ئێرە؟ ئەدی خانمەکەت لە کوێیە؟ سەلامەتە؟

- لەوێیە، لە شارە!

ئاندرێ، دیسان لەزگ بوو هاوار بکات. هەستی کرد هەرچی خوێنی لەشی هەیە وەکو سێڵاو هێرشی بەرەو دڵی هێناو پرسی:- لە شار؟ بۆچی لە شارا ماوەتەوە؟

- چونکە باوکە پیرەکەشی لەوێیە، لە شار. نزیکەی ساڵ و نیوێکە بووە بە فەرمانداری شاری دۆبنۆ.

- ئەدی شووی کردووە؟ دەی قسە بکە! تۆ نەوعێکی؟ ئەدی حاڵی چۆنە، چیدەکات؟

- دوو ڕۆژە، تامی زەوادی نەکردووە.

- بۆ ؟

- ماوەیەکە ئەم شارە گەورەیە سەنگ و سوژن بدەی گوێچکە نانێکت دەست ناکەوێت، خەڵکی لە ناچاریدا خاک و خۆڵ دەخۆن...

ئاندرێ، حەپەسا.

- ... خانم، کە لەسەر حەساری شارەوە تۆی لە نێو زاپاروژیەکاندا بەدی کرد، پێی گوتم:

- "برۆ بەو دلاوەرە بڵێ، ئەگەر منی لە بیرماوە، با هەتا لای من بێت، ئەگەر منیشی لە بیر نەماوە، با بە تۆدا گوێچکە نانێ بۆ دایکە پیرەکەم بنێرێت، چونکە نامەوێ بە بەرچاوی خۆمەوە بمرێت، حەزدەکەم لە پێش ئەوا بمرم، تا مەرگی ئەو نەبینم. لەو دلاوەرە بپارێوە، تکای لێبکە، بکەوە بەسەر پێیا. ئەویش دایکێکی پیری هەیە، پێی بڵێ لەبەر خاتری دایکی، تێکە نانێکمان پێ کەرەم بکات!"

جۆرەها هەستی هەڤدژو ناکۆک، لە دڵ و دەروونی گەنجی قۆزاقیدا بێدار بووەوە. پرسی:

- باشە تۆ چۆن گەییشتیتە ئێرە ؟ لە کوێوە هاتی؟

- لە راڕەوێکی ژێر زەوییەوە...

- چما شار، ڕێگەی ژێر زەمینی هەیە؟

- بەڵێ.

- لە کوێیە؟

- باشە سوێندم بۆ دەخۆی کە خەبەرم لێنادەی؟

- سوێند بە خاچی پیرۆز دەخۆم!

- کە لەو دۆڵە تەنگەوە داگەڕایت و لە جۆگا ئاوەکە ڕەت بووی، ڕێک لە نێو قامیشەڵانەکەدایە.

- ئەمە یەکسەر دەچێتە ناو شارەوە؟

- بەڵێ، دەتگەیەنێتە ناوەندی دێری شارەکە.

- کەواتە، با برۆین

- بەڵام، بەر لە هەر شتێک بیکە بە خاتری مەسیح، بەخاتری حەزرەتی مریەم، نان، نانت لە بیر نەچێت...

- خەمت نەبێ، تۆ لێرە، لای ئەم گالیسکەیە بوەستە، یان باشتر وایە بچی لە ناویا پاڵ بکەوی، کەس نات بینێ. هەموویان خەوتوون، هەر ئێستا، بە پەلە دەگەڕێمەوە.

ئاندرێ، له گالیسکه پڕ ئازووقەکانی سەربازگەکەی خۆی نزیک بووەوە. دڵی زۆر به توندی لێی دەدا. هەموو بیرەوەرییەکانی، هەموو ڕابردووی ژیانی، که له ژێر گوشاری ژیانی سەخت و دژواری ئۆردوگاو له هەلومەرجی شەڕڤانی و جەنگاوەریدا، خەفەو خامۆش بوو بوو، ئێستا له ناکاوا زندوو بووەوەو وەکو شەپۆلی خرۆشاو ، ژیانی ئێستای نقوم کرد. له نێو گەرداوی تاریکی دەریایەکەوە خەیاڵو تاپۆی ئەو کچە له خۆباییە دووباره له زەینیدا زندوو بووەوە، باسکه جوانەکانی، چاوە مەنگەکانی، لێوانی به خەندەی، قژی درێژو پڕ پێچ و خەمی که به سەر شان و ملیا ڕژا بوو و بەسەر سینگ و مەمانیدا هاتبووه خوارێ، هەموو ئازای لەشی که وەکو پەیکەرێکی بێ هاوتا بوو، دووباره، لەبەر چاوی خەیاڵیدا بەرجەسته بوون.

نەخێر، هیچ یەکێک لەم دیمەنانه له هزرو بیری نەسڕابوونەوە، له دڵ و دەروونیا خەفه نەبوو بوون. بەڵکو به شێوەیەکی کاتی کەمێک پەراوێز کەوتبوون و مەیدانیان بۆ هەندێ هەست و کەڵکەڵەو خولیای به هێزی دیکه چۆڵ کردبوو، بەڵام هەموو ئەو بیرەوەریانە، هەندێجار خەوی قووڵی ئەو قۆزاقه گەنجەیان دەزڕاند، که بێدار دەبووەوە، خۆیشی نەیدەزانی بۆ خەوی لێنەدەکەوتەوە، هەر بەو دەقەوەو بێئەوەی خەوی لێبکەوێت له نێو جێگاکەیدا ماوەیەکی زۆر ڕادەکشا.

ئاندرێ، له گالیسکەکان نزیک بووەوە، دڵی توندتر لێی دەدا. که بیری لەوە دەکردەوە بەو زووانه کیژەخان دەبینێ، ئەژنۆکانی دەکەوتنه لەرزین. که گەییه لای گالیسکەکان، به تەواوەتی بیری چووەوە که بۆچی بۆ ئەوێ هاتووە. ئاندرێ دەستی برد، ماوەیەکی زۆر نێوچەوانی گوشی تا بیری بکەوێتەوە بۆچی هاتووە، پاشان له ناکاو موچوڕکێکی پێدا هات، ترس و لەرز سەراپای داگرت. له پڕ بیرێکی به مێشکا هات که هەنووکه ئەو کیژە جوانە خەریکه له برسا دەمرێت، بەلەز خۆی به گالیسکەکەدا کرد، چەند نانێکی ڕەشی گەورەی نایه بن باخەڵی و ویستی بڕوات، بەڵام له پڕ شتێکی تازەی به بیرا هات — ئایا ئەو نانه زبرە که دڵی زاپاڕۆژییەکان دەیباتو گەدەیان هەڵی دەگرێت، بۆ کیژێکی ناسکی نازدار دەست دەدات، به گەدەی دەکەوێت، زۆر زبرو ڕەق نیه! ئەوسا بیری کەوتەوە که ڕەنگه له ئاشخانەکەدا هەندێ خواردن مابێ، چونکه دوێنێ کوشیفوی ئاشپەزەکانی سەرزەنشت کردبوو، که هەموو گەنمه کوتراوەکەیان به یەک ژەم لێنا بوو، له کاتێکا بەشی سێ ژەمانی دەکرد.

بەڵام چونکه دڵنیا بوو که له یەکێک له مەنجەڵەکاندا، بڕێک خواردنی هەر چۆنێ بووە دەست دەکەوێت، تەشپیەکەی باوکی هەڵگرت و چوو بۆ لای ئاشپەزەکەی وی که لای جووته قازانه گەورەکەیەوە نووستبوو، هێشتا خەڵوزە بەردەکه له ژێریاندا دەسووتا. که تەمەشای ناو قازانەکانی کرد، زۆری پێ سەیر بوو که بەتاڵ بوون. دەبێ چۆن ئەو هەموو خواردنه خورابێ، خۆ ژمارەی شەڕڤانانی تیپەکەی ئەو له هی تیپەکانی دی کەمتر بوو. ئەمە چی بوون، دێو بوون، حووت بوون!

چووه سەر قازان و مەنجەڵی تیپەکانی دیکەش، هیچی دەست نەکەوت، ئەو قسە باوەی بیر کەوتەوە کە دەڵێت "زاپاروژیان وەکو منداڵ وان، کە خواردنی کەم هەبێ دەیخۆن. کە زۆر بێ ناوی دەنەن لێساولێس"...

ئاندرێ ماوەیەک بەدوو دڵی وەستا، تەگبیر؟ بەڵام خێرا بیری کەوتەوە کە لە نێو یەکێک لە گالیسکەکانی باوکیا یەک فەردەی گەورە نانی گەنم هەیە کە لە کاتی تالانکردنی نانەواخانەی دێرەکەدا کەوتبووە دەست قۆزاقەکان. ئاندرێ یەکسەر بەرەو گالیسکەی ناڤبری ڕۆیی، گالیسکەکە نانەکەی تیا نەما بوو، کە سەیری دەوروبەری کرد، سەیری کرد ئۆستاپ فەردە نانەکەی ناوەتە ژێر سەری و خەوتووەو پرخ و هۆڕی سەعاتە ڕێیەک دەڕوات. ئاندرێ، لە کیسە نانەکە نەوی و هێندە بە توندی ڕایکێشا کە سەری ئۆستاپ کەوتە سەر عاردەکە، لە خەو ڕاپەڕی، بە چاوی خەواڵوەوە هاواری کرد:

- ئەهای بیگرن! ئەو زۆڵە پۆڵۆنیە بگرن، ئەسپەکەی، ئەسپەکەی بگرن! نەیەڵن بڕوات!

ئاندرێ، لە کاتێکا کیسە نانەکەی بەرز کردبووەوە کە بیوەشێنێ، بە ترسەوە هاواری کرد:

- بێدەنگ بە، دەنا دەتکوژم!

پێویستی بەوە نەبوو هەڕەشەکەی جێبەجێ بکات. چونکە ئۆستاپ دووبارە پاڵکەوتەوەو خەو بردیەوە، گیایەکانی بەردەمی بەدەم هەناسەی ئەوەوە دەلەرینەوە. ئاندرێ کەمێک تەمەشای دەوروبەری خۆی کرد تا بزانێ ئایا کەس لە هاوارە خەواڵوەکەی ئۆستاپ خەبەری بووەتەوە یان نا؟ قۆزاقێکی قژ درێژ لە نزیکترین سەربازگەوە، سەرێکی هەڵبڕی و کەمێک تەماشای کردو دووبارە خەوتەوە.

ئاندرێ، یەک دوو دەقیقەیەک چاوەڕوانی کرد، ئەوسا بە بارە قورسەکەیەوە وەرێکەوت، ژنە تاتاریەکە لەوێ، ڕاکشا بوو، لە ترسا هەناسەی لە خۆ بڕی بوو.

ئاندرێ بە ئەسپایی گوتی:

- هەستە با بڕۆین! هەموو خەوتوون، ترست نەبێ! دەی بەلای کەمەوە هەندێ لەم نانە هەڵگرە، یارمەتیەکم بدە، چونکە زۆر قورسە، ناتوانم هەمووی هەڵگرم.

بەدەم ئەو قسانەوە، فەردە نانەکەی دا بە شانیاو وەختێ کە بەلای گالیسکەیەکدا ڕەت بوون، کیسەیەک هەرزنی لەسەر هەڵگرت، لە بیری چوو نانەکە بدات بە ژنە تاتاریەکەو لە کاتێکا دوو لۆ لە ژێر بارە قورسەکەیدا کۆما بووەوە، بە جورئەتەوە بە نێو زاپاروژیە خەوتووەکاندا تێپەڕی. لە پڕ دەنگی تاراس بۆڵبا بەرز بووەوە: - ئاندرێ!

ئاندرێ لە جێی خۆی وشک بوو، سەراپای کەوتە لەرزین، بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- دەڵێی چی؟

تاراس بۆڵبا، لە کاتێکا هەستا بووە سەر ئانیشک و سەری نابووە سەر دەستی، چاوی بڕییە ئەو ژنە تاتارییەی کە خۆی لە باڵاپۆشێکەوە پێچا بوو گوتی:

- ئەوە ژنت دەگەڵە! هەستم پێستت دەگرووم! ژنان بە فەوتاندنت دەدەن.

ئاندرێ، بە نیمچە مردوویی لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا بوو، زاتی نەدەکرد تەماشای بابی بکات. کاتێ کە سەری هەڵبڕی و تەمەشای کرد، بینی پیرە بۆڵبا، سەری ناوەتە سەر لەپی دەستیو خەو بردوویەتیەوە. ئاندرێ خێرا نیشانەیەکی خاچی کێشا، لە ناکاودا، ترسەکەی، وەکو چۆن بە خێرایی باڵی بەسەراکێشا، بەو ئاوایە لە دڵی ڕەوییەوە، وەختێ ئاوڕی لە ژنە تاتارییەکە دایەوە، سەیری کرد بە ڕووپۆشە ڕەشەکەیەوە وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕی ڕەش لە هەنبەریا وەستا بوو. روناکی بڵێسەی سووتانی گوندە دوورە دەستەکان، لە دووری دوورەوە بە ئاستەم دەگەییە ئێرەو تەنیا چاوەکانی کە لە چاوانی مردووان دەچوون، ڕوناک دەکردەوە. ئاندرێ قۆڵی کراسی ژنەی ڕاکێشا، بە دوو قۆڵی بە نێو زاپاروژیەکاندا داگەڕان، دەگەڵ هەر هەنگاوێکا، بە پارێزەوە ئاوڕی پاشەوەیان دەدایەوە، لە هەورازێکی کورتەوە نشێو بوونەوە، زوو بە زوو خۆیان لە دۆڵێکی بچووکدا بینیەوە، کە جۆگا ئاوێکی بەخاوی بە نێودا دەڕۆیی، ئەمبەرو ئەوبەری زەل و زەلکاوێکی چڕ بوو. کە گەییە ناو دۆڵەکە ئیدی لە ئۆردوگای زاپاروژیەکانەوە،کە لە سەرانسەری دەشتاییەکەدا ئۆردو بەزیان کردبوو، نەدەبینران و هیچ مەترسیەکیان لەسەر نەبوو. کاتێ ئاندرێ ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، سەیری کرد ڕەخەکەی پاشیەوە لە دیوارێکی ڕکی سەخت دەچێ، شەپۆلی گیای دەشتەکە داپۆشیوە، مانگ بەسەر ڕەخەکەوە، بە بەرزییەوە لە چەشنی داسێکی زێڕینی درەخشاندا، خۆی دەنوێنێ.

لەم کاتەدا شنەبایەکی فێنک لە دەشتەکەوە هەڵیکرد، کە خۆی لە خۆیدا وەکو ئاگادار کردنەوەیەک بوو، کە زۆری نەماوە بۆ بەیان. بەڵام لە هیچ شوێنێکەوە بانگی کەڵەباب نەدەبیسترا، چونکە دەمێ بوو نە لە شارو نە لە دەوروبەری، هیچ کەڵەشێرێک نەما بوو. ئاندرێ و ژنە تاتاریەکە، بە دوو قۆڵی بەسەر لەوحە دارێکدا کە لە جیاتی پرد بەکار دەبرا، پەڕینەوە ئەوبەری جۆگاکە. شوێنێکی زۆر عاسی بوو، ئەو دۆڵە قووڵەی نێوان جۆگاکەو کەنارەکە، قامیشەڵانێکی چڕ وچوغوورد بوو، قامیش هەر یەکەی بە قەد باڵا زەمێک چوو بوون بە ئاسمانا، ئیدی زەل و زەلکاوێک بوو کەم کەس لێی دەردەچوو. ژنە تاتاریەکە، لێرەدا پێڵاوەکانی داکەند، بە وریایی جلەکانی هەڵکردو بە پێ خاوسی ڕێی دەکرد، چونکە ئەو ڕێگایەی کە دەبوو بیبڕن، یەکپارچە ئاوو قوڕو قوڕاو بوو. دوای ئەوەی بە دوو قۆڵی، ماوەیەک بە

نێو زەلکاو و قامیشەڵانەکەدا ڕێیان کرد، گەیینە شوێنێک کە یەکپارچە هەژگ و داری وشک و چڵ و چێو بوو. ژنە تاتاریەکە بەشێک لە چل و چێوەکەی لابرد، کونێکیان لێ بەدیارکەوت کە هەر بە ئەندازەی دەمی تەنورێک دەبوو. یەکەمجار ژنە تاتاریەکە سەری دانەواندو خۆی بە ڕاپەوە ژێر زەمینییەکەدا کرد. ئەوسا ئاندرێش، بۆ ئەوەی بتوانێ بە کۆڵە بارەکانی سەر شانیەوە، بە کونەکەوە بچێ، خۆی دانەواندەوەو وەژوورکەوت، ئیدی بە دووی قۆڵی لە تاریکییەکی چڕدا نقووم بوون.

*پەراوێز:*

* *گاڵوشکی: جۆرە خواردنێکی ئۆکراینیە.*

* *کارتوزی: ڕێکخراوێکی ڕەبەناتی زۆر توندڕەوە لە ساڵی ١٠٨٦ دامەزراوە.*

## فەسڵی شەشەم

((٦))

ئاندرێ، بە خۆی و فەردە نان و هەرزنەکەی سەرشانیەوە، بە نێو ڕاڕەوە ژێر زەمینییە تاریک و نوتەکەکەدا، لە دوای ژنە تاتاریەکەوە دەڕۆیی. ژنە تاتاریەکە گوتی:

- خەمت نەبێ، تۆزێکی دی ڕێگاکە ڕوناک دەبێتەوە، خەریکە لەو شوێنە نزیک دەبینەوە کە مۆمەکەم لێ داناوە.

ڕاستی دەکرد، چونکە دوای تۆزێک ڕوناکیەکی کز بەرەبەرە دیوارە گڵەکانی داڵانەکەی (ڕاڕەوی سەرگیراو) ڕوناک کردەوە.

گەییشتنە مەیدانۆکەیەکی کراوە، دیاربوو وەکو کڵێسایەکی بچووک بە کاردەبرا، چونکە مێزێکی چکۆلەی درێژکۆڵەی باریک بە پاڵ دیوارەکەوە دانرابوو، کە لە تەختی میحراب دەچوو و، وێنەیەکی کاڵەوە بووی حەزرەتی مریەمی کاتولوکیانی بەسەرەوە هەڵواسرا بوو. فانۆسێکی بچووکی زیوین کە بەرانبەر بە وێنەکە هەڵواسرا بوو، کەمێک ڕوناکی دەکردەوە، ژنە تاتاریەکە دانەوییەوە ئەو شەمدانە مسەی کە خۆی لەوێی دانا بوو، لە عاردی هەڵگرت و بە ئاگری فانۆسە زیوینەکە دایگیرساند. ئەوسا دوا بە دوای یەک و لەبەر ڕوناکیەکەدا، کە جارێ زیاد دەبوو و جارێ کز، درێژەیان بە ڕێگای خۆدا. لەبەر تاریک و ڕوونی مۆمەکەدا، کە جارێ گەش و جارێ کز دەبوو لە تابلۆ زەیتیەکانی (جیراردو دیلانوتی) دەچوون. دەموچاوی جوان و گەشی ئاندرێ کە سەلامەتی و گەنجێتی لێدەباری، ڕێک پێچەوانەو هەڤدژی ڕوخساری لەڕو لاوازو بێرەنگ و ژاکاری ژنە تاتاریەکەی هاوڕێی بوو. ڕاڕەوەکە برێک قووڵترو پانتر بوو بوو، ئاندرێ دەیتوانی بە قیتیو بە پێوە ڕێ بکات. بە کونجکاوی دەیڕوانیە ئەو دیوارە گڵانەی کە لە بۆدڕو دەخمەو سەرداب و ژێر زەمین و گۆڕخانەکانی کییف دەچوون. لێرەشا ڕێک وەکو گۆڕخانەکانی کییف، قوڵکەو بوودڕ لە دیوارەکان دروست کرابوون. کە لە هەندێکیاندا تابووت و لە هەندێکی تریاندا ئێسک و پروسکی بە شەران دەبینرا کە رزی بوون و بە هۆی شێ و تەڕەشوعەوە نەرم بوو بوونەوەو بوو بوونەوە بە خۆڵو گڵ. لێرەشدا، خەڵکانێکی پاک و دروستکار هەبوون، کە لە دەست هەواو هەوەس و فریوو گومڕاییە دنیاییەکان، پەنایان هێنا بووە بەر ئەم شوێنە. هەندێ شوێنی ئێرە یەجگار شێدارو تەڕبوو. برێ شوێنی ڕاڕەوەکە ئاو گرتبووی، ئاندرێ ناچار، جارجار دەوەستا. چاوەڕوانی دەکرد تا ژنە تاتاریەکە، کە یەجگار شەکەت و ماندوو بوو، پشوویەک بدات و نەفەسێک تازە بکاتەوە. ئەو پاروە نانە وشکەش کە خواردبووی نەک هەر نەی بوژانەوە، بەڵکو تووشی ژانە سکێکی

توندی ئەوتۆی کرد بوو کە ناچار بوو، هەرچەند هەنگاو جارێک ماوەیەک لە جێی خۆی بوەستێ، تا کەمێک ژانە سکەکەی هێور ببێتەوە.

ئەنجام دەرکەیەکی چکۆلەی ئاسنیان لێ بە دیارکەوت. ژنە تاتاریەکە بە دەنگێکی کزو لە بن لێوانەوە گوتی:- شوکر بۆ خوا کە گەییشتن.

دەستی بەرز کردەوە کە لە دەرگا بدات، بەڵام لەبەر بێ توانایی نەیتوانی لە دەرکەکە بدات. ئاندرێ لە جیاتی ئەو، بە توندی لە دەرکەی دا دەنگی لە دەرگا دانەکەی ئاندرێ، لەو دیو دەرکەکەوە، دەنگی دایەوە، دیاربوو حەوشەو بۆشاییەکی گەورە لەو دیوەوە هەیە. دوای دوو سێ دەقیقە دەنگی دەستە کلیلێک هاتە گوێ، لەوە دەچوو کەمێک بە پەلە بە قاڵدرمەیەکدا بێتە خوارێ. ئەنجام دەرگا کرایەوە. ڕەبەنێک بە دەستەیەک کلیل و مۆمێکەوە لە ئاستانەی دەرگاکەو لەبەر قاڵدرمەیەکی تەسکدا وەستا بوو. ئاندرێ کە چاوی بە یارۆی ڕەبەنی کاتولیک کەوت، بە حوکمی ئەوەی هەموو قۆزاقیان، ڕقی زۆریان لێیان بوو و ئەگەر بەر دەستیان کەوتبان نەک رەحمیان پێنەدەکردن و دەستیان لێنەدەپاراستن، بەڵکو لە جولەکە خراپتریان پێدەکردن، بێ ئختیار هەڵوەستەیەکی کردو لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا. یارۆی ڕەبەنیش کە بابایەکی قۆزاقی زاپاروژی لە هەنبەر خۆیدا بینی، بەدەم گومان و دوو دڵییەوە خەریک بوو، پاشەوپاش دەکشایەوە کە ژنە تاتاریەکە بەچپەیەک دڵنیاو ئاسوودەی کردەوە. یارۆی ڕەبەن مۆمەکەی هەڵبڕی، ڕێگەکەی بۆ ڕوناک کردنەوە، کاتێ وەژوورکەوتن، دەرگاکەی لە دوایانەوە داخستەوە. ئەوجا بە قاڵدرمەکانا. بۆ سەرەوە، پێشیان کەوت. کاتێکیان زانی خۆیان لە ژێر تاقی بەرزو تاریکی کڵێسای دێرەکەدا بینییەوە. کەشیشێک لەبەر یەکێک لە میحرابەکاندا کە جۆرەها مۆمو مۆمدانی لەسەر بوو، بە چۆکا هاتبوو و بە دەنگێکی نەرم و ناسک نزاو نوێژی دەکرد. دوو گەنجی ئەندامی دێرەکەش، لەملاو لەولایەوە بە چۆکا هاتبوون، سەرو جبەی وەنەوشەیی و کراسێکی سپی هاودامانی دانتێل چنیان لەبەر بوو، سەرو مەقەڵی چکۆلەیان بەدەستەوە بوو کە دووکەڵیان لێ بەرز دەبووەوە.

کابرای کەشیش، لە خوا دەپاڕایەوە، داوای پەرجووی دەکرد. لە خوا دەپاڕایەوە کە شاری دۆبنۆ رزگاربکات، سەبرو هەداری گەمارۆدراوان بدات، وەسوەسەی فریوی دنیایان لەدڵ و دەروون نەیەڵێت و لەبەردەم بەدبەختیانی دنیادا خۆڕاگربن . چەند ژنێکیش کە زیاتر لە تاپۆیان دەچوون، لە بەرانبەر میحرابەکەدا هاتبوونە سەرچۆک و سەریان نابووە سەر ئەو تەپڵەک و تەختانەی کە لە بەردەمیاندا بوون. چەند پیاوێکیش بە سیمای خەمینەوە، کەوتبوونە سەر چۆکان و پاڵیان دابوو بە پایەو کۆڵەکەکانی کڵێساکەوەو نزاو نوێژیان دەخوێند. پەنجەرەکانی سەرووی میحرابەکە، لە جامە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆیانەوە، تیشکی سورباوی هەتاوی بەرەبەیانیان دەدایە ژوورەوەو لە شێوەی بازنە تیشکی زەردو سوورو شینی کاڵدا دەیدا لە تەختی ئەرزی کڵێساکەو دەورووبەری ڕوناک دەکردنەوە. ئیدی

میحرابەکە کە لە بوودڕی دیواری کڵێساکەدا بوو، لە پڕ نقومی روناکیەکی زۆر ڕوناک بوو، دووکەڵی مەقەڵیەکان لە ئاسمانی کڵێساکەدا بوو بە کۆڵکە زێڕینە.

ئاندرێ، کە لە سوچێکی تاریکا وەستا بوو، بە حەپەساوی و سەرسامی دەیڕوانیە ئەم دیمەنە ئەفسووناویە. لەم کات و ساتەدا لە ناکاوا دەنگی پڕ شکۆو بە سامی ئۆرگ، لە سەرانسەری کڵێساکەدا دەنگی دایەوە. دەنگ دەنگ نەبوو، جارێ بەرز دەبووەوە، جارێ نزم، لە تۆ وایە هەورە تریشقەیەو شەپۆل دەدا. ئەوجا هەموو ئەمانە، بە یەک کەڕەت بوون بە مۆسیقایەکی باڵاو ناسک وەکو دەنگی خۆشی کچۆڵان چوون بە بن میچ و تاقە بەرزەکانی کڵێساکەدا. جارێکی دی وەکو گرم و هۆڕی تەشبریق هاتە خوارەوەو لە جێی خۆی بێدەنگ و خامۆش بوو. بەڵام گرمە گرمەکە هەر لە نێو تاقەکانی کڵێساکەدا، شەپۆل ئاسا، دەنگی دەدایەوە. لە کاتێکا ئاندرێ، بە زاری نیمچە بەشەوە، گوێی بۆ ئەم مۆسیقایە هەڵخستبوو، لە پڕ هەستی کرد یەکێک بە توندی داوێنی باڵاپۆشەکەی ڕاکێشا. ژنە تاتاریەکە گوتی: – وەرە!.

بە دوو قۆڵیو، بێئەوەی هیچ کەسێک هەستیان پێبکات، بە ناو کڵێساکەدا ڕەت بوون و خۆیان بە مەیدانێکی چوار گۆشەی چۆڵدا کرد. بەیان لە ئەنگاوتندا بوو، ئاسمانی سورباو، خۆی بۆ پێشوازی هەڵاتنی رۆژێکی درەخشان ئامادە دەکرد. مەیدانەکە چۆڵ بوو. ناوەندی مەیدانەکە پڕ بوو لە پێشخوان و تەپڵەکی وردەواڵە فرۆشی چۆڵ، کە هەر هەموویان گەواهی ئەوەیان دەدا کە ئەم مەیدانە بەر لە هەفتەیەک، بازاڕی ئازووقە فرۆشی بووە. شەقامە سەڵبەند نەکراوەکە، وەکو هەموو شەقامەکانی ئەو زەمانە، بریتی بوو لە پاخوایەک قوڕی وشکەوە بوو. خانووی یەک نهۆمی چ بەردو چ گڵ دەوری مەیدانەکەیان دابوو. لە خوارەوە تا سەرێ، ناو بە ناو تەختەدار لە بەینی چینە دیوارەکانیا دانرابوون، ئەو جۆرە خانووە نیمچە دارینانە لەو زەمان و ڕۆژگارەدا باوبوون، کە ئێستا مەگەر لە هەندێ شوێنی لیتوانیاو پۆڵۆنیادا نموونەیان مابێت. سەربانی ئەم خانووانە زۆر بەرز بوون،و پڕ بوون لە کون و دەلاقەی نهێنی و کلاوڕۆژنەو هەواکێشی تایبەتی. بەڵام لە سەمتێکی مەیدانەکەداو لە نزیکی کڵێساکەوە، بینایەکی گەورەی جیاواز لە هەموو خانووەکانی دی، هەبوو، کە پێدەچوو نشیمەنی فەرمانداری شار یان دایەرەیەکی کارگێڕی دەوڵەتی بێ. ئەم بینایە دوو نهۆم بوو. لە قاتی سەرەوە، قوللەیەک هەبوو، کە پاسەوانێک لەوێدا ئێشکی دەگرت. جگە لە بورج و قوللەکە، سەعاتێکی گەورەش، کە سەعاتی شار بوو، لەسەری سەرەوە دانرا بوو. مەیدانەکە چۆڵ دیاربوو. بەڵام ئاندرێ هەستی کرد گوێی لە ناڵەیەک بوو. بە وردی ڕوانیە دەوروبەری خۆی، لەو بەری مەیدانەکەوە دوو سێ نەفەری بینی کە لاڵ و پاڵ، بێ جوڵە لە عاردەکەدا ڕاکشا بوون. زیاتر لێیان ورد بووەوە تا دڵنیا ببێت کە ئاخۆ خەوتوون یان مردوون. ڕێک لەو ساتەدا پێی لە شتێک هەڵکەوت کە لەبەردەمیا کەوتبووو. ئاندرێ دانەوییەوە، جەستەیەکی

نەرمی، کە دیاربوو جەستەی ئافرەتێکی جولەکەیە، لە بەردەم خۆیا بینی، هەرچەند ڕوخساری ژنەکە شێوا بوو،و سیمای تێکچوو بوو، بەڵام وێڕای ئەمەش لە ژنێکی گەنج دەچوو، سەرپۆشێکی ئاوریشمی سووری بەسەرەوە بوو. جووتێ گوارەی مرواری و مورووی لەگوێدا بوو. چەند ئەڵقەیەکی گێسوەکانی، لە ژێر گوارەکانیەوە کەوتبوونە سەر گەردەنی کە دەمارەکانی ئەستوور بوو بوون. منداڵێکی شیرە خۆرە لە پاڵ ژنەکەدا کەوتبوو و دەستە لەرزۆکەکانی لە مەمکە وشک و چرچەکانی نابوو، چونکە شیریان تیا نەبوو بە توڕەیی و بێهودە هەڵی دەگلۆفتن. ئەم منداڵە نەدەگریاو نەدادو بێدادی دەکرد، تەنیا بەجوڵەی هێواشی زگیا دیار بوو کە هێشتا نەمردووەو لە حاڵی گیانەڵڵادایە.

ئاندرێ و ژنە تاتاریەکە خۆیان بە کۆڵانێکدا کرد، ڕێک لەو کاتەدا تووشی کابرایەکی شێت بوون، یارۆ کە چاوی بە نان و کۆڵە بارەکەی ئاندرێ کەوت وەکو بەور هێرشی بۆ بردو بەدەم هاوارەوە ئامبازی بوو: نان، نان!

بەڵام هێزو توانای هاوتای شێتاتیەکەی نەبوو. کە ئاندرێ پاڵی پێوەنا، یەکسەر کەوتە سەر عاردەکە. ئاندرێ زۆری بەزەیی پێدا هاتەوەو نانێکی بۆ هەڵدا، کابرا لە ئاسمان قۆزتیەوەو وەکو سەگی هار تێی بەربوو. بەڵام چونکە لە مێژ بوو تامی زەوادی نەکردبوو، هەر لەوێدا، لە ناو کۆڵانەکەدا یەک دوو جار گینگڵی داو چەند پێچێکی بە ئازار بە سکیا هات و گیانی سپارد. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا تووشی قوربانیەکی ترسناکی برسێتی و قات و قڕی دەبوون. لەوە دەچوو زۆربەی مردووەکان لە تاو برسێتی لە ماڵەکانیان هەڵیان نەکردبێ و ڕوویان کردبێتە کوچەو کۆڵان و جادەو بانەکان، بەو ئومێدەی کە لەوەیە لە شوێنێکی نادیارەوە، پارچە نانێکیان بگاتێ، لە کۆچەو کۆڵانەکاندا گیانیان سپارد بوو. لەبەر دەرگای ماڵێکدا پیرێژنێک دانیشتبوو، هیچ دیار نەبوو کە خەوتووە، مردووە، یان بوراوەتەوە. بەڵام دیار بوو کە نە هیچی دەبیست و نە هیچی دەبینی. سەری بەسەر سینگیا داژەندبوو و بێ جوڵە لە جێی خۆی دانیشتبوو. لە سەر بانی ماڵێکی دیکەوە جەنازەی کەسێک بە پەتێکەوە شۆڕ بوو بووەوە، ئەم بێچارەیە نەیتوانی بوو، خۆی لەبەر ئازاری برسیەتی بگرێت و ئیدی پەنای وەبەر خۆکوژی بردبوو و بەو شێوە ناخۆشە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا بوو.

ئاندرێ، کە چاوی بەم دیمەنە ترسناکانەی زادەی برسێتی کەوت، بە خۆی نەوەستاو لە ژنە تاتاریەکەی پرسی:

– باشە، ئەمانە بە ڕاستی نەیان توانیوە شتێک پەیدا بکەن و خۆیان لە برسیەتی رزگار بکەن؟ بەشەر کە بگاتە ئەم حاڵەتانە ناچارە دەبێ تەنانەت شتی قێزەوەریش بخوات. هەر شتێک، ئەگەر حەرامیش بێ، بخوات.

ژنە تاتاریەکە بەرسڤی دایەوە:

- هەر شتێکیان بەردەست کەوتبێ خواردویانە. ئێستا ئەم شارە سەنگ و سوژن بدەی نە ئەسپێ، نە سەگێو نە تەنانەت مشکێ پەیدا نابێت. ئەم شارە هەرگیز ئازووقەو زەخیرەی خۆی نەبووەو هەموو پێویستیەکی لە دێهاتەکانی دەوروبەرەوە بۆ هاتووە.

- باشە ئێوە کە ئەمە حاڵتانەو مەرگ بەم شێوەیە خۆی لە دەرکە ناون، بە چ ئومێدێ بەتەمان بەرگری لە شار بکەن؟

- دروستە، فەرماندارى شار بەتەماى تەسلیم بوون بوو. بەڵام فەرماندە، ئەو فەرماندەیەی کە بە لەشکرەکەیەوە لە (بودزاک) هەڵیداوە، دوێنێ بەیانی نامەیەکی لە ملی بازێک کردبوو و بۆ شاری ناردبوو کە تەسلیم نەبین و چاوەڕوانی فەرماندەکانی دیکەیە کە پەیوەندی بە هێزەکەی ئەوەوە بکەن و، پەلە مەکەن بەو زوانە فریای شار دەکەون... ئیدی چاوەڕوانی هاتنی وانن، کە لە ئان و ساتا بگەنە جێ... دەیسا، ئەوە گەییشتین، ئەوە ماڵەکەیە.

ئاندرێ، لە دوورەوە، خانوویەکی بەدی کرد. ئەم خانووە لە خانووەکانی دیکەی شار نەدەچوو. لەوە دەچوو بە سەرپەرشتی ئەندازیارێکی ئیتاڵیایی دروست کرا بێ. ئەم خانووە دوو نهۆم بوو، بە خشتی وردو جوان دروست کرابوو. چوار دەوری پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە، بە مەڕمەڕی بەرجەستە رازێنرابووەوە. نهۆمی دووەمیش یەکپارچە تاقی بچکۆلە بوو، لە ناوەندی هەر تاقێکدا پەنجەرەیەک هەبوو، کە کەتیبەی ئاسنی بۆ کرا بوو، قاڵدرمەیەکی پان و گەورەی هەبوو کە بە خشتی ڕەنگاو ڕەنگ دروست کرابوو و ڕێک بەسەر مەیدانەکەیدا دەڕوانی. دوو پاسەوان لەمبەرو لەوبەری قاڵدرمەکە دانیشتبوون، سەرو رمیان بە دەستەوە بوو، وسەریان خستبووە سەر دەستەکەی تریان. زیاتر لە پەیکەر دەچوون تا لە بەشەری ڕاستەقینە. نەخەوتبوون و نە وەنەوزیان دەدا، بەڵام لەوە دەچوو ئاگایان لە هیچ شتێکی دەوروبەری خۆیان نەبێ، کەمترین ئاوڕیان لەو دوو کەسە نەدایەوە کە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن.

ئاندرێ و ژنە تاتاریەکە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن و، لە سەرووی قاڵدرمەکەدا تووشی کابرایەکی زۆر پۆشتەو پەرداخ بوون کە سەراپا لە چەکا نقوم بوو. کتێبێکی نزاو نوێژی بە دەستەوە بوو. چاوە ماندووەکانی هەڵبڕی و تەمەشایەکی کردن. ژنە تاتاریەکە، قسەیەکی بەگوێیا داو، ئەویش دووبارە سەری بەسەر کتێبەکەدا دانەواندەوە، ئاندرێ و ژنە تاتاریەکە خۆیان بە یەکەم ژووردا کرد. ژوورێکی زۆر گەورە بوو، دیار بوو کە وەکو ژووری پێشوازی یان ژووری چاوەڕوانی بەکار دەبرا. ژوورەکە پڕ بوو لە سەربازو نۆکەرو پێشکارو خوڵام و سکرتێرو گاردو یاوەر، کە بوونیان بۆ نیشاندانی شکۆو جەلالی

پیاوێکی پۆڵۆنی خاوەن پلەو پایەی، چ سوپاییو چ موڵکداری، پێویست بوو. هەموو لە پاڵ دیوارەکان بە شێوەی جۆراو جۆر دانیشتبوون. لە ژوورەکەدا بۆنی دووکەڵی مۆمێکی تازە کوژاوە دەهات. دوو مۆمی دیکەش، لە ناو دوو شەمدانی گەورەدا، هەر یەک بە باڵای زەلامێک، لە ناوەندی ژوورەکەدا دەسووتان. هەرچەندە رۆژ لە مێژ بوو هەڵهاتبوو و لە پەنجەرە پانە کەتیبەدارەکەوە، لە ناو ژوورەکەی دەدا.

ئاندریێ، یەکسەر رووی کردە دەرگایەکی گەورەی دار ساج کە ناونیشانی خانەوادەیی فەرماندارو جۆرەها نەخش و نیگای تیروکەوانی لەسەر نەخشێنرا بوو. بەڵام ژنە تاتاریەکە قۆڵی کراسەکەی گرت و بەرەو دەرگایەکی چکۆلەی پاڵ دیوارەکەی رێنوێنی کرد. لەم دەرگایەوە چوونە سەر داڵانێک، بە داڵانەکەدا تێپەڕین و چوونە ژوورێکەوە. ئاندریێ بە کونجکاوی کەوتە روانینی ژوورەکە. ڕووناکیەک لە درزی پەنجەرەکەوە رژابووە ژوورەوە، دابووی لە پەردەیەکی سورباو، کە بە پەتێکی زێڕین هەڵواسرابوو، هەروەها دابووی لەو تابلۆ زەیتیەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو. ژنە تاتاریەکە بە ئاماژە ئاندریێ حاڵی کرد کە لێرە چاوەڕوان بکات و، بە خۆیشی دەرگای ژوورێکی دیکەی کردەوە و، وەژوور کەوت. لە گەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا روناکی مۆمێک بە دیارکەوت. ئاندریێ هەوەڵجار گوێی لە چپەیەک و پاشان لە دەنگێکی نەرم و ناسکی ئەوتۆ بوو کە ئازای ئەندامی هاتە لەرزین. ئەوسا لە درزی دەرگاکەوە، بۆ ساتێک چاوی بە بەژن و باڵای شووش و پەیکەر ئاسای ژنێک کەوت کە قژە درێژەکەی بەسەر شانو ملو باسکیا پەخش و پەریشان بوو بوو. هەنگێ ژنە تاتاریەکە گەڕایەوەو بە ئاندریێی گوت کە دەتوانێ بچێتە ژوورەوە. ئاندریێ، چۆن چووە ژوورەوەو چۆن دەرگای لەسەر داخرا ! دوو مۆم لە ژوورەکەدا دەسووتان، چرایەکیش لە هەنبەر ئیکۆنەیەکدا دەسووتا. مێزێکی درێژکۆلەی پلە پلە لە ژێر ئیکۆنەکەدا دانرا بوو کە بە گوێرەی مەزەبی کاتۆلیکان لە کاتی نوێژو نزا خوانیدا، چۆکیان لەسەر ئەو پلیکانانە دادەدا. بەڵام ئەو شتەی کە ئاندریێ عەوداڵی بوو مێزو ئەو شتانە نەبوو. ئاندریێ وەرچەرخا، ئافرەتێکی لە دوورەوە بینی، پێدەچوو بیەوێ بە پەلە خۆی بگەیەنێتە ئەم و خۆی لە هەمێزی باوێ، بەڵام بە دەم ئەو تەکانەوە، وەکو پەیکەرێکی بەردین و بێ گیان، لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا. لەوە دەچوو بە ئاواتەوە بێ، بە هەموو جوانیەکیەوە خۆی لە هەمێزی ئەو باوێت، بەڵام لە جەنگەی ئەم جوڵەو تەکانەدا لە ناکاو ڕەق ڕاوەستا بوو. ئاندرێش، بە حەپەساوی لە بەردەمیا وەستا. بەخەویش ئەوەی بە بیرو خەیاڵدا نەهاتبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو کیژە ڕندە بەم شێوەیەی ئێستای بدینێ. ئەمە ئەو کچە نەبوو کە کاتی خۆی دیتبووی، خواشیان یەک نەبوو. ئێستا دوو هێندەی جاران جوانتر وخشکۆکتر بوو. وا دیارە ئەو کاتانە هێشتا کچۆڵەیەکی کاڵ و نەگەییو بوو. بەڵام ئێستا لە توحفەو تابلۆیەکی هونەری دەچوو کە هونەرمەندەکە دوا تیف تیفەی دابێت و هیچ کەم و کوڕیەکی تیا نە مابێ. ئەوەی ئەوسا کچێکی جوانی هەرزەو هەرزەکار بوو، بەڵام ئەمەی ئێستا ژنێکە لە تۆغیانی جوانی و سەنگینیدا، لە

کەماڵی خاتوونیدایە، نیگای، مەندی هەستی خەملیوو ڕاستەقینەیە. هێشتا ئەشکی چاوەکانی وشک نەبوو بوونەوەو نمێکی تابان نیشتبووە سەر پێڵوو برژانگەکانی کە ناخی روحی دەسمی.

سینگ و مەمک و شان و ملی گەیی بووە لوتکەی جوانی و مێیاتیان لێ هەڵدەقولا. قژی کە جاران لوول و تەنک بوو، ئێستا چڕو پڕ وەکو مەڵۆ، هەندێکی بەسەر سەریەوە بە تەوقە قایم کرد بوو و هەندێکی بەخاوی بەسەر سینگ و مەمکیا داڕژا بوو، درێژ دەگەیە سەر قامکەکانی، یانی بە تەواوەتی گۆڕا بوو. کەم و زۆر لە کچەکەی جاران نەدەچوو. ئاندرێ هەوڵیدەدا تاقە یەک نیشانەی بچووکی ئەوسای وەبیر بێنێتەوە، بەڵام بێهودە هیچ نیشانەیەکی ئەوسای لەم توحفە ژنەدا بەدی نەکردەوە! ڕاستە ڕەنگی ڕوخساری بە تەواوی پەڕی بوو، بەڵام بە هیچ کلۆجێ کاری لە جوانیە دڵڕفێنەکەی نەکردبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە، جوانیەکی ئەفسووناوی پێبەخشی بوو.

ئاندرێ، لە ناخی دڵەوە، بەرانبەر بە ویقاری ئەو ژنە جوانە، هەستی بە ترس و سامێکی گەورە، ترس و سامی زادەی ڕێزو خۆشەویستی کرد. لە بەردەمیا ڕەق ڕاوەستا، زمانی چووە کلیلەو نەیدەزانی چی بڵێ. ژنەی نازداریش کە یارۆی قۆزاقی بینی، ئەو هەموو جوانی و گوڕو تین و تاوو نێراتیەی لێهەڵدەقولا، حەپەسا، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. چاوانی ئاندرێ ساف و گەش پرشنگیان دەدا، جورئەت و دلاوەری لە برۆ ناسکە کەوانیەکانی دەباری، گۆناکانی هەرچەند لەبەر هەتاو تاوە سووت بوو بوون، بەڵام گڕی گەنجاتیان لێدەبووەوە، سمێڵە ڕەشەکانی ناسک و نەرم لە تۆ وایە ئاوریشمن.

کیژەخان، بە دەنگێکی ناسکی لەرزۆک گوتی:

- ئەی سوارچاک، ئەی دلاوەری دڵاوا، من، منی ئافرەتی بێدەسەڵات، بە هیچ جۆرێ ناتوانم چاکەو پیاوەتیت بدەمەوە! مەگەر هەر خوا بتوانێ پاداشتی چاکەی تۆ بداتەوە...

کیژەخان، چاوانی داخستن، نیمچە بازنەی ئەفسونانی و دڵڕفێنی پێڵوەکانی، بە برژانگی درێژ دای پۆشین. سەری دانەواند، ڕوخساری دڵگیری لە شەرما سوور هەڵگەڕا.

ئاندرێ، توانای قسەکردنی نەبوو. خۆزیای دەخواست بتوانێ، هەرچیەکی لە دڵدایە بۆ کیژەخانی هەڵڕێژێت و گوتەکانی وەکو ئەو هەستانەی بە دڵیا تێدەپەڕین، گەرم و ئاگرین بوایە، بەڵام زمانی گۆی نەدەکرد. هەستی دەکرد کە شتێک، هێزێکی نادیار، لێوەکانی پێکەوە دروون و ئەو وشانەی کە دەیەوێ بیاندرکێنێ، دەنگێان تیا نیە. هەستی کرد، ئەوی پەروەردەی ئەکادیمیای روحانی و خاراوی ژیانی ماڵ بە کۆڵی جەنگاوەری و شەڕڤانی، هی ئەوە نیە بتوانێ گوزارشت لەو جۆرە هەستانە بکات و بە وشەیان بسپێرێت، کۆڵێک ڕقی لە خوو خدەی قۆزاقیانەی خۆی هەستا.

لەو کاتەدا، ژنە تاتاریەکە خۆی بە ژوورا کرد. چەند پارچەیەکی لەو نانەی کە ئاندرێ هێنا بووی، خستە سەر قاپێکی زێڕین و لە بەردەم خانمەکەیدا داینا، کیژەخانی ڕند کەمێک تەمەشای ژنە تاتاریەکەی کرد، ئەوجا نیگای بۆ قاپە نانەکە گواستەوە، ئەوجا چاوانی بڕینە ئاندرێ — چ هەست و سۆزێک لەو چاوانەدا نەپەنگابووەوە! ئەم نیگایە، لێوان لێو بوو لە میهرو موحیبەتێک کە نەیدەتوانی گوزارشتی لێبکات و ئەو هەستانەی کە لەدڵ و دەروونیا پەنگابوونەوە دەرببڕێت. دیارە ئەم هەڵوێستو بێدەنگیە بۆ ئاندرێ لە هەر قسەو پەیڤێک پتر مەفهووم بوو. ئاندرێ لە ناکاوا، هەستی بە ئاسوودەیی و ئازادیەکی زۆر کرد، ناخی لە هەموو کۆت و بەندێک ئازاد بوو. هەموو ئەو شتانەی کە کەمێک لەمەپێش لە دڵیا، لە ناخیا، جڵەو کرابوو و نەیدەتوانی جوڵە بکات، ئازادی ئازاد بوون، لەو کاتەدا کە خەریک بوو دەهاتە قسان و لێشاوی پەیڤی لە ڕام نەهاتوو سەری دەکرایەوە، کیژەخان ئاوڕی لای ژنە تاتاریەکەی دایەوە، لە پڕ و بە نیگەرانی لێی پرسی:

- ئەدی دایکم؟ نانت بۆ برد؟

- دایکت خەوتووە.

- ئەدی بۆ باوکم؟

- بۆم برد. گوتی بە خۆی دێت تا سوپاسی ئەم دلاوەرە بکات.

کیژەخان، دەستی برد، تیکەیەک نانی هەڵگرت و بۆ دەمی برد، ئاندرێ کە بینی خۆشەویستەکەی دڵی، چۆن بە قامکە بلوریەکانی تیکە نانەکە دەکاتەوەو دەیخوات، زۆر خەمبار بوو. لە ناکاو ئەو پیاوەی بیر کەوتەوە کە لە برسا، شێت بوو بوو و دوای ئەوەی تۆزێ نانی خوارد بوو، بە بەرچاوی ئەوەوە گیانی سپارد بوو، ئاندرێ ڕەنگی تێکچوو و بەلەز نانەکەی لە دەستی کیژەخان وەرگرت و گوتی:

- بەسە! لەوەی زیاتر مەخۆ، چونکە دەمێکە نانت نەخواردووە، ئێستا ئەم نانە بۆ تۆ وەکو ژەهر وایە!

کیژەخان، دەستی هەڵگرت، نانەکەی لەسەر قاپەکە دانایەوەو وەکو منداڵێکی گوێڕایەڵ، چاوی بڕینە دوڕ چاوانی ئاندرێ، ئایا وشە دەرەقەتی ئەم نیگایە دەهات؟ نەخێر! بە هیچ جۆرێ! نە فڵچەی نیگارکێش و نە بەرزترین و بەهێزترین وشە — شتاقیان نەیاندەتوانی ئەو شتانەی کە هەندێجار لە نیگای کیژەخاندا خۆی دەنواند، بگێڕنەوەو ئەو هەستی موحیبەتەی کە لەم نیگایەدا جیلوەگەری دەکرد، بەرجەستە بکەن.

ئاندرێ، کە دڵ و دەروون و روحی لێوان لێوی هەست و سۆز بوو بوو هاواری کرد:

- فریشتەکەی من! چیت پێویستە؟ چیت دەوێ؟ ئەمر بکە! هەر ئەمرێ، خزمەتێک هەیە، من دەخزمەتت دام، داوای مەحاڵ بکە، لە تۆ ئەمرو لە من جێبەجێکردن، داوا بکە، داوای مەحاڵ، یان بۆتی ئەنجام دەدەم یان لە پێناویا دەمرم. باوەڕبکە، قەسەم بەخاچی پیرۆز، مردن لە پێناوی تۆدا بۆ من ئەوپەڕی شادی و خۆشییە. شادیەکە کە لە وەسف کردن نایەت. ئەمەی دەیڵێم قسەی دڵمە، فشە نییە، هەر قسەی رووت و لاف و گەزاف نییە. من سێ گوندی گەورەم هەن، نیوەی رەوە ئەسپەکانی بابم، هی منن. ئەوەی دایکم بۆ ماڵی بابمی هێناوەو تەنانەت ئەو شتانەشی کە لەوی شاردونەتەوە، هەر هەمووی هی منە! ئەو چەک و ئەسڵەحەیەی کە من هەمە، هیچ قۆزاقیەکی دیکە نیەتی. تەنیا لەبری دەسکی شمشێرەکەم، باشترین ڕەوە ئەسپ و سێ هەزار سەر مەڕو پەزم دەدەنێ. من ئامادەم بەقسەیەکی تۆ، بە ئاماژەیەکی بچووکی برۆ ڕەش و جوانەکانی تۆ، دەست لە هەموو ئەوانە هەڵبگرم، بە ئاوو ئاگریاندا بدەم! نازانم، ڕەنگە ئەم قسانەی من گەوجانەبن، چونکە من لە ئەکادیمیای رۆحانی و لە ئۆردوگای زاپاروژییاندا گەورە بووم و ژیاوم، نازانم بە شێوازی پاشایان، شازادان و میرزادان، قسە بکەم! من هەست دەکەم کە شتێکی دیکەی، بوونەوەرێکی پیرۆزی، وەکو ئێمە نیت، لە تێکڕای خانمانو ئافرەتان و کیژانی دی باڵاترو جیاوازتری! ئێمە مانان حەدی ئەوەمان نییە، بە کۆیلەی تۆ ببین. مەگەر هەر فریشتەی ئاسمان شایستەی خزمەتی تۆ بن!.

کیژەخان، لە کاتێکا ئازای بوو بوو بە گوێ، بەوپەڕی سەرسامی و حەپەساوی، بێئەوەی ورتەی لێوە بێ، بەدڵ و بە گیان گوێی لەو قسە ڕاستگۆیانە دەگرت کە وەکو ئاوێنە تەجەلیاتی روحی گەنجانەو بە هێزی کوڕە قۆزاقیان، دەنواندەوە. قسەکانی ئاندرێ هەڵقوڵاوی ناخو کانگای دڵی بوون.

کیژەخان، سەری هەڵبڕی، قژەکەی لەسەر ڕووی لادا، لێوەکانی بە ئاستەم لێکدی ترازان، ماوەیەکی زۆر بەودەقەوە چاوانی لە دوڕ چاوانی ئاندرێ بڕی، ئەوجا هاتە سەر ئەوەی قسەیەک بکات، بەڵام لە پڕ جڵەوی خۆی گرت، چونکە بیری کەوتەوە کە ئەم گەنجە، شەڕڤان و جەنگاوەرێکی زاپاروژیەو مەبەست و ئامانجێکی دیکەی هەیە، باب و براکانی و هەموو وڵاتەکەی ئەو لە دەرێی شارا، وەکو خەڵکانێکی تۆڵە ئەستێن، توڕەو ترسناک، چاوەڕوانن. ئەوانە، ئەو زاپاروژیانەی کە گەمارۆی شاریان داوە، خەڵکانێکی ترسناکن، هەڕەشەی مەرگ لەم و لە هەموو خەڵکی ناو شار دەکەن.

لە ناکاوا روندک بە چاوانیا هاتەخوارێ، خێرا دەسەسرێکی ئاوریشمی بە دەموچاویەوە گرت، لە چاو تروکانێکا، دەسەسرەکە لە فرمێسکا هەڵکشا. مودەتێک بێئەوەی جوڵە بکات، سەرە جوانەکەی خست بە پشتاو ددانە سپیە بەفر ئاساکانی لە لێوە قەشەنگەکەی چەقاند. بۆ ئەوەی ئاندرێ هەست بە کول و گۆڤانو داخ و کەسەرەکەی نەکات، دەستەسرەکەی لەسەر دەموچاوی خۆی لانەدا.

ئاندرێ گوتی: - قسەیەک بکە، شتێک بڵێ!

ئەوجا دەستە ناسکەکەی گرت، هەستی کرد تەزوویەکی گەرم و سووتێنەر، کەوتە سەراپای دەمارەکانی، دەستە بێ هەست و جوڵەکەی کیژەخانی، لە نێو دەستی خۆیدا گوشی و گوتی:

- نازانم بۆچی ئەوەندە خەمناکی؟ پێم بڵێ، توخوا پێم بڵێ بۆچی هێندە خەمینی!

کیژەخان، لە پڕ دەستەسڕەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد، قژە درێژەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد، بە دەنگێکی نەرم و هێواشی ئەوتۆ دەستی بە قسان کرد، لە تۆ وایە شنەبایەکی دەمەو ئێوارەیەو بەسەر نەیجەزارێکی چڕی کەنار ڕووبارێکدا تێدەپەڕێ و کە لە لقە تێکچڕژاوەکانی قامیشەڵانەکە دەدا، دەنگ و ئاهەنگێکی نەرم و ناسک و نائومێدانەی ئەوتۆی لێ بەرز دەبێتەوە کە ڕێبواری ماندووی کارو ڕێگا، لە ڕێکردن ڕادەگرێت، خەمێکی نا مەفهووم لە سەراپای دەنیشێت و بێئەوەی گوێ بە ئاوا بوونی هەتاو، بە ئاوازو سترانی پڕ شادمانی ئەو جووتیارانەی کە دەست لە کاری دروێنە هەڵدەگرن و کێڵگەو مەزراکان بە جێ دێڵن، بێئەوەی گوێ بە دەنگی پێچکەی ئەو گالیسکەیە بدات کە بەلایا ڕەت دەبێ — بەڵێ بێئەوەی گوێ بە هیچ یەکێک لەوانە بدات. نقومی بیرو خەیاڵێکی بێ بن دەبێت.

- ئاخر من شایستەی ئەم ژیانەم؟ توخوا ئەمەش بوو بە ژیان؟ ئایا ئەو دایکەی منی هێناوەتە دنیا بەدبەخت و کڵۆڵ نیە؟ ئەمە بەخت و ناوچەوانە کە من هەمە؟ ئەی چارەنووسی ترسناک ئایا تۆ دژمنی خوێنە خۆری من نیت؟ تۆ هەمووانت لە بەردەم مندا هێنایە سەر چۆک — باشترین وەجاخزادەی دەرباری، دەوڵەمەندترین میر، کۆنت و بارۆنانی بێگانە، ناودارترین سوارچاک و عەگیدترین جەنگاوەری خۆمانەت، لە بەردەم مندا هێنایە سەر چۆک، هەر هەموویان خوا خوای مەرحەبایەکی من بوون، ئەوەندە بەس بوو دەستێک بەرزبکەمەوە، جوانترینیان قۆزترینیان، خانەدانترینیان مەمنوون بوو ببێ بە هاوسەرم. بەڵام ئەی قەدەرو چارەنووسی ترسناک گلەیی بێ لێت، تۆ دڵت شەیدای کەسیان نەکردم، لەو هەموو دلاوەرە خۆوڵاتیەی خۆم، دڵت شەیدای پیاوێکی بێگانە، شەیدای دژمنێکی خۆمانت، کردم، ئەی حەزرەتی مریەمی پیرۆز! ئاخر ئەمە بۆ؟ ئەمە باجی چ گوناحێکی منە، ئاخر چ گوناحێکم کرد بوو؟ ئەی چارەنووس و قەدەر ئاخر من چ گوناحێکی گەورەو لە بەخشین نەهاتووم کردووە تا بەو دڵڕەقی و بێ ڕەحمیە سزام بدەیت، تۆڵەم لێ بکەیتەوە؟ تەمەنم لە نێو خۆشی و شادیدا بەسەر برد، باشترین و بەلەزەت ترین خواردن، نایابترین شەراب و خواردنەوەم هەبوو! بەڵام بە چ دەچێت! هەر هەموو ئەمە بۆچی بوو؟ بۆ ئەوە بوو بەمجۆرە لە کونە کەپوومی دەربێنیتەوەو ئەنجام ڕووبە ڕووی دزێوترین مەرگم بکەیتەوە، مەرگێک کە بچووکترین سواڵکەری ئەم مەملەکەتەی ئێمە ڕووبە ڕووی نابێتەوە؟ وەکو ئەوەی ئەم هەموو نەگبەتی و بەدبەختیە بەکەم بزانی و سەرباری ئەمەش کارێک بکەیت کە بە چاوانی خۆم مەرگی دایک و باوکم بدینم کە ئامادەم لە جیاتی کەڕەتێ، بیست کەڕەت ژیانی خۆمیان پێببەخشم و بەر لەوان بمرم و مەرگی پڕ عەزابی وان نەبینم! هەر بەوەشەوە نەوەستایت و

کارێکت کرد کە لە دوا ڕۆژانی ژیانی خۆدا، ببم بە شایەدحاڵی ئاشقێنی و رازو نیازێکی ئاشقانەی ئەوتۆ کە بە عەمراتم لە خەویشا نەمدیتبێ! یانی زەروری بوو کە ئەو بە دەربڕینی ئەشقی خۆی دڵم لەت لەت بکات، تا چارەنووسم تاڵترو ناخۆشتر بێت! تا من زیاتر داخ بۆ گەنجێتی خۆم بخۆم و مەرگم ترسناکتر بێت، لە دەمی مەرگا، ئەی بەخت و چارەنووسی شووم، تۆش ئەی حەزرەتی مریەم (لەم گۆناحەم ببورە) پڕ بە دڵ گلەییتان لێدەکەم، گلەیی بێ!

کاتێ کیژەخان، بێدەنگ بوو، نا ئومێدی و نا مرادیەکی تەواو، نیشتە سەر ڕوخساری، هەر بەشێکی روخساری ئەو، چیرۆکی خەم و کول و کۆڤانێکی دەگێڕایەوە. نێو چەوانی، چاوانی تەژی فرمێسکی و گونا سورو هەڵگەڕاوەکانی، هەر هەموو، لەوە دەچوو بە یەک دەنگ و لە بن لێوانەوە بڵێن: "بەختەوەری بۆ من نییە!".

ئاندرێ بە هەڵچوونێکی بێ وێنەوە هاواری کرد:

– لە دنیادا هەرگیز نەبیستراوەو نابیسترێ کە جوانترین و باشترین ئافرەت دووچاری چارەنووسێکی وا تفتو تاڵ ببێ، لە کاتێکا بۆ ئەوە دروست بووە کە لەم دنیایەدا هەرچی بەرزو باڵایە، وەکو بوونەوەرێکی پیرۆز کڕنۆشی بۆ ببات! نەخێر تۆ نابێ بمری! تۆ هی مردن نیت! نە بە مەرگی خۆم قەسەم، سوێند بە هەر چیەک کە لەم دنیایەدا بۆ من ئازیزو پیرۆزە، تۆ نامریت! خۆ ئەگەر قەرار بێ شتی واهی ڕوو بدات، ئەگەر قەرار بێ بمریت،و نە بە زۆرو نە بە نزاو نوێژو نە بە پیاوەتیو ئازایەتی نەکرێت ئەو قەدەرو چارەنووسە شومو تاڵە دوور بخرێتەوە، هەنگێ بە یەکەوە دەمرین. من لە پێش تۆدا دەمرم، بە بەرچاوی تۆوە، لەبەر پێیە جوانەکانتا دەمرم، مەگەر تەنیا مردن لە یەکترمان جیا بکاتەوە.

کیژەخان، سەرە جوانەکەی بۆ لەقاندو گوتی:

– ئەی سوار چاک، ئەی دلاوەر، نەخۆت و نە من مەخەڵەتێنە. من دەزانم، زۆر بە داخەوە، دەزانم کە تۆ ناتوانی منت خۆش بوێ! چونکە دەزانم ئەرکی تۆ چیە! باوکت، هاورێکانت، کەسوکارو نیشتمانت چاوەڕوانی تۆن، ئەوان کەسوکاری تۆن، ئێمە دژمنی تۆین.

ئاندرێ، بلەز سەرێکی بۆلەقاند، وەکو دارچنارێکی کەناری ڕۆخانەیەک قیت چوو بە ئاسماناو گوتی:

– بۆ من، باب و هاوڕێ و نیشتمان دەکەنە چی؟ خۆ ئەگەر وابێ، ئەوا من هیچ کەس و هیچ شتێکم ناوێ!..ئاخر کێ دەڵێت ئۆکراین وڵاتی منە؟ کێ بڕیاری داوە بیکات بە وڵاتی من؟ ئەو شتەی کە روحی ئێمە عەوداڵیەتی، ئەو شتەی کە بۆ روحی ئێمە لە هەر شتێکی دی ئازیزترو بەهادارترە، ئەگەر وڵاتی

ئێمە بێ، ئەوا وڵاتی من تۆیت! من ئەم وڵاتە لە ناو دڵی خۆمدا هەڵدەگرم، هەمیشە لەگەڵ مندا دەبێت و لە ناخی مندا دەبێت و هیچ قۆزاقیەک، هەر کێیەک بێ، ناتوانێ لە سینەمی دەربێنێ! من هەرچیەکم هەیەو نیە، دارو نەدارم لە قەبەڵی ئەم وڵاتە دەکەم، لە پێناوی ئەم وڵاتەی دەدەم، گیانی خۆم لە ڕای ئەم وڵاتە بەخت دەکەم!

کیژە خان، بۆ ساتێک وەکو پەیکەرێکی جوان لە جێی خۆی حەپەسا، وشک بوو، چاوانی لە دوڕ چاوانی ئاندرێ بڕی. لە ناکاوا گریان لە ئەوکی گیرا، ئەوسا بە هەموو مێیاتی و سۆزداری ئافرەتێکەوە کە تەنیاو تەنیا بۆ سۆزی دڵ خوڵقابێ، باسکانی بەفر ئاسای خۆی لە گەردنی ئاندرێ وەریناو لە هۆڕژنی گریانی دا.

لەم کاتەدا، دەنگی هەراو زەنا لە شەقام و جادەکانەوە بەرز بووەوە، تێکەڵ بە دەنگی شەپپورو تەپڵی تەنەکە بوو. بەڵام ئاندرێ گوێی لەم دەنگانە نەبوو. تەنیا هەستی بە هەناسەی لەزەت بەخش و گەرمی کیژەخان دەکرد کە لێویان فەتح دەکرد، هەستی بەوە دەکرد کە چۆن فرمێسکەکانی کیژەخان بە چاویا دێنە خوارێ و دەموچاوی ئەو ئاو دەدەن، چۆن قژە بۆندارو خاوەکەی بە سەرە جوانەکەیدا دادەڕژێ و وەکو ئاوریشمێکی تۆخی نەرم و درەخشان شان و مل و سینگ و بەرۆکی ئەو دادەپۆشێت.

لەم کاتەدا ژنە تاتاریەکە بەڕاکردن و بە دەم هاواری شادمانیەوە خۆی بە ژوورەکەدا کردو شێت ئاسا هاواری کرد:

- ڕزگار بووین، نەجاتمان بوو! سەربازەکانی خۆمان گەیینە ناو شار. نان و ئاردو خۆراکیان هێناوە، ژمارەیەک دیلی دەست و پێ بە کۆت و زنجیری زاپاروژیانیش هێناوە!.

بەڵام هیچ یەکێک لەو دوو دڵدارە. خۆیان شێلو نەکرد، نەیان پرسی، یان نەیانزانی کەچی سەربازانێک هاتوونەتە ناو شارەوە، چیان دەگەڵ خۆدا هێناوە، دیلە زاپاروژیەکان کێن و کێ نین! ئاندرێ، بەدەم دنیایەک هەستی ئاسمانیەوە، شەهدی لێوی بۆنداری کیژەخانی کە بە گۆنایەوە چەسپی بوو، لێکدا لێکدا دەنۆشی و لێوانی کیژەخانیش، وەڵامی ماچەکانی ئەویان دایەوە، لێوانی کیژەخان بە هەمان گەرم و گوڕییەوە ئالکاوی لێوانی ئاندرێ بوون و ئەم ماچە هاوبەشە، یەکێک بوو لەو لەزەتانەی کە لە سەرانسەری ژیاندا، تەنیا یەک جار بۆ بەشەر ڕێکدەکەوێ و هەستی پێدەکات.

قۆزاقی گەنج، لە دەست چوو، تیاچوو، لە ڕووی دلاوەری و جەنگاوەری قۆزاقچیاتیەوە تەواو، سڕایەوە! جارێکی دی هەرگیز چاوی بە زاپاروژی ناکەوێتەوە، چاوی بە گوندو مسکێنەکانی بابی، کڵێسا پیرۆزەکان ناکەوێتەوە! ئۆکراین، ڕەشیدترین ڕۆڵەی خۆی، کە بەڵێنی دابوو، داکۆکی لێبکات، بۆ هەتا هەتایە لە دەست دا، تاراس بۆڵبای پیر، لە داخ و حەژمەتاندا، چەپکێک لە قژە ماش و برنجەکەی

خۆی دەسکەنە دەکات و نەفرەت لەو رۆژو سەعاتە دەکات کە ئەو کوڕەی، بۆ نەگبەتی و سەرشۆڕی ئەو، تیا هاتە دنیاوە.

## فەسڵی حەوتەم

((٧))

هەراو زەنا باڵی بەسەر ئۆردوگای زاپاروژیەکاندا کێشا. لەسەرەتاوە کەس نەیزانی هێزی دژمن چۆن هاتووەتە ناو شارەوە، دوای ماوەیەک ئەوجا دەرکەوت کە جەنگاوەرانی سەربازگەکەی "پیریاسلافسکی" کە لە بەرانبەر دەروازەکانی شاردا هەڵی دابوو، هەر هەموو مەست بوو بوون و کەس ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو بوو، بۆیە جێگەی سەر سوڕمان نەبوو کە نزیکەی نیوەیان کوژرا بوون و نیوەکەی تریان، بێئەوەی ئاگایان لە خۆ بێ بە دیلی کەوتبوونە دەستی پۆڵۆنیەکان. سەربازگەکانی دیکە کە لە هەراو هەنگامەی هێرش و شەڕو پەلاماری پۆڵۆنیەکان وەخەبەر هاتبوون، تا کەوتبوونە خۆو ودەستیان دابووە چەک تا فریای ئەو سەربازگەیەیان بکەون، لەشکرییانی پۆڵۆنی لە دەروازەکانەوە وەژوور کەوتبوون و پاشینەی هێزی پۆڵۆنیەکان کەوتبوونە گولله بارانی ئەو هێزە زاپاروژیە بێ سەروبەرو خەواڵو ونیمچە مەستەی کە دوایان کەوتبوون.

کوشیفوی (فەرماندەی گشتی) فەرمانی دا کە هەموو قۆزاقەکانی کۆببنەوە، وەختێ هەموو بەسەری کۆتەوە کۆبوونەوەو دەنگە دەنگ و هەراو زەنایەکە دامرکایەوە، گوتی:

- بەڕێزینە، براینە، هەموو بە چاوی خۆتان دەبینن کە ئەمشەو چی روویداوە، ئەنجامی مەینۆشی و مەستی ئەمەیە کە دەی بینن! بە چاوی خۆتان دەبینن کە دژمن چ ریسواییەکی بە سەرمان هێناوە؟ ئێوە خەڵکانێکن، کە کەمێک بەشە خواردنەوەکەتان بۆ زیاد بکرێ، بەجورێ سەری تێدەکەن و ئاگاتان لە خۆ دەبڕێ کە دژمنانی، شەڕڤانانی مەسیحی نەک هەر شەڕواڵەکانتان لە پێ دا بکەنن، بەڵکو ئەگەر بە دەمو چاویشتاندا بیڕژمن، بە خۆتان نازانن.

قۆزاقەکان کە هەموو خۆیان بە کەمتەرخەم و خەتابار دەزانی، سەریان داخست و بێ جوڵە لە جێی خۆ وەستان. تەنیا فەرماندەی یەکێک لە سەربازگەو بەشەکان کە کۆکۆبنکۆی ناو بوو، هەڵیدایەو گوتی:

- بە یارمەتی خۆت باتکۆ (بابە)! ببورە هەرچەندە کاتێ کە کوشیفوی، لە بەرانبەر لەشکردا دەوەستێ و قسەیان بۆ دەکات، بە پێی دەستوورو یاسا نابێ قسە لە قسەی بکرێ و قسانی پێ بێتە بڕین، بەڵام چارە نیەو دەبێ حەقیقەت و ڕاستیەکان بگوترێ، تۆ بە ناهەقی سەرزەنشتی هەموو سوپاییانی عیسایی دەکەیت. قۆزاقەکان وەختێ کەمتەرخەم و خەتاکارو تەنانەت شایستەی مەرگ و مردن دەبوون کە ئەگەر لە کاتی لەشکرکێشی یان شەڕ، یان لە کاتی ئەنجامی ئەرکێکی دژواردا، لە کاتی تەنگایەکی مەترسیدارا بادەنۆشیان کردبا. بەڵام ئێمە بێئەوەی هیچ کارێکمان بە دەستەوە بێ، بێ هیچ مەشغەڵەت و سرووتێکی ئاینی، بێهودە لە چوار دەوری ئەم شارە، بە دەم چاوەڕوانیەوە دانیشتووین، باشە لەم

بێکاریەدا ئەگەر نەخۆینەوە چ بکەین؟ ئەمە هیچ گوناحێکی تیانیە، لەم حاڵەدا کەس خەتابارو کەمتەرخەم نییە. سەبارەت بە ڕووداوەکەی دوێ شەویش، ئێمە بە دژمنانی نیشان دەدەین کە هێرشکردنە سەر خەڵکانی بێتاوان و خەواڵو یانی چی! ئێمە پێشتر شەڕی ئەمانەمان کردووەو کردووەو بەسەریاندا سەرکەوتووین، ئێستاش نەچووە بچێ، دەردێکی وایان دەدەینێ کە با بە دەواری شڕی نەکرد بێ، وایان لێدەکەین کەسیان بە سەلامەتی نەگەنەوە ماڵی خۆیان.

قۆزاقەکان، قسەکانی فەرماندەی بەشیان، پێخۆش بوو. زۆریان سەریان بەرزکردەوە، قسەکانی کۆکۆ بنکۆیان سەلماندو لە بن لێوانەوە گوتیان:

- کۆکۆبنکۆ ڕاست دەکات، قسەکانی دروستن!

تاراس بۆڵباش کە برێک دوور لە کوشیفوی وەستا بوو گوتی:

- دەی کوشیفوی، پێدەچێ قسەکانی کۆکۆبنکۆ ڕاِست بن، تۆ دەڵێی چی؟

- دەڵێم چی؟ دەڵێم ڕەحمەت لەو باوکەی کە ڕۆڵەی وای خستووەتەوە! دەڵێم گلەییو گازاندە نابێ بۆ شکاندنی بەرانبەرەکەت بێ، وەک دەڵێن گلەیی لە دۆست دەکرێت، گلەیی دەبێ بە مەبەستی هاندانی بەرانبەرەکەت بێ، وەکو چۆن مامێز گیانی تازە بە ئەسپ دەبەخشێت، دەبێ گلەیی و گازاندەش بەو ئاوایە گیانی تازە بە ڕوحی مرۆڤانی بەرانبەرەکەت ببەخشێت. منیش دەمویست، شتێک بڵێم کە دڵخۆشی قۆزاقەکانی پێبدەمەوە، بەڵام ئیدی کۆکۆبنکۆ دەست پێشکەری کردو زووتر فریا کەوت.

لە نێو زاپاروژیەکانەوە دەنگ بەرز بووەوە: - قسەکانی کوشیفوی بەجێن! قسەیەکی ماقوولی کرد! ڕاست دەکات!

ئیدی لە هەموو لایەکەوە دەنگی پشتیوانی بەرز بووەوە: - قسەیەکی جوانە!

- ڕاست دەکات!

کوشیفوی، درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:

- جا بەرێزینە گوێ بگرن! گرتنی قوللەو قەڵاتان، بەوەی بە دیوارو حەساریا ئاودیو بی یان لەغەم بۆ ژێری لێبدەی وەکو ئەڵمانیان ئەمە دەکەن، هەم کارێکی شایستە نیەو هەم لە قۆزاقیان ناوەشێتەوە. بەڵام واقیع ئەوەمان پێدەڵێت کە دژمن بە ئازووقەیەکی کەمەوە چوونەتە ناو شارەوە، چونکە ژمارەی گالیسکەکانیان کەم بووەو خەڵکی ناو شارەکەش برسین،و بەکەڕەتێ هەموو ئەو ئازووقەیە تەواودەکەنو گسکی لە بن دەدەن و بە تەسەوری من ناتوانن کا بۆ ئەسپەکانیشیان دابین بکەن، مەگەر یەکێک لە

ئەولیاکانیان بە شەنەیەک لە ئاسمانەوە شتێکیان بۆ بخاتە خوارەوە، ئەمەش تەنیا لە عیلم و دەسەڵاتی خوادایە. بەڵام قەشەکانیان جگە لە قسەی ڕووت و نزا هیچی تریان لە دەست نایەت. هەڵبەتە گومان لەوەدا نیە کە هەر چۆنێ بووە، درەنگ یان زوو ناچار لە شار دێنە دەرێ، جا بەم پێودانگە دەبێ هێزەکەمان ببێ بە سێ گروپەوە هەر گروپە لەبەر یەکێک لە سێ دەروازەکەی شاردا هەڵبدات. گروپی یەکەم بە پێنج بەشەوە بۆ دەروازەی سەرەکی شار، گروپی دووەم و سێیەم هەر یەکە بە سێ بەشەوە لەبەر هەردوو دەروازەی دەستە ڕاست و دەستە چەپ هەڵبدەن. هەردوو تیپەکەی "دیادکیفسکی"و "کورسونسکی" بۆ دژمن دەچنە بۆسەوە. تاراس بۆڵباش بە خۆی و تیپەکەیەوە دەچێتە بۆسەوە. تیپەکانی "شچربینوفسکی"و "ستبلیکوفسکی" قۆڵی دەستەچەپی ریزی گالیسکەکان دەگرن، تیپەکانی "تیتاروفسکی"و "تیموشوفسکی" وەکو هێزی یەدەگ لە قۆڵی دەستەڕاستی ریزی گالیسکەکان جێگیر دەبن. جا ئێستا لە نێو قۆزاقەکاندا چەند کەسێکی زماندرێژو دەماوەرو دەم پیس و زۆر جنێو فرۆش بدۆزنەوەو هەڵبژێرن، کە بچنە نزیکی قوللەو بورجی شارو لەوێندەرەوە دژمن بەر دەمرێژی جنێوان بدەن. جا پۆڵۆنیەکان، بەتەبیعەت هەندێ گەوجو سەرگەرمن و، تەحەمولی ئەو جنیوانە ناکەن و، ڕەنگە هەر ئەمڕۆ بە مەبەستی هێرش و پەلامار لە دەروازەکان بێنە دەرێ. جا فەرماندەی بەش و تیپەکان، ئێوەش، هەر یەکەو تیپی خۆ تەیار بکەن. ئەگەر ژمارەی جەنگاوەرانتان کەمە، بە پاشماوەی تیپەکەی "پریاسلافسکی" پڕی بکەنەوە! هەموو شتێک بە وردی تەمەشا بکەن! جا بە مەبەستی خومارشکێنی هەر قۆزاقە جامێ مەشروب و نانێکی بدەنێ! هەرچەندە دوێنێ ئەوەندەیان تێتڕاندووە کە باوەڕ ناکەم برسی بووبنەوە. هەر بەینی خۆمان بێ، قۆزاقەکان دوێنێ هێندەیان زیادەخۆری کردبوو، پێم سەیرە کە چۆن هەندێکیان سکیان نەتەقیوە.

ئێستا گوێ لە دەستووری من بگرن! ئەگەر هەر مەیخانەچییەکی جولەکە لە جامێ عەرەق پتر بە هەر قۆزاقیەک بفرۆشێت، بێ چەندو چوون وەکو سەگ لنگەو قووچ هەڵیدەواسم! دەی برادەرینە ئێستا ئیدی نۆرەی کارە! خەریکی کاری خۆ بن!

کە کوشیفوی لە قسەکانی بووەوە، هەموو قۆزاقەکان ئیکلامیان بۆ کردو وەکو رێز بۆ فەرماندەکەیان، بەسەری کۆتەوە بەرەو لای گالیسکەکانیان بڵاوەیان لێکرد، تا تەواو دوور نەکەوتنەوەو نەگەیینە لای گالیسکەکان کڵاوەکانیان لەسەر نەکردەوە. قۆزاقەکان کەوتنە خۆ تەیارکردن، شمشێر و سونگی و قەمەکانیان تاقی کردەوە، شاختێزەکانیان لە فەردە بارووتەکان پڕکرد، گالیسکەکانیان، بۆ تاقیکردنەوەو دڵنیایی خۆیان کەمێک جوڵاند. ئەسپی باش و هی تەنگانەیان هەڵبژارد.

تاراس بۆڵبا، بەرەو تیپەکەی خۆی کەوتە ڕێ، بەدەم ڕێوە لە فکران ڕاچوو بوو، چەندی ورد دەکردەوە، کە ئاخۆ ئاندرێ چی لێقەوماوە، بۆ لە هیچ شوێنێکەوە سەرو سۆراخی نیە، ئەقڵی بە هیچ

کوێ ڕانەدەگەیی. ئایا پۆڵۆنیەکان ئەویشیان دیل و یەخسیر کردووەو بە دەست و پێ بەستراوی بۆ شاریان بردووە؟ بەڵام نا، شتی وا مەحاڵە، چونکە ئاندرێ کەسێک نەبوو کە بە زندووییەتی ئەسیر بکرێ و دەستی دژمن بکەوێ. خۆ کەسیش لە نێو قۆزاقە کوژراوو سەربڕاوەکاندا نەی بینی بوو. تاراس بۆڵبا، بەدەم ئەو بیروخەیاڵانەوە دەڕۆیی، بەجۆرێ چوو بووە ژێری، کە تا ماوەیەکی زۆر گوێی لەو کەسە نەبوو کە بانگی دەکرد. بەڵام کەمێک دواتر وەخۆ هاتەوە و ئاوڕێکی دایەوەو گوتی:

- کێ بانگم دەکات؟

یانکلی جولەکە، لەبەردەمیا قوت بووەوە، وەکو ئەوەی نهێنییەکی گرینگی پێبێ، بە پەلەپەل و بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی: - فەرماندەی بەڕێز! میری گەورە! من ئەمڕۆ لەشار بووم!

تاراس بۆڵبا، تەمەشایەکی یارۆی جولەکەی کرد، سەری سوڕما بوو کە چۆن توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ناو شارو بێتەوەش. بۆیە پرسی: - چ شەیتانێک تۆی گەیاندە ناو شار؟

یانکل بەرسڤی دایەوە:

- ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە قوربان، بە وردی بۆتی دەگێڕمەوە. لە بەرەبەیانا، کە گوێم لە هەراو زەناو تیرەندازی قۆزاقەکان بوو، بەلەز جبەکەم هەڵگرت، بێئەوەی لەبەری بکەم، بەرەو سەمتی قەرەباڵغییەکە ڕۆییشتم. هەڵبەتە بەدەم ڕێوە لەبەرم کرد. پەلەم بوو کە بزانم هۆی هەراو زەناو تیرەندازی قۆزاقەکان چیە. وەختێ گەییمە بەر دەروازەی شار، دوا بەشی هێزو لەشکری پۆڵۆنیەکان خەریک بوون دەچوونە ژووەروە، لە پڕ چاوم بە سەروان "گالیاندوفیچ" کەوت کە لە پێش سەربازەکانیەوە دەڕۆیی. سەروانی ناوبراوم دەناسی، سێ دانە ساڵ بوو کە سەد سکەی زێڕی لێ قەرز کردبووم و، نەیدابوومەوە، ئیدی بە بیانووی داواکردنی قەرزەکەم دوای کەوتم و کاتێکم بەخۆ زانی لە ناو شاردام.

تاراس بۆڵبا بە سەرسامی گوتی:

- سەیرە، هەر بەوەندەوە نەوەستای کە چوویتە ناوشارەوە، دەتویست داوای قەرزیشی لێبکەیتەوە؟ پێم سەیرە چۆن فەرمانی نەداوە کە هەر لەوێندەر وەکو سەگ لە سێدارەت بدەن!

یارۆی جولەکە بەرسڤی دایەوە:

- چۆن فەرمانی نەدا! بەزاتی خوا فەرمانی داو تەواو، تەنانەت دەستوپێوەندەکەی گرتیانم و پەتیان لە ملیشم کرد کە لە سێدارەم بدەن، بەڵام ئەوەندە لە کابرا پاڕامەوەو لالامەوە، ئیدی دڵی نەرم بوو و بەرەڵڵایان کردم. هەڵبەتە بەڵێنم دایە ماوەیەکی زۆر لە سەری بوەستم و داوای قەرزەکەی لێنەکەمەوەو

خۆ ئەگەر یارمەتیم بدات و بتوانم قەرزەکانم لە جەنگاوەرەکانی دی وەربگرمەوە، قەرزی دیکەشی دەدەمێ. جا ئەم سەروانە قەت پولێکی لە گیرفان نەبوو، هەرچەندە بە حیساب چەندین گوندو موڵک و زەوی و زارو چوار دانە کۆشکیشی هەبوو، بەڵام هەمیشە بێ پارە بوو، لەو ڕووەوە لە قۆزاقان دەچوو، قەت تاقە پولێکی لە بەرکدا نەبوو. تەنانەت ئێستاش ئەگەر جولەکەکانی "برسلاڤ" فریای نەکەوتبان و خەرجی و پێویستی خۆی و جەنگاوەرەکانیان دابین نەکردبا، نەیدەتوانی لەم شەڕو لەشکرکێشەدا بەشداری بکات. لەبەر ئەم بێ پارەیی و دەست قرپیەی خۆی بوو کە نەیدەتوانی بەشداری کۆڕو کۆنگرەی ئەنجوومەنانی ئەوروپا بکات.

تاراس بۆڵبا، قسەکەی پێبڕی و بە توڕەیی گوتی:

- دەی واز لەم چەڵتە چەڵتە بێنە! بڵێ بزانم لەوێندەر چیت کرد. کێت لە جماعەتی خۆمان بینی؟

- لە دوبنۆ، خەڵکی خۆمانی زۆر لێ هەن! ئیتسکا، راخوم، سامویلو، خایوا لۆخ، کرێداری جولەکە...

- سەریان بەقەبری بابیان، ئەو سەگانە ناڵێم، تۆ بۆچی بە ناوی خێڵی جولەکە مێشکی سەرم دەبەیت! من زاپاروژیەکانی خۆمانم مەبەستە.

- ئا، لە زاپاروژیەکان کەسم نەبینی. تەنیا میر ئاندرێم لەوێ بینی!

تاراس بۆڵبا هاواری کرد:

- چۆن، ئاندرێت بینی؟ لە کوێ دیتت؟ لە زندانا بوو؟ بێ رێزییان پێدەکرد؟ دەست و لاقیان بەستبوو؟

- کێ دەتوانێ، دەستو لاقی میر ئاندرێ ببەستێ؟ ئاندرێ جەنگاوەرە بە شەرت، دڵت نایە سەیری بکەی. بەزاتی خوا بە زەحمەت ناسیمەوە! نەجمەکانی سەر شانی ئاڵتوون بوون، میداڵ و نیشانەکانی، سەری قۆڵەکانی، دەوری کڵاوخودەکەی، پشتێنەکەی، سەراپای ئاڵتوون بوو. وەکو چۆن لە وەرزی بەهارا، کاتێ تەیرو تو لە باخ و بێستاناندا دەکەونە خوێندن، گوڵ و گولیلکان بۆن و بەرامە بە چوار دەوری خۆدا پەخش و بڵاودەکەنەوەو هەتاو لە ئاسمانێ ڕا بە سەریاندا دادەڕژێو لە بەریا دەبریسکێنەوە، میر ئاندرێش لە جل و بەرگە زێڕینەکەی خۆیدا بەو ئاوایە دەدرەوشایەوە. تەنانەت فەرمانداری شار، ئەسپێکی داوەتێ کە هەر فرێی بدەی دوو سەد سکەی زێڕ دەکات.

تاراس بۆڵبا، هەستی کرد لە جێی خۆی وشک بوو، پرسی: - باشە بۆچی جلو بەرگ و زرێی بێگانانی پۆشی بوو؟

- چونکە ئەو جلوبەرگە، لەوەی خۆی باشترو جوانتر بوو... بە کەیفی خۆی، وەکو هەر یەکێک لەوانی دی، بە سواری ئەسپەکەی خۆی دێت و دەچێت. هەم ئەو ئەوان فێری هەندێ شت دەکات و هەم ئەوان ئەم فێری هەندێ شت دەکەن... بووە بە میرو خانێکی پۆڵۆنی تەواو!

- دەی باشە کێ ناچاری کردووە ئەم کارە بکات ؟

- من ناڵێم کە کەسێک ناچاری کردووە. گوایە جەنابت نازانی کە بە ئارەزووی خۆی چووە بۆ ناو ئەوان؟

- کێ ؟

- قوربان، میر ئاندرێ، بۆ ؟

- بۆ کوێ چووە ؟

- قوربان، بە کورتیەکەی پەیوەندی بە پۆڵۆنیەکانەوە کردووەو ئەوانیش وەکو یەکێک لە خۆیان رەفتاری دەگەڵ دەکەن.

- تۆ درۆ دەکەی، سەگی پیس!

- ئاخر چۆن دەتوانم درۆ بکەم؟ چما شێت بووم درۆی وەها بکەم؟ چما سەری خۆم لەو دەشتە دۆزیوەتەوە؟بۆچی نازانم ئەگەر بابایەکی جولەکە درۆ بەدەم میرێکەوە بکات، یەکسەر لە سێدارە دەدرێ؟

- یانی بەم قسەیەی تۆ، ئاندرێ وڵات و ئاینی خۆی فرۆشتووە؟

- من باسی کڕین و فرۆتنم نەکردووە، ئەمە کاری من نییە، تەنیا ئەوەندەم گوتووە کە پەیوەندی بە پۆڵۆنیەکانەوە کردووە.

- تۆ درۆ دەکەی، جولەکەی نەعلەتی! مەحاڵە شتی وا لە خاکی مەسیحیەتدا ڕوو بدات! تۆ درۆ دەکەی، سەگی بەرەڵڵا!

- خودا هەردوو چاوم کوێر بکات ئەگەر درۆ بکەم! نەعلەت لە قەبری باوکم، دایکم، خەزورم، باپیرم، باوکی دایکم ئەگەر درۆ بکەم! ئەگەر جەنابت حەزدەکەی و پێت باشە، دەتوانم هۆی ڕۆیشتنەکەی میر ئاندرێشت بۆ بگێڕمەوە.

- بڵێ، بزانم بۆچی ڕۆییشتووە؟

- فەرماندارى دوبنۆ كیژێكى زۆر جوانى هەیە، ماشەڵڵا كە جوانە!

كابراى جولەكە، هەوڵیدەدا بەدەم ئەو قسانەوە، جوانى ئەو كیژە زیاتر بەرجەستە بكات، هەردوو باسكى بڵاوكردنەوەو چاوەكانى چكۆلە كردنەوەو، دەم و لێوى بە جۆرێ هێنایەوە یەك و لستیەوە، لە تۆ وایە شتێكى زۆر خۆشى تام كرد. ئەوجا گوتى:

- بەڵێ، میر ئاندرێ، لەبەر خاترى ئەم كیژە جوانە پەیوەندى بە پۆڵۆنیەكانەوە كردووە. ئینسان كە ئاشق دەبێ، وەكو چەرمى ژێر قۆندەرەى لێدێت، بیخەرە ئاوەوەو ئەوسا بە كەیفى خۆت بە هەر لایەكیا دەنوشتێنیەوە، بینوشتێنەوە!

تاراس بۆڵبا، نوقمى دەریاى بیروخەیاڵ بوو. بیرى كەوتەوە كە دەسەڵاتى ئافرەتى بێدەسەڵات، چ دەسەڵاتێكى بەهێزەو چۆن پیاوانى زۆر بە هێزو تواناى هێناوەتە سەر چۆك و لە پیاوەتى خستوون و لە بەینى بردوون. ئەوسا ئەوەشى وەبیر هاتەوە كە ئاندرێ، بە تەبیعەت لە هەنبەر ژندا لاوازەو بە ئاسانى دەكەوێتە داوى ئەفسوونى ژنانەوە. وەكو پەیكەرێكى بێ گیان، لەو شوێنەدا بێ جوڵە، بزمار ئاسا چەقى بوو.

یارۆى جولەكە، لە سەرى ڕۆیى:

- ... جا قوربان گوێ بگرە! عەرزى باسەعادەتى جەنابت بێ، حەزدەكەم هەر هەموو شتەكانت، وەكو خۆى بۆ بگێڕمەوەو هیچت لێ نەشارمەوە. هەركە گوێم لەو هەراو زەنایەى بەرە بەیان بوو و دیتم كە ژمارەیەك خەریكن خۆ بە شارا دەكەن، ملوانكەیەكى مرواریم دەگەڵ خۆدا هەڵگرت، چونكە دەمزانى كە لەو شارەدا ژنانى جوان و خانەدان زۆرن، هەر شوێنێ ژنى جوانى زۆربێ، ئەگەر نانى شەویشیان نەبێ مروارى و خشڵ و ئەو شتانە هەر دەكڕن، ئەوە بوو كاتێ جەنگاوەرەكانى سەروان، میرى (خورونژ) ئازادیان كردم، بە هەشتاو خۆم گەیاندە دەربارى فەرماندارى شارو كارەكەرێكى تاتاریان هەبوو، بە شێنەیى لە پرسیارانم گرت و چوومە بنج و بناوانى هەموو شتێك، كارەكەرەكە پێى گوتم: "هەركە زاپاروژیەكانیان ڕاوناو سەركوتیان كردن، هەنگێ میر ئاندرێ ئاهەنگى زەماوەند دەگێڕێت. میر ئاندرێ، بەڵێنى داوە كە زاپاروژیەكان ڕاو بنێت و لێرەیان دوور بخاتەوە".

تاراس بۆڵبا نەڕاندى÷ باشە تۆ، بۆچى ئەو زۆڵەت هەر لەوێدا نەكوشت؟

- بۆچى بیكوژم؟ خۆ بە خوایشتى خۆى پەیوەندى بە پۆڵۆنیەكانەوە كردووە! چ خەتایەكى كردووە؟ ئەوێى پێخۆش بووەو چووە بۆ ئەوێندەر!

- باشە تۆ بە چاوى خۆت، ڕوو بە ڕوو بینیت؟

- ئا، ئا بە زاتی خوا، بە چاوی خۆم، ڕوو بە ڕوو دیتم! جا جەنگاوەرو شەڕڤانێکی بە سام و هەیبەت! لە ناو هەموویانا دیار بوو! خوا ڕاوەستاوی بکات، دەست بە باڵییەوە بگرێت. یەکسەر ناسیمیەوە. کە چووم بۆلای، یەکسەر، بێ هیچ پێشەکییەک گوتی....

- چی گوت ؟

- هەوەڵجار پەنجەی لێ ڕاوەشاندم و پاشان گوتی: یانکل! وەڵامم دایەوە: بەڵێ، میر ئاندرێ! گوتی: یانکل! بە باوکم، بە برایەکەم و بە هەموو زاپاروژیەکان بڵێ کە نە بابم باوکمە نە براکەم برامەو نە هاوڕێکانم هاوڕێمن و شەڕی هەموویان دەکەم. شەڕی یەک بە یەکیان دەکەم.

تاراس بۆڵبا، بەدەم ڕاوەشاندنی شمشێرەکەیەوە هاواری کرد:

- تۆ درۆ دەکەی. ئەی جولەکەی نەحلەتی، تۆ درۆ دەکەی هەی سەگی خوێڕی، تۆ هەمان ئەو پیاوەی کە عیسات لە خاچ دا، تۆ نەفرەتی خوات لێکراوە! دەتکوژم، شەیتان! خێرا لێرە برۆ، دەنا کوشتنت مسۆگەرە!.

تاراس بۆڵبا بە دەم ئەو هەڕەشانەوە دەستی بۆ شمشێرەکەی برد. جولەکەی زارەتەرەک پەنای وەبەر لاقە لاوازەکانی بردو خێرا هەڵهات. بەو دەقەوە، بێئەوەی ئاوڕ لەم لاو لەولا بداتەوە، مودەتێکی زۆر بەنێو ئۆردوگای قۆزاقەکانداو ڕوو لە دەشت و دەرەکە هەر غاری داو نە وەستایەوە. بەڵام تاراس بۆڵبا کە بە دروستی نە دەزانی قاری خۆی بەسەر یەکەم کەسدا کە تووشی دەبێت بڕێژێ، دوای نەکەوت.

یەکسەر بیری کەوتەوە کە دوێ شەو بە چاوی خەواڵووەوە ئاندرێی دەگەڵ ژنێکدا بینی بوو کە بە نێو ئۆردوگای قوزاقەکاندا دەڕۆیی. سەرە سپیەکەی دانەواند، خەیاڵ و ئەندێشەیەکی تاڵ و ناخۆش سەراپای داگرت، هێشتاش باوەڕی بە خۆی نەدەکرد کە ئەم فەزیحەتە نەنگینە ڕووی دابێ و کوڕی ئەو خۆی و ئاینی خۆی بفرۆشێت و خیانەت لە ڕوحی میللەتی خۆی بکات. ئەنجام گەییە تیپەکەی خۆی، تیپەکەی برد بۆ کەمینگایەک کە کەوتبووە پشت لێڕەوارێکەوە، تاقە لێڕەوار بوو کە قۆزاقەکان هێشتا نەیان سووتاند بوو. زاپاروژیەکان، بە سوارەو بە پیادەوە ئەو سێ ڕێگایەیان گرتە بەر کە دەچوونەوە سەر سێ دەروازەکەی شار.

هەموو تیپەکانی ئومانسکی، پوپوڤیچسکی، کانوسکی، ستیلیکوڤسکی، نزامەینوفسکی، گورکوزیوف، تیتاروفسکی و، تیموشوفسکی، یەک لە دوای یەک بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆ وەڕێکەوتن.

هەموو تیپ و بەشەکان، بۆ شەڕ خۆیان ئامادەو تەیار کرد بوو، تەنیا تیپەکەی پریاسلافسکی نەبێ کە دوێ شەو تارومار کرا بوو و (خلیب)ی سەر تیپیان، کە بە جلی خەوەوە گیرا بوو و خۆی لە مەڵبەندی

فەرماندەیی دژمندا بینی بووەوە، لە ریزی قۆزاقەکاندا نەدەبینرا. پۆلۆنیەکان زوو بە زوو جم و جوڵی قۆزاقەکانیان بەدی کرد، جەماوەری خەڵکی شار خرۆشان، لەسەر دیوارو حەساری شارا خڕ بوونەوە، بە ڕاستی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشیان هەبوو. جەنگاوەرانی پۆلۆنی، بەجل و بەرگ و ئارایشی خۆیانەوە، یەک لە یەک قۆزترو جوانتر بوون، حازرو ئامادە سەنگەرو مەتەریزیان گرت، کڵاوخودە مسییەکانیان، کە بەپەڕی سپی قووان ڕازابوونەوە، وەکو کۆمەڵێک خۆری درەخشان، لە دوورەوە دەدرەوشانەوە. هەندێکیانیش کڵاوی چکۆلەی ڕەنگاو ڕەنگی سوور یان شینی ئاسمانیان، بە تیلاگی سەریانەوە نابوو. جۆرە چاکەتێکیان لەبەر کردبوو، کە سەری قۆڵەکانیان لە پشتەوە شۆڕ دەبوونەوە، بە داوی زێڕین یان بە داوی ئاسایی نەخشێنرا بوون. هەندێکیانیش شمشێرو چەکی جەواهێرنیشانی زۆر گرانبەهایان بە قەدەوە بوو. خۆڵاسە هەموو شتێکیان هەر رازاوەو جوان بوو.

فەرماندەی هێزەکانی شاری (بودزاک) کڵاوێکی سووری ریشوو زێڕینی لەسەر نابوو، بە کەش و فشەوە لە پێش هەموویانەوە وەستا بوو. زەلامێکی توندو تۆڵ و تۆکمەو بە خۆوە بوو. لە هەموو ئەوانی دی باڵابەرزتر بوو، بۆ قەڵەویش کەسی نەدەگەییشتێ، بە ئاستەم لە پاڵتۆ گرانبەهاکەیدا جێی دەبووەوە.

لە قۆڵێکی ترەوە، کە نزیکی دەروازەی تەنیشتەکانی شار بوو، فەرماندەیەکی دیکە، کە پیاوێکی کورتە باڵای ڕەقەڵە بوو، بە خۆو هێزەکەیەوە سەنگەری گرتبوو. چاوە چکۆلە زیتەکانی لە ژێر برۆ چڕو پڕەکانیەوە پرشنگیان دەدا، زۆر چالاک بوو، بە سەر سەنگەرەکاندا دەگەڕا، خۆی دەگەیاندە هەموو شوێنێک، بە توندی و پەلەپەل دەستە وشک و ڕەقەکانی دەجوڵاند، وەکو ئەوەی فەرمان بە جەنگاوەرەکانی بدات. هەرچەندە بە جەستە وردیلەو ڕیوەڵە بوو، بەڵام بە هەڵسوکەوتیا لەوە دەچوو یەجگار شارەزای فەندو فێڵی شەڕ بێت. هەندێ لەولاترەوە سەروانێکی درێژ داهۆڵی سمێڵ بابڕ وەستا بوو. کابرایەکی قۆز بوو، دەموچاوی گەش، دیار بوو ئەهلی بادەنۆشی و کەیف و سەفاو ڕابواردنە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەشرافان لە پشتیەوە وەستا بوون، دیاربوو یا بەپارەی خۆیان یان بە پارەی گەنجینەی دەوڵەت، یان بە پارەی کەل و پەل و شمەکی ناو ئەم خانوو و کۆشکانەی کە لە بابەوە بە میرات بۆیان مابووەوەو بە بارمتە دابوویان بە جولەکەکان، خۆیان چەکدارو بۆ شەڕ ئامادەکردبوو. خەڵکانێکی هەڕەمە لەو ناوە دەبینران. هەندێکیان ئەوەندە لات بوون، پارەی خواردنەوەشیان بە دەستەوە نەبوو، کەچی بە شێوەیەکی شایستە، خۆیان بۆ شەڕو بەرگری ئامادە کردبوو.

قۆزاقەکان، بە کاوەخۆو بە بێدەنگی لە بەرانبەر شورەو حەسارەکانی شاردا ریزیان بەستبوو. کەسیان جلو بەرگی جوان و بە زێڕو زیوەریان لەبەر نەبوو. مەگەر بەدەگمەن پارچە زێڕێک بە دەسکی شمشێر یا قۆناغی تفەنگی ئەم یان ئەوینەوە ببینرایە. قۆزاقان، حەزیان نەدەکرد لە شەڕا خۆ برازێننەوەو

تەدارەکی گرانبەها لە خۆ بدەن. زرێ و جلو بەرگی سادەیان لەبەر دەکرد. ئیدی بە خۆو سەرکڵاوە ڕەش و سوورەکانیانەوە، پانتاییەکی زۆریان گرتبووەوە.

دوو قۆزاقی، بە سواری ئەسپەوە لە ریزی زاپاروژیەکان وەدەرکەوتن و تەواوێک لە شورەو حەساری شار نزیک بوونەوە. یەکێکیان گەنجێکی تازە پێگەییشتوو بوو وئەویتریان گەورەتر بوو. بەڵام هەردووکیان لەو کەسانە بوون کە کەس دەرەقەتی زمانیان نەدەهات، بۆ قسە دانەدەمان.چەند دەمپیس وحازر وەڵام بوون، ئەوەندەش قۆزاقی باش بوون. یەکەمیان ئۆخریمتاش و، دووەمیان میکیتاگولوکوپیتنکوی ناوبوو. لە دوای ئەوانەوە قۆزاقێکی دیکەش کە دمیدبوپوڤیچی ناوبوو لە ریزەکە دەرچوو. ئەمە قۆزاقێکی قەڵەو بوو، ماوەیەکی زۆری لە ئۆردوگادا بەسەر برد بوو، لە ئەدریانوپول دا شەڕی چاکی کردبوو، ناخۆشی و تەنگانەی زۆری دیتبوو، هەموو سەرو سمێڵی سووتا بوو، بە پەلەو بەسەرو سەکوتی قەتراناوی و ڕیش و سمێڵی سووتاوەوە خۆی گەیاند بووە ئۆردوگاکە، ئیدی لەوێ بەرە بەرە چاک بوو بووەوە، پێستی تازەی هێنا بووەوە، قژی درێژ کردبووەوە، ڕدێن و سمێڵێکی چڕو پڕی ڕەش وەکو قیری دانا بووەوە. ئەمیش لە حارز وەڵامی و جنێوفرۆشیو دەم پیسیدا بێ وێنە بوو. هەرکە تۆزێک لە حەسارەکە نزیک بووەوە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- ئەهای کاتۆلیکان، ڕاستە جەنگاوەرەکانتان لە جل و بەرگا سورو دەچنەوە، بەڵام من دڵنیام لەناوەوە سپین. هاتووم بزانم ئاخۆ خوێنەکەشیان سوورە؟

فەرماندە قەڵەوە کەتەو زەلامەکە، لەسەرێ ڕا هاواری کرد:

- پێتانی نیشان دەدەم! ڕاوەستن بۆم بزانە چۆن دەست و پێی هەمووتان دەبەستم! ترسنۆکینە، خێرا چەک و ئەسپەکانتان ڕادەستی ئێمە بکەن! بینیتان چۆن هاوڕێکانتانم بە دیلی گرت؟ ئەهای کوڕینە، ئەو دیلە زاپاروژیانە بێنن بۆ سەر حەسار با سەیری هاوڕێکانیان بکەن!

بە دەستووری فەرماندە، زاپاروژیەکانیان، بە دەستو لاق بەستراوی هێنا بۆ سەر حەسارو مەتەرێزەکان. (خلیب)ی فەرماندەی دیل و یەخسیر لە پێش هەموویانەوە بوو. نە شەرواڵی لە پێدا بوو نەزرێکەی لەبەر بوو. رێک وەکو ئەو ساتە بوو کە بە مەستی گرتبوویان، چونکە ڕووت بوو و، وەکو سەگ خەوبگیر کرابوو، شەرمی دەکرد قۆزاقیەکانی هاوڕێی بەو حاڵە بیدینن. بۆیە لە شەرما سەری داخستبوو، لە زەرفی شەوێکدا سەری پاک سپی بوو بوو.

قۆزاقەکان لە خوارەوە، هاواریان کرد:

- خەم مەخۆ خلیب، رزگارت دەکەین!

فەرماندە بوروداتی–ش هاواری کرد:

- برادەر خەمت نەبێ، ورەت بەرزبێ! تۆ هیچ خەتایەکت نیە کە بە رووتی یەخسیریان کردوویت. ئیدی بەدشانسی شەرمی لە کەس نیە، ڕوو دەکاتە هەموو کەسێک، گوێ مەدەیە پیاو لێی دەقەومێ. بەڵام شەرمە بۆ ئەوانە کە تۆ بەو رووتیو قووتیە نیشان دەدەن،و شتێکیان نەداویەتێ کە بە خۆتیا بدەیت!

گولوکوپیتنکۆ، چاوانی بڕینە حەسارو مەتەرێزەکەو هاواری کرد:

- ئێوە، بە ڕاستی جەنگاوەرو شەڕڤانی ئازان لە شەڕی نوستوواندا!

لەسەر مەتەڕێزەکانەوە وەڵامیان دایەوە:

- پەلە مەکە، کەمێک سەبر بکە، بزانە چۆن کاکۆڵەکەت لە بن و بێخەوە دەردێنم؟

پوپوفیچ، لە نزیکی دیوارو مەتەرێزەکانەوە، پێچێکی بە ئەسپەکەی کردەوەو گوتی:

- جا کوا خوا ئەوەی کردبا، زۆر حەزدەکەم بە چاوی خۆم ئەو کارەم لێ دیتبان!

ئەوسا لەسەر ئەسپەکەوە ئاورێکی لای قۆزاقەکانی دایەوەو لەسەری ڕۆیی:

- کێ دەڵێ وانیە؟ ڕەنگە پۆڵۆنیەکان ڕاست بکەن! خۆ ئەگەر ئەو زگ زلەی لەوێندەر، لەوسەرە وەستاوە، ڕێبەریان بکات و پێشیان بکەوێت، دەبێ بە قەڵغان و مەتاڵ بۆیان، هیچ خەمیان نابێ، هەموویان پارێزراو دەبن.!

قۆزاقەکان، کە دەیانزانی پوپوفیچ، مەبەستێکی تایبەتی لەو قسەیە هەیە، پرسیان:

- چۆن پارێزراو دەبن؟

- چۆن؟ هەموو لەشکری پۆڵۆنی، خۆ دەدەنە پشت ئەو، هەنگێ لەبەر ورگی ئەو ناتوانن دەست لە کەسیان بوەشێنن..

قۆزاقەکان هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد. کەمێک بێدەنگ بوون و ئەوسا گوتیان:

- نەمری پیرە پوپوفیچ! قسەکانی بەرد دێننە جواب...

هێشتا قۆزاقەکان، قسەکەیان تەواو نەکرد بوو کە کوشیفوی هاواری کرد:

- خێرا خۆ لە دیوارو مەتەرێزەکانی شار دوور بخەنەوە، دەی مەحەتەل مەبن!

دیار بوو وەکو قۆزاقەکان پێشبینیان کردبوو، پۆڵۆنیەکان ئەو قسە زبرانەیان پێ قووت نەچوو بوو. فەرماندەی زگ زل بە دەست ئاماژەیەکی کرد. قۆزاقەکان هێشتا بە تەواوەتی دوور نەکەوتبوونەوە، لە سەرێ ڕا درانە بەر دەستڕێژی گوللە. لە سەرەوەو لە مەتەرێزەکانەوە هەراو زەنا بەرز بووەوە. خودی فەرمانداری پیری شار، بە سواری ئەسپەوە بە دیارکەوت، دەروازەکان کرانەوەو هێزی پۆڵۆنیان لە شار وەدەرکەوت. هێزی سوارە لە پێشی پێشەوەو بە ریز دەڕۆیی، پاشان جەنگاوەرانی جوانپۆش، پاشان نێزەدارانی سەراپا زرێپۆش، ئەوجا سەربازانی کڵاوخودی مسی زەرد. لە دوای ئەوانەوە جۆرەها خانەدان و نەجیمزادان، بەجیاو، هەر کەسە دەگەڵ نۆکەرو دارو دەستەی خۆدا دەهاتن و، هەر کەسەو بە گوێرەی زەوقی تایبەتی خۆی جل و بەرگی پۆشی بوو، لە ڕووی غروورو خۆ پەسندیەوە، بێزیان نەدەهات، بە ریز لە گەڵ ئەوانی دیدا برۆن، ئەوجا سەروان بەخۆی و دەست و پێوەندەکەیەوە، لە دوای ئەوەوە چەند ریزە سەربازێکی دی دەهات، لە دوای ئەوانەوە فەرماندە کەتەو قەڵەو و زەلامەکە بە سواری ئەسپ و لە دوای سوپاکەوە فەرماندە کورتە باڵا ڕەقەڵەکە، لە شار وەدەرکەوتن.

کوشیفوی هاواری کرد:

- دەرفەتیان مەدەن خۆ ڕێکبخەن، هەموو تیپەکان بە جارێ پەلاماریان بدەن، قەیسەرییان لێ بکەن بە کونە مشک، دەروازەکانی دی بە جێ بێڵن! با هێزەکەی تیتاروفسکی لەم قۆڵەوە هێرش بکات. هێزەکەی دیادکیوفسکی لە قۆڵی چەپەوە هێرش بکات. هێزەکانی کوکونیکۆ و پالیڤودا لە دواوە پەلاماری دژمن بدەن، لێیاندەن، دەست مەپارێزن، تاروماریان بکەن! ڕێزەکانیان تێک بشکێنن و مەیەڵن یەک بگرنەوە.

قۆزاقەکان، لە هەموو قۆڵێکەوە کەوتنە هێرش و پەلامار، ریزی پۆڵۆنیەکانیان تێک و پێک شکاند، دەگەڵ دژمندا بە ناو یەکتر کەوتن، کار گەییە ئەوەی تفەنگ دەوری نەما، ناچار هەردوولا بە شمشێرو سەرەنێزە بەربوونە گیانی یەکدی. ئیدی کوڕ ئەو کوڕە بوو دەست بوەشێنێ و هێزی بازوو و دلاوەری بنوێنێ، پوپوفیچ، سێ پۆڵۆنی سەراپا لە چەکا خنکاوی بە نێزە داپاچی و دوو نەجمیزادەی گەورەشی لە سەر ئەسپەکانیانەوە سەرنگون کردو گوتی:

- کە ئەسپی چاکن. دەمێک بوو بە ئاواتی ئەم جۆرە ئەسپەوە بووم!

ئەسپەکانی لە مەیدانی شەڕەکە دوور خستنەوە، چەند قۆزاقیەکی، کە لەو ناوە وەستا بوون، بانگ کرد. ئەسپەکانی پێ سپاردن و دەستووری دانێ کە ئاگایان لێیان بێ. ئەوسا بەلەز بۆ مەیدانی شەڕەکە گەڕایەوەو چوو بە سۆراخی ئەو نەجیمزادانەوە کە گلاندبوونی. یەکێکیانی کوشت و کەمەندی لە گەردنی ئەویتریان کردو سەرێکی کەمەندەکەی بە زینی ئەسپەکەیەوە بەستو پیرە ئەسپی بەو دەشتە بەرینەدا

تاودا، هەڵبەتە دوای ئەوەی شمشێرە دەسک نقێمدارەکەی، کیسە زێڕەکەی قەدی بە تالآن بۆ خۆی برد.

قۆزاقیەکی گەنج کە کوبیتای ناو بوو، کەوتە بەرانبەر شەڕڤان و جەنگاوەرێکی نەجیمزادەی هەرە ئازاو دلاوەری پۆڵۆنی، زۆریان یەکدی هێناو برد، ئەوجا پێکاهەڵگژان، یارۆی قۆزاقی ئەنجام بەسەر دژمنە بەهێزو تواناکەیدا سەرکەوت، خەنجەرە تورکیە تیژو بڕندەکەی لە سینەیدا ختم کرد. بەڵام یارۆی قۆزاقی هەڵنەهات. لە ناکاوا گوللەیەک بە پشتی ملیا چزاو ئەویش لەوێ مرد. بکوژەکەی کوبیتا، یەکێک بوو لە میرزادە بەناوبانگەکانی پۆڵۆنیا، لە سوارچاکە ئازاکان و لە بنەماڵەیەکی خانەدانی کۆن بوو. کابرایەک بوو بە سام و هەیبەت، بە ژن و باڵا رێک وەکو دار چنار، کە بەسەر ئەسپە کوێتە (کوێت= ئەسپی سووری ئاماڵ ڕەش) چاپوک و چەلەنگەکەیەوە دەهاتو دەچوو سامی لێدەباری. لەم شەڕەدا زۆر دەلاوەری و ئازایەتی میرانەی نواند. دوو قۆزاقی بە شمشێر لەت کردن، فیودورکورزی، کە قۆزاقیەکی زۆر عەگید بوو، بە ئەسپەکەیەوە گلاند. ئەسپەکەی بە گوللە کوشت، ئەوجا کورزی بە سەرەنێزە کوشت. هەر سەرو دەست بوون، بەزەبری شمشێری ئەو دەپەڕین، ئێستاش ئەوە بوو، کوبیتای بە گوللەیەک کوشت. لەم کاتەدا کوکوبنکۆی فەرماندەی تیپی نیزامای کە چاوی بە دلاوەری و بوێری ئەو پیاوە پۆڵۆنیە کەوت، هاواری کرد:

– حەزدەکەم، دەگەڵ حەریفێکی وادا خۆم تاقی بکەمەوە.

ئەوسا، ئەسپەکەی بەر مامێزان دا. بە تاو خۆی گەیاندە پشتی میرزادە پۆڵۆنیەکەوە، لە نەعرەتەیەکی وەهای دا کە هەموو جەنگاوەرەکانی ئەو دەوروبەرە، لەرزیان لێهات. میری پۆڵۆنی ویستی پێچ بە ئەسپەکەی بکاتەوەو ڕوو بە ڕووی حەریفەکەی ببێتەوە، بەڵام ئەسپەکەی کە لە نەعرەتە بێ ڕەزاکەی کۆکۆبنکۆ ڕەوی بووەوە ملی نەداو ڕووی کردە لایەکی دی، کۆکۆبنکۆ، خێرا هاتە دەست و گوللەیەکی نا بە میرزادەوە، میرزادە لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوەو کەوتە تلدان، هەرچەندە هێزی شمشێر وەشاندنی تیا نەمابوو، بەڵام وێڕای ئەوەش هەوڵیدەدا دەستی بگاتە کۆکۆبنکۆو تۆڵەی خۆی بکاتەوە. بەڵام کۆکۆبنکۆ، دەرفەتی نەدا، بە هەردوو دەست قەمە دەم پان و قورسەکەی گرت و تا هێز لە بازوویدا بوو، کردی بە ناو دەم و دانی میرزادەدا، دوان لە دانە سپیە شەکر ئاساکانی هەڵوەرین و زمانی بوو بە دوو لەتەوەو قەمەکە لەپشت سەریەوە دەرچوو و لە ئەزرەکە چەقی. بەو جۆرە ئەو جەنگاوەرە بۆ هەتا هەتایە لەو ئەرزە ساردو سڕە کەوت. خوێن وەکو گوڵێکی سورو کە لە کەناری ڕووبارێکدا بڕوێ، بەو ئاوایە، وەکو فوارەی ئاو لە زامەکانیەوە فیچقەی دەکردو جلە زەردو زێرکفت وئاڵدۆزییەکانی خڵتانی خوێن دەبوون. کۆکۆبنکۆ بەو دەقەوە ئەوی لەوێندەر بەجێهێشت و بەخۆو دارو دەستەو هێزەکەیەوە ڕوویان کردە قۆڵێکی دیکەی شەڕەکە. لەم کاتەدا بورودانی، فەرماندەی تیپی

(ئومانسكی) گەییە ئەو شوێنەی کە جەستەی میرزادە پۆڵۆنیەکەی لێکەوتبوو، چووە دیار جەنازەکەو گوتی:

- باشە بۆچی ئەم هەموو کەل و پەلە بە نرخە، ئەم هەموو چەک و ئەسلەحەیە نەبراوە؟ من بەم دەستانەی خۆم حەوت دانە نەجیمزادەم کوشتوون، بەڵام هیچیان بە قەد ئەمە پۆشتەو پەرداخو دەوڵەمەندو بە بەرگ و بار نەبوون.

تەماع بەسەریا زاڵ بوو، دانەویەوە تا شتەگرانبەهاکان لە میرزادە بکاتەوە. خەنجەرە جەواهێرنیشانەکەی هەڵگرت، کیسە پارەکەی لە قەدی کردەوە، دەستی برد، کیفێکی چکۆلەی ناسکی لە بەرکی دەرهێنا کە چەند داوێکی قژی کیژێکی وەکو یادگاری دڵداری تیا بوو. بورداتی ئاگای لەوە نەبوو کە ئەو سەروانە کەپوو سوورەی کە بە خۆی دوو جاران لە ئەسپەکەی سەرنگونی کردبوو و بە خەستی برینداری کردبوو، بەسواری ئەسپ دوای کەوتووەو وەکو با بۆی دێت. هەرکە سەروان گەییە ئاستی بورداتی، پیرە شمشێری باداو تاهێز لە بازوویدا بوو کێشای بە گەردنی دانەویوی بورداتی داو حەیاتی لە بەر بڕی. تەماع، سەری یارۆی قۆزاقی خوارد، سەری بەلایەکا پەڕی و جەستەی بێ سەریشی، بە خوێنی خۆی ئەرزەکەی پاراوکردو روحی، تورەو خەمناک، بەرەو ئاسمان هەڵفڕی و سەری سوڕما بوو کە چۆن وا زوو بە زوو و بەو ئاسانیە لە جەستەی بە هێزی خاوەنەکەی دەرچووەو جیا بووەتەوە.

سەروانی پۆڵۆنی، فریا نەکەوت کە سەری فەرماندە قۆزاقیەکە بە قژەکەی هەڵگرێ و بیکات بە زینی ئەسپەکەیەوە، چونکە دەم و دەست تۆڵە ئەستێنێکی ترسناک و دڕو دڕندە گەییە سەری.

وەکو چۆن بازێک دەفڕێ، بەرز دەبێتەوە، لە بەرزایی ئاسماندا بە شێوەیەکی بازنەیی دەسوڕێتەوەو دەسوڕێتەوە، لە پڕ لەنگەر دەگرێت، لەو بەرزاییەوە، ماکەوێک لە عاردی بەدی دەکات و وەکو گوللە بۆی دادەکشێت و پەڕو باڵی بە ئاسماندا دەبات، بەو ئاوایە ئۆستاپی کوڕی تاراس بۆڵبا پەلاماری سەروانی پۆڵۆنی داو کەمەندەکەی لە ملی گیر کرد. کابرای سەروان شین و مۆر بووەوە، هەڵیکێشایە دەمانچە، بەڵام چونکە نەیتوانی بەو حاڵەوە، بە دروستی نیشانە بگرێتەوە، گوللەکەی بە فیرۆ چوو، بەر ئۆستاپ نەکەوت، ئۆستاپ، هەر لەوێ کەمەندێکی ئاوریشمینی لە زینی ئەسپەکەی سەروان، کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەسیر کردنی قۆزاقەکانی ئامادە کردبوو، کردەوە، بە هەمان کەمەند (پەت، کندر، حەبل) دەست و لاقی بەستنەوەو سەری کەمەندەکەی بەزینی ئەسپەکەی خۆیەوە بەست و بە زندوویەتی لەم سەری دەشتەکەوە بۆ ئەو سەری دەشتەکەی ڕادەکێشاو بە دەنگی بەرز هاواری لە جەنگاوەرانی تیپی (ئومانسکی) دەکرد، کە بێن، ئەو دیمەنە بدینن و بێن بۆ ئەو شوێنەی سەرتیپەکەیانی تیا کوژرا تا بە چاوی خۆ تۆڵەی سەرتیپەکەیان بدینن و بەڕێزو حورمەتەوە دوا ماڵاوایی لێبکەن.

کاتێ قۆزاقیانی تیپی ئومانسکی زانیان سەر تیپەکەیان کوژراوە. مەیدانی شەڕەکەیان چۆڵ کردو بە پەلە چوون بۆ هەڵگرتنەوەی تەرمەکەی. هەر لەوێندەرو بەدیار تەرمی سەرتیپەکەیانەوە کەوتنە شیرەت و ڕاوێژان تا یەکێک بەسەر تیپ و فەرماندەی خۆیان هەڵبژێرن. دوای گفتوگۆیەکی کەم هەندێکیان گوتیان:

- هیچ پێویست بە ڕاوێژ و شیرەتان ناکات، لە ئۆستاپ باشترمان دەست ناکەوێ. ڕاستە لە هەموومان منداڵترە، بەڵام ئەقڵ و هۆشی پیرەمێرانی دنیا دیدەو ئەزموونداارانی هەیە.

ئۆستاپ، کڵاوەکەی لەسەر داگرت، سوپاسی هاوڕێ قۆزاقەکانی خۆی کرد کە ئەو شەرەفەیان پێ بەخشی. چونکە لە گەرمەی شەڕا بوون و وەختەکەی زۆر ناسک بوو، هیچ برِو بیانوویەکی نەهێنایەوە کە منداڵەو شایستەی ئەو شوێنە نیەو... یەکسەر، بێ چەندو چوون پۆستەکەی قەبووڵ کرد، خێرا بەرەو دژمن پێشیان کەوت و بە کردەوە بۆی سەلماندن کە بە خۆڕایی بە فەرماندەو سەرتیپ هەڵیان نەبژاردووە.

پۆڵۆنیەکان، هەستیان کرد شەڕەکە بەرە بەرە گەرم دەبێت و بە قازانجی ئەوان ناگەڕێت، بۆیە پاشەکشەیان کرد، تا لە گۆشەیەکی دەشتەکەدا، دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە.

لەم کاتەدا، فەرماندە کورتە باڵا ڕەقاڵەکە، دەستووری بە هێزە تازە نەفەسەکەی خۆی دا، کە بریتی بوون لە چوار بەتالیۆن و بە جیا لە هێزەکانی دی، لەبەر دەروازەکاندا خڕ بوو بوونەوە، کە تیرەندازی بکەن، ئیدی گوللە وەکو بارانی بوهار بەسەر قۆزاقەکاندا داباری، بەڵام هیچ یەکێک لە جەنگاوەرانی قۆزاق نەپێکران، زیاتر ئەو گاجووتانە بەرکەوتن کە کێویانە دەیانڕوانیە مەیدانی شەڕەکە، گاجووتەکان، بە دەم گابۆڕەوە، ترساوو پەریشان، بەرەو ئۆردوگای قۆزاقەکان تێیان تەقاند، هەر عەرەبانەیەکیان هاتە ڕێ تێکیان شکاند، هەرچیەکیان هاتە ڕێ پایەماڵیان کرد. بەڵام لەم کاتەدا تیپەکەی تاراس بۆڵبا، لە بۆسەکەی خۆ وەدەرکەوتن و بەدەم هەراو هەنگامەوە پێشیان لە گاگەلەکە گرت. گاگەلی کێوی، لە هەراو زەنای قۆزاقەکان ڕەوییەوە، ڕێگەی خۆی گۆڕی و ڕێک ملی بە لەشکری پۆڵۆنیەکانەوە نا، هەرچیەکی دەهاتە ڕێ چ پیادەو چ سوارە ملی پێوەدەنا، دەیخست و بەسەریا ڕەت دەبوو. ئیدی لەشکری پۆڵۆنی بە جارێ شپرزەو پەریشان بوو.

زاپاروژیەکان، هاواریان دەکرد:

- مەمنوون، مەمنوون و منەتباری ئێوەین ئەی گاگەل، لە کاتی لەشکرکێشیەیەکدا، خزمەتتان کردین و، ئێستاش لە کاتی شەڕو جەنگدا ئەرکی خۆتان ئەنجام دەدەن!

ئەوجا بەهێزێکی تازەو زۆرەوە، بەرەو دژمن هێرشیان بردو ئەمجارە ژمارەیەکی زۆریان لە لەشکرو قۆشەنی دژمن کوشت. لەم شەڕو پێکادانانەدا، قۆزاقانێکی زۆر ئازایەتی و دلاوەری شایستەو بێ وێنەیان نواند لەوانە: میتیلیتسیا، شیلو، برایانی بیسارینکۆ، فوفتوزینکو،و زۆری دیکە.

پۆڵۆنیەکان، کە دیتیان وەزعەکە لە قازانجی ئەواندا نیە، ئاڵایەکیان هەڵکرد و دەستووریان بە پیاوەکانیان دا کە دەروازەکانی شار بکەنەوە. کە دەروازە ئاسنینەکان بە تەوق و هۆڕ خرانە سەر پشت، لەشکری تێک شکاوو شپرزەو سەراپا تەپوتۆزاوی پۆڵۆنیەکان، وەکو چۆن مەڕو پەز، بۆ ئاغەڵی خۆ دەگەڕێنەوە، بەو ئاوایە، بە هەشتاو و سەراسیمە خۆی بە ناو شارا کرد. هەندێ لە زاپاروژیەکان، ویستیان لێیان نەبنەوەو دوایان بکەون. لێ ئۆستاپ، رێگەی جەنگاوەرانی تیپەکەی خۆی نەداو گوتی:

– براینە لە دیوارەکان دوور بکەونەوە! خێرا دوورکەونەوە، خڕبوونەوە لە نزیکی دیوارەکان زۆر ترسناکە.

قسەکەی ئۆستاپ راست دەرچوو، چونکە دژمن لەسەر دیوارەکانەوە بەر دەستڕێژیان دان، هەرچیەکیان بەدەستەوە دەهات تێیان دەسرەواندن و، ئەوە بوو گەلێک لە هێرشبەرانی قۆزاقی، ئاسیویان بینی.

کوشیفوی قۆزاقەکان، کە بە چاوی خۆی رووداوەکەی بینی بوو، بە سواری ئەسپەکەی لە ئۆستاپ نزیک بووەوەو بە دەم ستایشکردنیەوە گوتی:

– تۆ هەرچەندە سەرتیپ و فەرماندەیەکی گەنج و تازەی، بەڵام بە نەفەسی فەرماندەیەکی پیری کارزانو ئەزموندار، تیپەکەت بە رێوە دەبەیت!

تاراس بۆڵبا، لەو کاتەدا سەری وەرگێڕا تا فەرماندەی تازەی تیپی (ئومانسکی) ببینێ، کە ئۆستاپی بەدار عاسای فەرماندەیی و بە سواری ئەسپەوە لەبەردەم تیپەکەدا بینی، بەشانازییەوە گوتی:

– ئەمە پیاوەکەتانە!

ئەوسا شادو خۆشحاڵ، سوپاسی هەموو بەرپرس و جەنگاوەرانی تیپی (ئومانسکی) کرد کە ئەو شەرەفەیان بە کوڕەکەی بەخشی بوو.

زاپاروژیەکان، خەریک بوو بەرەو ئۆردوگاکەی خۆیان دەڕۆییشتن کە سوپاییانی پۆڵۆنی دووبارە لە سەر دیوارو مەتەرێزەکانەوە دەرکەوتن. بەڵام ئەمجارە جلەکانیان شڕو شەپڕێو بوو، خوێن، بە جل و بەرگە گرانبەهاکانیانەوە وشک بوو بووەوە. کڵاوخودە جوانە مسییەکانیان تۆزاوی بوو.

زاپاروژیەکان لە خوارەوە، بانگیان لێکردن: – چاک دەست و لاقتان بەستێن، وا نیە؟

فەرماندە زگ زلە پۆڵۆنیەکە، لەسەرێ ڕا، کەمەندەکەی نیشان دان و هەڕەشەکەی خۆی دووبارە کردەوە:- بەمە، بەم کەمەندە دەستو لاقتان دەبەستم!

جەنگاوەرانی شەکەت و سەروگوێلاک تەپوتۆزاوی هەردوولا، ماوەیەکی زۆریان بەدەم هەڕەشەو شەڕە دەم و تەوس و توانج و جنێوانەوە بەسەر بردو ئەوجا وازیان هێناو پاشەکشەیان کرد. هەندێکیان کە شەڕو پێکادان زۆری شەکەت کردبوون، هەر لە سەر ئەرزەکە پاڵ کەوتن. هەندێکی دی خۆڵیان بە برینەکانیانەوە دەکردو ئەو دەستەسڕو کەلپەلە بە نرخانەیان دەدڕی کە لە دژمنیان تالآن کردبوو و زام و برینەکانیان پێ دەپێچا. هەندێکی دیکە، کە لەوانی دی کەمتر ماندوو بوون، کەوتنە کۆکردنەوەو کفنو دفنی جەنازەکان، بە قەمەو سەرەنێزەکانی خۆ، گۆڕیان هەڵدەکەن، بە کڵاوخوودو چمکی کەواکانیان گل و خۆڵەکەیان دەردەداو ئەوجا جەنازەی قۆزاقەکانیان، کە بەسەربەرزییەوە گیانی خۆیان بەخت کرد بوو، لە گۆڕەکان دەناو بۆ ئەوەی قەل و داڵ چاویان دەرنەیەنن، جوان بە خاک و خۆڵ دایان دەپۆشین و گلەبانیان دەکردن. جەنازەی پۆڵۆنیەکانیان، بە کلکی ئەسپەکانیانەوە دەبەست و بەقامچی بەردەبوونە وێزەی ئەسپەکان و بەرەڵلای ئەو دەشتە پان و بەرینەیان دەکردن. ئەسپیش باڵی دەگرت و بەناو دارو بەردا، بە هەورازو نشێوا، بە چاڵ و چۆڵا، بە ئاو و بە وشکایی دا، جەستەی لە خوێنا هەڵکشاو و تەپوتۆزاوی پۆڵۆنیانی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشا.

ئەوسا، جەنگاوەرانی قۆزاقی، هەموو بۆ نانی ئێوارێ لە دەوری یەک خڕبوونەوە، تا شەوگارێکی درەنگ، هەر کەسەو باسی دلاوەری و قارەمانیەتی و سەرکەوتنەکانی خۆی کردووە تا ببێ بە داستانی سەرزاران و پشتاو پشت بگێڕدرێتەوەو هەتا هەتایە بەزندوویەتی بمێنێ.

شەوگار درەنگ بوو، لێ کەس لە بیری خەودا نەبوو. تاراس بۆڵبا لە هەموویان کەمتر مایلی خەو بوو. لەفکران ڕاچوو بوو، نەیدەزانی بۆچی ئاندرێی لە ریزی دژمناندا نەبینی بوو. ئایا ویژدانی رێگەی نەدا بوو کە دژی هاورەگەزەکانی خۆی چەک هەڵگرێت یان یارۆی جولەکە درۆی کردووەو ئاندرێش دیلو زندانیە. بەڵام تاراس بۆڵبا لە هەمان کاتدا بیری لەوەش کردەوە کە ئاندرێ بە تەبیعەت لە ئاستی ژندا لاوازو بێ توانایە، ژن بە ئاسانی دەتوانێ، بە زمانی شیرین و خۆش لە خشتەی بەرێت. خەم دڵی پیرەمێردی گۆشی، لە دڵی خۆیدا سوێندێکی گەورەی دژی ئەم کیژە پۆڵۆنیە خوارد کە کوڕەکەی فریو دابوو. هەڵبەتە تاراس بۆڵبا، سوێندەکەی خۆی دەبردە سەر، سوێندی خواردبوو، گوێ بە جوانی ئەم ئافرەتە نەدات، بە پرچ لە ئەسپی ببەستێ و ئەو دەشت و دەرە بێ کۆتاییەی پێ تەی بکات. شان و مل و سینگ و بەرۆکی، کە وەکو بەفری کوێستان دەبریقایەوە، بەسەر ئەرزی پڕ دڕک و داڵدا ڕابکێشێت و خڵتانی خاک و خوێنی بکات. بەدەنی جوانی پارچە پارچە بکات و هەر پارچەیەکی فڕێ بداتە شوێنێک.

لێ تاراس بۆڵبا غافڵ بوو لەوەی کە خواست و ئیرادەی خوا بۆ سبەینێ چیە، بەدەم ئەو خەیاڵانەوە خەو بردییەوە. قۆزاقەکانی دی هێشتا لە گەرمەی قسەو باسی خۆدا بوون، تۆبەچی و ئێشکگرەکان، وریاو هوشیار، بەدیار ئاگرەکانەوە وەستا بوون و بێئەوەی بە ئاستەمیش چاو غافڵ بکەن، بەوردی هەڵیان دەڕوانی و چاودێری دەور وبەریان دەکرد.

## فەسڵی هەشتەم

((٨))

بۆ ڕۆژی دوایی، هێشتا ڕۆژ نەگەیی بووە ناوەندی ئاسمان کە تێکڕای زاپاروژیەکان بۆ کۆبوونەوە بانگکران. هەواڵێک لە ئۆردوگای (سچ)ـەوە هاتبوو کە گوایە تاتارەکان وەختێ زانیبوویان قۆزاقەکان لەوێ نین و چوونەتە شەڕ، دەرفەتیان هێناوەو داویانە بەسەر ئۆردوگای سچ دا، دارو نەدارو هەموو گەنج و گەنجینەی زاپاروژیەکانیان تاڵان کردووە، هەر قۆزاقیەک لەوێ ماوەتەوە یەخسیریان کردووە، هەرچی پەزو ماڵات و ڕەوە ئەسپ لەوێ بووە هەموویان داوەتە پێش و بەرەو پیرکۆپ ڕۆییشتوون. تەنیا یەک قۆزاقی، کە ماکسیم گولودوخای ناو بووە، توانی بووی، لە ڕێگا، لە دەستی تاتارەکان هەڵێت. ماکسیم میرزاو گەورەی تاتارەکانی کوشتبوو، کیسە زێڕو پارەکەی لە قەدی کرد بووەوە. سواری ئەسپەکەی وی بوو بوو، بە جل و بەرگی تاتارانەوە دوو شەوو دوو ڕۆژ یەک سەڵەف، بێ وچان ڕێگای بڕی بوو. بە دەم ڕێگاوە دوو ئەسپی پساند بوو، هەردووکیان تۆپی بوون. کە لە ڕێگا زانی بووی، لەشکری زاپاروژیەکان لە نزیکی شاری دۆبنۆ هەڵیان داوە، بە سواری ئەسپی سێیەم خۆی گەیاندبووە ئەوێندەر، ئەم قۆزاقە هەر ئەوەندەی بۆ گێڕا بوونەوە، ئیدی لە ماندوویەتی و شەکەتیدا، بەسەرو چاوی تاوەگازو بەدەنی ئاوساوەوە، بەدەم ئەو قسانەوە، هەر لەوێدا، کەوتبوو و خەوێکی قووڵ بردبوویەوە. ئیدی قۆزاقەکان نەیانزانی کە هۆی ئەم غافڵگیریە چ بووە، ئایا زاپاروژیەکان وەکو خووی هەمیشەیی قۆزاقیانە، لە بادەنۆشیدا زێدەڕەوییان کردووەو ئاگایان لە خۆ نەماوە؟ ئیدی دیار نەبوو کە چۆن گەنجینەی سوپایی قۆزاقیەکان بەردەستی تاتارەکان کەوتبوو و چۆن شوێنە نهێنییەکەیان دۆزی بووەوە.

جا لەم جۆرە حاڵەتانەدا، لە نێو زاپاروژیەکاندا عادەت وابوو کە دەستبەجێ دوای تاتارەکان بکەون تا لەڕێگادا بیانگەنێ و دیل و تاڵانیەکانیان لێ بسەننەوە. چونکە ئەگەر کەمێک دوا کەوتبان، لەگین بوو تاتارەکان، یەکسەر دیلەکان بۆ فرۆشتن بەرن بۆ بازاڕەکانی ئاسیای بچووک، بۆ ئەزمیر یان دوڕگەی کریت، ئیدی مەگەر هەر خوا زانیبای سەرو کەللەی قژنی زاپاروژیەکان لە کوێی دنیا، سەریان هەڵداباوە.

جا ئێستا، دەستەو تیپ و هێزە جۆراو جۆرەکانی قۆزاقانیش بۆ باسی ئەم مەسەلەیە خڕ بوو بوونەوە. هەر هەموویان کڵاویان لەسەر بوو، چونکە لەم حاڵەدا بۆ ئەوە نەهاتبوون دەستوورو فەرمان، لە فەرماندەو بەرپرسەکانیانەوە وەربگرن، بەڵکو بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژ هاتبوون و لەم مەسەلەیەدا هەموویان یەکسان بوون، بۆ ئەوە هاتبوون لەسەر بڕیارێکی گشتی دەربارەی تاتارەکان ڕێکبکەون. چەند کەسێک لە نێو ئاپۆڕاکەوە هەڵیاندایە:

- با جارێ پیرەکان ڕاو بۆچوونی خۆیان بڵێن.

هەندێکی دی گوتیان:- با کوشیفوی، ڕاو تەگبیری خۆی بڵێ!

کوشیفوی، کڵاوەکەی داکەندو وەکو هاوڕێ و برادەریان نەک وەکو سەرۆکیان، سوپاسی کردن، کە ئەو شەرەفەیان بەو بەخشی بوو و، گوتی:

- هەڵبەتە، لە نێو ئێمەدا زۆر کەسی لە من دنیادیدەترو بەردەبارتر هەن و دەتوانن ڕاوێژی ماقووڵتر پێشکەش بکەن، بەڵام مادامێکی ئەو شەرەفەتان بە من بەخشیوە کە یەکەمجار ڕای خۆم دەربڕم، رای من ئەمەیە کە: هیچ ماتەڵ نەبین، یەکسەر بکەوینە تاقیبی تاتارەکان، چونکە هەمووتان دەزانن کە تاتاران چۆن بەشەرێکن. دیارە بەو هەموو دیل و دەسکەوتانەوە چاوەڕوانی ئێمە ناکەن، بەڵکو دەم و دەست ئەو دەسکەوتانە بە جۆرێ بە فیرۆ دەدەن کە شوێنەواریشیان نەمێنێ. جا لەبەر ئەمە من ڕام وایە لە ئێستا زووتر نیە دوایان بکەوین. ئێمە لێرە خۆمان بە زیادەوە نواند، پۆڵۆنیەکان، بۆیان دەرکەوت کە قۆزاق یانی چی. لە رووی ئاینییەوە، بە گوێرەی تواناو بە زیادەوە تۆڵەی خۆمان کردەوە، لە ڕووی داراییشەوە، نابێ چاوەڕوانی دەسکەوتی چەور، لە شارێکی قاتی زەدەی گەمارۆدراو بکەین، لەبەر ئەمە من ڕام وایە، یەکسەر بکەوینە ڕێ.

ژمارەیەکی زۆر، لە نێو ئاپۆڕای زاپاروژیەکانەوە هەڵیان دایە:- دەیسا با بڕۆین! چاوەڕوانی چین!

بەڵام، گوتەکانی کوشیفوی، بە دڵی تاراس بۆڵبا نەبوو. هێشتا چاوەکانی داخستبوون، برۆ چڕو بۆزەکانی، کە لە تۆ وایە دوو بێشەی چڕو تاریکن و لەسەر ترۆپکی چیایەکی بەرزا رواون و بەفری باکور بەسەریاندا باریوەو وەکو دەرزی ڕەپ راوەستاون، هێنانەوە یەک و گوتی:

- نەخێر، کوشیفوی، بۆچوونەکەت دروست نیە: تۆ هەق نەبوو شتی وا بڵێی، وا دیارە تۆ لە بیرت چووە کە ژمارەیەک قۆزاقی، دیل و یەخسیری پۆڵۆنیەکانن و بە بێکەسی لێرە دەمێننەوە؟ تۆ داوامان لێدەکەیت یەکەمین و پیرۆزترین مەرج و یاساو ڕێسای برایەتی و رەفاقەت پێشێل بکەین و دەستبەرداری برا قۆزاقیەکانمان ببین تا پۆڵۆنیەکان بە زندوویەتی پێستیان بگروون یان چوار پەلیان ببڕن و بە عەرەبانە بە شارو گوندانیاندا بگێڕن، وەکو چۆن لە ئۆکراین ئەمەیان دەگەڵ فەرماندەو جەنگاوەرە دلاوەرەکانی ڕووسدا کرد. هەرچی مقەدەساتمان هەبوو، پێشێلیان نەکرد؟ جا من ناڵێم، ئێوە بیڵێن ئەمە چ کارێکە ئێمە دەمانەوێ بیکەین؟ ئاخر کەسێک کە لە تەنگانەدا هاوڕێکەی خۆی بەجێ بێڵێو رێگە بدات لە غوربەتا بێکەس کوژو سرگوم بکرێ، کەی پیاوە، کەی قۆزاقە؟ جا ئەگەر کار بگاتە ئەوەی، قۆزاقی ئابروو کەرامەتی قۆزاقیانەی خۆی لەکەدار بکات و رێگە بە خۆی بدات تف لە سمێڵی سپی بکرێت، ئەوە من نیم، جا کەس گلەییم لێنەکات، چونکە من بە تەنیا لێرە دەمێنمەوە.

زاپاروژیەکانی کە گوێیان لە قسەکانی تاراس بۆڵبا بوو، کەوتنە جم و جوڵ، کوشیفوی، دووبارە هاتە قسەو گوتی:

– ئەی فەرماندەی رەشید وادیارە تۆ بیرت چووە کە ئەوانەی لای تاتارەکانیش دیلن، هەر براو هاورێی ئێمەن، ئەگەر بە زووترین کات فریایان نەکەوین، لە وڵاتی کافراندا دێنەفرۆشتن و هەتا ماون بە کۆیلەیی دەمێننەوەو ئەو چارەنووسە لە هەر جۆرە مەرگێک ناخۆشترو زەحمەت ترە؟ وادیارە ئاگات لەوە نیە، هەرچی دارو نەدارمان هەیە، هەر گەنج و گەنجینەیەکمان بە خوێنی مەسیحیان پەیدا کردووە، تاتارەکان دەستیان بەسەرا گرتووە؟

قۆزاقەکان هەموو لە فکران راچوو بوون و لە نێوان ئەو دوو بۆچونەدا تیا مابوون، کەسیان ئامادە نەبوون، عەیبە بەسەر خۆ بێنن.

لەم کاتەدا قۆزاقێکی پیر، بە نێوی کاسیان بوڤدیوگ، کە بە تەمەنترین قۆزاقی لەشکری زاپاروژیەکان بوو، مایەی رێزو حورمەتی سەر لەبەری قۆزاقەکان بوو. دووجار بۆ پۆستی کوشیفوی هەڵبژێردرابوو، قۆزاقیەکی زۆر باش بوو، لە شەڕیشدا، باشترین شەڕڤان بوو، بەڵام هەنووکە تەواو پیر بوو بوو و لە لەشکرکێشییەکاندا بەشداری نەدەکرد. تەنانەت حەزی نەدەکرد، ئامۆژگاری هیچ کەسێکیش بکات، بەڵکو حەزی دەکرد لە کۆڕو مەجلیسی قۆزاقاندا، لەسەرلا پاڵ بداتەوەو، بە دڵ گوێ لە سەربهوردو داستانی خەڵکانی دی ڕادێرێت کە بە زۆری باسی رابردووو ڕیسک و سەرکێشی و شەڕو پێکادان بوو. هەرگیز بەشداری قسانی نەدەکردن، بە وردی گوێی دەگرت و بەدەم گوێگرتنەوە، بە قامکان، سووتوی سەر سەبیلەکەی کە بەردەوام بەدەمیەوە بوو، دەپەستایەوە. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە دادەنیشت، پێڵوەکانی دەنیشتنە سەر یەک. ئیدی قۆزاقەکان نەیاندەزانی ئاخۆ نوستووە یان بە خەبەرەو هێشتا گوێ دەگرێت. لە لەشکرکێشییەکانی ئەو دواییانەدا هەمیشە لە ئۆردوگا دەمایەوە، بەڵام ئەمجارە، پیرە قۆزاقی خۆی پێ نەگیراو کەوتە یادی جاران و، قۆزاقیانە دەستێکی تەکان داو گوتی:

– ئەمجارە منیش لەگەڵتان دێم، هەرچی دەبێ بابێ! لەوەیە بتوانم لە مەسەلەیەکدا خزمەتێکی بچووکی خێڵی قۆزاقان بکەم.

ئێستا کە کاسیان بەرەو پێش هەنگاوی نا، گشت قۆزاقەکان بێدەنگ بوون، لە مێژ بوو کەس، تەنانەت وشەیەکیشی لێ نەبیستبوو، هەر هەموو دەیانویست بزانن کە پیرەمێرد دەیەوێ چ بڵێ.

کاسیان بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد:

- براینۆ، بەڕێزینە، ئیدی نۆرەی منە دوو قسان بکەم! کوڕینە، گەنجینە، گوێ لە منی پیرەمێرد بگرن. قسەکانی فەرماندەی گشتی (کوشیفوی) زۆر بەجێ بوون. جا بەو حیسابەی فەرماندەی گشتی و بەرپرسی هێزو لەشکری قۆزاقیە، لە سەرێتی بیر لە پاراستنی سەروەت و سامان و گەنج و گەنجینەی ئەو لەشکرە بکاتەوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، قسەی لەوە بەجێتر ناکرێت. ئەمە بەشی یەکەمی قسەکانی من بوو، ئێستا گوێ بگرن با بەشی دووەمتان پێ بڵێم: ئەلهەقی تاراس بۆڵباش، خودا تەمەن درێژو ڕاوەستاوی بکات، زۆر فەرماندەی وەکو ئەو بە نسیبی ئۆکراین بکات، قسەیەکی زۆر جوانی کرد! ئەرکی یەکەمی هەر قۆزاقیەک ئەوەیە کە وەفاداری مەرج و یاساو ڕێسای ڕەفاقەت و دۆستایەتی بێت. بە عەمراتم، لەوەتەی هەم، تا ئێستا نەم بیستووە هیچ قۆزاقیەک پشتی کردبێتە هاوڕێکەی یان خیانەتی لێکردبێت. جا چ ئەو قۆزاقانەی کە یەخسیری تاتارەکانن و چ ئەوانەی دیلی پۆڵۆنیەکانن، هەموویان هاوڕێی ئێمەن. گرینگ نیە کام دەستەیەیان زیاتر یا کەمترن، هەموویان بۆ ئێمە هاوڕێ و ئازیزن. بۆیە من ڕام وایە ئەو قۆزاقانەی کە پتر لە یەخسیرانی لای تاتارەکانەوە نزیکن و زیاتر لە خەمی رزگارکردنی ئەواندان، بڕۆن دوای تاتارەکان بکەون و ئەوانەشی کە پتر لە یەخسیرانی لای پۆڵۆنیەکانەوە نزیکن و زیاتر لە خەمی رزگارکردنی ئەماندان و نایانەوێ شەرتی ڕەفاقەت ببەزێنن، با لێرە بمێننەوە. دیارە کوشیفوی، وەکو ئەرکی سەر شان، لەسەرێتی ڕێبەری ئەو بەشەی لەشکرەکە بکات کە دووی تاتارەکان دەکەون. نیوەکەی دیکەش با لە نێو خۆیاندا جێگرێکی کوشیفوی هەڵبژێرن. جا ئەگەر بە سەری سپی من دەکەن، هیچ کەسێک لە تاراس بۆڵبا، بۆ جێگری کوشیفوی، لەبار ترو شایستەتر نیە، نەڵێم خۆی لە ڕووە، لە هەر هەموومان دلاوەرترە.

کاسیان بوڤدیوگ، لێرەدا کۆتایی بە قسەکانی هێناو بێدەنگ بوو. هەموو قۆزاقەکان بە تەگبیرو قسەکانی خۆشحاڵ بوون و لە خۆشیاندا کڵاوەکانیان بە هەودا هەڵداو هاواریان کرد:

- زۆر سوپاس بۆ تۆ بابۆ، بێدەنگ بووی، بێدەنگ بووی، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوویت، لێ ئەنجام هاتیتە قسان، بەخۆڕایی نەتگوتبوو، دەگەڵتان دێم، بەڵکو لەم لەشکرکێشییەدا بتوانم خزمەتێک بەخێڵی قۆزاقان بکەم!. هەرواش دەرچوو!

فەرماندەی گشتی (کوشیفوی) ڕوو لە هەمووان پرسی:

- هەمووتان بە قسەکانی کاسیان قایلن؟

قۆزاقەکان بەرسڤیان دایەوە: - بەڵێ، هەموو ڕازین!

- یانی تەواو، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بێنین؟

قۆزاقەکان، تێکڕا گوتیان: – بەڵێ تەواو، کۆتایی پێ بێنە!س

کوشیفوی، چەند هەنگاوێک هاتە پێشەوە، کڵاوەکەی لەسەر نا، هەموو زاپاروژیەکان، کڵاوەکانیان لەسەر داگرت، وەکو باوی هەمیشەیی خۆیان، کاتێ کە فەرماندە قسان دەکات چاو دەبڕنە عاردی، بەو ئاوایە بە سەری کۆتەوە، بەدەم چاوەڕوانیەوە چاویان بڕییە عاردی. فەرماندەی گشتی گوتی:

– دەیسا ڕۆڵەکانم، هەنوکە گوێ لە فەرمانی لەشکر بگرن. براینە ئێستا ببن بە دوو بەشەوە! ئەوانەی حەزدەکەن بڕۆن، با لەلای ڕاستەوە ریزبن. ئەوانەی حەزدەکەن بمێننەوە با لەلای چەپەوە ریزبن. پێویستە فەرماندەی هەر تیپێک لەگەڵ زۆربەی جەنگاوەرانی تیپەکەیدا بێ، ئیدی ئەو زۆربەیە لە بەری چەپ یا لە بەری ڕاستدا بێ فەرق ناکات.. کەمینەی هەمان تیپش، ئەگەر ویستیان بڕۆن یان لێرە بمێننەوە، دەبێ بەسەر تیپەکانی دیدا دابەش ببن.س

قۆزاقەکان، هەرکەسەو بە دڵخوازی خۆی، لایەکی هەڵبژارد، زۆربەی هەر تیپێک چووبا هەر لایەک، فەرماندەکەش دەچووە ئەولایەو کەمینەی هەمان تیپ بەسەر تیپەکانی دیدا دابەش دەبوو. ئەنجام لەشکرەکە بوو بە دوو بەشی تەقریبەن یەکسانەوە.

ئەوانەی مانەوەیان هەڵبژارد بریتی بوون لە هەموو جەنگاوەرانی تیپی نیزامای، هەردوو تیپی ئومان و کانیف و زۆربەی تیپەکانی پوپوفیچ و ستیبلیکیف و تیموشیفکا. ئەوانی دی هەر هەموویان ڕۆییشتن و چوون شەڕی تاتاریان هەڵبژارد. هەردوو لایەنەکە پڕ بوون لە قۆزاقانی عەگیدو ڕەشیدو بوێر. هەندێ لەوانەی شەڕو ڕاوەدوونانی تاتارانیان هەڵبژارد بوو بریتی بوون لە چیریفاتی کە قۆزاقیەکی پیری پیاوانە بوو، بوکوتیبولی، لیمیش، خوما بروکوفیچ و دیمید بوبوفیچ-ش بەگەڵ وان کەوت، چونکە قۆزاقیەکی بێ ئۆقرە بوو و نەیدەتوانی ماوەیەکی زۆر لە یەک شوێندا بسرەوێ، ئەم پیاوە شەڕی پوڵۆنیەکانی کردبوو و ئێستا دەیویست خۆی لە شەڕی تاتارانیش تاقی بکاتەوە.

گەلێک لە فەرماندەی تیپەکانیش، وەکو: نوسیتیوگان و بۆکریشکا و نیفیلچکیو... قۆزاقانی قارەمانو بەنێوبانگی دیکەش حەزیان کرد چەک و شمشێرەکانیان لە شەڕی تاتاراندا تاقی بکەنەوە.

ئەوانەی کە مانەوەش، کوڕانی ئازاو یەکی یەکی زۆریان تیا بوو، فەرماندەی بە دیمەنیان تیا بوو، لەوانە: دیمیتروفیچ، کوکوبنکۆ، فیرتیخفیست، باڵابان و ئۆستاپ بۆڵبا و زۆری دی لە قۆزاقانی قارەمان و بەناوبانگی وەک: فوفوتوزینکو، چیریفیچنکو، ستیبان گۆسکا، ئوخریم گوسکا، میکولاگوستی، زادوروزنی، میتلیتسیا، ئیفان زاکروتیگوبا، موسی شیلو، دیگتیارینکو، سیدورینکو، بیسارینکو، بیسارینکۆی دووەم، بیسارینکۆیەکی دیکەو زۆری دیکەش.

هەر هەموو ئەمانە، لە شەڕا قاڵ بوو بوونەوە، کەنارەکانی ئەنەدۆڵ و زەلکاوە شۆرەزارو دەشتەکانی قرمیان* تەی کردبوو، کەناری هەموو ئەو ڕوبارە گەورەو بچووکانەیان تەی کردبوو کە دەڕژانە دەنیپەڕەوە. گشت خاکی موڵداڤیاو ولاشیاو تورکیا گەڕا بوون. بە بەلەمی قۆزاقیانەی سوکاندار دەریای ڕەشیان بڕی بوو. بە گەلە کەشتیەکی پەنجا بەلەمیەوە پەلاماری دەوڵەمەندترین و گەورەترین کەشتیان دابوو، ژمارەیەکی زۆریان لە کەشتی تورکی غەرق کردبوو، هەموو سەگڤان و شوور هەنگێوی کارامەو لێهاتوو بوو، باروتی زۆریان لە زەمانی خۆدا بەکار بردوو. زۆر جار ئاوریشم و مەخمەلی گرانبەهایان دڕی بوو و پاوپلیان پێ بەستبوو، زۆرجار کیسەی قەدیان لە پارەی سیکوینی بریقەدار پڕکردبوو.

مەحاڵە پیاو بزانێ چیان لە مەی و مەینۆشیو کۆڕی زیافەتو دەعوەت و دەعوەتکاریدا خەرج کردبوو، ئەوەی ئەوان لەو بوارانەدا خەرجیان کردبوو، ئەگەر بەدەست خەڵکانی دیکەوە بوایە، کوڕاو کوڕ، بە درێژایی تەمەن خۆش پێی دەژیان! هەر هەموویان بە شێوازێکی قۆزاقیانەی ڕاستەقینە بە فیڕۆ دابوو، دەعوەتیان بۆ هەموو کەسێک کردبوو، جۆخەی موزیکیان بەکرێ گرتبوو تا خەڵکی هەموو شادمان ببن. ئێستاش تاک و تەرایەکیان نەبێ، هەموو خاوەنی گەنج بوون — کڵاو، پەرداخ،و دەسبەندی زیو- هەر هەموو ئەو شتانە لە زەلکاوو قامیشەڵانەکانی دورگەکانی دەنیپەڕا تاقەت کرا بوون تا تاتاران، ئەگەر لە ناخافڵا پەلاماری ئۆردوگاکەیان دان، پەی پێ نەبەن و نەیدۆزنەوە. دیارە زۆر زەحمەت بوو هیچ تاتارییەک بیاندۆزێتەوە، چونکە خاوەنەکانیانیش بیریان چوو بووەوە کە لە کوێیان شاردونەتەوە!...

ئەو قۆزاقانەش کە قەراریان دابوو بمێننەوەو لە ڕای هاوڕێ دڵسۆزەکانیانو لە پێناوی باوەڕی مەسیحیدا، دەگەڵ پۆڵۆنیەکاندا بجەنگن و تۆڵەیان لێبستێنن، هەمان وەزعو حاڵی ئەوانی تریان هەبوو.

(کاسیان بوڤدیوگ)ی پیرەمێردیش لێرا بمێنێتەوە. گوتی:

- من بەم تەمەنەوە ناتوانم بکەومە تاقیب و ڕاونانی تاتاران، ئێرە باشە، پیاو دەتوانێ، مەردو مەردانە، قۆزاقیانە، بۆ خۆی بمرێت. زۆرجار لە خودا پاڕاومەتەوە کە هەر کاتێ ئەجەلم هات، لە شەڕێکا بمرم کە لە پێناوی ئاینی پیرۆزی مەسیحیەتدا بێ، کە شوکر وا ئەم ئاواتەم هاتە دی. ئیدی بابایەکی قۆزاقی پیر، شوێن و مەرگی لەمە باشترو پڕ شانازی تری دەست ناکەوێ.

پاش ئەوەی قۆزاقەکان، دابەش بوون، لە دوو ڕیزی بەرانبەرا، ڕیز بوون. کوشیفوی، بە بەینی هەردوو ریزەکەدا هات و گوتی: - دەی کوڕینە، بەڕێزینە، ئێستا هەردوو بەشەکە لێکدی ڕازین یان نا؟

قۆزاقەکان، بەرسڤیان دایەوە: - بەڵێ، بابۆ، هەمووومان ڕازی و خۆشحاڵین!

– کەواتە هەموو گەردنئازایی بکەن، یەکدی ماچ بکەن و خودا حافیزی لێکدی بکەن، چونکە هەر خودا دەزانێ کە ئایا جارێکی دی لەم دنیایەدا یەکدی دەبینین یان نا! هەموو بە گوێی فەرماندەکانتان بکەن، وەکو پێویست دەستووریان جێبەجێ بکەن، ئیدی بە خۆتان دەزانن شەرەفی قۆزاقیەک چی لێ دەوێن!

دەستومشتاقی قۆزاقیان، هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوو، دەستی پێکرد. هەوەڵجار فەرماندەکان، دوای ئەوەی دەستیان بە سمێڵیاندا هێنا. ئەملاو ئەو لای یەکتریان ماچ کرد، ئەوجا بە توندی دەستی یەکیان گوشی. وەکو ئەوەی لە یەکتر بپرسن: – برادەر، تۆ بڵێی جارێکی دی یەکدی بدینینەوە؟

بەڵام چ قسەیەکیان نەکرد، کڕوکپ لە فکرا ڕاچوون، سەرە سپیەکانیان لەبەر خۆ نابوو و دەبیرەوە چوو بوون. قۆزاقەکانیش تا دوا نەفەر خوا حافیزیان لێکدی کرد، چونکە هەموو بۆیان دەرکەوتبوو، کە هەردوو هێزەکە کارێکی یەجگار دژوارو ترسناکیان لە پێشە.

بەڵام سەرباری ئەوەی خوا حافیزیان لێکدی کرد، بڕیاریان دا یەکسەرو دەم و دەست لێکدی جیانەبنەوە، بەڵکو چاوەڕوان بکەن تا دنیا تاریک دەبێت، تا پۆڵۆنیەکان هەست بە کەمبوونەوەی هێزی قۆزاقەکان نەکەن. ئەوسا هەموو قۆزاقەکان بۆ نانی نیوەڕۆ چوون بۆ بارەگاو سەربازگەکانی خۆیان. دوای نیوەڕۆژە، هەموو ئەوانەی سەفەریان لەبەر بوو و، دەبوا بۆ شەڕی تاتاران بڕۆن، چوون بۆ ئیسراحەت، بەدەم ڕاکشانەوە خەوێکی قووڵ بردنیەوە، لە تۆ وایە هەستیان کرد بوو کە ئەمە دوا خەوی ئاسوودەی وانەو جارێکی دی بەو زووانە، دەرفەتی خەوی وایان دەست ناکەوێت. تاکو ڕۆژاوا نووستن، کاتێ ڕۆژ ئاوا بوو، دنیا تاریک بوو، لە خەو ڕابوون، کەوتنە چەورکردن و توندکردنەوەی جەڕو بورغوی گالیسکەکانیان. کە هەموو شتێک سازو ئامادە بوو، گالیسکەکانیان لە پێشەوە ڕەوانە کرد، هەموو بۆ دوا جار کڵاوەکانیان لەسەر داکەندو دوا دوعاخوازیان لە هاوڕێکانیان کردو بە کاوەخۆ دوای گالیسکەکان کەوتن. سوارەکانیش، بەبێ دەنگی، بێ هیچ هوراو فیکەکێشانێک، لە دوای پیادەکانەوە کەوتنە ڕێ. زۆری پێ نەچوو، هەموو لە تاریکیەکەدا ون بوون. تەنیا دەنگی سمی ئەسپەکان و جیڕە جیڕی ئەو گالیسکانەی کە بە تەواوەتی چەورو گریس نەکرا بوون، لە جەرگەی تاریکە شەوەکەوە دەهاتە گوێ. ئەو هاوڕێیانەی مانەوە، تا درەنگانێ، ئەگەرچی هیچیان نەدەبینی، هەر کڵاوەکانیان تەکان دەداو ماڵاواییان لە برادەرەکانیان دەکرد، پاشان کە بۆ بارەگاو سەربازگەکانی خۆ گەڕانەوەو لەبەر ڕۆشنایی ستێرانی بە جریوەی ئاسمان، تەمەشای دەوروبەری خۆیان کرد، سەیریان کرد نیوەی گالیسکەکانو گەلێک لە هاوڕێکانیان، لەو ناوە نەماون، گریان ئەوکی گرتن، خەم و پەژارە دڵو دەروونی پڕ کردن، کڕوکپ، سەریان وەبەرخۆ ناو، لە فکران ڕاچوون.

تاراس بۆڵبا، هەستی بەوەکرد کە چۆن خەمینی و دڵتەنگی باڵی بەسەر قۆزاقەکاندا کێشاوە، چۆن نا ئومێدی و نامورادییەک کە هەرگیز لە پیاوانی دلاوەرو دلێر ناوەشێتەوە، سەری ژەندووەتە دڵ و

دەروونیان، بەڵام هیچی نەوت، دەیویست دەرفەت بە قۆزاقەکان بدات کە دەگەڵ ئەو خەم و پەژارەیەدا ڕابێن کە بە هۆی جیا بوونەوەو دوور کەوتنەوەی هاوڕێکانیان بەرۆکی گرتبوون و، پاشان لە ناکاواو دووبارە، بە گوێرەی داب و نەریتی قۆزاقی، بە جۆرێکیان جۆش بدات، و ورەیان بەرز بکاتەوە کە قەت پێشتر شتی وایان بە خۆوە نەدی بێت. کە ئەم بەهرەو توانایە، ئەم زندوو بوونەوەو ژیانەوە خێرایە تەنیا لای نەژادی سلاڤی هەیە، ئەو نەژادەی کە لە چاو نەژادەکانی ترا، وەکو دەریایە لە هەنبەر ڕووبارا. لە کاتی توڕە بوون و هەڵچووندا، لە کاتی باهۆزو گەرداوا، دەکەوێتە شەپۆل دان، هەر شەپۆلەی بەقەد کێوێ، کە شتی وا لە هیچ جۆگاو رووبارێک، نەوەشاوەتەوەو ناوەشێتەوە. بەڵام لە کاتی ئارامی و هێوری دا، هەر زینەتە سەیری بکەی، هێندە جوان و ساف و زوڵاڵ، خۆی دەکاتەوە کە هیچ ڕووبارێکی ساف و زوڵاڵی ناگاتێ.

گالیسکەیەکی گەورە بە جیا، دوور لە گالیسکەکانی دیکە وەستا بوو، زۆر توندو تۆڵ، پێچرا بووەوە، تاراس بۆڵبا دەستووری بە دەستوپێوەندەکەی دا کە ئەو گالیسکەیە بکەنەوە. ئەم گالیسکەیە لە چاو گالیسکەکانی دیدا زۆر گەورەو مکووم بوو، زۆر بە دیقەت داپۆشرا بوو و گوریس پێچ کرا بوو. ئەم گالیسکەیە یەکپارچە گۆزەو بۆشکە بوو، کە لە باشترین و کۆنترین شەرابی عەماری ژێر زەمینەکەی ماڵی تاراس بۆڵبا پڕ کرا بوون. تاراس بۆڵبا ئەم شەرابەی بۆ ئەوە هێنا بوو کە یان لە جەژن و ئاهەنگێکی سەرکەوتندا، یان بەر لە هێرش و پەلامارێکی گرینگ و هەستیاردا، بۆ ئەوەی جەنگاوەرەکان زیاتر جۆش بدات، بەسەر قۆزاقەکانیا دابەش بکات.

دەستوپێوەندان، خێرا خۆیان گەیاندە گالیسکەکە، بە قەمەکانی خۆیان پەت و گوریسەکانیان بڕی، مشەماو کەوڵەکانیان لەسەر گالیسکەکە لابرد، گۆزەو بۆشکەکانیان داگرت.

تاراس بۆڵبا ڕوو لە قۆزاقەکان گوتی:

- دەی هەرکەسەو شتێک بێنێ، ئیدی ئەسکوێ بێ، سەتڵی ئاودانی ئەسپ بێ، دەستکێش بێ، پەقرەج بێ، کڵاو بێ، ریز بگرێ و بەشی خۆی بەرێ. ئەوەی هیچی نیە، با مست بگرێتەوە.

قۆزاقەکان، وێڕای زۆری ژمارەیان، بە پێی گوتەکەی تاراس بۆڵبا، هەرکەسەو شتێکیان بە دەستەوە گرت، هەندێ، کڵاو، هەندێکی دی دەستکێشی چەرمو هەندێکی دی چنگیان جامیلکە ئاسا گرتەوەو ریزیان بەست، ئەوسا دەست و پێوەندەکەی تاراس بۆڵبا، گۆزەو جلیکانە بەدەست، بەریز بەسەریاندا گەڕان و شەرابیان بۆ یەک بە یەکیان تێکرد. بەڵام تاراس بۆڵبا، داوای لێکردن کە جارێ کەس نەخواتەوە تاخۆی ئیشارەتێکیان دەداتێ و هەنگێ هەموو پێکەوە بخۆنەوە. دیاربوو دەیویست شتێک بڵێ، چونکە تاراس بولبا زۆر چاک دەیزانی کە هەرچەندە شەرابی عال و کۆنە، دەتوانێ پیاو جۆش

بدات و ورەی بەرز بکاتەوە و هانی بدات، بەڵام ئەگەر دوو قسەی خۆش و بەجێ و ماقووڵی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا، کاریگەرییەکەی دوو هێندە زیاد دەکات بۆیە گوتی:

- برادەرانی بەرێز، ئەم دەعوت و ئاهەنگە لەبەر ئەوە نیە کە منتان بە فەرماندەی خۆ هەڵبژاردووە، هەرچەندە ئەمە بۆ من سەربەرزییەکی گەورەیە، هەروەها بە بۆنەی رۆییشتن و خودا حافیزی هاورێکانیشمانەوە نیە، هەرچەندە ئەم کارە لە کاتی خۆیدا، زەروری و پێویستە، بەڵام چونکە وەزع و حاڵی ئێستای ئێمە جۆرێ نیە کە دەرفەتی ئەنجامدانی ئەو کارانەمان بدات، بۆیە ئەمەمان نەکرد. بەڵام ئێمە حاڵی حازر کارێکی یەجگار دژوارمان لە بەردەمەو پێویستە خێڵی قۆزاقان ئەوپەڕی دلاوەری بنوێنن، بۆیە وەرن با هەموو پێکەوەو بەر لە هەر شتێک، نەخبی باوەڕی پیرۆزی ئەرتەدۆکسیمان بخۆینەوە، بە ئومێدی ئەو رۆژەی کە لەسەرانسەری دنیادا بڵاوببێتەوە، هەموو  خەڵکی دنیا پەیڕەوی یەک ئاینی پیرۆز بکەن،و هەموو کافرانی دنیا ببن بە مەسیحی! وەرن با نەخبی مەسیح هەڵدەین، وەرن بانەخبی ئۆردوگاکەمان هەڵدەین،بەو ئومێدەی کە ئەم ئۆردوگایە، هەمیشە بەرقەرارو پایەدار بێ بۆ لە نێو بردن و قڕکردنی بێگانانی کافرو ساڵ بە ساڵ جەنگاوەران و دلاوەرانێکمان پێ ببەخشێت، یەک لە یەک باشتر، وەرن با بە سەلامەتی خۆمان بخۆینەوە تا نەوەو نەتیرەکانمان بزانن کە ڕۆژگارێک، خەڵکانێک هەبوون کە رێزو قەدری دۆستایەتی و ڕەفاقەتیان گرتووەو زانیوە، کە خیانەت و ناپاکیان لە یەکدی نەکردووەو لە تەنگانەدا پشتیان نەکردووەتە دۆست و هاورێکانیان، کەواتە فەرموون نەخبی ئاین!

ئەوانەی لە ریزەکانی پێشەوە وەستا بوون. هاواریان کرد: - نەخبی ئاین!

ئەوانەی دواوەش هاواریان کرد: - نەخبی ئاین!

هەموو، لاو و پیر، نەخبی ئاینیان هەڵدا.

تاراس بۆڵبا، دووبارە دەستی هەڵبڕی، بە دەنگی بەرز گوتی: - نەخبی مەسیح!

ئەوانەی ریزی پێشەوە هاواریان کرد: - نەخبی مەسیح!

پیرەمێرەکان، بە دەم بادانی سمێڵە بۆزەکانیانەوە بە دەنگی نزم دووبارەیان کردەوە:

- نەخبی مەسیح!

قۆزاقە گەنجەکان کە وەکو هەڵۆی ئاسمان بای باڵیان دەدا، دووبارەیان کردەوە: - نەخبی مەسیح!

تاراس بۆڵبا گوتی: - نەخبی ئۆرودوگاکەمان

هەمووان، پیرو جوان، یەک دەنگ هاواریان کرد: – نەخبی ئۆردوگاکەمان!

هەموو ئەو دەشتە پان و بەرینە لە دەنگ و هورای قۆزاقیان هاتە لەرزین.

– دەی هاوڕێیان، ئێستا نۆرەی دوا نەخبە، با دوا نەخب بە سەلامەتی خۆمان و تێکرای مەسیحیانی سەر رووی زەمین هەڵدەین.

هەر هەموو قۆزاقەکان پێکەوە هاواریان کرد: – بە سەلامەتی خۆمان و تێکڕای مەسیحیانی سەر ڕووی زەوی.

قۆزاقەکان دوا نەخبیان هەڵدا، پێکەکان بە تاڵ بوون، بەڵام هێشتا بە ڕێزەوە وەستا بوون. هەرچەند نەشئەی مەستی بە نیگایانەوە دیاربوو، بەڵام بە قووڵی لەفکران ڕاچوو بوون. بیریان لە قازانج و دەسکەوتی شەڕ نەدەکردەوە. بیروخەیاڵیان لای سکەی زێڕ، چەکی گرانبەهاو جلکی گوڵدوزی و زێڕدۆزی فاخیرو ئەسپێن ڕەسەنی چەرکەسی نەبوو. وەکو هەڵۆیانی سەر بەرزترین دوندی چیایەکی هەزار بە هەزار، کە دەریای بێ سنووری لێوە دیاربێ، تێکڕای کەشتی و پاپۆڕو بەلەمەکانی ناوی وەکو چۆلەکەو پاسارییانی کەناری بێ کۆتایی دەریاکە بچووک بچووک بێنە بەرچاو، گەورە شاران وەکو مێرووان بنوێنن، لێڕەواران وەکو گیا بێنە بەرچاو، بەڵێ قۆزاقەکان بەو ئاوایە وەستا بوون و هەڵۆئاسا، نیگایان بەرەڵلای ئەو دەشتە بێ سنوورە کردبوو، دەیانڕوانیە چارەنووسی تاریک و نادیاری خۆیان. بیریان لەوە دەکردەوە ئاخۆ کەی ئەو ڕۆژە بێت، سەرانسەری ئەو دەشتە، بە بیابان و ڕێگاو بانە پەراگەندەکانیەوە، بە ئێسک و پروسکی سپی وان بێتە داپۆشین، بە خوێنی قۆزاقان بێتە ئاودان، پڕ ببێ لە عەرەبانە شکاوی ئەوان، لە ڕم و سەرەنێزەو شمشێرە شکاوی واندا ڕەش بچێتەوە، سەر قژنو سمێڵی ئاوێزان و خوێناوی وان لە سەرانسەری ئەو دەشتەدا بەبێ ناز بکەوێ و قەل و داڵان، خۆیان بگەیەننە ئەو ناوەو، چاویان دەربێنن. بەڵام شۆرەتی ئەم ئۆردوگای مەرگەی کە بە ئێسک و پروسکی ئەوان تۆو دەدرێ، زۆر گەورە دەبێ، لە هەموو دنیا دەنگ دەداتەوە.

خەبات و کردەوەی قارەمانانەی کەسانی شێر ئاسا ون نابێ، سەربەرزی و شانازی هیچ قۆزاقیەک زایە نابێ.

ڕۆژێک دێت، ئاشقێکی ڕدێن بۆزی، درێژی تاسەر سینگ و بەرۆک، پیری سەر سپی، هێشتا زیتەڵ و چالاک و چەلەنگ و دڵ زندوو بە خۆی و باندۆراکەیەوە پەیدا دەبێت و سەربهوردو بەسەرهات و قارەمانیەتی ئەو کەسانەی کە لەم دەشتەدا خەوتوون، دەکات بە بەیت و داستان و ئاوازی زندوو دڵگیرو ناوو شۆرەت و یادی پڕ لە شانازیان دەگەیەنێتە سەرانسەری جیهان و نەسلو نەوەکانی ئایندە داستانی ئازایەتیو دلاوەری ئەوان دەگێڕێنەوە. دیارە وشەی زوڵاڵ، پاک و ڕاست، دەنگ دەداتەوە،

دەڕوات، دوور دەڕوات، وەکو زەنگوڵەیەکی مس کە وەستاکەی زیوی خاڵیسەو بە نرخی تێکەڵ کردبێت، بەجۆرێ دەزرنگێتەوە کە لە دووری دوورەوە، ئۆخژن بە گوێ دەبەخشێت، لە شارا، لە گوندا، لە کۆشکا، لە کەوێڵ و ئاغەڵاندا دەنگ دەداتەوەو هەموو پیاوان، بێ جیاوازی بۆ نوێژ بانگ دەکات.

*پەراوێز:*

** قرم: نیمچە دورگەیەکە لە رووسیا، کەوتووەتە سەر دەریای ڕەش پانتاییەکەی بیستو شەش هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە،حەشیمەتەکەی نزیکەی دوو ملێونە .*

## فەسڵی نۆیەم

((٩ ))

لە شارا کەس نەیزانی کە نیوەی هێزی زاپاروژیان، چوون بۆ شەڕی تاتاران. بەڵام پاسداران، لە بورجەکانی شارەوانیەوە، ئەو گالیسکانەیان دیتبوو کە بەرەو بێشەکان جوڵابوون، بەڵام وایان پێشبینی کردبوو کە قۆزاقەکان، بە مەبەستی پەلاماردانی شار، بۆسە دەنەنەوە. ئەندازیارە فەرەنسیەکەش هەمان بۆچوونی هەبوو بوو.

قسەکانی کوشیفوی هاتنە دی. خۆراک و ئازووقە لە شارا، سات بە سات زیاتر لە کزی دەدا. ئیدی سەربازخانەی شار بڕیاری دا، ژمارەیەک سەرباز بە نهێنی لە شار وەدەربکەون تا هەندێ ئازووقەو خۆراک پەیدا بکەن، بەڵام نیوەیان هەر لە ڕێوە بەدەستی قۆزاقان کوژران و نیوەکەی دیکەشیان بە پەلە پڕۆزێ و بە دەستی بەتاڵ خۆیان بەناو شارا کردەوە.

دیارە چەند جولەکەیەکیش بە نهێنی لە شار وەدەرکەوتبوون و پەیان بە هەموو شتێک بردبوو، زانی بوویان کە زاپاروژیەکان بۆچی و بۆ کوێ رۆییشتوون، فەرماندەکانیان کێ و کێ بوون، چ قۆڵێکی شاریان چۆڵ کردووە، ژمارەیان چەند بووە. ژمارەی ئەوانەی ماونەتەوە چەندە، بە نیازی چین، بە کورتیەکەی خەبەرو باسی قۆزاقەکان لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا لە سەرانسەری شاردا بڵاوبووەوە.

فەرماندە پۆڵۆنیەکان، دوای ئەوەی خەبەرو باسی تەواوی قۆزاقەکانیان زانی، زاتیان پەیدا کرد، لێبڕان لە شار وەدەرکەون و پەلاماری دژمن بدەن. تاراس بۆڵباش، بە هەراو هەنگامەو جمو جوڵی ناو شارا، نیازو مەبەستی پۆڵۆنیەکانی بۆ دەرکەوت، بەپەلە دەست بەکار بوو، دەستووری پێویستی دەرکرد. هێزەکانی بەسەر سێ ئۆردوگادا دابەش کرد، گالیسکەکانی بەدەوری هەر سێ ئۆردوگاکەدا، وەکو جۆرە مەتەرێزو سەنگەرێک دابەشکرد، زاپاروژیەکان زۆرجار سوودیان لەم نەخشەو ستراتیجە وەرگرتبوو، و لەم جۆرە شەڕانەدا سەرکەوتوو بوون. دوو کەمینی بۆ دوو شوێنی هەستیار دەرکرد. بەشێکی مەیدانەکەی بە سونگی نووک تیژو تفەنگە شکاو و کورتە ڕم و سەرەنێزە دارِشت، دای نابوو، لەکاتی پێویستدا، هێزی سوارەی دژمن، بخاتە ئەو داوەوە. کە کۆتایی بە هەموو کاروبارە لۆجستیەکان هێنا، ئەوجا کەوتە قسەکردن بۆ قۆزاقەکان، نەک بە مەبەستی هاندان و جۆشدان و ورە بەرزکردنەوەیان، چونکە بە خۆیان، بەبێ هاندانش هەر ورەیان بەرزو پۆڵایین بوو. بەڵکو زیاتر بەو مەبەستە بوو گرێی دڵی بکاتەوەو نیازی خۆی بەوان بڵێت. ئیدی بەمجۆرە کەوتە قسان.

– بەڕێزینە، گەرەکمە باسی دۆستایەتی و مانای دۆستایەتی خۆمانتان بۆ بکەم. بێگومان هەمووتان لە باب و باپیرانی خۆتان بیستووە کە وڵاتی ئێمە لە نێو خەڵکیدا چەند بە قەدرو شکۆ بووە.

یۆنانیەکانمان چاوترسێن کردووە، باج و سەرانەمان لە قەستەنتینیەش وەرگرتووە. شارەکانمان، پەرستگەو کڵێساکانمان دەوڵەمەند و دارا بوون، سایەی سەر گەورەو سەرانی خۆمان بەسەرەوە بووە، یانی سەرانێ کە خوێنی رووسیان لە بەدەندا بوو، وەکو ئەم میرو سەر گەورە بێدینە کاتولیکانە نەبوون. هەموو ئەوانەمان لە دەست چوو، بێگانە بردیان. ئیدی وەکو هەتیوی بەلەنگازو کڵۆڵ، بە بێکەسی ماینەوە. وەکو چۆن ژنێک لە دوای مێردە بە تواناکەی بە بێکەسی دەمێنێتەوە، بەو ئاوایە، چ خۆمانو چ وڵاتە جەرگ براوەکەمان، بە هەتیوی و بێکەسی ماینەوە. جا هاوڕێیان لە بارودۆخێکی وەهادا بوو کە دەستی یەکێتیی و برایەتیمان لە نێو دەستی یەکدی نا! برایەتی و هاوڕێتی ئێمە لەسەر ئەم بناغەو بنەمایە ڕۆنراوە! هیچ پەیوەندییەک لە پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتی پیرۆزتر نییە! ڕاستە باب منداڵی خۆی، داک جگەرگۆشەی خۆی، جگەرگۆشە داک و بابی خۆی خۆش دەوێن. لێ ئەوە شتێکی ترە. براینۆ، حەیوانی کێوی، حەیوانی دڕندە، بە حەیوانی خۆی بێچوی خۆی خۆش دەوێ. بەڵام خزمایەتی و دۆستایەتی بەدەر لە پەیوەندی خوێن، لە ڕێگەی تەبایی و نزیکی دەروونیەوە، تەنیا لە نێو بەشەردا هەیە، سیفەتێکی مرۆڤانی ڕووتە. دۆستایەتی و برایەتی لە وڵاتانی دیکەشدا هەبووە. بەڵام ئەو برایەتیەی لە وڵاتی ڕووسیادا هەبووەو ڕەچاوکراوە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا نەبووە. زۆرتان لە وڵاتانی بێگانەدا ژیاون، لەوێندەر خەڵکانێکتان دیتووە، وەکو ئێوە خەڵقەندەی خودا بوون، قسەتان دەگەڵ کردوون، وەکو هاونەژادی خۆتان تێکەڵاویان بوون. کە گرێی دڵی خۆتان بۆ کردوونەتەوە، هەستتان کردووە وەکو ئێوەن، بەڵام ئێوە نین، نەخێر، برادەران کەسێک کە بە هەمان روحی رووسیو بە هەمان دڵی رووسی دۆستایەتی بکات، یانی بە دوور لە هەر بەرژەوەندی و حیساب و کیتابێکی قازانج و زەرەر، بەڵکو بەهەمان تەبیعەتی خودادادی خۆیەوە، بە هەموو بوونیەوە، بەدڵ و بەگیان دۆستایەتی بکات، لە هیچ شوێنێکی دنیا دەست ناکەوێ.

تاراس بۆڵبا، لێرەدا دەستی جوڵاند، سەرە سپیەکەی لەقاند، دەستێکی بە سمێڵیدا هێناو لەسەری ڕۆیی:

- نەخێر، هیچ کەسێک نیە بتوانێ ئەو خۆشەویستی و دۆستایەتییە پاک و بێرپایە بکات! من دەزانم ئێستا لە وڵاتی ئێمەشدا، ئاکاری خەڵکەکە شێواوە، تێکچووە، گەن بووە. خەڵکی لە بیری ئەوەدان عەماری گەنم، ڕەوە ئەسپ، ژێر زەمینی پڕ لە بۆشکەو کوپەڵە شەرابی سەرمۆریان هەبێت. چاو لە بێگانان دەکەن، لە ژنی خۆ بێزارن، ناچن بەلایانەوە، بێزیان نایە بە زمانی زگماکی خۆ قسە بکەن. خۆ لە خۆوڵاتیان دوور دەگرن، ئامادەن هاووڵاتی خۆ وەکو هەر کاڵایەکی بێبایەخ لە بازاڕا تاڵانفرۆش بکەن. ئەوانە چاکەیەکی چکۆلەی میرێکی بێگانە، بەڵکو دەوڵەمەندێکی پۆڵۆنی، کە بە نوکی پێڵاوە زەردەکانی، بکێشێت بە دەمو فلق و کەپوویاندا، زۆر پێ پەسندترە لە هەزار برایەتی و دۆستایەتی.

بەڵام ئەو جۆرە کەسانەش، تەنانەت خوێڕیترینیان، کە لە نۆکەری بێگانەدا نقوم بووە، لە ناخی خۆیدا جگە لە زەڕەیەک هەست و غیرەتی رووسی هیچی تری نیە، ئەو زەڕە غیرەتە ڕۆژێ لە رۆژان دەیجولێنێ‌و بە خۆیدا دێتەوە، بە هەردوو دەست دەکێشێت بەسەری خۆیدا، بە دەنگی بەرز نەفرەت لە ژیانی سەر شۆڕانەی خۆی دەکات، پەشیمان دەبێتەوەو قەرەبووی ئەو ڕیسواییەی خۆی دەکاتەوە. جا با هەمووان بزانن کە لە خاک و وڵاتی ڕووسیادا، برادەری و دۆستایەتی چیەو چی دەگەیەنێت! خەڵکی ڕووس لە فیداکاری ناترسن، ئەگەر قەرار بێ کەسێکی ڕووس، ڕووبە ڕووی مەرگ ببێتەوە، کەس وەکو ئەو بە بێباکی بەرەو پیری مەرگ ناچێت! کەس، کەس!...

فەرماندە، بەو جۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا. کە بێدەنگ بوو، هێشتا سەری، کە لە شەڕو نەبەردی قۆزاقیانەدا وەکو زیو سپی بوو بوو، دەلەقاند. قسەکانی هەموو قۆزاقەکانی لە ناخی ناخەوە جوڵاندو جۆش دا. پیرترین قۆزاق. بێ جوڵە وەستا بوون و، سەرە سپیەکانیان دانەواند بوو، فرمێسک بە چاویاندا دەهاتە خوارەوەو بە ئەسپایی بەسەری قۆڵیان، کەوتنە سڕینی چاویان. پاشان هەموو، وەکو ئەوەی پێشوەختە لەسەر ئەمە ڕێک کەوتبن، دەستیان بەرز کردەوەو سەریان لەقاند. دیار بوو تاراس بۆڵبای پیر کە غاراوی خەم و پەژارە، ساردی و گەرمی رۆژگار، هەورازو نشێوی ژیان، شەڕو شۆڕو دلاوەری و، رۆژانی تەنگانەو سەختی ژیان بوو، بەو قسانەی خۆی کە لە ئەزموونی ژیانەوە هەڵیهێنجابوون، زۆر شتی باو و باشی ڕابردووی وەبیر هێنا بوونەوەو لە ڕوحیاندا زندووی کردبوونەوە.

لەو کاتەدا هێزی دژمن، خۆی تەیار کردبوو کە لە شار بێتە دەرێ، دەنگی دەهۆڵ و شەیپور بەرز بووەوە. میران و خانەدانانی پۆڵۆنی کە سەراپا لە چەکدا خنکابوون، بە سواری ئەسپ و لە نێو ئاپۆڕای گاردو پاسەوانی تایبەتی لە پێشی هێزی دژمنەوە بوون، فەرماندە زگ زلەکە، فەرمانی دا، لەشکری پۆڵۆنی بەدەم نیشانە گرتنەوەوە، لە کاتێکا چاویان دەبریسکایەوەو زرێکانی بەریان دەبریقایەوە، کەوتنە هێرش بۆ سەر ئۆردوگاکانی قۆزاقان. هەرکە گەیینە تیراوێژی قۆزاقەکان، خێڵی قۆزاق، بە چەکی قورس کەوتنە تیرەندازییەکی چڕو توند، ئەم تیرەندازیە، بەبێ وەستان بەردەوام بوو، دەنگی تەقە وەکو هەورە تریشقە لەو دەرو دەشتە دەنگی دەدایەوەو تێکەڵ بە چەڕە دوو کەڵی باروت دەبوو. قۆزاقەکان لە یەکبینەو بێئەوەی نەفەسێ تازە بکەنەوە، پەیتا پەیتا تیرەندازیان دەکرد. ئەو قۆزاقانەی کە لە ڕیزی پشت ڕیزی یەکەمەوە بوون، کاریان تەنیا ئەمە بوو کە تفەنگەکانیان پڕ دەکردو دەیاندایە دەست ئەوانەی ریزی پێشەوە. بەوجۆرە دژمن شپرزەو پەریشان هەرچی سەری دێناو دەبرد، تێنەدەگەیی کە ئەم قۆزاقانە چۆن بەبێ ئەوەی تفەنگەکانیان دووبارە پڕ بکەنەوە، بەو جۆرە پەیتا پەیتا تیرەندازی دەکەن. تەپو دووکەڵێکی چڕی ئەوتۆ باڵی بەسەر هەردوو لەشکرەکەو ئەو دەڤەرەدا گرتبوو کە هیچ شتێک نەدەبینرا. تەنانەت کەس نەیدەتوانی ببینێ کە ئەم یان ئەو چۆن دەکوژرێن و

دەپێکرێن. بەڵام پۆڵۆنیەکان هەستیان دەکرد کە گوللە چۆن وەکو تەرزە بە سەریاندا دەبارێ و سات بە سات وەزعەکە خراتر دەبێت، کاتێ کە پۆڵۆنیەکان دەرفەتی پاشەکشەیان بۆ هەڵکەوت و لە مەودای چەرە دووکەڵەکە دوور کەوتنەوە، سەیریان کرد ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرەکانیان لە دەست داوە، قۆزاقەکانیش لە سەدا دوو یان سێ کەسیان لێ کوژرا بوو. بەڵام لە تەقەکردنی خۆیان نەکەوتن و لەسەر تیرەندازی خۆیان بەردەوام بوون.

کابرای ئەندازیاری فەرەنسی کە دەگەڵ پۆڵۆنیەکاندا بوو، سەری لە تاکتیکی جەنگی قۆزاقەکان سورمابوو، پێشتر قەت شتی وای نەبینی بوو، لە حوزوری جەنگاوەرە پۆڵۆنیەکاندا گوتی:

- ئەلهەقی ئەم زاپاروژیانە خەڵکی ئازان! هەقە لە وڵاتانی دیکەشدا، هەمان تاکتیکی شەڕی ئەوان بەکار ببرێ.

ئەوجا، دەستووری دا کە ئۆردوگاکانی قۆزاقەکان تۆپباران بکەن. گرمو هۆڕی ترسناکی تۆپان بەرز بووەوە، لە هەموو شوێنێکی ئەو دەرودەشتەدا دەنگی دایەوە، دووکەڵێکی چڕ مەیدانی شەڕەکەی گرت. خەڵکی، تەنانەت لە مەیدان و شەقامانی شارە دوورەکانیشدا، هەستیان بە دووکەڵ و بۆنی بارووت دەکرد. بەڵام تۆپچییەکان، زۆر بە بەرزی نیشانەیان گرتبووەوە، دەبوایە قەوسێکی زیاتر بە گوللە تۆپەکان بدرێ. ئیدی گوللە تۆپەکان، بەگیزو هۆڕێکی ترسناک بەسەر زاپاروژیەکاندا دەڕۆیی‌و لە شوێنێکی دوورا دەکەوتنەوەو خاکی ڕەشی ئەو دەشتەیان بە ئاسماندا دەبرد. کابرای ئەندازیاری فەرەنسی، کە بێتوانایی و لێنەزانی تۆپچییەکانی بینی، کێشای بەسەری خۆیداو، ناچار بوو بە خۆی تۆپەکان ئاڕاستە بکات، هەرچەندە ئەم کارە، بەهۆی تیرەندازی پەیتا پەیتای قۆزاقەکانەوە زۆر ترسناکیش بوو.

تاراس بۆڵبا، کە ئەم وەزعەی لە دوورەوە بینی، یەکسەر هەستی کرد کە هەردوو هێزی نیزامای و ستیبلیکیف لە مەترسیدان، مەترسی گەورەش ها! بۆیە تا گەرووی گرتی هاواری کرد:

- خێرا لە گالیسکەکان دوور بکەونەوەو هەموو سواری ئەسپەکانتان بن!

ئەگەر ئۆستاپ، بەپەلە خۆی ناگەیاندبایە ناو جەرگەی پۆڵۆنیەکان و فتیلەی شەش دانە تۆپی وانی دەرنەهێنابا، قۆزاقەکان فریا نەدەکەوتن، ئەمرەکەی تاراس بۆڵبا جێبەجێ بکەن. بەڵام ئۆستاپ، فریای چوار تۆپەکەی دی نەکەوت، جەنگاوەرانی پۆڵۆنی خێرا پاشەکشەیان کردو دەگەڵ خۆیاندا بردیانن. لەم کاتەدا یارۆی ئەندازیاری فەرەنسی فتیلەیەکی بەدەستەوە گرت و بەرەو تۆپێکی زەلامی ترسناک چوو کە قۆزاقەکان تا ئەو کاتە تۆپی وەهایان نەبینی بوو، لوولەی تۆپەکە زۆر ترسناک دیاربوو، هەزاران تاپۆی مەرگ لەو لوولەیەوە دەیانڕوانیە دەوروبەر. کە تۆپە گەورەکە گرمەی کردو سێ تۆپەکەی دی بە

دوایا، دەنگی تۆپەکان دەنگ نەبوو، چوار هێندەی دەنگی ئاسایی تۆپی دیکە دەبوو، ئیدی گرم و هۆڕ ئەو ناوەی بە جارێ تەنیەوە، کارەساتێک بوو لەو گۆڕە. هەنووکە کە پتر لە دایکێکی پیر، بۆ جگەرگۆشەکەی دەگریا، بەدەستە ڕەق و تەقەکانی سینگ و بەرۆکی سیسەڵەو چرچەڵەی دەکوتا... پتر لە ژنێک لە شارانی (گلوخوف، نیمیرۆڤ و چرنیگوف) و شارانی تردا، بێوەژن دەکەوتن و قوڕیان بۆ دەگیرایەوەو فەرامۆش دەکران. بێوەژنانی بەلەنگاز، بە دڵ و دەروونی پڕ لە مەحەبەت و سۆزی لە بن نەهاتوو، جەرگی سوتاوەوە، بە تاسەو پەرۆشەوە، ڕوو دەکەنە بازاڕو مەیدانی شار، تا دەستی قۆزاقانی ڕێبوار بگرن، چاو ببرنە دوڕ چاویان، لە نێوان ئەواندا بۆ یەک نەفەر، بۆ عەزیزترین نەفەری دڵیان بگەڕێن، لێ وێڕای ئەوەی جەنگاوەرانێکی زۆر بە نێو شارا تێدەپەڕن، لێ مخابن، جگەرگۆشەکانی ئەوان، عەزیزەکانی ئەوانیان تێدا نییە...

❊❊❊

تۆپخانەی دژمن، نیوەی جەنگاوەرانی قوەتی نیزامای کوشت، وەکو چۆن تاوە تەرزەیەکی توند، بەسەر تەبارە گەنمێکدا دادەکات و هەر هەمووی تەرزەشکێن دەکات و دەگەڵ عاردیدا تەختی دەکات، بەو ئاوایە تۆپخانەی دژمن، هێزی قۆزاقانی تەرزە کوت کردو ژمارەیەکی زۆری ئەو هێزەی کوشت و تەختی ئەرزی کردن.

هەموو قۆزاقەکان، کە چاویان بەم دیمەنە کەوت، بە جارێ هاڕوژان، یەکسەر پەلاماری دژمنیان دا. فەرماندەی ئەو هێزە، کوکوبنکۆ، کاتێ تەمەشای کرد، نیوەی باشترین جەنگاوەرانی کوژراون، خرۆشا، بە جۆرێ هاتە جۆش و خرۆش، کە لە چاو تروکانێکا بە خۆی و پاشماوەی قوەتەکەیەوە، خۆی کرد بە ناو جەرگەی دژمندا، بە شمشێر، سەری یەکەم کەسی، کە هاتە ڕێ، پەڕاند. ژمارەیەکی زۆری لە سوارانی دژمن، بە زەبری ڕم و نێزە سەرنگون کرد، خۆی گەیاندە تۆپچیەکان و تۆپێکی لێگرتن. کە بینی فەرماندەی قوەتی ئۆمان و ستیپان گوسکا کە یەکێک بوو لە جەنگاوەرە قۆزاقیە هەرە عەگید و ڕەشیدەکان ،خەریکن دەست بەسەر گەورەترین تۆپی دژمندا دەگرن، وازی لێهێنان و بەخۆو قوەتەکەیەوە، هێرشی بۆ سەر ئاپۆڕایەکی دیکەی دژمن برد. جەنگاوەرانی قوەتی نیزامای ڕوویان دەکردە هەر شوێنێ، ڕیزی دژمنیان شەق دەکردو وەکو ئەوە بوو شەقامە ڕێیەکیان بۆ بکرێتەوە. بە هەر لایەکا پێچیان دەکردەوە، شەڕڤانانی دژمن، بەدەم جەزرەبەی شمشێری وانەوە وەکو گوڵە گەنم هەڵدەوەرینە سەر زەوی، هێزی پۆڵۆنیەکان بەئاشکرا لە کەمی دەدا، قۆزاقان مەڵۆ بە مەڵۆ درووێنەیان دەکردن. شەڕێکی توند لە دەوروبەری گالیسکەکان دەستی پێکرد بوو. لەوێ فوفتوزینکو و چرفیچنکو، لەلای گالیسکە نزیکەکانو دیفتیارینکو لای گالیسکە دوورەکان و لەولاترەوە فەرماندەی قوەتی

ڤیرتیخفیست کە هەر هەموویان لە دلاوەرانی بەجەرگی لەشکری قۆزاق بوون، دژمنیان بەگیر هێنا بوو و شەڕی مان و نەمانیان دەکرد.

دیفتیارینکۆ، دوانی لە ئەشرافانی پۆلۆنی بە نێزە کوشتبوو، ئێستا خەریک بوو هێرشی بۆ سێیەم دەبرد. بەڵام ئەم ئەشرافە کە یەجگار پڕ چەک و بەبەرگ و باری شەڕبوو و زۆریش سەر سەخت و بە جەرگ دیاربوو، سواری ئەسپێک بوو و پەنجا نۆکەری بەدەورەوە بوو، لە پشتەوە پەلاماری دیفتیارینکۆی داو، دای بە عاردیداو لە کاتێکا شمشێرەکەی بە دیار سەریەوە بادەدا هاواری کرد:

–ئێوەی قۆزاقی سەگ، پیاوتان تیا نیە، بەرانبەری من بگرێ... کێتان زۆر پیاوەو غیرەتی هەیە با بێتە بەرانبەری من... لەم ساتەدا، (موسی شیلو) هێرشی بۆ بردو لە نەعرەتەی دا:

– فەرموو ئەوە منم، ئەوە ئەرزو ئەوە گەز!

شیلو، قۆزاقێکی تۆکمەو بەخۆوە بوو، کاتی خۆی لە لەشکرکێشی دەریاییدا چەندین جار پۆستی فەرماندەیی وەرگرتبوو، سەختی و دژواری زۆری دیتبوو، هەموو جۆرە ساردی و گەرمییەکی رۆژگاری چەشتبوو، جارێکیان تورکەکان، لە نزیکی (ترابزون)دا بە خۆو دەستەیەک قۆزاقەوە بە دیل گرتبوویانن، دەستو پێیان کۆت و زنجیر کرد بوون، وەکو کۆیلە لە کەشتیەکیان نابوون، یەک هەفتەی تەواو جگە لە هەرزنە کێویلەی تاڵ و ئاوی سوێر هیچی تریان نەدا بوونێ. ئەوسا داوایان لێکرد بوون ببن بە موسوڵمان. ئەو ئەسیرو کۆیلە داماوانە، هەموو برسێتی و تینویەتیکیان قەبووڵ کردبوو، بەڵام ئامادە نەبوو بوون دەستبەرداری ئاینی ئەرتەدۆکسی خۆیان ببن. بەڵام فەرماندە شیلو، خۆی پێنەگیرا بوو، دوای ماوەیەکی کەم، ئاینی پیرۆزی خۆی ژێر پێ نابوو. عەمامەیەکی سەوزی لەسەرە گوناهکارەکەی نابوو، متمانەو باوەڕی پاشای تورکی بە دەست هێنا بوو، بوو بوو بە کلیلدارو بەرپرسی بێ هەڤرکی کۆیلەو یەخسیرەکان. دیل و کۆیلە داماوەکان ئەمەیان زۆر لەبەر گران دەبێت، چونکە وەکو رۆژی روون لایان عەیان دەبێ کە کاتێ هەر یەکێک لە خۆیان، لە نەژادی خۆیان، ئیمانی خۆی لە دەست دەدات و هەڵدەگەڕێتەوەو دەداتە پاڵ دژمن، زوڵم و زۆرێکی وەهایان لێدەکات، سەد خۆزگە بە زوڵم و زۆری دژمن بخوازن. لە راستیدا هەر واش دەرچوو بوو. شیلو، کۆت و زنجیری تازەی لە دەست و پێ کردن، بە پەتی زبر دەی بەستنەوە، ئازایان بریندار دەبوو، جنێوو شەق و تێهەڵدان و زللەش لەولاوە بوەستێ. زۆر لەگەڵیاندا خراپ بوو. تورکەکان، کە رەفتاری زبری بێرەحمانەی ئەویان دەگەڵ دیلەکاندا بینیو هەستیان کرد نۆکەرێکی زۆر گوێڕایەڵ و دڵسۆزی وەکو ئەویان دەست کەوتووە، زۆر خۆشحاڵ بوون و دوو هێندەی جاران متمانەیان پێکرد. تا ڕۆژێ ئاهەنگێک ساز دەکەنو بە پێچەوانەی بنەماکانی ئاینی خۆیانەوە، دەکەونە بادەنۆشی و مەستی مەست دەبن. شیلۆ، شەست و چوار کلیلی کۆت و زنجیرەکانی دابوو بە دیلەکان، ئەوانیش خێرا کۆت و زنجیرەکانیان دەکەنەوەو فرێی دەدەنە ناو دەریاوە، پاشان

نەیان کردبووە نامەردی، دەستیان دابووە شمشێرو هەموو تورکەکانیان کوشتبوو. ئەوجا بەدەسکەوتی زۆرەوە بۆ وڵاتی خۆ گەڕا بوونەوە. ئاشقان و شایەران، ئەم هەڵوێستە پڕ جوامێریەی شیلویان کرد بە بەیتو داستان، تاماوەیەکی زۆر، بەدەم لێدانی باندۆراوە، بە دەنگ و ئاوازەوە، لە دەڤەرو وڵاتی قۆزاقنشیندا بە گۆرانی و ئاوازەوە بۆ جەماوەری خەڵکیان دەگوت و دەگێڕایەوە. شیلو، لەو کەسانە بوو کە بۆ پۆستی کوشیفوی دەستی دەدا، بەڵام تەبیعەتێکی سەیری هەبوو، وێڕای ئەوەی پیاوێکی بەردەبارو لێزان و بە ئاوەز بوو، بەڵام کە شەڕو شۆڕ لە ئارادا نەبوایە، سەری دەکردە بادەنۆشیو رابواردن، دارو نەداری خۆی لە بادەنۆشیو دەعوەت و دەعوەتکاریدا دادەنا، وای لێدەهات قەرزاری هەموو زاپاروژیەکان دەبوو. کە ناچار دەبوو، دزیشی لەو پێناوەدا دەکرد. تەنانەت جارێک، چەک و ئەسڵەحەو زین و ئەسپابی سوارەیەکی قۆزاقی، لە سەر بازگەیەکی دیکەوە هێنا بوو، لەلای کابرای مەیخانەچی بە بارمتە دانیا بوو. جا لەسەر ئەم کارە دزێوەی، لەسەر ئەم رەفتارە نەنگینەی، بە گوێرەی یاسای ئۆردوگای سچ بە ئەستونێکیانەوە بەستبوو، دارێکیان لەلایەوە دانا بوو، تا هەر رێبوارێک کە بەلایدا بڕوات، دەست بداتە دارەکەو، بە گوێرەی توانای خۆی دارێکی پێدا بکێشێت، بەڵام چونکە خاوەنی ڕابردوویەکی پڕ خزمەت بوو، هیچ زاپاروژیەک دڵی نەهاتبوو ئەو کارەی بەرانبەر بکات، شیلو، ئەو جۆرە قۆزاقیە بوو.

شیلو، بەدەم نەعرەتەکێشانەوە هێرشی بۆ دژمنەکەی بردو گوتی:

– خوێڕی، ئێستا پێت نیشان دەدەم کە حەریفی کێیت!

شیلو،ئەو قسەیەی کردو پەلاماری دا،کەوتنە شەڕە شیرێکی ئەوتۆ، هەرچی قایشو قرۆش و زرێ و بازووبەندی هەردووکیان هەبوو لە ژێر زەبرو جەزرەبەی شمشێرا پچڕاو بەم لاو بەولادا پەڕی. کابرای خانەدانی پۆڵۆنی، بە شمشێرەکەی زرێکەی شیلوی شەق کرد، دەمی تیژی شمشێرەکەی گەییە گۆشتی بەدەنی شیلو، کراسەکەی لە خوێنا هەڵکشا، لێ شیلو گوێی نەدایە، بە هەموو هێزی بازووی پاڵەوانانەی خۆیەوە، شمشێرەکەی بەرزکردەوەو کێشای بەتەپڵی سەری خەنیمەکەیدا، کەس نەیزانی کڵاوخودە مسە زەردەکەی کێوەپەڕی. کابرای پۆڵۆنی گێژو کاس کەوتە سەر زەوی. شیلو، بە شمشێر تێی بەر بوو، لە کاتێکا مژولی لێدانی حەریفەکەی بوو، ئاگای لێ نەبوو کە یەکێک لە پاسەوانەکانی ئەشرافزدەی پۆڵۆنی، لە پشتەوە خەنجەرێکی کرد بوو بەلاملیا. شیلو خێرا وەرچەرخا بوو، زۆری نەما بوو کە یارۆی پاسەوانیش بگرێ، بەڵام کابرا لە نێو چەرە دووکەڵی باروتدا، لە چاو ون بوو بوو، ئیدی هارەی گوللەو دەسترێژ لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە، شیلو لارە لاری پێکەوت، هەستی کرد زامەکەی کاری و کوشندەیە، کەوتە سەر ئەرزەکە، دەستی توند نایە سەر زامەکەی و ڕووی لە هاوڕێکانی کردو گوتی:

– براینە، بەڕێزینە، هاوڕێیان خودا حافیز! هیوادارم خاکی ڕووسیای پیرۆز، مەڵبەندی ئەرتەدوکسیان، هەتا هەتایە هەر بەسەربەرزی بمێنێ و بژی!

ئەوجا چاوە لێڵەکانی لێکناو، روحی قۆزاقیانەی لە لەشی جیا بووەوە.

هەر لەو کاتەدا زادورۆژنی، بە سواری ئەسپەکەیەوە پێش چەکدارەکانی کەوتبوو، ڤیرتیخفیست دڕی بە ریزی پۆڵۆنیەکان دەداو باڵابان، لە شەڕ نەدەپرینگایەوە. تاراس بۆڵبا کە شەڕەکەی بەڕێوە دەبرد، هاواری کرد:

– براینە وەزع و حاڵتان چۆنە، باروتتان تەواو نەبووە؟ هێزی قۆزاقیانەتان نەیداوەتە کزی؟ قۆزاقان ورەیان بەرزە، بەریان لە دژمن گرتووە؟

فەرماندەکان بەرسڤیان دایەوە:

– بابۆ، خەمت نەبێ، باروتمان زۆر ماوە، هێزی قۆزاقیان کز نەبووە، قۆزاقیان ورەیان بەرزەو بەریان لە دژمن گرتووە!

قوزاقەکان، دووبارە هێرشیان برد، هێزی دژمنیان لە هەموو لایەکەوە شپرزەو پەریشان و پەراگەندە کرد.

فەرماندە کورتە باڵا ڕەقاڵەکەی دژمن، فەرمانی دا کە تەپڵی کۆبوونەوەی لەشکر لێبدرێ، کە لە سەرانسەری مەیدانی شەڕەکەدا پەڕاگەندە بووبوون. ئەوجا بۆ ئەوەی جەنگاوەرەکان شوێنی کۆبوونەوەکە بزانن، شەش بەیداخی ڕەنگاو ڕەنگیان لە شوێنی دیاریکراو هەڵدا. هەموو پۆڵۆنیەکان بە هەشتاو بەرەو شوێنی بەیداخەکان دەڕۆییشتن. بەڵام هێشتا فریا نەکەوتبوون بە تەواوەتی خۆساز بدەنەوەو خۆ تەیار بکەن، کە فەرماندە کوکوبنکۆ بە جەنگاوەرانی قوەتی نیزامایئوسکییەوە، دووبارە خۆی بە ناوەڕاستیاندا داو یەکسەر بەرەو ڕووی فەرماندە زگ زلە پۆڵەنیەکە هێرشی برد. فەرماندەی ناڤبری بەرگەی نەگرت، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو بە توندی بەرەو دەشتەکە دایکێشا. کوکوبنکۆ لێی نەبووەوە، بە دەشتەکەدا دووی کەوت، لە هێزی پۆڵۆنیەکانی دابڕی. ستیپان گوسکا، کە لە نێو جەنگاوەرەکانی خۆیەوە ئەم دیمەنەی بینی، کەمەند بە دەست، ئەسپەکەی بەرەو ئەو تاودا، وەکو هەڵۆ خۆی گەیاندێ، خێرا دەرفەتی لێ هێنا، کەمەندەکەی هەڵدا، ڕێک لە ملی گیرا. کابرای زگ زل، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، بە هەردوو دەستی ئەڵقەی کەمەندەکەی گرت، هەوڵی دا بیپچڕێ، بەڵام ڕێک لەم کاتەدا سەرەنێزەیەک ورگی دیواو دەر هەڵدری و لەو دیوەوە لە عاردەکە چەقی. بەڵام گوسکا، خۆشی لەم

سەرکەوتنە نەبینی، کە قۆزاقەکان ئاوڕیان دایەوە، سەیریان کرد، چوار نێزە بەجارێ، ستیپان گوسکایان لەسەر ئەسپەکەی برد بە ئاسمانا، تەنیا فریای ئەوەندە کەوت کە بڵێ:

- مردن بۆ هەموو دژمنانمان، هەر بژی و پایەدار بێ خاکی رووسیامان!

ئەوەندەی گوت و لە هەمان شوێندا گیانی سپارد.

شەڕ لە هەموو لایەکەوە گەرم بوو. جەنگاوەرانی قۆزاقی ڕوانیانە دەوروبەری خۆ، میتیلیتسیا لە بەرەیەکی سوپاکەوە خەریکی ڕاوە پۆڵۆنیان بوو، پۆڵۆنی لەسەر پۆڵۆنی دەخست، هەرکە دەیکێشا بە کڵاوخودەکانیانا، ئیدی هەستانەوەیان نەبوو. فەرماندە نیفیلیسکیش لە قوڵێکی ترەوە بە خۆی و جەنگاوەرەکانیەوە هێرشی دەبرد. زاکروتیگۆباش لە نزیکی گالیسکەکانەوە، بەگژ دژمنا دەچوو. بیسارینکۆی سێیەمیش لای گالیسکە دوورەکانەوە، بەری لە کۆمەڵێک گرتبوو. یانی کار گەیی بووە ئەوەی بەرگری لە یەک بە یەکی گالیسکەکان بکەن.. شەڕ بوو ئەمما شەڕ!

تاراس بۆڵبا، کە هەنووکە، بە سواری ئەسپەکەیەوە، لە پێشی هەموویانەوە بوو، بانگی لێکردن:

- براینۆ، وەزع و حاڵ چۆنە؟ باروتتان ماوە؟ هێزو ورەی قۆزاقیتان کز نەبووە؟ کەس تەسلیم بە دژمن نەبووە؟ فەرماندەکان بە یەک دەنگ بەرسڤیان دایەوە:

- خەمت نەبێ بابۆ، باروتمان زۆرە، ورەی قۆزاقی لە ڕوخان نایەت، قۆزاقیو تەسلیم بوونیان نەگوتووە!

لەم کاتەدا "بوڤدیوگ". لەسەر گالیسکەکەیەوە کەوتە خوارەوە، گوللەیەک ڕێک بە ژێر دڵی کەوتبوو، لێ پیرەمێرد بەدەم ئاوزینگدانەوە گوتی:

- من هیچ داخی ئەوە ناخۆم کە ئەم دنیایە بە جێدێڵم. ئومێدەوارم هەموو کەسێک هەمان ئاقیبەتی سەربەرزانەی منی بە نسیب ببێ، هەر پیرۆزو پایەدار بێ خاکی ڕووسیا!

بەو جۆرە، گیانی بوڤدیوگ، فڕی بۆ ئاسمان تا لەوێ، بۆ پیرەمێرە کۆچکردووەکانی پێشووی بگێڕێتەوە کە چۆن دلاوەران و گیان فیدایانی میللەت، لە خاکی باب و باپیراندا، دەجەنگن و لە پێناوی ئاینی پیرۆزدا گیانی خۆ بەخت دەکەن.

هەر تۆزێک دوای بوڤدیوگ، فەرماندەی یەکێک لە قوەتەکان، کە (بالابان)ی ناوبوو، لەجێی خۆی کەوت. سێ زامی کوشندەی پێوە بوو، یەکەمیان زامی ڕم بوو، دووەمیانی هی گوللەو سێیەمیان هی قەمە بوو. بالابان، قۆزاقێکی تا بڵێی دلێر بوو، سەردەمانێک لە لەشکرکێشی دەریاییدا فەرماندە بوو.

له کەنارێن ئەنادۆڵ و دەریادا، لە کاتی شەڕی تورکاندا، قارەمانیەتی و ئازایەتیەکی بێوێنەی نواند بوو. دەستیان بەسەر پارەو پول و کەلو پەل و کوتاڵ و جل و بەرگێکی زۆری تورکاندا گرتبوو. بەڵام لە رێگای گەڕانەوەدا بۆ خاکی وڵات، تووشی کێشەی گەورە بوون، کەوتنە بەر تۆپبارانی تورکی.

ئیدی تۆپی تورکی، بە چڕی کەشتییەکانی تۆپباران کردن، نیوەی بەلەمەکانیان وەرگەڕان، پتر لە بەلەمێکیان لە ئاوا نقوم بوو، هەرچەندە گورزە پوش و گیای ئەملاو ئەولای بەلەمەکان، یارمەتیەکی زۆری دان و بەلەمەکانی لە نقوم بوون رزگار کرد.

بالابان، زۆر بە خێرایی سەوڵی لێدەدا، توندتر لەوەی سەوڵەکان تەحەموولی بکەن، ڕوو بە ڕووی خۆرەکە دەوەستا تا تورکەکان نەتوانن بیدینن... بە درێژایی شەو بە سەتڵ ئاویان لە بەلەمەکە دەردەدا، بە کڵاوەکانیان ئەو کون و درزانەیان دەگرت کە بە هۆی گوللەی تورکانەوە لە بەلەمەکەیان بوو بوو. شەرواڵە قۆزاقیە فش و دەڵبەکانیان دڕی و کردیان بە بایەوان و زۆر بە خێرایی بۆی دەرچوون، هێندە خێرا دەڕۆییشتن کە خێراترین کەشتی تورکی پێیانا نەدەگەیی.

هەڵبەتە، بێ سەر یەشەو بە ئاسانی نەگەییشتنەوە، بەڵام جبەیەکی ئاڵدۆزی مەسیحیانەی زۆر جوانیان بۆ قەشەی دێری میزیگورسک هێنا بوو، بڕێک زێڕی خاڵیسەیان بۆ کڵێسای شەفاعەتی پاکیزەی پیرۆزی زابوروژیاش هێنابوو. باندوریستانی (سازڤانی باندۆرا) خۆماڵی ماوەیەکی زۆر داستانی ئەم ڕیسک و سەرکەوتنەیان، بەدەنگ و ئاوازەوە گوتەوە.

ئا، ئەو پیاوە، ئێستا، سەری لە عاردی نابوو و بە دەم ئاوزینگ و ئاویلکەوە، بەکاوەخۆو لە بن لێوانەوە دەیگوت:

- بەڕێزینە، براینە، بەختم هەیە کە بە مردنێکی مەردانە، سەربەرزانە ئەم دنیایە بەجێ دێڵم. حەوت کەسم بە شمشێرو نۆ کەسم بە نێزە کوشتوون. زۆریشم وەژێر دەست و پێی ئەسپەکەمەوە کردوون، بە تفەنگیش درێغیم نەکردووە، بەخۆیشم نازانم بە گوللە چەند کەسم هەواڵەی ئەو دنیا کردووە. هەر بژی و پایەدار بێ خاکی وڵاتمان، خاکی ڕووسیا!.

بە دەم ئەو قسانەوە، گیانی دەرچوو...

- گەلی قۆزاقان، گەلۆ، ئاگادارین، شامێری لەشکرەکەتان لە دەست نەدەن! ئەوا کوکوبنکۆیان گەمارۆدا. تەنیا حەوت نەفەر لە هێزی نیزامای ماون و ئەوانیش تەواو شپرزەو پەریشان بوون، بەئاستەم بەرگرییان پێدەکرێ، کوکوبنکۆ لە خوێنا هەڵکشاوە، جلەکانی خڵتانی خوێن بووە.

تاراس بۆڵبا، که به چاوی خۆی بینی کوکوبنکو له چ تەنگانەیەکدایەو کەوتووەتە چ داوێکەوە، بە هەشتاو چووە کۆمەکی. بەڵام قۆزاقەکان درەنگ فریا کەوتبوون، پێش ئەوەی بتوانن گەمارۆی دژمن بشکێنن، نێزەیەک دڵی کوکوبنکوی سمی بوو. قۆزاقەکان بە پەلە باوەشیان کرد، خوێنی گەش وەکو جۆگا لەبەری دەڕۆیی، وەکو شەرابێکی پڕ بەها کە خزمەتچیانی خەمساردو بێموبالات، لە شووشەیان کردبێ و لە ژێر زەمینانەوە دەری بێنن و بیگەیەننە بەر دەرگاو لەوێ نووچێک بدەن و بکەون و شووشەکان بشکێن و شەرابە ئاڵ و جوانەکە تا دوا دڵۆپی بڕژێتە سەر ئەرزەکەو ئاغا بە هەڵەداوان و بە قژ ڕنینەوە بێت و هاوار بکات کە ئەو شەرابەی بۆ خۆشترین ساتی ژیانی دانا بوو، لە خودا پاڕابووەوە کە لە تەمەنی پیریدا یەکێک لە هاوڕێیانی سەردەمی گەنجاتی خۆی بدینێ و بەدوو قۆڵی دانیشن و بە یادی ڕۆژانی ڕابردوو، ڕۆژانی پڕ شادی و خۆشی، بیخۆنەوە.

کوکوبنکو، نیگایەکی دەوروبەری خۆی کردو گوتی:

– هاوڕێیان، سوپاس بۆ خوا کە بە بەرچاوی ئێوەوەو لەبەر دەستی ئێوەدا دەمرم. هیوادارم ئێوەو ئەوانەی لە دوای من دەمێنن، لە ئێمە خۆشترو تەباتر بژین... هەر پایەدارو جوان بێ خاکی ڕووسیامان، ئەو خاکەی مەسیح خۆشی دەوێ.

بەدەم ئەو قسانەوە، روحی لە شەقەی باڵی دا، فریشتەکان خستیانە سەر دەستیانو بۆ ئاسمانیان برد. کە بێگومان لەوێ شادو خوڕەم دەبێت و مەسیح پێی دەڵێت: "کوکوبنکو دانیشە، لای ڕاستمەوە دانیشە! تۆ خیانەتت لە هاوڕێکانت نەکردووە، هیچ کارێکی درێوو نەنگینت نەکردووە، کوڕی تەنگانە بوویت و بە هاواری لێقەوماوانەوە چوویت. تۆ کڵێسەی منت خزمەت کردووە و پاراستووە!".

مردنی کوکوبنکو، هەموو قۆزاقەکانی خەمین و خەمبارکرد. لە شکری قۆزاقیان جەنگاوەرانێکی زۆری لەدەست دابوو، گەلێک لەشەرڤانە دلاوەرو نەبەزو قارەمانەکانیان کوژرا بوون، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر درێژەیان بە شەڕو بەرخودانی خۆ دەدا.

تاراس بۆڵبا بۆ جاری سێیەم هاواری کرد:

– براینۆ، میرانۆ، وەزع و حاڵتان چۆنە. باروتتان ماوە؟ شمشێرەکانت کول نەبوون؟ ورەی قۆزاقیان دانەبەزیوە؟

قۆزاقەکان، بەرسڤیان دایەوە:

– بابۆ خەمت نەبێ، باورووتمان زۆرە، شمشێرمان تیژن، قۆزاقیان ورەیان بەرزە! کەس تەسلیم نەبووە!

قۆزاقەکان، وەکو ئەوەی هیچ زیانێکی گیانییان لێنەکەوتبێ، دووبارە دەستیان بە هێرش کردەوە، ئێستا تەنیا سێ فەرماندە لە فەرماندەی قوەتەکان، مابوون. جۆگاو ڕوبارانی ئەو دەشتە لە خوێنا سوور بوو بوون، لاشەی قۆزاقان و پۆڵۆنیان بەری پردەکانیان گرتبوو.

تاراس بۆڵبا سەری هەڵبڕی، چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا، داڵاشی دنیا، بە ئاسماندا،بازنەیان بەستبوو و دەسوڕانەوە، ئاخۆ کێ دەبوو بە خۆراکی ئەمجارەیان!

شەڕ گەرم بوو، لە پڕ میتیلیستیا، بەدەم نێزەی پۆڵۆنیەکانەوە چوو بە ئاسمانا. لەولاترەوە، بیسارینکۆی دووەم گل بووەوە، بەدەم گیانەڵلاوە چاوانی لێکدەناو دەیکردنەوە. ئوخریم گوسکاش بەدەم شمشێری پۆڵۆنیەکانەوە بوو بە چوار پارچەوەو تەختی زەوی بوو.

تاراس بۆڵبا، لە بن لێوانەوە بۆڵە بۆڵێکی لێبەرز بووەوەو دەستەسڕەکەی بەسەر سەری خۆیا بادا، ئۆستاپ لە ئاماژەکەی حاڵی بوو، لە کەمینەکەی هاتە دەرەوە، بە خۆو قوەتەکەیەوە هێرشی بۆ هێزی سوارەی دژمن برد، شەلم کوێرم، کەس نابوێرم تێیان کەوت، پۆڵۆنیەکان خۆیان لە بەردەم گوشاری توندی قۆزاقەکان نەگرت، ئۆستاپ، بەرەو ئەو مەیدانەی کە سنگەکانیان تیا چەقاند بوو، دڕی دان. ئەسپەکان کە گەیینە ئەو مەیدانە، هەر نووکی سنگ بوو و دەچوو بە گیانیاناو بەخۆو سوارەکانیانەوە تەختی زەوی دەبوون. کۆمەڵێک لەو قۆزاقانەی کە لە نزیکی گالیسکەکانەوە وەستا بوون، کە دیتیان دژمن گەییوەتە تیرهاوێژی تفەنگی وان، دەستیان بە تیرەندازی کرد. پۆڵۆنیەکان کە پەشۆکان و بە تەواوەتی ورەیان بەردا. قۆزاقەکان بە پێچەوانەوە، گیانێکی تازەیان وەبەر هاتەوە، هاواریان کرد:

– سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە!

بەدەم شەیپور لێدانەوە، ئاڵای سەرکەتنیان هەڵکرد. پۆڵۆنیەکان بەپەلەپرۆزێ ڕایان دەکردو لە پەناگایەک دەگەڕان کە خۆ لە گوللەی قۆزاقان بپارێزن.

تاراس بۆڵبا کە لە دوورەوە دەیڕوانیە حەسارو دەروازەکانی شار، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– نە ، هێشتا سەرکەوتنمان مسۆگەر نیە!

مەزەندەکەی دروست دەرچوو. دەروازەکانی شار کرانەوە، یەک لەشکر سوارەی تازە نەفەسی پۆڵۆنی، لە شار وەدەرکەوتن، بریتی بوون لە باشترین جەنگاوەری سوارەو هەر هەموویان سواری جۆرە ئەسپێکی سورخنی، زەلام، بەڵام ڕەهوان و خۆشبەز بوو بوون، سوارێک لە پێشی هەمووانەوە بوو کە هەم چالاک ترو هەم قۆزتر لەوانی دی دیاربوو. قژە ڕەش و درێژەکەی لە ژێر کڵاوخودە مسە زەردەکەیەوە، دەرهاتبوو و بە دەم باوە سەمای دەکرد. دەسماڵێکی گرانبەهای گوڵدۆزی کە دیاربوو بە دەستی

جوانترین ئافرەت، نەخشێنرا بوو، بە باڵی ئەو سوار چاکەوە بەسترا بوو، بە هۆی ڕەوتی توندی ئەسپەکەوە، ئاڵا ئاسا دەشەکایەوە.

تاراس بۆڵبا کە ئەو دیمەنەی بینی بە جارێ حەپەسا، تۆمەز ئەم سوارچاکە ئاندرێ بوو! بەڵام ئاندرێ وەکو ئاگر، لە جەرگەی شەڕەکەدا تاوی سەند بوو، بە روح و گیان تینووی کوشت و کوشتارو خوێن ڕشتن بوو. دەیویست بە کردەوە، بیسەلمێنێ کە شایستەی ئەو یادگارییەیە کە لە بازووی بەسترا بوو، ئیدی وەکو تاژییەکی قۆچاغی گەنج، کە لە هەموو دەوروبەرەکەی خێراترو گورج و گۆڵترو کەم تەمەن تر بێ‌و یارۆی ڕاوچی وشتی کردبێت و بەری دابێتە نێچیری ناو بەفران، بەو ئاوایە پەلاماری قۆزاقەکانی دەدا. تاراس بۆڵبای پیر لە جێی خۆی وەستا، تەمەشای ئاندرێی دەکرد کە چۆن ڕێگای بۆ خۆی دەکردەوە، قۆزاقەکانی ریزی پێشەوەی تارومار دەکرد، بە ڕاست و چەپدا لێی دەخستن. تاراس بۆڵبا خۆی لەبەر ئەم دیمەنە نەگرت، لەبەر خۆیەوە نەڕاندی:

- ئەوە چیە؟ ئا ئا؟ رەفیقەکانی خۆت؟ هاوڕەگەزانی خۆت دەکوژی، هەی زۆڵی بێ بەقا!

بەڵام ئاندرێ، لە حاڵێکا نەبوو کەس بدینێ، کێ لەبەردەمیەتی، دۆستە یان دژمن. هیچی نەدەبینی، تەنیا قژی لوول و درێژ، سینگ و بەرۆکی سپی وەکو قووی ناو ڕوباران، شان و ملی وەکو بەفری دەبینی کە خوا تەنیا بۆ ماچی گەرم و شێتانە دروستی کردبوون.

تاراس بۆڵبا، هاواری لە قۆزاقەکان کرد:

- کوڕینە، ڕۆڵەکانم! بە هەر فەندو فێڵێک بووە ئەو سوارەم بۆ تاک بخەنەوە، چەشەی بکەن و بەرەو بێشەکەی بێنن، تەنیا ئەو، ئەم کارە بۆ من بکەن! تەنیا ئەم کارەم بۆ بکەن!

لە چاو تروکانێکدا نزیکەی سی کەس لە چاپوک سوارانی قۆزاق، بەخۆ وئەسپە ڕەهوانەکانیانەوە، لە ڕیز هاتنە دەرێ و ئامادەگی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی داواکەی تاراس بۆڵبا دەربڕی. کڵاوە قووچەکانیان لەسەری خۆ توند کرد، ئەسپەکانیان تاودا، لە تەنیشتەوە هێرشیان بۆ هێزی سوارەی پۆڵۆنیەکان برد. شەڕ گەرم بوو، قۆزاقەکان، توانیان بەشێکی هێزی سوارەی دژمن کە ئاندرێ یەکێک بوو لەوان، لە پاشینەی هێزەکەیان داببڕن. لەم کاتەدا گولوپتینکو، پەلاماری ئاندرێی دا، لە پشتەوە، پشتە شمشێرێکی گەیاندێ، ئیدی سوارەی قۆزاق، لە هەمان ساتدا، بەپەلە بەرەو جەنگەڵ هەڵهاتن.

ئاندرێ، ڕاچڵەکی، خوێنی گەنجانەی هاتە جۆش. ئەسپەکەی بەر مامێزە تیژەکانی دا، بێ ئەوەی ئاوری پشتەوە بداتەوەو بزانێ کە تەنیا نزیکەی بیست سوارێک بەگەڵی کەوتوون، بە پڕتاو دوی قۆزاقەکان کەوت، قۆزاقەکانیش، بە تاو ئەسپەکانیان بەرەو جەنگەڵ و بێشەکە تاودەدا، ئاندرێ وەکو با

دەڕۆییو لەو کاتەدا کە خەریک بوو دەگەییە سەر (گولشوتینکو) کە دەستێکی بە هێز جڵەوی ئەسپەکەی گرت.

ئاندرێ بەلەز وەخۆ هاتەوە، سەیری پێش خۆی کرد. تاراس بۆڵبا لە بەردەمیا وەستا بوو! ئاندرێ، سەراپای کەوتە لەرزین و لە پڕ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا... ئاندرێ وەکو منداڵە مەکتەبلییەک کە شەڕ بە هاوپۆلێکی خۆی بفرۆشێت و هاوپۆلەکەی لێیبێتە دەست و ڕاستەیەک بکێشێت بە نێو چەوانیاو، ئەمیش تورە ببێ و وەکو شێت و هاران دوای بکەوێ و بیەوێ پارچە پارچەی بکات و لەو کاتەدا، لە بەردەگا تووشی مامۆستا ببێ و، تەریق ببێتەوەو، ڕق و تورەییەکەی دابمرکێتەوەو بە ناچاری ڕام ببێ، ئاندرێش بەو ئاوایە سارد بووەوەو هەموو شتێکی لەبەرچاو ون بوو، جگە لە بابە ترسناکەکەی هیچی دیکەی نەدەبینی.

تاراس بۆڵبا، چاوی بڕیە دوڕچاوانی و گوتی: - باشە، ئێستا چ بکەین؟

بەڵام ئاندرێ کە سەری داخستبوو و چاوی بڕی بووە عاردی، نەیتوانی هیچ شتێک بڵێت.

- دەی کوڕی خۆم، پۆڵۆنیەکان، توانیان یارمەتیت بدەن؟

ئاندرێ، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

- کەواتە خیانەتت کرد؟ خیانەت بە ئاینی خۆت؟ خیانەت بە هاوڕێیانی خۆت! دەی باشە لە ئەسپەکەت وەرە خوارێ!

ئاندرێ وەکو منداڵێکی گوێڕایەڵ، لە ئەسپەکەی هاتە خوارێ، وەکو کەسێکی نیوەگیان لەبەردەم تاراس بۆڵبادا وەستا.

- لە جێی خۆت بوەستە، نەجوڵێی! من تۆم هێناوەتە دنیاوە هەر خۆیشم لە دنیات دەبەمە دەر!

تاراس بۆڵبا بەدەم ئەو قسەیەوە، هەنگاوێک چووە دواوە، تفەنگەکەی لە شانی هێنایە خوارێ. ئاندرێ ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی. لێوەکانی بە ئاستەم بزووتن، دەتگوت ناوێک دەبات. بەڵام ئەم ناوە نە ناوی وڵاتەکەی بوو نە ناوی دایکی بوو، نە ناوی براکانی بوو، بەڵکو ناوی شۆخە کیژە پۆڵۆنیەکە بوو!

تاراس بۆڵبا، تفەنگەکەی تیا خاڵی کرد!

ئاندرێ، وەکو گوڵە گەنمێک داس بیدورێتەوە، یان وەکو بەرخە کۆرپەیەک، بە چەقۆیەکی پۆڵایین بێتە سەربڕین، ملی لار بووەوەو، بێئەوەی تاقە وشەیەک بەزمانیا بێت، کەوتە سەر ئەرزەکە.

بابی، فرزەندکوژ، بێ جوڵە لە جێی خۆی وەستاو مودەتێکی زۆر ڕوانیە جەستەی بێ گیانی جگەر گۆشەکەی.

ئاندرێ بە مردوویش هەر جوان و قۆز بوو. سیمای مەردانەی کە تازە دەرکەوتبوو، هێندە قۆزو سەرنجڕاکێش بوو، کە هیچ ئافرەتێک خۆی لەبەر نەدەگرت. برۆ ڕەشەکانی وەکو مەخمەلی تازیەباری، نیشتبووە سەر سیمای.

تاراس بۆڵبا، لە بن لێوانەوە گوتی:

- چ قۆزاقێکی لێدەرچوو؟ باڵا بەرز، برۆ ڕەش، قۆز، بازووی بەهێز و توانا لە شەڕا... ڕۆیی، بە خۆڕایی، بێئەوەی هیچ شانازییەکی پێ ببڕێ ڕۆیی، وەکو سەگ، سەگێکی خوێڕی تۆپی!

ئۆستاپ لەم کاتەدا گەییە ئەوێ، هاواری کرد: - بابۆ چیت کرد؟ تۆ کوشتت؟

تاراس بۆڵبا، تەنیا سەرێکی لەقاندو هیچی دی.

ئۆستاپ، چاوی بڕییە چاوانی جەنازەکە، دڵی پڕ لە ژان بوو بۆ براکەی، گوتی:

- بابۆ، با بە شێوەیەکی شایستە بینێژین، با دژمنان پێی خۆش نەبن و بێڕێزی بە تەرمەکەی نەکەن و نەبێ بە خۆراکی قە لو داڵاش.

تاراس بۆڵبا گوتی:

- بەبێ ئێمەش دەی نێژن! کەسانێک دەبن کە پرسەی بۆ بگرن!

بەڵام وێڕای ئەوەش، تاراس یەک دوو دەقیقەیەک لە فکران ڕاچوو، تیا مابوو کە ئاخۆ تەرمی جگەرگۆشەکەی بەو دەقەوە، لەو گۆڕە بەجێ بێڵێ تا ببێ بە خۆراکی گورگان، یان ڕێزو حورمەتی ئازایەتی و دلاوەریەکەی بگرێت، کە هەر ئازایەک لەسەرێتی، ڕێزی ئازایەتی هەر پیاوێک بگرێت... بەڵام لەهەمان کاتدا گولوکوپیتینکۆی بینی کە بە سواری ئەسپەکەی بە تاو بۆلای ئەو دەهات و گوتی:

- فەرماندە، ماڵمان وێران بوو، هێزی پۆڵۆنیەکان لە زیادیە، هێزی تازە نەفەسیان بۆ هاتووە!

هێشتا گولوکوپیتینکۆ لە قسەکانی نەبوو بووەوە کە فوفتوزینکو، بەلەز و بە دەم هاوارەوە بەرەولای ئەوان هات .

- فەرماندە، نەگبەتی ڕووی تێکردووین! هێزێکی تازەیان بۆ هاتووە!

هێشتا فوفتوزینكو له قسەكانی نەبوو بووەوە كە بیسارینكو بەپای پیادەو بە غاردان خۆی گەیاندێ و هاواری كرد:

- بابۆ ئەوە تۆ لە كوێی؟ قۆزاقەكان لە تۆ دەگەڕێن. هەموو فەرماندەكان، نیفیلیچكی، زادوروزنیو چیرفیچینكۆ، هەموویان كوژران! كەچی قۆزاقەكان هێشتا هەر بەرگری دەكەن، حەز دەكەن پێش ئەوەی بمرن تۆ بدینن. حەزدەكەن بەر لە مردن تۆ بیان بینی!

تاراس بۆڵبا هاواری كرد: - ئۆستاپ، سوار بە!

ئەوجا پەلەی بوو كە خۆی بگەیەنێتە قۆزاقەكان، تا پێش ئەوەی بكوژرێن، فەرماندەكەی خۆیان بدینن، بەڵام هێشتا ئەمانە لەبێشەو لێڕەوارەكە دەرنەچوو بوون كە هێزی دژمن، لە هەر چوار نكالەوە دەوریان گرتن، جەنگاوەرانی پۆڵۆنی، سەراپا نقومی چەك، لە هەموو شوێنێكەوە، لە هەر بن دارێكەوە بۆیان دەرچوون.

بۆڵبا هاواری كرد: - ئۆستاپ! ئۆستاپ! بەرگری بكە!....

و بەخۆی هەڵی كێشایە شمشێرو بە راست و بە چەپا، بێئەوەی دەست بپارێزێت، كەوتە شمشێر وەشاندن. بەڵام لە پڕ شەش شەڕڤانی پۆڵۆنی هێرشیان بۆ ئۆستاپ برد. ئۆستاپ سەری یەكێكیانی پەڕاند، دووەمیان سەری ئەسپەكەی وەرگێڕاو پاشەكشەی كرد، ئۆستاپ نێزەیەكی كرد بە قەبرغەی سێیەمیاناو دیواو دەری كرد، چوارەمیان كە لەوانی تر ئازاتر بوو، سەری دانەواند و ئەسپەكەی كردە قەڵغانی نێوان خۆی و ئۆستاپ، بەخۆی لە گوللەی تفەنگەكەی ئۆستاپ خەلەسی، گوللەكە بەر ئەسپەكە كەوت، ئەسپی زامدار، وەكو شێت تەكانێكی خواردو كەوتە سەر ئەرزەكەو سوارەكە كەوتە ژێری و پان و پلیش بووەوە.

تاراس بۆڵبا هاواری كرد:- دەستخۆش ئۆستاپ! بژی كوڕی خۆم، خەمت نەبێ من لە پشتتم!

تاراس بۆڵبا، بەرگری دەكرد، بە ڕاست و چەپا شمشێری دەوەشاندو، سەری شەڕڤانانی دژمنی بەملاو بەولادا دەپەڕاند، بەڵام چاوێكی هەر لە ئۆستاپ بوو. ئەوجا هەشت زەلام پتری بینی كە دەوری ئۆستاپیان دا.

- ئۆستاپ! ئۆستاپ! بەرگری بكە، دەست مەپارێزە!

بەڵام دیار بوو کە ئەمجارەیان، دژمن بەسەر ئۆستاپدا زاڵ دەبن، یەکێکیان کەمەندێکی بۆ هەڵدا، ڕێک چووە ملی ئۆستاپەوە، بەرهەقیان کرد و تاراس بۆڵبا، بە چاوی خۆی بینی کە جگەرگۆشەکەیان کەمەندکێش دەکرد...

- ئۆستاپ! ئۆستاپ!...

تاراس بۆڵبا، لە کاتێکا هاواری دەکردو شەلم کوێرم، کەس نابوێرم، بەهەر چوار لادا شمشێری دەوەشاند وبەلەز بەرەو لای ئۆستاپ دەڕۆیی: - ئۆستاپ! ئۆستا ا ا اپ!...

بەڵام ڕێک لەم ساتەدا، وەکو ئەوەی بەردێکی زۆر گەورەی پێدا بکێشرێت، سەری سوڕاو چاوانی کەوتنە ڕێشکەو پێشکە. بۆ ساتێکی زۆر تیژ تێپەڕ، تێکەڵەیەک لەسەرو نێزەو دووکەڵ و پزیسکی ئاگرو... لق و پۆپ و گەڵای درەختان بروسکە ئاسا، هاتنە بەرچاوی و ئاوا بوون، ئەویش وەکو پیرەدار بەڕوویەکی زەڵام کە لە بنی بنەوە بڕدرابێتەوە، کەوتە سەر زەوی و تەمێکی سخو چڕی نیشتە سەر چاوان.

## فەسڵی دەیەم

((۱۰))

تاراس بۆڵبا، وەکو کەسێک کە لە خەوێکی قورسی دوای سیامەستی بێدار ببێتەوە، لە کاتێکا هەوڵی دەدا شتەکانی وەبیر بێتەوەو بزانێت لە کوێیە، گوتی:- لەوە دەچێ زۆر خەوتبم؟!

ئازای خاو بوو بووەوە، زۆر بێتاقەت و توانا بوو. لە ژورێکا بوو نەیدەزانی کوێیە، دیوارو گۆشەکانی، بەشێوەیەکی سەیرو گۆنگ لەبەرچاوی سەمایان دەکرد. ئەنجام سەیری کرد تۆفکاچ لەبەردەمیا دانیشتووەو دیاربوو بە پەرۆشەوە گوێی بۆ هەر هەناسەیەکی هەڵدەخست.

توفکاچ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- " بەڵێ، لەزگ بوو، خەوی یەکجارەکیت لێبکەوێت و بۆ هەتا هەتایە خەبەرت نەبێتەوە!"

بەڵام هیچی نەگوت. تەنیا بە ئاماژەی قامکان ئەمری بە تاراس بۆڵبا کرد کە بێدەنگ بێت و قسە نەکات.

تاراس بۆڵبا، مێشکی خۆی گوشی، هەوڵیدا، ڕووداوەکان وەبیر خۆی بێنێتەوە، پرسی:

- من لە کوێم، بەلای کەمەوە پێم بڵێ لە کوێم؟

هاوڕێکەی بە توڕەیی گوتی:

- بێدەنگ بە ئیدی! دەتەوێ چی بزانی؟ مەگەر نابینی ئازات یەکپارچە زام و برینە؟ دوو دانە هەفتەی تەواوە بێوچان بەسەر ئەسپەوە ڕێدەکەین و تۆ بەدەم سوێ و ئازارەوە وڕینە دەکەی. ئەمە یەکەمجارە کەمێک چاو لێکبنەیت و ئارام بگریت. ئەگەر ناتەوێ سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی، بێدەنگ بە!

بەڵام تاراس بۆڵبا بەردەوام مێشکی خۆی دەگوشی و دەیویست ڕووداوەکان وەبیر خۆی بێنێتەوە.

- پۆڵۆنیەکان گەمارۆیان دام، لەزگ بوو یەخسیرم بکەن! هیچ دەرفەتێکم بۆ نەما بووەوە کە خۆم لەو تەنگانەیە و لە ئاپۆڕای پۆڵۆنیەکان دەرباز بکەم.

توفکاچ، وەکو دایەنێک، کە بەسەر منداڵێکی لاساردا ببۆڵێنێ گوتی:

- پێت دەڵێم بێدەنگ بە هەی ناڕەسەن! وا زانیشت چۆن ڕزگار بووی، فایدەی چیە؟ گرینگ ئەوەیە ڕزگارت بووەو تەواو. خەڵکانێک لەوێ هەبوون کە پشتت تێنەکەن، کە خیانەتت لێنەکەن — هەر

ئەوەندەت ناوێ! هێشتا ڕێگایەکی زۆرمان لەبەرە، دەبێ دەربازت بکەین، خۆ تۆ کەم نیت، قۆزاقیەکی ئاسایی نیت! نەخێر، ئازیزم، دوو هەزار سکەی زێڕیان، بۆ سەری تۆ تەرخان کردووە!

- ئەدی ئۆستاپ، ئۆستاپ چی لێهات؟

تاراس بۆڵبا، بەدەم ئەو هاوارە، کوت و پڕەوە، دووبارە تەکانی دایە خۆ کە هەستێت. یەکسەر بیری کەوتەوە کە چۆن بە بەر چاوی خۆیەوە، ئۆستاپیان کەمەندگیر کرد، دیارە ئێستا دەبێ لە دەستی پۆڵۆنیەکاندا بێ.

خەمێکی گەورە، مۆتەکە ئاسا، باڵی بەسەر بیرو بیرکردنەوەیدا کێشا. هەرچی پلاستەرو سارغی سەر برینەکانی هەبوو، هەمووی کردنەوەو توڕی دان. ویستی بە دەنگی بەرز شتێک بڵێت، بەڵام هیچی بۆ نەهات، کەوتە وڕاوە گۆیی و قسەی هەڵەق و مەلەق.

هاوڕێ دڵسۆزەکەی بەدیاریەوە وەستا بوو، بەردەوام جنێوی دەدایەو سەرزەنشتی دەکرد. پاشان دەست و لاقی تاراس بۆڵبای گرتن و وەکو منداڵێکی ساوا قوماتی کرد، پلاستەرەکانی خستنەوە سەر برینەکانی. ئەوجا کەوڵە گایەکی لە بەدەنیەوە ئالاندو توند پێچای، ئەوجا بەو حاڵەوە لەسەر زینی ئەسپەکەی، گوریس پێچی کردو، دووبارە بە هەشتاو کەوتە ڕێ.

هاوڕێ دڵسۆزەکەی لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- بە مردوویەتی بێ یان بە زندوویەتی هەر دەتگەیەنمەوە ئەوێ! قەت ڕێگە نادەم پۆڵۆنیەکان بتکەن بە گەپجاڕی خۆیان. گاڵتە بە خوێنی قۆزاقیانەت بکەن، پارچە پارچەت بکەن و تووڕت بدەنە ڕوبارەوە. خۆ ئەگەر قەرار بێ، ببی بە خۆراکی قەل و دالاش، قەل و داڵ چاوت هەڵکۆڵن و بیخۆن، با قەل و داڵی، دەشتەکانی خۆمان بتخۆن نەک قەل و داڵی وڵاتی پۆڵۆنیا. هەرچۆنێ بێ، بە زندوویەتی بێ یان بە مردوویەتی هەر دەتگەیەنمەوە ئۆکراین!

توفکاچ، چەندین شەوو ڕۆژ، بێوچان ئەسپی تاو دەدا، تا ئەنجام تاراس بۆڵبای بە بێهۆشیو نیوەگیان گەیاندە ئۆردوگای زاپاروژیە. توفکاچ، لەوێش دووبارە بە گیای جۆراو جۆر کەوتە تیمارکردنی. ژنە جولەکەیەکی شارەزاو بە ئەزموونی دۆزییەوە کە یەک دانە مانگی تەواو داو دەرمانی جۆراو جۆری دەرخواردی نەخۆشەکە دا، ئەنجام تاراس بۆڵبا، وردە وردە چاک بووەوە. ئیدی دیار نەبوو کە چاکبوونەوەکەی لە سۆنگەی داودەرمانەکانەوە بوو یان بە هۆی هێزی ئاسنینی خودی خۆیەوە بوو. گرینگ لە زەرفی مانگ و نیوێکدا، لە جێگا هاتە دەرێ و کەوتەوە سەر پێیان. زامەکانی بە تەواوی

ساڕێژ بوونەوە. بەڵام جێ زامی شمشێران، ئەوەیان دەنواند کە پیرەمێرد چەند بە سەختی بریندار بوو بوو.

تاراس بۆڵبا، هەنووکە، زۆر خەمین و خەمبار بوو، سێ جێ زامی گەورە، کەوتبوونە تەوێڵی کە هەرگیز نەدەسڕانەوە، دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی، هەموو شتێکی ئۆردوگای سچ تازە بوو. دۆست و هاوڕێ کۆنەکانی شتاقیان نەما بوون. تاقە یەک کەس لەوانەی کە شان بە شانی ئەو لە پێناوی هەق و ئاین و برایەتیدا خەباتیان کردبوو، نەما بوون. تەنانەت هەموو ئەوانەش کە دەگەڵ کوشیڤوی دا، بۆ شەڕی تاتاران چوو بوون، مرد بوون. هەر هەموویان گیانیان سپارد بوو، ئیدی هەندێکیان لە شەڕا، هەندێکیان لە شۆرەزارەکانی قرم دا لە برسێتی و تونیەتیدا، لە بێ نانی و ئاویدا گیانیان سپارد بووو، هەندێکی تریان بە ئەسیری کەوتبوونە دەستی تاتارەکان. خودی کوشیڤوی (فەرماندەی گشتی)و هەموو ئەو کۆنە دۆستانەی تاراس بۆڵبا، کە دەگەڵ کوشیڤوی دا ڕۆییشتبوون، ماڵاواییان لە ژیان کردبوو، کەس نەیدەزانی کە جەستەی بە هێزی قۆزاقیانەی ئەوان، هەنووکە لە کوێ نێژراون و کەوتوونەتە ژێر گژو گیاو ڕوەک و پوشپارەوە! وای دەهاتە بەرچاو کە پاشماوەی دەعوەتێکی یەجگار گەورەو بە هەراو هەنگامە دەبینێ. هەر هەموو قاپ و ئامانەکان شکێنراون، دڵۆپێ شەراب لە هیچ شوێنێ نەهێڵراوە. میوان و خزمەتچیەکان هەموو جام و پەرداخە گرانبەهاکانیان بە تاڵان بردووە. خانەخوێ و خاوەن دەعوەتەکەش، بە دۆش داماوی لە فکران ڕۆچووەو لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خۆزگە سەد خۆزگە، قەت ئەو دەعوەتەم لەوێندەر نەدەکرد".

ئەوانەی لەوێ بوون، بێهودە هەوڵیان دەدا دڵخۆشی تاراس بۆڵبا بدەنەوە، مژولی بکەن و هەندێک خۆی لە بیربکات. باندۆراژەنانی ڕدێن درێژو سپی، بێهودە لە شێوەی گروپی دوو نەفەری و سێ نەفەریدا دەهاتنە بەردەمی و داستانی قارەمانیەتی و دلاوەرییەکانی ئەویان بە ئاوازو گۆرانیەوە بۆ دەگوت. گرژو پەست، خەمین و خەمبار، دەیڕوانیە هەموو شتێک، هەندێجار خەمێکی بێ پایان دەنیشتە سەرسیمای و، بە ئەسپایی سەری دادەخستو لە بن لێوانەوە، بە کەسەرەوە دەیگوت: "کوڕەکەم! ئۆستاپی کوڕم!"

زاپاروژیەکان دەستیان بە لەشکرکێشییەکی دەریایی کرد. دوو سەد بەلەمی سازو تەیارو ئامادە، وەناو ڕوباری دەنیپەڕ خران. ئاسیای بچووک بە چاوی خۆ سەری تاشراوو کاکۆڵی درێژی قۆزاقیەکانیان دەبینی کە چۆن کەناری ئاواو ئاوەدانی ئەو مەرزو بۆیەیان، لە خوێن و ئاگرا هەڵدەکێشا، چۆن عەمامەی سەوزی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، لە دەرو دەشتی لەخوێنا هەڵکشاوا، وەکو گوڵە کێویلە جۆراو جۆرەکانی، بەم لاو بەولادا کەوتبوون، یان بە دەم وردە شەپۆلی کەنار دەریاوە، نەرمە مەلەیان دەکرد.

ئاسیای بچووک، زۆر شەرواڵی دەڵبی قۆزاقی، قەتراناوی و باسک و بازووی بتەوی زاپاروژیانی، لەو دەڤەرەدا بینی کە بە قامچی قۆزاقیانەی ڕەشەوە دەسوڕانەوە.

زاپاروژیەکان، هەرچی ترێی ئەو دەڤەرە هەبوو خواردیان، ڕەزەکانیان دەگەڵ عاردیدا تەخت کرد، مزگەوتەکانیان لەوتاند، شاڵی گرانبەهای ئێرانیان لە جیاتی پشتێن بەسەر جلە چڵکن و پڵکن و چاکەتە ناقۆڵاکانیانەوە بەستبوو. تا ماوەیەکی زۆریش لە دوای ڕۆییشتنی قۆزاقیەکان، لەو دەڤەرەدا، کورتە سەبیلی قۆزاقی دەدۆزرانەوە.

زاپاروژیەکان، ڕازی و شادمان بە بەلەمەکانی خۆ بەرەو وڵات گەڕانەوە، بەڵام کەشتییەکی جەنگی دەتۆپی تورکی دوورو نزیک لەدوویان بوو، بە هەر دە تۆپەکەی، تۆپبارانی بەلەمە چکۆلەکانی دەکردن. سێیەکی بەلەمەکانیان نقوم بوو، ئەوانی دی وەکو پۆلە تەیرێکی چکۆلەی بەر پەلاماری هەڵۆ پەراگەندە بوون و لێک هەڵبڕا بوون، بەرە بەرە یەکیان گرتەوەو بە بیست بەرمیلی پڕ لە سکەی زێڕەوە خۆیان بە ڕوباری دەنیپەڕدا کرد. بەڵام تاراس بۆڵبا، دڵی بە هیچ شتێک لەم دەسکەوت و سەرکەوتنانە خۆش نەبوو، وەکو جاران نەیان دەجوڵاند. زۆرجار بە ناوی شکارو ڕاوەوە دەچوو بۆ دەشت و دەرو سەوزەزارەکان، بەڵام هیچی ڕاو نەدەکرد. تفەنگەکەی لە عاردی دادەناو بە خەمێکی زۆرەوە، لە کەناری دەریاکە دادەنیشت. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە سەری لەبەر خۆ دەناو دەیگوت و دەیگوتەوە:

- ئۆستاپی کوڕم! کوڕەکەم! ئۆستاپی کوڕم!

دەریای ڕەش، بە جیلوەیەکی تایبەتیەوە لە بەرانبەر تاراس بۆڵبادا ڕاکشا بوو، لە نەیجەزارێکی دوورە دەستەوە، نەورەسێک دەیخوێند. سمێڵە سپیەکانی تاراس وەکو زیو دەبریسکانەوە، فرمێسکی درشت، یەک یەک لە چاوانی دەهاتنە خوارێ. ئەنجام تاقەتی چوو، سەبری سوا.

"چ دەبێ با ببێ، دەبێ بڕۆم و تاقیب بکەم، بزانم چی بەسەرهاتووە. ماوە، مردووە؟ ئەگەر مردووە، ئاخۆ بەخاک سپێردراوە؟ دەبێ بڕۆم و هەموو شتێک لە بنج و بناوان بکەم!"

تاراس بۆڵبا، دوای هەفتەیەک بە سواری ئەسپەکەی گەییە شاری ئۆمان، سەراپا لە چەکا خنکا بوو. نێزە، شمشێر، زەمزەمی سەفەری کە بە زینی ئەسپەکەیەوە هەڵواسی بوو، سەفەرتاس، فیشەک، تفەنگ و هەموو پێویستیەکی سەفەرێکی دوورو درێژو ترسناکی پێ بوو.

تاراس بۆڵبا، یەکسەر ڕووی کردە کەوێڵێکی پەرپووتی پیس، کە شەڕی لێدەباری. ئەم کەوێڵە چەند دەلاقەیەکی بچووکی هەبوون کە بە زۆری نەدەبینران، لە دووکەڵ و تەنیدا ڕەش هەڵگەڕا بوون دووکەڵکێشی کەوێڵەکە بە پەڕۆ کۆن گیرا بوو، سەربانەکەی هەر کون بوو، پڕ بوو لە کۆترە باریکە.

بەر دەرگای کەوێڵەکە، یەکپارچە زڕو زبڵو پیسی بوو. لە پەنجەرەیەکەوە، سەری ژنێکی جولەکە دیار بوو کە سەرپۆشێکی کاڵەوەبووی مرواری دۆزی بەسەرا دابوو و تەمەشای دەرەوەی دەکرد:

تاراس بۆڵبا، گەییە بەر ماڵەکە، لە ئەسپەکەی دابەزی، هەوسارەکەی بە ئەڵقەیەکەوە، کە بە دیواری کەنار دەرگاکەوە بوو، بەستەوەو لە ژنەکەی پرسی: – مێردەکەت لە ماڵە؟

– بەڵێ، لە مالەوەیە!

ژنە بەدەم ئەو قسەیەوە، بە تورەکەیەک گەنم و بوتڵێک بیرەوە، گەنم بۆ ئەسپەکەو بیرە بۆ سوارکە، هاتە دەرەوە.

– مێردەکەت کوا ؟

ژنەی تاین، بە دەم چاک و خۆشیو خێر هانینەوە گوتی:

– لەو ژوورەیە، خەریکە نوێژ دەکات.

– تۆ لێرەبە، ئاوو ئالیکی ئەسپەکەم بدە، من بە تەنیا دەچمە لای، کارێکم پێیەتی.

یارۆی جولەکە هەمان (یانکل)ی لەمەڕ خۆمان بوو. بو خۆی لێرە گیرسابۆوەو هەم خەریکی زەوی و زار بەکرێدان بوو هەم مەیخانەیەکیشی دانا بوو. کۆمەڵێک ئەشراف و خانەدانی ئەو دەوروبەرەی لە خۆی خڕکردبۆوەو بەرە بەرە هەرچی پارەو پولی ئەو دەڤەرە هەبوو بۆ خۆی کێشا بوویەوە، ئیدی لەو ناوچەیەدا پێگەو پایەیەکی باشی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. لەوێوە بە درێژایی سێ دانە میل، تاقە خانوویەک نەدەبینرا کە لە خانوو بچێت. هەر هەموو وێرانە بوو. هەرچی پارەیەک لە دەڤەرەکەدا هەبوو، دەدرا بە مەشرووب و دەچووە بەرکی (یانکل)ـەوەو هەژاری و ماڵوێرانی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر باڵی بەسەر دەڤەرەکەدا دەکێشا. ناوچەکە هەر هەمووی وێرانە بوو، لە تۆ وایە سووتێنراوە یان بەر تاعوون کەوتووە، خۆ ئەگەر یانکل دە ساڵێکی دی لەو دەڤەرەدا بمایە، هەموو دەڤەرەکە لە قوڕی ڕەش دەنیشت. وێران دەبوو.

تاراس خۆی بە ژوورەکەدا کرد. یارۆی جولەکە، پارچەیەکی سپی چڵکنی لە خۆوە پێچا بوو و نوێژی دەکرد. ئاوڕی دایەوە تا بە گوێرەی سرووتی ئاینەکەی خۆی دوا تفی خۆی بکات، وەختێ بینی تاراس بۆڵبا لە پشتیەوە وەستاوە، ئەبڵەق بوو. یەکسەر ئەو دوو هەزار سکە زێڕەی لەبەر چاو بەرجەستە بوو کە پۆڵۆنیەکان وەکو پاداشت بۆ سەری تاراس بۆڵبایان تەرخان کردبوو. بەڵام لەم چاوچنۆکیو

تەماعکارییەی خۆی تەریق بووەوەو هەوڵی دا کە ئەم خولیای پارە پەرستیەی کە وەکو مۆریانە، دڵ و دەروونی جولەکانەی دەخوارد، لە خۆیدا، لە ناخی خۆیدا خەفە بکات.

یارۆی جولەکە، یەکسەر لە هەنبەر تاراس بۆڵبادا سەری دانەواند، دەرگاکەی توند داخست، تا هیچ کەسێک پێکەوە نەیان بینێ.

تاراس گوتی:

- گوێ بگرە یانکل! من جارێک تۆم نەجات داوە، ئەگەر من نەبام زاپاروژیەکان وەکو سەگ دەیان تۆپانی، پارچە پارچەیان دەکردیت. جا ئێستا نۆرەی تۆیە، کارێک بۆ من بکەیت!.

دەموچاوی یارۆی جولەکە کەمێک گرژ بوو و گوتی: - چ کارێک؟ ئەگەر لە توانای مندا بێ، بۆ نا؟

- دەی وەختەکە بە قسەوە مەکوژە. بمبە بۆ فارسوفیا (وارشۆ)!

یانکل، حەپەساو و سەرسام، شان و برۆکانی بەرز کردنەوەو گوتی:

- بۆ فارسوفیا؟ چۆن بۆ فارسوفیا ؟

- پێمگوتی، قسە لە قسەم مەکە، بمبە بۆ فارسۆفیاو بڕایەوە. هەرچی دەبێ با ببێ، دەمەوێ هەر چۆنێ بووە جارێکی دیکە بیدینم و قسەیەکی دەگەڵ بکەم.

- دەگەڵ کێ ؟ دەتەوێ قسە دەگەڵ کێ بکەی؟

- دەگەڵ ئەودا، دەگەڵ ئۆستاپ دا، ئۆستاپی جگەرگۆشەم!

- باشە قوربان تۆ نەت بیستووە کە...

- دەزانم، هەموو شتێکم بیستووە. دوو هەزار سکەی زێڕیان بۆ سەری من تەرخان کردووە. وا دیارە ئەو گەوجانە نرخی سەری من باش دەزانن! من پێنج هەزارت دەدەمێ، بگرە ئەمە دوو هەزار،....

بۆڵبا دوو هەزار سکەی لە جزدانە چەرمەکەی خۆی هەڵڕشتە سەر ئەرزەکەو گوتی:

- ... باقیەکەشیت لە گەڕانەوەدا دەدەمێ.

یارۆی جولەکە، خێرا خاولیەکی هێناو دای بەسەر پارەکاندا.

ئەوسا یەکێک لە سکەکانی بەدەستەوە گرت، کەمێک ئەم دیوو ئەو دیوی کرد. پاشان بە ددان تاقی کردەوەو گوتی:

- کە پارەیەکی جوانە! بە ڕاستی پارەیەکی باشە! پێموایە ئەو پیاوەی کە جەنابت ئەم پارەیەت لێ سەندووە، تاقە سەعاتێک دوای ئەم پارە جوانانە نە ژیاوە، دوای ئەوەی پارەکانی لە دەست داوە یەکسەر ڕۆییوە بۆ کەناری ڕوبارو لە داخا خۆی فرێداوەتە ڕوبارەکەوەو خنکاوە!

- من ئەگەر بمزانیبا ئەم پۆڵۆنیە نەفرەتیانە نامناسنەوە، ڕووم لە تۆ نەدەنا، بە تەنیا دەچووم بۆ فارسوفیا (وارشو)، بەڵام لەگینە پۆلۆنیەکان بمناسنەوەو دەستگیرم بکەن. بە تایبەتی کە من لە نێرەنگ و فێڵاندا دەست سپیم . بەڵام ئێوەی جولەکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەم کارە خوڵقاون و هەموو فرو فێڵێک دەزانن و گرەو لە شەیتانیش دەبەنەوە. بۆیە من هاتووم بۆ لای تۆ! ئەمە جگە لەوەی لەوێش، لە فارسوفیاش نەمدەتوانی بە تەنیا هیچ کارێ بکەم. دەی بە خۆکەوە، گالیسکەکەت ئامادە بکەو بۆ ئەوێم ببە!

- سەیرە، چما جەنابت وا دەزانی دەکرێت هەروا بەو ئاسانیە ئەسپ زین بکەم و لە گالیسکەی ببەستم و بکەوینە ڕێ! وا دەزانی، دەتوانم بە ئاشکرا لە گالیسکەت بنەم و بڕۆین، دەتوانم نەت شارمەوە؟!

- دەی باشە، بە کەیفی خۆت بکە، بمشارەوە، حەزدەکەی بمخەرە بەرمیلێکی بەتاڵەوە... باش نییە؟

- حەی، حەی، حەی! چما جەنابت وا تەسەور دەکەیت کە بشێت لە بەرمیلێکدا بتشارمەوە؟ لە جەنابت عەیانە هەر کەسێک چاوی بە بەرمیلەکە بکەوێت، وا دەزانێت پڕە لە گارلکا (ڤۆدگا)!

- جا چ قەیدیە؟ با وابزانێ گارلکایە!

- مەگەر جەنابت نازانی کە خوا گارلکای بۆ ئەوە دروست کردووە هەر کەسێک تاقی بکاتەوەو تامی بکات؟ ئەم پۆڵۆنیانە هەموویان ناخونەک گرن. ئەو ئەشراف زادەو خانەدانە پۆڵۆنیەی کە تۆ دەیبینی، ئامادەیە پێنج دانە کیلۆمەتر بە دوای بەرمیلەکە بکەوێت و هەنگێ کونێکی تێ بکاتو بزانێ... کە بینی هیچی لێ ناچۆڕێت، یەکسەر دەیکات بە هەرا کە خەڵکینە "مەحاڵە جولەکە بەرمیلی بەتاڵ بگوازێتەوە. بێگومان دەبێ شتێکی تیا شاردبێتەوە، ئەم ماستە بێ موو نییە! دەی ئەم جولەکەیە دەستگیر بکەنو دەست و لاقی ببەستن. هەر پارەیەکی پێیە لێی بسەنن، دە زندانی پەستن!". چونکە بەردێ لەو ئاسمانە بەربێتەوە، بەر سەری جولەکە دەکەوێ، هەرچی کاسەو گۆزە هەیە لەسەری جولەکەی داماویا دەشکێنن! خەڵکی بەچاوی سەگ سەیری جولەکە دەکەن، هەموو وا دەزانن جولەکە مرۆڤ نییە!

- دەی کەواتە ماسی لە گالیسکەکەت بار بکەو من لە بەینی ماسییەکان بشارەوە!

- ناتوانم گەورەم. بە زاتی خوا ناتوانم، خەڵکی پۆڵۆنیا لە سەگی برسی، برسی ترن. کە سوسەی ماسی بکەن، دێن ماسیەکە دەدزن و جەنابت لە قافا دەگیرێی.

- بە هەرحاڵ من نازانم، حەزدەکەی بە سواری شەیتان بمبە، گرینگ ئەوەیە بمگەیەنیتە ئەوێندەر!

یارۆی جولەکە هەردوو قۆڵی لێهەڵماڵین، بە باسکی کراوەوە لە تاراس نزیک بووەوەو گوتی:

- گوێ بگرە جەناب! گوێ بگرە بزانە بە تەمای چیم. حاڵی حازر لە هەموو شوێنێکدا خەریکی قوڵڵەو قەڵاتن. ئەندازیارانی فەرەنسیان لە هەندەرانەوە بۆ ئەو مەبەستە هێناوە. لە هەموو جادەو بانەکاندا خەریکی بەردو خشت گواستنەوەن. بەتەمام جەنابت لە نێو گالیسکەکەدا ڕابکشێیتو بەخشتو کەرپووچ دات بپۆشم. هەڵبەتە جەنابت، بە قوەت دیاریت و بەرگە دەگریت، قەیدی نیە با خشتەکانی سەرت تۆزێ قورسیش بن، جا لە ژێرەوە کونێک دەکەمە گالیسکەکەو هەرکاتێ پێویستی کرد لەوێندەرەوە خواردن دەدەم بە جەنابت. چۆنە گەورەم؟

- هەرچی دەکەی بیکە، گرینگ ئەوەیە بمگەیەنیتە ئەوێ!

دوای سەعاتێک، گالیسکەیەکی جووت ئەسپی پڕ لەخشت لە شاری ئومانەوە وەڕێکەوت، یانکلی درێژ داهۆڵ سواری یەکێک لە ئەسپەکانی بوو بوو، هێندە درێژ بوو لە ئەستوون و نیشانگەی سەر ڕێگاوبانان دەچوو. لە کاتێکا کە بەسەر ئەسپەکەوە هەڵتەک هەڵتەکی بوو، لاجانگە چرچەکانی لە ژێر کڵاوە جولەکانەکەیەوە، لەرەلەر دەلەرینەوە.

# فەسڵی یازدەیەم

((١١))

لە سەردەم و رۆژگاری ئەم ڕووداوانەدا لە سنوورەکانی پۆڵۆنیادا خاڵی گومرک و دەوریێ و پشکنین وەکو ئێستا نەبووە، بۆیە خەڵکانی سەرکێش دەیانتوانی هەرچیەکیان بوێ لە مەرز ئاودیوی بکەن. ئیدی کاری پشکنین و تاقیبکردن دەوەستایە سەر مەیل و ئارەزووی ئەو کەسەی کە کارەکەی دەکرد، یان دەوەستایە سەر ئەوەی کە باری گالیسکەکە چەند سەرنجی ئەو کەسەی ڕادەکێشا. هەڵبەتە بەردو خشت جێی تەماحی کەس نەبوو، بۆیە یانکل بە کەماڵی ئیسراحەت لە دەروازە سەرەکیەکانی فارسوفیاوە، بێ هیچ کێشەیەک خۆی بە ناو شارا کرد.

تاراس بۆڵبا، لە شوێنە تەنگەکەی خۆیەوە، تەنیا ژاوەژاوی ڕێگەو بان و هەراو هەنگامەی عەرەبانچیەکانی دەبیست. یانکل بە هەڵتەک هەڵتەک لەسەر ئەسپە چکۆلە لە تۆزا هەڵکشاوەکەی، بە مەبەستی شوێنەونێ، پێچێکی کردەوەو خۆی بە کوچەو کۆڵانێکی تەنگ و تاریکدا کرد. ئەم شوێنە بە کوچەی پیس بەناوبانگ بوو، گەڕەک و کوچەی جولەکانیشی پێدەگوترا، چونکە زۆربەی هەرە زۆری جولەکەکانی فارسوفیا لێرە دەژیان، ئەم کوچەیە هێندە تەنگ بوو، لەوە نەدەچوو قەت هەتاوی لێبدا. خانووە چکۆلەکانی کە لەبەر کۆنی ڕەش هەڵگەڕا بوون، هێندەی دی تاریکیان کردبوو.

ناو بە ناو، لێرەو لەوێ لە بەینی ماڵەکاندا دیوارێکی خشتی سوور دەبینرا، ئەویش لە زۆر شوێنەوە ڕەش هەڵگەڕا بوو. بە دەگمەن لا دیوارێک دەبینرا کە سپیکاری کرابێت و لەبەر تیشکی هەتاودا سپی بکاتەوە. کۆڵانەکە هێندە پیس بوو بێزت نەدەهات سەیری بکەیت. هەرکەس، هەر شتێکی نەویستبا تووڕی دەدایە سەر جادەو کۆڵانەکە. ئیدی پڕ بوو لە تاوەو مەنجەڵە شکاو، زبڵو خاشاک، پەڕۆکۆن و جلە شڕو، هەر شتێکی بێکەڵک کە هیچ ڕێبوارێک ئاوڕی لێ نەدەدایەوە. هەندێ لە ماڵەکان دیرەکیان لەسەر بانەکانی خۆیانەوە بۆ سەر بانی ماڵەکانی بەرانبەر ڕایەڵ کردبوو. ئەسپ سوار بە ئاسانی لەسەر ئەسپەکەیەوە دەستی دەگەییە ئەم دیرەکانە. ئەم دیرەکانە جۆرەها شتی وەکو گۆرەوی جولەکانەو دەرپێ کورتەو جل و بەرگی دیکەیان پێوە هەڵواسرا بوو. هەندێجار ڕوخساری جوانی کیژە عیبرانیەک، لە پەنجەرەیەکەوە بە ملە مرواری ڕەنگاو ڕەنگەوە دەردەکەوت. کۆمەڵێک منداڵە جولەکەی پیسو پۆخڵ و چەپەڵ، ڕەزا قورس، بە جل و بەرگی شڕۆڵەو قەتراناوی و قژی لوولەوە، بەدەم هەراو زەناوە لە نێو قوڕو چڵپاوی کۆڵانەکەدا گەمەیان دەکرد.

کوڕە جولەکەیەکی قژ سووری دەموچاو شملاوی خاڵ خاڵی وەکو هێلکە چۆلەکە، لە پەنجەرەیەکەوە سەری دەرهێناو بە زمانی خۆیان چەند قسەیەکی دەگەڵ یانکلدا کرد. پاشان یانکل بە گالیسکەکەوە

خۆی به حەوشەیەکدا کرد. جولەکەیەکی دیکەش کە لەو کاتەدا بە کوچەکەدا تێدەپەڕی، وەستاو چەند قسەیەکی دەگەڵ یانکلدا کرد. ئەنجام کاتێ تاراس بۆڵبا لە ژێر خشتەکان هاتە دەرێ، سێ جولەکەی لە بەردەم خۆیدا بینی کە زۆر بەگەرمی خەریکی گفتوگۆ بوون.

یانکل ئاوڕی لە تاراس بۆڵبا دایەوەو، گوتی خەمی نەبێ هەموو شتێک بەدڵی ئەو دەبێت. ئۆستاپ لە زندانی شاردایە، هەرچەندە ڕازی کردنی وەردیانەکان کارێکی زۆر زەحمەتە، وێڕای ئەوەش، ئومێدەوارە کە بتوانێ دیدارێک لە نێوان باب و کوڕدا سازبکات.

بۆڵبا، دەگەڵ سێ جولەکەکەدا چووە ژوورێکەوە. جولەکەکان، لە بەینی خۆیاناو بە زمانە ئاڵۆزەکەی خۆیان، دەستیان بە قسان کردەوە. تاراس بەدیقەت سەیری یەک بە یەکیانی دەکرد.لەپڕ شتێک بە توندی هەژاندی، تروسکەیەکی گەشی هیواو ئومێدەواری، کەوتە سەر سیما زبرو سەختەکەی. لەو جۆرە هیواو ئومێدانە بوو کە جاری وایە پیاوێک بەسەر دەکاتەوە کە گەییوەتە ئەوپەڕی نائومێدی و نامرادی. دڵی پیری وەکو دڵی گەنجێک بە توندی لێی دەدا.

تاراس بۆڵبا، ڕوو لە جولەکەکان و بەدڵی خۆشەوە گوتی:

– جولەکەکان گوێ بگرن! لە دنیادا هیچ کارێک نییە بە ئێوە نەکرێت، ئەگەر شتێکتان مەبەست بێ لە بنی دەریاشدا بێ پەیدای دەکەن. پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت ئەگەر جولەکە بیەوێ دزی بکات، دەتوانێ دزی لە خۆیشی بکات. ئۆستاپی کوڕم ئازاد بکەن! دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێنن کە لە دەستی ئەم شەیتانانە هەڵێت. من بەڵێنم بەم پیاوە داوە دوازدە هەزار سکەی زێڕی بدەمێ. هەرچیم هەیە، لە جامی گرانبەها، لەو زێڕانەی لە ژێر عاردیدا شاردوومەتەوەو لە کەلوپەلی نایاب، هەر هەموویان دەدەمێو، قەوڵنامەیەکتان دەگەڵ مۆر دەکەم، کە بە درێژایی تەمەنم، هەر دەسکەوتێکم لە شەڕا پەیدا کرد، نیوەی هی ئێوە بێت.

یانکل لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:– مەحاڵە جەناب! ناکرێت !

جولەکەی دووەم ، دووپاتی کردەوە:– نەخێر. ناکرێت !

هەر سێ جولەکەکە تەمەشایەکی یەکتریان کرد.

جولەکەی سێیەم، بە ترسەوە سەیری دوانەکەی دیکەی کردو گوتی:

– چۆنە هەر بۆ تەجرەبە هەوڵێک بدەین؟ ئەمە خوایە سەری گرت.

جولەکەکان، بە سێ قۆڵی، بە زمانی ئاڵمانی کەوتنە گفتوگۆ... تاراس بۆڵبا، زۆر بە وردی گوێی بۆ هەڵخستن، بەڵام هیچیان لێ حاڵی نەبوو. چەند جارێک وشەی (ماردوهای) بەر گوێ کەوت کە زۆر دووبارەیان دەکردەوە.

پاشان یانکل گوتی:

- گوێ بگرە ئەزبەنی! پێویستە شیرەت و ڕاوێژ بە پیاوێک بکەین کە لە زیرەکی و لێزانیدا، لە دنیادا وێنەی نیە. لە دانایی و ئەقڵمەندیدا، هاوتای حەزرەتی سلێمانە. کارێک بەو نەکرێت، بە هیچ کەسێکی دی نەکراوەو ناکرێت. تۆ لێرە بمێنە، ئەمەش کلیلەکە، بەڵام دەرگا لە هیچ کەسێک مەکەوە!

جولەکەکان، وەدەرکەوتن.

تاراس بۆڵبا دەرگاکەی داخست و لە دەلاقەیەکی بچووکەوە چاوی بڕییە کوچە پیس و پۆخڵەکەی جولەکان، جولەکەکان بە سێ قۆڵی لە ناوەندی کوچەکەدا وەستان و بێ هیچ پارێزێک کەوتنە قسان. زۆری نەبرد جولەکەیەکی دیکەشیان هاتەلاو، ئەوجا جولەکەی پێنجەمیش پەیدا بوو. تاراس بۆڵبا دووبارە وشەی (ماردوهای) بەر گوێ کەوتەوە. سەیری کرد هەموو جولەکەکان تەمەشای سەمتێکی کوچەکە دەکەن. ئەنجام لە هەمان سەمتەوە، لە سووچی خانوویەکی داڕوخاوەوە، پاوپێڵاو و چمکێکی جبەی ئینسانێک دەرکەوت.

گشت جولەکەکان بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

- ئەوەتا، ماردوهای، ماردوهای هات!

جولەکەی باریک و بنێس کە کەمێک لە یانکل کورت تر بوو، بەڵام دەموچاوی لەو چرچ و لۆچتر بوو و لێوی سەرەوەی زۆر گەورەو زەقو ناشیرین بوو، لە گروپەکە نزیک بووەوە.

جولەکەکان زۆر بەگەرمی دەگەڵی کەوتنە قسە کردن، دیاربوو باسی کارەکەی خۆیان بۆ دەکرد، لەو ماوەیەدا ماردوهای چەند جارێک ڕوانیە دەلاقەی خانووەکە، تاراس بۆڵبا بۆی دەرکەوت کە گفتوگۆکەیان دەربارەی ئەوە. ماردوهای، بەدەم گوێگرتنەوە هەردوو دەستی جوڵاندن، خۆی لە قسەکانی وان هەڵقورتاند، چەند جارێک تفی ڕۆکردە سەر زەوی، چاکی جبەکەی وەلاخست، دەستی بە گیرفانیا کردو هەندێ شتێ لێ دەرهێنا، پانتۆڵەکەی کە لە ژێر جبەکەیەوە دەرکەوت، زۆر چڵکن بوو.

ئەنجام جولەکەکان، بەدەم گفتوگۆوە بە جۆرێ دەنگیان لێهەڵبڕی، ئەو جولەکەیەی ئێشکی بۆ دەگرتن، ناچار بوو ئاماژەیان بکاتێ کە دەنگ هەڵنەبڕن. تاراس بۆڵبا، کە گوێی لە هەراو هەنگامەکەی

وان بوو، له خۆی ترسا، بەڵام کە بیری کەوتەوە، جولەکە تەنیا لە ڕێگاداو بە دەم ڕێگاوە دەتوانن قسان بکەن و، بە زمانێک قسان دەکەن کە شەیتانیش لێی تێناگات، ئیدی خەیاڵی ڕەحەت و بیری ئاسوودە بوو.

دوای یەک دوو دەقیقە، هەموو جولەکەکان وەژوور کەوتن، ماردوهای چوو بەلای تاراس بۆڵباداو دەستێکی دا بە شانیاو گوتی:

- ئەگەر خوا حەزبکات و خۆمان بە باشی مێشکمان بخەینە کارو بمانەوێ، بە مەرام دەگەین، ڕێگەیەک هەر دەدۆزینەوە.

تاراس بۆڵبا، کە سەراپای ئەم حەزرەتی سلێمانە، بێ هاوتایەی کە تا ئێستا دنیا شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو، بە نیگا دابێژت، ئۆخژنێکی لە دڵ و دەروون گەڕاو سووکە ئومێدێکی پەیدا کرد. ئەلهەقی جۆرە باوەڕو متمانەیەک بە سەرو سیمای ئەم کابرایەوە دەبینرا. لێوی سەرەوەی، لە لێوی دێوو درنجان دەچوو. ڕدێنی ئەم حەزرەتی سلێمانە، هەر دوازدە داوێک دەبوو، ئەم دوازدە داوەش هەر هەمووی کەوتبووە لای چەپی ڕوومەتیەوە. دەموچاوی ئەم حەزرەتی سلێمانە هەر هەمووی جێگا لێدان بوو، کە دیارە بە هۆی ڕیسکەکانیەوە بەری کەوتبوو، بەڵام بە جۆرێ لەگەڵیا ڕاهاتبوو، وەکو ئەوەی بە زگماک بە دەموچاویەوە بووبن.

ماردوهای، دەگەڵ جوولەکەکانی دیدا، کە زۆر دڵبەندی دانایی و ئەقڵمەندی ئەو بوون، دووبارە ڕۆییشتن و تاراس بۆڵبا بە تاقی تەنیا لە ژوورەکەدا مایەوە. لە وەزع و حاڵێکی زۆر سەیرو بێ پێشینەدا بوو، یەجگار نیگەران و ناڕەحەت بوو، دڵی لە سینەیدا نەدەحەوایەوە. بۆڵبا ورە بەرزو خۆراگرو بێباکەکەی جاران نەبوو، کە وەکو دار بەڕوو، پایەدارو بەرقەرار لەبەر هیچ شتێک نەدەنەوی و نەدەجولا. دەترسا، لاواز بوو بوو. دڵی لە هەر دەنگێک دادەخورپا، ئەگەر لە دووری دوورەوە، لەو سەری کۆڵانەکەوە جولەکەیەکی بەدی کردبا، دڵی دادەخورپا، نیگەران دەبوو.

سەرانسەری ئەو ڕۆژەی، بەو حاڵەوە بردە سەر. نە هیچی خوارد، نە هیچی خواردەوەو نە بۆ تاقە ساتێک چاوی لە دەلاقە چکۆلەکە گواستەوە. ئەنجام دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، ماردوهای و یانکل پەیدا بوونەوە. دڵی تاراس بۆڵبا، لە سینەیدا، لە لێدان وەستا. بە هەمان نیگەرانی ئەسپێکی هەراسان و سڵۆک پرسی: - شێر بوون یان ڕێوی ؟

بەڵام پێش ئەوەی جولەکەکان، زات وەبەرخۆ بنەن و وەڵام بدەنەوە، تاراس بۆڵبا بۆی دەرکەوت کە هیچیان بە هیچ نەکردووە. ماردوهای، دیار بوو کە دەیویست شتێک بڵێ، لێ لە جیاتی قسان کەوتە

مینگە مینگێکی گۆنگی ئەوتۆ کە تاراس بۆڵبا هیچی لێ حاڵی نەبوو. (یانکل)ش بەردەوام دەستی بەدەمو زاریەوە بوو لە تۆ وایە لە سەرما پەریشانە. ئەنجام یانکل گوتی:

- ئەزبەنی، فەرماندەی بەرێز، حاڵی حازر هیچ شتێک ناکرێت! بە زاتی خوا هیچ شتێک ناکرێت! ئەم میللەتە، هێندە بەد عەمەلە، هەر بۆ ئەوە باشە، تفی بکەیتە چارە! ماردوهای شایەدە، ئەوەی ماردوهای کردوویەتی، بە عەبدەل بەشەر نەکراوەو ناکرێت، وا دیارە رەزای خوا لەسەر ئەوە نەبوو کە ئەم کارە سەر بگرێت. سێ هەزار سەرباز لەم شارەدا خڕ بوونەتەوە، سبەینێ هەر هەموو یەخسیرو زندانیەکان ئیعدام دەکرێن.

تاراس بۆڵبا، ڕوانیە چاوی جولەکەکان، بەڵام بێتاقەتی یان تووڕەیی بە نیگایەوە نەدەبینرا. کابرای جولەکە لەسەری ڕۆیی:

- ... جا ئەگەر جەنابی فەرماندە گەرەکیەتێ کوڕەکەی بدینێ، دەشێت ئەم دیدارە، سبەینێ زوو، بەر لە هەتاوکەوتن، ئەنجام بدرێت، نیگابانەکان ڕازین و یەکێک لە ئەفسەرەکانیش بەڵێنی داوینەتێ. یاخوا لەو دنیا خێر نەبینن! تەحا کە میللەتێکی رژدو چاوچنۆک و تەماعکارن! تەنانەت لە ئێمەی جولەکەش تەماعکارترن. یەکی پەنجا سکەی زێڕم داونەتێ، بە ئەفسەرەکەش...

- زۆر باشە، بمبە بۆ لای !

تاراس بۆڵبا، ئەو قسانەی بەوپەڕی ورە بەرزی و بنجبڕی و جدیەوە کرد. رازی بوو بەو پێشنیازەی کە خۆی بگۆڕێت و جل و بەرگی کۆنتان لەبەر بکات و وا بنوێنێ کە تازە لە ئەڵمانیاوە هاتووە. یانکلی دووربین، پێشوەختە ئەم جل وبەرگەی ئامادە کردبوو.

شەو داهات، کابرای خاوەن ماڵ، یانی جولەکە قژ سوورە دەموچاو شمڵاویەکە، ڕایەخێکی تەنکی لە حەسیر دروستکراوی هێنا، لەسەر تەختێکی ڕاخست تا تاراس بۆڵبا لەسەری بخەوێ. (یانکل)ش لەسەر ڕایەخێکی دیکەی وەکو ئەوەی بۆڵبا، لە ناو ژوورەکەو لە عاردی ڕاکشا، یارۆی جولەکەی قژ سوور جامێ شەربەتی شیرینی خواردەوە، جبەکەی داکەندو بە گۆرەوی و نەعلەکانیەوە، کە تاڕادەیەک لە ژیژک دەچوو، دەگەڵ ژنەکەیدا، بۆ خەوتن، چوونە شوێنێکی کەلەبەر ئاساوە.

دوو منداڵە جولەکە وەکو دوو تووتەڵەی ماڵی، لە بەردەم کەلەبەرەکەدا، لە عاردی لێی ڕاکشان.

بەڵام تاراس بۆڵبا، نەخەوت، بەبێ جوڵە دانیشتبوو، بە ئەسپایی بە قامکان دەیکێشا بە مێزەکەی بەردەمیا. سەبیلەکەی بەدەمەوە بوو، دووکەڵی سەبیلەکەی چوو بە دەمولووتی یانکلداو یانکل بەدەم پژمینەوە سەرو چاوی بە ژێر لێفەکەدا کرد.

هێشتا مابووی بەیان بدات کە تاراس بۆڵبا، بە نووکی پێ یانکلی تەکان داو گوتی:

- جولەکە هەستە، جلو بەرگی کۆنتیەکەم بدەیە!

لە زەرفی چەند دەقیقەیەکدا، جلەکانی لەبەر کرد، سمێڵ و برۆکانی ڕەش کردنەوە، شەپقەیەکی چکۆلەی بۆری لە سەر نا، بە جۆرێ سەروسیمای گۆڕا، کە نزیکترین دۆستانی قۆزاقیش لەوە نەبوو بیناسنەوە، بە ڕواڵەت لە کەسێکی سیو پێنج ساڵان دەچوو، گۆناکانی سوور دەچوونەوە، جێی زامەکانی سەر دەموچاوی، هەیبەت و سامێکی تایبەتیان پێ بەخشی بوو. جلە زێڕبافەکانی زۆر لێدەهات.

جادەو شەقامەکان چۆڵ بوون. کەس بە دەرەوە نەبوو، تەنانەت یەک نەفەری دەستفرۆشی زەمیلە بەدەستیش بە شەقام و جادەکانەوە نەدەبینرا. بۆڵباو یانکل بەرەو بینایەک چوون، کە دەتگوت لەقلەقێکەو لە عاردی هەڵنیشتووە.

بینایەکی نزم و تەنگ، بەڵام زۆر گەورە بوو، وەکو ڕەنگ مەیلە و ڕەش بوو. لە سەرێکییەوە بورجێکی درێژو باریک عەینی ملی لەقلەق چوو بوو بە ئاسمانا. ئەم بێنایە لە هەمان کاتدا هەم سەربازخانە، هەم زندان و هەم دادگای تاوانانی شار بوو.

تاراس بۆڵباو یانکل کە چوونە ناو بینایەکە، خۆیان لە هۆڵێکی گەورەی سەرگیراودا بینییەوە کە نزیکەی دوو هەزار کەسی تیا نوستبوون. دەرگایەکی نزمی چکۆلە لە بەرانبەریان بوو، دوو پاسەوان لەبەر ئەم دەرگایە دانیشتبوون و مژولی گەمەیەکی تایبەتی بوون، گەمەکە ئەمە بوو کە یەکێکیان ناو لەپی دەگرتەوەو ئەویتریان بە دوو قامکان دەیکێشا بە ناو لەپیا. پاسەوانەکان زۆر گوێیان بە یانکل و بۆڵبا نەدا. تەنیا وەختێ ئاوڕیان دایەوە کە یانکل لێیان نزیک بووەوەو گوتی:

- ئەمە ئێمەین. گوێتان لێیە قوربان؟ ئێمە....

یەکێکیان لە کاتێکا بە دەستێکی دەرگا چکۆلەکەی دەکردەوەو دەستەکەی دیکەی لە بەردەم هاوڕێکەیدا ڕاگرتبوو تا بە قامکان بکێشێت بە ناو لەپیا گوتی: - وەژوور کەون.

بەدوو قۆڵی وەژوورکەوتن، خۆیان لە ڕاڕەوێکی تەنگ و تاریکدا بینییەوە، ڕاڕەوەکەیان بڕی و خۆیان لە هۆڵێکی وەکو هۆڵی یەکەمدا بینیەوە، کە ریزێک دەلاقەو پەنجەرەی بە بەرزییەوە تیا بوو.

چەند نەفەرێک بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

- ئێوە کێن؟ ئێمە ئەمرمان پێیە کە ڕێ بە کەس نەدەین بێتە ئێرە!

تاراس بۆڵبا، لەو هۆڵەدا ژمارەیەک سەربازی زۆری بینی کە سەراپا لە چەکا خنکا بوون و مژولی پاسەوانی بوون.

یانکل هاواری کرد:- ئێمەین، خۆمانین، بەخوا خۆمانەین!

بەڵام کەس گوێی نەدایە. خۆشبەختانە لەو کاتەدا، سوپاییەکی قەڵەوی تۆکمە پەیدا بوو کە پێدەچوو بەرپرسیان بێ، چۆنکە دەمی لەوانی دی پیستر بوو و جنێوی مزرتری دەدا.

- قوربان، ئەمە ئێمەین! بەخۆت دەماننناسیت ئەزبەنی. ئەمەش جەنابی کۆنتە، کە زۆرت لێ مەمنوونە!

- رێیان بدەن با بچنە ژوورەوە! رێگەی هیچ کەسێکی دی نەدەن ها. نەخەڵەتابن، شمشێرەکانتان دابنەن و وەکو سەگ لە عاردی وەربکەون...

تاراس بۆڵباو یانکل پاشماوەی ئەو دەستووره توندەیان گوێ لێ نەبوو، چونکە وەژوور کەوتبوون و بە پەلە دەرۆییشتن. یانکل تووشی هەر کەسێک بوایە یەکسەر دەیگوت:

- ئەمە ئێمەین... خۆمانین... ئێمە دۆستین، خۆمانەین!

کە گەیینە ئەوسەری راڕەوەکە، لە پاسەوانێکی پرسی:- ئێستا دەتوانین بچینە ژوورەوە؟

پاسەوانەکە بەرسڤی دایەوەو گوتی:

- دەتوانن، بەڵام نازانم ئاخۆ رێتان دەدەن بچنە ناو زیندانەکەوە یان نا. چونکە حاڵی حازر جان لەوێ نیەو یەکێکی دی لە جێی ئەو قەرەوڵە (ئێشک گر).

یانکل لە بن لێوانەوە گوتی:- ئا، ئا! ئەمە باش نەبوو ئەزبەنی!

تاراس بۆڵبا، سەر سەختانە گوتی:- رێبکە، بمگەیەنە ئەوێندەر!

یانکل، ملی دایە خەت، لەبەر دەرگای زندانە تاریکەکەدا قەرەوڵێک وەستا بوو کە سمێڵێکی سێ سەری هەبوو، سەرێکی بەسەر گۆنیا بۆ پشتەوە چوو بوو، سەری دووەمی رێک، راستەوخۆ بۆ پێشەوە هاتبوو، سەری سێیەم بۆ خوارەوە هاتبوو، بەم سەرو سیمایەوە، رێک لە کتکە نێر دەچوو.

یارۆی جولەکە کە سەروسیمای قەرەوڵەکەی بینی کەمێک شڵەژا، بەڵام هەرچۆنێ بوو لەلاوە خۆی گەیاندێ و گوتی:- قوربان! ئەزبەنی! عالی جەناب!

- دەگەڵ منتە جولەکە؟

- بەڵێ، ئەزبەنی، عالی جەناب.

کابرای قەرەوڵ، بە ڕوویەکی گەشەوە گوتی: - ئمم.... بەڵام من هیچ پلەو پایەیەکم نیە. سەربازێکی ئاساییم!

یارۆی جولەکە، چەند جارێک سەری باداو، قامکانی دەستەکانی کردنەوەو گوتی:

- بەزاتی خوا، وام وێنا دەکرد کە فەرمانداری شارە. تۆ تەمەشا چ سەرو سیماو ڕواڵەتێکی بە هەیبەت و شکۆی هەیە. بەزاتی خودا هەر لە فەرماندە دەچێت! هەق وابوو هەنووکە وەکو فەرماندەیەکی تەواو بەسەر ئەسپێکەوە بوایەو چەندین تیپی لە ژێر ئەمرو فەرماندا بوایە.

کابرای قەرەوڵ، دەستێکی بەسەری سێیەمی سمێڵێدا هێناو، هێندەی دی ڕووی گەشایەوە.

یارۆی جولەکە لە سەری ڕۆیی:

- ئەم خەڵکە سوپاییانە چەند مرۆڤی باشن! چەند ئەم جل و بەرگ و سەرو قژو، قەیتان و نیشانانەیان لێدێت، وەکو هەتاو دەدرەوشێنەوە. کچان کە چاویان بە پیاوی سوپایی دەکەوێ مەگەر خوا بزانێ چ حاڵێکیان لێدێ.... بەهە بەهە!

کابرای قەرەوڵ، سەری یەکەمی سمێڵی باداو، دەنگێکی وەکو حیلەی ئەسپ لە بەینی ددانەکانیەوە دەرچوو.

یانکل سەرێکی تری باداو گوتی:

- من لە جەنابی قەرماندە دەپاڕێمەوە کە یارمەتیەکمان بدات. ئەم میرە، ئەم کۆنتە تازە لە وڵاتێکی بیانیەوە هاتووەو حەزدەکات قۆزاقەکان بدینێ، بەعەمراتی قۆزاقی نەدیوەو نازانێ قۆزاقان چتۆ بە شەرێکن.

هاتوچۆی کۆنت و بارۆنانی بیانی لە پۆڵۆنیادا دیاردەیەکی ئاسایی بوو. زیاتر بەو مەبەستە بۆ ئێرە دەهاتن، تا ئەم بەشە نیمچە ئاسیایی — ئەورووپاییە بدینن.

ئەوان قەڵەمڕەوی مۆسکۆ وئۆکراینیان بە بەشێک لە ئاسیا دەزانی، ئەوە بوو یارۆی قەرەوڵ، ئیکلامێکی بۆ تاراس بۆڵبا کردو لەدڵی خۆیدا بە پێویستی زانی، لەبەر دڵی ئەو یەک دوو قسەیەکیش بکات:

- ئەزبەنی من نازانم بۆچی حەزدەکەی ئەوانە بدینی! خۆ ئەوانە بەشەر نین، سەگن سەگ. ئاین و مەزەبێکی هیندە پیسیان هەیە، کەس ڕێزی ناگرێت.

تاراس بۆڵبا، خرۆشاو گوتی:

- تۆ درۆ دەکەی، شەیتانی لە شەیتان بووا تۆ خۆت سەگی! ئاخر چۆن زات دەکەی بڵێی کەس رێزی ئاین و مەزەبی ئێمە ناگرێت؟ ئاینی تۆ پیسە، ئاینی تۆ شایستەی ڕێز نیە!

قەرەوڵەکە دەنگی بەرز کردوەوە گوتی:

- ئەها! ئێستا بۆم دەرکەوت کە تۆ کێی، تۆ یەکێکی لەمانەی کە لێرەدا زندانن. بۆم بوەستە، با قەرەوڵەکانی دیکەشت بۆ بانگ بکەم!...

تاراس بۆڵبا، یەکسەر پەی بە هەڵەکەی خۆی برد . بەڵام سەر سەختی و تاسوب دەرفەتیان نەدا کە بیرێک لە پینەکردنی هەڵەکەی خۆی بکاتەوە. خۆشبەختانە یانکل لەو ساتەدا فریای کەوت و گوتی:

- قوربان ، عالی جەناب ! ئاخر کۆنت و قۆزاق کوجا مەرحەبا ؟ کۆنت لە کوێ و قۆزاق لە کوێ؟ باشە ئەگەر قۆزاقی بوایە، لە کوێ ئەم جل و بەرگە فاخیرەی لەبەر دەبوو، ئاخر قۆزاق و ئەم سەروسیما بە هەیبەت و شان و شەوکەتەیان گوتووە؟

- برۆ ئەم درۆیە بۆ کەسێکی دی بکە!

یارۆی قەرەوڵ بەدەم ئەو قسەیەوە زاری هەڵێنا کە هاوار بکات. لێ یانکل خێرا هەڵدایە:

- عالی جەناب، پایەبەرزا لە سەر خۆ! لە سەرخۆ! بیکە بە خاتری خوا مەیکە بە هەرا، پاداشتێکی وەهات دەدەینێ کە بە عەمراتت پاداشتی وات نەدیبێ! دوو سکەی زێڕت دەدەینێ!

- چی، دوو سکەی زێڕ! جا دوو سکە بۆ من چیە، من دوو سکە لە بری تاشینی لایەکی ڕیشم دەدەم بە دەلاکەکەم. سەد سکەی زێڕم بدەیە جولەکە! ئەگەر هەر ئێستا سەد سکەی زێڕم نەدەیە، دەیکەم بە هەرایەک ئەوسەری دیار نەبێت.

یارۆی جولەکە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بە پەستیەوە گوتی:- ئاخر بۆ ئەوەندە زۆر؟

ئەوسا جزدانەکەی کردەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو کە پتر لە سەد سکەی زێڕی تیا نەبوو، ئەگەر زیاتری تیا بوایە، بێگومان یارۆی قەرەوڵ، ئەوەشی لێدەسەند.

یانکل، کە تەمەشای قەرەوڵەکەی کرد کە پارەکەی دەژمارد، هەستی کرد یارۆ پەشیمانە لەوەی کە داوای زیاتری نەکردووە. بۆیە روویکردە تاراس و گوتی:

- میران، خێراکە تا زووە با بڕۆین! بەخۆت دەبینی کە ئەمانە چ میللەتێکی بودەڵەن.

بۆڵبا گوتی:

- یانی چی، تۆ پارەکەت وەرگرت و ناتەوێ قۆزاقەکانمان نیشان بدەی؟ شتی وا نییە، دەبێ ئەوانمان نیشان بدەی. تۆ تازە پارەت وەرگرتووە، ناتوانی شتی وامان دەگەڵ بکەی.

- تا زووە لێرە بڕۆن، ملی خۆتان بشکێنن و بڕۆن، دەنا هەر ئێستا بەخزمەتتان دەگەم و هەر لێرەدا (دەستێکی بە ملی خۆیدا هێنا کە گوایە سەرتان دەبرم) خێرا ون بن لەبەر چاوم، دەی پێتان دەڵێم بڕۆن.

یانکلی داماو قیژەیەکی کرد:

- ئەزبەنی! میران! با بڕۆین، توخوا با بڕۆین! سەریان بە قەبری بابیان، یاخوا خێر نەبینن، خێر نەیەتە ڕێیان. با بڕۆین.

تاراس بۆڵبا بە ئەسپایی هاتە دواوە، سەری داخست و کەوتە رێ، (یانکل)ش بە دەم خوتەو بۆڵەو تووک و نەفرین و داخ و کەسەری ئەو سەد سکە زێڕەی کە بە خوت و خوڕایی لە دەستی دابوو، دوای کەوت:

"پێویست نەبوو وەڵامی بدەیتەوە، با وەکو سەگ بۆ خۆی هەر وەڕیبا، چی دەبوو! ئەسڵەن ئەمانە کارو پیشەیان جنێوە! ئاخر ئەمە چ دنیایەکە! ئەمە چ بەختێکە خوا بە هەندێ خەڵکی بەختەوەری دەدات! سەد سکەی زێڕی بدەینێ هەر بۆ ئەوەی دەرمان بکات! بەڵام بۆ بابایەکی جولەکە، ڕدێنی دەسکەنە دەکەن. بە جۆرێ دەم و قەپۆزی دەکوتنەوە، کە پیاو ناتوانێ تەمەشایان بکات، وێڕای ئەوەش کەس ئامادە نیە سەد سکەی زێڕی بداتێ! خودایا! ئەی خودای دلۆڤان ئەمە چ حاڵێکە!"

بەڵام ئەم ناکامیە، کارێکی زۆری لە تاراس بۆڵبا کردبوو. هێندە پەست و تووڕە بوو کە ئاگر لە چاوانی دەبووەوە. لەپڕ وەکو ئەوەی بەخۆ هاتبێتەوە گوتی:

- با بڕۆین بۆ مەیدانەکە. دەمەوێ بە چاوی خۆم بیانبینم کە چۆن ئازارو ئەشکەنجەی دەدەن.

- ئاه، ئەزبەنی بۆچی دەتەوێ بۆ ئەوێندەر بڕۆی؟ ئەم کارە سوودی نیە، خۆ ناتوانین هیچ یارمەتیەکی بدەین.

- نا، با بڕۆین!

تاراس بۆڵبا، بەپێ داگرییەوە ئەو قسەیەی کرد. کابرای جولەکە وەکو دایەنێک ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو دوای کەوت. دۆزینەوەی ئەم مەیدانەی کە قەرار بوو سزای ئیعدامەکانی تیا ئەنجام بدرێت، کارێکی زەحمەت نەبوو، چونکە ئاپۆڕای خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە ئەوێندەر، لەو ڕۆژگارو سەردەمە نالەبارو زبرەدا، ئەم جۆرە سزاو دیمەنانە، نەک هەر بۆ خەڵکی ڕەمەکی، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندو چینی باڵای کۆمەڵیش، مایەی سەرگەرمی بوو. پیرەژنانی لەخوا ترسو دیندار، کیژان و خانمانی زۆر ترسنۆک، کە دوای تەمەشای ئەم سزایانە، هەموو شەوێ خەویان بەجەستەی خوێناوییەوە دەبینی و بەدەم خەوو بێدارییەوە، لە ترسا دەکەوتنە فیزاحو هاوار، هەموو ئەوانەش، ئەمەیان بەدەرفەت دەزانی و بە مەبەستی پاراو کردنی هەستی کونجکاوی خۆیان، بەهەشتاو بۆ مەیدانەکە دەچوون. هەندێ لەو ئافرەتانە لە کاتی تەمەشا کردنی ئەو دیمەنانەدا تووشی هیستریا دەبوون. ڕوویان وەردەگێڕا تا دیمەنی ترسناکی ئەشکەنجەکە نەبینن، کەچی بەو حاڵەشەوە هەر لەوێ دەمانەوەو نەدەڕۆییشتن، هەندێکی تریان بەدەمی داچەقاوەوە، دەستیان درێژ دەکرد، وەک ئەوەی بیانەوێ بەسەر ئەوانەی بەردەمیاندا باز بدەن تا باشتر دیمەنەکە ببینن.

لە نێو ئاپۆڕای سەرە وردو چکۆلەو ئاساییەکانی مەیدانەکەدا، دەموچاوی قەسابێکی قەڵەو دیار بوو کە وەکو شارەزاو لێزانێک تەمەشای پرۆسەکەی دەکرد، ناو بە ناو قسەیەکی کورتی دەگەڵ چەکسازێکدا دەکرد کە بە برای شیری ناوی دەبرد، چونکە لە ڕۆژانی پشوودا، لە یەک مەیخانەدا، پێکەوە دەیان خواردەوە. ژمارەیەک لەو خەڵکانەی کە لەم بۆنانەدا کۆ دەبوونەوە. زۆر بە گەرمی دەکەوتنە باس و گەنگەشەی دیمەنەکان. تەنانەت هەندێک هەبوون گرەویان دەکرد. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری تەمەشاڤانان، لەو کەسانە بوون کە بەدەم قامکان لە کەپوو ڕاکردنەوە، بە شێوەیەکی یەکسان تەمەشای هەموو دنیاو گشت ڕووداوەکانی دنیایان دەکرد.

لە ریزی پێشەوەی تەمەشاڤانانەوە، لە لای گاردە سمێڵ بابڕەکانی شارەوە، کوڕێکی گەنجی ئەشراف زادە، یا وای دەنواند کە ئەشرافزادەیە. بە جل و بەرگی سوپاییەوە وەستا بوو. دیاربوو هەر جل و بەرگێکی لە کەنتۆرەکەیدا هەبوو، هەمووی لەبەر کردووە، هیچی لە کەنتۆرەکەیدا نەهێشتووەتەوە جگە لە قەمیسێکی دڕاوو جووتێ پێڵاوی کۆن. دوو زنجیری بەسەریەکا لە مل کردبوو کە شتێکیان پێوە بوو لە سکەی زێڕ دەچوو. ئەم گەنجە دەگەڵ ئافرەتێکی گەنجدا وەستا بوو، هەر سا ناساتێ تەمەشایەکی دەوروبەری دەکرد، نەبادا کەسێک جلە ئاوریشمەکەی خانم پیس بکات. زۆر بە وردی باسی سزایەکەی بۆ دەنکەکەی دەکردو هیچ شتێکی لەو بارەیەوە نەدەبوارد. هەرچەند هیچی بۆ گوتن نە هێشتبووەوە، بەڵام هەر بەردەوامیش بوو لەسەر قسەکردن:

- ئیزیڤا گیان ئەو خەڵکە دەبینی، هەر هەموو بۆ ئەوە هاتوون کە تەماشای سزای تاوانباران بکەن. ئەو پیاوە دەبینی کە بە تەورێک و هەندێ ئامێری دیکەوە وەستاوە! ئەوە میرغەزەبە. دەبێ حوکمی ئیعدامەکە جێبەجێ بکات. تا ئەو کاتەی یارۆی تاوانبار بەسەر چەرخەکەوە بێ، یان هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی دی بدرێ، نامرێ و هەر بە ئازارەوە دەژی، بەڵام هەر کاتێ لە ملیان دا، یەکسەر دەمرێت. هەڵبەتە بەدەم ئازارەوە هاوارو، لەقەفرتێ دەکات، بەڵام کە بە تەور لە ملیان دا، سەری لێبووەوە، ئیدی لە هاوارو لەقەفرتێ، لە خواردن و خواردنەوە دەکەوێ، چونکە سەری نامێنێ، تێدەگەی گیانەکەم!...

ئیزیڤا، بە ترس و کونجکاویەوە گوێی لەو قسانە دەگرت.

سەربانەکان پڕبوون لە خەڵکی، لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە خەڵکانێکی سەیری سمێڵ بابڕی کڵاو لەسەر تەماشای مەیدانەکەیان دەکرد. ئەشرافانی شار، لە ژێر چەتری بانیژەکان دانیشتبوون وتەمەشایان دەکرد. ژنانی جوانی پۆڵۆنی، دەستە سپیە بەفرینەکانیان، نابووە سەر محەجەرەی باڵکۆنەکان و لەوێوە تەمەشایان دەکرد. میرو خانەدانان بە سیمای گەش و پڕ ویقارەوە، تەمەشای ئەملاو ئەولایان دەکرد. خزمەکارێکی پۆشتەو پەرداخ کە جلێکی فاخیری گرانبەهای لەبەر بوو و، قۆڵەکانی شۆڕ بوو بوونەوە، جۆرەها ساردەمەنی بۆ دەبردن. هەندێجار، کیژێکی چاو ڕەشی، چاوباز، کێکێک یان میوەیەکی هەڵدەگرت و بەدەستە جوانەکەی، هەڵیدەدا بۆ ئەو جەماوەرەی کە لە ژێرەوە وەستا بوون. ئاپۆڕای سوارچاکانی برسی، کڵاوەکانیان بۆ دەگرتەوە. میرێکی زۆر درێژ، کەسەری لە ناو سەرەکانی تردا وەکو بورج چوو بوو بە ئاسمانا، پاڵتۆیەکی ئامال سووری کاڵی لەبەر بوو، قژێکی زەردی تاریکی پێوە بوو کە بە سەرو ملیا هاتبووە خوارەوە،ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو کە بە دەستە درێژەکانی دەیقۆزتەوە، ماچی دەکرد، دەینا بەدڵییەوە و ئەوسا هەڵیدەدایە دەمیەوە.

بازێک بە قەفەزە زێڕینەکەیەوە، بە بن میچی یەکێک لە بانیژەکانەوە هەڵواسرا بوو: ئەم بازەش یەکێک بوو لە تەمەشاڤانان. لەسەر یەک قاچ وەستا بوو، سەری بەلایەکدا خوار کردبووەوەو بەوپەڕی سەرنجەوە دەیڕوانیە ئاپۆڕای خەڵکەکە.

لە ناکاوا، لە نێو ئاپۆڕاکەوە هەراو زەنا بەرز بووەوە، لە هەموو لایەکەوە هاواریان دەکرد:

- هێنایان! قۆزاقەکانیان هێنا!

قۆزاقەکان دەرکەوتن. کڵاویان لەسەر نەبوو، قژە درێژەکانیان بە دەرەوە بوو، ڕیشیان نەتاشرا بوو. بێئەوەی کەمترین ترس یان خەمینی بە سیمایانەوە دیار بێ، بەوپەڕی سەربەرزی و هەیبەت و ویقارو مەندی و مەنگی و هێمنییەوە ڕێیان دەکرد و دەهاتنە پێشێ. جلەکانیان کە لە ماهووتی گرانبەها بوو،

شرِو ورِ بوو بوون. نە تەمەشای جەماوەرەکەیان دەکرد و نە سلاویان لێدەکردن. ئۆستاپ لەپێش هەموویانەوە بوو.

ئاخۆ تاراس بۆڵبای پیر، کاتێ کە ئۆستاپی بینی، هەستی بەچی کرد؟ لەو ساتەدا چی بە بیرا، بەدلا هاتبێ؟ تاراس بۆڵبا، لە نێو ئاپۆرِاکەوە ورد ورد تەمەشای کورِەکەی خۆی دەکرد، لەکەمترین رِەفتارو جم و جوڵی غافڵ نەدەبوو.

قۆزاقەکان، لە کوشتارگەکە نزیک بوونەوە. ئۆستاپ وەستا. دەبوایە لە پێش هەر هەموویانەوە تاڵاوی ئیعدام بنۆشێت. تەمەشایەکی هاورێکانی کرد. دەستی هەڵبرِی و بە دەنگێکی بەرزو زوڵاڵ گوتی:

– لەو خوایەم داوایە کە ئەم گاورە بێئابرِوانە، هەموو ئەمانەی کە لێرە وەستاون، بەو عەزرەتەوە سەر بنەنەوە کە گوێیان لە ئاخ و ئۆفی کەسێکی مەسیحی بێت! هیوادارم هیچ یەکێک لە ئێمە، لە کاتی ئازارو ئەشکەنجەدا وشەی ئۆفی بە زاردا نەیەت.

ئەوجا، سەرکەوتە سەر سێدارەکە.

تاراس بۆڵبا، سەرە سپیەکەی لەبەر خۆناو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئافەرین کورِەکەم! دەم خۆش! ئافەرین، بارەکەڵلا!

کابرای میرغەزەب، جلە شرِەکانی لەبەر ئۆستاپ داکەند، دەست و لاقیان بە ئامێرێکی ئەشکەنجەدانی تایبەتی، توند بەستن. جا ئێمە لێرەدا نامانەوێ بە وەسف و شەرحی دیمەنی ئەشکەنجە دۆزەخیەکانی، ئەو سەردەمە،ئێوە دڵتەنگ بکەین، چونکە پیاو بە بیستنی مووی گرژ دەبێ. ئەم ئازارو ئەشکەنجانە زادەو بەرەنجامی سەردەمانی هۆڤیاتیو درِندەییەکی ئەوتۆ بوون، کە بەشەر جگە لە ژیانی خوێنرِێژی و شەرِو شۆرِو شەرِڤانی و جەنگاوەری زیاتر هیچ ژیانێکی دیکەی نەدەناسی. رِۆحی مرۆڤ لە ناو جەرگەی ئەو رِووداوانەداو، بە دوور لە هەر ئینساف و مروەت و بەزەییو دڵۆڤانیەک، پەروەردە دەبوو و دەرِسکا. تەنیا خەڵکانێکی کەم، کە لەو سەردەمەدا بە خەڵکانی رِیزپەرِ دەژمێردران، بێهودە دژایەتی ئەو جۆرە سزا نارِەواو ترسناکانە دەوەستانەوە. هەڵبەتە قسەی پاشاو ژمارەیەکی زۆر لە دلاوەرانی منەوەرو دووربینی ئەو سەردەمە، کە پێیان وابوو، ئەم جۆرە سزا توندو سەختانە، تەنیا ئاگری تۆڵە ئەستێنی لە دڵ و دەروون و هەست و نەستی، خێڵی قۆزاقان خۆش دەکات، لە ئەنجوومەنی نیشتمانی پۆڵۆنیادا، نەیدەخوارد، چونکە ئەندامانی ئەنجوومەن بریتی بوون لە کۆمەڵێک خانەدان و ناوداری سەر سەخت و کەللە رِەقو کورتبین و خۆ پەرست و خۆ پەسندی تەبیعەت منالانە.

ئۆستاپ وەکو قارەمانێکی ئەفسانەیی، پیاوانە خۆی لەبەر هەموو جۆرە ئەشکەنجەکان ڕاگرت، کەس ناڵەو هاوار، یان ئاخ و ئۆفێکی لێنەژنەوت. تەنانەت لەو کاتەشدا کە ئێسقانی دەست ولاقیان دەشکاندو دەنگی ترسناکی شکانی ئێسقانەکانی لە نێو ئاپۆرا کڕو کپ و خامۆشەکەدا، کە لە خامۆشی و بیدەنگی گۆڕستان دەچوو، دەنگی دەدایەوە، کەس نە ئاخێک، نە ئوفێک، نە ناڵەیەکی لێنەبیست. تەنانەت بچووکترین لەرزە نەنیشتە سەر سیمای.

تاراس بۆڵبا، لە نێو ئاپۆڕاکەدا وەستا بوو و سەری لە بەر خۆ نابوو. بەڵام وێڕای ئەوەش، بە غرووڕەوە چاوانی هەڵبڕی و بە ستایشەوە گوتی:

- ئافەرین کوڕی خۆم! دەمخۆش، دەک بتڕەژم کوڕی خۆم، ئافەرین.

بەڵام کە ئۆستاپیان، بکێش کردو خستیانە ژێر دوا ئەشکەنجەی کوشندەوە، وەکو بڵێی هێزو توانای دایە کزی. چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. خودایا! هەموو سیماکان بێگانەن! خۆزیا، بەلای کەمەوە کەسێکی ئازیزو نزیکی خۆی لەوێ دەبوو و لە مردنەکەیدا بە دیاریەوە دەبوو! هەڵبەتە خۆزیای ئەوەی نەدەخواست گوێی لە شین و شەپۆڕی دایکە پیرەکەی بێت، یان گوێی لە فیزاحی پڕ سۆزو شیوەن و گریانی هاوسەرەکەی بێ کە بەدەم قژ ڕنینەوە، سینگی سپی بۆ بکوتێت و بۆی بلاوێنیتەوە. هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ئەوە بوو، لەم ساتەدا، ئەو پیاوە مەردو ڕەندو بێباک و ورە بەرزە بدینێ، کە لەم سەرە مەرگەدا، بە تاقە قسەیەک دڵی بداتەوەو ورەی بەرز بکاتەوە. لێ ئۆستاپ، هێزی لەبەر بڕا، لە ناخی روحیەوە، بە دەم گیانەڵلاوە هاواری کرد: - بابۆ! تۆ لە کوێی؟ گوێت لێمە؟

لە ناو جەرگەی ئاپۆڕا خامۆشەکەوە، دەنگێکی بەرز، وەکو دەنگی دەهۆڵ بەرز بووەوە:

- بەڵێ، گوێم لێتە!

حەشاماتەکە، وەکو ئەوەی یەک کەس بن، بەجارێ لەم دەنگە ڕاچڵەکین و هەژان.

دەستەیەک سەربازی سوارە، بە ئەسپەکانیانەوە خۆیان بە نێو ئاپۆڕاکەدا کرد. یانکل ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووی لێنیشت. کە سوارەکان لەو تێپەڕین، بە ترسەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی تا تەمەشای تاراس بۆڵبا بکات. بەڵام تاراس بۆڵبا لە شوێنی خۆی نەبوو، هەر شوێنەواریشیان نەهێشتبوو.

## فەسڵی دوازدەیەم

((١٢))

بەڵام شوێنەواری تاراس ون نەبوو. لەشکرێکی سەدوبیست هەزار نەفەری قۆزاقان، لە سەر سنوورەکانی ئۆکرایین، پەیدا بوو. ئیدی ئەم هێزە گەورەیە، قۆەتێک یان گروپێک یان هێزێک نەبوو کە بە مەبەستی تاڵانی یان ڕاونان و تاقیبی تاتاران خۆی بۆ هێرش ئامادە کردبێت. نەخێر، میللەت سەبرو هەداری نەمابوو، میللەت بەگشتی ڕاپەڕی بوو، لە پێناوی مافی داگیرکراویدا، دژی ئەم سووکایەتیەی بەخۆی، بە ئاینی باب و باپیری، بە داب و نەریتی پیرۆزی، بە پەرستگەو کڵێسای دەکران، ڕاپەڕی بوو. دژی دەسەڵاتدارانی بیانی، زوڵم و زۆری لە ڕادەبەدەر. یەکێتی پاپاویەت، دەسەڵاتداری نەنگینی جولەکە بەسەر خەڵک و خاکی مەسیحیەتەوە، ڕاپەڕی بوو، هەر هەموو ئەم زوڵم و زۆرو گوشارە قێزەونانە.لە مێژبوو وەکو مۆرانە دابوویانە دڵ و دەروونی قۆزاقەکان و هەنووکە بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە ڕاپەڕی بوون.

سترانیستسا، فەرماندەی گشتی لەشکری قۆزاقان بوو، هەرچەندە گەنج بوو، بەڵام زۆر بەجەرگ و ورە بەرز بوو. هاوڕێ و ڕاوێژکارێکی پیرو ئەزموونداریشی هەبوو بە نێوی (گونیا). لە شکری قۆزاقان لە هەشت سوپا پێکهاتبوو، هەر سوپایەک بریتی بوو لە دوازدە هەزار جەنگاوەرو لەلایەن قۆزاقێکی بە تواناو ناودارەوە فەرماندەیی دەکرا کە پێی دەگوترا جەنەڕاڵ یاساوڵ.

فەرماندەی گشتی دوو یاساوڵ جەنەراڵ و جەنەراڵێکی لەگەڵدا بوو، یاساوڵ جەنەراڵەکان گاردو پاسەوانی تایبەتی بوون و جەنەراڵەکە عەلەمداری* بوو، ئەم عەلەمدارە بە سواری ئەسپێکەوە دوای فەرماندەی گشتی دەکەوت. پاشان عەلەمداری لەشکر، عەلەمی ئەسڵی قۆزاقەکانی هەڵدەگرت، هەڵبەتە زۆر بەیداخی دیکەش بەسەر سەری جەماوەری جەنگاوەرەکانەوە دەشەکایەوەو شەپۆلی دەدا. زۆر ئەفسەرو فەرماندەی دیکەش لە نێو سوپا پیادەو سوارەکاندا هەبوون کە هەر یەکەیان لە شتێک بەرپرسیار بوو وەکو میرە، کەل و پەل، کاتب. لەشکری قۆزاقەکان، هەر جەنگاوەری فەرمی نەبوون، بە هەمان ئەندازەی جەنگاوەرانی فەرمی، جەنگاوەرانی خۆبەخشیشیان، چ پیادەو چ سوارە، لەگەڵدا بوو، ئیدی قۆزاقان لە هەموو شوێنێک ڕاپەڕی بوون. لە هەموو لایەکەوە هاتبوون، لە چیجیرین و بیریاسلافەوە، لە پاتورین و گلوخۆفەوە، لە سەروو و خوارووی دەنیپەڕو دوڕگەکانیەوە، هاتبوون. ئیدی ئەسپ و گالیسکەو چادرو خێوەتان، دەشت و دەریان پڕکردبوو. لە نێو ئەو هەشت سوپایەدا، باشترین و هەڵبژاردەترین سوپا سوپاکەی تاراس بۆڵبا بوو. لە هەموو شتێکا لە پێش سوپاکانی ترەوە بوو: چ لە ڕووی تەمەن و ئەزموونەوە، چ لە ڕووی بەڕێوەبردن و ڕێبەری کردنی هێزەکانیەوە، چ لەو ڕووەوە کە زۆری ڕق لە دژمن بوو. تەنانەت خودی قۆزاقەکانیش پێیان وابوو، بێڕەحمیو دڵڕەقی و سەختگیری ئەو

دەرهەق بە دژمن، لە ئەندازە بەدەر بوو. کەللەی ئەو جگە لە قازوق و سێدارە، سەبارەت بەدیل و یەخسیران، هیچ ئاوازێکی تری تیا نەبوو. پێشنیازو بۆچوونی ئەو لە ئەنجوومەنانی جەنگدا، جگە لە خوێن ڕشتن و کوشتن و لە ناو بردن هیچی تر نەبوو.

پێویست ناکات لێرەدا یەک بە یەکی شەڕێن پڕ قارەمانیەتی قۆزاقەکان بگێڕینەوە، یان وردو درشتی ئەم لەشکرکێشییە لە نووکەوەو موو بە موو بگێڕینەوە. چونکە هەموو ئەو ڕووداوو واریقاتانە لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراون. لەلای هەمووان ئاشکراو عەیانە کە  ئەو شەڕەی لە خاکی رووسیادا بە ناوی باوەڕو ئیمانەوە، بەرپا دەکرێت، چیەو چ دەگەیەنێت. هیچ هێزێک لە سەرووی هێزی ئیمانەوە نیە، ئیمان، لە بەزین، لە شکست نایەت، وەکو تاوێرێکی سروشتیو خۆڕسکی پایەداری ناو دەریایەکی خرۆشاوە. ڕەگی لە قوڵایی دەریادا داکوتاوە، و لەوێوە بەخۆو دیوارە سەختەکانیەوە، بێباک سەری بەرز گرتووە. لە هەموو شوێنێکەوە دیارە، بێپەروا، بێترس دەڕوانێتە ئەو شەپۆلانەی کە تیژ تێپەڕ بەلایا ڕەتدەبن. وا وەیلا بە حاڵی ئەو کەشتیەی خۆی پێدا دەدات! هەر هەموو پەت و بایەوانەکانی دەپچڕێنو بە خۆیشی، بە هەموو شتەکانی ناویەوە، پارچە پارچە دەبێ و نقوم دەبێت. ئیدی هاوارو فریادی سەرنشین و کەشتیوانەکانی، داد نادەن و مەگەر لە بۆشاییدا دەنگ بداتەوە.

لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئەوە تۆمارکراوە کە چۆن سەربازگە و ئۆردوگای پۆڵۆنیەکان، لەو شارانەدا کە لەلایەن قۆزاقەکانەوە ئازاد دەکران، هەڵدەهاتن و دەیان قووچاند. چۆن سووتخۆرانی جولەکەی تەماعکار لە سێدارە دەدران. چۆن فەرماندەی هێزی پاشایەتی (نیکولای پوتوشکی)، بەو سوپا گەورەیەی خۆیەوە، لە هەنبەر ئەم هێزە نەبەزە قۆزاقیەدا، دەسەوسان و داماو بوو بوو. چۆن ئەم پیاوە، شکستی هێناو، بەدەم پاشەکشەو هەڵاتن لەبەر قۆزاقەکان، باشترین بەشی هێزەکەی لە ڕوبارێکی چکۆلەدا، بەخنکان دا، چۆن یەکە بە سامەکانی قۆزاقیان، لە شاروچکەی (پولون)دا گەمارۆیان دا، چۆن ئەم هیتمانە (فەرماندەی گشتی) پۆڵۆنیە، لە ڕووی نا ئومێدی و بێچارەییەوە ناچار بوو، سوێند بخوات و بە ناوی پاشای پۆڵۆنیاو تێکڕای وەزیرانی دەوڵەتیەوە، بەڵێن بدات کە قۆزاقەکان لە هەموو ڕوویەکەوە ڕازی بکات و هەموو داواکاریەکانیان جێبەجێ بکات و هەموو ماف و دەسەڵاتەکانی ڕابردوویان بۆ بگەڕێنێتەوە. بەڵام قۆزاقەکان لەوانە نەبوون کە باوەڕ بەم قسانە بکەن. دەیانزانی قسەو سوێندی پۆڵۆنیان، بستێک بڕ ناکات. هەڵبەتە (پوتوتسکی)ش ئەگەر قەشەو ڕۆحانیانی رووسی ئەو شارە فریای نەکەوتبان، جارێکی دی بە عەمراتی، خۆی لە فەرماندەیی هێزێکی سوارەی شەش هەزار نەفەریدا نەدەبینییەوە، کە بەسەر ئەسپی رەسەنی گرانبەهاوە، خۆی بنوێنێ و لەم ڕێگەیەوە سەرنجی ئافرەتانی جوان و ئەسڵزادە ڕابکێشێت و هەموو ئەشرافانی دی بەغیلی پێبەرن و خۆزیای پێبخوازن. جارێکی دی

به کەش و فشەوە دەعوەت و دەعوەتکاری بەشکۆ و جەلالی بۆ سیناتۆران و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی ساز نەدەکرد.

کاتێ هەموو قەشەکانی شار، بە جبەی زێڕدۆزییەوە، ئیکۆنە وخاچ بەدەست، بە ڕابەری قەشە باشی شار، بە خۆی و تاجەکەیەوە، تەزبێح بەدەست، هاتنە پێشوازی قۆزاقان، قۆزاقەکان هەموو کڵاوەکانیان داکەندو سەری ڕێزیان بۆ دانەواندن. هەڵبەتە قۆزاقەکان لەو کاتەدا، لە وەزع و حاڵێکا بوون، ئامادە نەبوون، بە گوێی هیچ کەسێک، تەنانەت بەگوێی خودی پاشاش بکەن. بەڵام زاتی ئەوەیان نەدەکرد سەرپێچی لە فەرمان و قسەی کڵێساکەی خۆیان بکەن، بۆیە بە ڕێزەوە گوێڕایەڵی قەشەکانی خۆیان بوون. ئەوەبوو هیتمانی (فەرماندەی گشتی) قۆزاقەکان قایل بوو کە پوتوتسکی ئازاد بکات، بەو مەرجەی سوێند بخوات کە هەموو کڵێسا مەسیحیەکان ئازادی تەواویان هەبێ، هیچ کۆنە دژمنایەتیەک زندوو نەکرێتەوە، کەس سووکایەتی بە قۆزاقان نەکات و هیچ زەرەرو زیانێک بە میرنشینی قۆزاقان نەگەیەنن.

تەنیا یەک کەس لە فەرماندە قۆزاقیەکان، بەو سوڵحە رازی نەبوو. ئەویش تاراس بۆڵبا بوو. چەپکێ قژی لەسەری خۆی کردەوەو هاواری کرد:

- هیتمان (فەرماندەی گشتی)، جەنەراڵان! ئەم قەرارداده ژنانەیە مەکەن! باوەڕ بە پۆڵۆنیان مەکەن، فریومان دەدەن، ئەوانە سەگن سەگ!

کاتێ کە کاتبی لەشکر، دەقی ڕێکەوتننامەکەی ئامادەکردو هیتمان بە دەستی خۆی ئیمزای کرد، تاراس بۆڵبا شمشێرە گرانبەها تورکیەکەی، کە لە پۆڵای خالیسە دروستکرا بوو، لە قەد خۆی کردەوەو وەکو قامیشێک لە ناوەڕاستەوە کردی بە دوو لەتەوە، هەر لەتێکیانی تورڕدایە لایەک و گوتی:

- بە دوعا! وەکو چۆن لەتەکانی ئەم شمشێرە جارێکی دی یەک ناگرنەوەو نابن بە شمشێر، بەو ئاوایە ئێمەش جارێکی دی لەم دنیا یەک ناگرینەوە. هەمووتان ئەم قسانەی منتان لە بیربێ، وەکو گوراه لە گوێی بکەن!...

( لێرەدا دەنگی تاراس بۆڵبا بەرزترو ڕەوانتر بوو، پێشبینی ئامێزەکانی، هەموویانی شڵەژاند.) لەسەرە مەرگا ئەم قسانەی منتان بیر دەکەوێتەوە! ئێوە پێتان وایە ئاشتی و ئارامیتان بەدەست هێناوە! لاتان وایە ئاغاییان بەسەرا دەکەن؟ ئەوان ئاغایی بەسەر ئێوەدا دەکەن. هیتمان،دڵت خۆش نەبێ ها، دەبینی پێستی سەرت دەگروون و پڕی دەکەن لە کاو، کەپەکی گەنمە مەراکیشی و ماوەیەکی زۆر بەم بازاڕو بەو بازاڕیا دەگێڕن. ئێوەش، فەرماندەو میران، کەستان خاوەنی سەری خۆتان نابن! ئەگەر وەکو مەڕ بە زندوویەتی لە مەنجەڵتان نەنەن و نەتان کوڵێنن، ئەوا لە چوار دیواری زندانی شێدارا داتاندەڕزێنن!

تاراس بۆڵبا، ڕووی کردە قۆزاقەکانی هێزەکەی خۆی و لەسەری ڕوویی:

- ئەدی ئێوە کوڕەکانم! کێ لە ئێوە دەیەوێ، بەمردنی ئاسایی خۆی بمرێت — نەک مردنێک لە پاڵ سۆپادا، یا لە هەمێزی ژندا، نەک مردنێک بەدەم مەستی و بێ ئاگاییەوە لە پاڵ دیواری مەیخانەیەکدا، یەخەتان بگرێت، بەڵکو مردنێکی ئابڕومەندانە، سەر بەرزانە، مردنێکی قۆزاقانە، کە هەر هەمووومان وەکو بووک و زاوا، لە یەک جێگادا کۆ بکاتەوە؟ ئایا دەتانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆتان،و هەموو کافر ببن و پشت دانەوێنن و کەشیشانی پۆڵۆنی لە کۆڵ بکەن؟

هەر هەموو جەنگاوەرانی هێزەکەی تاراس بۆڵبا، بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

- ئێمە لەگەڵ تۆداین، ئەمرکە.

ژمارەیەکی زۆری دیکەش بەگەڵ هێزەکەی تاراس کەوتن.

- دەیسا باشە، ئەگەر لەگەڵ مندان، فەرموو بجوڵێن.

تاراس بەدەم ئەو قسانەوە، کڵاوەکەی لەسەری توند کرد، تا سەر بڕۆکانی هێنایە خوارێ، نیگایەکی تەوس ئامێزی ئەوانەی کرد کە بڕیاریان دا بوو بمێننەوەو بەگەڵ ئەو نەکەون.

- گلەییمان لێمەکەن!

هەنگێ خۆی لەسەر ئەسپەکەی قیت کردەوەو ڕوو لە هێزەکەی خۆی هاواری کرد:

- دەی کوڕینە بکەونە ڕێ! دەچینە میوانی کاتولیکەکان!

بەدەم ئەو قسەیەوە شەلاقێکی بە ئەسپەکەیدا کێشا. دەم و دەست قافڵەیەکی سەد گالیسکەیی و ژمارەیکی زۆر لە قۆزاقانی پیادەو سوارە بە دووی ئەودا کەوتنە ڕێ. تاراس لە پڕ ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. ئاگری تووڕەیی لە چاوانی دەباری، کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد پێشی بگرێت و نەیەڵێت بڕوات، بەو جۆرە، هێزەکەی تاراس بۆڵبا، بە بەرچاوی هەموو لەشکرەکەوە، جیا دەبووەوەو دەڕۆیی و تاراس بۆڵباش پەیتاپەیتا ئاوڕی دەدایەوەو مۆڕەی لەوانە دەکرد کە بڕیاری مانەوەیان دابوو.

هیتمان و هەموو فەرماندەکانی دی، ماوەیەکی زۆر سەریان دەبەرخۆناو بە بێدەنگی دەبیرەوە چوون. لە تۆ وایە خۆڵ و دۆیان بەسەرا کراوە، دەتگوت چاوەڕوانی کارەساتێکی شووم دەکەن، هەڵبەتە پێشبینییەکەی تاراس، بێهودەو بێ بنەما نەبوو، ئەوەی تاراس ئەو ڕۆژە پێشبینی کردبوو، هەر هەمووی هاتە دی. دوای ڕێکەوتننامەکە بەماوەیەکی زۆر کەم، پۆڵۆنیەکان، بایاندایەوە سەر ڕەوت و

ڕێبازی خیانەتکارانەی خۆیان و لە (کانیف)دا دەرفەتیان لە قۆزاقەکان هێناو، سەری هیتمان و ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە گەورەکانیان، بە ئەستوونێکەوە هەڵواسی.

ئەدی تاراس؟

تاراس بە خۆی و هێزەکەیەوە بە ناو پۆڵۆنیا کەوت، شەلم کوێرم کەس نابوێرم. هەژدە بازێرۆکی سووتاند، نزیکەی چل دێرو کڵێساو پەرستگەی کاتۆلێکی سووتاندو دەگەڵ عاردیدا تەختی کردن و، تانزیکی شاری گراکوف پێشڕەوی کرد. گەلێک لە نەجیمزادە پۆڵۆنیەکانیان کوشت، باشترین قەڵای دژمنیان تالان کرد. قۆزاقەکان، شەرابی کۆنەی ناوداران و ئەشرافانی پۆڵۆنیان لە عەمارو ژێر زەمینەکاندا دەرهێناو ڕشتیانە سەر عاردی. هەرچی کوتاڵ و جل و بەرگی گرانبەها هەیە لە گەنجینە و دۆڵابدا دەریان هێناو سووتانیان و دڕانیان.

- دەست مەپارێزن!

تاراس بۆڵبا، تەنیا ئەوەندەی گوت:

قۆزاقیان، ڕەحمیان بە هیچ شتێکا نەکرد. تەنانەت دەستدرێژییان کردە سەر ژنانی چاوو برۆ ڕەش، کیژانی گەردن بلورو سینگ و بەرۆک سپیان نەبوارد. تەنانەت میحرابی کڵێساکانیش دادی نەدان و نەیتوانی بیان پارێزێت. تاراس بۆڵبا، هەر هەموویانی، بە میحرابی کڵێساکانەوە ئاگر دەداو، دەست و بازوانی سپی تر لە بەفر، لە نێو بڵێسەی ئاگرەکەوە بۆ ئاسمان بەرز دەکرانەوەو زەوی بێگیان لە هاواریان دەهاتە لەرزین،و گیای دەشت و دەر، لە ڕووی سۆزو بەزەییەوە سەریان دادەنەواند. بەڵام تاراس بۆڵبا، پەیتا پەیتا دەیگوت "ڕەحم بە هیچ شتێک مەکەن!"و قۆزاقان، بەوپەڕی دڵڕەقی، منداڵی چکۆلەیان لەسەر ڕێگاکان، بەسەری نێزە هەڵدەگرت و تووڕیان دەدایە ئاگرەوە. تاراس بۆڵبا دوای هەر یەکێک لەم جۆرە کارانە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- دژمنانی پۆڵۆنی! ئەم قوربانییانە بەبۆنەی مەرگی ئۆستاپەوەیە! دەبخۆن دەی!

تاراس بۆڵبا، کە بچووبایە هەر شارو گوندێک، هەر ئاوەدانیەک ئەم نەزرو قوربانییەی بەبۆنەی مەرگی ئۆستاپەوە بەرپا دەکرد. ئیدی دەوڵەتی پۆڵۆنیا گەییە تینی و کە بینی ئەم کاروکردەوانە، لە ئەندازە دەرچوون، پوتوتسکی بەپێنج لەشکرەوە ڕاسپارد کە بکەوێتە تاقیبی بۆڵباو بەهەر نرخێک بووە دەستگیری بکات.

قۆزاقەکان، شەش شەو و شەش ڕۆژی تەواو، سەرکەوتووانە خۆیان لە هێرش و پەلاماری هێزی بێشوماری پۆڵۆنیەکان دزییەوەو تەواوی ڕێگاو لا ڕێگاکانی وڵاتیان تەی کرد. ئەسپەکان، خەریک بوون،

لە پەلوپۆ دەکەوتن، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر فریای قۆزاقەکان کەوتن.. بەڵام پوتوتسکی ئەمجارەیان ڕژد بوو لەسەر ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو. یەک سەڵەف کەوتە دوویان و تا کەناری ڕووباری دەنیستەر ڕاوی نان. تاراس بۆڵبا، لەوێندەر بە مەبەستی پشوودان، بە خۆی و هێزەکەیەوە لە کۆنە قەڵایەکی وێرانەدا لایدا. ئەم قەڵایە، بە بورجەدارو خاوەکەی وپاشماوەی دیوارە داغانەکانیەوە، لە خوارەوە، لەو هەڵدێرەوە کە ڕووباری دەنیستەری پێدا تێدەپەڕی، بە باشی دیار بوو. سەری قەڵاکە، یەکپارچە بەردو وردە خشت و دارو پەردو بوو کە پێدەچوو لە هەر ئان و ساتێکا هەرەس بێنێ و بڕوخێت. لێرەدا، لە هەردوو سەمتی بەرانبەر دەشتەکەدا، پوتوتسکی هیتمانی هێزی پۆڵۆنی، گەمارۆی بۆڵباو هێزی قۆزاقەکانی دا. قۆزاقەکان چوار ڕۆژی تەواو شەڕیان کرد، چوار ڕۆژی تەواو بەرگرییان لە خۆ کردو پۆڵۆنیەکانیان خشت باران و بەردباران کرد. بەڵام لە ئەنجامدا ئازوقەو تەقەمەنیان دایە کزی، هێزو توانایان سست بوو، تاراس بۆڵبا، لێبڕا خۆی بدات بە هێزی دژمناو دڕیان پێبدات و بەناو دژمنا ڕێگایەک بۆ هێزەکەی بکاتەوە.

قۆزاقەکان خۆیان بە هێزی دژمنا دا، هێزی دژمن بڕێک ڕەوییەوە، زۆری نەما بوو کە نەخشەکەی تاراس بۆڵبا سەربگرێ و ئەسپە خۆشبەزو ڕەهوانو وەفادارەکان ئەمجارەش فریای قۆزاقەکان بکەون و ڕزگاریان بکەن، کەچی ڕێک لەم کاتەدا، لە گەرمەی شەڕو پێکدادانا، لە ناکاوا تاراس بۆڵبا، جڵەوی پیرە ئەسپی ڕاکێشاو هاواری کرد:

- بوەستن! سەبیل و کیسە تووتنەکەم کەوتن، حەزناکەم تەنانەت کیسە تووتنەکەشم بکەوێتە دەستی دژمن!

فەرماندەی پیر، لە ئەسپەکەی هاتە خوارێ، بەو حاڵەوە لە ناو گژوگیایەکەدا کەوتە گەڕان بە دوای سەبیل و تووتنەکەیدا، بە دوای دۆستە هەر ئازیزەکەیدا، دۆستی دەشت و دەریای، دۆستی تەنگانە و شێنەیی، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی گەڕان بوو لە سەبیل و تووتنەکەی، مەفرەزەیەکی پۆڵۆنی، لە ناکاوا دابارین بە سەریاو ڕێک لە شان و پیلی نەوین، تاراس بە هەموو هێزو توانایەوە خۆی تەکان دا کە خۆی ڕزگار بکات، بەڵام ئەمجارەیان نەیتوانی وەکو جارەکانی دی شەڕڤانە پۆڵۆنیەکان بەم لاو بەو لادا پەرت بکات. قۆڕگی پڕ بوو لە گریان و گوتی: - پیری! دەردی پیرییە!

بەڵام لە ڕاستیا مەسەلەکە پیری نەبوو. بەڵکو زۆری ژمارەی دژمن بوو، چونکە پتر لە سی نەفەر لە دەست و لاقی ئاڵا بوون.

پۆڵۆنیەکان هاواریان دەکرد:

- قەلەڕەشی خۆمان خستە داوەوە! ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئەم سەگە بە سزای خۆی بگەیەنین!

شەڕڤانانی دژمن، بە پرسی هیتمانەکەیان، لێبڕان کە تاراس بۆڵبا، بە زندوویەتی و، بەبەر چاوی هەموو خەڵکییەوە، بسووتێنن. هەر لەو شوێنەدا دارێکی وشک هەبوو کە چەخماخەو هەورە بروسکە سەرەکەیان سووتاند بوو. پۆڵۆنیەکان کۆت و زنجیریان لە دەست و لاقی کردو بەو دارەیانەوە بەست. لە دوو لاوە، هەردوو لەپی دەستیان، بە بزمار بە دارەکەوە داکوتی. ئەوسا یارۆی قۆزاقیان بەجۆرێ بە قەدی دارەکەدا بەرز کردەوە کە لە دوورەوە ببینرێ و ئەوجا دارو چیلکەیان لە ژێریا کەڵەکە کرد.

بەڵام تاراس بۆڵبا، تەمەشای ژێرەوەی نەدەکرد، باکی بەو ئاگرەش نەبوو، کە دەیانویست ئەوی پێ بسووتێنن. بەڵکو چاوی بڕی بووە ئەو شوێنەی کە قۆزاقیەکان، بە دەم هەڵاتنەوە، بەرپەرچی دژمنیان دەدایەوە، لەو بەرزییەوە هەموویانی، وەکو ئەوەی لە لەپی دەستیا بن، زۆر بە باشی دەبینی. هاواری کرد:

- کوڕینە  خێراکەن، خۆ بگەیەننە ئەو گردەی پشت جەنگەڵەکەوە، ئەگەر بگەنە ئەوێ ئیدی دژمن پێتان ناوەستن.

بەڵام بایەکە نەیدەهێشت دەنگی بگاتە قۆزاقەکان. بەوپەڕی نا ئومێدی و ڕەشبینیەوە گوتی:

- تیاچوون! تەواو! تیاچوون، لە پێناوی شتێکی توڕەهاتا تیا چوون!

بەدەم ئەو قسانەوە، ڕوانیە خوارەوە، ڕوانیە سەمتی ڕوباری دەنیستەر کە لە دوورەوە دەبریقایەوە. لە پڕ خۆشیەک نیشتە سەرچاوانی. بینی چوار بەلەمی گەورە لەو دیوی دارو درەخت و گردە بەرزەکانی کەنار روبارەکەوە دیارن، تاراس بۆڵبا تا هێز لە گەروویا بوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- کوڕینە، ڕووبکەنە کەنار روبارەکە، بەرەو کەنارەکە ببنەوە، بە بناری گردەکەدا، بە دەستە چەپا داگەڕێن! چەند بەلەمێک لە کەنار ڕوبارەکەدان... هەموو بەلەمەکان ببەن، تا نەتوانن لەوەی پتر دواتان بکەون!

خۆشبەختانە بایەکە بەرەو قۆزاقەکان دەڕۆیی. قۆزاقەکان هەموو قسەکانی ئەویان بیست. بەڵام باجی ئەو ڕێنوێنی و ئامۆژگاریە، کلکە تەورێک بوو کە لەلایەن پۆڵۆنیەکانەوە، بە تەپڵی سەریا کێشرا، سەری سوڕاو دنیا لەبەر چاوی تاریک بوو.

قۆزاقەکان، بەغار بەرێگای قەد پاڵی گردەکەدا داگەڕان. پۆڵۆنیەکانیش چنگ لەسەر شان بەشوێنیانەوە بوون و چیوایان نەمابوو بیانگەنێ. قۆزاقەکان سەیریان کرد، رێگاکە سات بە سات سەخت و پڕ پێچ و نا هەموارتر دەبێت و کار وا بڕوات دەرباز نابن، وەستان و گوتیان:

- کوڕینە، ئەم رێگایە دەرناچێت!

جلەوی ئەسپیان ڕاکێشا، بۆ ساتێک وەستان، ئەوسا قامچیان بەرزکردەوە، فیکەیەکیان کێشا، ئەسپە تاتاریەکانیان، بۆی دەرپەڕین، وەکو تیر بۆی دەرچوون، بە فڕین بەسەر هەڵدێرەکەدا فڕین و ڕێک لە ناوەندی روباری دەنیستەردا نیشتنەوە. تەنیا دوو نەفەریان، نەگەیینە روبارەکە،بە ئەسپەکانیانەوە لە بەرزاییەکەوە هەڵدێران و بێئەوەی هاوارێک بکەن گیانیان سپارد.

قۆزاقەکان، بەخۆو ئەسپەکانیانەوە، بەدەم مەلەوە، بە ناو روبارەکەدا خۆیان گەیاندە بەلەمەکان و پەتەکانیان کردنەوە. ئەو سەربازە پۆڵۆنیانەی کە بە دوایانەوە بوون، لە قەراخ هەڵدێرەکەدا وەستان، ئەم بێپەروایییەی قۆزاقەکانیان پێ سەیر بوو، تیامابوون و نەیاندەزانی کە ئەمانیش چاو لەوان بکەن یان نا. تەنیا ئەفسەرێکی گەنجی خوێنگەرم، کە برای ماشقە جوان و شۆخەکەی ئاندرێی نەگبەت و بەدبەخت بوو، بێبیرکردنەوە، بە هەموو تین و تاوێکی خۆیەوە بە سواری ئەسپەکەی، دووی قۆزاقەکان کەوت، لە پڕ گلا، سێ تەقڵەی بانەو بانی یەکی بەسەر تیشەبەردی نووک تیژی هەڵدێرەکەدا، داو ئازای بەدەنی پارچە پارچە بوو، مێشکی خوێناوی بەسەر دەوەنانی سەر دیواری نا هەمواری قەد پاڵە ڕکەکەدا پژا.

کاتێ تاراس بۆڵبا، وەخۆ هاتەوەو بەرەو روباری دەنیستەر نیگای هەڵدا، قۆزاقەکان سواری بەلەمەکان بوو بوون و بەدەم سەوڵ لێدانەوە دوور دەکەوتنەوە. پۆڵۆنیەکان گوللە بارانیان دەکردن، بەڵام ئەوان لەمەوداو بوردی گوللە دەرچوو بوون.

چاوانی پیرە فەرماندە لە خۆشیان گەشانەوە، لەو بەرزیەوە بانگی لێکردن:

- بە دوعا هاوڕێیان! لە یادم مەکەن، لە بەهاری ئایندەدا جارێکی دی هێرش بۆ ئێرە بێننەوەو شەڕو تالانێکی وابکەن بەداستان بگێڕدرێتەوە! دەی پۆڵۆنیانی شەیتان سیفەت، ئێستا قەناعەتتان کرد کە لەم دنیایەدا هیچ شتێک نیە قۆزاقی لێی بترسێت؟ ڕاوەستن، پەلە مەکەن، ڕۆژێ دێ بۆتان دەر دەکەوێ و تێدەگەن کە ئاینی ئەرتەدۆکسی ڕووسی دەکاتە چیو چی دەگەیەنێ! گەلانی دوورو نزیک پێشبینی ئەمە دەکەن. ڕۆژێ فەرمانڕەوایەک لە خاکی رووسیادا پەیدا دەبێ کە هیچ هێزێکی سەر ڕووی زەوی نامێنێ، فەرمانبەرداری نەبێ!

بڵێسەی ئاگر، لە لیژنە دارەکەوە بەرز بووەوە، گەییە لاقی، لە قەدی دارەکە ئالاو گڕی سەند، گڕێک هەترەشی زەلامی دەبرد... بەڵام هیچ ئاگرێک، هیچ ئەشکەنجەیەک، هیچ هێزێک لە دنیادا هەیە، چۆک بە قۆزاقیان دابدات!؟

ڕووباری دەنیستەر، ڕۆخانەیەکی بچووک نیە، جۆرەها سەرچاوەو ڕێژاوو دوڕگەو چرە قامیشەڵان و گۆلاو و قووڵاو و تەنکاوی هەیەو هەمیشە وەکو ئاوێنە چریسکە چریسک دەبریقێتەوەو ئاوازی سازگاری قوو وسۆنەو مراوی لە سەرانسەریان دەنگ دەداتەوە، جۆرەها تەیرو تو بەسەر کەنارو نەیجەزارەکانیا لە فڕینو نیشتنەوەدان.

قۆزاقەکان، بەسەر بەلەمە سوکانداره تەسکەکانیانەوە، بەدەم سەوڵ لێدانەوە بە هەشتاو دەڕۆن، بە پارێزەوە خۆ لە تەنکاوەکان دەبوێرن و تەیرو باڵندەکان ناڕەحەت و نیگەران دەکەن و بەدەم سەوڵ لێدانەوە، باسی ئازایەتی و دلاوەری فەرماندەکەیان دەکەن.

*پەراوێز:*

٭ *عەلەمی هیتمان بریتی بوو لە دارێکی درێژ کە کلکە ئەسپێک بە سەریەوە بەسترا بوو.*

٭ *دەنیستەر، ڕوبارێکە لە ئۆکراینیا، لە شاخەکانی کرباتەوە هەڵدەقوڵێ پاش ئەوەی ١٠٣٨٧ کیلۆمەتری خاکی ڕووسیا دەبڕێ، دەڕژێتە دەریای ڕەشەوە.*

٭ *قازوخ: سنگێکە، بەمەبەستی ئەشکەنجەو ئیعدام، تاوانباری لەسەر دادەنەن.*

تێبینی: ڕۆژی ٢٤/ ٦/ ٢٠١٤، لە سلێمانی،گەڕەکی ڕزگاری، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە، کە بە شێوەیەکی بەراوردکاری لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە کراوە بە کوردی... جا ئەگەر ئەمە بوو بێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژەو ڕستەو پەڕەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە، ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تەواو تێک دەکاتەوەو بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییە کە ئەگەر لە هەردوو دەقە فارسیو عەرەبیەکە پوختەتر نەبێت ئەوا هیچی لەوان کەمترنیەو بێ چەندو چوون، ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە:

٭ تاراس بۆڵبا / اثر نیکلای گوگول/ ترجمە: قازار سیمونیان. انتشارات بنگاه مطبوعاتي گوتبنرگ/ چاپخانە حیدری- افست./ ساڵی چاپکردنی پێوە نیە!

* - نيقولاى غوغول/ تاراس بۆڵبا/ ترجمه عوض شعبان/ دار الفارابى/ بيروت/ ط٢/ ١٩

# پاڵتۆ

لە دایەرەیەکـی حکومەتیـدا... بەڵام وا چـاکە هەر نـاوی نەبەیـن. چـونکە چ کەسـێک هێنـدەی فەرمانبەرانی ئیداری، خاوەن پلە و پایە، ئەفسەرێن سوپایی، بە شـیوەیەکی گشـتی هەر فەرمـانبەرێکی ئیداری، دڵناسک نییە. ئەمڕۆکە هەر فەرمانبەرێک هەر جۆرە سوکایەتییەک ڕاستەوخۆ بە خودی خۆشی بکرێت، بە سوکایەتی دەزانێ بۆ هەموو کۆمەڵگە. دەگێڕنەوە، گوایە ماوەیەک لەمەوپێش، موفەتیشـێکی پۆلیسـی نـاوچەیی ( نـاوی نـاوچە و شـارەکە زۆر مەعلـوم نیـیە) سـکاڵایەک پێشـکەش دەکـات و لەم سکاڵانامەیەدا، گلەیـی دەکـات کە حکـومەت و هەمـوو یاسـا و ڕێسـاکانی حکـومەت بـوون بە گەپجـاڕ و مەخسەرە و تەنانەت سووکایەتی بە ناوی پیرۆزی خودای ئەمیش کراوە. جـا بـۆ سـەلاماندنی قسـەکانی خۆی، فایلێکی ئەستووری پڕ لە نووسـراوێن زۆر خەیـاڵئەنگیزی وەکـو بەڵگەنـامە لەگەڵ سـکاڵانامەکەی خۆیدا هاوپێچ کردبوو، کە لەهەر دە لاپەڕەیەکی ئەم نووسراوانەدا، نـاوی پۆلیسـێکی سیامەسـت دەبـرا. جا بۆ ئەوەی لە هەر جۆرە بەدحـاڵی بوونێـک بە دوور بـین، وا چـاکە نـاوی دایەرەی نـاوبراو نەبەیـن و ناوی بنەین دایەرەیەک و تەواو.

بەمجـۆرە، (فەرمانبەرێـک) لە (دایەرەیەک)دا کـاری دەکـرد، ئەم فەرمـانبەرە، بە ڕواڵەت هـیچ جیاوازییەکی لە فەرمانبەرەکانی دی نەبوو: پیاوێک بوو کـورتە بـاڵا، دەموچـاو کـونجی ئـاوڵاوی و، مـوو زەرد. چاوانی پڕووش، لەوەدەچـوو نزیـک بـین بـێ. پێشـی سـەری ڕووتـابووەوە، ڕوومەت و گۆناکـانی یەکپارچە چرچ و لۆچ بوون. ڕەنگ ڕووی، لە ڕەنگ و ڕووی کەسـانێک دەچـوو کە مایەسـیرییان بـێ... بەڵام چارە چییە، ئۆباڵی ئەمەیان لە گەردنی ئاو وهەوای سانپتروسبۆرگە.

سەبارەت بە پلە ئیداریەکەی (مەسەلەی پلە، لا ئـێمە دەبـێ لەپـێش هەمـوو شـتێکی دیـکەوە دیـاری بکرێت) ئەم فەرمانبەرە، یەکێک بوو لەو فەرمانبەرە بچووک و پلە نزمانەی کە پێیـان دەگـوترێ بـڕۆ تـا مـاوی عەریـف بە. وەکـو خـوێنەران ئاگـادارن ئەم جـۆرە فەرمـانبەرانە، باشـترین زەمیـنە بـۆ شـۆخی و گاڵتەی نووسەران فەراهەم دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عادەتە شەریفەی کە خەڵکی سەلامەت و بێوەی، ئەوانەی کەڵبەی تیژیان نییە و ناگەزن، بکرێن بە گاڵتەجار و ژێر چەپۆکە. جا ناوی شـۆرەت و خانەوادەی ئەم فەرمانبەرە (باشماچکین) بوو، کە ئاشکرایە ڕیشەی دەچێتەوە سـەر وشـەی (باشـماک) کە بە مانای پێڵاو دێت. بەڵام نازانرێ کەی و چـۆن ئەم وشـەیە پەیـدابوو، ئەمە مەتەڵ و لەگەزێـکە بە کەس هەڵنـایەت. هەم بـابی و هەم بـاپیری و تەنـانەت خەزووری خوشکەکەشـی و تێکـڕای خزمـانی باشماکچین، هەمیشە چەکمەیان لەپێ دەکرد و ساڵی دوو سێ جاران بنیان لە چەکمەکانیان دەنایەوە و پینەیان دەکرد.

بەخۆی ناوی (ئاکاکی ئاکاکیفیچ) بوو. ڕەنگە خوێنەر ئەم ناوەی بەلاوە سەیربێ و وابزانێ بە ئانقەست ئەم ناوەی بەسەرا براوە. بەڵام دڵنیای دەکەم کە هیچ مەبەست و نیازێکی لە پشتەوە نییە، تەنیا لە کاتی ناولێنانەکەیدا هەلومەرجێکی ئەوتۆ هاتبووە ئاراوە، کە کردبوویە کارێک جگە لەو ناوە مەحاڵ بێ هەر ناوێکی دیکەی لێ بنرێ. لە ڕاستیدا، پێشهاتەکە بەم جۆرەیە: ئەوەندەی من لە بیرم بێ، ئاکاکی ئاکیفیچ لە شەوی ٣/٢٢ دا لەدایک بوو. دایکی ڕەحمەتی، هاوسەری کارمەندێکی کارگێڕی بوو، ژنێک بوو تا حەزکەی سادە و میهرەبان، هەموو ئاسانکارییەکی بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ناولێنانەکەی فەراهەم کرد. لە کاتی ئەنجامدانی ڕێورەسمەکەدا، دایکەی بەسۆز، هێشتا لەسەر جێگا هەڵنەستابوو و ڕوو لە دەرگاکە ڕاکشابوو، بابی تەعمیدی منداڵەکە، ئیڤان ئیڤانۆفیچ یروشکین، کە پیاوێکی پیاوانە و باش کاتبی ئەنجوومەنی پیران بوو و، دایکی تەعمیدی ساواکە، ئارینا سمینوڤنا بلوبوروشکۆڤا، هاوسەری ئەفسەرێکی پلیس بوو وژنێکی تا حەزکەی داوێن پاک بوو، بەدیار تەختە خەوەکەیەوە وەستابوون.

سەرەتا سێ ناویان بۆ دایکەکەی هەڵدا: موکیا، سوسیاو، یان شەهیدی ڕێگای خودا خوزدازات. بەڵام دایکەکە دەبیرەوە چوو: "نا، لابە ئەم ناوە سەیرو سەمەرانە چین!" ئیدی لەبەر خاتری دڵی دایکەکە خوابەختەکی لاپەڕەیەکی ساڵنامەی کڵێسای ئەرتەدوکسیان کردەوە، دیسان سێ ناوی تایبەتی و سەیر دەرچوو: (تریفلی، دولا ،و ڤاراخاسی) ژنەی تاین لە دڵی خۆیدا گوتی: "نە، ئەمە غەزەبی خوایە. ئێستا ڤاروخ یا ڤاردات بڵێی هەر نەیسە، بەلام توخوا تریفلی یان ڤاراخاسیش بوو بە ناو؟!" لاپەڕەیەکی دیکەی ساڵنامەکەیان هەڵدایەوە، ئەمجارەیان ناوانی پاوسیکاخی و ڤاختیسییان هاتە بەردەم. "نە، وا دیارە دەستی چارەنووس لە ئارادایە. بەڵام وا چاکە هەمان ناوەکەی بابی هەڵگرتێتەوە، بابی ناوی ئاکاکی بوو، با کوڕەکەشی هەر ئاکاکی بێ" بەو جۆرە ناونرا ئاکاکی ئاکاکیڤیچ. منداڵەکەیان غوسڵی تەعمید کرد، بەڵام منداڵەکە بەدەم ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی غوسڵدانەوە، دەستی بە گریان کرد و بە جۆرێ ڕووی گرژ کرد، کە دەتگوت پێشوەختە دڵی خەبەری دەدا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە فەرمانبەرێکی بچووک. جا گێرانەوەی ئەم واریقات و سەربوردە وردانە، بۆ ئەوە بوو کە خوێنەر بە خۆی حوکم بدات و ئەوە بزانێت کە حوکمی قەدەر وای هانیوە کە مەحاڵ بێت هیچ ناوێکی دیکە لە ئاکاکی بنرێت.

ئیدی کەس نەیدەزانی ئاکاکی کەی لەدایەرە دامەزرا بوو، کێ دایمەزراندبوو، کەس ئەمەی نەدەازانی. بەڕێوبەرانی گشتی دەهاتن و دەڕۆیشتن، سەرۆکان دەگۆڕان، بەڵام ئەو هەر وهەر لە شوێنی خۆی بوو، بە هەمان وەزع و حاڵەوە درێژەی بە هەمان کار — کاری پاکنوسی نووسراوان– دەدا. وای لێهاتبوو، خەڵکانێک قەناعەتیان هێنابوو کە ئەم پیاوە، هەر بەو دەقەوە بەو جلە ڕەسمیانەوە و بەو سەرە

ڕووتاوەوە و بۆ ئەو کارە لەدایک بووە. لە دایەرەدا کەس، کەمترین حیسابی بۆ نەدەکرد. کاتێ بە بەردەم دەرگاوان و پێشخزمەتەکاندا ڕەت دەبوو، نەک لەبەری هەڵنەدەستان، بەڵکو هەر تەماشاشیان نەدەکرد. وەکو ئەوە مێشێک بەلایاندا تێپەڕێت. سەرۆکەکانی، زۆر لەگەڵی سار دو سڕو بێ لوتف و توند بوون. هەر یاریدەدەرێکی سەرۆکی قەڵەم بچوایەتە لای سەفتەیەک کاغەزی تووڕ دەدایە بەردەمی، بێئەوەی زەحمەتی ئەوە بە خۆی بدات کە بە قسەیەکی خۆش پێی بڵێت: "بە ئەرک نەبێ ئەمانە پاکنووس بکە" یان "ئەم زەحمەتە بچوکەم بۆ بکێشە" و یان هەر مجامەلەیەکی بە ئەدەبانەی دی کە لە دایەرەکاندا باوە. (ئاکاکی)ش هەرچیەکیان بخستایەتە بەردەمی بێ ئەوەی تەمەشای ئەو کەسە بکات کە کاغەزەکەی دەدایە یان لە خۆی بپرسێت کە ئایا ئەو کەسە هەقی ئەوەی هەیە ئەم کارەی بەسەردا بدات یان نا؟ هەموو هۆش و گۆشی لای کارەکەی بوو، کاغەزەکانی هەڵدەگرت، خێرا چاوێکی لێدەکردن و یەکسەر دەکەوتە پاکنووس کردنیان.

فەرمانبەرە گەنجەکانی دایەرەکەی، سەریان دەکردە سەری، سوعبەتیان دەگەڵ دەکرد. ئەوەندەی ئەتەکێت و سنووری دایەرە ڕێی دابان، پێیان ڕادەبوارد، لەبەردەم خۆیدا هەموو ئەو حیکایەت و چیرۆکانەیان دەگێڕایەوە کە بۆیان هەڵبەستبوو. باسی ئەو پیرەژنەیان دەکرد کە ژوورێکی بە کرێ دابووە ئاکاکی. ئەم پیرەژنە تەمەنی هەفتا ساڵ دەبوو. دەیانگوت گوایە هەموو ڕۆژێک چینێ دارکاری ئاکاکی دەکات و ئەوسا لێیاندەپرسی کەنگێ زەماوەندی دەگەڵدا دەکات و ئەوجا وردە کاغەزیان لە جیاتی نوقڵ بەسەردا هەڵدەدا.

بەڵام ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بە تاقە وشەیەکیش وەڵامی نەدەدانەوە، وەکو ئەوە بوو کەسی لەبەردەم نەبێت. ئەم هەموو کلکەتیزەیە لە کاری نەدەخست و تەنانەت تاقە وشەیەکیشی لێ هەڵە نەدەبوو و بە هەڵە نەیدەنووسییەوە. مەگەر شۆخیەکان لە تام دەرچووبان، بۆ نموونە بە ئانیشکیاندا کێشابا و لە کاریان کردبا، هەنگێ دەیگوت: "وازم لێ بێنن، ئاخر بۆ ئەزیەتم دەدەن؟" شتێکی غەریب لە وشەکانیا و لە تۆنی دەنگیا پەنهان بوو. تۆنێکی بەزەیی ئەنگێز لە دەنگیا هەبوو، پیاو کە گوێی لێدەبوو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. تەنانەت فەرمانبەرێکی گەنج کە تازە دامەزرابوو و، ڕیگەی بەخۆ دابوو وەکو ئەوانی دی سەربکاتە سەری و پێی ڕابوێرێ، کە گوێی لەو دەنگە بەزەیی ئەنگێزەی دەبێ، لە جێی خۆی وشک دەبێت، لەو ساتە بەدواوە ئیدی هەموو شتێکی لەبەرچاو دەگۆڕێت.

هیزێکی نادیار، لە هاوڕێکانی دوورخستەوە، ئەو هاوڕێیانەی کە هەوەڵجار بە خەڵکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر و بەڕێزی دەزانین. ئیدی ئەم فەرمانبەرە لەوە بەدواوە تا ماوەیەکی زۆر لە گەرمەی شادی و خۆشی خۆیدا، ئەو فەرمانبەرە داماوە، کورتە باڵا و سەر ڕوتاوەیەی لە بەرچاو بەرجەستە دەبوو، کە بە کەسەرەوە دەیگوت: "وازم لێ بێنن، ئاخر بۆچی ئەزیەتم دەدەن؟!" ئەم فەرمانبەرە گەنجە لە میانەی

ئەو وشانەوە چەند وشەیەکی دیکەشی لە گوێدا دەزرنگایەوە: "ئاخر من وەکو براتانم" فەرمانبەرە گەنجە بەلەنگـازەکە لەو سـاتانەدا دەموچـاوی لە نێـو هەردوو لەپـی دەنـا. زۆر جـار کە بیـری لە درنـدەیی و حەیوانیەتی بەشەر دەکردەوە، موچوڕکی پێدا دەهات، کە بیری لەوە دەکردەوە، چۆن ڕواڵەتـی ڕازاوە و ڕەفتاری بە ڕواڵەت ناسک و پڕ نەزاکەت، دزێوترین و کرێترین کینەکێشترین نیهاد و ویژدان پەردەپـۆش دەکەن و دەشارنەوە، باوەڕی بە خۆی نەدەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگـوت خودایـا خـۆ ئەمە تەنـانەت لەو کەسانەشدا هەیە، کە بە پاکی و بێ ڕیایی بەنێوبانگن...

بە دەگمەن فەرمانبەری وەکـو ئاکـاکی جـدی و دڵسـۆز و ورد لە کارەکەیـدا دەسـت دەکەوت. چەنـدی پێدا هەڵبڵێین هێشتا هەر کەمە و هەقی خۆیمان نەداوەتێ: نەک هەر دڵسۆزی کارەکەی بوو، بەڵکـو بە ئەشقەوە کاری خۆی دەکرد. دنیایەکی زۆر زۆر جوان و پرشنگداری لە کـاری پاکنووسـیدا دەبینـی و بە ڕۆح لەزەتی لێـوەردەگرت. بەدەم کـارکردنەوە لەزەت و شـادی لە ڕووخسـار و چـارەی دەبـاری. هەنـدێ پیتی لەلا خۆشەویست بوون، هەر کـاتێ لە کـاتی پاکنووسـدا بگەیشـتبایە سـەر ئەم پیتـانە لە خۆشـیا ئۆخژنی دەکەوتە دڵ و ڕووی دەگەشـایەوە،لە خـۆڕا بـزە دەکەوتە سـەرلێوانی ،چـاوانی دەگەشـانەوە ، قەڵەمەکەی، بەدەم ورتە ورتی لێوەکانیەوە دەجوڵا و کە تەمەشایەکی سەر و سیمایت بکردایە، یەکسەر دەتزانـی کە قەڵەمەکەی کـامە پیـت دەنەخشـێنێ. خـۆ ئەگەر بە گـوێرەی دڵسـۆزی خـۆی بـۆ ئـیش و کارەکەی پاداشتیان داباوە، بەلای کەمەوە دەبوایە ڕاوێژکار یان جێگری بەڕێوبەری دایەرەیەکی دەوڵەتی بوایە — هەرچەندە لەگین بوو بە خۆیشـی سـەری لەم شـتە سـوڕ بمـایە- بەڵام وەکـو هـاوڕێ قۆشـمەو قەشمەرەکانی دەیانگێڕایەوە لە پاداشتی زەحمەت و دڵسۆزییەکانیدا جگە لە نیشـانەیەکی بەر بەرۆک و نەخۆشـی مایەسـیری هیچـی دیکەی دەسـت نەکەوتبـوو. بەڵام وێـڕای ئەوەش، ناشـی بگـوترێ کە هـیچ ئـاوڕێکی لـێ نەدرابـووەوە. جارێـک بەڕیوبەرێـک کە پیـاوێکی بـاش دەبێـت، ویسـتبووی لەبـری سـاڵانی دووورودرێژی خزمەتی جدی و ڕاستگۆیانەی ئاکاکی پاداشتێکی بـداتەوە، دەسـتوور دەدات کە پۆسـتێکی گەورەتـر لە پۆسـتی پاکنووسـکاری پـێ بـدەن — ئەم ئیشـەی بریتـی بـوو لە ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتێکی کارگێڕی لەبەر دۆسیەیەکی حازر و ئامادە تا بـۆ دایەرەیەکـی دیکەی بنێـرن. ئیشـی ئەم ڕاپـۆرتە ئەوە بوو، سەرناوی لاپەڕەکان بگۆڕن و وردە دەسکاری هەندێ فرمـان و ڕانـاوان بـکەن و لە یەکەم کەسـەوە بیـانگۆڕن بـۆ سـێیەم کەس. بەڵام ئاکـاکی ئەم ئیشـەی زۆر لەبەر گـران بـوو. بەدەم ئامـادەکردنی ڕاپۆرەکەوە ئارەقی شین و مۆری دەردا، ئەنجام کەوتە خوراندنی ناوچەوانی و گوتی: "فایدەی نییە وازم لێ بێنن، بچمەوە سەر کاری پاکنووسییەکەی خۆم". ئیدی لەوە بەدواوە، وازیان لێ هێنا تا بۆ هەمیشە هەر خەریکی کـاری پاکنووسـی بێـت. لەوە دەچـوو وا هەسـت بکـات کە لەم دونیـایەدا جگە لە کـاری پاکنووسی، هیچ کارێکی دی بۆ ئەو دەست نادات. گوێی بە جل و بەرگەکەی نەدەدا؛ جلکە فەرمییەکەی بە جۆرێ کاڵبووبووەوە، نەدەکرا بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەوز بووە*، (*. جلکی فەرمـی کارمەنـدانی ئەو

سـەردەمەی ڕووسـیا سـەوز بـووە) بەڵکـو زەرد بـاوێکی ئامـاڵ سـوور بـوو. یەخە و ملیـوانی جلـکە فەرمییەکەی زۆر کورت و باریک بوو و، گەردنی هەرچەندە کورت بـوو، زۆر درێـژ دەنوانـد.ڕێک وکـو ئەو گوربە گەچینە سەر بزوزانەی کە چەرچی و دێوەرانی بیانی دەیفرۆشن. هەمیشـە شـتێک بە جلەکـانیەوە چەسپی بوو، ئیدی دەزوو بوایە، یان پوشکە. جا ئەم پیاوە شتێکی سەیری دیکەشی هەبـوو، ڕێـک لەو کاتانەدا کە لەپەنجەرەیەکەوە زڕ و زبڵ و بەرماوەیان، فڕێ دەدایە خوارەوە، ئەو بەژێر ئەو پەنجەرەیەدا ڕەت دەبوو، بۆیە هەمیشە ناوکە کاڵەک و توێکڵە شـووتی وئەو جـۆرە شـتانە بە کـڵاوەکەیەوە بـوو. بە درێژایی تەمەنی، بۆ تـاقە جـارێکیش سـەرنجی نەدایە ئەو دیـاردە و ڕووداوانەی لەسـەر ڕێگـای ڕۆژانەی ئەودا ڕوویـان دەدا.  ڕێـک بە پـێچەوانەی هاوکـارە گەنجەکـانیەوە کە بە چـاوتیژی، تیـژ وەکـو کونـد بەناوبانـگ بـوون- چـاوانی هێنـدەی تیـژ کە دەیتـوانی زنجیـری دانەخـراوی پانتۆڵێـک لە شۆسـتەکەی ئەوبەری شەقامەکەوە بەدی بکەن و ئیدی هەمیشـە ئەو جـۆرە دیمەنـانە دەبـوونە مـایەی پێکەنینیـان و مەزەی ڕابواردنیان.

بەڵام ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، ئەگەر بەڕیکەوت، سەرنجی شـتێکی بـدابوایە، بـۆ ئەوە تەمەشـای دەکـرد کە وێنەی دەست و خەتە جوان و خۆشەکەی خۆی تیادا ببینێ. مەگەر لە ناکـاوا ئەسـپێک پەیـدا بـوایە و، دەم و لمۆزی نابایە سەرشانی و هەناسە شێدارەکەی بەسەر و چاویدا کردبایە، ئەوسا وەخۆ دەهاتەوە و هەسـتی دەکـرد کە لە ناوەنـدی ڕسـتەیەکدا نیـیە، بەڵکـو ڕێـک لە ناوەنـدی شـەقامەکەدایە. هەرکە دەگەییەوە ماڵ، خێرا لەبەردەم مێز و خوانەکەدا دادەنیشت و، شۆربا کەلەرمەکەی بە پلێ گۆشت گـا و سـەلکێک پیـازەوە دەخـوارد. بـێ ئەوەی هەسـت بە هـیچ تـام و لەزەتێکـی ئەم خواردنـانە بکـات، بە هەڵلوشـین، هەڵـی دەلوشـین، تەنـانەت بەو مـێش و مەگەزانەشـەوە کە خـوای میهرەبـان بەڕێـکەوت خستبوویە خواردنەکەیەوە، هەڵی دەلووشی. کاتێ هەستی دەکرد، تێری خواردووە و سکی بای کردووە، ئیـدی لە پشـت مێـزەکەوە ڕادەبـوو، قەڵەم و مەرەکەبەکەی هەڵـدەگرت، دەکەوتە پاکنووسـکردن و نووسینەوەی ئەو نوسـراوانەی کە لەدایەرە هێنـابوونیەوە کە لە ئـیش دەبـووەوە، هـیچ کـارێکی نەبـوایە بیکات، هەر بۆ خۆشی خـۆی و کـات بەسـەربردن، دەکەوتە پاکنووسـکردنی یەکێـک لەو نووسـراوانە بـۆ خودی خۆی، حەزی لە نووسینەوە و پاکنووسـکردنی نووسـراوانی جـوان بـوو ،جـوان لە ڕووی شـێواز و داڕشتنەوە نا، بەڵکو لەو ڕووەوە کە بۆ کەسێکی تازە، یان گەورە نێردرا بێت.

تەنانەت لەو کاتانەدا کە خۆر ئاوا دەبوو و تاریکی بەری ئاسمانی کەوەیی پترسـبۆرگی دەگـرت، دوای ئەوەی خێڵی فەرمانبەران، هەر کەسە و بە گوێرەوی زەوق و دەرامەتی خۆ، تا بینە قاقایان تێ دەتـرِان و مڕ دەبوون، دوای ئەوەی لە هاتوچۆ و شەڕەشەقی دایەرە دەحەسانەوە، دوای ئەوەی لە هەمـوو کـارە ئیدارییەکانی خۆیان و خەڵکی دەبوونەوە، وەختایەک هەر فەرمانبەرێکی ئیـداری لە مـاڵ وەدەرکەوت تـا

ئەوپەڕی سوود لە کاتی دەستبەتاڵی و بێ ئیشی خۆیان ببینن: (هەندێک دەچوونە شانۆ و، هەندێک بە شەقامەکاندا ڕاوێچکە و پیاسەیان دەکرد، چاویان بە جامخانەی موغازەکاندا دەگێڕا تا سەیری هەندێ کڵاو بکەن، هەندێکی تر دەچوونە ئاهەنگێک تا وەختی خۆ بەدەم مەرایی و مجامەلەی کچۆڵەیەکی جوانکیلە و خشکۆکەوە، کە بەستێری ئومێدی گروپێکی چکۆلەی فەرمانبەران دەژمێردرا، بەرنە سەر.. تاقمێکی دیکە، کە ئەمانە زۆربە بوون زۆربەی کات وەختی خۆیان بەوە دەبردە سەر، کە دەچوونە میوانی یەکێک لە هاوڕێیانی دایەرەیان کە لە نهۆمی چوارەم یان سێیەمی ئەپارتمانێک دەژیا و ماڵەکەی بریتی بوو لە دوو ژووری چکۆلە و هۆڵێک و مووبەقێک، کە ناو ماڵەکەی بە هەندێ شتی تازە مۆدی وەکو چلچرا و پەیکەری بچووک و ئەو شتانە ڕازاندبووەوە، بۆ ئەوەی وا بنوێنێ پیاوێکی مۆدێرن و مۆدپەروەرە. ئەم شتانەشی هەر وا بە خۆڕایی دابین نەکردبوون، بەڵکو قوربانییەکی زۆری لە پێناویاندا دابوو، لە دەمی خۆی گرتبووەوە، خۆی لەگەڕان و سەیران مەحرووم کردبوو... بە کورتییەکەی لەو کاتانەدا کە فەرمانبەران لە ماڵی دۆست و برادەرەکانیاندا خڕ دەبوونەوە و بەدەم وەرەقبازی و خواردنی چاو پسکیتی هەرزان و کێشانی سەبیلی کلک درێژەوە باسی دوا ڕیسوایی و فەزیحەتەکانی چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بکەن... تاکی ڕووس هەمیشە تامەزرۆی دروستکردن و گێڕانەوەی ئەم جۆرە حیکایەت و باس و خواسانەیە، خۆ ئەگەر هیچ باسێکی تازە نەبێت ئەوا بە حیکایەتە کۆنەکاندا دەچنەوە، وەکو ئەو حیکایەتەی کە کابرایەکی لێبۆک سەبارەت بە قرتاندی کلکی پەیکەری ئەسپەکەی پەتروسی گەورە، بۆ ئە ئەفسەرێکی گێڕابووەوە. بە کورتی، لەو کاتەدا کە هەر کەس خۆی بە شتێکەوە سەرگەرم دەکرد و بای باڵیکی خۆی دەدا، تەنانەت لەو کاتەشدا، ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، خۆی لە قەرەی هیچ جۆرە کەیف و سەفا و سەرگەرمیەک نەدەدا، هێندە لاتەریک بوو، کە کەس نەبوو بتوانێ بڵێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو کابرایەی لە ئاهەنگێکدا دیتووە. دوای ئەوەی لە پاکنووس و نووسینەوە تێر دەبوو، دەچووە ناو جێگاوە لە فکران ڕادەچوو، بە دەم بزەیەکەوە بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ سبەینێ خوا چ نووسراوێکی بە نسیب دەکات تا پاکنووسی بکات و بینووسێتەوە. بەو جۆرە ژیانی ئەو پیاوە بە ئارامی دەگوزەرا، ئەو پیاوە ساڵانە بڕی چوارسەد ڕۆبڵ مووچەی وەردەگرت و زۆریش بەم بەشە ڕازی و خۆشحاڵ بوو، لەوە بوو ئەم ژیانە ئارامە تا تەمەنی ئەوپەڕی پیری بەردەوام بایە، ئەگەر بەڵاو نسیبەتی جۆراوجۆر و پەنهان لە سەر ڕێگای ژیاندا بەرۆکی بە کارمەندانی نەک بچووک، بگرە بە ڕاوێژکارانی پایەبەرز و ئەندامانی ئەنجوومەنی دەوڵەتی و تەنانەت ئەو ڕاوێژکارانەش نەگرتبا کە نە بەراوێژ و شیرەتی کەسیان دەکرد و نە ڕاوێژیان بە کەس دەکرد.

لە پتروسبۆرگدا، دوژمنێکی سەرسەخت، خۆی بۆ ئەو کەسانەی کە دەرامەتی ساڵانەیان چوارسەد رۆبڵە یان لەو دەوروبەرەدایە، لەبۆسە داوە. ئەم دوژمنە سەهۆڵبەندانەکەی باکوورە. ئەگەرچی زۆرکەس پێیان وایە کە ئەم سەرهۆڵبەندانە بۆ تەندروستی و سەلامەتی زۆر باشە. بەیانیان لەبەینی سەعات

هەشت و نۆدا، ڕێک لەو کاتانەدا کە فەرمانبەران بەناو جادە و شەقامان دەکەون و بەرەو دایەرە و فەرمانگەکانیان دەڕۆن، کزەبای سەهۆڵبەندانی باکوور، بێ جیاوازی چزەی لە لووتی هەر ڕێبوارێک هەڵدەستان، دنیا هێندە سارد دەبوو کە فەرمانبەرانی بێنەوا نەیان دەزانی کەپوویان چۆن داپۆشن. لەو کاتانەی ڕۆژدا، تەنانەت فەرمانبەرانی گەورەش لە سەرما ناوچەوانیان دەیدایە ژان و ڕوندک دەزاییە چاویان، چ جای فەرمانبەرانی بچووک، بۆیە ئەم فەرمانبەرە بچووکانە تاقە چاریان ئەوە بوو، بە پاڵتۆ تەنکەکانیانەوە، هەڵبکەنە غاردان و پێنج شەش شەقام ببڕن تا دەگەنە بەر دەرگای فەرمانگە و دایرەکەانیان و لەوێ، لە ڕاڕەوەکاندا ئەوەندە لاق بە عارديدا بکوتن، تا دەست و لاقی تەزیویان گەرم ببێتەوە و توانایان وەربێتەوە و بتوانن کارەکانی دایەرەیان ڕایی بکەن. ماوەیەک بوو ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، هەستی دەیکرد وێڕای ئەوەی زۆر بەلەز فاسیلەی نێوان ماڵەکەی و دایەرەکەی تەی دەکات، کەچی کزەی سەرما ناوشان و پشتی وەکو تیغ دەبڕێت. ئەنجام وای بە خەیاڵدا هات تۆ بڵێی ئەمە خەتای پاڵتۆکەی نەبێت، تۆ بڵێی پاڵتۆکەی عەیبێکی پەیدا نەکردبێت!

لەماڵەوە بەوردی تەمەشای پاڵتۆکەی کرد، بینی لە دوو سێ شوێنەوە بەتایبەتی لەلای پشت و ناوشانەوە، بەتەواوەتی تەنک بووەتەوە و بەجۆرێ تاڵکێش بووە کە با گل ناداتەوە. پیرەپاڵتۆ بە تەواوی تاڵکێش بووبوو و ئەستەڕ و بەرەکەی دڕابوو. لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە پاڵتۆکەی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ بووبوو بە بابەتی شۆخی هەمیشەیی فەرمانبەرانی دایەرەکەی. تەنانەت ناوی پاڵتۆیان لێ سەندبووە و بە کەوڵەکۆن ناویان دەبرد. بەڕاستیش شێوەیەکی سەیر و غەریبی هەبوو. یەخە و ملیوانەکەی ساڵ بە ساڵ بچووکتر دەبووەوە، چونکە بۆ پینەکردنی شوێنە دڕاوەکانی دیکەی پاڵتۆکە بەکار دەبرا. خۆزگە پینەکانیش لە پینە بچوونایە، تۆپەڵێک پەڕۆی بێ سەروبەر بوون، لامسەرلایی بە پیرە پاڵتۆوە نرابوون. ئیدی پاڵتۆکە بە جۆرێ شڕوشێواو بووبوو زیاتر لە کیسە دەچوو تا لە پاڵتۆ. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، کە عەیبە و نوقستانی پاڵتۆکەی دۆزییەوە لێبڕا بیبات بۆ لای وەستا (پترۆفیچ)ـی خەیات. پترۆفیچ لە ژوورێکی نهۆمی سێیەمی ئەپارتمانێکدا دەژیا، هەرچەندە کابرایەکی بە یەکەڵە چاوی کونج بوو. بەڵام لە چاککردن و پینەکردنی چاکەت و پانتۆڵ و پاڵتۆی فەرمانبەران و خەڵکی دیکەشدا، زۆر کارامە و وەستا بوو. هەڵبەتە بەو مەرجەی کە مەست نەبوایە و بیری لە جێیەکی دیکە نەبوایە.

هەڵبەتە پێویستی نەدەکرد کە ئێمە لەوەی پتر کاتی خۆمان بە وەسفی ئەم خەیاتەوە سەرف بکەین، بەڵام چونکە لە چیرۆکدا وا باوە کە هەر کاراکتەرێک لە هەموو ڕوویەکەوە، بێتە ناساندن، بۆیە ناچارین وەسفێکی وردتری ئەم جەنابی پترۆڤیچە بکەین.

ئەم پیاوە لە سەرەتاوە بە گریگۆری ڕووت بانگ دەکرا، ناوی گریگۆری بوو. مسکێن و کۆیلەی ئاغایەک بوو، بەڵام کە ئازاد کرا، ئیدی خەڵکەکە ناویان نا پترۆڤیچ. ئیدی لەوساوە لە ڕۆژانی جەژنە ئاینییەکاندا، سەری کردە خواردنەوە و مەیگوساری، لە هەوەڵەوە تەنیا لە جەژنە زۆر گەورە و گرینگەکاندا دەیخواردەوە، بەڵام پاشان بێ جیاوازی لە هەموو جەژنەکاندا، لە هەنبەر هەر ڕۆژێکی ناو ساڵنامەدا، ئاماژەی خاچ دابنرایە بە کەیفی خۆی دەیخواردەوە*. (*. لە ساڵنامەی کڵێسای ئەرتەدۆکسیدا جەژنە گرینگەکان، بە ڕەنگی سوور چاپ دەکران وڕۆژانی پیرۆزی کەم بایەختر بە نیشانەی خاچ دیاری دەکران) ئەم پیاوە، کەسێکی محافەزەکار بوو، باوەڕی تەواوی بەداب و نەریتی باب و باپیران هەبوو، هەر جار نە جارێ لەسەر ئەمە دەگەڵ ژنەکەیدا تێک دەچوو، تانە و تەشەری لێدەدا و پی دەگووت، بێ نیشتمان، ئەڵمانی.

جا ئێستە کە ناوی ئەم ژنە هاتە ناو ناوان، ناچار دەبێ چەند وشەیەک دەربارەی ئەویش بڵێین. بۆ نەگبەتی شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانین، تەنیا ئەوە نەبێ کە ژنی پترۆڤیچ بوو، لەبری سەرپۆش، شەپقەی لەسەر دەکرد. لە ڕووی جوانییەوە، هێندە کەم نموود بوو، نەیدەتوانی نازی جوانی بە کەس بفرۆشێت، لە نێو ئەو پیاوانەدا کە تووشیان دەبوو، مەگەر تەنیا سەربازان، ژێراوژێر و بە دزییەوە نیگایەکیان بکردبایەو، بە دەم سمێڵ بادان و لەبن لێوانەوە، مرقەیەکی بەماناوەیان بەگوێدا بدایە.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، کە بەو قاڵدرمانەدا سەردەکەوت کە دەچوون بۆ ماڵەکەی پترۆڤیچ (ئەگەر بمانەوێت وەسفێکی وردی ئەم پلیکانانە بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە زبڵدانێک بوون لەو گۆڕە، بۆنێکی هێندە کەسکون و ناخۆشی لێدەهات کە چاوانی دەکزاندەوە، هەڵبەتە ئەمە حاڵی تێکڕای قاڵدرمە و پلیکانەکانی ئەپارتمانەکانی پترسبۆرگ بوو) لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە پترۆڤیچ بە چەند ئەم پاڵتۆیەی بۆ پینەوپەڕۆ دەکات و، لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، کە لە دوو ڕۆبڵ زیاتری نەداتێ.

دەرگا لەسەر پشت بوو، چونکە ژنە ئازیزەکەی پترۆڤیچ لە مووبەقەکەدا ماسی سوور دەکردەوە، چەڕە دووکەڵێکی وەها لە مووبەقەکەدا پەنگا بۆوە، کە چاو چاوی نەدەبینی.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بێ ئەوەی ژنەکەی پترۆڤیچ پێی بحەسێت، بە مووبەقەکەدا تێپەڕی ، ئەمجا گەییە ناو ژوورێک، بینی پترۆڤیچ لە بەردەم مێزێکی تەختەی پانی ڕووتی بۆیەنەکراو دانیشبوو وەکو پاشایانی تورک هەردوو لاقی لەژێر خۆی نابوو. وەکو عادەتی هەموو خەیاتان پێیەکانی ڕووت بوون. هەوەڵین شتێک کە سەرنجی (ئاکاکی ئاکاکیڤیچ)ـی ڕاکێشا، پەنجە کەڵەی پێی بوو، نینۆکە ڕەقەکەی هەڵگەڕابووەوە، ئەستوور و ڕەق دەتگوت قاوغ و قاپۆڕی کیسەڵە. کڵاخە ئاوریشمێک و چەند داوە دەزوویەک بە گەردنیا شۆڕ بوو بوونەوە، چەند پارچە پەڕۆیەکی کۆنی بەسەر ئەژنۆیدا دابوو. نزیکەی سێ دەقیقەیەک بوو خەریک بوو داوێکی دەکرد بە دەرزیەکەیەوە و بۆی پێوە نەدەکرا، بۆیە توورە

بووبوو و هەرچی جنێوی سەر بە کوڵکەی لە هەگبەدا بوو، بە تاریکییەکە و بەخـودی داوەکەشـی دەدا. لەبن لێـوانەوە دەیبۆڵاند: " ئەم نەحلەتـیە پێـوەی ناچیـت! بـڕۆ خێـرت نیـیە، شـەڕت بە پـای سـەگ، ئاقیبەت شێتم دەکەیت، نەگریس!".

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ پێی خۆش نەبوو، کە پترۆڤیچی، بەو تووڕەییە بینـی، حەزی دەکـرد وەختـێ سـەوا لەگەڵ پترۆڤیچدا بکات کە مەست و خورمار و بە کەیف و خەیاڵ بێ، یا ژنەکەی گوتەنی: " ئەم کوێرى لەخوا عاسیە دواچۆری قاپێکی هەڵدابێ!".

پتـرۆڤیچ، لەو حـاڵەتەدا، لەگەڵ مشـتـەریاندا ڕووی خـۆش دەبـوو، هەقدەسـتی کەمـی لێـوەردەگرتن. ئەگەرچـی پاشـان ژنەکەی بەدەم پەڵـمە گریـانەوە، هەمـان چیرۆکـی غەمنـاکی هەمیشـەیی دووپـات دەکردەوە کە گوایە مێردەکەی خەیاڵ و سەرخۆش بووە، بۆیە بەو هەقدەستە کەمە ڕازی بووە، بەڵام لە ئەنجامدا سەوداکە بە پێنج شەش کوپیکێکی زیادە سەری دەگرت.

بەڵام لەو کـاتەدا پتـرۆڤیچ تەواو بە ئاگـا بـوو (پێـدەچوو نەیخـواردبێتەوە) بـۆیە ڕووگـرژ و پەسـت و نەساز دیار بوو، لەوە دەچوو هەقدەستێکی زۆر داوا بکات. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ کە هەستی بەو حاڵە کرد، ویستی بە ئەسپایی فیزماڵکی بداتێ و بگەڕێتەوە، بەڵام تازە دەرنگ بوو، کار لە کار ترازا بـوو، چـونکە پتـرۆڤیچ چاوەسـاغەکەی هەڵبـڕی بـوو و بە تـیلەی چـاو تەمەشـای دەکـرد. ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، لە بـن لێوانەوە مینگە مینگێکی کرد و گوتی:

- ڕۆژباش پترۆڤیچ

پترۆڤیچ لە کاتێکدا چاوی بـڕی بـووە دەسـتی ئاکـاکی، تـا ببینـێ چ پـاروویەکی چەوری بـۆ هێنـاوە، وەڵامی دایەوە:

- ڕۆژباش قوربان!

- من... هاتووم... پترۆڤیچ... کە ئەم شتە...

دیـارە دەبـێ ئەوە بـزانین کە ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، عـادەتی وابـوو لە قسـەکردندا زۆر جـار ئـامڕازی پەیوەندی، ئاوەڵفرمان و هەندێ دەستەواژەی پچڕپچڕی بەکاردێنا کە هیچ مانایەکی ڕوونیان بەدەستەوە نەدەدا، خۆ ئەگەر بابەتی قسەکانی بڕێک ئاڵۆز بوایە، ڕستەکەی بۆ تەواو نەدەکرا و بە نیوە چڵی وازی لێدەهێنا. بۆ نموونە زۆرجار بەمجۆرە دەستی بە قسان دەکرد:" ئەوەی ڕاستی بێ، بە تەواوی مەعلـومی جەنابتە..." ئیدی هیچێ تـری نەدەگوت، خـۆی لەبیـر دەکـرد، وایـدەزانی مەبەسـتی خـۆی بەتەواوەتـی دەربڕیوە.

پترۆڤیچ پرسی: - دەی ئەمە چییە؟

ئیدی بە چاوەساغەکەی هەر سووچێکی پاڵتۆکەی دایە بەر نیگا، سەردەستەکانی، یەخەکەی، شوێن دوگمەکانی و بەرەکەی، پشتەکەی و سەر ملەکەی. لە ڕاستیدا تەقەڵ بە تەقەڵی ئەم پاڵتۆیەی لا ئاشنا بوو، چونکە دەستدرووی خۆی بوو، بەڵام ئیدی ئەمە عادەت و خووی خەیاتان بوو کە جلکان لەبەرچاوی مشتەری ئەم دیو وئەو دیو بکەن و بە وردی تەمەشای بکەن.

- پترۆڤیچ تۆ تەمەشا... یانی... ئەم پاڵتۆیەی من... بە خۆت دەبینی... تەمەشا، قوماشەکەی هێشتا هەر قایمە، کەمێک گەردوتۆزی گرتووە... ڕەنگە لە سۆنگەی ئەمەوە بڕێک کۆن بێتە بەرچاو، بەڵام هێشتا هەر تازەیە... تەنیا کەمێک... بە خۆت دەیبینی، ئەم پشتەی و تەنیشتی ئەم سەرشانەی و کەمێکیش... کەمێک سەری ئەو شانەشی... دڕاوە. ئیدی ئەم تۆزە هەموو عەیبەکەیەتی. کارێکی زۆری ناوێ...

پترۆڤیچ، (کەوڵەکە)ی لێوەرگرت، لە سەر مێزەکە ڕایخست و بۆ ماوەیەکی زۆر تەماشای کرد و سەرێکی لەقاند و دەستی درێژکرد و قوتووە بڕنوتیەکەی لەبەر پەنجەرەکە هەڵگرت، قوتووەکە وێنەی جەنەراڵێکی پێوە بوو، بەڵام دیار نەبوو کێهە جەنەڕاڵە، چونکە شوێنی دەمچاوەکەی هێندەی پەنجە پێدا هاتبوو، سڕابووەوە و کون بووبوو، بۆیە پارچە مقابەیاکی چوارگۆشە، بە شوێنی دەموچاوەکەوە نرابوو.

پترۆڤیچ بۆنێکی بڕنوتیەکەی کرد، پاڵتۆکەی دایە بەر ڕووناکیەکە و تەمەشایەکی دیکەی کردەوە، دووبارە سەرێکی بۆ لەقاند. ئەوسا ئەستەڕەکەی بەرز کردەوە و لەسەر مێزەکە ڕایخست، دیسان سەرێکی بۆ لەقاند. هەنگێ سەری قوتووە بڕنوتیە، جەنەڕاڵ نیشانە بێ سەرەکەی هەڵدایەوە و هەردوو کونە کەپووی پڕکردن لە بڕنووتی و قوتووەکەی لە گۆشەیەکدا دانا و ئەنجام هاتە قسان و گوتی:

- نەخێر فایدەی نییە، نایەتە چنینەوە، بە کەڵک نەماوە!

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، کە گوێی لەو قسانە بوو، دڵی داخورپا. بە دەنگێکی پاڕانەوە ئامێزی منداڵانە گوتی:

-بۆچی چاک ناکرێت پترۆڤیچ؟ تەنیا سەر شانەکەکانی دڕاون، بۆ تۆ کاریکی قورس نییە، بێگومان پارچەت هەیە کە پینەی بکەی...

پترۆڤیچ گوتی:

- پارچەم هەیە، پارچە کێشە نییە، دەست دەکەوێت، بەڵام پاڵتۆکە بەتەواوی پواوە، وا شی بووەتەوە، پینە ڕاناگرێت.

- باشە، تۆ دوای چنینەوەکە، پینەیەکی پێدا بدە.

- خۆ پینە دەبێ بە شوێنێکەوە بنرێت، پینە بە بۆشاییەوە دەنرێت؟! پاڵتۆکەت بەتەواوەتی ڕزیوە، هەر بەناو پاڵتۆیە، بایەک لێی دا دیوادەر کون دەبێت.

- دەی باشە هەوڵێکی لەگەڵدا بدە، هەر چۆنێ بووە پینەیەکی پێوە بنە. مەبەستم ئەمەیە کە بە حەقیقەت...

پترۆڤیچ بەتوندی بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر، بەداخەوە قوربان، هیچی لەگەڵدا ناکرێ. عومری خۆی کردووە، باشترین شت ئەوەیە بیکەی بە چەند پارچەیەکەوە و زستانان لە پێتیەوە وەپێچی، چونکە کە دنیا تەواو سارد دەبێت، گۆرەوی پیاو لە سەرما ناپارێزێ. ئەم ئەڵمانیانە بۆیە گۆرەویان داهێناوە، تا پارە لە خەڵکی بکێشنەوە و دەوڵەمەند ببن. (پترۆڤیچ، قینی لە ئەڵمانەکان بوو و لە قسەکردنا تانووتی لێ دەدان.) سەبارەت بە پاڵتۆکەش، پێموایە دەبێ یەکێکی تازە بدەیتە دروون.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ کە گوێی لە وشەی (تازە) بوو، بەرچاوی تاریک بوو، سەری بە گێژەوە چوو، هەموو شتێکی ناو ژوورەکە لەبەرچاویا گێژی دەخوارد، هیچ شتێکی بەدی نەدەکرد، تەنها ئەو جەنەڕاڵە بێ سەرەی سەر قوتووی بڕنووتیەکەی پترۆڤیچ نەبێ. هەر بەو وروکاسییەوە گوتی:

- مەبەستت لە تازە چییە؟ من پارەی شتی وام نییە.

پترۆڤیچ بە ڕەقی گوتی:- بەڵێ دەبێ پاڵتۆیەکی تازە بدەیتە دروون.

- باشە ئەگەر بمەوێ یەکێکی تازە بدەمە دروون یانی چۆن، چەندی..؟

- مەبەستت ئەوەیە کە چەندی تێدەچێت؟

- بەڵێ

- پترۆڤیچ هونەرپیشانە لێوەکانی کرۆشت و گوتی:

بەلای کەمەوە سەدوپەنجا ڕۆبڵێکی تێدەچێت، ئەگەر زیاتری تێنەچێت.

پترۆڤیچ حەزی دەکرد قسەی کاریگەری ئەوتۆ بکات کە بەرانبەرکەی شپرزە بکات وپاشان بە تـیلەی چاو لێی بڕوانێ و شوێنەواری قسەکەی بەسیمای شێواوی بەرانبەرەکەیەوە بدینێ. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ کە بە تەبیعەت بە ئارامی قسانی دەکرد، بۆیە یەکەمجار لە ژیانیدا پڕ بەزار هاواری کرد:

- سەدوپەنجا ڕۆبڵ بۆ پاڵتۆیەک!

پترۆڤیچ بەرسڤی دایەوە:

- بەڵی قوربان خۆ ئەگەر بتەوێ یەخەی فەرووی لێ بنەیت و ئەستەڕی کڵاوەکەی ئاوریشم بێ ئەوا بێ منەت دووسەد ڕۆبڵ و زیاتریشی تێدەچێت.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ کە هەوڵیدەدا گوێی خۆی لە قسەکانی وەستا پترۆڤیچ کەڕ بکات و خـۆی لە گێلـی بدات، بەدەم پاڕانەوەوە گوتی:

- تکات لێدەکەم وەستا پترۆڤیچ، هەرچۆنێک بـووە پینەوپەڕۆیەکـی بکە، یـانی بـایی ئەوەی مـاوەیەکی دیکەش لەبەری بکەم.

پترۆڤیچ گوتی:- بەداخەوە، فایدەی نییە، هەم ئیشەکەی من و هەم پارەکەی تۆ بەفیڕۆ دەچن.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ کە گوێی لەو قسەیە بوو، بە جارێ نەترەی بەردا، هەرەسـی هێنـا، بە نائومێـدی لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

دوای ڕۆیشـتنی ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، پتـرۆڤیچ مـاوەیەکی زۆر بەبـێ جـوڵە لە جێـی خـۆی مـایەوە، بە جۆرێکی مانادارەوە لێوی خۆی دەکرۆشت، تا ماوەیەک نەچووە سەر کارەکەی. خۆشحاڵ بوو بەوەی کە توانیبووی قەدری خۆی و پیشەکەی بگرێت. نە خۆی و نە سنعەتەکەی ڕەزیل نەکردبوو.

کاتێ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، گەییە سـەر جـادەکە وەکـو یەکێـک بەدەم خەوەوە قسـان بکـات، بەو ئـاوایە لەبن لێوانەوە دەیگوت: "نۆبەتی ئەو قەوانەیە، شتی وا دێتە پێشێ، پیاو بەخەونیش تەسـەوری ناکـات، یانی..." دوای بێـدەنگییەکی کەم دیسـان هەڵیـدایە: "کەواتە ئاوهـایە" دوای متبـوونێکی درێـژ هەمـدیس گوتیەوە: "کەواتە ئاوها. بەڕاستی چاوەڕوانی شتی وا نەبـووم... کەواتە... ئەوەی ڕاسـتی بـێ، ڕاسـتت دەوێ هێندە چاوەڕوان نەکراو بوو... حەپەسـام... نـۆبەتی ئەو قەوانەیە! دەوەرە و تەمەشـاکە!" دوای ئەوەی ئەو قسانەی کرد کەمێک خـۆی بەتـاڵ کـردەوە، لە جیـاتی ئەوەی ڕێگـای مـاڵ بگـرێتە بەر، بـێ ئەوەی بەخـۆی بحەسـێت، ڕێـک بە پـێچەوانەوە دەکەوێـتە ڕێ. لە ڕێگـا کـابرایەکی پـاککەرەوەی دووکەڵکێشـی مـاڵان خـۆی لێـداو سـەراپای لە تەنیـدا ڕەش کـرد، هەر لەو کـاتەدا، لە قـاتی سـەرەوەی

بینایەکەوە کە تـازە دروسـت دەکـرا، یەک تەشـت دووخاویـان (گێچـاو) بەسـەردا ڕشـت، هەمـوو ئەوەی بەسەر هاتبوو، هەر بە خۆیشی نەزانی بوو. کاتێ وەخۆ هاتەوە کە خۆی کێشـا بە پۆلیسـێکدا، کـابرای پۆلیس داردۆنکیەکەی نابووە ژێربالّی و خەریک بوو تۆزێ بڕنووتی دەکردە نێو دەستە بالوکاویەکەیەوە. ئەوجاش کاتێ وەخۆ هاتەوە کە کابرای پۆلیس قیژانی بەسەریا:

- ئەوە چیە قاتی ڕێگایە، ئەو شۆستە پانەت بەجێهێشتووە و خۆت بە کۆشی مندا دەکەی؟

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، کە وەخۆ هاتبووەوە، گەڕایەوە و ڕێگای مالّەوەی گرتەبەر. لە مالەوە، هـزر وبیـری خۆی کۆکردەوە و وەزع و حالّی خۆی بە ڕوونی هێنایە بەرچاوی خۆی، کەوتە خۆدوانـدن نەک بە قسـە پچڕپچر و بێ سەروبەرەکانی جارانی. بەلّکو زۆر بە ماقولّی و ڕەوانی، وەکو ئەوەی بۆخچەی دلّـی بـۆی هاوڕێیەکی هوشار و دلّسۆز بکاتەوە و نهێنیترین ڕازی خۆی بخاتە بەر دەسـتی. لەبەر خـۆیەوە گـوتی:" نا، ئاشکرایە کە ئێستە قسە لەگەلّ پترۆڤیچدا ناکرێت، هیچ سەودایەکی لەگەلّدا ناکرێت. یانی ئێستا... پێدەچوو ژنەکەی کەمێکی دارکاری کردبێت. وا چاکە سەبربگرم و بەیـانی یەک شـەممە بچـمەوە بـۆلای. دوای خومـاری شـەوی شـەممە، ئیـدی بەدەم وەنەوزەوە هـیلاک و خەوالّـوو، ئامـادە دەبـێ لە پێنـاوی پێکێکی خومارشکێندا، سـەری خـۆی بکـات بە شـاباش، بێگومـان ژنەکەی پـارەی نـاداتێ، هەنگـێ مـن خۆمی دەگەیەنمێ دە کوپیکێکی دەخەمە قولی مستەوە و ئیدی دلّی نەرم دەبێت و بە ئاسانی لەگەلّما ڕێک دەکەوێت و پالّتۆکەم لێوەردەگرێت و یانی..."

ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، بەو خەیـالّ پـلاوانە ئـۆخژنێکی بەدلّ و دەروونـی خـۆی بەخشـی و ئـاهێکی پێـدا هاتەوە و بە ئاسودەیی چاوەڕوانی هاتنی یەک شەممەی کرد، هەنگێ یەکسەر چـوو بـۆلای پتـرۆڤیچ. کە لە دوورەوە بینی ژنەکەی پترۆڤیچ خەریکە بە کارێـک لە مـال وەردەر دەکەوێ، چـاوەڕوانی کـرد تـا ئەو ڕۆیی، هەنگێ بە هەشـتاو خـۆی بە ژووردا کـرد. چـۆنی مەزەنـدە لێـدابوو، وا دەرچـوو. پتـرۆڤیچ، دوای شەوی شەممە، تەواو گێژ و مەنگ بوو، سەری بەسـەر سـینگ و بەرۆکیـدا شـۆڕ بـووەتەوە و چاوەکـانی خەوالّـوو خومـار دەهـاتنە بەرچـاو. بەلاّم هەرکە زانـی ئاکـاکی بە چ نیـاز و مەبەسـتیک هـاتووە، تەواو وەهۆش هاتەوە، وەکو ئەوەی شەیتان تێوەی ژەندبێ، مەستی بەریدا و گـوتی: "نەخێـر مەحـالّە، دەبـێ پالّتۆیەکی تازە بەدوورین بدەیت." لەم کاتەدا ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، دەرفەتی هێنا و دراوێکـی دە کـوپیکی خستە قولی مستیەوە.

پترۆڤیچ گوتی: "زۆر مەمنوونم قوربان، ئێستا پێکێکی چکۆلە بە سـەلامەتی تـۆ دەخـۆمەوە و خـۆم ساز دەدەم. بەلاّم من لە جیاتی تۆ بام هیچ خەمێکم لەو پالّتۆ کۆنە نەدەخوارد. یـانی بە کەلّکـی هـیچ نایەت. خەمت نەبێ پالّتۆیەکی وات بۆ دەدوورم لینگەی نەبێ، ئیدی باسی مەکە، تەواو!"

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ ویستی شتێک بڵێت، بەڵام پترۆڤیچ، خۆی لە گێلی دا و لەسەری ڕۆیی:

"هیچ خەمت نەبێ، یەکێکی تـازەت بـۆ دەدوورم. دڵنیـابە زۆر بـاش دەردەچێـت، خـۆ ئەگەر ویستیشـت لەسەر مۆدێلێکی تازە بێت، ئەوا گێزوگوڵینگی زیویشت بۆ بەیەخەکەیەوە دەنەم"

کاتێ ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، زانـی هـیچ چـارێکی نـیـە و هەر دەبـێ پـاڵتۆیەکی تـازە بکـات، بە تەواوی هەرەسی هێنا، نەهەقی نەبوو، بەکام پـارە؟ لە کـوێی بێنـێ؟ هەڵـبەتە دەیتـوانی تـاڕادەیەک پشـت بەو جەژنـانەیە ببەسـتێ کە بەڕێـوە بـوو، بەڵام لە مێـژ بـوو تەگبیـری چـۆنیەتی خەرجکردنـی ئەو پـارەیەی کردبوو. داینابوو پانتۆڵێکی نـوێی لـێ بکڕیـت، ئەمە جـگە لەوەی قەرزی ئەو پینەدۆزەشـی لەلابـوو، کە بنی تازەی بۆ لە چەکمەکانی نابوو و، دەبوایە بیداتەوە. هەروەها دەبوا سێ کراس و دوو جلی ژێـرەوە، کە ناشێت لە دەقێکی نووسراودا ناوببرێ، بە کرد بدات. بە کورتی پارەکەی پێشخۆرکردبوو، بۆیە ئەگەر بەڕێوبەرەکەی لە پیاوەتی خۆی ئەو جەژنانە و پاداشتەی بۆ گەیاندبایە چـل و پێـنج و تەنـانەت پەنجا ڕۆبڵێش ، هێشتا ئەوەی لێی دەمایەوە، ئەوەندە کەم بوو، لە ئاستی نرخی پاڵتۆکەدا، نەیدەکردە قەترە لە دەریاش. هەرچەندە دەیزانی کە پترۆڤیچ عادەتی وابوو، هەندێجار دەهات بەسەریا و نرخێکـی هێنـدە زۆری داوا دەکرد کە نە دەچووە هیچ ئەقڵیکەوە و تەنانەت ژنەکەشی خۆی پێنەدەگیرا و هاواری بەسەردا دەکرد: "ئەوە چێتە، شێت بووی، هەی پیرەکەر؟! ڕۆژێ بە نـیمچە خـۆڕایی کـار دەکـات و ڕۆژێکـی دی شەیتان دەچێتە بن کلێشـەیەوە و هەقدەسـتێ داوا دەکـات، لە نرخـی سـەری خـۆی زیـاترە!" هەرچەنـد دەیزانی کە پـترۆڤیچ، بە هەشـتا ڕۆبڵـێش کـرە دەکـات و پـاڵتۆکەی بـۆ دەدوورێـت، بەڵام ئەمەش هـیچ دەردێکی دەرمان نەدەکرد، ئەم هەشتا ڕۆبڵە لە کوێ بێنێ؟ ڕەنگە نیوەی ئەو پارەیەی، یان شتێ زیاتر لە نیوەی بۆ هەڵسوڕێ، ئەدی نیوەکەی دیکەی لە کوێ بێنێ؟!

جـا بەر لەوەی درێـژە بەم باسـەمان بـدەین، پێویسـتە خـوێنەران لەوە ئاگـادار بـن کە ئەو نیـوەی یەکەمەی لەکوێ بوو.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ عادەتی وابوو، لە هەر ڕۆبڵێک کە خەرجـی بکـرادیە، نیوکـوپیکێکی گـل دەدایەوە و دەیخستە سـەندوقێکی چکـۆلەی هەمیشـە قفـڵ دراوەوە، کە درزێکـی بـاریکی کردبـووە سـەرەکەی. هەر شەش هەیڤ کەڕەتێک، پارەکـانی دەژمـارد و دراوە مسـەکانی دەگـۆڕی بە دراوی زیـو ولە دەغـیلەکەی دەنایەوە. دەمێ بوو ئەو کارەی دەکرد، بەم جۆرە لە زەرفی چەند ساڵێکدا پتر لە چل ڕۆبڵ پاشەکەوت دەکات. بەڵام نیوەکەی دی لەکوێ بێنێ؟

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، مـاوەیەکی زۆر لە فکـران ڕاچـوو و ئەنجـام لێبـڕا، خەرجـی ڕۆژانەی کەم بکـاتەوە. بەلای کەمەوە بـۆ مـاوەی سـاڵێک کەمـی بکـاتەوە: دەبـوایە چـای ئێـواران نەخـواتەوە، شـەوانم مـۆم

دانەگیرسێنێ، ئەگەر کاری پاکنووس و نووسینەوەی هەبێ، بڕوات بۆ ژووری پیرەژنەکەی خاوەن ماڵەکە و لەبەر مۆمەکەی ئەودا، کارەکەی ئەنجام بدات. دەبوو زۆر بە هێواشی بگرە لەسەر نووکی پێیان بەسەر سەڵبەند و شۆستەکاندا بڕوات، تا بنی پێڵاوەکانی نەسوێن و، تا دەکرێ کەمتر جلەکانی بۆ شتن بداتە جلشۆر، بۆ ئەوەی جلەکانی زیاتر بەرگە بگرن . هەرکە دەگەییەوە ماڵێ، دایدەکەندن و ڕۆبێکی ئەستووری دەزووی هەبوو، ئەوەی لەبەر دەکرد. ئەم ڕۆبە یەجگار کۆن بوو، بەڵام ئیدی ڕۆژگار مدارای کردبوو. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بەرنامەیە و ڕاهاتن لەسەر ئەم بەرنامەیە لە هەوەڵەوە بۆ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ قورس بوو، بەڵام هێدی هێدی خووی پێوە گرت. کار گەییە ئەوەی کە ئێوارانیش شت نەخوات، ئیدی بە خەیاڵی پاڵتۆکەیەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێت بە خاوەنی پاڵتۆی نوێ، لە باری ڕۆحییەوە تێر دەبوو. ئیدی لە سایەی ئەم ڕژیمە خۆراکییەدا، هەستی دەکرد کە ژیانی ئاسوودەترە، وەکو ئەوە بوو ژنی هێنابێ و هەمیشە یەکێکی دیکەی لەگەڵ بێ، بەتەنیا نەبێ و هاوڕێ و هاودەمێکی دڵسۆزی هەبێ و بەڵێنی دابێ کە ڕێگای دژواری ژیانی تا سەر لەگەڵدا ببڕێت. ئەو شەریکی ژیانە، پاڵتۆ ناودارە ئەستوور و ئەستەڕ (بەر، بەتانە) قایمەکەی ئایندەی بوو کە بە خەیاڵی ئاکاکی عومرێک دەوامی دەکرد. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، وەکو پیاوێک کە ئامانجێکی لە ژیاندا بۆ خۆی دیاری کردبێت و هەوڵبدات بیگاتێ، زۆر لە جاران بە کەیف و بەدەماختر، چالاک و متمانە بەخۆتر بووبوو. هیچ نائومێدی و گومان و دوودڵییەک بە سیمایەوە نەمابوو. هەندێجار تروسکەی ئومێدێک لە چاوانیا پرشنگ دەدا و بیرۆکەیەکی بوێرانە بە مێشکیدا دەهات و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چۆنە، ڕاسپێرم یەخەیەکی فەرووشی لێ بنێت؟!"

ئەم بیر و خەیالانە، مێشکیان بە جۆرێ مژوڵ کردبوو کە جارێک لە کاتی پاکنووس و نووسینەوەدا، لەزگ بوو وشەیەک بە غەڵەت بنووسێتەوە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "خوایا!" و ئاماژەی خاچی کێشا. بەلای کەمەوە مانگی جارێک سەری پترۆڤیچی دەدا و باسی پاڵتۆکەی دەگەڵدا دەکرد و تەگبیریان دەکرد کە قوماشەکەی لە چ موغازەیەک (دوکان) بکڕێت، ڕەنگەکەی چۆن بێت و نرخەکەی چەند بێ. هەموو جارێ بە خۆشحاڵی و ڕەزامەندییەوە — ئەگەرچی کەمێکیش نیگەران بوو- لەلای پترۆڤیچەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە و ئەو ڕۆژەی دێنایە بەرچاو خۆی کە هەموو کەرەستەکانی دەکڕێت و دوورینەکەشی تەواو دەبێت. ئیدی کاروبارەکانی خێراتر لەوەی وێنادەکرا، دەچوونە پێشێ. بەڕیوەبەرەکەی بڕیاری دا ئەمساڵ نەک چل یان چل و پێنج ڕۆبڵ بە ئاکاکی ببەخشێت بەڵکو شەست ڕۆبڵی کاشی بداتێ کە ئەمەی بە خەونیش نەدەبینی. ئیدی جەنابی بەڕێوبەر زانیبووی کە ئاکاکی پاڵتۆی بەدروون داوە و پیویستی بە پارەیە، یان ئەمە ڕێکەوتی ڕووت بوو، گرینگ نییە، ئاکاکی ئاکاکیڤیچ لەم بەینەدا، بوو بە خاوەنی بیست دانە ڕۆبڵی زیادە و چاوەڕوان نەکراو. ئەمە کردیە کارێک کە کارەکان خێراتر دەچوونە پێشێ. دوای ئەوەی دوو سێ مانگ نیمچە برسییەتی کێشا، ئاکاکی

ئاکاکیڤیچ توانی هەشتا ڕۆبڵ فەراهەم بکات. دڵی کە بە شێوەیەکی گشتی بە ئارامی لێی دەدا، کەوتە گورپە گورپ. ڕۆژی دوایی دەگەڵ پترۆڤیچدا چوون بۆ دوکانان، قوماشێکی زۆر باشیان کڕی، هەر دەبوایە وابێ، چونکە شەش دانە مانگیان بە باسی قوماشەوە بردبووەسەر و مانگ نەبوو نەچنە بازاڕ و سەری دوکانان نەدەن و تاقیبی نرخ نەکەن، کە قوماشەکەیان کڕی پترۆڤیچ گوتی قوماشی لەمە چاکتر لە هیچ شوێنێکی دی دەست ناکەوێ. بۆ ئەستەڕەکەشی کەتانیان کڕی، بەڵام کەتانێکی هێندە سفت و قایم هێندە پەسند کە پترۆڤیچ گوتەنی لە ئاوریشم نەرمتر وتەنانەت جوانتر بوو. بۆ یەخەکەی کەوڵە سمۆرەیان نەکڕی، چونکە بەڕاستی گران بوو، بەڵام لە جیاتی ئەوە کەوڵە پشیلەیان کڕی. کەوڵە پشیلەیەک کە لە هیچ دوکانێکدا کەوڵی لەوە باشتر دەست نەدەکەوت، ئەگەر تۆزێ لە دوورەوە تەمەشات بکردایە، لەگەڵ پێستی سمۆرەدا فەرق نەدەکرا. دوورینی پاڵتۆکە دوو هەفتەی تەواوی خایاند، چونکە پترۆڤیچ، دەبووایە سەرانسەری بەر و ئەستەڕەکەشی بە جوانی بندرو بکردایە دەنا زۆر زووتر تەواو دەبوو. پترۆڤیچ تەنیا دوازدە ڕۆبڵ، هەقدەستی لێوەرگرت، نەدەکرا لەوە کەمتر وەربگرێت، زەرەری دەکرد: چونکە زۆر پێوەی ماندوو بووبوو، ئەوپەڕی هونەر و وەستایی تیا بەکاربردبوو، هەرچی تەقەڵ و بنکێش و سەردرووی تیابوو، هەر هەمووی بە داوی ئاوریشم ئەنجام دابوو.

ئەنجام ڕۆژێ کە پترۆڤیچ، پاڵتۆکەی تەواو کرد... کەس بە تەواوەتی نازانێ چ ڕۆژێک بوو. بەڵام لەوە دەچێ گرینگترین ڕۆژی ژیانی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ بووبێت. بەیانی زوو بەر لەوەی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بۆ فەرمانگە بڕوات، بۆی هێنا بۆ ماڵەوە. لە گونجاوترین کاتدا بۆی هێنایەوە، چونکە سەرما و سۆڵەیەکی بەترەف دەستی پێکردبوو و پێدەچوو سەرما و سۆڵەکە زیاتر ببێت. ئیدی پترۆڤیچ، وەکو هەر خەیاتێکی باش بەدەستی خۆی پاڵتۆکەی بۆ هێنایەوە. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، هەرگیز ئەوی بەو ویقار و سەنگینییەوە نەبینی بوو. پێدەچوو هەست بەوە بکات کارێکی زۆر گەورە و دەگمەنی کردووە، بەم کارە ئەوەی سەلماندبوو کە چ جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پینە و پەڕۆ کارێکی تەقەڵبەستی لا کۆڵان و خەیاتێکی دەست ڕەنگین و کارامەدا هەیە کە جلکی تازە دەدوورێ. پترۆڤیچ پاڵتۆکەی لەنێو بوخچەیەک کە تازە لە ئوتوخانە هێنابوویەوە، دەرهێنا. ئەوجا بوخچەکەی قەدکرد و نایە بەر باخەڵی بۆ ئەوەی جاری دیکەش بە کاری بەرێت. دوای ئەوەی پاڵتۆکەی دەرهێنا بە شانازی و غروورەوە تەمەشایەکی کرد، بە هەردوو دەست پاڵتۆکەی گرت، ئەوسا بەوپەڕی کارامەیی دای بە شانی ئاکاکی ئاکاکیڤیچدا، داوێنەکەی ڕاکێشا، شانەکانی سافکرد و لە دواییدا یەخەکەشی جووت کرد. بەڵام ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، وەکو هەر پیاوێکی ناڤساڵی وازوازی. ویستی جارێکی دیکەش پاڵتۆکە تاقی بکاتەوە و قۆڵی تێهەڵکێشیت. پترۆڤیچ یارمەتی دا کە قۆڵی تێهەڵکێشێت. بە کورت و موختەسەری، بێ چەند و چوون پاڵتۆکە فیت پڕ بەبەری بوو. پترۆڤیچ، ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی کە بە ئاکاکی بڵێت کە بۆیە ئەو هەقدەستە کەمە داوا دەکات، چونکە دوکانەکەی لە لاکۆڵاندایە و تابلۆی پێوە نییە و، (ئاکاکی

ئاکاکیڤیچ)ش ناسیاو و مشتەری کۆنە. دەنا بچوایەتە لای هەر خەیاتێکی شەقامی (نیڤسکی) بەلای کەمەوە هەفتاوپێنج ڕۆبڵیان هەقدەست لێ دەسەند. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، حەزی نەدەکرد زۆر لە سەر ئەم مەسەلەیە. بڕوات، چونکە ئەو هەقدەستە زۆرەی کە پترۆڤیچ لەمشتەریەکانی داوا دەکرد، زەندەقی پیاوی دەبرد. بۆیە خێرا هەقدەستەکەی دایە پترۆڤیچ و سوپاسی کرد، یەکسەر بە پاڵتۆ تازەکەیەوە بەرەو دایەرە کەوتە ڕێ. (پترۆڤیچ)ش لە دوای ئەوەوە وەدەرکەوت، لەسەر جادەکە وەستاو تاوێکی باش لە دوورەوە تەمەشای پاڵتۆ دەستدرووە موتورفەکەی (زۆر جوان) خۆی دا. ئەوجا بە ئانقەست ڕێگای خۆی گۆڕی و بە کۆڵانێکی لاوەکیدا هەوراز بووەوە، تا ئەمجارەیان لە پێشەوە ڕووبەڕووی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ ببێتەوە و لە پێشەوە تەمەشایەکی پاڵتۆ دەسکارەکەی خۆی بکات.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، خۆشحاڵ و بەکەیف بەرەو دایەرە ڕێی دەکرد. هێندە دڵی بەپاڵتۆ تازەکەی خۆشبوو، لە دوورەوە بسکەی سمێڵی دەهات. نەهەقی نەبوو، پاڵتۆکەی پاڵتۆ بوو نە گاڵتە! هەم لە سەرما و سۆڵەی زستانی دەپاراست و هەم جوان و کەشخەش بوو. خۆیشی نەیزانی لە کەیەوە بەڕیوەبوو، کاتێکی بەخۆزانی، بینی لە دایەرەیە. لە ژووری جلکان پاڵتۆکەی داکەند، بەوردی تەمەشای هەموو شوێنێکی کرد و ئەوجا دایە دەستی دەرگاوانەکە و چەند جارێک لێی دووبارەکردەوە کە زۆر ئاگای لێ بێ.

کەس نەیزانی چۆن بەو خێراییە هەموو کارمەندانی دایەرەکە زانیان کە ئاکاکی ئاکاکیڤیچ پاڵتۆی تازەی کڕیوە و کەوڵە کۆنەکەی فڕێداوە. هەرکە گەییە دایەرە، هەموو فەرمانبەرەکان بە هەشتاو خۆیان گەیاندە ژووری جلکان تا تەمەشای پاڵتۆ تازەکەی هاوکەرەکەیان بکەن. ئیدی پیرۆزبایییەکی هێندە گەرم و گوڕیان لێکرد، کابرایان خەجاڵەت کرد. هەموو دەوریان داو گوتیان دەبێ شیرینی ئەم پاڵتۆ تازەیە بخۆن و پێیان لێداگرت کە بە لای کەمەوە شەو بێریەکیان (شەونشینی دۆستان پێکەوە) لە ماڵی خۆیدا بۆ ساز بکات. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، تەواو پەشۆکا بوو. نەیدەزانی چ وەڵامێکیان بداتەوە و چۆن خۆی لەم داوایەیان بدزێتەوە. دوای چەند دەقیقەیەک سوور سوور بووەوە و بەوپەڕی ساویلکەیی هەوڵیدا قەناعەتیان پێ بێنێ کە ئەم پاڵتۆیە تازە نییە و هەر کەوڵە کۆنەکەی خۆیەتی. ئەنجام یەکێک لە فەرمانبەرەکان کە یاریدەدەری بەڕێوبەر بوو، فریای کەوت ڕەنگە لەبەر ئەوەی وابنوێنێ کە پیاوێکی خاکی و بێ هەوایە، خۆی لە فەرمانبەرەکانی بەردەستی خۆی بە گەورەتر ناگرێ و کەسێکی دڵاوا و دەست ودڵ تێرە و ئامادەیە ببێ بە هاونشین و هاوپیاڵەی ژێردەستەکانی خۆی، هەڵیدایە و گوتی: "باشە، من لە جیاتی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، دەعوەتتان دەکەم و ئەمشەو هەمووتان لە ماڵی مندا دەعوەتی چایین. بۆ ئاگاداریتان ئەمشەوساڵیادی لەدایکبوونیشمە."

هەڵبەتە هەموویان سوپاسی جەنابی یاریدەدەری بەڕێوبەریان کرد و بە خۆشحاڵی و منەتبارییەوە دەعوەتەکەیان قەبوڵ کرد. کاتێ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، ویستی تەوازی بێنێتەوە و نەچێت بۆ دەعوەتەکە، هەموو بە جارێ ڕووی دەمیان تێکرد و گوتیان کە ئەمە کارێکی نەشیاوە و عەیبێکی گەورەیە و دەستی کەرەم بە هیچ بیانوویەک ڕەت ناکرێتەوە. ئیدی ئەویش چاری نەما و دەعوەتەکەی قەبووڵ کرد. بەڵام پاشان کە بیری کەوتەوە ئەم شەوبێری وئاهەنگە دەرفەتێکی زۆر باشە، بۆ ئەوەی خۆی بە پاڵتۆ تازەکەیەوە بنوێنێ، خۆشحاڵ بوو. ئەو ڕۆژە بۆ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، وەکو گەورەترین و خۆشترین جەژن بوو. بەوپەڕی کەیف خۆشی بۆ ماڵ گەڕایەوە. پاڵتۆکەی داکەند و زۆر  بە وریایی بە دیوارەکەوەی هەڵواسی، ماوەیەکی زۆر بە ستایشەوە لە قوماش و ئەستەڕی پاڵتۆکە ڕاما. ئەوجا پاڵتۆ کۆنەکەی، کە بە تەواوی ڕزی بوو، دەرهێنا تا لەگەڵ پاڵتۆ تازەکەیدا بەراوردی بکات، بەدەم بەراوردکردنەوە، ژێراوژێر بزەی دەهاتێ: ئاسمان و ڕێسمان بوون! بە درێژایی خواردنی فراڤین کە کەوڵە کۆنەکەی بیر دەکەوتەوە، بزەی دەهاتی وبە وەزعی نالەبەری پێدەکەنی. نانی نیوەڕۆی بەلەزەت و ئیشتیاوە خوارد، دوای نیوەڕۆ نەچوو بەلای پاکنووس و نووسینەوە، دەستی بۆ پارچە کاغەزێک نەبرد، بەڵکو چوو بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر جێگاکەی پاڵکەوت و تا دنیا تاریک بوو هەر بەو حاڵەوە مایەوە. پاشان بە گورجی خۆی گۆڕی، پاڵتۆکەشی دابەشانیا و لە ماڵ وەدەرکەوت. لێ مخابن، من نازانم ئەو فەرمانبەرەی کە دەعوەتەکەی کردبوو، لەکوێ دەژیا، لە چ شوێنێک ئاکنجی بوو، بەڕاستی یادگەم خەریکە عەمارە پۆ دەبێت و، بە هانامەوە نایەت، خانوو و شەقامەکان و هەموو شتەکانی پتروسبۆرگ بە جۆرێ لە زەینمدا تێکەڵ و پێکەڵ بوون و کە هیچم بە تەواوەتی بیر ناکەونەوە. تاقە شتێک کە بە دروستی لە بیرم مابێ ئەوەیە کە فەرمانبەری گۆرین، لەباشترین گەڕەکی شاردا دەژیا، بەمەدا ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێ کە زۆر لە ماڵی ئاکاکی ئاکاکیڤیچەوە دوور بوو. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، دەبوایە چەند شەقامێکی چۆڵ و نیمچەتاریک ببڕێت، بەڵام تا لە شوقەکەی فەرمانبەری گۆرین نزیکتر دەبووەوە، جادەکان ئاوەدان و قەرەباڵغتر و ڕووناکتر دەبوون و ژمارەی ڕێبواران زیاتر دەبوو. خەڵکێکی زۆر بەسەر ئەم شەقامەکاندا مژووڵی پیاسە و ڕاوێچکە بوون، لە نێو ئەمانەدا ژنانی شووش و باریک، تەڕپۆش و ڕندی دەبینی، پیاوانی شیکپۆش بە پاڵتۆی جوانی یەخە فەرووەوە، دەبینران. لێرەدا بە دەگمەن عەرەبانەی شەق و شڕ و خزاگی تەختە بەرچاو دەکەوت. زیاتر گالیسکەی جوانی  کەشخەی بۆیاخکراو دەبینرا کە ناوەکەیان بە پێستی ورچ فەرش کرابوون، سەرەکەیان بە چادری جوان گیرابوو، کورسی چەرمیان تیا بوو، کیژانی عەرەبانچی تەڕپۆش، بە کڵاوە مەخمەلیە سورەکانیانەوە، بە نەرمی دەیان ئاژۆت و سەهۆڵی ژێر پێچکەکانیان، بە قرچە قرچ دەشکا.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بە جۆرێ نقومی تەمەشای ئەم دیمەنانە بوو، وەکو ئەوەی بە عەمراتی شتی وای نەدیوە. نە هەقی نەبوو، چونکە چەندین ساڵ بوو، بۆ پیاسەی ئێواران لە ماڵ نەهاتبووە دەرێ. بە

کونجکاوی لە بەردەم جامخانەی موغازەیەکی ڕووناکدا وەستا تا تەمەشای تابلۆیەک بکات، تابلۆکە وێنەی ئافرەتێکی جوانی پیشان دەدا کە پێڵاوەکانی دادەکەند و هەموو پاوپوزی دەرکەوتبوو، پاوپوزێکی جوان بوو. پیاوێکی بزن ڕیشی لاجانگ درێژ، لە پشتەوە و لە دەرگای ژوورێکی ترەوە، نیگای نەوسنی تێ بڕی بوو. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، سەرێکی لەقاند، بزەیەکی بۆ کرد و درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. ئەم بزەیەی لەبەر چی بوو؟ تۆ بڵێی لەبەر دیتنی شتێک بووبێ کە پێشتر هەرگیز نەیبینی بوو. بەهەرحاڵ هەموومان سەبارەت بەو شتە غەریزەمان دەبزوێ، یا ئەویش وەکو زۆربەی کارمەندان لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئامان لەدەست ئەم فەڕەنسیانە! ئەگەر بیانەوێ شتێک بکەن... مەبەستم ئەمەیە کە... لە ڕاستیدا شتێک..."خۆ ڕەنگە هەرگیز بیری وای بە مێشکا نەهاتبێ، مەحاڵە بشێت بچیتە ناخی کەسێکەوە و پەی بە بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی بەریت. ئەنجام گەییە ماڵی خانەخوێیەکەی، واتە ماڵی یاریدەدەری بەڕێوبەر. ئەم پیاوە، وەکو ئەشرافان دەژیا: شوقەکەی لە نهۆمی دووەمدا بوو، چرایەک بە بەرزی بە دیار ڕاڕەو و قاڵدرمەکانیەوە دەسووتا.

کاتێ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ گەییە بەر هەیوانەکە، ڕیزێک کاڵۆشی بینی کە لە بن دیوارەکەدا ڕیزکرابوون. سەماوەرێکیش لە ناوەندی ژوورەکەدا بە گیزەگیز دەکوڵا و هەڵمی لێ بەرز دەبووەوە. کۆمەڵێک پاڵتۆ و ساقۆ بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون هەندێکیان یەخەکانیان فەروو بوو و ئەوانی دی بەرەکانیان مەخمەل بوو. لە ناکاوا، لەودیو دیوارەکەوە دەنگە دەنگ و هەرا و هەنگامەیەک هاتە گوێ، کە دەرگاکە کرایەوە، دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەکە ڕوونتر بووەوە، پێشخزمەتێک بە سینییەک کووپی بەتاڵ و سوراحیەک شیر و چەند پاکەتێک پسکێتەوە، هاتە دەرەوە. دیار بوو فەرمانبەرەکان لەمێژ بوو هاتبوون و تەنانەت یەکەم ڕیزە چایشیان نۆش کردبوو.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ بە خۆی پاڵتۆکەی بەدیوارەکەوە هەڵواسی و پاشان خۆی بە ژوورەکەدا کرد. کە چاوی بە دیمەنی مۆمەکان، فەرمانبەرەکان، پایپەکان و مێزی قومارەکە کەوت، بە جارێ حەپەسا ، دەنگە دەنگ و ژاوەژاو لە هەر چوارگۆشەی ژوورەکەوە بەرز دەبووەوە، تەق و هوڕی گواستنەوەی کورسی، گوێیان کپ دەکرد. پەشۆکاو و حەپەساو لە ناوەندی ژوورەکەدا ڕاوەستا، دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی، تیامابوو کە چ بکات. بەڵام زوو هەستیان پێکرد، بە کۆمەڵ بەدەم هەراو زەناوە، بە گەرمی خێرهاتنیان کرد و بە کۆمەڵ خۆیان بە بەر هەیوانەکەدا کرد و تا دووبارە تەمەشای پاڵتۆ تازەکەی بکەن. هەرچەندە ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بریک پەشۆکا بوو،، بەڵام چونکە بابایەکی ساویلکە و دڵپاک بوو، ئەو هەموو ستایشەی پاڵتۆکەی لێ بووبوو بەڕاست و لە دڵی خۆیدا کوڵێ کەیفی پێ دەهات. هەڵبەتە میوانەکان دوای ئەوەی لە شۆخی و ڕابواردنی خۆیان بوونەوە، وازیان لە ئاکاکی و پاڵتۆکەی هێنا و گەڕانەوە سەرمێزی قومارەکەی خۆیان. ئەو قەرەباڵغی و ژاوەژاو و هەرا و هەنگامەیە، هەر هەمووی بۆ

ئاكاکی تازە بوو. نەیدەزانی چی بکات، دەستی، لاقی، جەستەی چی لێ بکات و لە کوێیان دابنێت. ئەنجام لەسەر کورسییەکی کەنار مێزی قومارەکە دانیشت و کەوتە تەمەشای وەرەقەکان، ژێراو ژێریش دەیڕوانیە سەروسیمای یەک بە یەکی یاری چییەکان. ماوەیەک بەو دەقەوە مایەوە، ئیدی بێزاربوو، کەوتە باوێشک دان ،چونکە کاتی نووستنی بوری بوو. ویستی مۆڵەت لە خانەخوێکەی وەربگرێت و بڕوات، بەڵام میوانەکانی دی قایل نەبوون و گوتیان هێشتا زووە و هەر نەبێ، دەبێ بە بۆنەی پاڵتۆ تازەکەیەوە، پێکێک شامپانیا بخواتەوە. دوای سەعاتێک شیڤیان هێنا. شیڤەکە بریتی بوو لە زەڵاتەی ڕووسی. گۆشتی گوێرەکە و کولێرە بە قیمە و شامپانیا. هەر چۆنێ بوو دوو پەرداخ شامپانیایان دەرخواردی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ دا، ئیدی کەمێک خەیاڵ بوو و نەشە گرتی و ڕووی کرایەوە، بەڵام هەر بیری لای ئەوە بوو کە سەعات لە دوازدەی نیوەشەو تێپەڕیوە و دەبوایە لە مێژ بوایە لەماڵەوە بێ. جا بۆ ئەوەی خانەخوێیەکە لەوەی پتر گلی نەداتەوە، بە خشکەیی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکە، لەوێ چاوی بۆ پاڵتۆکەی گێڕا. لێ مەخابن لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، هەڵی گرتەوە و جوان جوان تەکاندی، دای بە شانیا و، بە قاڵدرمەکانا داگەڕا و خۆی گەیاندە سەر جادەکە. جادەکە هێشتا هەر ڕووناک بوو، هەندێ موغازە و دوکانی بچووک کە دەرگاوان و خەڵکانی دیکە کردبویان بە یانە و مەیخانەی خۆیان، هێشتا هەڵیان نەگرتبوو. بەڵام دوکانەکانی دی، هەرچەندە داخرابوون، بەڵام لە ژێر دەرگا و دەرابەکانیانەوە، تیشکی ڕووناکی دەهاتە دەرەوە و پێدەچوو، لە ناوەوە خەڵکیان تیابێ و مژووڵی گفتوگۆ بن. ئەمانە زیاتر ئەو خزمەتکار و کارەکەرانە بوون کە خۆیان لە ئاغاکانیان کە بەو شەوە بەخۆیانەوە مژووڵ بوون، دزی بێتەوە و سەری قسانیان دامەزراندبێ و دوا قسە و باس و دەنگۆیان بۆ یەکدی بگێڕنەوە. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، زۆر بە کەیف و بە دەماغ بوو، هێدی هێدی ڕێی دەکرد، لە ناکاوا ژنێک بە هەشتاو بەلایدا ڕەت بوو، ئازای بەدەنی وەکو سپرینگ دەلەراندەوە، ئاکاکی خۆیشی نەیزانی لەبەرچی بۆ چەند ساتێک بە گورگە لۆقە دووی کەوت. بەڵام هەر زوو وەستایەوە و خۆیشی سەری لەو ڕەفتارەی سووڕ مابوو! بۆچی بەو شیوەیە دووی ئەو ئافرەتە کەوتبوو. دووبارە بەکاوەخۆ کەوتەوە ڕێ. زوو بە زوو گەییە سەر ئەو جادە چۆڵ و هۆڵانەی کە بەڕۆژی ڕووناک چۆڵ و هۆڵ و نیمچە تاریک بوون چ جای بەشەو . لەو درەنگە شەوەدا دیمەنی ئەو جادانە تەواو ترسناک بوو، چراکان تەواو کز بوون، لەوە دەچوو نەوتیان کەم تیا بێ، جەنابی شاردار، سەبارەت بە نەوتی چراکانی ئەم گەڕەکەی شار، کەمێک ڕەزیلی دەکرد. بەرەبەرە، کەوێڵ و خانووە دارینەکانی لێ دەرکەوتن. تاقە زیرۆحێک بەدەرەوە نەبوو. جادەکان لە بەفرا سپی دەچوونەوە. تاپۆ و تارمایی کوختە نزم و خەمناکەکان بە پەنجەرە و دەلاقە داخراوەکانیانەوە دەرکەوت، دەتگوت لە غوڕابی خەودان. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، هەنووکە گەییبووە شوێنێکی جادەکە. دەچووە سەر مەیدانێکی بەرینی ئەوتۆ کە خانووەکانی ئەوبەری بە ئاستەم دەبینران: ئەم مەیدانە لە بیابانێکی ترسناک دەچوو.

له دووره‌وه، له شوێنێكه‌وه، مه‌گه‌ر هه‌ر خوا بزانێ كوێیه، له كوشكێكی پاسه‌وانیه‌وه، كه ده‌تگوت له‌وپه‌ڕی دنیایه، تروسكه ڕوناكیه‌كی كز، به ئاسته‌م ده‌بینرا. ئاكاكی ئاكاكیڤیچ، كه گه‌یه ئێره. ته‌واو نه‌تره‌ی به‌ردا، وه‌ختێ به مه‌یدانه‌كه‌دا ڕێی ده‌كرد، ترسێكی سه‌یر له دڵ و ده‌روونی نیشت، نه‌یده‌زانی چۆن به‌سه‌ر ئه‌و ترسه‌دا زاڵ بێت، ده‌تگوت دڵی خه‌به‌ری داوه، كه قۆرتێكی شوومی دێته ڕێ. ئاوڕێكی پاشی دایه‌وه، ته‌مه‌شایه‌كی ئه‌م لاو ئه‌ولای خۆی كرد؛ وای هاته خه‌یاڵ كه كه‌وتووه‌ته ده‌ریایه‌كی بێ سه‌روبنی تاریكییه‌وه. له دڵی خۆیدا گوتی: "نا، وا چاكه هه‌ر ته‌مه‌شا نه‌كه‌م" به چاوی نوقاوه‌وه كه‌وته ڕێكردن. كاتێ چاوی كردنه‌وه تا بزانێ چه‌ند ماوه له مه‌یدانه‌كه ده‌رباز ببێت، له ناكاوا لووتی ته‌قی به لووتی دوو زه‌لامی سمێڵ بابڕه‌وه، دنیا هێنده تاریک بوو، به ته‌واوه‌تی سه‌روسیمای زه‌لامه‌كانی بۆ ده‌ست نیشان نه‌ده‌كرا. به‌رچاوی تاریک تاریک بوو، دڵی به توندی كه‌وته لێدان. یه‌كێكیان وه‌كو هه‌ور گرماندی به‌سه‌ریا و یه‌خه‌ی پاڵتۆكه‌ی گرت و گوتی: "خۆ ئه‌مه پاڵتۆكه‌ی منه" ئاكاكی ئاكاكیڤیچ، ویستی هاوار بكات و داوای كۆمه‌ک بكات و پاسه‌وانه‌كه ئاگادار بكاته‌وه، به‌ڵام دزه‌كه‌ی دی، مستی كه به‌قه‌د سه‌ری فه‌رمانبه‌رێک ده‌بوو، له به‌ر ده‌م و فلْقیا ڕاگرت و له بن لێوانه‌وه گووتی: "فزه‌ت لێوه نه‌یه‌ت ها" ئاكاكی ئاكاكیڤیچ هه‌ر ئه‌وه‌نده ئاگای له‌خۆ بوو كه به جووته پاڵتۆكه‌یان له‌به‌ری داكه‌ند، شاپێكی توندیان سره‌واندێ و به‌ده‌ما كه‌وته سه‌ر به‌فره‌كه و بوورایه‌وه. دوای چه‌ند ده‌قه‌یه‌ک وه‌خۆ هاته‌وه، هه‌ستایه سه‌ر پێیان، به‌ڵام هیچ كه‌سێک له‌و ناوه نه‌مابوو. دنیا هێنده سارد بوو خه‌ریک بوو له‌سه‌رما ڕه‌ق ببێته‌وه، یه‌كسه‌ر پاڵتۆ دزراوه‌كه‌ی بیركه‌وته‌وه، كه‌وته هاوار كردن، به‌ڵام ده‌نگه‌كه‌ی ئه‌وه‌نده نزم بوو، كه مه‌حاڵ بوو له مه‌یدانێكی وا به‌ریندا بگاته گوێی هیچ كه‌سێک. هه‌نگێ به نائومێدی و بێ ئه‌وه‌ی بۆ ساتێک ده‌ست له هاواركردن هه‌ڵگرێ، به غاردان، به‌ره‌و قوڵغی (كوشک) كابرای پاسه‌وان ڕۆیی، كابرای پاسه‌وان له‌به‌ر قوڵغه‌كه‌دا، خۆی دابوو به‌سه‌ر گۆپاڵه‌كه‌یدا و به كونجكاوی ده‌یڕوانی تا بزانێ كه ئه‌م دێو و درنجه چیه وا به‌ده‌م هاواره‌وه، به غار به‌ره‌و ڕووی ئه‌م دێت. ئاكاكی ئاكاكیڤیچ، كاتێ به هانكه هانک خۆی گه‌یانده پاسه‌وانه‌كه، به‌ده‌م هه‌ناسه‌بڕكێ و هاواره‌وه، گله‌یی ئه‌وه‌ی لێكرد كه بۆچی خه‌وتووه و له ئه‌ركی خۆیدا كه‌مته‌رخه‌می كردووه و كه به‌به‌رچاوی ئه‌وه‌وه، زه‌لامێكیان ڕووت كردووه‌ته‌وه و به هانایاوه نه‌چووه و فریای نه‌كه‌وتووه. پاسه‌وانه‌كه وه‌ڵامی دایه‌وه كه كه‌سی نه‌دیوه، ته‌نیا دوو زه‌لامی له ناوه‌ندی ده‌شته‌كه‌دا بینی كه ئه‌ویان ڕاگرتووه و به‌ڕاستی وای زانیوه كه ناسیاوی ئه‌ون. ئامۆژگاری كرد له جیاتی ئه‌وه‌ی به خۆڕایی جنێوان بدات، باشتر وایه بۆ ماڵ بڕواته‌وه و سبه‌ی به‌یانی زوو بچێت دادی خۆی به‌رێته به‌ر به‌ڕێوه‌به‌ری پۆلیسی ناوچه و هه‌نگێ به‌ڕیوبه‌ری پۆلیس، دزه‌كان ده‌دۆزێته‌وه و پاڵتۆكه‌ی بۆ وه‌رده‌گرێته‌وه. ئاكاكی ئاكاكیڤیچ،، به‌وپه‌ڕی خه‌م و په‌ژاره‌وه بۆ ماڵ گه‌ڕایه‌وه، سه‌روقژی — مه‌به‌ست له‌و تۆزه قژه‌یه كه به لاجانگه‌كان و پشتی سه‌ریه‌وه مابوو- به‌جۆرێ شێوابوو له تۆ وایه شه‌یتان ده‌ستی لێوه‌شاندووه. سه‌راپا قه‌د و باڵا و

سینگ و بەرۆکی لە بەفردا سپی دەچوونەوە پیرەژنی خاوەن خانووەکە، لە تەقو هـۆڕی لێدانی تونـد و ترسناکی دەرگا ڕاپەڕی. بلەز لەجێگا ڕابوو، هەر بە جلی نووستنەوە، پێیەکی بە نەعل و پێیەکەی تری پەتی بوو، بەغـار خـۆی گەیانـدە بەردەرگـا، کە دەرگـای کـردەوە و ئاکـاکی بەو شـەپڕێویەوە بینـی، لە شەرما بە دەسـتێک یەخەی کراسـەکەی هێنـایەوە یەک و پاشـەوپاش خـۆی دایە پشـت دەرگـاکە. بەڵام کـاتێ ئاکـاکی، حـاڵ و حیکـایەتەکەی لەنـووکەوە بـۆ گێـڕایەوە، بە داخ و کەسـەرەوە دەسـتەکانی دان بەیەکدا و ئامۆژگاری کرد کە یەکسەر بڕوات بۆلای بەڕێوەبەری پۆلیس، نەچێـت بـۆلای مـامور مەرکەزی گەڕەک چونکە بە هەندێ قسەی لووس و دڵخۆشکەرە بەڕێی دەکات و پاشان هیچی بۆ ناکات. باشترین شـت ئەوەیە یەکسـەر بـڕوات بـۆلای بەڕێـوبەرەکە کە بەڕێـکەوت ئاشناشـیانە، جـونکە (ئانـا) ئەو کیـژە فنلاندیەی کە لەلای ئەم چێشتچی بوو، ئێستا لە ماڵی جەنابی بەڕێوبەردا، بووە بە دایەنـی منـداڵەکانی ئەو. ئەمە جگە لەوەی کە بە خۆیشی زۆرجار جەنابی بەڕێوبەری دەبینی کە بە بەر ماڵیاندا تێدەپەڕی، هەروەهـا جەنـابی بەڕێـوەبەر هەمـوو یەک شـەممەیەک بـۆ نـوێژ و نـزا دەچێـتە کڵێسـا، بە یەک چـاو تەمەشای هەمووان دەکـات، بۆیە وا دیـارە پیـاوێکی باشـە. ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ پـاش ئەوەی گـوێی لەو ئامۆژگاریانە گرت، خەمبار و نائومێد، لاقی لە دووی خۆ ڕاکێشا و چـووە ژوورەکەی خـۆی. بەڵام چـۆن ئەو شەوەی لـێ بەسـەر چـوو؟ ئەمە مەگەر تەنیـا ئەو کەسـانە بیـزانن کە دەتـوانن خـۆ بـخەنە جێگـای خەڵکی دیکەوە. سبەی بەیانی زوو چوو بۆ ماڵی بەڕێوەبەر، لێ گوتیـان نوسـتووە. سـەعات دە دیسـان گەڕایەوە، هەمدیس گوتیان بەڕێوەبەر هێشتا خەوتووە، دەی ڕۆیـی و سـەعات یـازدە گەڕایەوە، گوتیـان بەڕێوبەر تازە لە ماڵ دەرچوو، دەی دیسان ڕۆیی، لە کاتی نیوەڕۆدا گەڕایەوە، بەڵام مـامور وکاتبەکـانی بەردەرگا بە هیچ کلۆجێ ئامادە نەبوون ڕێگەی بدەن بچێتە ژوورەوە. سووربوون لەسـەر ئەوەی بـزانن چ کارێکی هەیە، بۆچی هاتووە و چی لێقەوماوە. بەڵام ئاکـاکی ئاکـاکیڤیچ، بـۆ یەکەمجـار لە ژیانیـا جـۆرە پێداگرییەکی کرد و لێبڕاوانە گوتی کە پێویستە خودی بەڕێوەبەر بـدینێ و کـاری تـایبەتی پێـی هەیە و ئەمان مافی ئەوەیـان نیـیە ڕیـگەی پـێ بگـرن و نەیەڵـن بیـدینێ و ئەم لە دایەرەوە و بە کـاری فەرمـی هاتووە و ئەگەر ڕێی نەدەن، شکاتیان لێ دەکات و هەنگێ ئۆباڵیان بە ئەستۆی خۆیان. ئیدی کاتبەکان هیچ قسەیەکیان نەما و لە هەنبەر ئەم هەڕەشەیە فسیان دایەوە. یەکێکیـان چـووە ژوورەوە تـا جەنـابی بەڕیوەبەر ئاگادار بکات. بەلام هەڵوێستی بەڕێوەبەر، دەربارەی ئەم چیرۆکی پاڵتۆ دزینە زۆر سەیر بوو، لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بابەتەکەوە، بە پرسیاری لابەلا و لاوەکی ئاکـاکی داگـرتەوە. بـۆ نموونە لێی پرسی: "بەو درەنگە شەوە چیت دەکرد لە دەرەوە؟" یـان "لە کـام مـاڵە سـۆزانی بوویـت؟" ئەنجام ئاکاکی ئاکاکیڤیچ لەشەرما سوور هەڵگەڕا و، بە جۆرێ پەشۆکا، بێئەوەی بزانێت کە ئاخۆ وەکـو پێویست بە مەسەلەی دزینی پاڵتۆکەیدا ڕادەگەن یان نا، لەلای بەڕێـوەبەر هـاتە دەرەوە و ئەو ڕۆژە بـۆ یەکەمجار لە ژیانیا، نەچووە دەوامی دایەرە.

بەیانی ڕەنگ زەرد و پەشێو، بە پاڵتۆ کۆنەکەیەوە، کە ئەمجارەیان زۆر لە جاران شڕو شەپڕێوتر دەینواند، چوو بۆ دەوام.

چیرۆکی دزینی پاڵتۆی گۆڕین گەلێک لە هاوڕێکانی خەمبار کرد، کەچی بەو حاڵەشەوە هەندێکیان ئەمەیان بە هەل زانی و کردیان بە مەزەی پێکەنین و ڕابواردنی خۆیان. ئیدی دەست بەجێ بڕیارپیاندا کە پیتاکی بۆ بکەن، بەڵام ئەو پارەیەی کە کۆیان کردەوە زۆر کەم بوو، چونکە ماوەیەک لەوەو پێش پارەیەکی باشیان کۆکردبووەوە تا وێنەیەکی گەورەی بەڕیوبەرەکەیانی پێ بکێشن و بەدیاری پێشکەش بە خۆی بکەن، هەروەها لەسەر داوای بەرپرسی بەشەکەیان، کتێبێک بکڕن کە نووسەری کتێبەکە هاوڕێ و دۆستی جەنابی بەرپرس بوو، لەبەر هەندێ ئەوەی بۆ ئاکاکی کۆیان کردەوە، هێندە کەم بوو لە نرخی نەبوودا بوو. یەکێک لە فەرمانبەرەکان لە ڕووی هاخەمیەوە، ویستی بەلای کەمەوە ئامۆژگارییەکی باشی ئاکاکی بکات. پێی گوت کە نەچێتە لای مامور مەرکەزی گەڕەک، چونکە ئەمە کارێکی بێهودەیە، ڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی ئافەرین و ڕەزامەندی سەرانی خۆیان بە هەر شیوەیەک بووە، پاڵتۆکە بدۆزنەوە. بەڵام لەلای خۆیان لە مەرکەز گلی دەدەنەوە و نایدەنەوە بە ئاکاکی ئاکاکیڤیچ تا بە بەڵگەی یاسایی نەیسەلمێنێ کە هی خۆیەتی. باشتر وایە کەسێکی دەستڕۆ و گەورە بدۆزێتەوە و ئەم کەسە دەستڕۆیە دەتوانێ بە نامەیەک یان بە قسە، خەڵکانی پەیوەندار ڕاسپێرێت کە ئیشەکەی زوو بۆ ڕاپەڕێنن. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ هیچ چارێکی نەبوو، لەبەر ئەوە لێبڕا بچێتە دیدەنی ئەم کەسە دەستڕۆیە.

بەڵام ئەم کەسە گەورە و دەستڕۆیە چ کارە بوو، چ پۆستێکی هەبوو، تاکو ئێستاش نەزانراوە. تەنیا ئەوەندە دەزانین کە ئەم پیاوە دەستڕۆیە، تا ماوەیەک لەمەوپێش دەستڕۆ نەبوو، تازە گەورە بوو بوو، بەڵام بەم پۆست و پایەی ئێستاشیەوە، لە چاو گەورە دەستڕۆکانەوە، بە گەورە و دەستڕۆیەکی ئەوتۆ نەدەژمێردرا. بەڵام زۆرجار خەڵکی ڕەمەکی کەسانێک بە گەورە و دەستڕۆ دەزانن، کە لەچاو گەورە دەستڕۆیانەوە هیچ نین. بەڵام بەهەرحاڵ ئەم کەسە دەستڕۆیە، بە هەموو شیوەیەک هەوڵی دەدا خۆی گەورە بنوێنێ. بۆ نموونە بڕیاری دابوو کاتێ کە دەچووە دایەرە هەموو کارمەندەکان بەڕیز لەبەر دالانەکەدا، لە پێشوازیا بوەستن، کەس بۆی نەبوو ڕاستەوخۆ بچێتە ژوورەکەی. دەبوایە هەموو ئیشەکان بە نیزام و پلە بە پلە ئەنجام بدرایە: کارمەندی سکرتاریەت، دەبوایە مراجەعەی سکرتێر و کاتبی ئۆفیسی بکردایە، سکرتێری ئۆفیس، مراجەعەی بەرپرسی ئۆفیسی یان "هەر بەرپرسێکی دیکە"ی بکردایە و بەو جۆرە مەسەلەکە یان ئیشەکە دەگەییە ئەو. بەمجۆرە لە ڕووسیای پیرۆزی ئێمەدا، هەموو شتێک بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای چاولێکەری و لاسایی کردنەوەوە ژەهراوی بووە، هەر کەسە هەوڵدەدا چاو لە سەرووی خۆی بکات و لاسایی ڕەفتار و ئەتواری ئەو بکاتەوە. تەنانەت بیستوومە کە فەرمانبەرێکی بچووک کرابوو بە بەرپرسی دایەرەیەکی بچووک و کەمبایەخی دەوڵەتی، یەکسەر

بەدیوارێک بەشێک لە ژوورەکەی خۆی دادەبڕێت و ناوی دەنێت (ژووری چاوەڕوانی) و دوو دەرگـاوان بە یاخەی سوور و قەیتانی سوورمەییەوە لەبەر دەرگاکەیدا دادەنێ تا دەرگا بۆ ئەهلی مراجەعە بکەنەوە و بـیکەنە ژووری چـاوەڕوانیەوە، لە کاتێکـدا ئەم بەنـاو ژووری چـاوەڕوانییە، بە جـڕە جـڕ جـێگەی مێـز و کورسییەکی تیا دەبووەوە.

شـێوازی ئیـداری ئەم پیـاوە گەورەیە زۆر بە شـکۆ و جەلال و هەیـبەت بـوو، بەڵام لە هەمـان کاتـدا سادەش بوو. ئیدی دیسپلین و زەبت و ڕەبت، بناغەی سیستەم و شێوازی کارکردنی ئەو بـوو. هەمیشـە دووپاتی دەکردەوە: "زاکوونی.. زاکوونی.. زاکوونی". هەمیشـە دوای سـێ بـارەکردنەوەی ئەو زاراوەیە. بەویقار و هەیبەتەوە دەیڕوانیە کەسەکەی بەردەمی. لەڕاسیتدا هیچ پێویست بەو هەموو زەبت و ڕەبت و زاکوونیەش نەبوو. چونکە هەر دە فەرمانبەرەکەی، بەبێ ئەو زەبت و ڕەبـتەش، سـڵیان لـێ دەکـردەوە، هەرکە لە دوورەوە دەرکەوتبا، دەستیان لە هەموو کارێـک هەڵـدەگرت و بەڕێـز و حـورمەتەوە، بەڕیـز لە پێشـوازیدا دەوەسـتان، تـا ئەو تێـدەپەڕی و دەچـووە ژوورەکەی خـۆی. گفتوگـۆی ڕۆژانەی جەنـابی بەڕیـوەبەر دەگەڵ ژێردەسـتەکانی خۆیـدا، زۆر تونـد بـوو، بـۆنی بـۆگەنی زاکـوونی و زەبـت و ڕەبتـی لێدەهات، سەری زمان و بنی زمـانی ئەم سـێ ڕسـتەیە بـوو: "حەدت چییە؟ دەزانـی لەگەڵ کێـدا قسـە دەکەی؟ دەزانی لە حوزووری کێدا وەستاوی؟"

بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی لە ناخـاو بە تەبـیعەت پیـاوێکی بـاش و لەگەڵ هـاوڕێ و هاوکارەکانیـا میهرەبان و بە خزمەت و بە لوتف بوو. بەڵام ئەم پۆستە، پۆستی بەڕێـوەبەری گشـتی، وای کـرد کە لە خۆی بگۆڕێت، بە جۆرێ خۆی پڕ با دەکرد و ڕێگای لێ گۆڕابوو، نەیدەزانی چۆن ڕەفتار بکات. هەڵبەتە لەگەڵ خەڵکانی هاوپلە و پایەی خۆیدا، زۆر خاکی و بێ فیز بوو، ڕەفتـاری نەرم و شایسـتە بـوو، هـیچ کەوجێتییەکی نەدەنواند، بەڵام لەگەڵ خەڵکانێکدا کە ئەگەر تەنیا یەک پلەش لە خوار خۆیەوە بـوایەن، ئیدی لووتی هەڵدەکرد، دەمی لێک دەنـا و بە کێـردیش دەمـی لێـک هەڵنـدەپچڕا، پیـاو کە بەو حـاڵەوە دەیبینی بەزەیـی پێیـدا دەهـاتەوە. بە تـایبەتی کە خۆیشـی چـاک دەیزانـی، بڕێـک نەرم بـێ و کـاتێکی خۆشتر بەرێتە سەر. هەندێجار بە ئاشکرا، بە سیمایەوە دیار بوو، کە لە دڵەوە حەزی دەکـرد بەشـداری گفتگۆیەکانیان بکات، بەڵام بە خورتی ئەم حەزەی خۆی سەرکوت و دەمکوت دەکرد، بەو بیانووەی، تۆ بڵێی ئەم کارە لە پایە و پێگەی کەم نەکاتەوە؟ سام و هەیبەتی نەشکێنێ؟ قەدر و ڕێـزی دانەبەزێنـێ؟ ئیـدی بەو بیـانووانەوە هەمیشـە مرومـۆچ دادەنیشـت و دەمـی لێکـدەنا و، مەگەر بە دەگـمەن قسـەیەکی کردبا، دەنا بە کێردریش زاری هەڵنەدەپچڕا. ئیدی وای لێهات بە گرژ و مۆنترین کەس ناوی دەرکردبوو. جا (ئاکاکی ئاکاکیڤیچ) هانای بۆ ئەم کەسایەتییە دەسترۆ و گەورەیە برد کە فریای بکەوێ، هەڵبەتە وا ڕێکەوت کە ئاکاکی لە خراپترین کاتدا پەنای بۆ بـرد، بەڵام بـۆ یـارۆی دەسـترۆ، لە بـارترین و باشـترین

وەخت بوو. چونکە باشترین هەل بوو بۆ خۆ نواندن. یارۆی پایەبەرز لەو کاتەدا لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو، دەگەڵ ئاشنا و هاوڕێیەکی منداڵیی خۆیدا کە تازە بۆ پتروسبۆرگ هاتبوو و زۆر لە مێژ بوو یەکتریان نەبینی بوو، سەرگەرمی قسان بوو. لەم کاتەدا خەبەریان دایە کە کابرایەک بەناوی (باشماچکین) هاتووە و دەیەوێ جەنابیان ببینێ. بە کورتی پرسی: "چ کارەیە؟" وەڵامیان دایەوە کە "فەرمانبەرێکە قوربان" یارۆی دەستڕۆ وەڵامی دایەوە: "پێی بڵێن با چاوەڕوان بکات، جارێ سەرم قاڵە و کاتم نییە" هەڵبەتە جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێین کە یارۆی دەستڕۆ درۆی فەرموو: وەختی زۆر بوو، دەمێ بوو، لەگەڵ هاوڕێکەیدا لە قسان بووبووەوە و هەرچییەکیان هەبوو باسیان کردبوو، بگرە ناو بە ناو تا ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبوون، چونکە هیچیان پێ نەمابوو باسی بکەن. لەبەر بێ ئیشی ناو بە ناو بەڕانی یەکتریاندا دەکێشا و دەیانگوت:"کەواتە ئاوا ئیڤان ئیبرامۆڤیچ!"

"بەڵێ ستیپا فارلامۆڤیچ، ئەدی چۆن!"

کەچی بەو بێ ئیشیەش، فەرمانی دا کە ئەو فەرمانبەرە بەلەنگازە، لە دەرەوە چاوەڕوان بکات، تا لەبەرچاوی هاوڕێ دێرینەکەیدا (کە دەمێ بوو خانەنشین بووبوو و لە کۆندیدا و لەناو موڵک و مەزراکەیدا دەژیا) خۆی بنوێنێ کە دەتوانێ چەندی بوێ، موراجیع لەبەر دەرگا ڕابگرێت. دوای ئەوەی لە قسان تێر بوون، لە بێدەنگی تێر بوون، سەر و جگەرەیان لەسەر کورسی نەرم و شل و بزۆز کێشا، ئەوسا یارۆی گەورە بەرپرس لە ناکاوا فەرمانبەرەکەی دەرەوەی بیر کەوتەوە، بە سکرتێرەکەی، کە کۆمەڵێک نووسراوی بۆ ئیمزاکردن هێنابوو، گوت: "ئەرێ وابزانم، فەرمانبەرێک لە دەرەوە چاوەڕوانە، بڵێ با بێتە ژوورەوە" کاتێ سەروسیمای کزۆڵە و خەمباری ئاکاکی و پاڵتۆ فەرمیە شرۆڵەکەی بینی، لە ناکاوا ئاوڕێکی توندی بۆلای دایەوە و گوتی: "ها، چیت دەوێ؟" ئەو وشانەی بە هەمان تۆنی زبر و توند گوت، کە هەفتەیەک پێش ئەوەی پۆستی بەڕێوەبەری گشتی وەربگرێت، لە ژوورەکەی خۆیدا و لەبەر ئاوێنەدا مەشقی لەسەر کردبوو.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، کە ترس دایگرتبوو ، هێندەی دی پەشۆکا. ئەوجا هەرچۆنێ بوو بە زمانە لاڵکێ، کەوتە باسی کێشەکەی، بەڵام زۆر لە جاران پتر وشەیەلی: "بە حەقیقەت"، "ئەوەی ڕاستی بێ" و "عەرزی جەنابی با سەعادەتتان..."ی بەکار دەبرد، گوتی پاڵتۆکەیان، کە تازە و نفت و نوێ بوو، زۆر بێ بەزەییانە لێ دزیوە و هەنووکە هاتووە بۆ خزمەتی ئەوان، تکای وایە بە حوکمی دەسەڵات و پۆست و پلەبەرزەکەی بەهانایەوە بێ، نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس یان هەر کەسێکی دی بۆ بنوسێت، بەڵکو پاڵتۆکەی بۆ دەدۆزنەوە. ئێستاش نەزانرا، بۆچی شێوازی داواکەی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، زیاد لە پێویست خۆمانی هاتە بەر زەینی جەنابەتی بەڕێوەبەر و ئەقڵی نەیگرت. بۆیە دووبارە بە زبری و توندی گووتی: "قوربان ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ چما ئاگات لە ڕێوڕەسمی کارگێڕی نییە؟ دەزانی هاتوویتە کوێ؟

گوایە نازانی لێرە کاروبار چۆن بەڕێوە دەچێ؟ دەبێ هەوەڵجار عەرزو حاڵێک بدەیتە سکرتاریەت. سکاڵانامەکەت لەوێوە دەدرێ بە سەرۆکی قەڵەم، لەوێوە دەدرێ بە سەرۆکی بەش، ئەوجا دەدرێ بە سەرۆکی نووسینگە و پاشان بۆ من دەنێردرێ تا دوا بڕیاری لێبدەم..."

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، هەوڵیدا کەمێک زات وەبەرخۆی بنێت، لە کاتێکدا ئارەقە بەسەروچاویەوە دەچۆڕا، گوتی:

- بەڵام پایەبەرز، نەبێ بە بێئەدەبی، بەندە بۆیە هاتوومە خزمەتی جەنابتان، چونکە سکرتێران، بەخۆتان دەزانن، کاروباری خەڵکی بە باشی ڕایی ناکەن...

کفری کرد ئەو قسەیەی کرد. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، یارۆی دەستڕۆ، وەکو فیشەکە شێتە چوو بە ئاسمانا و نەڕاندی:

- چی، چی ،چی؟ ئەم ناماقوڵیانە لە کوێ فێر بووی؟ ئەم بیرکردنەوە سەقەتە چییە؟ ئەم قسە بێ سەروبەرانە لە کوێوە فێر بووی؟ نازانم گەنجانی ئەم زەمانە، بۆچی ئەوەندە دژی بەرپرس و گەورەکار بەدەستانی وڵاتن؟

دیارە جەنابی بەرپیوەبەری گشتی، ئاگای لەوە نەبوو، کە تەمەنی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ لە سەرووی پەنجا ساڵیەوەیە. هەڵبەتە لە چاو کەسێکی هەفتا ساڵیەوە دەکرا بە گەنج دابنرێت، دەنا بە هیچ پێوەرێکی دی بە گەنج حەساو نەدەکرا.س

-... تۆ دەزانی لەگەڵ کێدا قسان دەکەی؟ دەزانی لە بەردەم کێدا وەستاویت؟ دەزانی؟ گوێت لێیە؟ لەگەڵ تۆمە. بۆ قسە ناکەی هەی!...

ئەوجا لاقی بەعارددیا کوتا و بەڕادەیەک دەنگی لێ هەڵبڕی، نەک ئاکاکی، ئەگەر یەکێکی دیکەش لە جیاتی ئەو بوایە، زراوی دەتۆقی. ئاکاکی ئاکاکیڤیچ خەریک بوو لە خۆ دەچوو. بەلادا دەهات، ئازای بەدەنی کەوتە لەرزین، بەخورتی خۆی بەپێوە بۆ ڕادەگیرا. خۆ ئەگەر دەرگاوانەکان فریای نەکەوتبان، تەختی زەوی دەبوو. بە نیوە مردوویی بردیانە دەرەوە. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، کە بینی قسەکانی ئەوەندە کاریگەرن و بەو ڕادەیە کاریان لە یارۆی موراجیع کردووە کە خەریکە دەبورێتەوە، زۆر کەیفی بەخۆی هات، بە تیلەی چاو تەمەشایەکی هاوڕێکەی کرد تا ببینێ چ کاردانەوەیەکی لەلا دروست کردووە، کە بینی هاوڕێکەی لە فکران ڕاچووە و تەنانەت سێبەری ترسیش نیشتووەتە سەر سیمای، هەستی بە لەزەتێکی زۆر کرد.

ئاکاکی ئاکاکیڤیچ، بیری نایەت چۆن بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو بوو وچۆن خۆی گەیاندبووە سەر جادەکە. چونکە هەردوو لاق وهەردوو دەستی سڕ بووبوون و هەستی پێیان نەدەکرد. بەدرێژایی تەمەنی هیچ بەڕێوبەرێکی گشتی بەو جۆرە پێیا هەڵنەشاخی بوو، نەخاسما بەڕێوەبەرێک بەرپرسی ئەو نەبوو. ئاکاکی بەلەنگاز، بەدەمە داچەقێ، بەنێو تۆف و کرێوەدا کەوتە ڕێ، لێکدا لێکدا پێی هەڵدەنوتا و سەرەسمی دەدا. گێژەبای پتروسبۆرگ، لە هەر چوار نکالەوە پەلاماری دەدا. لە چاوتروکانێکا گەرووی دایە ژان و ئاوسا،، تا گەیـیەوە ماڵ، نیوە گیان بوو، بە جۆرێ گەرووی هاتبووەوە یەک، تاقە قسەیەکی پێنەدەکرا. خۆی بەسەر تەختە خەوەکەیدا دا، یەکسەر هەموو گیانی ئاوسا. ئەدی چۆن، سەرزەنشتێکی توند هەندێجار ئاوا لە پیاو دەکات! بۆ سبەینێ تایەکی توندی لێهات، بەهۆی ئاو و هەوای تووشی پتروسبۆرگەوە هێندەی دی دەردی گران بوو، چوارپەلی شکا. کاتێ دکتۆر هاتە دیاری، نەبزی گرت و بینی حاڵی زۆر خراپە و هیچ چارێکی نییە، ڕای سپارد ملی بە هەتوان چەور بکەن و بە پەڕۆیەک بیپێچن، ئەمەشی تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە نەڵێن، هیچ بایەخێک بە نەخۆشەکە نەدراوە. بە هەرحاڵ هەر ئەو دەمە دکتۆرەکە گوتبووی ئەوپەڕی ڕۆژ و تاقێکی دی دەژی. بە پیرەژنەی خاوەن ماڵ دەڵێت:"خانم، تۆش کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە، زوو فریا بکەوە و تابووتێکی دارسنۆبەری بۆ بدە بە کرد، چونکە داربەڕوو بۆ بابایەکی وەکو ئەمە برێک گرانە". ئایا ئاکاکی ئاکاکیڤیچ گوێی لەو قسە ناخۆشانە بوو یان نا، ئەگەر گوێی لێی بووبن، ئایا کاریان تێکردووە، ئایا سووی لەو ژیانە پڕ کوێرەوەرییەی خواردووە یان نا؟ ئەمە بۆ کەس دیار و خۆیا نییە، چونکە ئاکاکی بە درێژایی ئەم ماوەیە بەدەم تایەکی گەرمەوە، هەر وڕێنەی دەکرد. بەردەوام خەوی دەبینی، خەون لە خەون سەیرتر، جارێ خەونی بە پترۆڤیچی خەیاتەوە دەبینی و لە خەویدا لێی دەپاڕایەوە کە پاڵتۆیەکی بۆ بدورێت، پاڵتۆکە داوی پێوە بێت، کە ئەو دزانەی بە خەیاڵی ئەو دەوری تەختە خەوەکەیان دابوو، بگرێت. بەردەوام داوای لە پیرەژنی خاوەن ماڵ دەکرد، ئەو دزانەی کە بە خەیاڵ خۆیان بەژێر جێگاکەی ئەمدا کردبوو، دەربکات. هەندێجار دەیپرسی کە پاڵتۆی تازەی هەیە، بۆچی کەوڵە کۆنەکەیان لەبەرچاویا هەڵواسیوە. جارێک وای خەیاڵ دەکرد کە لەبەردەم جەنابی بەڕێوەبەری گشتی ڕاوەستاوەو بەڕێوەبەر پێیدا هەڵدەشاخێ و ئەمیش بەدەم وڕێنەوە دەڵێت: "ببورە، پایەبەرز" جاری واش هەبوو، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆڵکە و بازاڕی دەدا، کە پیرەژنی خاوەن خانووەکە، کە بە عەمراتی ئەو جنێوانەی لە زاری ئەو نەژنەوتبوو، نیشانەی خاچی دەکێشا، بەتایبەتی کە هەموو ئەم جنێوانەی یەکسەر لە دوای گوتنی دەستەواژەی "پایەبەرز"ەوە ڕیز دەکرد. لە ئاخر و ئۆخردا بەدەم وڕێنەوە، شتی وای دەبزڕکاند، هیز نەبوو لێی تێبگات. بەڵام ئەوەی دیار بوو و هیچ گومانێکی هەڵنەدەگرت، باسی پاڵتۆکەی دەکرد. ئەنجام ئاکاکی ئاکاکیڤیچی بەلەنگاز، گیانی بەدەستەوە دا و کۆچی دوایی کرد. نە ژوورەکەی و نە

شتەکانی مۆر نەکران*.(*. جاران لە ڕووسیا هەر کەسێک مردبا و کەس وکاری نەبوایە ماڵەکەیان مۆر دەکرد.)

یەکەم: لەبەر ئەوەی هیچ میراتگرێکی نەبوو، دووەم: ئەوەی لە دارای دنیادا هەیبوو، شتێکی زۆر کەم و بێ بایەخ بوو: بریتی بوو لە دەستەیەک پەڕە مووچ، بەندێک کاغەزی سپی حکومەتی، سێ جووت گۆرەوی، دوو یان سێ دووگمەش کە لە پانتۆڵەکەی و پاڵتۆ بە نێو بانگەکەی کەوتبوون. ئیدی کێ ئەم میراتەی برد، مەگەر هەر خوا بەخۆی بیزانێ. هەڵبەتە چیرۆکنووس، بەخۆی دان بەوەدا دەنێت کە مەبەستی نەبووە ئەو شتە لە بنج و بناوان بکات. ئاکاکی ئاکاکیڤیچیان بەیەک عەرەبانە بۆ گۆڕستان برد و بە خاکیان سپارد. پترۆسبۆرگ بەبێ ئاکاکی ئاکاکیڤیچ درێژەی بە ژیانی ئاسایی دا، دەتگوت هەرگیز و لە ئیجادی کەسی وا لەم شارەدا نەبووە و نەژیاوە.

***

بەمجۆرە مرۆڤێک بەیەکجارەکی لەسەر ڕووی زەوی مەحو بووەوە و دیار نەما. مرۆڤێک کە هیچ کەسێک بە خەمیەوە نەبوو، هیچ کەسێک خۆشی نەدەویست و هیچ کەسێک ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، سەرنجی هیچ کەسێکی ڕانەکێشا، تەنانەت سەرنجی ئەو زانایانەشی ڕانەکێشا کە هەر مێشێک دەبینن خێرا دەرزییەکی پێدا دەکەن و دەیخەنە ژێر میکرۆسکۆب و دەی پشکنن، یانی حسابی مێشێکیانش بۆ نەکرد. مرۆڤێک کە بەوپەڕی سەبر و حەوسەڵەوە، تەوس و توانجی هاوڕێ فەرمانبەر و کاتبەکانی دایەرەکەی خۆی تەحەموول دەکرد، مرۆڤێک کە بە بێدەنگی ژیا و بەبێ دەنگی خاک شاردیەوە، بەڵام لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیا هاودەمێکی ئازیز و جوانی، لە شێوەی پاڵتۆیەکدا، لێ پەیدا بوو، کە تروسکەیەکی بە ژیانی تاریکی بەخشی، بەڵام ئەم خەون و خۆشیەشی زۆری نەخایاند و لەپڕێکا هەورە بروسکەی نەهامەتی لێی داو نەگبەتییەکی هێندە گەورە بەرۆکی گرت، هەر بەرۆکی پاشایان و گەورە فەرمانڕەوایان بگرێت.

چەند ڕۆژێک دوای مردنەکەی پەیکێکی دایەرە، نامەیەکی بەڕێوەبەری گشتی بۆ دەباتە ماڵەوە کە بەپەلە و بێ دواکەوتن پەیوەندی بە دایەرەو دەوامەوە بکات، لێ یارۆی پەیک ناچار هەر بەتەنیا گەڕایەوە و هەواڵی دا کە ئاکاکی ئاکاکیڤیچ جارێکی دی دەوام ناکات. کە لێیان پرسی "بۆچی" بەرسڤی دایەوە: "چونکە مردووە، چوار دانە ڕۆژە بە خاک سپێردراوە" بەمجۆرە لە دایەرەدا بە هەواڵی مردنەکەی (ئاکاکی ئاکاکیڤیچ)یان زانی و بۆ ڕۆژی دوایی فەرمانبەرێکی تازەیان لە جێی دانا، ئەم فەرمانبەرە زۆر لەو کەڵەگەتتر و قیت و قۆزتر بوو، بەڵام دەست و خەتی کەمێک خوار و خێچ و وەکو دەست و خەتەکەی ئاکاکی ڕاست و جوان نەبوو.

بەڵام بە خەیاڵی کێدا دەهات کە ئەمە کۆتایی یەکجارەکی سەربوردە و بەسەرهاتی ئاکاکی ئاکاکیڤیچ نەبێت و قەدەری وا دەبێ کە چەند ڕۆژێک دوای مردنەکەی بژی و جەنجاڵێکی ئەوتۆ بنێتەوە کە قەرەبووی هەموو ئەو سەردەمەی ژیانی بکاتەوە کە کەس ئاوڕی لێ نەدابووەوە؟ بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا ڕوویدا، چیرۆکە پەرپووت و بێ ڕەونەقەکەی ئێمەش، بە شێوەیەکی خەیاڵی، چاوەڕوان نەکراو کۆتایی دێت. لە ناکاوا دەنگۆیەک لە پترۆسبۆرگدا کەوتە سەر زاران کە گوایە شەوانە لە دەوروبەری پردی (کالینکین)دا تارماییەک لە شێوەی فەرمانبەرێکدا دەردەکەوێ و تاقیبی پاڵتۆیەکی دزراو دەکات. جا ئەم تاپۆیە بە بیانووی ئەو پاڵتۆ دزراوەوە، ڕێ لە هەر ڕێبوارێکی پاڵتۆ لەبەر دەگرێ، ئیدی ئەو ڕێبوارە هەر کێیەک بێ، پلەدار بێ یان بێ پلە بێ، دەوڵەمەند بێ یا هەژار بێ، پاڵتۆکەی بە خورتی لەبەر دەکاتەوە و پارچە پارچەی دەکات، ئیدی هەر جۆرە پاڵتۆیەک بێ پێستە سمۆرە بێ، یا پێستە پشیلە، ناوداربێ یان بێ ناو، پێستە ورچ بێ یان ڕێوی، بە کورتی هەر جۆرە پێست و فەروویەک بێ و بەشەر بۆ پاراستنی پێسی خۆی بەکاری بەرێت. یەکێک لە فەرمانبەرەکان بە چاوی خۆی تاپۆی مردووەکەی بینی بوو، یەکسەر ئاکاکی ناسی بووەوە، بە ڕادەیەک ترسابوو. تا هیز لە لاقیابوو پێی وەغارێوە نابوو و نەی پەرژا بوو بە وردی دیقەتی بدات و وێنەیەکی ڕوونی بەزەینی خۆی بسپێرێت. تەنیا تاپۆ و تارماییەکەی لە بیرمابوو، کە لە دوورەوە بەهەڕەشەوە قامکی لێ ڕاوەشاندبوو. ئیدی داد و بێداد و سکاڵا لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە، نەک هەر فەرمانبەرانی بچووک، بەڵکو گەورە فەرمانبەران و تەنانەت راوێژکارانی دەرباریش، کەوتنە گلەیی و گازاندە کە بەهۆی ئەم ڕێگری و پاڵتۆ دڕاندنەوە سەرما هێڵەیان پێدەکات. ئیدی دەستوور بۆ پۆلیس دەرچوو کە بە هەر نرخێ بووە. ئەم تاپۆیە بەزیندووی یان مردووی دەسگیر بکەن و سزایەکی هێندە توندی بدەن کە ببێت بە پەند و عیبرەت بۆ خەڵکانی دیکەش. ئەوەی ڕاستی بێ لەزگ بوو لەم کارەدا سەرکەون. جارێک پاسەوانێک لە شەقامی (کیروشکین)دا دەورێ دەبێت، ڕێک لەو کاتەدا کە تاپۆیەکە دەیەوێت پاڵتۆی بابایەکی سازڤانی خانەنشین، کە کاتی خۆی شمشاڵ ژەن بوو، لەبەری داکەنێت و بیدڕێت، ڕێک لەو کاتەدا توند یەخەی پیرەتاپۆی گرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا بانگی دوان لە هاوڕێکانی دەکات کە بێنە یارمەتی و دەقیقەیەک ئاگایان لە تاپۆکە بێت و خۆیشی دەست بە پۆستاڵەکەیدا دەکات، تا قوتووە برنووتییەکەی دەربێنێ و کەمێک برنووکی هەڵمژێ و لووتی بکرێتەوە (پێشتر شەش جاران کونەلووتی گیرابوو) بەلام برنووتییەکەی بەڕادەیەک تیژ بوو کە تاپۆکەش تەحەمولی نەکرد، لە کاتێکدا پاسەوانەکە بەدەستێک کونە لووتی ڕاستی گرت بوو وبەدەستەکەی دیکەی مژوولی بۆن کردن بوو، تاپۆکە پژمەیەکی وای کرد، کە لیکاوی دەم و لووتی بۆ ماوەیەک چاوی هەرسێکیانی قەپات کرد تا ئەوان دەستیان بەرز کردەوە کە چاویان هڵگلۆفن، تاپۆکە دیار نەمابوو. هەموو ئەم شتانە هێندە کوت و پڕ و لە ناکاوا ڕوویان دابوو کە پاسەوانەکان لە خۆ کەوتبوونە گومانەوە کە ئاخۆ بەڕاستی تاپۆکەیان گرتبوو یان نا؟ پاسەوانەکان

ئیدی لەو ڕۆژەوە بە ڕادەیەک لە تاپۆیان دەترسان کە نەدەوێران زینـدووانیش بگـرن و تەنیـا لە دوورەو هاواریان دەکرد: "ئەهای، زەلام کێی، خۆت دەرخە" تاپۆی فەرمانبەرە مـردووەکە بەرەبەرە نەک هەر لە دەوروبەری پردی کالینکین. بەڵکو لە گەڕەکەکانی دیکەش دەردەکەوت و ترس و خـۆفی دەخسـتە دڵـی خەڵکییەوە.

ئەریّ بەڕاسـت ئـێمە خەریـکە یـارۆی بەڕێـوەبەر و کەسـایەتیە دەسـترۆکەمان فەرامـۆش دەکەیـن، لە کاتێکـدا کە ئەگەر ئەو نەبـوایە، ڕێـرەوی چیرۆکەکەمـان بەم شـێوەیە نەدەگـۆڕا و لە چیرۆکێکـی ڕاستەقینەوە نەدەبوو بەم چیرۆکە خەیاڵییە. جاریّ بەر لە هەر شتێک بـۆ ئەوەی هـیچ بـیّ ویـژدانییەک نەکەین. دەبیّ ئەوە بڵێین کە ئەلهەقی یارۆی دەسترۆ، دوای دەرچوونی ئاکاکی ئاکاکیڤیچی، بەلەنگـاز و ترۆکراو، لە دڵی خۆیدا هەستی بە جـۆرە پەشـیمانیەک کـرد. هێشـتا هەسـتی میهرەبـانی و دلۆڤـانی بە تەواوەتی لە دڵیا نەمردبوو، هەرچەندە زۆر جار پـلە و پـایە ڕێـگەی نەدەدا، سـۆز و بەزەیـی خـۆی دەر ببڕێت، بەڵام هێشتا سۆزو بەزەیی لە دڵدا مابوو. دوای ئەوەی میـوانەکەی ڕۆیـی. کەوتە بیرکـردنەوە لە ئاکاکی ئاکـاکیڤیچی بەلەنگـاز. ئیـدی لەو ڕۆژە بەدواوە، زۆربەی ڕۆژەکـان، تارمـایی ئاکـاکی دامـاو، ئەو ئاکاکیەی کە بەرگەی سەرزەنشـتە تونـدەکانی ئەمـی نەگـرت و ... دەهـاتە بەرچـاو. ئەم بیـر و هـزرانە هێندەیان نیگەران و پەرێشان کرد، کە سەرەنجام دوای هەفتەیەک لە دایەرەوە  یەکێکـی بەدوویـدا نـارد تا بزانیّ حاڵی چۆنە و ئەمان دەتوانن چ یارمەتییەکی بدەن و چیان لەدەست دێ بۆی بکەن. کـاتیّ ئەو پیاوە هاتەوە و خەبەری هێنا کە ئاکاکی ئاکـاکیڤیچ، تـایەکی کـوت و پـڕی لێهـاتووە و مـردووە، یـارۆی دەسترۆ بە جاریّ حەپەسا، گوێی لە دەنگی ویژدانی خۆی بوو کە چۆن سەرزەنشتی دەکرد،ئەو ڕۆژە تا ئێواریّ بە خەفەتەوە تلایەوە.

جـا بەو نیـازەی کە بـایەکی بـاڵی خـۆی بـدات و ئەم خەم و پەژارەیەی بە بـا بـدات، چـووە میـوانی دۆستێکی خۆی کە کۆمەڵێک خەڵکی شایستە و گەورەشی دەعوەت کردبوو. کە بینـی دەعوەتکراوەکـان هەموو هاوپلەوپایەی ئەو بوون، زیاتر دڵی خۆش بوو. چونکە پێویستی بە خۆنواندن و فیزلێدان نەبوو، بەمە دڵی کرایەوە و باری دەروونی سووک بوو، مێشکی کەمێک ئیسراحەتی کـرد، قسەوباسـی دۆسـتانە دامەزرا و لە نێو ئەو گـروپەدا هەسـتی بە ئاسـودەیی دەکـرد و بە شـێوەیەکی گشـتی شـەوێکی خۆشـی بەسەر برد. بەدەم نانخواردنی ئیوارەوە یەک دوو پێک شامپانی خواردەوە، کە هەمـوو دەزانـن شـامپانیا خواردنەوەیەکی خەفەت بەرە و خەیاڵێکی خۆش بە ئینسان دەدات. ئەم دوو پێکە شەرابە بووە بایسـی ئەوەی کە جۆرە گۆڕانکارییەک لە بەرنامەی ئەو شەوەیدا بکات: بڕیاری دا لە جیـاتی ئەوەی یەکـریّ بـۆ ماڵ بڕواتەوە، سەرێکی کارۆلینا ئیڤانۆڤنای دۆسـتی بـدات. ئەم خـانمە لەوە دەچـوو بە ڕەگەز ئەڵمـانی بێت. دۆستایەتیان خۆش بوو. هەڵبەتە پێتڤیە ئەوەش بڵێین کە یارۆی دەسترۆ، سەڵت نەبـوو، زۆریـش

گەنج نەبوو، مێردێکی باش ، بە سەرگەڤارێکی بەرێز و حورمەت دەژمێردرا. هەردوو منداڵەکەی کە یەکێکیان کوڕ بوو و لە هەمان دایەرەی خۆی کارمەند بوو، دەگەڵ کیژە شازدە ساڵانەکەیدا کە کەپوویەکی چکۆلەی جوانی بەرزی هەبوو، هەموو ڕۆژێ دەستیان ماچ دەکرد و دەیانگوت: "بون ژوور، پاپا" واتە ڕۆژ باش باوکە. ژنەکەشی کە هێشتا هەر تەڕ و بڕ و جوان بوو، هەوەڵجار پشتی دەستی خۆی بۆ مێردەکەی ڕادەگرت تا ماچی بکات و پاشان ئەمیش، دەستی ئەوی هەڵدەگێڕایەوە و ناو لەپی ماچ دەکرد. هەرچەندە یارۆی دەستڕۆ و پایەبەرز، لە ماڵ و منداڵەکەی رازی بوو، و پەیوەندی خانەوادەییان خۆش بوو، بەڵام ئەوەشی پێ خراپ نەبوو کە بۆ ڕابواردن و دەست گەرمکردنەوە دۆستێکی ئافرەتی هەبێت، بەتایبەتی لە گەڕەکێکی دووری ئەوپەڕی شار. خۆ ئەگەر بڵێی ئەم (دۆستە)ی بە هیچ جۆرێک لە ژنەکەی خۆی گەنجتر یان جوانتر نەبوو، بەلام ئیدی دنیا پڕە لەم جۆرە ڕاز و نهێنیانە و، ئەرکی ئێمە نیە کە بەتانیا بچین و قوڕی بنی دەربێنین. بەڵێ یارۆی پایەبەرزی دەستڕۆ، بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا، سواری گالیسکەکەی بوو، بە عەرەبانچیەکەی گوت: "بۆ ماڵی کارۆلینا ئیڤانۆڤنا" و خۆی لە پاڵتۆ گەرم و جوانەکەیەوە پێچا و، پەتی بۆ کۆلارەی خەیاڵی خۆش شل کرد. ڕووسانی ناوەند حاڵ، ئەم حاڵەتەیان، کە ئەگەر بیر لە شتێکی تایبەتی نەکەنەوە وخەون و خەیاڵی خۆش خۆش، یەک لە دووی یەک بە مێشکیاندا تێبپەڕێ، بێ ئەوەی پێویستیان بە بیرکردنەوەی قووڵ و حەواس جەمی بێ، زۆر لە گیانی خۆشە. یارۆی پایەبەرزی دەستڕۆ، بە بیرهانینەوەی خۆڕایی وئاسانی شادترین ساتەکانی ئەو شەوە خۆشە، هەستی بە ئاسودەییەکی سەیر دەکرد، هەموو ئەو سوعبەت و شۆخیانەی کە بووبوونە مایەی پێکەنین و شادی ئەو کۆڕە، بە بیری خۆی دێنانەوە، تەنانەت هەندێکیانی بە دەنگی نزم بۆخۆی دەگێڕایەوەو هێشتاش هەر پێی خۆش بوون و مایەی پێکەنین بوون. بۆیە زۆر ئاسایی و بە دەنگی بەرز و لە ناخی دڵەوە، خۆبەخۆ پێدەکەنی و هیچیش سەیر نەبوو. تاقە شتێک کە ئەم حاڵە خۆش و خەیاڵەی لێ دەشێواند گێژەبا بوو، کە هەر خوا خۆی دەیزانی لەکوێوە و چۆن دێت، ڕاست بەر دەموچاوی ئەو دەکەوت و پروشە بەفری دەگەڵ خۆیدا دێنایە نێو گالیسکەکەوە و یەخەی پاڵتۆکەی وەکو بایەوان دەشەکانەوە، یان هەندێجار بە توندی دەیکێشا بەسەریا. ئیدی گێژە بایەک بوو. لەوە ناچوو بە ئاسانی و بەو زووانە خۆش بکاتەوە. یارۆی پایەبەرزی دەستڕۆ، لەناکاوا هەستی کرد یەکێک بە توندی یەخەی پاڵتۆکەی گرت. کاتێ ئاوڕی دایەوە، کابرایەکی کورتە باڵای بە پاڵتۆیەکی شپڕێوی فەرمیەوە بینی، یەکسەر ئاکاکی ئاکاکیڤیچی ناسییەوە. ڕەنگی سپی لە بەفر دەچوو، ڕێک ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو.

یارۆی پایەبەرزی دەستڕۆ خەریک بوو لە ترسا زیرە بکات. کاتێ کە بینی تاپۆکە دەمی کردووەتەوە و بۆنی ناخۆشی گۆڕ لە هەناسەی دێت و لەژێر لێوانەوە دەڵێت: "ئۆخەی ئاخری بە گیرم هێنایت!ئیدی یەخەم گرتوویت، تازە بۆ کوێ دەچیت، لە دەستم دەرناچیت! من تەنیا پاڵتۆکەتم دەوێ! تۆ نەک هیچ

یارمەتیەکت نەدام کە پاڵتۆکەم دەست بکەوێتەوە، بگرە سووکایەتی دنیاشت پێ کردم. دەی ئێستا پاڵتۆکەی خۆتم وێدە!" جەنابی بەڕیوەبەری دەستڕۆی داماو لە ترسا نیوە گیان بووبوو. هەرچەندە لەناو دایەرەکەی خۆیدا (بەتایبەتی لە ئاست ژێردەستەکانیا) شەخسیەتێکی هێندە بە سامی هەبوو، هەر کەسێک چاوی بە سیمای پیاوانەی بکەوتبایە لەوە بوو لە دڵی خۆیدا بڵێت: "پەح لەم نێرە پیاوە!" بەڵام لەم هەڵوێستەدا، وەکو هەموو هاوشێوەکانی خۆی کە لەیەکەم نیگادا، قارەمان دێنە بەرچاو، ترسێکی وای بەسەردا زاڵ بووبوو کە دەترسا تووشی سەکتەی دڵ ببێت. بە پەلە پرزێ و بێ ئەوەی هیچ کەسێک یارمەتی بدات پاڵتۆکەی لەبەر خۆی داکەند و ئەوسا بە دەنگێکی پڕ لە ترس هاواری لە عارەبانچیەکەی کرد: "خێرا تا دەتوانی خێرا بۆماڵەوە بڕانە!"

کە عەرەبانچیەکە گوێی لە هاوارەکەی ئاغای بوو و دەیزانی کە تەنیا لە کاتی تەنگانە و مەترسیدا هاواری وا دەکات. وەکو کیسەڵ ملی بردە ناوەوە و قامچییەکەی لە هەوادا بادا و هەنگێ پیرە گالیسکە وەکو تیر بۆی دەرچوو.

دوای شەش دەقیقە یان کەمێک زیاتر، جەنابی بەڕیوەبەر، لەبەردەم ماڵی خۆیاندا بوو، هەراسان و ڕەنگ زەرد، پەشێو و پەرێشان، و بێ پاڵتۆ. بەو جۆرە لە جیاتی بۆ ماڵی کارۆلینا ئیڤانۆڤنا بڕوات، بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە. بەهەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی، ئیدی شەوێکی زۆر ناخۆشی بردە سەر. بەیانی کە لە خەو هەستا، هێشتا بە تەواوی وەخۆ نەهاتبووەوە، کچەکەی لەسەر نانخواردنی بەیانی پێی گوت: "باوکە، بۆچی ڕەنگت زەرد بووە؟" بەڵام باوکە هیچ قسەیەکی لە زار نەهاتە دەر، بۆ کەسیشی نەگێڕایەوە کە چی بەسەرهاتووە، لەکوێ بووە، بەنیاز بووە بۆ کوێ بڕوات. ئەم ڕووداوە کارێکی گەورەی کردە سەر دەروونی. وای لێهات بە دەگمەن بە ژێر دەستەکانی دەگوت: "ناماقوڵیت کرد، ئاگات لە دەمت بێ، دەزانی لەگەڵ کێدا قسان دەکەی؟" خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت ئەو جۆرە قسانەشی بکردایە، کاتێ دەیکردن کە گوێی لە بەرانبەرەکەی بگرتایەو لە بابەتەکە تێبگەیشتبایە، ئەوجا دەیکرد. بەڵام ئەوەی سەیرە، لەو شەوە بە دواوە، بڕی بڕ تارمایی فەرمانبەرە مردووەکە (ئاکاکی) دەرنەکەوتەوە، بە جارێ پێوارو غەیب بوو. وا دیارە تەنیا پاڵتۆکەی جەنابی بەڕیوەبەری گشتی مەبەست بووە، پڕ بە بەری بووەوە و زۆری بەدڵ بووە. ئیدی دەنگوباسی پاڵتۆ ڕفاندن لە هیچ شوێنێک نەما . کەچی هەندێک لە هاوشاریانی ترساو هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە تارمایی فەرمانبەرە مردووەکە، هێشتاش لە هەندێ شوێنی چۆڵەوانی قەراخ شاردا دەردەکەوێ. بەڕاستیش جارێک یەکێک لە پاسەوانەکانی گەڕەکی (کولومنا) بە چاوی خۆی تارماییەکی بینی بوو لە ماڵیکەوە دەرچوو بوو، بەڵام ئەم پاسەوانە زۆر ترسنۆک بوو — جارێک کوودەڵەیەک (بێچووە بەراز) لە ماڵیکەوە دەرچوو بوو و ئەم لە ترسا پۆستەکەی بەجێ هێشتبوو و پێی وەغارەوە نا بوو، ئیدی ئەو

عەرەبانچیانەی کە لەوێ بووبوون، تێریان گاڵتە پێ کردبوو و پێی پێکەنی بوون. ئیدی کابرای پاسەوان شکاتی لێکردبوون و دادگا سەرو نیو کۆپیک جەریمەی کردبوون، ئەمیش بۆخۆی دابووی بە برنووتی- هەڵبەتە ئەم پاسەوانە نەیوێرا بوو تاپۆیەکە بگرێت، بەڵام لە تاریکییەکدا دوای کەوتبوو ئەنجام تاپۆکە وەستابوو و لێی پرسی بوو: "تۆ چیت دەوێ؟" و کۆڵەمستی لێ بەرز کردبووەوە، هەر زیرەی پێ کردبوو، لە ژیانیا کۆڵەمستی وای لەلای هیچ کەسێکی زیندوو نەبینی بوو، پاسەوانەکە بەرسڤی دابووەوە: "هیچ" و یەکسەر و بەهەشتاو گەڕابووەوە. ئەم تاپۆیە لە تاپۆکەی هەوەڵجار کەڵەگەت تر بوو. سمێڵێکی ئەستووری هەبوو و بەرەو پردی (ئوبوخوف) کەوتەڕێ و لە تاریکە شەوەکەدا ون بوو.

تێبینی ئەم چیرۆکە بە شیوەیەکی بەراوردکاریانە لەم دوو سەرچاوەیەوە هاتووەتە پاچڤەکردن:

١- یادشت های یک دیوانه و هفت قی دیگر، نیقولای گوگول، مترجم خشایار دیهیمی/ چاپ هشتم/ تهران ١٣٨٨/ نشر نی

٢- نیقولای غوغول/ المعطف/ دار (رادوغا) موسکو/ ١٩٨٤/ ترجمه: ابوبکر یوسف

# کەپوو

((١) )

لە ڕۆی ٣/٢٥ دا بویەرێکی یەجگار سەیر لە شاری پتروسبورگدا ڕوویدا ( (ئیڤان یاکوفلیفیچ)) ی دەلاک کە لە شەقامی فوزنیسینسکیدا دەژیا (ناوی شۆرەت و خانەوادەی سڕابووەوەو تەنیا وێنەی کابرایەکی دەموچاو کەفاوی بە تابلۆی دوکانەکەیەوە دیار بوو و لە تەنیشتەوە نووسرابوو : "حەجاماتکێشیش دەکەین " هیچی تری پێوە نەبوو.) ڕۆژێک بەیانی زوو لەخەو ڕابوو، بۆنی نانی گەرمی هات بەسەرا. کەلەسەر تەختەی خەوەکەی قوت بووەوە سەیری کرد ژنەکەی، کە ئافرەتێکی بەڕێز و شیفتەی قاوەخواردنەوەبوو، خەریکە نانی گەرم لە کوورەکە دەردێنێ.

ئیڤان یاکوفلیفیچ،گوتی:

- پراسکوڤیا ئوسیپوڤنا، من ئەمڕۆ قاوە ناخۆم، دەمەوێ لە جیاتی قاوە نان و پیاز بخۆم .(هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئیڤان یاکوفلیفیچ، حەزی هەم لە نانەکەش بوو هەم لە قاوە، بەڵام دڵنیابوو کە مەحاڵە لە یەک کاتدا داوای دووشت بکات، چونکە ژنەکەی شتی وای لێ قەبووڵ نەدەکرد و زۆر ڕقی لەو عادەتە بوو.)

ژنە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەی با ئەم پیرەمێردە خەڵەفاوە نانەکەی بخوات،باشتر،قاوەکە بۆ من دەمێنێتەوە." ئیدی یەک نانی بۆ هەڵدایە سەر خوانەکە.

ئیڤان یاکوفلیفیچ، لە ڕووی ئەتکێت زانیەوە، پاڵتۆکەی بەسەر کراسەکەیدا لەبەر کرد و لەبەردەم مێزەکە دانیشت، تۆزێ خوێی داکرد، دووسەلک پیازی پاک کرد، چەقۆکەی هەڵگرت، بەسەر و سیمایەکی جدی کەوتە بڕینی نانەکە. نانەکەی کرد بە دوو لەتەوە،ڕوانیە ناو نانەکە، شتێکی سپی تیا بەدی کرد، زۆری پێ سەیر بوو، حەپەسا. بە وریاییەوە نووکە چەقۆیەکی لێداو بە قامکی تاقیکردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: شتێکی ڕەقە، تۆبڵێی چی بێ؟

قامکی بە قوڵایی نانەکەدا کردو دەری هێنا — کەپوو بوو!. لە ترسا ڕاچڵەکی، چاوەکانی هەڵگلۆفت، دووبارە دەستی لێدا: بەڵێ کەپوو بوو، کەپووی ڕاستی! بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەم کەپووەی بەلاوە غەریب نەبوو. ترس نیشتە سەر ڕوخساری، بەڵام ترسەکەی ئەو لەهەنبەر تووڕەبوونی ژنەکەیدا نەیدەکردە هیچ. ژنەکەی بە تووڕەیی هاواری بەسەردا کرد:" هەی حەیوان، ئەم کەپووەت لە کوێ بڕیوە؟ خوێڕی! هیچ وپوچ! بەخۆم خەبەری پۆلیست لێدەدەم. بەدمەست! باش بیر بکەوە، تا ئێستا لە

سێ موشتەری خۆم بیستووە، کە کاتێ ڕدێنیان دەتاشی، بەجۆرێ کەپوویان ڕادەکێشێت، سەیرە لەبنەوە دەرنایەت! "

بەڵام ئیڤان یاکوفلیڤیچ، لەترسا گەیی بووە حاڵی مردن. بۆی دەرکەوت کە ئەم کەپووە، کەپووی کوڤالیوڤی یاریدەدەری ڕاوێژکارە، ئەو پیاوەی کە هەموو چوارشەمموان و یەک شەممواندێک دەهات بۆلای و ڕدێنی بۆ دەتاشێ.

-براسکوڤیا ئوسیپوڤنا، کەمێک سەبرم لێبگرە! لە پەڕۆیەکیەوە دەپێچم و ڕێگە بدە با ماوەیەک لێرەبێ، پاشان تەگبیرێکی دەکەم و لەکوڵ خۆمی دەکەمەوە. خەیاڵت خاوە! بە هەموو ئەقڵێکتەوە ڕێگە دەدەم لوتێکی براو لە ژوورەکەمدا وەمێنێ؟.. ئەقڵیت تێک چووە! هەر ئەوە دەزانی تیغەکەت تیژ بکەی و تەواو، خوای دەکرد دنیا وێران دەبوو. لە سووچێکی ژوورەکەمدا دای بنەم ها! بووە کوێرەی خوێڕی! دیارە بەتەمای تاوانەکەت لە پۆلیس وەشێرم!بەرازی گەمار! کەلەپووک! دەتەوێ بە هۆی تۆوە بۆ پۆلیسخانە بانگ بکرێم؟ ئەو کەپووە لێرە ببەدەرێ! چی لێدەکەی بیکە، ڕێگەت نادەم بۆ یەک ساتی دیکەش لێرەبێ، دەی خێرا لێرە دووری بخەوە.

ئیڤان یاکوفلیڤیچ، وڕوکاس، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، زۆری بیرکردەوە، بیری بە هیچ کوێ ڕانەگەیی، نەیدەزانی چی بکات. ئەنجام بەدەم خوراندنی پەناگوێیەوە هاتەقسان و گوتی:

-خوا بمگرێ ئەگەر بزانم چی ڕوویداوە! نازانم دوێشەو بە مەستی بۆ ماڵ هاتمەوە یان نا، بەڕاستی دڵنیا نیم، بەڕاستی ئەمە شتێکی باوەڕ نەکردەنیە، ڕاستە نان لە کوورەدا دەبرژێنرێ، بەڵام لووت! شتی وا نەبووە و نابێ. سەر لەمە دەرناکەم!

ئیڤان یاکوفلیڤیچ بێدەنگ بوو. کە بیری لەوە دەکردەوە لەگینە پۆلیسی گەڕەک تاقیب بکەن و لووتەکەی پێ بگرن و هەنگێ دەسگیری بکەن. خەریک بوو شێت دەبوو. کە ئەو یاخە قرمزیە سورمەچنە جوانەو ئەو شمشێرەو....هێنایە بەر چاوی خۆی، سەراپای کەوتە لەرزین. ئەنجام پانتۆڵە چرچولۆچ و پێڵاوەکانی لەبەرکردو کەپووەکەی لەپارچە پەڕۆیەکەوە پێچاو لەماڵ دەرکەوت، لەسەر جادەکەش شاتە شات و جنێوە مزرەکانی پراسکۆڤیا ئوسیپۆڤنا هەر لە گوێیدا دەنگیان دەدایەوە. هەموو خەمێکی هاتبووە سەر ئەوەی کە لە شوێنێکدا داینێت، ئیدی هەڵی بداتە جۆگەیەکەوە، لەبەر ماڵێکدا، خوا بەختەکی فڕێی بدات و لەکوڵ خۆی بکاتەوە، بارسووک و سەرسەلامەت بۆی دەربچێت. بەڵام بۆنەگبەتی و لەبێ شانسی خۆیدا لێکدا لێکدا تووشی ناسیاوان دەبوو و لێیان دەپرسی:" بۆکوێ دەڕۆی؟" یا دەیانگوت"هێشتا زوو نیە بۆ سەر و ڕدێن تاشینی مشتەریان؟ " بەوجۆرە هیچ دەرفەتێکی بۆ هەڵنەکەوت کە لووتەکە (کەپوو، دفن، پێڤڵ، کەپ ) فڕێ بدات و لە کۆل خۆی بکاتەوە. بۆیە لە

دەرفەتێکدا خێرا فرێی دا، بەڵام پۆلیسێک بە دار دۆنکیەکەی دەستی ئاماژەی بۆ کردو گوتی : "هەڵـی بگـرە، نـابینی شـتێکت لە دەسـت کەوت!" ئیڤـان ناچـار بـوو هەڵـی بگـرێتەوەو لە گیرفـانی بپەسـتێ. نائومێدی بەسەریا زاڵ بوو، نەخاسمە لەگەڵ دەستپێکی دەوامی دایەرەکان و کرانەوەی دوکان و بازاڕدا، سات بە سات جادەو شەقامەکان قەرەباڵغتر دەبوون. ئیدی لێبـڕا بەرەو پـردی ئیسـاک بـڕوات ، بەڵکـو دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ و دوور لە چاوی خەڵکی، لـووتەکە تووڕبـداتە ڕووبـاری نیڤـاوە. بەڵام مـن لێـرەدا کەمتەرخەمیەکم کردووە، کە ئێستا هیچ شتێکم دەربارەی ئیڤـان یـاکوفلیڤیچ نەگوتـووە، کە پیـاوێکە لە زۆر ڕووەوە شایستەی ڕێز و حورمەتە.

ئیڤان یاکوفلیڤیچ، وەکو هەر پیشەوەرێکی ئابڕومەندی ڕووسی، مەیگوسارێکی لەزەبر بـوو، هەرچەنـدە دەلاک بوو و ڕۆژ تا ئێوارێ ڕدێنی ئەم و ئەوی دەتاشی، بەڵام ڕیشی خۆی هەمیشە هاتبوو. پـاڵتۆیەکی تا بڵێی چڵکن و پڵکن و چرچ و لۆچی لەبەردابوو (ئیڤان یاکوفلیڤیچ هەرگیز چاکەتی لەبەر نەدەکرد). لەڕاستی دا پاڵتۆکەی ڕەش بـوو، بەڵام لەبەر پەڵەی قـاوەیی و زەرد و کەوەیـی ڕەنـگەکەی خـۆی دیـار نەمابوو. یەخەکەی لە چڵکدا دەبریقایەوە، سێ دانە پەتی شل بە یەخەکەیداهاتبوونە خوارەوە، ئەوەیان نیشان دەدا کە ئەم پاڵتۆیە ڕۆژێ لە ڕۆژان دوگمەی هەبووە. ئیڤان یاکوفلیڤیچ لەو بەشـەرە خەمسـار و بێ موبالاتەنە بوو، کاتێ کوڤالیوفی یاریدەدەری ڕاوێژکار بۆ ڕدێن و سەر تاشین دەچووە لای، هەمیشـە پێی دەگوت: " دەستەکانت بۆن بۆگەنیان لێ دێت ئیڤان "، لە وەڵامـدا دەیگـوت: " ئـاخر بـۆچی دەبـێ دەستی من بۆن بۆگەنیان لێبێت؟ "جەنابی یاریدەدەری ڕاوێژکار، هەمیشە دەیگوت: " برای ئازیز لە مـن مەپرسە. بۆچی، من ئەوەندە دەزانم بۆن بۆگەنیان لێـدێت و تەواو. " ئیـدی ئیڤـان یـاکوفلیڤیچ، لەداخـا سەرە قامکێـک بڕنـووتی هەڵـدەمژی و ئەوسـا لە داخـا هەمـوو گۆنـاو پەنـاگوێ و ژێـر چەنـاگەو هەمـوو دەموچاوی کاڤالیوڤی لە کەفی سابووندا هەڵدەکێشا.

ئێستا ئەم هاوشاریە بەرێزەمان گەیی بووە سەر پـردی ئیسـاک. بەر لەهەر شـتێک ڕوانـیە دەوروبەری خـۆی. پاشـان بەسـەر تەیمـان و مـحەجەرەی پـردەکەدا دانەویـیەوە و وای نوانـد، کە دەیەوێ سـەیری خوارەوە بکات تا بزانێ ڕووبارەکە ماسی زۆری تیایە یان نا. بە دزیەوە ئەو پڕیاسـیکەیەی کە لـووتەکەی تێوە پێچابوو، فرێدایە ڕووبارەکەوە. وای هەست دەکرد بارێکی دووسەد کیلۆییان بەجارێ لەسـەر شـانی لاداوە. ئیڤـان ژێراوژێـر بزەیەکـی تەوسامێزیشـی بـۆ کـرد. لەجیـاتی بـڕوات ڕدێنـی کارمەنـدانی ئیـداری بتاشێت، ڕووی کردە موغازەیەک کە لێی نوسرابوو " خـواردنی گەرم و چـای" تـا لەوێ پێکێـک "پـونچ" (جـۆرە مەیەکە) بخـواتەوە. کە لە ناکـاوا لەوسـەری پـردەکەوە، پۆلیسـێکی بە جلکـی فەرمـی جـوان، لاجـانگی پـان و کڵاوێکـی سێگۆشـەو شمشـێرەوە بەدی کـرد، لەجێـی خـۆی چەقـی. کـابرای پـۆلیس لەوکاتەدا، بە قامک ئاماژەی کردێ: " ئا برادەر وەرە ئێرە! " لە ترسا بەنج بوو. ئیڤـان پـاکوفلیڤیچ کە

چاوی بە جلە فەرمیەکەی کەوت. بەرەوپیری چوو، بەڕێزەوە کڵاوەکەی داگرت، سڵاوی کردو گوتی:- ڕۆژباش پایە بەرز!

-نا نا گیانە من پایە بەرز نیم. پێم بڵێ لەوسەر پردە چیت دەکرد؟

- باوەڕبکە قوربان، دەچووم بۆ تاشینی سەری یەکێک لە مشتەرییەکانم و بەدەم ڕێوە وەستام تا تەماشابکەم کە ئاخۆ ڕوبارەکە خێرا دەڕوات یان نا.

- درۆدەکەی! وانەزانی باوەڕت پێدەکەم! باشتر وایە ڕاست برۆیت!

- قوربان، ئامادەم هەفتەی دوو سێ جار ڕیشتان  بە خۆڕایی بۆ بتاشم، باوەڕ بفەرموون ڕاست دەکەم.

- نا،نا برادەر پێویست بەوە ناکات. حاڵی حازر سێ دانە دەلاک ئامادەن ڕیشم بتاشن و شانازیشی پێوە دەکەن. بەڵام بێزەحمەت پێم بڵێ، لەوێ چیت دەکرد؟

ئیڤان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا ...بەڵام لێرەوە ڕووداوەکە بەجۆرێ ئاڵۆز و بە تەمتومان دەبێ، کە کەس نازانێ پاشان چی ڕوو دەدا.

(( ٢ ))

کوڤالیوفی یاریدەدەری ڕاوێژکار، زۆر لەجاران زووتر لە خەو ڕابوو. وەکو هەمیشە پرەپرێکی ((پـرِ ڕِ ڕِ ڕِ)) لە لێویەوە دەرهێنا. هەموو جارێ کە لە خەو ڕادەبوو ئەو پرەپرەی دەکرد، بەخۆیشی هۆی ئەو پرەپرەی نەدەزانی. شتێک بوو لە سەری ڕاهاتبو. کوفالیوف، باوێشکێکی دا، کێشمانێکی خۆی داو، داوای کرد ئاوێنە چکۆلەکەی سەر مێزەکەی بۆ بێنن. دەیویست تەماشایەکی ئەو زیپکە چکۆلەیە بکات کە شەوی ڕابردوو لەسەر لووتی هاتبوو. بەڵام بەوپەڕی سەرسامی بینی کە لووتی نەماوە، شوێنەکەی ساف و لووسە! کوفالیوف، بە ترسێکی یەجگار زۆرەوە، داوای تۆزێ ئاوی کرد، چاوەکانی بە خاولیەک باش سڕیین، نا، هیچ هەڵەیەک لە ئارادا نەبوو: لووتی لە جێی خۆی نەمابوو. نوقورچێکی لەخۆی گرت تا بزانێ ئاخۆ لە خەدا نییە؟ بەڵام نا بەتەواوەتی بێدار بوو. کوفالیوف، بە هەشتاو لەجێگەی خۆی هاتەدەرێ، تەماشایەکی دیکەی خۆی کرد: هیچ سۆراغێک لە لووتیەوە نەبوو! .. داوای کرد جلەکانی بۆ بێنن، خۆی گۆڕی و بە نیازی پۆلیسخانە لەماڵ وەدەرکەوت. جێ خۆیەتی لێرەداو لەم ماوەیەدا، چەند شتێک دەربارەی کوڤالیوف بڵێین تا خوێنەران بزانن کە ئەم پیاوە چتۆ یاریدەدەرێکی ڕاوێژکار بوو. هەڵبەتە ئەوانەی کە بە شادەتنامەو خوێنەواری دەبن بە یاریدەدەری ڕاوێژکار، هەرگیز لەگەڵ ئەوانەدا بەراورد ناکرێن  کە لەدەڤەری قەفقازدا ئەو پۆستە وەردەگرن. ئەمانە دوو گرووپی زۆر جیاوازن. ڕاوێژکارانی خودان شادەتنامە..... بەڵام دەڵێی چی ئیدی ڕووسیا وڵاتێکی زۆر سەیرە ئەگەر بتەوێ

باسی هەر یاریدەدەرێکی ڕاوێژکار بکەیت، ئەوا هەریەکێکیان لە ڕیگاوە تا کامچاتکا، چیرۆکێکی دوور و درێژ و تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمە دەربارەی هەموو پلە و پۆستەکانی دیکەش دروستە. کوڤالیوف، ئەم پۆستی یاریدەدەری ڕاوێژکارەی لە دەڤەری قەفقاز وەرگرتبوو، واتە لە جۆرە قەفقازیەکە بوو. تەنیا دوو ساڵێک بوو ئەم پۆستەی وەرگرتبوو، بۆیە زۆری دڵ پێخۆش بوو، نەیدەتوانی بۆ ساتێکێش بیری لێ نەکاتەوە. جا بۆ ئەوەی خۆی گەورەتر و بە سەنگتر بنوێنێ، هەرگیز بەخۆی نەدەگوت یاریدەدەری ڕاوێژکار، بەڵکو بەخۆی دەگوت مێجەر (ماجۆر، ڕائید، سەرگرد). کە دەگەییە ئەوژنەی لەسەر شۆستە کراسی دەفرۆشت، پێی دەگووت: "گوێ بگرە گیانەکەم، وەرە بۆ ماڵەوە بۆ لام: ماڵەکەم لە شەقامی ساروفایە، هەرئەوەندە بپرسە: "ئەرێ ماڵی مێجەر کوڤالیوف لەم ناوەیە؟ یەکسەر ماڵەکەت پێ نیشاندەدەن. " خۆ ئەگەر تووشی ژنێکی برێ جوان ببوایە، بە چپە و لە بن لێوانەوە هەندێ قسەی تایبەتی بە گوێیدا دەداو دەیگوت: "ئازیزەکەم تەنیا بپرسە ئەرێ شوقەکەی مێجەر کوڤالیوف لە کوێیە، ئیدی هەقت نەبێ. " بۆیە لەمە بەدواوە، لە سەرانسەری ئەم چیرۆکەدا، ئەم یاریدەدەرەی ڕاوێژکارە، بە مێجەر ناودەبەین.

مێجەر کوڤالیوف، عادەتی وابوو هەموو ڕۆژێک بە شەقامی نیڤسکیدا پیاسە و ڕاوێچکە بکات. یەخەی کراسەکەی هەمیشە پاک و دەقاقدراو (ئوتودراو) بوو. لاجانگەکانی، لەو جۆرە لاجانگانە بوون، کە لە لای ڕووپێوانی زەوی و زاری دێهات و بازێرۆکەکان، لەلای ئەندازیاران و جەڕاحانی فەوجەکان، لەلای کارمەندانی بەشە پۆلیسیە جیاوازەکان، بە شێوەیەکی گشتی لەلای هەموو پیاوە بەڕێزە گونا سوور و خرپنەکان، ئەوانەی لە قومار و وەرەقبازیدا وەستان، مۆدبوو. ئەم جۆرە لاجانگانە دەگەیینە، ناوەندی گۆنایان و تا بەر کونە لووتان دەهاتن.

مێجەر کوڤالیوف، هەمیشە ڕیزێک نیشانانی بە بەرۆکی خۆیەوە دەکرد، نیشانانی سوپایی، یان هەندێک نیشانان کە ئەم وشانەیان لەسەر نوسرابوون: "چوارشەممە، پێنج شەممە، دووشەممە ))...هتد.

مێجەر کوڤالیوف، هاتبوو بۆ پتروسبۆرگ تا پۆستێکی شایستە بەخۆی وەربگرێت. ئەگەر بەختی بیکردایە دەیتوانی پۆستی یاریدەدەری پارێزگار وەربگرێت، ئەگەر ئەوەی بەنسیب نەبوایە ئەوا دەیتوانی ببێت بە بەڕێوەبەری دایەرەیەکی گەورەی حکومەتی. مێجەر کوڤالیوف،حەزی لە ژن هێنان و زەماوەند هەبوو، بەڵام دەگەڵ کەسێکدا، بەلای کەمەوە جیازییەکی دووسەد هەزار ڕۆبڵی پێ بوایە. ئالێرەدا خوێنەر دەتوانێ بەخۆی حوکم بدات، لە وەزع و حاڵی ئەم مێجەرە، کاتێ کە لەخەو ڕابوو، بینی لووتە جوان وقنج و نوقڵییەکەی نەماوەو شوێنەکەی ساف و لووس هیچی پێوە نیە، چ حاڵێک بووە.

وەکو دەڵێن نەگبەتی خۆشە، بەڵام قۆرتەکانی ناخۆشە، لەبەد شانسیدا، عەرەبانەیەکیشی دەست نەکەوت. ناچار بوو بە پێیان بڕوات. خۆی لە بارانیەکەیەوە پێچا، دەم و لووتی بە دەستە سڕێک

هەڵپێچابوو، تا خەڵکی واوێنا بکەن لووتی پڕاوە. " بەڵام لەوەیە خەوم دیتبێ، دەنا ماقولە هێندە کەودەن بم کە لووتم ون بکەم؟ "بەدەم ئەم خەیاڵاتەوە خۆی بە قاوەخانەیەکدا کرد، تا لە ئاوێنەدا تەماشایەکی خۆی بکات. خۆشبەختانە قاوەخانەکە چۆڵ بوو، کەسی لێ نەبوو، جگە لە چەند شاگردێک کە خەریک بوون ژوورەکانیان پاک دەکردەوە، کورسیەکانیان ڕیز دەکرد لەگەڵ چەند کرێکارێکی چاو بەخەوی چاو ڕیپۆقاوی کە سینیە شیرینی و کێکیان دەبرد و دەگواستەوە. ڕۆژنامانی دوێنێ، بە پەڵەی قاوەوە، لەسەر مێزەکان کەوتبوون. کوڤالیوف لە دڵی خۆیدا گووتی: "سوپاس بۆ خوا کە کەس لەم ناوە نییە، ئێستا دەتوانم بەکەیفی دڵی خۆم تەماشا بکەم " بە پارێزەوە لە ئاوێنەکە نزیک بووەوە، چاوی تێبڕی: "شەیتان بە نەحلەت بێ! ئەمە چ نەگبەتیەکە؟ ئەگەر شتێکیشی لە شوێن ڕوابوایە هەر باش بوو، بەڵام هیچ نییە! ساف و لووس! "

بەداخ و کەسەرەوە لێوی گەست و لە قاوەخانەکە وەدەرکەوت. بڕیاری دا، نەتەماشای کەس بکات، نەبەدەم کەسەوە پێ بکەنێ، هەرچەندە جارانیش کاری وای نەدەکرد. لە ناکاوا لەبەردەرگای ماڵێکدا ڕەق ڕاوەستا، لە بەرچاویا، شتێکی باوەڕنەکردەنی ڕوویدا. گالیسکەیەک لەبەر ماڵەکەدا وەستا، دەرگای گالیسکەکە کرایەوە و پیاوێک بە جلی فەرمی و بە پشتی چەماوەوە لە گالیسکەکە دابەزی ، بلەز بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت: کوڤالیوف، لووتی خۆی ناسیەوە، هەستی بەترس و سەرسامیەکی، لەوەسف نەهانگ کرد. کە چاوی بەم دیمەنە نائاساییە کەوت، چاوانی کەوتنە ڕێشکەو پێشکە، لاقەکانی سست بوون، بەخۆرتی خۆی بەپێوە دەگرت، بەڵام بڕیاریدا، بەهەر نرخێ بووە چاوەڕوان بکات، تا لووتەکەی دووبارە بێتەوە بۆ لای گالیسکەکەی، هەرچەندە سەراپای دەلەرزی، بەڵام دوای نزیکەی دوو دەقیقەیەک، لووتەکە بەڕاستی لە ماڵەکە وەدەرکەوت. بە جلی فەرمی پەراوێز سوورمە چنی یەخە دەقاقدراوی بەرزەوە، بە پانتۆڵێکی شاموای مەخمەلین و شمشێر بە قەدەوە، بەو پەڕانەوە کە بە کڵاوەکەیەوە بوون، لەوە دەچوو ئەندامێکی پایە بەرزی ئەنجوومەنی پارێزگا بێ، بە هەموو شتێکدا دیاربوو کە لووتەکە، دەچێت بۆ دیدەنی کەسێک. لووتەکە، تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، بلەز خۆی بە گالیسکەکەدا کرد،جێی خۆی خۆشکرد، بە عەرەبانەچییەکەی گوت: "باژۆ، بابڕۆین! " و دوورکەوتنەوە.

کوفالیوفی بەلەنگاز لەزگ بوو شێت بێ. هەرچی سەری دێنا و سەری دەبرد، سەری لەم ڕازە دەرنەدەکرد. ئاخر نەدەچووە ئەقڵی کەسەوە، لووتێک تا دوێنێ بە ناوەندی دەم و چاوی ئەوەوە بوو، نەدەیتوانی بڕوات و نەدەیتوانی گالیسکە سواری بکات، ئێستا بە جلی فەرمیەوە خۆی بنوێنێ! بەغاردان دووی گالیسکەکە کەوت، خۆشبەختانە زۆر دوور نەکەوتبووەوە و لە بەردەرگای کڵێسای کازانسکی دا وەستابوو. کوفالیوف، بە هەشتاو خۆی بە کڵێساکەدا کرد، بە پاڵە پەستۆ ڕێگای خۆی لە نێو ئەو ژنە سواڵکەرانەدا کردەوە کە کە پەچەیان لەسەر کردبوو و لە دوو کونی بچوکەوە تەنیا چاویان

دیار بوو، جاران کە دیمەنی ئەو ژنانەی دەبینی لە ناخی دڵەوە پێیان پێ دەکەنی. خۆی بە کڵێساکەدا کرد، ژمارەی نوێژکەرانی ناو کساکە کەم بوون، هەموویان لەبەر دەروازەکەدا وەستابوون، کوفالیوف، هێندە شپرزەو پەشێو بوو، کە حەوسەڵە و تاقەتی نوێژ و نزای نەبوو ،بە پەرۆشەوە چاوی بۆ لووتە ئونیفۆرم پۆشەکە ( (جلکی فەرمی)) دەگێڕا. ئەنجام لە پەنای دیوارێکدا بەدی کرد. لووتەکە دەم وچاوی لە نێو یاخە بەرزەکەیدا شاردبووەوە، بە ملکەچییەکی قوڵەوە مژووڵی نوێژ و نزابوو.

کوفالیوف ، دەبیرەوە چوو" چۆنی لێی بچمە پێشەوە باشە؟ بە جل و بەرگ و کڵاوەکەی و هەموو شتەکانیا دیار بوو کە دەبێ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێت. خوا بمگرێ ئەگەر سەر لەم مەسەلەیە دەربێنم! "

کوفالیوف، هەوڵیدا، بە نەرمە کۆکە سەرنجی بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام لووتی تاین، بۆ ساتێکیش نوێژ و نزاکەی نەبڕی و لێکدا لێکدا کڕنۆشی بەرەو میحرابەکە دەبرد.

کوفالیوف، زاتی وەبەر خۆی ناو گوتی: -بەڕێزەکەم، جەنابی بەڕێز.

لووتەکە، ئاوڕێکی بۆ دایەوەو گوتی: - چیت دەوێ؟

- قوربان ئەوەی ڕاستی بێ تیا ماوم و خۆیشم نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، بەڵام زۆرم پێ سەیرە ..... من لە کوێ بۆ تۆ دەگەڕێم و لە کوێ دەتدۆزمەوە! شوێن نەما، کڵێسا نەبێ؟ پێت وانییە، هەق بە منە...

- ببورە، من تێناگەم تۆ باسی چی دەکەیت.. دەتوانی مەبەستی خۆت ڕوون بکەیتەوە؟ خۆتان بناسێنی.

کوفالیوف، لە فکران ڕاچوو: "چۆنی بۆ ڕوون بکەمەوە؟ "

دووبارە زاتی وەبەر خۆی دایەوەو گوتی:

- هەڵبەتە من ... بابایەکم مێجەر. بێگومان وەکو ڕۆژی ڕوون لێت عەیانە، کە بۆ کەسێکی وەک من،کەسێکی لە پلەو پایە مندا، تا ئێستا ڕێ نەکەوتووە، بەبێ لووت بە شاردا بسوڕێتەوە. هەڵبەتە زۆر ئاساییە، ژنێکی پرتەقاڵ فرۆشی سەر پردی فوسکریسنیسکی، کە ڕۆژ تا ئێوارە لە یەک شوێن دادەنیشێت، لووتی نەبێت. بەڵام بۆ کەسێکی وەک من کە بەتەمام بەم زووانە تەرفیع بکەم.... ئەمە جگە لەوەی ناسیاویم دەگەڵ زۆر خانمێن، بە عینوان و بە نامێدا هەیە. بۆ نموونە یەکێک لەوانە مەدام چختاریفە کە ژنی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگایە .... من هیچ ناڵێم، ئێوە خۆتان حوکم

بدەن...... من نازانم چی بڵێم قوربان گیان.....(مێجەر کوفالیوف بەدەم ئەو قسەیەوە، شانەکانی هەڵتەکاند) ببورە، ئێوە دەبێ مەسەلەکە لە هەردوو ڕووی ئەخلاقی و مرۆڤانیەوە ڕەچاو بکەن .. ئیدی بە خۆتان داوەری بکەن .....

لووتی تاین بەرسڤی دایەوە:- من هیچ حاڵی نەبووم. مەبەستت ڕوونتر باس بکە.

کوفالیوف، لە سەری ڕۆیی:

- قوربان گیان، من نازانم تۆ مەبەستت لەم کارە چییە، خۆ هەموو کەس دەزانن کە .... مەگەر تۆ خۆت لە گێلی بدەی..... چما نازانیت کە تۆ لووتی منیت؟!

لووتەکە، نیگایەکی مێجەری کرد و ڕووی گرژ کردو برۆی وێک هێنانەوە.

- برادەری ئازیز، تۆ هەڵەیت. من بابایەکم موڵکی خۆمم، لە ڕەوشی ئاسایی خۆمدام . ئەمە جگە لەوەی هزر ناکەم هیچ جۆرە ئاشنایەتیەکمان لە نێواندا هەبووبێ. بە گوێرەی دوگمەی ئونیفۆرمەکەت بێ، وادیارە فەرمانبەری دایەرەیەکی دیکەیت.

لووتی تاین، دوای ئەوقسانە ڕووی وەرگێڕا و سەر لەنوێ دەستی بە نوێژ و نزایان کردەوە.

کوفالیوف، بەجۆرێ پەشۆکا بوو کە نەیدەزانی چی بکات و تەنانەت چۆنیش بیر بکاتەوەو چۆنی بگرێت. ڕێک لەم کاتەدا، خشەخشی پڕ لەزەتی کراسێکی ژنانەی بەرگوێ کەوت، ژنێکی پیر هات کە سەراپای لە دانتێلادا هەڵکێشابوو، دەم و چاوی بە تۆڕێک ئارایش دابوو، کیژێکی ناسکۆڵەی لە گەڵدابوو و جلێکی سەراپا سپی لەبەردابوو، کە قەدو باڵای هێندەی دی جوانتر دەنواند و کڵاوێکی زەردی کاڵی لەسەر بوو، بە جووتە بەلایدا تێپەڕین. عەرەبانەچییەک بە لاجانگی پانەوەو بە جلێکی چل پارچە ئاساوە لە پشت ئەوانەوە جێی خۆی کردەوەو بڕنووتی دانەکەی کردەوە.

کوفالیوف، چووە نزیکیانەوە، بە ئەنقەست یەخەی کەتانی کراسەکەی دەرخست و نیشانەکانی کە بە زنجیری زێڕی سەعاتەکەیەوە هاڵواسرابوون، ڕێک خستن و بزەیەکی بۆ کرد بە پانایی هەموو دەمو چاوی، چاوانی بڕینە کیژۆڵە وردیلەکە کە وەکو گوڵی بەهار دانەوی، بووەوە نوێژ و نزای دەخوێند و بەردەوام پەنجە نەرم و ناسکەکەی تا ئاستی نێو چەوانی بەرز دەکردەوە.

کوفالیوف، کە لە ژێر ئەو کڵاوەوە دەموچاوە خڕو سپی و گۆنا سوورەکانی، کە دەتگوت گوڵەباخی بەهارانە، بینی، هێندەی دی ڕووی گەشایەوە، بەڵام لە ناکاوا، وەکو ئەوەی چزەی لێ هەستێت، ڕاچڵەکی و گەڕایەوە. بیری کەوتەوە کە لووتی پێوە نیە، ڕۆندک بە چاویا هاتە خوارەوە. گەڕایەوە تا

به کەپـووی بڵێـت کە ئەو هەر بەوەوە نە وەسـتاوە خـۆی وەکـو ئەنـدامی ئەنجـومەنی پارێزگـا بنـوێنێ، بەڵکو کەسـێکی سـاختەچی و دەغەڵبازیشـە، بە هەمـوو لاف و گەزافێکـیەوە،جگە لە ئەنـدامێکی ئەم ، هیچی دی نییە، لووتی ئەمەو تەواو. بەڵام لووتەکە لەوێ نەمابوو،ئیدی دەرفەتی هێنابوو، دەرچووبـوو و لەوە دەچوو بۆ دیدەنی کەسایەتیەک چووبێ.

کوفالیوف، بەمە زۆر نائومێد بوو. هاتە دەرەوە، نزیکی دەقیقەیەک لە ژێر پایەکانـدا وەسـتاو بەوردی ڕوانیە هەموو لایەک، تا بەڵکو خوابەختەکی شوێنەوارێکی لووتی پەیدا بکات. زۆر چاک لە بیـری مـابوو کە کڵاوێکی پەڕداری لەسەر و ئونیفۆرمێکی پەراوێز سورمەچنی لەبەر بوو، بەڵام باش لە بیری نەبوو چ جۆرە پاڵتۆیەکی لەبەر بوو، گالیسکە کەشخەکەی چ ڕەنگێک بوو یا شێوەی ئەسپەکانی چۆن بوو، یـان ئـاخۆ خزمەتکاری لە دواوە هەبـوو یـان نـا ؟ ئەم خزمەتکـارە چ جـۆرە جلێکـی لەبەر بـوو. ئەمە جـگە لەوەی ژمارەی ئەو گالیسکانەی دەهاتن و دەچوون، ئەوەنـدە زۆربـوون، زۆر بەزەحـمەت دەناسـرانەوە و دەست نیشان دەکران، گریمان وا ناسیشیەوە،بە چی و چۆن ڕای بگرتایە.

ڕۆژێکـی هەتـاوی خـۆش بـوو. شـەقامی نیفسـکی لە خەڵکیـدا جـمەی دەهـات، خەڵکێکـی زۆر لەبەر هەتاوەکەدا بەسەر شۆستەکاندا لە هاتو چۆدا بوون، ئاپۆڕای ژنان، لەمسەری پردی پولیتسیسکییەوە تا پردی ئانجکین دەتگوت تاڤگەیەکی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگە و دەڕژێـتە سـەر شۆسـتەکان. کوفـالیوف، لە دووریەکـی کەمەوە، یەکێـک لە فەرمـانبەرە ئاشـناکانی خـۆی بەدی کـرد، ئەو فەرمـانبەرە بـوو، کە هەر کاتێ یەکیان بـدیبا، بەتـایبەتی ئەگەر خەڵکیـان لە دەوربـوایە، ئەم بە کوڵۆنێـل بـانگی دەکـرد و نـاوی دەبـرد. خـۆ ئەوەش یـاریگینە، سـەرۆکی بەشـی ئەنجـومەنی پیـران، هـاوڕێ گیـانی بە گیـانیەکەی، کە هەمیشە لە قومار و یاری هەشت قۆڵیدا دەدۆڕا. ئەوەش مێجەرێکـی دیـکەیە، کە وەکـو ئەم، لە قەفقـاز پلەیەکی وەرگرتبوو، بەدەست ئاماژەی بۆ دەکات کە بچێ بۆ لای ئەو و دوو قسان بکەن. کوفالیوف، لەبەر خۆیەوە و لە بن لێوانەوە پرتاندی:- دەبڕۆ!....

گالیسکەیەکی ڕاگرت:- کاکی عەرەبانچی یەکسەر بمبە بۆ لای سەرۆکی پۆلیس!

ئەوجا سواری گالیسکەکە بوو و هاواری کرد:- تا دەتوانی خێرا برانە.

هەرکە گەییە دەروازەی پۆلیسخانەکە، پرسی:- سەرۆکی پۆلیس لە ژوورەکەی خۆیەتی؟

دەرگاوانەکە گوتی:- نەخێر تەشریفیان لێرە نییە، تۆزێ لەمە پێش دەرچوو.

- چ نەگبەتیەکە!

دەرگاوانەکە لەسەری ڕۆیی:- ئەگەر یەک دەقیقە زووتر گەیشتبای، لەوەبوو بتدیتبایە.

کوفـالیوف، کە هێشـتا دەسـتە سـڕەکە بە دەم و لـووتیەوە بوو،سـواری گالیسـکەکە بـووەوە و بە نائومێدیەوە بە عەرەبانچیەکەی گوت: - لێخوڕە با بڕۆین.

عەرەبانچیەکە پرسی: -بۆ کوێ.

- ڕاست برۆ!

- ڕاست؟ ئەم ڕێگایە دەرناچێت، کوێرە ڕێیە، دەبێ بە ڕاست یان بە چەپدا پێچ بکەینەوە.

ئەم پرسیارەی دوایی، کوفـالیوفی خسـتە بیرکـردنەوەوە. بـۆ ئەم وەزع و حـاڵەی ئەم، باشـترین کـار ئەوەبوو کە بچوایە بۆ دایەرەی ئاسایش، نەک هەر لەبەر ئەوەی ئەم دایەرەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دام و دەزگای پۆلیسەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کارو باران لێرە لە چاو دایەرەکانی دیدا، خێراتر ڕایی دەکران. بۆیە هیچ فایدەی نەبوو کە کوفالیوف، ڕاستەوخۆ بڕوات بـۆ لای بەرپرسـی ئەو دایەرەیەی کە لـووتەکە، بە درۆی خـۆی دەیگـوت کارمەنـدی ئەوێنـدەرە، چـونکە بەو وەڵامـانەدا کە پێشـتر وەری گرتبوون، دیار بوو ئەم لووتە پاپەندی هیچ شتێک نییە و بە ئاسـانی دەیتـوانی بەرپرسـەکانی سـەرووی خۆی، بە درۆ نەنگینەکانی خۆی قاییل بکات کە بە عەمراتی کوفالیوفی نەدیوە و نەناسیوە.

ڕێک لەو کاتەدا کە کوفالیوف، لەزگ بوو بە گالیسکەچیەکە بڵێت یەکسەر بازۆ بۆ دایەرەی ئاسـایش، دووبارە ئەوەی بە بیـردا هـات، ئەم نـاکەس بەچە خـوێڕی یەی کە جـاری پێشـوو، بەو نـامەردی و بـێ شـەرمی و بـێ ویـژدانیە مـامەڵەی دەگەڵ ئەودا کردبـوو، لە گیـنە دەرفەت بێنـێ و بە دزییـەوە لە شـار دەرچێت و بڕوات و لە ئەنجامدا هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی بە فیڕۆ بڕوات یان خوا نەخواستە یەک دانە مانگی دی بەردەوام بێ. ئەنجام وەکو ئەوەی لە غەیبەوە ئیلهـامی بـۆ هـاتبێ، لە ناکـاوا لێبـڕا یەکسـەر بڕوات بۆ دایەرەی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و ئاگاداریەکی هێنـدە ورد و تێـر و تەسـەل لەمەڕ لـووتەکە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بکاتەوە، کە هەر کەسێک بە ڕێکەوت لووتی تاین بدینێ یەکسـەر بیگرێـت و ڕادەسـتی کوفالیوفی بکات یان بەلای کەمەوە شوێنەکەی بە کوفالیوف بڵێت. ئەمەی لە هەموو کارێک پـێ باشـتر بوو، بە گالیسـکەچیەکەی گـوت کە ڕاسـتەوخۆ بەرەو دایەرەو سـەنتەری چـاپەمەنی بڕانێـت. بە درێـژای ڕێگا بە یارۆی عەرەبانچییەوە دەژەندو هاواری بەسەردا دەکرد کە "پەلەبکە، هەی نەگریس! خێـرا بـازۆ بەدفەڕ!"

یارۆی عەرەبانچی کە بە هەموو هێزی خۆیەوە، ئەسپەکەی بەر قامچی دەدا، سەرێکی لەقاند و گوتی: " بەڵام ئاخر قوربان!" سەرەنجام گالیسکەکە وەستا، کوفالیوف دابەزی، بە هانکە هانک خۆی وەژوورێکی چکۆلەی چاوەڕوانیدا کرد. فەرمانبەرێکی سەر بۆز، بە پـاڵتۆیەکی کـۆنەوە لە سـەر مێزێـک دانیشـتبوو، قەڵەمێکی بە ددان گرتبوو، هەندێک دراوەی مسینی دەژمارد.

کوفالیوف، گوتی:- کێ لێرە بەرپرسی ئاگادارییانە؟ ببورە ، ڕۆژ باش!

فەرمانبەرە سەربۆزەکە، بۆ ساتێک چاوی هەڵبڕی و بەرسڤی دایەوە

- ڕۆژ باش

و ئەوجا دووبارە سەری دانەواندەوە و خەریکی دراوەکانی سەر مێزەکە بوو .

- دەمەوێ ئاگادارییەک بڵاو بکەمەوە .....

فەرمانبەرەکە بەدەستێک دەینووسی و بە دەستەکەی تری دوو دوگمەی حاسیبەکەی جوڵاند. خزمەتگوزارێک کە بەجلە کەشخەو پەراوێز سورمە چنەکانیەوەو بە سەرو سیمای گەش و زیتەڵەیەوە دیار بوو کە لە ماڵە دەوڵەمەند و ئەشرافێکدا کار دەکات، بەدیار مێزەکەوە وەستابوو و یاداشتێکی بەدەستەوە بوو و هەر بۆ ئەوەی خۆی بنوێنێ و ئەوە نیشان بدات کە دەتوانێ لەگەڵ هەر چین و توێژێکدا قسان بکات، دەستی بە چەنەبازی کرد:" باوەڕ بکەن، ئەو کسۆکە پیسە هەشتا کوپێک نایەنێ، من بم شازدە کوپێکێشی پێنادەم. بەڵام خانم دۆتمیر زۆری خۆش دەوێ، بۆیە ئامادەیە هەر کەسێک بۆی وەدۆزێ سەد ڕۆبڵی بداتێ و هەر بەخەیاڵیشیدا نایەت. ئەوەی ڕاستی بێ بە نۆڕپینی من هیچ پێوەر و پێوانەیەک بۆ زەوق و سەلیقەی خەڵکی نییە. هەرکەسەو زەوق و تەبیعەتێکی هەیە. بۆ نموونە کەسێکی ڕاوچی ئەگەر پێنج سەد تا هەزار ڕۆبڵیش بە تاژیەک یان سەگێکی باش بدات، نە هەقی نییە. "

فەرمانبەرەکە، لە کاتێکا کە بە حاسیبەکە ژمارەی وشەکانی سەر ئەو ئاگادارییەی کۆ دەکردەوە کە یارۆی خزمەتکار هێنابووی ،گوێی دەگرت. ژوورەکە پڕ بوو لە پیرەژنان، دوکانداران و خزمەتکارانی ماڵان کە هەر هەموویان ئاگاداری نامەیان بەدەستەوە بوو. لە یەکێک لەو ئاگادارییانەدا (( عەرەبانچییەکی بەڕێز)) عەوداڵی کار بوو، لە یەکێکی دیکەدا گالیسکەیەکی نیمچە نوێ کە لە ساڵی ١٨١٤ لە پاریسەوە هێنرابوو، بۆ فرۆشتن نمایش کرابوو، لە یەکێکی دیکەدا کارەکەرێکی نۆزدەساڵەی شارەزاو کارامە لە جلشۆریدا و،ئامادە بۆ هەر کارێکی دی عەوداڵی کار بوو. لە ئاگادارییەکانی دیدا فرۆشتنی (( عەرەبانەیەکی باری کە تەنیا یەک سپرینگی کەم بوو)) یا (( جوانوو ماینێکی هەڤدە ساڵەی نتک نتک)) یا ((تۆوی توورو شێلمی فەرەنگی )) یا (( ماڵێکی هاوینە بە هەموو کەل و پەلێک و بە تەویلەیەکەوە بۆ دوو ئەسپ و بە باخچەیەکەوە)) ڕاگەیەنرابوو. یان (( نەعلە کۆن)) خرابووە مەزاتەوە و دەبوایە خەڵکەکە هەموو ڕۆژێ لە سەعات هەشتی بەیانیەوە تا سەعات سێ لە مەزاتخانەکەدا ئامادەبن. ئەو ژوورەی کە ئەم حەشیمەتەی تیا کۆ بوو بووەوە زۆر بچووک بوو و، بۆنی

ناخۆش بوو، بەڵام مێجەر کوفالیوف، نەیدەتوانی بۆنی هیچ بکات. چونکە بە دەستە سڕێک دەم و لووتی هەڵپێچابوو و، لووتیشی مەگەر هەر خوا بیزانیبا لە کوێ گوم بوو بوو.

کوفالیوف، کە ئیدی سەبری بڕابوو،گوتی:

- قوربان گیان، دەتوانی ئێستا دەقی ئاگادارییەکم بۆ بنووسیت، ئەوەی ڕاستی بێ زۆرم پەلەیە.

فەرمانبەرەکە،لە بن لێوانەوە پرتاندی: - هەر ئێستا، ئەگەر سەبرێکم لێ بگری! دوو ڕۆبڵ و چل و سێ کوپێک. بێ زەحمەت یەک دەقیقە! یەک ڕۆبڵ و شەست و چوار کوپێک....

کاغەزەکانی دایەوە بەو پیرەژن و دەرگاوانانەی کە لە دەوری مێزەکە وەستابوون. سەرەنجام ڕووی کردە کوفالیوف و پرسی:" چ فەرمایشێکتان هەبوو؟ "

کوفالیوف، دەستی پێ کرد:

-من گەرەکمە.... شتێکی زۆر پڕ گومان لە ئارادایە، ئیدی تا ئێستا نازانم کە ئەمە شۆخی و ڕابواردنە یا دزی و دەغەڵبازیە، نەخێر نایزانم، تەنیا ئەوەندەم دەوێ کە ئاگادارییەکم بۆ بڵاوبکەنەوە کە هەرکەسێک ئەو ناکەس بەچەیەم بۆ بدۆزێتەوە، خەڵاتێکی باشی دەدەمێ.....

- ناوت بەخێر؟

- چ پێویست بە ناو دەکات؟ ناتوانم ناوی خۆم بڵێم، ناسیاوێکی زۆرم هەن، بۆ نموونە خاتوو چختاریف کە ژنی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگایە. بیلاگیا گریگوریڤنا بودتو جینا، ژنی ئەفسەرێکی دێرینە..... ئەگەر خوا نەخواستە من بناسنەوە چی بکەم! بۆیە بنووسە "یاریدەدەری ڕاوێژکار" یان "مێجەر".

- ئەو کەسەی کە گوم بووە، دەرگاوان و خزمەتکاری ماڵەکەتانە؟

- خزمەتکار و دەرگاوانی چی؟ خۆزگە دەرگاوان بوایە، هەر خەمم نەدەبوو! ئەوەی گوم بووە کەپوومە.

- ئم! ناوێکی سەیرە ئەم ئاغای لووتە، پارەیەکی زۆری دزیوە؟

- لووت! وادیارە باش حاڵی نەبوویت؟ مەبەستم لووتی خۆمە کە غەیب بووە، ئەمە گەمەیەکی سەخیفە کە دەگەڵ منیان کردووە.

- تێناگەم چۆن لووتت دیار نەماوە؟

- نازانم چۆنت بۆ باس بکەم. بەڵام ئەوە بزانە کە لووتی من حاڵی حازر بەشاردا دەسوڕێتەوەو وەکو ڕاوێژکارێکی مەدەنی خۆی دەناسێنێ، بۆیە تکات لێدەکەم ئاگادارییەکم لەو بارەیەوە بۆ بڵاو بکەوە، کە هەر کەسێک لووتی دەسگیر کردم بە پەلەو بێ دواکەوتن بۆمی بگێڕێتەوە، تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت، پیاو بەبێ لووت بەبێ ئەم ئەندامە دیارە، چ شێوەو شەکڵێکی دەبێت؟ خۆ ئەگەر پەنجەیەکی پێم بوایە، پێڵاوەکەم لە پێ دەکرد، نەکەس هەستی پێ دەکرد و نەکەس دەیبینی. ئاخر من پێنج شەموان دەچمە دیدەنی خاتوو چختاریفی ژنی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا و خاتوو پوتوچینی کە ژنی فەرمانبەرێکی پایە بەرزەو کچۆڵەیەکی خشکۆکی هەیە. هەروەها دەچمە دیدەنی دۆستانی دڵسۆزی دیکەش... تۆ خۆت حوکم بدە چۆن بەبێ ..... بەهەرحاڵ چۆن دەتوانم بەم حاڵەوە بچمە دیدەنیان؟

فەرمانبەرەکە، بە لچ و لێوی هەڵقورتاویا دیار بوو، بەقووڵی دەبیرەوە چووە، دوای بێدەنگیەکی زۆر گوتی:

- ناتوانم، ئەم جۆرە ئاگادارییە لە ڕۆژنامەکەمان بڵاوبکەمەوە.

- چۆن؟ بۆچی؟

- بەڕاشکاوی دەیڵێم، کە ڕۆژنامەکەمان بەد ناو دەبێت. ئەگەر هەر کەسێک بێت و ئاگادارییەک بڵاو بکاتەوە کە لووتی هەڵاتووە، کێ باوەڕ بەمە دەکات. بەبێ ئەمە خەڵکی گلەیی دەکەن کە ڕۆژنامان، شتی تورەهات و ناماقول و درۆ و دەلەسەی زەق بڵاو دەکەنەوە، جا وەرە شتی وا بڵاو بکەینەوە!هەنگێ هەزار و یەک هەواڵ و دەنگۆی بێ بنج و بنەمامان بۆ دێت..

- باشە ئەمە ناماقوولیەکەی لە چ دایە؟ نە درۆیەو نە دەنگۆ.

- بەلای تۆوە ناماقوول نیە. هەفتەی پێشوو، شتێکی وەکو ئەمەی تۆمان بۆهات. فەرمانبەرێک، ڕێک وەکو چۆن ئێستا تۆ هاتوویت، بەخۆ و ئاگادارییەکی وەکو ئەمەی تۆوە هات، ئاگادارییەکەی بایی دوو ڕۆبڵ وهەفتاو سێ کوپێک بوو، هەموو ئاگادارییەکەی ئەوەبوو کە سەگێکی ڕەش هەڵاتووە. بەتەسەوری تۆ هیچ ناماقوولیەکی تیایە؟پاشان ڕوونکردنەوە و گلەییەکمان بۆ هات کە مەبەست لەم سەگە ڕەشە، یەکێک لە ژمێریارانی دەوڵەتی بووە- ئێستا بیرم نەماوە کە ئەم سەگە ڕەشە کارمەندی کام وەزارەتخانە بووە..

-بەڵام ئاگادارییەکەی من دەربارەی سەگ نیە. دەربارەی لووتی خۆمە، وەکو ئەوەیە دەربارەی خۆم بێت.

- نەخێر، ناتوانم ئەم جۆرە ئاگادارییە بڵاوبکەمەوە.

- ئاخر من لووتم لێ ونبووه.

- باشتر وایە بچیت بۆ لای دکتۆرێک، ئەمە ئیشی دکتۆرانە. بیستوومە ئێستا دکتۆری وا هەن، دەتوانن هەر جۆرە کەپوویەکتان بوێ، بۆتی دابنەن. بەهەرحاڵ من پێموایە، تۆ کەسێکی سوعبەتچی و دەتەوێ بۆخۆت رابوێری.

- بەزاتی خوا شتی وا نییە. ئەوەی دەیڵێم خیلافی نیە، ئەگەر حەز دەکەی بۆ دڵنیایی پێتی نیشان دەدەم

فەرمانبەرەکە کەمێک برنووتی هەڵمژی و لەسەری رۆیی:

-جا ئەمە نیگەرانی بۆچیە، ئادەی زەحمەت نەبێ، با تەماشایەکی بکەم.

مێجەر کوفالیوف، دەستە سرەکەی لابرد.

فەرمانبەرەکە گوتی:- کە سەیرە! شوێنەکەی سافی سافە، دەڵێی کولیچەی تازە هەڵاتەیە.

- تەواو تەماشات کرد! ئیدی بە چاوی خۆتان بینیتان و ناتوانی بڵێیت بڵاوی ناکەمەوە. زۆر مەمنونی لوتفتانم و، زۆر خۆشحاڵم کە بەهۆی ئەم رووداوەوە ئاشنایەتیم لەگەڵتاندا پەیدا کرد......

دیار بوو مێجەر، وایدەزانی کە دەتوانێ بە مەرایی و پانکردنەوە شتێک بە شتێک بکات و کارەکەی رایی بکات. فەرمانبەرەکە گوتی:

- هەڵبەتە بڵاو کردنەوەی ئاگادارییەکە کێشە نییە. بەڵام تێناگەم تۆ چ سودێکت لەم کارە دەست دەکەوێ؟ ئەگەر حەزدەکەی،مەسەلەکە بۆ رۆژنامە نوسێکی کارامە دەگێرینەوە و رای دەسپێرین، بیکات بە وتارێکی جوان و بە ناونیشانی دیاردەیەکی دەگمەنی سروشت، لە رۆژنامەی ( (هەنگی باکوور))دا بڵاوبکاتەوە (کەمێک برنووتی خستە سەر قامکی و هەڵیمژی ) تا لاوەکانمان سوودی لێ وەربگرن ( کەپووی پاک کردەوە) یان بەناونیشانی مەسەلەیەکی سەرنج راکێش بۆ هەموان.

ڕیسەکەی مێجەر بەتەواوەتی بووەوە بە خوری. سەری دانەواند، روانیە لاپەرەی هەواڵە شانۆییەکان. کە ناوی یەکێک لە ئەکتەرە ژنە زۆر جوانەکانی بەدی کرد، بزەیەکی کەوتە سەر لێو، دەستی بە گیرفانی خۆیدا گێرا تا بزانێ ئاخۆ ئەسکەناسێکی پێنج رۆبڵی تیایە یان نا، چونکە قەناعەتی وابوو کە کارمەندانی گەورەو پایە بەرز، دەبێ لە ریزی پێشەوەو لە لۆجدا دابنیشن. بەڵام یەکسەر و دووبارە لووتی بیرکەوتەوە، هەنگێ تێگەیی کە ناتوانێ بەو حاڵەوە بۆ شانۆ بڕوات. وادیار بوو،فەرمانبەرەکەش

هەستی بەوحاڵە ناخۆش و دژوارەی کوفالیوف کردبوو، بۆیە وای بەباش زانی کە بە چەند وشەیەک، هاوخەمی خۆی بۆ دەربڕێت و کەمێک دڵخۆشی بداتەوە. بۆیە گوتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ زۆر بەداخەوەم، کە ئەم قەوماوە سەیرەت بەسەر هاتووە. تۆزێ بڕنوتی هەڵنامژیت؟ بۆ ژانە سەر زۆر باشە. خەمڕەوێنە، بگرە بۆ مایەسیریش باشە.

بەدەم ئەوقسانەوە، قوتووە بڕنووتیەکەی (سعوتی)بۆ ڕاگرت ،بەوپەڕی ڕێزەوە قەپاغی قوتووەکەی کە وێنەی کیژێکی شەبقە بەسەری لەسەر نەخشرابوو، بۆ کردەوە. ئەم ڕەفتارە بێ مەبەست و خۆبە خۆیە، کوفالیوفی دەهری کرد وبە تووڕەییەوە هاواری کرد:

- توخوا ئەمە پیاوەتیە، ئێستا وەختی گاڵتەیە، چما کوێری، نابینی کە کەپووم نیە تا بۆنی پێ بکەم؟ عەیب ناکەی، لابە خۆت و قوتووە بڕنوتیەکەت! تاقەتی نەک ئەم تووتنە بۆگەن و هەرزان بەهایەی تۆم نیە، تاقەتی نایابترین تووتنی فەڕەنسیشم نیە.

کوفالیوف، دوای ئەو قسانە، لە ژوورەکە وەدەر کەوت و یەکسەر ڕۆیی بۆ لای سەرۆکی پۆلیسی گەڕەک. (ئەم کابرایە کوشتەی قەند بوو، لەماڵەوە، هۆڵی میوان و ژووری نان خواردنیش، پڕ بوو لە کەلە شەکرو قاڵبە قەند، ئەو بازرگانانەی کە دەیان ویست لێی نزیک ببنەوە و دۆستایەتی دەگەڵدا پەیدا بکەن ، بەدیاری بۆیان هێنابوو) تازە لە دەوام هاتبووەوە، کارەکەرەکەیان تازە پۆستاڵەکانی بۆ داکەند بوو، شمشێرەکەی و هەموو کەل و پەلە جەنگیەکەی بۆ هەڵواسی بوو، هەروەها کڵاوە سێ گۆشە ترسناکەکەشی، کە کوڕە سێ ساڵانەکەیشی دەیناسیەوە، خۆی ئامادە دەکرد، دوور لە دەوام و ژیانی زبری عەسکەری، بە جلی مەدەنیەوە نیوەڕۆ خەوێکی بۆ بکات و پشوویەک بدات.

کوفالیوف، ڕێک لەو کاتەدا خۆی بە ژوورا کرد کە ئەو دەیویست پشوویەکی باش بدات و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " دەی با دوو سەعاتێک بە ئیسراحەت بخەوم!"

دیار بوو جەنابی مێجەر بەڕاستی لە کاتێکی ناکات و نالەباردا هاتبوو. کاتێک بوو ئەگەر چەندین کیلۆ چای یان تۆپێک قوماشیشت دابوایە بەسەرۆکی پۆلیس ڕەنگە بەئاسانی لێی وەرنەگرتبای. سەرۆکی پۆلیسی گەڕەک حەزی لەهەموو جۆرە توحفەو شتێکی هونەری هەبوو، بەڵام زیاتر لەهەر شتێک حەزی لە ئەسکەناس بوو، دەیگوت: "هیچ شتێک لە ئەسکەناس باشتر نیە، نە ئەرکی هەیە نە جێ دەگرێت، بە ئاسانی لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە، ئەگەر لە دەستیشت بکەوێ ناشکێ!"

جەنابی سەرۆک زۆر بـا سـاردی پێشـوازی لە کوفـالیوف کـردو گـوتی دوای فـراڤین، کـاری تـاقیق و لێکۆڵینەوەو پەیگیری سکاڵاو ئەوشتانە ناکات، خوا ئەم کاتەی بۆ ئیسراحەت و پشوو دانـاوە ( مـێجەر بەم قسـانەدا وای بـۆ دەرکەوت کە جەنـابی سـەرۆکی پـۆلیس، پەیـڕەوی داب و نەریـت و حیکمەتـی پێشینان دەکات) و خەڵکانی بە شەخسیەت و سەر ڕاست و ساغڵەم کەپوویـان گـوم نـاکەن و دنیـا پـڕ بووە لەو مێجەرانەی کە بە ناهەق پلەی مێجەریان دراوەتێ و لۆش لۆش دەسوڕێنەوە و تەنانەت جلێکی ماقولیان لەبەردا نیە و سەر بە هەمـوو کـون و کەلەبەرێکـدا دەکەن و تەنـانەت هـاتوچۆی شـوێنانی بەد ناوێش دەکەن. بەو جۆرە هەموو شتێکی بەبێ پەردە نایە قـوڵی مسـتی! کوفـالیوف، زۆر بەمە پەسـت بـوو . جـا لێـرەدا پێویسـتە ئەوەش بڵـێم کە کوفـالیوف، پیـاوێکی زۆر دڵناسـک و هەسـتیار بـوو. هەر قسەیەکیان بە شەخسی خۆی بگوتایە، زۆر ناڕەحەت نەدەبوو، و لە دڵی نەدەگرت بەڵام ئەگەر کەسـێک لە کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی بدایەو گاڵتەی پێ بکردایە، هەرگیز لێـی قەبـووڵ نەدەکـرد، بەش بە حاڵی خۆی ، لاری نەبوو لە نمایشان و شانۆنامانـدا، بەدڵی خۆیان سەر و گوێلاکی ئەفسەرانی بچـووکی پۆلیس بکوتنەوەو تەوسیان پێبکەن و تانەیان لێبدەن، بەڵام کارمەنـدانی گەورەو پـایە بەرز دەبـوا لەمە بەدەر بن، دەبوا لە سەرووی هەر تەوس و تەنزێکەوە بن.

قسەکانی سەرۆکی پۆلیسی گەڕەک، بە جۆرێ کوفالیوفیـان پەسـت کـرد و لە زەوقیـان دا، بەجـۆرێ تەریقیان کردەوە، کە سـەرێکی لەقانـدو، بە دەنگێکـی پـر لە شـانازیەوە، پـڕ بە پـڕی پـێگەکەی خـۆی گوتی: " ئەوەی ڕاستی بێ، دوای ئەم بۆچوونانەی تۆ،کە زۆر تەوهێن ئـامێز بـوون، مـن هـیچ قسـەیەکم نییە..." و وەدەرکەوت.

کە گەییەوە ماڵێ، حاڵی هێندە بێ حاڵ بوو، بە ئاستەم خـۆی بـا پێـوە دەگـرت. دنیـا خەریـک بـوو تاریک دەبوو. دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلا بێ ئاکامە، خانووەکەی زۆر لەبەرچاو ناخۆش و خەمنـاک بوو. خۆی بە ژووری پێشوازیدا کرد، بینـی ئیڤـانی گالیسـکەچی، لەسـەر قەنەفەیەکـی چەرمـی چڵکنـی پەڵە پەڵاوی، لەسـەر گـازی پشـت ڕاکشـاوەو،ڕوو لە مـیچەکە تـف هەڵـدەدات، هەمـوو جارێـک تـفەکەی تەقریبەن بەر هەمـان جـێ دەکەوت. کوفـالیوف، کە بـێ موبـالاتی و خەمسـاردی ئەم بەشـەرەی بینـی، بەجارێ گڕی گرت، تا هێز لە بازوویدا بوو، کڵاوەکەی کێشا بە ناوچەوانیـدا و گـوتی: " هەی بەرازی لە باب بەراز ! هیچ کارێکی دی نیە بیکەی تەنیا ئەمە نەبێ!؟ "

ئیڤان یەکسەر لە شـوێنی خـۆی ڕاپەڕی، بە هەشـتاو کەوتە داکەنـدنی پـاڵتۆکەی کوفـالیوف. مـێجەر ماندوو و مەلوول چـوو بـۆ ژوورەکەی خـۆی، لەسـەر مـوبێلەیەک پـاڵکەوت، دوای ئەوەی چەنـد ئـاهێکی قووڵی هەڵکێشا، لەبەر خۆیەوە گوتی:

-خودایا، خودایە، ئاخر من چیم کردووە تا شایستەی ئەم عەزاب و کڵۆڵیە بم؟ خۆ ئەگەر دەستێک یا لاقێکم لە دەست دابا، هەر باشتر بوو! خۆ ئەگەر هەردوو گوێم لە دەست دابوایە،هەرچەندە باش نەبوو ، بەڵام هەر لە ئێستام باشتر بوو، هەرچۆنێ بوایە تەحەموول دەکرا. بەڵام ئینسانێکی بێ کەپوو.... مەگەر هەر خوا بزانێ لە چی دەچێت: نە تەیرە، نە ئینسانە، هەر بۆ ئەوە باشە لە پەنجەرەوە فڕێ بدرێتە دەرێ و لە دەستی ڕزگار بیت! ئەگەر کەپووم لە شەڕدا یا لە دوئێلدا لەدەست دابوایە، دەمتوانی قسەیەک بکەم، بیانوویەک بۆ خۆم بێنمەوە، بەڵام ناکرێ هەروا لە خوت و خۆڕایی، بە بارەبار کەپووت پێوارو غەیب بێت و هیچ هۆیەکی نەبێت. ئاخر شتی وا هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە، مەحاڵە! هەبێ و نەبێ دەبێ خەوم دیتبێ یا لەوەیە لەو ڤۆدگایەم خواردبێتەوە کە دوای تەراش لە ڕدێنم دەدا. ئیڤانی کەر لە بیری چووە بیخاتە ناو دۆڵابەکەوە و هەڵی بگرێت و، منیش خواردوومەتەوە."

مێجەر بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە مەست نیە، نوقورچێکی ئەوتۆی لەخۆی گرت، کە لە تاوا هاواری لێ هەستا و بەڕاستیش قەناعەتی کرد کە تەواو هۆشی بەخۆیە. بەترس و ئومێدەوە بە هێمنی بەرەو لای ئاوێنەکە داخزی، بە ئومێدی ئەوە بوو، کەپووی لە شوێنی خۆیدا بدینێتەوە، چاوانی کردەوە، بەڵام گزو گومەت، بەترسەوە کێشایەوە و بەدەنگی بەرز گوتی: " چ دیمەنێکی دزێوە!"

بەڕاستی کێشەیەکی ئاڵۆز و باوەڕ نەکردەنی بوو، ئێستا ئەگەر دوگمەیەک یا مراکێکی زیو، یا سەعاتێک یا هەر شتێکی لەو بابەتانە گوم بوایە، پیاو دەیتوانی پاکانەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام گوم بوونی لووتی و لە ماڵی خۆیدا!..... مێجەر کوفالیوف، مەسەلەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە شەن و کەو کرد، ئەنجامی بیری بۆ ئەوە چوو کە لە گینە ئەمە کاری، خاتوو پودوچین ژنی ئەفسەرە دێرینەکە بێ، کە دەیویست کچەکەی بەسەر ئەمدا (مێجەر) ساغ بکاتەوە. هەڵبەتە کوفالیوف ش سەری لەوە دەخورا کە جار جارێ ئاشقێنی دەگەڵ کچۆڵەکەیدا بکات و دەستی پێ گەرم بکاتەوە، بەڵام لەو سڵتر بوو خۆی لە تەڵەکە بدات. کاتێ کە خاتوو پودوچین بە ڕاشکاوی پێشنیاری زەماوەندی ئەو دوانەی دەکرد، مێجەر زۆر بە نەزاکەتەوە تەوازی بۆ دێنایەوە کە جارێ گەنجەو، وەختی ژن هێنانی نییە و دەبێ پێنج دانە ساڵی دیکە، خزمەت بکات تا تەمەنی دەگاتە چل و دوو ساڵ. ئیدی بەو بیانوانە خۆی دەپەڕاندەوە. ئەم خانمە بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە، چەند ئافرەتێکی جادووگەری بە کرێ گرتووە، کە لووتی غەیب بکەن و دەم و چاوی بەو ئاوایە بشێوێ. ئەمە تاقە ئەگەرێک بوو کە بچێتە ئەقڵەوە، چونکە کەس نەچووبووە ژوورەکەیەوە، ((ئیڤان یاکوفلیفچ)) ی دەلاکیش ڕۆژی چوار شەممە ردێنی بۆ تاشی بوو و بە درێژای هەردوو ڕۆژی چوارشەممە و پێنج شەممەش لووتی ساغ و سەلامەت لە جێی خۆیدا بووە. هەموو ئەمانەی جوان جوان لە بیر بوو. ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر کەپووی بڕابوایە،هەستی بە ئازار دەکردو شوێنی زامەکە وا زوو خۆش نەدەبووەوە، بەوجۆرە کولیچە ئاسا نەرم و ساف و لووس نەدەبوو.

له فکران ڕاچوو: ئایا سکاڵایەکی فەرمی پێشکەش بە دادگا بکات یان ڕاستەوخۆ بچێ بۆ لای و ڕوو بە ڕوو پێی بڵێت کە گومانی لەوە.

له ژێر دەرگاکەوە ڕووناکیەک وەژوورکەوت، ئەم ڕووناکیە زنجیرەی بیرکردنەوەکانی پچڕی. دیار بوو ئیڤان مۆمێکی له هۆڵی پێشوازی پێکردووە، دوای تۆزێک ئیڤان بە خۆ و مۆمەکەوە وەژوورکەوت. تیشکی مۆمەکە سەرانسەری ژوورەکەی ڕووناک کردەوە. کوفالیوف یەکسەر پڕی دایە دەستەسڕەکەی و ئەو شوێنەی پێ داپۆشی کە تا دوێنێ لووت بوو، تا ئەو خزمەتکارە هەستسزە، لە وێندەر نەوەستێ و زەق زەق تەماشای نەکات.

هێشتا چەند ساتێک بەسەر چوونە ژوورەوەی ئیڤاندا نەبووری بوو کە دەنگێکی غەریب لە هۆڵەکەوە هاتە گوێ:

- ئێرە ماڵی مێجەر کوفالیوفە؟

کوفالیوف، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و بە دەم کردنەوەی دەرگاکەوە گوتی: - فەرموو خۆمم، مێجەر کوفالیوف.

پۆلیسێکی ڕێک و پێکی گۆنا خڕپنی، لاجانگ ماش و برنج- لە ڕاستیدا هەمان ئەو پۆلیسەبوو کە لە سەرەتای چیرۆکەکەماندا، لەوسەری پردی سنت ئیساک وەستابوو، خۆی بە ژوورا کرد.

- ئێوە هەمان ئەو بەرێزەن کە لووتی گوم کردووە؟

- بەڵێ خۆمم.

- ئێسیا کەپووتانمان دەستگیر کرد.

مێجەر کوفالیوف هاواری کرد: - فەرمووت چی ؟

لە خۆشیا زمانی لە گۆ کەوت. بە سەرسامی و چاوانی ئەبڵەقەوە ڕوانیە گۆنا خڕپن و گوپە گۆشتنەکانی کابرای پۆلیس کە لەبەر ڕووناکی لەرزانی مۆمەکە وەستا بوو.

- چۆن بەگیرتان هێنا؟

- بە ڕێکەوت. ڕێکەوتێکی سەیر . لەوکاتەدا کە دەیویست بە گالیسکەیەکی گەورەی نەفەران بۆ ڕیگا بڕوات، دەستگیرمان کرد. پاسپۆرتێکی ساختەی بە ناوی یەکێک لە سەرۆک دایەرەکان پێ بوو. سەیر ئەوە بوو لە هەوەڵەوە لەگەڵ کەسێکی بەڕێزدا لێم تێکچوو، وامزانی ئەوە، بەڵام خۆشبەختانە

عەینەکەکەم پێ بوو، کەمێک لێی ورد بوومەوە و ئیدی بۆم دەرکەوت کە ئەمە لووتە. هەڵبەتە بەخۆت ملاحەزە دەفەرمووی کە من نزیک بینم، ئەگەر تۆ لە بەر دەممدا بوەستی دەتوانم تەنیا دەم و چاوتان بدینم و ئیدی لووت و ڕدێن و شتەکانی دیکەم بۆ فەرق ناکرێ. بە ڕێکەوت خەسووشم هەمان کێشەی منی هەیە.

کوفالیوف، لە حەژمەتاندا خوای نەما بوو.

-باشە ئێستا لە کوێندەرە؟ بۆ کوێ بڕۆم بە دوای دا ؟ دەبێ هەر ئێستا بە پەلە بڕۆم.

- نیگەران مەبە، خۆت نارەحەت مەکە. چونکە دەمزانی لەگینە پێویستت پێی بێ، لەگەڵ خۆمم هانیوە. سەیر ئەوەیە لەوە دەچێ تۆمەتباری سەرەکی لەم دۆزەدا، دەلاکە ساختەچییەکەی شەقامی فوزنیسینسکی بێ کە دەستگیر کراوەو حاڵی حازر لە پۆلیسخانەدا دەست بەسەرە. ماوەیەک بوو بەهۆی مەستی و دەست بڕییەوە گومانم لێی پەیدا کردبوو و دوور و نزیک تاقیبم دەکرد، ئەوەبوو پێرێ بە دزییەوە گرتم، خەریک بوو دەرزەنێک دوگمەی لە موغازەیەک دەدزی، ڕێک لەوکاتەدا گرتم. ئیدی ئەوە لووتەکەت وەک خۆی ماوەو هیچ عەیبی نییە.

یارۆی پۆلیس، دەستی بە گیرفانیا کرد، ئەو پریاسکەیەی دەرهێنا کە لووتەکەی تێوە پێچرابوو.

کوفالیوف، هاواری کرد:- خۆیەتی! بەڵێ خۆیەتی! فەرموو دانیشە کوپێک چایم لەگەڵدا بخۆوە.

زۆر سوپاس،پێی گەورە دەبم ، بەڵام من دەبێ خێرا بۆ پۆلیسخانە بگەڕێمەوە.... دەبێ سەرێکی ماڵەوەش بدەم..... مەسرەفی ژیان زۆر گران بووە، خەسووشم لەگەڵ ئێمەدا دەژی، ئەمە جگە لە منداڵەکان. کوڕە گەورەکەم زۆر زیرەک و زرینگە، لێ مخابن من ناتوانم، خەرجی خوێندنەکەی فەراهەم بکەم....

کوفالیوف، یەکسەر لە مەبەستی حاڵی بوو. ئەسکەناسێکی سووری لە چاوی مێزەکە دەرهێناو نایە قولی مستی کابرای پۆلیس. پۆلیسەکە ئیکلامێکی بۆ کێشاو لە دەرگا وەدەرکەوت. ڕێک لەوکاتەدا کوفالیوف، دەنگی ئەوی لەسەر شەقامەکەوە دەژنەوت کە جوێنی بە کابرایەکی دێهاتی دەدا کە عەربانە دەستییەکەی هێنابووە سەر شۆستەکە.

مێجەر، دوای ڕۆیشتنی پۆلیسەکە هێشتا هێندە مەستی خۆشی بوو کە تا چەند دەقیقەیەک بەنج بوو، نە هیچی دەبینی و نە هەستی بە هیچ دەکرد، ئەوجا بە وریاییەوە کەپووەکەی خستە نێو هەردوو دەستی، بەگەرمی تەماشای کرد. کوفالیوف، لە خۆشیاو بەدەم پێکەنینەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

- "بەڵێ خۆیەتی. ئەمەش ئەو زیپکەیەیە کە پێرێ لە سەمتی چەپی هاتبوو."

بەڵام هیچ شتێک لەم دنیایەدا پایەدار و هەتا هەتایی نیە. تەنانەت خۆشیەکانیشمان سات بە سات کاڵتر دەبنەوە و هەرگیز لە ساتی دووەمدا وەکو ساتی یەکەم شاد نابین و دواتر دەگەڕێینەوە سەر دۆخی ئاسایی هەمیشەییمان. ڕێک وەکو ئەوەی کاتێ بەردێک فڕێ دەدەینە ئاوێکەوە و زنجیرە شەپۆلێکی لێ دەکەوێتەوەو بەرەبەرە مەحوو دەبێتەوە. کوفالیوف، لە فکران ڕاچوو و هەستی کرد کێشەکەی هێشتا تەواو نەبووە: لووتەکە دۆزرابووەوە، بەڵام دەبوایە بە دروستی لە جێگای خۆی دابنراباوە."باشە ئەگەربە دەم وچاومەوە نەگیرسێتەوە چ بکەم؟"

ئەم پرسیارە ترسێکی خستە دڵی مێجەرەوە. خێرا چوو بۆ لای ئاوێنەکە، ئاوێنەکەی هێنایە پێشترەوە تا نە بادا لووتەکە خوار دابنێتەوە. دەستەکانی دەلەرزین. بەو پەڕی پارێزەوە لووتەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە. بەڵام خودایا! لووتەکە بە شوێنی خۆیەوە نەدەگیرسایەوە! لووتەکەی بۆ دەمی بەرز کردەوە، بە هاڵاوی دەمی گەرمی کردەوە، دووبارە نایەوە بە دەم وچاویەوە،بەڵام بێ ئەنجام بوو. لووتەکە بە شوێنەکەی خۆیەوە نەدەگیرسایەوە. بە تووڕەی گوتی:

-" دەی نەگریس، بەدفەڕ بە شوێنی خۆتەوە بگیرسێوە!" بەڵام لووتی تاین دەتگوت تەختەیە، بە دەنگێکی وەکو دەنگی تەپەدۆری سەری بوتڵێک کەوتە سەر مێزەکە. دەم و چاوی مێجەر گرژ بوو، بەترسەوە گوتی: " هەردەبێ پێوەی بگیرسێتەوە. " بەڵام چەند جارێکی دیکەش هەوڵی لەگەڵدا، تاقیکردەوە، هەر فایدەی نەبوو.

ئیڤانی گاز کردو لە دووی دکتۆری نارد.بەرێکەوت دکتۆرێک لە باشترین شوقەی نهۆمی یەکەمی هەمان ئەپارتمان دەژیا. ئەم دکتۆرە قۆز بوو، ردێنێکی ڕەش و جوانی هەبوو ، ژنێکی جوان و باریکەلەو بەژن زراڤی هەبوو. هەموو بەیانیەک سێوێکی تازەی دەخوارد، عادەتی وابوو، دەم و دانی بە پاکی ڕادەگرت، هەموو بەیانیەک نزیکەی سێ چارەکە سەعات غەرغەرەی دەکرد، دەم و دانی بە پێنج جۆر فڵچە دەشت. دکتۆر یەکسەر هات. هەوەڵجار پرسی لە کەیەوە وای لێهاتووە . هەنگێ چەناگەی کوفالیوفی گرت، سەری بەرز کردەوەو بە پەنجە کەڵەی بەجۆرێ گوشاری خستە سەر شوێنە ساف و لووسەکە ( کە سەردەمانێک جێگای لووت بوو) کە کوفالیوف لە تاو ئازار سەری بردە دواوەو کەوت بە دیوارەکەدا. دکتۆر ویستی هێوری بکاتەوەو پێی گوت بڕوات لە پاڵ دیوارەکە بوەستێ. ئەسا سەری بەلای ڕاستدا وەرگەڕاند، بە قامک گوشاری لە شوێنی لووتەکە کرد و گوتی: "ئم!" ئەوجا سەری بەلای چەپدا وەرگەڕاند و "ئم" ێکی دیکەی بۆ کرد، دیسان گوشاری خستە سەر شوێنی لووتەکە کوفالیوف، وەکو ئەسپێک ددانەکانی تاقی بکەنەوە، سەری تەکان دا، دوای ئەم معایەنەو تاقیکردنەوانە دکتۆر گوتی:- بەرای من وازی لێبێنە، با هەر وابێ، ئەگینا لە ئیستا خراپتر دەبێت . هەڵبەتە دەکرێت لووتت لە

شوێنی خۆی دابنـرێتەوەو بگـرە دەتـوانم هەر ئێسـتا بـۆتی دابـنەمەوە، بـاڵام دڵنیـات دەکەم لە ئیسـتا خراپتر دەبێت.

کوفالیوف، بەرپەچی دایەوە:

- سەیرە! باشە قوربان ئێستا بەبێ کەپوو چبکەم؟ مەگەر لەمەش خراپتر هەیە؟ مەگەر هەر خوا بزانـێ ئەمە چ بەڵایەکە! ئاخر بەم سەرو سیما کۆمیدیەوە چۆن بچمە ناو خەڵکی؟ ئاخر من هاتوچۆی ئەشراف و پیاو ماقولان و خانەدانان دەکەم . بۆ نموونە ئەمشەو لە دوو ماڵ دەعوەتم خەڵکـانێکی زۆر دەناسـم، ناسیاو وئاشنام زۆرن: خـاتوو چختـاریف، ژنـی ئەنـدامی ئەنجوومەنی پارێزگـا، خـاتوو پـودوچینی ژنـی ئەفسـەری دێـرین..... هەڵـبەتە لەوەتـای ئەم بەڵایەم بەسـەر هـاتووە، نـاچمە دیـدەنی، مەگەر لەگەڵ پۆلیسدا و بۆ دەستگیرکردنی برۆم.....

کوفالیوف، بەدەم تکاو پاڕانەوەوە لەسەری ڕۆیی:

- تکایە دکتۆر، یانی هیچ چارێکی نییە؟ هەچۆنێ بووە، دای بنەوە، با زۆر باشیش نەبێ، کێشـە نیـیە، ئەگەر زۆر مەحکەمیش نەبێ قەیدی نییە، خۆم هەمیشە بەدەست دەیگرم تا نەکەوێ. تەنـانەت ئامـادەم سەماش نەکەم، چونکە لەگینە هەر جوڵەیەکی توند ببێتە بایسی کەوتنی. ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکەیت، هەرگیز لە منەتباریت دەرناچم، هەرچیم هەبێ دەتدەمێ....

دکتۆرەکە بە دەنگێکی ئارام، نە بەرز نە نزم، گوتی:

-من هەرگیز نەخۆشەکانم تەنیا لەبەرخـاتری پـارە مـالیجە نـاکەم. ئەمە پـێچەوانەی زانسـت و شـەرەفی پیشەی منە. لە ڕاستیدا کە سـەردانی نەخۆشـەکانم دەکەم، تەنیـا پـارەیەکی ڕەمزییـان لـێ وەردەگـرم، ئەوەش تەنیـا لە ترسـی ئەوەی ئەگەر پارەیـان لـێ وەرنەگـرم، لەگیـنە دڵیـان برەنجێت. هەڵـبەتە مـن دەتوانم، ئەگەر بە خۆت بتەوێ، لووتت بخەمەوە جێی خۆی، بەڵام باوەڕبکە، بە شـەرەفم لە ئێسـتا زۆر خراپتر دەبێت. وازبێنە با شتەکە با تەبیعەتی خۆی بڕوات. بەردەوام شوێنی لووتت بە ئاوی سارد بشۆ. دڵنیابە کە وەکو ئەوسـای کە لووتـت هەبـوو، سـەلامەت دەبیـت. سـەبارەت بە کەپووشـت، بـیخەرە نـاو بوتڵێک سپرتۆوە ( باشر وایە دوو مراک ڤۆدگای تیژ و سرکەی نیمچە گەرمیشی تێ بکەیـت.) و هەڵـی بگـرە. هەنگـێ دەتـوانی بە نرخێکـی بـاش بیفرۆشـیت. گەر نرخێکـی زۆری لە سـەر دانەنەی، مـن خـۆم ئامادەم لێتی بکڕم. "

کوفالیوف، بە نائومێدیەوە گوتی: - نەخێـر، ئامـادە نـیم بە هـیچ نرخێکـی بفرۆشـم!حەز دەکەم تـووڕی بدەم نەک بیفرۆشم!

دکتۆر کرِنوشێکی کورتی بۆ کردو بەرسڤی دایەوە:

- بمبـورە، دەمویسـت یارمەتیەکـت بـدەم.... بەڵام چـارچییە! بەهەر حـاڵ بە خـۆت بینیـت، ئەوەی لە توانای مندا بوو، بۆم کردیت.

دکتۆر دوای ئەو قسانە، بە ویقـار وهەیـبەتەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. کوفـالیوف، تەنـانەت سـەیری دەموچاویشی نەکرد، لەو حاڵەتی نیمچە بێ هەستیەدا، تاقە شتێک کە سـەرنجی ڕاکێشـا سـەر دەسـتی سپی کراسەکەی بوو کە لە قۆڵی چاکەتە ڕەشەکەیەوە هاتبوونە دەرێ.

کوفالیوف، ڕۆژی دوایی بڕیاریدا، بەر لەوەی سکاڵای فەرمـی لەسـەر ژنەکەی یـارۆی ئەفسـەری دێـرین تۆمار بکات، نـامەیەکی بـۆ بنێرێت و داوای لێبکـات بـێ هـیچ قەرقەشـە و چەنـد وچوونێـک، ئەوەی کە پەیوەنـدی بەوەوە هەیە، بیگێـڕێتەوە شـوێنی خـۆی و بەردێـک بخـاتە سـەر ئەم مەسـەلەیە. نـاوەڕۆکی نامەکە بەمجۆرە بوو:

خاتوو ئەلسکاندرا گریگوریۆفنای ئازیز!

ئەوەی ڕاستی بێ من سەر لەم ڕەفتارە سەیر و سەمەرەیەی ئێوە دەرناکەم. دڵنیابە کە هیچ شتێک لەم ڕەفتـارەت نـادووریەو نـاتوانی ناچـارم بکەیـت کە کـچە کەت بخـوازم. سـەبارەت بە لـووتم، دڵنیـابە لە هەوەڵەوە ئاگادارم کە جگە لە ئێوە دەستی هیچ کەسێکی دی تیا نیە. غەیب بوونی لە ناکاوی لـووتم و دەرکەوتنـی لە شـێوەی کارمەنـدێکی گەورەی ئیداریـداو دووبـارە هـاتنەوەی لە شـێوەی ئەسـڵی خۆیـدا، هەرهەمـووی ئەنجـامی جـادووی ڕەشـی ئێـوە یـان ئەو خەڵکـانەیە کە وەکـو ئێـوە بەم کـارە شـەریفەوە خەریکن. من بەش بەحاڵی خۆم، بە ئەرکی خۆمی دەزانـم، کە ئەگەر ئەمـڕۆ لـووتم نەخـرێتەوە جێگـای ئاسایی خۆی، ناچار دەبم پەنا وەبەر ڕێوشوێن ورێگـای یاسـایی بەرم. لەگەڵ ئەپەڕی ڕێـز و حـورمەتی دڵسۆزتان- پلاتۆن کوفالیوف.

بەڕێز پلاتۆن کوزمیچی ئازیز

نامەکەتان، حەپەساندمی. ئەوەی ڕاستی بێ هەرگیز چاوەڕوانی شتی وام لە تۆ نەدەکرد، بەتایبەتی ئەو گلەییە تەوهین و ئامێزانەم لە تـۆ چـاوەڕوان نەدەکـرد. حەزدەکەم ئەوەت عەرز بـکەم، مـن هەرگیـز، لە ماڵی خۆم دا، پێشوازیم لەو فەرمـانبەر و کارمەنـدەی کە تـۆ باسـی دەکەیـت، نەکـردووە، نەخێـر نە لە شـێوەی ئەسـڵی خۆیـدا و نە لە شـێوەی گۆڕاویـدا، پێشـوازیم نەکـردووە. ڕاسـتە فیلیـپ ئیڤـانوفیچ پوتانچیکوف هاتووچۆی ماڵی من دەکات و خوازگاری کچەکەشمی کردووە، بالام وێـڕای ئەوەی پیـاوێکی سەنگین و بەڕێز و خوێنەوارە، بەڵام من هیچ بەڵێنـێکم نەداوەتـێ. باسـی لـووتی خـۆت کـردووە. ئەگەر

مەبەستت ئەوەیە کە گوایە من ویستوومە دەسخەڕۆتان بکەم و فریوتـان بـدەم و سـووکایەتی و دەسـتی دەستیتان پێبکەم، ئەوا غەدر دەکەی، چونکە بە دیدی من، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە تۆ ناوەشێتەوە، لە کاتێکـا زۆر چـاک دەزانـی کە بیرکـردنەوەی مـن سـەبارەت بەم مەسـەلەیە، ڕێک بە پـێچەوانەی ئەو تەسـەورەی تـۆوەیە. خـۆ ئەگەر تـۆ هەرکـاتێ بەفەرمـی خوازگـای کـچەکەم بکەیـت، بـێ چەنـد وچـوون خوازگاریەکت قەبووڵ دەکەم. چونکە ئەمەیە هەمیشە یەکێک بووە لە ئاواتەکانم و لەم بـارەیەوە هەمـوو کاتێک لە خزمەتودام. دۆستی دڵسۆزتان- ئەلیسکاندرا پودوچین.

کوفالیوف، دوای ئەوەی نامەکەی خوێندەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

- نەخێـر لە ژێـر سـەری ئەودا نیـیە. مەحـاڵە! چـونکە هەرگیـز ناشـێت کەسـی تاوانبـار، نـامەیەکی وا بنوسێت.

یاریدەدەری ڕاوێژکار (مێجەر) لەمبارەیەوە کەسێکی کارامەو پڕ ئەزموون بوو، چونکە چەندین جار بـۆ تەحقیق و لێکۆڵینەوە بۆ ناوچەکانی قەفقاز نێردرابوو." ئەدی ئەم کێشـەیە لە کوێـوە سـەری هەڵـداوە؟ هێز نیە سەری لێ دەربکات!" دوای ئەو قسانە تەواو نائومێد بوو.

ئیـدی لەم کەیـن و بەیـنەدا، دەنگـۆیەکی زۆر سـەیر سـەبارەت بەم بـویەرە سـەیرە لە شـاردا بـڵاو دەبـووەوەو، هەڵـبەتە شـاخ و بـاڵی سەیریشـیان پێـوە دەنـا. لەو سـەر و بەنـدەدا، خەڵکـی لە ڕووی زەینییەوە، ئامادەیی تایبەتیان هەبوو بۆ قەبووڵ کردنی دیاردەێن نائاسایی: بۆ نمـوونە مـاوەیەک لەمەو پێش لە نێو خەڵکیدا تاقیکردنەوەی دیاردەی هیپنـوتیزم بـوو بـوو بە مـۆدو بـاو. ئەمە جـگە لەوەی کە دیاردەی کورسیانی ئۆتۆماتیکی و سەماکاری شەقامی کیفوشـنی هێشـتا لە بیـری خەڵکـی مـابوو. بـۆیە هیچ کەس ئەم حیکایەتە باوەی پێ سـەیر نەبـوو کە گـوایە کەپـووی مـێجەر کوفـالیوف، هەمـوو ڕۆژێ، سـەعات سـێی دوانیـوەڕۆ، لە شـەقامی نیفسـکی دا پیاسـەدەکات. بـۆیە هەمـوو ڕۆژێ ڕێـک لە سـەری سەعاتی سێدا، ئاپۆڕایەک خەڵکی فزوڵ لەوێندەر کۆدەبوونەوە. یەکێک دەیگـووت لـووتەکەی لە دوکـانی ((یونکر))دا دیتووە، هەنگێ لە ناکاوا حەشیمەتێکی ئەوتـۆ هێرشـیان بـۆ ئەوێنـدەر دەبـرد، کە پـۆلیس ناچار دەبوو، تەدەخول بکات.

پیاوێکی داهینەر، سەروسیما جوان، بەڕدێن کە لە بەردەرگای شانۆیەکدا کێک و ناوکەی دەفرۆشـت و چەند کورسی یەکی بەدار دروست کردبـوو، داوای لە خەڵـکە کونجکـاوەکە دەکرد،تـا بە هەشـتا کوپێـک بچنە سەر کورسیەکانی ئەو و لەوێندەرەوە تەماشا بکەن.

ڕۆژێـــک ســـەرهەنگێکی خانەنشـــین، بەیـــانی زوو لە مـــاڵ دەردەکەوێ، بە زەحمەتێکـــی زۆر دڕ بە حەشـاماتەکە دەدات و خـۆی دەگەیەنێـتە بەر دەرگـای دووکـانەکە، بەڵام بەوپەڕی نائومێـدی لەجیـاتی

لووت، لەو دیو جامخانەی دوکانەکەوە، چاکەتیکێ خوری ئاسایی و ڕەسمێک دەبینێ کە کیژێکی لە حاڵی لە پێ کردنی گۆرەویەکدا نیشان دەداو کوڕێکی لوسکەڵەی بزن ڕیش لە ژێر درەختێکەوە چاوچاوێنی لەگەڵدا دەکرد. ئەم ڕەسم و تابلۆیە دەساڵ پتر بوو کە لە هەمان شوێندا بوو. سەرهەنگەکە زۆر پەشیمان و تەریق بوو بووەوە. لەوێ دوور کەوتەوەو بەدەم ڕێوە دەیبۆڵاند و دەیگوت : "چۆن دەبێ بەم ئەفسانە قۆڕانە،میللەت گومڕابکرێت؟ "

پاشان دووبارە دەنگۆ بڵاو بووەوە کە کەپووی مێجەر کوفالیوف، ئێشا بۆ پیاسە ناچێت بۆ شەقامی نیفسکی، بەڵکو لە پارکی تافریجیسکی پیاسە دەکات و ماوەیەکە خووی داوەتە ئەوێ. کاتێ کە خوسرەو میرزای سەرۆکی شاندی نوێنەرانی سیانی ئێران ( لەو زەمانەدا شاندێک لە ئێرانەوە بە سەرۆکایەتی شازادە خوسرەو میرزا بۆ عوزر خوای سەبارەت بە کوشتنی گریبایدوف، بۆ ڕووسیا چووبوو) لەوێ دەبێت، زۆری عەنتیکە بەم شۆخییە سەیرەی تەبیعەت هاتبوو. کۆمەڵێک خوێنکاری ئەکادیمیای جەڕاحی بە پەلە بۆ ئەوێندەر چوو بوون. یەکێک لە خانمانی بەڕێز و ناسراوی ئەشرافی، نامەیەکی بۆ بەرپرسی پارکەکە نووسی بوو و داوای کردبوو تا ئەم دیاردە دەگمەنە بە منداڵەکانی نیشان بدات و ئەگەر دەکرێت، بە وێنەو بەڵگەوە ئەم شتەیان بۆ شەرح و شرۆڤە بکات.

دیارە ئەم ڕووداوانە بۆ خەڵکانی نوکتەباز نیعمەتێک بوو لەو گۆڕە، بۆ ئەو نوکتە بازانەی خوا خوایان بوو بەو جۆرە نوکتانە خانمان سەرگەرم بکەن، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە نوکتەو حیکایەتە کۆمیدییەکانیان هاتبووە کزی، ئیدی ئەم جۆرە ڕووداوانە بەرەکەتی خوای بوو بۆ ئەوان.

هەڵبەتە خەڵکانێکی کەمی بەڕێز و ڕۆشنبیر، ئەم دیاردانەیان بەلاوە ناخۆش و ناپەسەند بوو. کەسایەتییەکی گەورەو بەرێز بە ناڕەزاییەوە گوتی تێناگات چۆن لەم سەردەمی ڕۆشنگەرییەی ئێستادا، ئەم ئەفسانە پووچ و بێ بنج و بنەوانانە ڕەواج پەیدا دەکەن، پێی سەیرە کە بۆچی حکومەت و بەرپرسان، لەم بارەیەوە گوێی خۆیان لێ خەواندووە و خۆیان کردووە بە کەڕەی شەربەت. دیارە ئەم کەسایەتییە بەڕێزە، لەو گرووپە خەڵکانە بوو کە عادەتیان وایە لە هەموو شتێکدا هەر حکومەت بە خەتابار بزانن، تەنانەت دەمبۆڵەو قەرقەشە دەگەڵ ژنەکانیشیاندا دەخەنە ئەستۆی حکومەت. پاشان لێرە بەدواوە ڕووداوەکە وهەمووشتێک دەئاڵۆزکێ و لە تەم و مژدا غەرق دەبێت و دیار نیە کە....

((٣))

دنیا پڕە لە ڕووداوێن سەیر و کۆمیدی. هەندێجار بویەری ئەوتۆ ڕوودەدات کە زۆر زەحمەتە بێتە باوەڕ کردن: بۆ نموونە ئەو کەپووەی کە خۆی کردبوو بە ڕاوێژکاری مەدەنی (بەڕێوەبەری گشتی) و ئەو هەموو ئاشوبەی لە شاردا نابووەوە، لەناکاوا وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، دووبارە لە شوێنی

ئاسایی خۆی، یانی ڕێک لە نێوان هەردوو گۆنای مێجەر کوفالیوف، دەرکەوتەوە. ئەم بەسەرهاتە لە ڕۆژی حەوتی نیساندا ڕووی دا، مێجەر بەیانی زوو لە خەو ڕابوو و بەرێکەوت نیگای لە ئاوێنەکە هەڵەنگوت- چییە؟ کەپووی لە جێی خۆیدا بوو! بە نەباوەڕی دەستی لێ دا، بێ هیچ گومان و دوو دڵییەک کەپووی لە شوێنی خۆیدا بوو.

کوفالیوف، لە خۆشیا هاواری کرد: "ئەڵا" ئەگەر ئیڤان ڕێک لەو کاتەدا خۆی بە ژووردا نەکردبا، کوفالیوف لە خۆشیا سێ جرتەکی هەڵدەپەڕی.

داوای لە ئیڤان کرد، خێرا حەمامی بۆ گەرم بکات، دوای ئەوەی خۆی شت، دووبارە ڕوانیە ئاوێنەکە: کەپووی لە جێی خۆی بوو. لەوکاتەدا کە سەروچاوی بە خاولی وشک دەکردەوە، دیسان نیگایەکی ئاوێنەکەی کرد: بەڵێ، کەپووی هێشتا هەر لە جێی خۆی بوو!

- تەماشاکە ئیڤان لەوەدەچێ کەپووم زیبکەی لێ هاتبێت.

کوفالیوف، کە ئەو قسەیەی لەدەم دەرچوو، خێرا لە فکران ڕاچوو: "خودایە، نەڵێت قوربان چیت عەرز بکەم، نەک زیبکە کەپووشت نابینم !" بەڵام ئیڤان بەرسڤی دایەوە: قوربان کەپووتان ساغ و سەلامەتە، هیچ عەیبێکی نیە. من هیچ زیپکەیەکی پێوە نابینم.

مێجەر، چەقەنەیەکی لێداو گوتی: " شوکر بۆتۆ خودایە، زۆر شوکرا!"

ڕێک لەم ساتەدا " ئیڤان یاکوفلیفیچ"ی دەلاک لە درزی دەگاکەوە سەری هێنایە ژوورەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە ترس و لەرزی گورپەیەکەوە، کە لەسەر فڕاندنی پارچە بەزێک، لێدانی خواردبێت.

کوفالیوف، لەم سەری ژوورەکەوە هاواری کرد:- بڵێ بزانم دەستت پاکن؟

- بەڵێ خاوێنن.

- درۆ دەکەی!

- قوربان بەزاتی خوا پاکن.

کوفالیوف، دانیشت و ئیڤان یاکوفلیفیچ خێرا خاولیەکی لە شان و ملیەوە پێچاو لە چاو تروکانێکدا، چەناگەو گۆناکانی بە جۆرێ لە سابوون هەڵکێشا، دەتگوت کێکی خامەیی جەژنی لە دایک بوونی بازرگانانە.

ئیڤان یاکوفلیفیچ، له کاتێکا چاوی بڕی بووه کەپووەکە، له دڵی خۆیدا گوتی: "خۆ دیوته ئیڤان!" سەری کوفالیوفی بەلایەکدا وەرچەرخاند و له سوچێکی دیکەوه ڕوانیه لووتەکە : " دەتەماشا! هیچ عەیبێکی نیه! کێ باوەڕی دەکرد؟!" تاوێکی دیکەش له کەپووەکە ورد بووەوە. پاشان بەوپەڕی پارێزەوە، پارێزێک که هەڵبەته خوێنەر دەتوانێ وێنای بکات، به دووقامکان نووکی کەپووی گرت. ئەمە شێوازی ئیڤان یاکوفلیفیچ بوو، له تاشینی ڕدێنی مشتەریەکانیدا.

کوفالیوف، هاواری کرد: - باشه، باشه، ئاگات له کەپووم بێ ها!

ئیڤان یاکوفلیفیچ، له ترسا، خێرا دەستی کێشایەوە و شەرمەزار و پەشۆکاو له جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا. کەوته تیژکردنی گوێزانەکەی. ئەنجام بەوپەڕی پارێزەوە دەستی به تاشینی ژێر چەناگەی کوفالیوف کرد، هەرچەنده تاشینی ڕدێنی مشتەریەکانی بەبێ ئەوەی کەپوویان بگرێت، زەحمەت و ناخۆش بوو، بەڵام به هەرحاڵ، بەیارمەتی کەڵەموستی کەجارێ دەینا به چەناگەو جارێ به گۆنای مێجەرەوە، بەهەر زەحمەتێک بوو ڕدێنی تاشی.

کاتێ له ڕدێن تاشین بووەوە، کوفالیوف به پەله خۆی گۆڕی، گالیسکەیەکی به کرێ گرت و یەکسەر چوو بۆ کافێ، هەر لەبەر دەرگاوە هاواری له شاگردەکە کرد: " گارسۆن، فینجانێک کاکاو!" و یەکسەر بۆ بەر ئاوێنەکە چوو. بەڵێ کەپووی لەجێی خۆی بوو! به گورج و گۆڵی ئاوڕی پاشێی دایەوە، چاوانی بچوک کردەوە و نیگایەکی پڕ له ڕیشخەنی ئەو دوو سەربازەی کرد که لەوێ بوون. لووتی یەکێکیان هێنده بچووک بوو، هەر بەقەد دوگمەیەک دەبوو. لەوێندەرەوە چوو بۆ وەزارەتخانە، تا گەنگەشەی وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری پارێزگار بکات که له مێژ بوو هەوڵی بۆ دەدا، تا ئەگەر ئەو پۆستەی بەدەست نەهێنابا هەڵی بدایه پۆستێکی وزاری دیکه وەربگرێت. کاتێ خەریک بوو به هۆڵی پێشوازیدا تێپەڕی، تەمەشایەکی تری ئاوێنەی کرد: ئۆخەی که لووتی له جێی خۆی بوو!

ئەوسا چوو بۆلای مێجەرێکی دیکەی هاوپلەو پۆستی خۆی. ئەم مێجەره کابرایەکی نوکته بازو سوعبەتچی بوو که کوفالیوف، زۆرجار وەڵامی تەشەرەکانی دەدایەوە و دەیگوت: "ده بەسه،واز لەم تەشەوانه بێنه، من باشت دەناسم، دەزانم چ بەد نیهادێکی !" له ڕێگادا، له دڵی خۆیدا گوتی: " ئەگەر مێجەر، به دیتنی من له قاقای پێکەنین نەدات، مانای وایه هەموو شتێک له جێی خۆیەتی و لووتم هیچ عەیبێکی نییه." بەڵام مێجەر هەستی به هیچ نەکرد. کوفالیوف له دڵی خۆیدا گوتی : " زۆر باشه ئیدی هەموو شتێک تەواو! " کوفالیوف له ڕێگادا تووشی خاپودوچین و کیژەکەی بوو، سڵاوی لێکردن، ئەوانیش به گەرمی ورووخۆشی وەڵامیان دایەوە: مانای وابوو هیچ عەیبێک له دەم وچاویدا نەبوو. ماوەیەکی زۆری بەگفتوگۆوە لەگەڵ بردنه سەر، ئەوجا به کەش و فشێکەوه قوتووه برنووتیەکەی دەرهێناو هەردوو کونه لووتی له برنووتی پڕ کردو له بن لێوانەوە به خۆی گوت: " ئێوەی ژن هەمووتان

وەکو یەکن، ئەقڵتان بەقەد ئەقڵی مریشکێکە، دەبێ دەرسێکی واتان دابدەم بە حەیاتی لەبیری نەکەن! سەبارەت بە کچەکەشت، هەرگیز نایخوازم، ماوەیەک دەستی پێ گەرم دەکەمەوەو تەواو! ڕازیت ئەوەیە، ڕازی نیت هەر ئەوەیە!"

لەو کاتە بەدواوە ئیدی مێجەر کوفالیوف، جارێکی دی بە ئاسودەیی لە شەقامی نیفسکی دا پیاسەی دەکرد، دەچووە شانۆ و حەزی لەهەر کوێیەک بوایە بێ خەم و خەیاڵ بۆی دەچوو، دەتگوت نەبای دیوەو نەباران... کەپووی هیچ عەیبی نەبوو، لە ناوەندی دەم و چاویدا ڕێک و پێک گیرسابووەوە و هیچ نیشانەیەکی پێوە نەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان غەیب وپێوار بووبێ.

لەوە بەدواوە مێجەر، هەمیشە قۆڕەدەماخ، بەکەیف و ڕووخۆش، دەم بە پێکەنین و ورەبەرز دەبینرا، دووی ئافرەتانی شۆخ و شەنگ دەکەوت، تەنانەت جارێک خۆی بە دوکانێکی بچووکدا کرد و نەوارێکی میداڵی کڕی، خۆیشی نەیزانی ئەم نەوارەی بۆ کڕی، چونکە هەرگیز میداڵی وەرنەگرتبوو.

هەر هەموو ئەم ڕووداوانە لە پایتەختی باشووری وڵاتە گەرەو پان و بەرینەکەی ئێمەدا ڕوویدا! ئێستا کە لە وردەکاریەکانی ئەم چیرۆکە ورد دەبینەوە، دەبینین کە ناوەڕۆکەکەی چەند لە ئەقڵەوە دوورە. گریمان بەسەرهاتی لووتەکە بەوشێوە خەیاڵیە و دەرکەوتنی لە شێوەو شکڵی ڕاوێژکارێکی مەدەنیدا (بەڕێوەبەری گشتی) لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا، ماقوول و باوەڕکەردەنی نیە، ئاخر چۆن دەبێ قەناعەت بەوە بکرێ کە کوفالیوف بەو ڕادەیە گێل بووبێ کە نەزانێت ڕۆژنامان، مەحاڵە بێن ئاگاداریەک دەربارەی لووتێک بڵاو بکەنەوە؟ مەبەستم ئەمە نییە کە ئاگادارییەکی ئاوا گران دەکەوێ و تەنیا پارە بە فیڕۆدانە: نەخێر بە هیچ جۆرێ. من هەرگیز کەسێکی ڕژد و پولەکی نیم، بەڵام ئەم کارە کارێکی نالۆژیکییە، جوان نییە، هەڵەیە، نابەجێیە! ئەمە جگە لەوەی ئەم کەپووە چۆن لە توێی نانێکی برژاوەوە سەری دەرهێناو، ئیڤان یاکوفلیفیچ چۆن....؟ من سەر لەمە دەرناکەم! بە هیچ کلۆجێ سەری لێ دەرناکەم، لە هەموو ئەمانەش سەیرتر ئەمەیە کە چۆن نووسەرێک ئامادەبووە، ئەم ڕووداوە بکات بە بابەتی نووسین. بەڕاسی من دان بەوەدا دەنەم کە سەر لەم شتە دەرناکەم، ئائەمە...... نەخێر، نەخێر، هەرگیز لەمە تێناگەم! یەکەم میللەت هیچ سوودێک لەم نووسینە نابینێ، دووەم..... نەخێر، هیچ سوودێکی دیکەشی نیە. من تێناگەم ئەم کارە دەبێ چ مانایەکی هەبێت..... بە هەر حاڵ ، وێرای هەموو ئەو شتانەی کە گێڕامانەوە و سەرباری ئەوەی لەگینە هەرجۆرە قسەیەک بکرێت و لەوانەیە ئێمە وای دابنەین کە ئەم یان ئەو بویەر و ڕووداو ئاساییەو شتی سەیر و عەجیب لێرەو لەوێ ببینین کە لەوەیە تەنانەت ...بەڵام وەرە پێم بڵێ لە چ شوێن و زەمانێکدا شتی سەیرو باوەڕنەکردەنی وسەخیف ڕوونادات؟ پێم وایە ئەمە جۆرە حەقیقەتێکی تیایە.ئێوە چۆن بیردەکەنەوە بیکەنەوە، بەڵام من باوەڕم وایە ئەم جۆرە بویەرانە ڕوو دەدەن، هەرچەندە دەگمەنن، بەڵام ڕوو دەدەن.

سالّی ١٨٣٦تێبینی:

ئەم چیرۆکەم، لەم دوو سەرچاوەیەوە، بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە پاچڤە کردووە:

* .یاداشـتهای یـک دیـوانه وهفـت قصـة دیگـر/ نـیکلای گوگول؛ترجمه:خشـایار دیهیمی:تهـران نشـر نی،١٣٨١چاپ هشتم ١٣٨٨

* . قصص غوغول/ تعریب: د. جليل كمال الدين/ منشورات مكتبـة الفكـر العربـي للنشـر والتوزيـع/ ط ٢/بغداد ١٩٨٤

## گالیسکە

ئەم شارە چکۆلەیە لەوەتای ئەم فەوجی سوارەیەی بۆ هاتووەو لەوێندەر ئۆردووبەزی کردووە،کەمێک بوژاوەتەوەو جم وجوڵێکی تێکەوتووە.لەوەپێش شارێکی خامۆش وکپوکپ وخەمناک بوو. کاتێ کە بەسواری گالیسکە پێیدا رەت دەبووی،دیمەنی خانۆچکەکان کە دەیانڕوانییە شەقامەکان، بە جۆرێ پەستیان دەکردیت وەکو ئەوەی لە قومارێکی گەورەدا دۆڕابیت یان بە خوتوخۆڕایی گەوجێتیەکت کردبێت. بە کورتیەکەی بە تەواوەتی دڵت دەگیرا..گەچکاری و تەڕاوی دیواری خانووەکان بەری دابوو وکەوتبوو،لە جیاتی سپی بن،پەڵەپەڵەو پیس بوون. سەربانی خانووەکان،میناکی زۆربەی شارەکانی باشوری وڵاتەکەمان،بە قامیش و هەژگان پۆشرابوون. ماوەیەکی زۆر لەوە پێش فەرماندارێکی شار،بەمەبەستی پاک و تەمیزی شار،دەستوری دابوو کە گوڵ وگیای نێو باخچەی بەر ماڵەکان لابەرن. کە بە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشتی هیچکەسێکت نەدەبینی،مەگەر بە رێکەوت کەڵەشێرێکت دیبا کە بۆ خۆی بە شەقام یان سەرشۆستە گڵەکاندا پیاسەی بکردبا. شەقام و شۆستەکان خۆڵەپوتێکی وەهابوو، کە بە کەمترین رژێنە باران دەبوو بە قوروچڵپاو. کاتێ باران خۆشی دەکردەوە،شەقام و جادەکان پڕدەبوون لەو چارەوێ وچوارپێ قەڵەوانەی کە فەرمانداری شار ناوی نابوون(ژنە فەرەنسیان)ئەمانە دەڕژانە نێو شەقام و سەر شۆستەکان، خۆیان لەو قوڕوسیانەدا دەگەوزاند،حەمامی گڵیان دەکرد، دەم وقەپۆزیان لە گڵ وقوڕەکە دەردێنا وبە جۆرێ دەکەوتنە زەڕوزۆڕ کە تۆی رێبوار هیچ چارێکت نەدەما جگە لەوەی ئەسپەکەت تاو بدەیت وبە چوارناڵە ئەوێ بەجێ بێڵی و ئاوڕی پاشەوە نەدەیتەوە. بەڵام لەو دەورو زەمانەدا راستت دەوێ هیچ رێبوارێکیش بەشاردا تێنەدەپەڕی.

جارجارێک ، زۆر بە درەنگەوە،کابرایەکی موڵکدارت دەبینی کە یازدە مسکێنی نیمچە کۆیلە ئیشیان لەسەر موڵکەکەی دەکرد، کابرایەک بوو پۆستین بە شان، بەسواری شتێک کە نەفایتۆن بوو نە گالیسکە، شتێک بوو لە بەینی ئەو دووانەدا، بە تەق وهۆڕ بەسەر خڕکە بەردو کەڤرێن زەلامدا تێدەپەڕی و لە پەنای کیسە ئاردەکانەوە دەیروانییە ئەمبەرو ئەوبەر، ودەی لە ماکەرە قاوەییەکەی دەکرد کە دەگەڵ نێرە ئەسپێکی خۆرتی لە عارەبانەکە بەستبوو. تەنانەت بازاڕی شاریش خەمناک بوو: دوکانێکی جلدروون، لە جیاتی لەسەر شەقامەکەبێ، لە سوچێکەوە،کزکۆڵەی کردبوو. لەولاترەوە بینایەکی بەردین،بە دوو پەنجەرەوە خۆی دەنواند کە پازدە ساڵ بوو دروستکرابوو. کەمێ لەولاترەوە کوشکێکی دارین هەبوو کە بۆیەیەکی خۆڵەمێشیان کردبوو تا دەگەڵ قوروسیانی شەقامەکەدا بگونجێت. ئەم کوشکە لە بنەرەتدا بۆ ئەوە دروست کرابوو کە خەڵکانی دیکە وەکو نموونە چاوی لێبکەن. ئەم کوشکە لە داهێنانی سەردەمی گەنجێتی(فەرمانداری شار)بوو. ئەو سەردەمەی کە هێشتا فێری چاوگەرمکرنی پاش نیوەڕۆو عەسرە خواردنەوە بە چەند بۆڵە ترێیەکی وشکی فەرەنگییەوە نەبوو بوو.

باقی بازارەکە،بە هەر چواردەورا لە جیاتی دوکان بریتی بوو لە کەپرو جیغی حەسیر. لە ناوەراستی ئەم کەپرانەدا دوکانچەیەک هەبوو کە دایمەی خوا،دە دوانزە کێکی بازنەیی بە رستەوەکراو، ژنێکی دێهاتی لەچک سوور،چەند قالبە سابوونێک،چەند کیلۆیەک بادەمە تاڵ،چەند ریزە فیشەکێک و چەند تۆپە قوماشێکی تیا دەبینرا، لەگەڵ دوو شاگردا کە لەبەر دەرگای دوکانەکەدا میچێنیان دەکرد.

بەڵام دوای ئۆردووبەزی فەوجی سوارە،هەموو شتێک گۆرا. شەقامەکان بوژانەوەو رەنگ و روویەکیان پەیداکرد، بە کورتییەکەی شار ئیدی ئەو شارە نەبوو کە باسمان دەکرد. زۆرجار لە خانووە نزمەکانەوە،ئەفسەرانی شووش و باڵابەرز، بە کڵاوی جوانی پەردارەوە دەبینران کە بۆ لای ئەفسەرانی دی دەرۆییشتن تا پێکەوە دەربارەی تەرفیع و تووتنی باش قسە بکەن و هەندێجار، دوور لە چاوی جەنەراڵ کۆنکانێک بکەن لەسەر ئەوەی کە بزانن گالیسکەکە بەر کێ دەکەوێ ، ئەو گالیسکەیەی کە دەبوایە ناوبنرێ گالیسکەی فەوج. چونکە هەموو ئەفسەرانی فەوجەکە بە نۆرە بەکاریان دێنا. ئەمرۆ جەنابی سەرگورد (مێجەر) پێی دەگەرا، سبەینێ لە تەویلەکەی جەنابی سەرواندا (نەقیب) دەبینرا، رۆژی دواتر دەتبینی کە خوڵامەکەی جەنابی سەرگورد مژولی رۆنکاری شەفت وبوشەکانیەتی. ئیدی کڵاوی سوپایی ئەفسەرەکان بووبوون بە زینەتبەخشی پەرژینی نێوان ماڵەکان، کە لە راستیدا بۆیە بە پەرژینەکانیانەوە هەڵدەواسی تا هەتاویان لێبدات. هەندێجاریش پاڵتۆی خاکی ئەفسەرێک دەبوو بە زینەتبەخشی دەرگای چوونە ژوورەوەی ماڵێک. هەندێجار لە کۆڵانە تەنگەکاندا تووشی سەربازانێکی سمێڵ بابڕ دەبووی کە سمێڵیان لە فلچەی بۆیاخی قۆندەرە زبرتر بوو. ئەم سەربازانە لە هەموو شوێنێکدا دەبینران. هەرکە چەند ژنێک دەچوونە بازاڕ، دەبوایە یەکسەر بزانی کە چەند سمێڵ بابرێک دوویان دەکەون.

ئەفسەرەکان گیانێکی تازەیان وەبەر ئەم کۆمەڵگەیە خست کە تا ئەو کاتە تەنیا بریتی بوو لە جەنابی قازی کە دەگەڵ ژنە جانکوشێکی (مجێور) کلێسادا لە یەک ماڵدا دەژیا، وجەنابی فەرمانداری شار کە پیاوێکی ماقوول بوو، بەڵام یەجگار خەواڵۆو خەوخۆش بوو، یانی لە نیوەرۆوە تا ئێوارێ و لە ئێوارەوە تا سبەی نیوەرۆ دەنووست.

وەختێ کە مەڵبەندی فەرماندەیی جەنەراڵ گواستییەوە بۆ شارو لە شاردا جێگیر بوو،ژیانی کۆمەڵایەتی جم وجوڵێکی زیاتری تێکەوت. موڵکدارانی هەموو دەوروبەر ، کە جاران لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوون وهیچکەسێک هەستی بە بوونیان نەدەکرد، بەرەبەرە کەوتنە هاتوچۆ بۆ باژێرۆکی ناڤبری. هەرهەموو حەزیان دەکرد سەعاتێک دەگەڵ ئەفسەراندا بەسەربەرن،جارجارێکیش بیست ویەکێک بکەن – ئەو یارییەی کە تا ئەو کاتە بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەموو زیکرو فیکرێکیان تەنیا گەنم وجۆ و، وردەفەرمایشتی ژنەکانیان و راوە کەروێشکان بوو ، وەکو خەون و خەیاڵ دەهاتە بەرچاو.

ببورن لە یادم نییە بە چ بۆنەیەکەوە بوو زیافەت ودەعوەتێکی یەجگار گەورەیان ساز دا. زیافەت بوو ئەمما زیافەت ، دەنگی چەقۆو چەتاڵ لە موبەقەکەی جەنەراڵەوە دەگەییە ئەوپەڕی شار. هەرچی خواردنێک لە شارا هەبوو بۆ زیافەتی ناوبراویان کڕی. بە جۆرێ گسکیان لە خۆراکی شاری دا کە قازی و ژنە مجێورەکە ناچاربوون ئەو رۆژە بە نان وجەلی هەڵکەن. حەوشی ئەو خانووەی کە ماڵەکەی جەنەراڵی تیابوو لە گالیسکەی رەنگاورەنگدا جمەی دەهات. میوانییەکە تەنیا بۆ پیاوان بوو. هەر ئەفسەران وموڵکدارانی ئەو دەوروبەرە بۆ زیافەتەکە دەعوەت کرابوون. دیارترین کەسی نێو موڵکدارەکان، فیتاغورفیتاغوروفیچ چرتۆکوتسکی بوو. ئەم پیاوە یەکێک بوو لە ئەشراف و دەوڵەمەندە دیارەکانی شارۆچکەکە ولە هەڵبژاردنەکاندا لە هەمووان زیاتر سەروسەدای دەنایەوەو سواری گالیسکەیەکی سەیرو عەنتیکە دەبوو ، ودەست وپێوەندێکی زۆری بەگەڵ خۆی دەخست. ئەم پیاوە سەردەمانێک لە فەوجێکی سوارەدا خزمەتی کردبوو، یەکێک بوو بوو لە ئەفسەرە دیاروگرینگەکانی فەوجی خۆی. خۆ ئەگەر ئەمە واش نەبێت و زۆری پێوە نرابێت ، ئەوا بەلای کەمەوە، هەمیشە لە کۆبوونەوەو میوانییەکانی فەوجی سوارەدا بەشداری کردبوو، وفەوجی سوارە لە هەر کوێیەک لایدابا یان ئۆردووبەزی کردبا ، سەروسەکوتی ئەویش پەیدا دەبوو. ئەگەر باوەڕتان نایەت برۆن لە ئافرەتانی باژێرو دەڤەرێن تامیلۆف وسیمبیرسک بپرسن. خۆ ئەگەر ناچار نەبوایە لەبەر بویەرێکی گوایە "ناخۆش"دەست لە کاربکێشێتەوە، لەگین بوو ناو وناوبانگی بگەییشتایەتە باژێرو باژێرۆکەکانی دیکەش. ئەوەی راستی بێ من نازانم ئەو زللەی لە کەسێک دابوو یان بەپێچەوانەوە کەسێک زللەی لەو دابوو. لێ داوایان لێکردبوو کە دەست لە کار بکێشێتەوەو خانەنشین ببێت. بەڵام ئەم مەسەلەیە بە ئاستەمیش لە هەیبەت و شان وشەوکەتی ئەوی کەم نەکربووەوە.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ هەمیشە پاڵتۆیەکی درێژی لە شێوەی پاڵتوی سوپایی لەبەر دەکرد. چەکمەی مامێزداری لە پێ دەکرد ، وسمێڵی دادەنا تا نەوەک ئەشرافانی شار وا تەسەوربکەن کە ئەو لە فەوجی پیادەدا خزمەتی کردووە، کە ئەو بە تەوس و توانجەوەو بۆ سووکایەتی بە فەوجی پیادەی دەگوت:"پاسوار" یان "پیادەپا".ئەم پیاوە هیچ هەڕاجەبازارێکی لە کیس خۆی نەدەدا کە لە دایکان، مندالان، کیژان و موڵکدارانی قەڵەوی بەرێزدا جمەیان دەهات. هەموو ئەوانە بە فایتۆن، گالیسکە، گاری و عارەبانەی تاک ئەسپی وجووت ئەسپی وچوار ئەسپی هێندە گەورە کە هەندێ کەس بە خەویش نەیان دی بوو،بەرەو ئەم بازارانە هروژمیان دێنا. فیتاغۆر فیتاغۆرۆفیچ کابرایەکی یەجگار بە بۆن بوو یەکسەر دەیزانی کە فەوجی سوارە لە کوێ هەڵیداوەو خێرا سەروسەکوتی لەوێندەر پەیدا دەبوو. بە لوتف و ویقارو نەزاکەتێکی تایبەتییەوە لە گالیسکەکەی دادەبەزی و بێ هیچ زەمینەسازی و پێشەکییەک خۆی بە ئەفسەرەکان دەناساند. لە هەڵبژاردنی رابردوودا، زیافەتێکی گەورەی بۆ پیاوماقولان و خانەدانان کردبوو، ولەسەر نانخواردن گوتبوی ئەگەر ئەو بە نوێنەری خۆ هەڵبژێرن، وەک گوڵ سەروماڵیان

دەپارێزێ. بە کورتییەکەی رەفتاری بە دەردی دێهاتیان دەڵێن خانەدانانە وئاغایانە بوو. ژنێکی جوانی هێنابوو ولەو رێگەیەوە بوو بوو بە خاوەنی موڵکێکی گەورە بە دووسەد مسکێن رەعیەتەوە لەگەڵ سەرمایەیەکی چەند هەزاریدا کە جیازی ژنەکە بوو.

یەکسەر بەم پارەیە شەش ئەسپی چاک و رەسەن، قفڵی زێر بۆ دەرگایان، مەیمونێکی دەستەمۆی کەوی بۆ ماڵەوە کڕی بوو. کارەکەرێکی فەرەنسیشی راگرتبوو. ئەم دووسەد مسکێنەی کە جیازی ژنەکەی بوون ، وەکو دووسەد مسکێنەکەی پێشووتری خۆی خستبووە بارمتەوە تا بە پارەکەیان سەوداو مامەڵەی پڕسوود وقازانج بکات. ئیدی فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ موڵکدارێک بوو چۆن بڵێی. موڵکدارێکی زۆر چاک ونموونەیی.

لە زیافەت و دەعوەتەکەی جەنەراڵدا جگە لەو، چەند موڵکدارێکی دیکەشی لێبوون، کە پێویست ناکات باسیان بکەین، ئیدی هەموو میوانەکانی دی ئەفسەرانی فەوجی سوارە بوون، لەگەڵ دوو ئەفسەری فەرماندەییدا: سەرهەنگێک (عەقید) و سەرگوردێکی یەجگار قەڵەو. هەڵبەتە جەنابی جەنەراڵ بە خۆیشی ئامادە بوو. جەنەراڵ پیاوێکی توند وتۆڵ و تۆکمەو کەتەو زەلام بوو، بە گوتەی ئەفسەرەکان فەرماندەو سەرۆکێکی یەجگار باش بوو. دەنگێکی نێرو بتەو وگڕی پێوە بوو.

زیافەتەکە، زیافەتێکی یەجگار پڕ جەلال وشکۆ بوو. نەتدەزانی سەیری چی بکەیت. هەموو جۆرە خواردنێک ریزکرابوو: گۆشتی برژاو بە بەهاراتەوە،ماسی سپی،ماسی بچووک، سوێسکەی برژاو،کەوی برژاو،کارگ و قارچک و..هەر هەموو ئەم خۆراکە نایاب و دەگمەنانە،ئەوەیان دەسەلماند کە ئاشپەزەکە لە رۆژی پێش میوانییەکەوە، هەر مژولی خواردن دروستکردن بووەو دەمی بۆ خواردنەوە نەبردووە. چوار دانە ساربازیش بە درێژایی شەو چەقۆ بەدەست لە مەعیەتی ئاشپەزەکەدا کاریان کردبوو تا گۆشتی مریشک ومیوەو جەلی ومحەلەبی وکرێمکەرەمێل ئامادە بکەن. بوتڵە خواردنەوە لەوناوە کلاشەی دەکرد - بوتڵە ملدرێژەکان ڤۆدگاو گەردن کورتەکان کۆنیاکیان تیابوو- رۆژێکی هاوینی خۆش بوو، سینی وئامانی پڕ لە قاڵبە سەهۆڵ بەسەر مێزەوە، پەنجەرەی کراوە،دوا دوگمەی کراوەی چاکەتی ئەفسەرەکان، بەرکۆشەی چین چینی ئەوانەی کە چاکەت وپانتۆڵیان لەبەر بوو، قسەو گاڵتەو گەپ کە دەنگی گەورەی جەنەراڵ لە ناو هەموویاندا دیاربوو،و شامپانیا بە لێشاوبوو. هەر هەموو ئەم دیمەنانە عال وجوان بوون ولە یەکتر دەهاتن. کە لە نانخواردن بوونەوە،هەموو تێروپڕ،سەر رەحەت و ئاسوودە دڵ بە خاوەخاو ولارەلار لە جێی خۆ هەستان. ئاغایان هەموو پایپەکانیان پێکرد وچوون بۆ بەرهەیوانەکە تا قاوەکەیان بخۆنەوە.

ئیستا جەنەراڵ، سەرهەنگ،و تەنانەت سەرگوردیش هەموو دوگمەی چاکەتەکانیان کردبووەوە، تەنانەت شەیالەی ئاوریشمینی دەوڵەمەندانەی پانتۆڵەکانیان دیار بوو. بەڵام ئەفسەرە بچووکەکان، لە رووی

ڕێزەوە جگە لە سێ دوگمەی پاینی چاکەتەکانیان، هەموو دوگمەکانی تریان داخرابوو. جەنەراڵ گوتی:"ئیستا بە خۆتان دەتوانن تەمەشا بکەن و بیدینن." ئەوسا رووی کردە یاوەرەکەی، کە گەنجێکی بەژن و باڵا ڕێک وپێک بوو، وگوتی:"جەنابی سەروان،بە ئەرک نەبێت بڵێ ئەو ماینە کوێتەی من بێنن. ئیستا بە خۆتان دەیبینن."جەنەراڵ مژێکی قووڵی لە پایپەکەی داو تۆپەڵە دوکەڵێکی خەستی لە سینەیەوە دەردایەوە."هەڵبەتە وەکو پێویستیش خزمەت و رام نەکراوە. خۆ لەم شارە وێرانەدا تەویلەیەکی ڕێک وپێکیش نییە. لێ لەگەڵ ئەوەشدا ماینەکەی من - بوف بوف -ماینێکی باش و پەسندە."

فیتاغورفیتاغۆرۆفیچ پرسی:" قوربان لەکەیەوە -بوف،بوف،بوف-ئەم ماینەت هەیە؟"

- بوف،بوف،بوف..لە مێژ نییە. دووساڵ لەمەپێش لە پەروەرشتگەی ئەسپانم کڕی.

- باشە کە هێنات رامکرابوو یان بە خۆت ،لێرە رامتکرد؟

- بوف،بوف،بو،بو..ف..لێرە.

جەنەراڵ بە دەم ئەو قسانەوە لە ژێر پەڵە دوکەڵێکەوە ون بوو.

لەم کاتەدا سەربازێک لە تەویلەکەوە هاتەدەرێ، دەنگی خرمەخرمی سمی ماینێک هاتە گوێ. پاشان سەربازێکی دیکەی سمێڵ بابڕ بە پاڵتۆیەکی دەڵبی سپییەوە دەرکەوت. جڵەوی ماینێکی ڕەمۆکی توسنی بە دەستەوە بوو. ماینەکە لە پڕ سەری هەڵبری و خەریک بوو سەربازە سمێڵ بابرەکە بە خۆی وسمێڵی وپاڵتۆ دەڵبەکەیەوە بە ئاسمانا هەڵبدات ، بۆیە ناچار دانیشت تا بتوانێ ماینەکە بەرهەق ورام بکات.

سەربازەکە گوتی:"هێواش،هێواش ئاگرافنا ئیڤانۆفنا" و ماینەکەی بەرەو هەیوانەکە ڕانی.

ماینەکە ناوی ئاگرافنا ئیڤانوفنا بوو. ماینێک بوو بە قووەت و تۆسن، سرک و ڕەوەک وەکو نازدارانی باشوری روسیا. ماینەکە لە بەر پەرژینی هەیوانەکە سمی لە عاردی داکوتا و لەپڕ لە جێی خۆی چەقی.

جەنەراڵ،پایپەکەی لە دەمی دەرهێنا،وبەچاوی کڕیاری و بەو پەڕی ئاسودەیی کەوتە تەمەشای ئاگرافنا ئیڤانۆفنا. سەرهەنگ لە هەیوانەکە هاتە خوارێ و دەستی بە دەم وقەپۆزی ماینەکەدا هێنا. سەرگوردش دوا بە دوای سەرهەنگ چووە خوارێ و کەوتە نەوازشتی لاق ولاتەڕافی ماینەکە. هەموو ئەوانی دیکەش هێندەیان بەلاوە جوان وپەسند بوو هەرمەپرسە.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچش لە هەیوانەکە هاتە خوارێ وبە دەوری حەیوانەکەدا سوڕایەوەو چووە پشتییەوە. ئەو سەربازەی کە خەبەردار وەستابوو وجڵەوی ماینەکەی بە دەستەوە بوو، ڕێک دەیروانییە دوڕ چاوی میوانەکان، دەتگوت بە تەمایە لەپڕ پڕیان بداتێ.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ گوتی:"زۆر باشە،ماینێکی باشە! بەڵام جەناب، بە ئەرک نەبێت ڕەوت ورۆیشتنی چۆنە؟"

- ڕەوت ورۆیشتنی عەیبی نییە. بەڵام ئەم بەیتاڵە نەحلەتیە نازانم بە ناوی دەرمانەوە چی داوەتێ، دوو ڕۆژە دەپڕمێنێ.

-حەیوانێکی زۆر جوانە، زۆر جوانە، قوربان پرسیارێک،ئایا گالیسکەیەکت هەیە بۆ ئەم ماینە بشێت؟

- گالیسکە؟ ئەمە ماینی سوارییە.

- دەزانم ،مەبەستم ئەمە بوو کە بزانم جەنابت گالیسکەیەکی لەبارت بۆ ئەسپەکانی دی هەیە؟

- پیاو ڕاست بروات گالیسکەمان کەمە. زۆرم حەزدەکرد گالیسکەیەکی تازەو باشم هەبوایە. برایەکم هەیە لە پترسبۆرگ، نامەیەکم بۆ ناردووە کە گالیسکەیەکم بۆ پەیدا بکات، ئیدی نازانم بۆمی دەنێرێت یان نا.

سەرهەنگ گوتی:"قوربان پێموایە باشترین گالیسکە، گالیسکەی دەستکردی ڤێننایییە."

-ڕاستدەکەی.پەح،پەح،پەح..

-قوربان بەندە گالیسکەیەکی یەجگار نایابم هەیە. دەستکردی خودی ڤێنناییەکانە.

- کامەیە؟ ئەوەیە کە پێی هاتی؟

- نەخێر،ئەمە گالیسکەی سەفەری منە. ئەوەی دەیڵێم یەکێکی ترە...سەیرە،زۆر نایابە،سووک دەڵێی پەڕە. جا ڕۆیشتنی چەند نەرمە! کە تیای دادەنیشیت،عەیب نەبێ لە تۆ وایە لە بێشکەدایت و دایەن ڕاتدەژەنێت!

- یانی بەم پێیە دەبێ لە ڕۆییشتندا زۆر نەرم وخۆش بێت.

- یەجگار نەرمە، زۆر زۆر نەرمە.جا کورسییەکانی،سپرینگەکانی،هەر دەڵێی نەخش ونیگارن.

- زۆر باشە.

- جا چەند گەورەیە! قوربان من تا ئیستا گالیسکەی وام نەدیوە. وەختێ کە خۆم هێشتا لە خزمەتا بووم، دەمتوانی دەقاپ شەراب و دەکیلۆ تووتن بخەمە سەندوقەکەیەوە. ئەمە جگە لەوەی هەمیشە شەش دەسە جلک وجلی ژێرەوە و دوو پایپی دەسک درێژم پێ بوو، خۆ سەندوقەکانی لاتەنیشتی هەرباسی مەکە، یەک گوێرەکەی گەورەی دەگرت.

- زۆر باشە.

- قوربان،چوار هەزارم پێداوە.

- بە گوێرەی نرخەکەی بێت دەبێ گالیسکەیەکی باش بێت.ب اشە تۆ خۆت کڕیوتە؟

- نەخێر قوربان، بەرێکەوت دەستم کەوت. یەکێک لە دۆستەکانم کڕی بووی. یانی هاورێ و هاو وازی منداڵی یەکتر بووین ، مرۆڤێکی زۆر باش و سازگار بوو، دڵنیام ئەگەر تۆش دیتبات خۆشت دەویست. قوربان زۆر تێکەڵ بووین. قوربان من گالیسکەکەم بە قومار لێبردەوە. قوربان تەشریف دێنن بۆ سبەینێ بۆ فراڤین گەورەمان بفەرموون و تەماشایەکی گالیسکەکەش بکەن؟

- ئەوەی راستی بێت نازانم بڵێم چی. بەڵام..وابزانم.. دەزانی..یانی مەبەستت ئەوەیە دەگەڵ ئەفسەرە بەرێزەکانی دیدا بێین؟

- تکام وایە ئەوانیش بێن..ئاغایان تەشریف بێنن بۆ ماڵی بەندە با لە خزمەتتاندا بین.

سەرهەنگ، سەرگوردو باقی ئەفسەرەکان، سوپاسی فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچیان کرد و سەری رێزو حورمەتیان بۆ دانەواند.

- من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە پیاو یان شت نەکرێت یان کە کڕی شتی زۆر باش بکرێت. چونکە شتی خراپ هەر سەر یەشەیەو هیچی تر. سبەینێ کە تەشریفتان بۆ ماڵەوە هێناو گەورەتان کردین، نەبێ بە خۆهەڵکێشان لە رووتانا ، هەندێ شتم بۆ موڵکەکەم کڕیوە، پێتانی نیشان دەدەم، دڵت نایە سەیری بکەی.

جەنەراڵ، سەیرێکی کردو دیسان تۆپەڵێک دووکەڵی لە زارییەوە دەردا.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ،زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ئەفسەرەکانی دەعوەت کردبوو. هەر لە ئیستاوە لە بیرو خەیاڵی خۆیدا مژولی ئەوە بوو چ جۆرە خواردنێکیان بۆ ئامادەبکات- لە برژاو،وسوسیچ و...شادو خۆشحاڵ دەیروانییە میوانەکانی سبەینێی. ئەوانیش روویان لەگەڵا خۆشتر بوو بوو،وفیتاغۆر

فیتاغۆرۆفیچ ئەمەی لە پرشنگی چاوان و لە سووکە لەقاندنی سەریاندا دەخوێندەوە، کە لە نیمچە ئیکلامێک دەچوو.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ لەوە بە دواوە ئاسوودەتر هەنگاوی دەنا و ئازادانەتر قسەی دەکرد،تۆنی دەنگی لە خۆشیا نەرمتر بوو بوو.

- قوربان لەوێ دەگەڵ خانمی ماڵێدا ئاشنا دەبن.

جەنەراڵ گوتی:"خۆشحاڵ دەبم."ودەستێکی بە سمێڵیدا هێنا.

دوای ئەوە فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ لێبرا بۆ ماڵ بڕواتەوە تا فریا بکەوێ تەگبیری میوانداریيەکەی سبیەینێ بکات. تەنانەت کڵاوەکەشی بە دەستەوە گرتبوو،وخۆی بۆ ڕۆیيشتن ئامادە کردبوو،لێ نازانم چۆن بوو کە تۆزێ ماتەڵ بوو. لەم کاتەدا مێزی وەرەقبازیان ئامادەکردو هەموو ئامادەبووان چوارچوار، لە گۆشەو کەناری ژووری میواندا کەوتنە گەمەی (ویست).

مۆمیان هێنا.فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ،ماوەیەک وەستا،دوودڵ بوو لەوەی کە بڕوات یان بمێنێ و بەشداری وەرەقبازی بکات، لێ کاتێ کە ئەفسەرەکان خوڵکیان کرد کە دانیشێت وياری بکات، زۆری پێ ناشیرین وشەرم بوو، قسەیان بشکێنێت. دانیشت،یەکسەر پەرداخێک شەرابی (پانچ)ی لە بەردەمدا دانرا، وئەویش بێ هیچ بیرکردنەوەیەک، یەکسەری و بە یەک بین هەڵیدا. دوای یەک دەست یاری، دیسان پەرداخێک پانچی دیکەی لە بەردەم خۆیدا بینی، هەمدیس یەکسەری هەڵیداوگوتی:"برادەرینە کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم، دەبێ بڕۆم."کەچی بۆ گێمی دووەمی یاریيەکە دانیشتەوە.

ئەفسەرێک بە کەماڵی ئیسراحەت لە سوچێکی ژوورەکەدا لە سەر تەختێک پاڵی دابووەوەو شانی دادابووە سەر سەرینێک و پایپێکی نابوو بە لالێویەوەو بەو پەڕی ڕاشکاوی و بە خەیاڵی تەختەوە سەرگەرمی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئاشقێنییەکانی خۆی بوو. سەرنجی هەموو ئەوانەی کە لە دەوری خڕ بووبوونەوە، بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. موڵکدارێکی زۆر قەڵەو کە دەستە کورتەکانی لە پەتاتەی هەڵکفاو دەچوون، زۆر بە تاسەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەو ڕادەدێرا و ئاو زایی بووە دەمی و هەر سا نا ساتێ دەستە خەپەتۆڵەکانی بۆ پشتەپانەکەی دەبردو بڕنوتی دانەکەی لە گیرفانەکەی پشتەوەی دەردێنا. لە سوچێکی تردا،باسێکی گەرم وگوڕ دەربارەی مەشق ومانۆڕی تۆپ وتۆپخانە دەستی پێکردبوو. فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ، کە لەو کاتەدا دووجاران بە هەڵە لە جیاتی کچ، کوڕی فڕێ دابوو، خۆی لەم باسە تایبەتیە هەڵقورتاند ولە شوێنی خۆیەوە، بە دەنگی بەرز دەیگوت:"چ ساڵێ؟" یان "لە کام فەوج؟"بێئەوەی پێ بحەسێت کە زۆربەی پرسیارەکانی هیچ پەیوەندییەکیان بە باسەکەوە نییە.

ئەنجام بە چەند دەققەیەک پێش شیڤ، بەکردەوە دەستیان لە وەرەقبازی هەڵگرت، بەڵام بە قسە وازیان نەهێنابوو وهێشتا هەر باسیان دەکرد. فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ زۆرچاک لە بیری بوو کە پارەیەکی زۆری بردبووەوە، کەچی ئێستا دەستی خاڵی خاڵی بوو، وکاتێ کە لەسەر مێزەکە هەستا،وەکو یەکێک بوو کە دەستەسرێکیشی لە گیرفاندا نەبێت. لەم کاتەدا شیڤش دانرا. هەڵبەتە مەی و شەراب یەجگار مشە بوو، وفیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچش ناچارو بێ ویستی خۆی ناو بە ناو پەرداخەکەی تەژی دەکرد،چونکە لە راست و لە چەپیا قاپی شەراب دانرابوو.

لە سەر مێزی نانخواردن، گفتوگۆیەکی یەجگار دوورودرێژ دەستی پێکرد.بەڵام گفتوگۆیەکی یەجگار سەیر بوو. کابرایەکی موڵکدار کە لە شەڕی ١٨١٢دا لە خزمەتی سوپادا بوو بوو، ولە شەری ناپلیوندا بەشداری کردبوو، باسی شەرێکی دەکرد کە نەکەس بینی بووی ونەکەس بیستبووی. پاشان هەر لەخۆوەو بێ هیچ هۆیەکی دیار تەپەدۆری سەری یەکێک لە بوتڵەکانی هەڵگرت و لە ناوەندی کێکێکی چەقاند. کاتێ میوانەکان بەرەبەرە کەوتنە جم وجوڵی ئەوەی کە برۆن، سەعات سێی بەرەبەیان بوو، وگالیسکەچییەکان ناچاربوون ژمارەیەکیان وەکو فەردە برنج بە باوەش بەرن. فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ،بە هەموو رواڵەتێکی ئەشرافیانەی خۆیەوە،وەختێ کە لە گالیسکەکەدا دانیشت، بە جۆرێ بە راست و بە چەپدا ئیکلامی دەکردو کرنۆشی دەبرد ودەم وقەپۆزی بە ناو گالیسکەکە دەکەوت کە گەییەوە ماڵ دوو تۆپەڵ هەژک وبژاڵ بە سمێڵییەوە چەسپی بوو.

ماڵ کپ وخامۆش، هەموو شت و هەموو کەسێک لە غورابی خەودا بوو. کابرای گالیسکەچی بە هەزار زەحمەت نۆکەری دۆزییەوەو نۆکەریش ئاغای رادەستی یەکێک لە کارەکەرەکان کرد وفیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ بە کۆمەکی ئەو خۆی گەیاندە ژووری نووستنەکەی و لە پاڵ ژنە گەنج و خشکۆکەیدا،کە وەکو فریشتان بە عەزیزییەکی هاودامانی سپییەوە لە غورابی خەودا بوو،خۆی بەسەر سیسەمەکەدا دا. ژنە لە جیرەجیری سیسەمەکە خەبەری بووەوە. کێشمانێکی خۆی دا،چاوی هەڵبری، سێ جاران چاوی هەڵگڵۆفت و ئەوسا بە بزەیەکی نیمچە توورەوە چاوی کردنەوە. بەڵام کە بینی مێردەکەی هیچ مەیل و مەحەبەتێک نانوێنێ، تلێکی دا،خۆی خستە سەر لاو رووەتی تەروناسکی خستە سەر لەپی دەستی وخەو بردییەوە.

کات زۆر لەوە تێپەری بوو کە لە گوندانداا پێی دەڵێن زوو، کە ژنەی گەنج و جوان لە پرخوهۆڕی مێردەکەی هەستا. کە بیری کەوتەوە مێردەکەی سەعات چواری بەرەبەیان بۆ ماڵ هاتووەتەوە،دڵی بە حاڵی سووتاو نەیویست بێداری بکاتەوە. ئەو نەعلانەی کە فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ بە پۆستەدا لە پترسبۆرگەوە بۆی ناردبوو، کردن بەسەر پێوەو ئەوسا رۆبێکی سپی نەرم وشلی لەبەرکرد کە دەتگوت بەسەر بەدەنیدا شەپۆل دەدات،وچوو بۆ گەرماو، بە ئاوێکی میناکی خۆی تەڕ لەشی شت و پاشان چوو

بەلای مێزی تەوالێت و ئارایشتەوە. کە یەک دووجار لە ئاوێنەدا روانیە خۆی، لە جوانی وگەشی ئەو رۆژەی خۆی رازی بوو. بۆیە دوو دانە سەعاتی دی لەبەر ئاوێنەدا دانیشت. ئەنجام خۆی گۆڕی و بە جلی ئالآو والآو جوان و رازاوەوە،چووە دەرێ تا پیاسەیەکی نێو باخەکەیان بکات و هەوایەک بگۆڕێ. دنیا خۆش بوو، ئەوەندە خۆش بوو مەگەر هەر رۆژانی خۆشی هاوین وابن. هەتاو گەیی بووە ناوەندی ئاسمان، لە هەرەتی گەرمی ودرەوشانەوەی خۆیدا بوو. بەڵام کە بە بەرسێبەری درەختەکانا پیاسەت دەکرد، فێنک بوو. بۆن وبەرامەی گوڵان لە بەرگەرمای هەتاوەکەدا سەعاتە رێیەک دەرۆیی. خانمی نازدار هەر لە بیری نەمابوو کە سەعات دوازدەیەو مێردەکەی هێشتا لە خەودایە. خانم،گوێی لە دەنگی پڕخوهۆڕی دوو گالیسکەچییەکەو مەیتەرێک بوو کە لە تەویلەکەی پشت باخەکەوە، پاش نیوەرۆ خەویان دەکرد. بەڵام خۆی لە رارەوێکی پر گەڵاو گوڵدا دانیشت و چاوی بڕییە شارێگا چۆڵ وهۆڵەکە. کاتێ کە بەو دەقەوە مات ومەدهۆش چاوی بڕی بووە شارێگاکە،لە ناکاودا گەردوتۆزێک لە دوورەوە هەستاو سەرنجی راکێشا. کە زەینی دایە رێگاکەو بە وردی روانی، سەیری کرد چەند گالیسکەیەک بەرەو ئەوێندەر دێن. گالیسکەیەکی دوو نەفەری لە پێشی پێشەوە بوو. جەنەراڵ لە نێو ئەم گالیسکەیەدا دانیشتبوو، ئەستێرەکانی سەرشانی لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشانەوە، سەرهەنگیش لە تە نیشتییەوە دانیشتبوو. گالیسکەیەکی چوارنەفەری لە دوای ئەوەوە دەهات، کە سەرگوردو یاوەرەکەی جەنەراڵ و دوو ئەفسەری دیکەی تیابوو. لە دوای ئەوەوە گالیسکە بە ناوبانگەکەی فەوج دەهات کە ئیستا بە دەستی سەرگوردەوە بوو. لە دوای ئەوانەوە گالیسکەیەکی چوار نەفەری دەهات. ئەم گالیسکە چوار نەفەرییە پێنج ئەفسەری تیا بوو کە یەکێکیان لە سەر ئەژنۆی هاورێکەی دانیشتبوو. لە دوای هەموو گالیسکەکانەوە سێ ئەفسەر بە سێ ئەسپی کوێتی بە زین ویەراقی جوانەوە دەهاتن.

خانم لە فکران راچوو،بێگومان ئەمانە بۆ ماڵی ئێمە نایەن. لێ لەپڕ قیژەیەکی کرد:"واوەیلا.های قۆڕێ، خۆ لە پردەکەش رەتبوون!" ئەوسا دەستی خستە سەر سەری و بەسەر گوڵەکاناو بە نێو باخچەکەدا کەوتە غاردان تا یەکسەر خۆ بگەیەنێتە لای مێردەکەی، کە گەییە ژووری نووستن، سەیری کرد مێردەکەی لە خەوێکی هێندە قووڵدایە، دەڵێی مردووە. بەپەلە دەستی گرت و تەکانی داو گوتی:"رابە،خێرا رابە!"

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ بێئەوەی چاوانی بکاتەوە وبە دەم بڵمە بڵمەوە گوتی: ها؟

- رابە ئازیزەکەم! گوێت لێیە؟ میوان!

- میوان؟ میوانی چی؟

دوای ئەو قسەیە وەکو چۆن گوێرەکەیەک بۆ گوانی دایکی دەگەرێ، بەو ئاوایە ملْچە ملْچێکی کرد،پاشان لە بن لێوانەوە گوتی:"کوا گەردنت بێنە،با ماچێکت بکەم."

- کوڕە هەستە، توخوا هەستە! خێراکە! جەنەراڵە لەگەڵ ئەفسەرەکانیا! خودایە تەمەشا،دوو تۆپەڵە هەژک ودڕوو بە سمێڵتەوە نووساوە!

- جەنەراڵ؟یانی هاتوون؟شەیتان بە نەحلت بی، باشە بۆ کەسێک خەبەری نەکردوومەتەوە؟ ئەدی فراڤین ؟هەموو شتێک ئامادەیە؟

- فراڤینی چی؟

- یانی بەراستی من رام نەسپاردوون؟

- تۆ؟ تۆ سەعات چواری بەرەبەیان هاتویتەوەو چەندم پرسیار لێکردیت،وەڵامت نەدامەوە. منیش چونکە هیچ نەخەوتبووی دڵم نەهات خەبەرت بکەمەوە..

ئەم چەند وشەیەی دوایی بەوپەڕی مەکرونازەوە گوت.

فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ،وەکو یەکێک بروسکە لێی دابێ بۆ چەند ساتێک لەسەر جێگاکەی مت بوو. ئەنجام بە هەمان جلی خەوەوە هەستاو هەر لەبیریشی نەبوو کە ئەمانە جلی خەون. شەپێکی بە نێوچەوانی خۆیدا کێشاو گوتی:"کە کەرم خۆ من بۆ فراڤینم دەعوەت کردبوون. ئیستا چ قورێک بەسەری خۆمدا بکەم. زۆریان ماوە بگەنە ئێرە؟"

- نازانم،هاکا گەیشتن.

- حەیاتم..برۆ خۆت بشارەوە! هێی کێ لەوێیە؟ وەرە کیژێ. بزانم لەچی دەترسیت؟ چەند ئەفسەرێک بەرێوەن بۆ ئێرەو هەر ئیستا دەگەنەجێ. پێیان بڵێ ئاغای ماڵ لە ماڵەوە نییەو ئەمرۆش نایەتەوەو لە بەیانی زووەوە رۆییوە،حاڵی بوویت؟برۆ بە هەموو خزمەکارەکانیش بڵێ، دەبجوڵێ دەی!

دوای ئەو قسانە رۆبەکەی هەڵگرت و بەغار رۆیی تا لە تەویلەکەدا خۆی وەشێرێت. چونکە پێی وابوو ئەوێ زۆر ئەمن وئەمانە. بەڵام کە گەییە ژێر کەپرو ساباتەکە هەستی کرد کە لەگینە لەوێش ببینرێت. بەڵام دوایی ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە:"هەرچۆنێ بێت ئەوێ باشترە!"لە چاوتروکانێکدا پەیژەی گالیسکەیەکی نزیکی دادایەوەو بەسەریا سەرکەوت وخۆی هەڵدایە ناو گالیسکەکە ودەرگاکەی بەسەر خۆیدا داخست وبۆ دڵنیایی پتر پەردە مشەماکەی گالیسکەکەشی بەسەر خۆیدا دادایەوەو چووە ژێر رۆبەکەیەوەو جوڵەی لە خۆ بڕی.

لەم کاتەدا، قەتاری گالیسکەکان گەیی بوونە بەردەم هەیوانەکە. جەنەراڵ دابەزی و خۆی تەکاند. دوا بە دوای ئەو سەرهەنگیش دابەزی و پەڕی سەر کڵاوەکەی ڕێک خستەوە. هەنگێ سەرگوردە قەڵەوەکە، بە خۆو شمشێرەکەیەوە لە گالیسکەکەی دییەوە خۆی هەڵدایە خوارێ. ئەوسا چوار ئەفسەری باریک وبنێس لەگەڵ پێنجەمدا کە لەسەر ئەژنۆی هاورێکەی دانیشتبوو، لە گالیسکە چوار نەفەرییەکە دابەزین.. ئەنجام ئەفسەرە ئەسپ سوارەکان گەیینە جێ.

خزمەتکارێک هاتە سەر هەیوانەکە وگوتی:- ئاغا لە ماڵ نییە.

- چۆن لە ماڵ نییە؟خۆ بۆ نیوەرۆ و نیوەرۆژە دێتەوە؟

- نەخێر، قەرارە ئەمرۆ لە دەرەوە بێت. تا سبەی بەیانی ناگەرێتەوە.

جەنەراڵ گوتی:- سەرم لەمە دەرناچێت،چۆن شتی وا دەبێت؟

سەرهەنگ پێکەنی و گوتی:- پێموایە،هەمووی فشە فش بووە.

جەنەراڵ بە پەستییەوە گوتی: - بەراستی سەرم لەمە دەرناچێ، چۆن شتی وا دەبێت؟ باشە کە نەیدەتوانی میوانداریمان بکات بۆچی دەعوەتی کردین؟

یەکێک لە ئەفسەرە گەنجەکان گوتی :- ئەزبەنی،من تێناگەم چۆن خەڵکێک هەیە کاری وابکات!

جەنەراڵ کە عادەتی وابوو لە شێوەی پرسیاردا قسە دەگەڵ ئەفسەرانی بچووکدا بکات،گوتی: "- چی؟"

- ئەزبەنی عەرزم کردیت، تێناگەم چۆن خەڵکێک هەیە کاری وابکات!

- بەڵێ،بەڵێ..ئێ لەوەیە کێشەیەک، پێشهاتێک رووی دابێت...بەڵام خۆ بەلای کەمەوە دەبوایە ئاگاداری بکردینایەوەو دەعوەتەکەی هەڵوەشانبایەوە.

سەرهەنگ گوتی:- قوربان،چار نییە با بگەرێینەوە.

- وایە،چار نییە، دەگەرێینەوە. بەڵام بوەستن. ئێمە هەر هاتووین هاتووین، با تەمەشایەکی گالیسکەکە بکەین. بێگومان ئەمە پێویستی بە خۆی نییە. هێی دەگەڵ تۆمە،وەرە ئێرە.

- بەڵێ قوربان؟

- تۆ مەیتەری؟

- بەڵێ قوربان.

- ئادەی ئەو گالیسەیەمان نیشان بدە کە ئاغات تازە کریویەتی.

- بە چاوان، لوتف بفەرموون بە دووی مندا تەشریف بێنن.

جەنەراڵ و هاورێکانی بە دوای مەیتەرەکەدا بۆ تەویلەکە رۆیشتن.

- فەرموو قوربان، بیهێنمە پێشترەوە؟ ئێرە تۆزێ تاریکە.

- باشە،باشە، بەسە.. سوپاس.

جەنەراڵ و ئەفسەرەکانی بە دەوری گالیسکەکەدا سوڕانەوە. بە وردی تەمەشایان کرد، شفت و سپرینگەکانیان تاقی کردەوە.

جەنەراڵ گوتی: - گالیسکەیەکی زۆر نایاب نییە،بگرە زۆریش ئاساییە.

سەرهەنگ گوتی: - وایە،بە راستی هیچی لە گالیسکەی تر زیاتر نییە.

یەکێک لە ئەفسەرە لاوەکان گوتی: - باوەرناکەم چوار هەزار بێنێ.

- چی؟

- قوربان عەرزم کردیت، باوەڕناکەم چوار هەزار بێنێت.

- چوار هەزار! دوو هەزاریش زۆرە. بە راستی هیچ شێکی تایبەتی نییە، مەگەر لە ناوەوە شتێکی تایبەتی هەبێت.. هێی کۆرۆ ئەم مشەمایەی لەسەر لابدە!

کە مشەمایەکەی لادا فیتاغۆرفیتاغۆرۆفیچ لە ژێرمشەماکەوە دەرکەوت کە بە دیزداشەیەکی هاودامانی خەوەوە لە ژێر رۆبەکەیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو. جەنەراڵ و ئەفسەرەکان بە جۆرێ حەیرمان کە باوەڕیان بە چاوی خۆ نەدەکرد.

جەنەراڵ بە سەرسامی گوتی: - ئا،ئەمە تۆ لێرەی..

ئەوسا جەنەراڵ ،مشەمایەکەی دایەوە بە سەریا، دەرگاکەی داخستەوەو لەگەڵ ئەفسەرەکاندا گەڕایەوە.

ساڵی ١٨٣٦

سەرچاوە:یاداشتهای یک دیوانه وهفت قصة دیگر/نیکلای گوگول،ترجمە:خشایاردیهیمی/چاپ:هشتم١٣٨٨/نشر نی